# ڕامان

97

- ئازادی لە جوگرافیای خەیاڵدا بۆ واقیع..... عەتا قەرەداغی
- سالی سە لە کاروانی شیعری کوردیدا... حەکیم مەلا سالح
- جەیمس جۆیس و لوسیای گەنجی... د. سەباح عەبدوڵڵا سالح
- ڕۆژمێری چالدێران و دۆکیومێنتێک.. ئیسماعیل حەمەئەمین
- نامەکانی عیرفان (مەسعود محەممەد)... ئا: حەکیم کاکەوەیس
- چاوپێکەوتنێک لەگەڵ (سالح ئیبکەختە)ی ڕۆژنامەنووس...
- بنەڕەتە فەلسەفییەکانی ڕێبازی........... د. حەمید عەزیز
- کەشناسی لە کەلەپووری کوردیدا........... زەینەز شێخانی

دەزگایەکی ڕۆشنبیری گشتییە
بەڕێوەبەرایەتی ڕۆشنبیری ڕامان دەری دەکات



تابلۆ: سیزان - فەرەنسا

RAMAN
Jun.,2005
Issue, No. 97

# رامان

**97**

گۆڤارێكی ڕۆشنبیریی گشتییه
بەڕێوەبەرایەتی ڕۆشنبیریی ڕامان دەری دەكات
خولی دووەم - ساڵی نۆیەم
حوزەیران/ **2005**

**خاوەنی ئیمتیاز**
شەوكەت شێخ یەزدین

**سەرنووسەر**
ئازاد عەبدولواحید

**دارێژەری هونەری**
سەركەوت وەلی

**مۆتیڤ و پۆرترێت**
قەرەنی جەمیل

**ناونیشان**
هەولێر - تەنیشت سینەما سەلاحەدین

**ئەدرێسی ئەلیكترۆنی**
www.raman-media.net

**تەلەفۆنی گۆڤاری ڕامان**
٢٢٣٠٥٨٢

**تەلەفۆن و مۆبایلی سەرنووسەر**
٤٤٩٤٦٦٢
٢٢٢٨٥٠٦

**چاپ**
چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە/ هەولێر

**نرخ**
(٧٥٠) دینار

# ناوەرۆک


• **پێڕست** 2

• **سەروتار**

– کتێبخانەی نیشتمانی پێویستییەکی نەتەوەیی ئەمڕۆیە........................................ سەرنووسەر 3

• **لێکۆڵینەوە**

– ئازادی لە جوگرافیای خەیاڵەوە بۆ واقیع........................................ عەتا قەرەداغی 4

– سالمی سنە لە کاروانی شیعری کوردیدا........................................ حەکیم مەلا ساڵح 15

– پێوەندی ڕەخنەی دەروونی بە دەق و داهێنانی ئەدەبی........................................ د. عادل گەرمیانی 20

– یاخیبوون ژ هندک دیاردێن جڤاکی – سیاسی د سەربۆرا........................................ ئەمین عەبدولقادر 25

– جەیمس جۆیس و لوسیای کچی........................................ د. سەباح عەبدوڵڵا ساڵح 33

• **ڕەخنە**

– ڕۆژژمێری چاڵدێران و دۆکیومێنتێک بۆ قووڵکردنەوەی تاکخوازی........................................ ئیسماعیل حەمەئەمین 39

• **دەق و ڕەخنە**

– هەور و مانگ.. دەقی: عادل حەیاوی.. ڕەحنەی: ڕەهبەر مەحموودزادە........................................ و/ لە فارسییەوە: سلێمان دڵسۆز 45

• **ئەدەبیاتی نامە**

– نامەکانی هزرڤانی خوالێخۆشبوو (مەسعوود محەمەد)........................................ ئا: حەکیم کاکەوەیس 49

• **چاوپێکەوتن**

– چاوپێکەوتنێک لەگەڵ بەڕێز (ساڵح نیکبەخت)ی ڕۆژنامەنووس و ڕۆشنبیر........................................ ئا: دڵشاد خۆشناو 70

• **دیمانە**

– ڕۆژانی ژیانی شەجەریان–ی هونەرمەند و گۆرانیبێژ........................................ و/ لە فارسییەوە: هاشم داودی 83

• **تۆمارێک لەبارەی (ئارسەر میللەر)ی شانۆکارەوە**

– ئارسەر میللەر.. ویژدانی نەخەوتووی مرۆڤایەتی........................................ ئازاد حەمە شەریف 91

– ئارسەر میللەر و تراژیدیای مۆدێرن........................................ و/ لە ئینگلیزییەوە: کاوە عەبدولکەریم شێروانی 95

– میللەر لەنێوان دەقی شانۆیی و ژیانی تایبەتیدا........................................ و/ ئەیاد خالید 100

– ئارسەر میللەر.. نیو سەدە لە یاخیبوون........................................ ئا: دیار عەزیز شەریف 104

• **فەلسەفە**

– بنەڕەتە فەلسەفییەکانی ڕێبازی ڕۆمانتیک........................................ د. حەمید عەزیز 107

• **کۆمەڵناسی**

– بیرۆکراسییەت و دەسەڵاتی سیاسی........................................ و/ حیکمەت نامیق 115

• **دەروونزانی**

– سایکۆلۆژیای ئاراستەکان........................................ د. کەریم شەریف قەرەچەتانی 119

• **هزر**

– کورتە مێژوویەکی چەمکی سەرەڕۆیی ڕۆژهەڵاتیانە........................................ و/ لە فارسییەوە: ڕەحیم سورخی 127

• **تەلارسازی**

– بزاڤی مۆدێرنیزم و پۆست مۆدێرنیزم لە هونەری تەلارسازیدا........................................ کامەران تاهیر 138

• **کەلەپوور**

– کەشناسی لە کەلەپووری کوردیدا........................................ زەیتۆ شێخانی 147

• **وتار**

– شەدەلار، حاکمەکەی بانە........................................ ئازاد دلزار 151

– ئێزدییەت و ئێزدییەکان........................................ و/ لە تورکییەوە: یووسف عزەددین 154

• **شیعر**

– کەلووەکان........................................ سەباح ڕەنجدەر 159

– دەفتەری کاڵبوونەوە........................................ حەمە عەباس 162

– چەمەری........................................ کولسووم عوسمانپوور 164

– سێ هەلبەست........................................ لوقمان ئاسیهی 165

• **شیعری بیانی**

– سترانی هەرە بڵندترین قوللە........................................ و/ لە فەرەنسییەوە: فەرهاد پیربال 166

• **چیرۆک**

– سەگەکان........................................ حەسەن جاف 167

• **چیرۆکی بیانی**

– بوڵە سەگ........................................ و/ لە ئینگلیزییەوە: عەباس عەولا عومەر 176

• **فۆتۆگراف**

– جۆرەکانی هاوێنە کار و تایبەتمەندییەکانیان........................................ و/ لە ئینگلیزییەوە: فارس سەعدی 182

• **کتێب**

– وڵاتگیری ڕەشەخاکی عیراق........................................ لێدوانی: جەلال سنجاوی 187

– شیعری منداڵان لە ئەدەبی کوردیدا........................................ لێدوانی: ڕۆستەم باجەلان 190

• **تیراژ**........................................ 193

• **دواپەنجەرە**

– زمانی مێدیا........................................ فەخرەدین تایەر 208

لە پەراوێزی کولتوورەوە

# کتێبخانەی نیشتمانی پێویستییەکی نەتەوەیی ئەمڕۆیە

سەرنووسەر

* چەند ژمارەیەکە سەروتارەکانم تەرخان کردووە بۆ پێشنیارکردن و جێبەجێ کردنی چەند پرۆژەیەکی گرنگی بواری ڕۆشنبیری و هونەری، ئەگەرچی دەبینم، یان دەبیستم کار بۆ هەندێکیان کراوە، یان بۆ هەندێکیان لایەنی پێوەندار کەوتوونەتە جووڵە و گوڕیان بەستووەتەوە، بەڵام بۆ زۆری تر لەو پێشنیارانە هەست بە کەمتەرخەمی و خۆ لێ دزینەوە دەکرێ، لەگەڵ ئەوەشەوە ئێمە وەک ڕۆژنامەنووس ئەرکی سەرشانی خۆمان ڕادەپەڕێنین و قسەی خۆمان دەکەین با کەمیشی لێ ببیسترێ، ئەوەندەی لە دەسەڵاتمان بێ سەرنجی بەرپرسانیان بۆ ڕادەکێشین تا بەپێی گرنگی و ئەولەوییەت کاریان بۆ بکرێ.

* لەو مانگەدا چەند ڕۆژێک لە کوردستانی ڕۆژهەڵات بووم، کاتێ لەگەڵ ڕۆشنبیر و هونەرمەند و ڕۆژنامەنووسەکانی ئەوێ دەکەوتینە گفتوگۆ و هەواڵی ئێرەیان لێ دەپرسیم، دەکەوتمە باسی پرۆژەکانی ئاوەدانی و جوانکردنی شار و شارۆچکەکان، ئەوان یەکسەر دەیانگوت لەو پرۆژانە بەشی ڕۆشنبیریی چی بە بەرکەوتووە و چی بۆ کراوە؟ هەقی خۆیان بوو ئەو پرسیارە لە من بکەن. ڕاستە بینایەی کۆشکی هونەر و تەلاری کۆڕی زانیاری کوردستان و یەکێتی نووسەرانی کورد کراوە و تەلاری ڕاگەیاندن و هێنانی چاپخانەی دیجیتاڵی پێشکەوتوو و تەلاری ئامۆژگای هونەرە جوانەکان و کۆتەڵی ئەنفال و گالێری بۆ شێوەکاران و زۆر پرۆژەی دی بەڕێوەیە بۆ ڕۆشنبیر و نووسەران و هونەرمەندان، بەڵام زۆر پرۆژە و داوودەزگای نەتەوەیی گرنگی دی دەبێ بیر لە جێبەجێ کردنیان بکرێتەوە، بەتایبەتی لە هەولێری پایتەختدا، چونکە نەبوونیان کەلەبەر و کەموکوڕییەکە لە ڕۆشنبیریی کوردیدا.

* ئەمڕۆکە بەهۆی پتەوبوونی پێوەندی نێوان (کتێب) و خوێنەران و دۆزینەوەی زۆر ڕێگە و شێوازی سەرنجڕاکێش وای کردووە خوێنەران زیاتر بەلای خوێندنەوەی کتێبدا بەکێش بکرێن، تەکنۆلۆژیا و ئینتەرنێت و سەتەلایت و هۆیەکانی دیکەی پێوەندیی تا ئەمڕۆکەش نەیانتوانیوە شوێن بە دەور و کاریگەری و ئەفسوونی وشە و (کتێب) لەق بکەن، ئەگەرچی (وێنە) کاریگەریی زیاترە لە وشە، بەڵام (وشە) لە پەیام و ڕۆڵی خۆی پاشەکشەی نەکردووە و نەکەوتووە. ڕۆژ بە ڕۆژ کە نەخوێندەواری لە قاو دەدرێ و قەڵاچۆ دەکرێ و ژمارەی خوێندەوار زیاتر دەبن، حەز و خەونی خوێندن و خوێندنەوە و تەواوکردنی خوێندنی باڵا ڕوو لە زیادبوونە، بۆیە ئەرکی سەرشانی داوودەزگای بەرپرسیاریشە کارئاسانی زیاتر بۆ خوێنەران و باسکاران و نووسەران بکات تا کەرستە و سەرچاوەی ڕۆشنبیریی بخاتە بەردەستیان و ئەوانیش بە ئاسانی دەستیان بەو سەرچاوانە ڕابگات و ڕاستەوخۆ سوودیان لێوەربگرن.

* لەگەڵ زۆر بوونی ژمارەی خوێندەواران و کەمبوونەوەی ڕووبەری نەخوێندەواری، دیسانەوە ئەرکی سەرشانی حکوومەتە لە ڕێگای داوودەزگای تایبەتمەند و بەرپرسیاری خۆیەوە هەوڵی زیاتر بدات و بەپێی بەرنامە و پلانی ڕێکوپێک تۆوی خۆشەویستی (خوێندنەوە) و ئاشنایەتی و دۆستایەتی پتر لە نێوان خوێنەر و کتێبدا دروست بکات. پرۆژەی ستراتیژی لە بواری ڕۆشنبیریدا دەبێ لەبەرچاو بێ و پێش بخرێ، چونکە ئەو پرۆژە ستراتیژیانە دەمێننەوە و خزمەتێکی بەرچاو بە نەوەی ئەمڕۆ و داهاتوو دەکەن، کاری بێ بەرنامە و پەلەپرووزێ و ڕۆژانە زوو لە بیر دەچێتەوە.

* بۆ نموونە لەو سەردەمەدا وڵاتێک، نەتەوەیەک نابینی کتێبخانەی (نیشتمانی) نەبێ، کە سەرجەم کتێب و سیپارە و بڵاڤۆک و گۆڤار و ڕۆژنامە و بڵاوکراوە و دۆکیومێنت و چاپەمەنییەکانی خۆی بە زمانی نەتەوەیی لەو کتێبخانە فراوان و هەمەلایەنەدا کۆنەکردبێتەوە و نەپاراستبێ، کە جاری وا هەیە بۆ کتێبێک، دەستنووسێکی خۆیان وڵاتە و وڵات دەگەڕێن و پارەی زۆر سەرف دەکەن تا دەستیان بە سەرچاوەیەکی نووسراو بە زمانی خۆیان دەگات، ئێمەیەک کە بەدەست شەقی زەمانەوە گرفتاریی زۆرمان چەشتووە و بە هۆی دەردی سووتانی شار و گوند و وڵاتمان زۆر دەستنووس و کتێبی دانسقە و بەڵگەنامەی گرنگمان فەوتاوە، چۆن دەبێ پرۆژەی وا پشت گوێ بخەین؟ ئەی مەگەر کتێبخانەی وەک کۆنگرێسی ئەمریکایی و کرملینی ڕووسیای ئەمڕۆ و کتێبخانەی بەریتانی و فەڕەنسایی هەر لە خۆڕا ئەو ناوبانگەیان پەیداکرد؟ یان لە پاش تەقەلا و کۆششێکی زۆر بوونە ئەو کتێبخانەیە؟ ئەگەر ئەمڕۆکەش ئەو ناوکە بۆ نەوەکانی داهاتوو دانەنێین، چۆن لە داهاتوودا پێش دەخرێ و پێشدەکەوێ؟

* دروستکردنی کتێبخانەی نیشتمانی لە هەولێری پایتەخت، دەبێ بەپێی هەلومەرجی تەلارێکی گونجاوی جیهانی ساز بکرێ و هەموو کەرستە و پێداویستییەکانی بۆ دابین و فەراهەم بکرێ، تا کتێبەکان لە گەرما و سەرما و شێ بپارێزرێ و کەشوهەوای گونجاوی بۆ دەستەبەر بکرێ و بە حەقیقەت ببێتە ڕووگەی خوێندەواران و نووسەران و باسکاران.

* هەر لەو کتێبخانە نیشتمانییەدا ژمارەی پێ سپاردن بە کتێبی چاپکراو دەدرێ، نووسەری کتێبیش بەرانبەر بەوە لە (١٠) دانە لە کتێبەکەی کەمتر ناداتە ئەو کتێبخانەیە و لەوێ دەپارێزرێ، هەر ئەم کتێبخانە نیشتمانییە سەرپەرشتی و سەروکاری هەموو کتێبخانەکانی کوردستان دەکات و بۆ کڕینی کتێب بودجەی ساڵانەیان بۆ دابین دەکات، کتێب و نووسراوی لای خۆشی بۆیان دەنێرێ.

* بۆیە لەگەڵ دەستکردن بە بیرکردنەوە لە جێبەجێ کردنی ئەو پرۆژەیە دەبێ دەمودەست بیریش لەوە بکرێتەوە ئەو کتێبخانەیە هەموو نووسراوێک کە بە زمانی کوردی نووسرابێ، یان بە هەر زمانێ لەبارەی هەر لایەن و بوارێکی نەتەوەی کورد نووسرابێ لە هەر پارچەیەکی کوردستان لەوێ کۆبکرێنەوە و خوێنەر و باسکاری کورد هەرچی پێویست بێ لەو کتێبخانەیەدا بەدەستی بکەوێ و زانیاری و سەرچاوەی پێویستی بەدەست بێ.

* بێگومان ئەو کتێبخانەیە کە سەری هار و ماری تێدا دەبێ زۆر پێویست و بە سوودیش دەبێ بۆ مەڵبەندی لێتوێژینەوەی ستراتیژی، کە بێگومانم لە داهاتوودا دروست دەکرێ و دەست بەکار دەبێ.

* بوونی ئەو کتێبخانەیە بوون و ئەرکی کتێبخانەی گشتی شارەکان ناسڕێتەوە، بگرە دەکرێ ئەوانیش بایەخیان پێبدرێ، کە دەبێ لە هەموو شار و شارۆچکەیەکی کوردستان کتێبخانەیەک بکرێتەوە و ئەوانیش دەکرێ سەرچاوە و کتێبی نوێ بخەنە بەردەستی خوێنەرانەوە، سەرەڕای ئەوەش دەبێ کتێبخانەی گەڕۆک سەردانی هەموو گوند و شارە دوورە دەستەکان بکا.. بۆ جێبەجێکردنی ئەو پرۆژە نیشتمانی و نەتەوەییە گەورەیە دەبێ هەوڵ بدرێ بۆ:

(١) پێویستە لە ئێستاکەوە بایەخ بە زانستی کتێبخانەکان بدرێ، تا بە مۆدێرنیترین شێوە و شێواز کتێب و دەستنووس و بەڵگەنامەکان پۆلێن بکرێن و بە زووترین کات بخرێنە بەر دەستی خوێنەرانەوە.

(٢) کۆمەڵەی کتێبخانەکان لە سوێد کە ئێستا لقێکی لە کوردستانە سوود لە پسپۆڕی و توانایان وەربگیرێ لە جێبەجێ کردنی ئەو ئەرکە و لە ئێستاوە کۆمەک و پشتگیری بکرێن.

(٣) بیر لە پێگەیاندنی کادیری لاوی شارەزا و پسپۆڕی بواری کتێبخانەکاندا بکرێتەوە، ئەوانەش کە ئێستا هەن و لە ناو کارداْن خولی ڕاهێنانیان بۆ بکرێ چ لە ناوەوە، یان لە دەرەوەی وڵات.

(٤) قوتابیان هان بدرێن لەو بەشەدا بخوێنن و هەر زووش بەشی کتێبخانەکان لە زانکۆیەکانی کوردستان، یان لە سەرەتاوە لە ئامۆژگایەکانی کوردستاندا بکرێنەوە، بۆ ئامادەکردنی کادیری شارەزای کتێبخانەکان لە ساڵانی داهاتوودا.

(٥) دەکرێ لە داهاتوودا ئەم کتێبخانەیە بخرێتە سەر ئینتەرنێت و کورد لە هەر کوێی دنیا بێ سوودی لێ وەربگرێ.

(٦) ڕێکخستنی ئەم کتێبخانەیە بە سستمێکی پێشکەوتوو بێ، تا هەر نووسەرێک، داهێنەرێکی کورد چی نووسیوە و چی لەبارەوە نووسراوە بە ئەرشیف بکرێ و لە بەردەستدا بێ بۆ کاتی پێویست.

(٧) وەزارەتی پەروەردەش لە لایەن خۆیەوە دەبێ هەرچی زووترە بایەخێکی بەرچاو و شایەنی باس بە کتێبخانەی قوتابخانەکان بدات، تا قوتابیان زیاتر شەوق و کەفوکوڵی خوێندنەوەیان لە لا دروست بێ و کتێب و کتێبخانە و خوێندنەوەیان خۆش بوێت، چونکە ناکرێ قوتابی تەنیا ئەو کاتە کتێبخانەی بیر بکەوێتەوە کە وەرزی تاقیکردنەوەی نیوەی ساڵ و سەری ساڵ دێت بچێتە ئەوێ سەعی بکات، یان ئەو ڕاپۆرتەی مامۆستا داوای لێ کردووە لەوێ لەبەر کتێبێ بینووسێتەوە و ڕایگوێزێ!



# ئازادی لە جوگرافیای خەیاڵەوە بۆ واقیع لە شیعری «چاوەکەم زانیوتە بۆچی...» مستەفا بەگی کوردی-دا

عەتا قەرەداخی
(سلێمانی)

لە مێژووی ئەدەبی کوردیدا «سێکوچکەی بابان» ناوێکی ئاشکرا و ئاشنایە بە گوێی هەمووان، بەڵام تا ئێستا جگە لە نالی دوو کوچکەکەی تر کارێکی ئەوتۆیان لەسەر نەکراوە و تەنانەت دیوانەکانیشیان بەشێوەیەکی شایستەی هاوشێوەی دیوانی نالی و مەحوی و مەولەوی کۆنەکراوەتەوە و چاپ بکرێت و پەراوێزی بۆ بنووسرێت. ئەوەش خەمێکی گەورەیە کە ئێمە بەشێکی زۆری ئەدەبی کلاسیکمان تا ئێستا وەکو پێویست ئامادە نەکراوە بۆ ئەوەی نەوەی نوێ بتوانێت کاری لەسەر بکات. بێگومان ئەوەشی کە کراوە بە ئەرکی پرۆژە ئاسای مامۆستا مەلا کەریمی مودەڕیس و کوڕەکانی ئەنجام دراوە کە مایەی ستایشکردنیانە.

مستەفا بەگی کوردی (١٨٠٩- ١٨٤٩) هەرچەندە بەرهەمە شیعرییەکانی ئەوەی تا ئێستا لەبەردەستدایە لە ڕووی ژمارە و قەوارەی شیعرەکانییەوە بەرهەمێکی زۆر نییە، بەڵام لە ڕوانگەی داهێنان و چەمکی شیعر و ئەو پرسیارانەی کە شیعرەکانی هەڵیدەگرێت و لە ڕوانگەی جیهانبینی شیعرییەوە ڕووبەرێکی فراوان داگیر دەکات و جێگای لێدوان و ئاخاوتن لەسەر کردنە، بەتایبەتیش لە کاتێکدا کە بەرهەمی ئەم شاعیرە شتێکی ئەوتۆی لەسەر نەگوتراوە و ئەوەی خوێنەری ئاسایی کوردی لە بارەی ئەم شاعیرەوە دەیزانێت ئەوەیە کە ئەم شاعیرە یەکێکە لە سێ شاعیرە دیارەکەی سەردەمی دەسەڵاتی بابان و یەکێکیشە لە شاعیرە کلاسیکەکانی کورد. دیارە بە گشتی نەوەی نوێ وەکو گرێیەکی نەکراوە و دوور لە شیکردنەوە و لێدوان دەڕواننە شیعری کلاسیکی، ئەمەش وای کردووە کە شیعری کلاسیکی ئێمە لە لێکۆڵینەوەی بابەتیانە و شیکردنەوەی بنیادی پێکهێنەرانەی دەقەکانی بێبەش بێت.

لێرەدا هەوڵ دەدەین خوێندنەوەی شیعری «چاوەکەم زانیوتە..» بکەین لە ڕووی بنیادی پێکهێنەری شیعرەکە و شیکردنەوەی ئەو بنیادە و گەڕان بەدوای پرسیارەکانی

ئەم دەقەدا:

**چاوەکەم زانیوتە بۆچی خەو لە چاوم ناکەوێ**
**چونکە من پێشخزمەتم پێشخزمەتان نانوون شەوێ**
**ڕۆژ و شەو دائیم لەبەر دیدەی خەیاڵم حازری**
**سا چ فەرقێکی هەیە بۆ من ئیتر ئێرە و ئەوێ**
**بەس نییە لێرە دەوێرم جار بەجار باست بکەم**
**نەمدەوێرا قەت لەبەر ئەغیار کە ناوت بەم لەوێ**
**دڵ لەبەر زامی فیراقت دائیما یاری دەکا**
**ڕۆژ بەڕۆژ مەنعی دەکەم باز دەردی سەختە و ناسرەوێ**
**عەقڵ و هۆشم داوە پێت لێشی دەتۆرێی ماڵوێران**
**دەوڵەتێکی مفت و بێ ساحێبە بۆچی ناتەوێ**
**گەر موخەییەر بم لەنێوانی بەهەشت و وەسڵی یار**
**وەسڵی تۆ بۆ من جەهەننەم پڕ لە جەننەت نامەوێ**
**ئەی ڕەقیب وێڵم لەدەستت لێرە بۆ لێم ناگەڕێی**
**باوکە کوژتەت نیم ئەرێ هەی بەدمەزەب چیت لێم دەوێ**
**هەروەکو کێوی دەماوەندی سەرم پڕ شۆڕشە**
**قەت تەمی هیجران و خەم ساتێ لەدەوری نارەوێ**
**گەردنی «کوردی» لە کێوی بێستوون مەحکەمترە**
**چونکە سەد ساڵە لەژێر باری غەمایە نانەوێ.**

ئەم شیعرەی «کوردی» وەکو زۆربەی شیعری کلاسیکی ناونیشانێکی تایبەتی نییە، بەڵکو دێڕی یەکەمی شیعرەکە وەکو ناونیشان نووسراوەتەوە کە ئەویش پێدەچێت لە چاپکردندا وەها دانرابێت، دیارە نەبوونی ناونیشان لە شیعری کلاسیکدا بەشێوەیەکی گشتی دەبێتە هۆی لەدەستچوونی ئەو ئەگەرەی کە ناونیشان وەکو کلیلی دەق دەیکاتەوە بۆ ئەوەی بە ئاسانتر بتوانرێت بەرەو کردنەوەی دەرگای دەقەکە هەنگاو بنرێت.

دانانی دێڕی یەکەمی شیعرەکە تەنیا یارمەتی ناسینەوەی ئەم دەقە یان جیاکردنەوەی لە دەقێکی تر دەدات ئەگینا دەوری ناونیشان نابینێت، چونکە بە لایەنی کەمەوە ناونیشان جۆرێکە لە چڕکردنەوەی مانا یان دەلالەت یان جیهانبینی. دێڕی یەکەمی ئەم شیعرەی کوردی بەشێکی جیانەکراوەیە لە پێکهاتەی دەقەکە و هەرچەندە ناتوانێت ڕۆڵی ناونیشان ببینێت بۆ کردنەوەی دەرگای دەقەکە، بەڵام وەکو سەرەتا و دەستپێکی ئەم دەقە دەبێ لە ڕێگای شیکردنەوە و لێکدانەوەی ئەوەوە بەرەو قووڵایی و ئاستە نەبینراوەکانی دەقەکە بچین.

**چاوەکەم زانیوتە بۆچی خەو لەچاوم ناکەوێ**
**چونکە من پێشخزمەتم پێشخزمەتان نانوون شەوێ**

کوردی لە ڕستەیەکی شێوە پرسیاریدا ڕوودەکاتە ئەوی تر و پرسیاری ئەوەی لێدەکات کە ئایا زانیویەتی بۆچی ئەم بەشەوان نانوێ؟ هەر خۆیشی وەڵام دەداتەوە، لێرەدا نازانرێت ئایا ئەم پرسیارە ڕاستەوخۆ لە کەسی بەرامبەر دەکرێت، کەسێک کە ئامادەبوونی هەبێت لە بەرامبەریدا و جەمسەری دووەمی گفتوگۆ بێت یان لە ڕاستیدا ئەم پرسیارە لەکاتی غیابی ئەوی گوێگردا دەکرێت و بەشێکە لەو ئاخاوتنە یەک جەمسەرییانەی کە لە سنووری خەیاڵدا زەمینەی بۆ ئامادە دەکرێت و ئەوەی غایب بە خەیاڵ ئامادە دەکرێت و پرسیاری لێدەکرێت و هەر کەسی پرسیارکەریش بە مەبەستی زیاتر بەرجەستەکردنی ئەو ئامادەبوونە خەیاڵییەی کەسی بەرامبەر، لەجیاتی ئەو وەڵام دەداتەوە. بە واتا ئەو گفتوگۆیانەی لە سنووری شیعردا بەگشتی و لە سنووری ئەم دەقەی کوردیدا بە تایبەتی دەکرێت، گفتوگۆیە لەگەڵ تارمایی و کەسێتی ئامادەکراوی ئەوی بەرامبەر لە سنووری خەیاڵدا.

کوردی لە ڕستەیەکی شێوە پرسیاریدا خەبەرێک ڕادەگەیەنێت بەرامبەر بەخۆی و لەویش دەپرسێت ئایا ئاگاداری ئەو خەبەرەیە؟ لە خەبەرەکەدا ڕایدەگەیەنێت کە ئەم خەو لە چاوی ناکەوێت، هەروەها دەشپرسێت ئایا ئەوی بەرامبەر کە تاکو ئێستاش شوناسەکەی ئاشکرا نییە ئایا دڵدارەکەیەتی یان کەسێکی ترە، ئاگاداری ئەو نەخەوتنەی ئەمی شاعیرە لە شەودا یان لێی بێئاگایە.

شاعیر پرسیار دەربارەی هۆکاری نەخەوتنەکەی دەکات. لە ڕاستیدا ئەگەر ئەو پرسیارە سەبارەت بە خودی شاعیر بەرز بکرێتەوە دەشێ گەڕان بەدوای وەڵامەکەیدا کارێکی کەم بایەخ بێت یان کارێک بێت بەرەو گەڕان بەدوای نەزانراودا نەمانبات، بەڵام سەرباری ئەوەی کە لە ئاستی دیاردا دەقەکە وادەردەکەوێت پەیوەست بێت بە مەسەلە زاتییەکانی ئەوی شاعیرەوە، لە ئاستی نەبینراودا مانا و دەلالاتی فراوانتر بەرهەم دێنێت و بە ئاراستەی دەرەوەی «زات»یش دەڕوات. بۆیە پرسیارەکانی ئەم دەقە لە ئاستی نادیاردا ڕووبەرێکی فراوان دەگرنەوە و تەنیا پرسیارنین سەبارەت بە خودی شاعیر یان پرسیارنین لە زانراو. هەروەک ئەو وەڵامانەشی کە لە سنووری زمانی یەکەمی دەقەکەدا دەدرێنەوە و مانا و دەلالاتی قووڵتر هەڵدەگرن و تەنیا لەو وەڵامە بینراوەدا سنوور نادرێن کە زمانی یەکەمی دەقەکە بەرجەستەی دەکات.

ئەوەمان بۆ دەرکەوت کە ئەوی شاعیر خەو لە چاوی ناکەوێت. دەشێ خەو دەلالەتی حەوانەوە یان ئارامگرتن هەڵبگرێت و لەو ئاقارەشدا ئەوی شاعیر کەسێک بێت

حەوانەوە و ئارامگرتنی بۆ نەبێت، ئەوەش یان هۆکاری دەرەکی هەبێت یان لە بنەڕەتدا سروشتی پێکهاتنی کەسێتی ئەو بێت و لەڕووی دەروونییەوە کەسێتییەکی بزێو و بێ ئارام و ناسەقامگیر بێت.

بەهەرحاڵ شاعیر وەڵامی پرسیارەکەی خۆی دەداتەوە و ئەرکی تایبەتی خۆی دەستنیشان دەکات و ئەو ئەرکەش وەکو هۆکاری نەخەوتنی خۆی نیشان دەدات. هەر لە نیشاندانی ئەرکەکەیدا شوناسی خۆی پێشکەش دەکات کە ئەو «پێشخزمەت»ە، پێشخزمەت دەشێ وەکو دەلیل یان ڕێ نیشاندەر یان ڕابەر یان بەرنامەڕێکخەر لێکبدرێتەوە کە لە هەموو بارەکاندا ڕۆڵی کەسێتییەکی سەرەکی دەبینێت و ئەوانی دی لەدوایەوە دەڕۆن یان پشتی پێدەبەستن و ئەم کلیلی عەقڵ و جووڵەیانە. بێگومان کەسێ بەوجۆرە کە ئەرکی ڕێنومایی کردنی ئەوانی تری لە ئەستۆ بێت ناشێت جێگای خۆی چۆڵ بکات، چونکە دەشێ ئەوە ببێتە هۆی ڕێگا ونکردنی شوێن کەوتووانی.

«کوردی» خۆی وەکو کەسێکی جیاواز لە وانی تر پێشکەش دەکات و لە ئاستی یەکەمدا ڕێنوماییکەر یان ڕێنشاندەرە، ئەوەش جیاوازی ئاستی ئامادەبوون لەنێوان ئەم و ئەوانی تردا بەرهەم دێنێت. ئەم کە ئاستی ئامادەبوونی ئاشکراتر و بەرزترە لەوانی دی، دیارە ئەو جیاوازییەی ئاستی ئامادەبوونیش ئەو ئەرکە دیاری دەکات کە ئەم ئەنجامی دەدات. دیسان لە ئەنجامی جیاوازبوونی ئاستی ئامادە بووندا بۆ ئەمی ڕێنوماییکەر جۆرێک لە دەسەڵات بەرهەم دێت کە لە بەرامبەر ئەوانی تردا ئەو دەسەڵاتە بوون و ئامادەبوونی ئەم جیا دەکاتەوە و لە پلەیەکی بەرزتردا دایدەنێت. ئەوی «پێشخزمەت» بەکاریگەری ئەو دەسەڵاتەی کە لە «پێشخزمەت»یدا بۆی بەرهەم دێت دەسەڵات بەسەر جووڵەی ئەوانی تردا دەکات.

دەشێ ئەم ڕێنوماییکەر یان دەلیلی هەر کاروانێک بێت توانا و ئامادەبوون بۆ لە ئەستۆگرتنی ئەو ئەرکە، شوێن و پایەی ئەم لەوانی تر جیادەکاتەوە، دەشێ ئەم ڕێنوماییکەر یان ڕابەری عاشقان، یان خەمخۆران بێت بەرەو گەیشتن بە گەوهەر و ماهیەتی خۆشەویستی و عاشقێتی کە ئەوەش پلەی کەسێکی خۆنەویستی زاهیدە کە هەموو بوونی خۆی لەپێناوی ئامانجەکەیدا تەرخان دەکات کە ئەویش بە گوێرەی ئەمی شاعیر یان گەیشتنە بەوی خۆشەویست یان ئەنجامدانی ئەرکی ڕێنومایی کردنی ئەوانی ترە بەرەو گەیشتن بە گەوهەر و ماهیەتی عیشقبوون کە ناشێت لەو ڕێگایەدا هیچ کەمتەرخەمییەک نیشان بدات، چونکە هەر کارێکی لەو جۆرە دەبێتە هۆی ونکردنی ڕێگای گەیشتن بە ئامانج و لەڕێگا لادانی ئەوانی دی.

دیارە ئەوە ئاشکرایە کە (کوردی) بەجۆرێک لە ئامادەبوونی خۆی لەو مێژووەدا دەدوێت کە تێیدا ژیاوە. لەو مێژووەدا ئەو کۆمەڵگایەی کە ئەوی شاعیری تێیدا ژیاوە کۆمەڵگایەکی نەخوێندەواری دواکەوتوو بووە، تاک و تەرا کەسانی وەکو کوردی هەبوون کە خوێندەوار و بەئاگابووبن لە دنیا، دەشێ ئاستی خوێندەواری هۆکاری سەرەکی بێت بۆ ئەوەی کە (کوردی) ببێتە ڕێنومایی کەر یان دەلیلی ئەوانی تر، ئەمەش دیسان دەمانگێڕێتەوە بۆ پێوەندی نێوان چەمکی زانین و چەمکی دەسەڵات کە پێی وایە هەموو زانینێک جۆرێک لە دەسەڵات بەرهەم دێنێت. خوێندەواری «کوردی» بەرهەمهێنی ئەو دەسەڵاتەیە بۆ ئەو، تەنانەت ئەگەر ئەو ڕێنوماییکەر یان ڕابەر بێت بۆ خەم خواردن ئەوا دەتوانین بڵێین خوێندەواری هۆکاری سەرەکییە بۆ ئەوەی کەسێتییەکی هۆشیار و بە ئاگا بەرهەم بهێنێت، بەجۆرێک ئەو کەسێتییە پێش خەڵکی ئاسایی پەی بەشتەکان ببات و خەمیان بۆ بخوات. هەروەک جیاوازی «کوردی» لەوانی تر لەو ڕوانگەیەوە کە شاعیرە هۆکارێکی ترە بۆ بەرهەمهێنانی دەسەڵات و جیاکردنەوەی لەوانی دی. واتە بەرهەمهێنانی شیعر لای کوردی هۆکارێکی تری سەلماندنی ئامادەبوونی ئەوە لەنێو ئەوانی تردا، واتە دەتوانین بڵێین لە ئاستی یەکەمدا خوێندەواری و لە ئاستی دووەمدا بەرهەمهێنانی شیعر هۆکاری سەرەکین بۆ جیاکردنەوەی «کوردی» و ئاستی ئامادەبوونی لەچاو ئەوانی تر.

لەلایەکی ترەوە «ئەو»ی دەلیل لەشەودا نانوێ. بە واتا لەتاریکی شەودا کاتێ ڕێگا دەکەن ئەم دەیانبات بە ڕێگاوە و دەتوانێت بە ڕێکی بەرەو ئامانج ڕێنوماییان بکات، ئەگەر ئەرکەکەی بەباشی جێبەجێ نەکرد و نووست ئەوا دەشێ نەک ڕێگا لەوانی شوێنکەوتووی ون بکات، بەڵکو بەرەو مەترسی و کارەساتیشیان ببات. لە پشتی ئەم لێکدانەوەیەوە ئەو دەلالەتە بەرهەم دێت کە لەو قۆناغەی ژیانی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگاکەی «کوردی»دا کە نەخوێندەواری و نەزانی باڵی بەسەر ژیانی کۆمەڵایەتیدا کێشاوە، بەگشتی ژیان وەکو تاریکستان دەردەکەوێت و

کۆمەڵگاش لەشکرێکە لە نەخوێندەواران، «کوردی» پێی وایە لە بارودۆخێکی وەهادا کەسانی خوێندەوار دەلیل و ڕێنومایییکەران، ڕێگا نیشان دەدەن و ناشێت لەو بارە ناهەموارەدا کەسانی خوێندەوار چاو بنووقێنن و ئەرکی ڕێنومایی کردن جێبەجێ نەکەن. «کوردی» خۆی لەو شەوە زەنگەی ژیانی کۆمەڵایەتیی کۆمەڵگاکەیدا وەکو ڕێنومایییکەرێک نیشان دەدات کە ئەرکی ڕووناک کردنەوەی ڕێگای بۆ ئەوانی دی لە ئەستۆیە:

**ڕۆژ و شەو دائیم لەبەر دیدەی خەیاڵم حازری**
**سا چ فەرقێکی هەیە بۆ من ئیتر ئێرە و ئەوێ**
**بەس نییە لێرە دەوێرم جاربەجار باست بکەم**
**نەمدەوێرا قەت لەبەر ئەغیار کە ناوت بەم لەوێ**

شاعیر لەگەڵ کەسێکی غائیب دەدوێت، بەڵام شێوەی ئەم دواندنە سروشتی گفتوگۆی هەیە، ئەمەش بارێکی ئاساییە لە شیعردا. شاعیر بە خەیاڵ ئەوی غائیب لە بەرامبەر خۆیدا ئامادە دەکات و لەگەڵی دەدوێت، ئەمەش بە جۆرێک ڕاستەوخۆیی بوونی ئەم لەگەڵ ئەوی غائیب لە پێوەندیکردندا نیشان دەدات، هەرچەندە دەشێ لە ڕاستیدا کەسی بەرامبەر کە ئەم لەگەڵی دەدوێت بوونی نەبێت و ئەم تەنیا لە خەیاڵدا بەپێی حەز و ئارەزووی خۆی ئەو کەسێتییەی ئامادە کردبێت.

شاعیر ڕاستەوخۆ دەڵێت ئەو لەبەرچاوی یان لەبەر دیدەی خەیاڵیدا ئامادەیە، ئەو ئامادەبوونەش بەردەوامی هەیە، واتە ئامادەبوونێکی هەمیشەیی. ئەمەش ئەو دەلالەتە هەڵدەگرێت کە ئەوی شاعیر تا ئەندازەیەکی زۆر پەیوەستی ئەوە و باشترین حاڵەتیش بۆ ئەوەی کێشەی دوورکەوتنەوەی ئەوی نەبێت ئەوەیە کە هەمیشە بە خەیاڵ لەگەڵ ئەودا بێت، چونکە ئاسانە هەر کاتێ مەیلی هەبێت تۆڕی خەیاڵ هەڵدات و ئەو لەو ڕووبەرە فراوانەدا ئامادە بکاتەوە، هەر لێرەشەوە جۆرێک لە بنەماکانی خۆشەویستی (عوزری) دەردەکەوێت کە خۆشەویستی و پێوەندیی نێوان ئەمی شاعیر و ئەوی بەرامبەری لە سنووری خەیاڵدا دەمێنێتەوە، ئەوەش دەشێ خۆشەویستییەکی ڕۆحی بێت.

کاتێ ئەمی شاعیر بتوانێت لە خەیاڵیدا ئەو ئامادە بکات و بە خەیاڵ پێی بگات ئیتر جیاوازی نامێنێت لەنێوان دووری و نزیکیدا، ئەمەش ئەوە نیشان دەدات کە خەیاڵ دەتوانێت ماوە یان دووری وەکو پێکهاتەیەکی فیزیکی بسڕێتەوە و بەو پێیە جیاوازیی نێوان دوو جێگای لێکتر دوور و جیاواز نامێنێت، بێگومان ئەمەش مەسەلەیەکە تەنیا لە سنووری خەیاڵدا بەرجەستە دەکرێت، کاتێک جیاوازیی ئێرە و ئەوێ نامێنێت، ئیتر ئەوی شاعیر دەگاتە ئاستی حەوانەوە و ئارام دەگرێت، چونکە ئیتر لێرەوە پەرۆشی و تینوێتی بۆ ئەوێ نایجووڵێنێ و نایوروژێنێ.

شاعیر ئامادەکردنی «ئەو»ی بەرامبەری لە سنووری خەیاڵدا لەلا پەسەندترە لەوەی کە بە واقیعی پێی بگات و پێکەوە بن، کاتێ بەچاوی خەیاڵ ئەو دەبینێت دەتوانێ باسی بکات و لێی بدوێت، هەرچەندە هۆی ئەو نەوێرانە ئاشکرا دەکات و «ئەغیار» لەو بارەیەوە تاوانبار دەکات کە ئەو هێزە بووە ئازادی ئەمی بۆ باسکردن، یان ناوهێنان یان پێوەندیکردنی بەوی بەرامبەوە داگیرکردووە.

لەپشتی ئەم بۆچوونەوە ئەو دەلالەتە سۆسیۆلۆژییە بەرهەم دێت، کاتێ ئازادی بوونی نەبێت، کاتێ ترس وەکو هێزێکی باڵادەست کۆنترۆڵی نەستی تاک و کۆمەڵ بکات و مرۆڤ نەتوانێت بە ئازادی ویست و ئارەزووە ڕۆحی و دنیاییەکانی بەدی بهێنێت و پیادەیان بکات، ئەوە ڕووبەرێک بۆ کارکردنی بکەرێک نامێنێتەوە کە ویست و ئارەزووی دروستکردنی ڕووداوی هەبێت، هەر کاتێ مرۆڤ نەیتوانی لە ڕووی «کارەوە» بوونی خۆی بسەلمێنێت، لەڕووی کارەوە ویست و ئامانجەکانی خۆی جێبەجێ بکات، ئەوا دەشێ بە دوو ئاراستەی جیاواز، بەڵام نزیک لە یەکتر بجووڵێت کە یەکێکیان ئاراستەی گەڕانەوەیە بۆ ناوەوەی خود کە لەوێشدا بیرکردنەوە و تێڕامان بەرهەم دێت، ئەویش دەبێتە ئەڵتەرناتیڤی «کار» یان چالاکی یان دروستکردنی ڕووداو، ئەوی تریان گەڕانەوەیە بۆ نێو جوگرافیای خەیاڵ و لەوێشڕا هەوڵدان بۆ فۆرمەلەکردنی ئەو وێنانەی کە بەواقیعی ناتوانێت پێیان بگات یان ڕامیان بکات. بێگومان لە هەر دوو ئاستەکەشدا کەسێتییەکی ناکارا لە ڕووی کردار و دروستکردنی ڕووداوەوە بەرهەم دێت، کەسێتییەک کە دەشێ خەیاڵ سەرتاپای گرتبێتەوە و وەرگرتنی چێژ و خۆشی لەو خەیاڵە بەرفراوانە، ئەگەری گۆڕانکاری یان گواستنەوەی بۆ بوون بە کەسێکی چالاک یان ڕووداو دروستکەر تەسک کردۆتەوە. لە ئاستی دووەمیاندا کەسێتییەک بەرهەم دێت کە توانای تێڕامان و بیرکردنەوەی هەیە و دەشێ لە حاڵەتی تێڕاماندا پرسیاری گرنگ و گەوهەری لەلا دروست ببێت، پرسیار لە بوون و

ماهیەتی خۆی، پرسیار لە ئامادەبوونی خۆی، پرسیار لەوەی دەتوانێت ئەنجامی بدات، پرسیار لەو هۆکارانەی کە ئەویان فرێ داوەتە دەرەوەی جوگرافیای چالاکی نواندن و بە بکەر بوونەوە بکات.

لە هەردوو بارەکەدا کەسێتییەکی ناکارا و نائامادە لەڕووی دروستکردنی ڕووداوەوە بەرهەم دێت، بەڵام لە باری یەکەمیاندا کەسێتییەکی نقووم بوو لە خەیاڵدا کە بەفۆرمەلەکردنی ئەوەی مەبەستیەتی لە خەیاڵیدا دەگاتە پلەی ڕازیبوون و چیتر جووڵە و گەڕانی نامێنێت، بەڵام لە دووەمیاندا کەسێتییەکی تا ئەندازەیەک جیاواز لە کەسێتی یەکەم بەرهەم دێت، کەسێتییەک بەرهەم دێت کە توانای تێڕامان و بیرکردنەوەی هەیە، دیارە هەموو بەرنامە و نەخشەیەکی کاریش لە تێڕامان و بیرکردنەوە بەرهەم دێت، بۆیە دەشێ ئەو کەسێتییەی کە ئێستا لە قۆناغی تێڕاماندایە، لە کاتێکی تردا ببێتە کەسێتییەکی چالاک و ڕووداو دروست بکات، چونکە ڕووبەری تێڕامان دەبێتە ئەو پانتاییەی کە بەرنامەی کارکردن و پاشانیش ڕووداو دروستکردنی تێدا لە دایک دەبێت، بێگومان کەسێتی کوردی لە ساتەوەختی بەرهەمهێنانی ئەم دەقە شیعرییەدا و ئێستاشی لەگەڵدابێت نەبۆتە کەسێتییەک کە توانای تێڕامانی هەبێت، هەروەک کەسێتییەکی ڕووداو دروستکەریش نەبووە و نییە، بەڵکو کەسێتییەکە لەوساوە بۆ ئێستا لە ڕووبەری فراوانی خەیاڵدا دەژی، بەواتا کەسێتییەکە، لەبەر ئەوەی نەیتوانیوە ڕووداو دروست بکات گەڕاوەتەوە ناخی خۆی، لەناخی خۆیشیدا نەیتوانیوە کەسێتییەکی ئەوتۆ بێت کە توانای تێڕامان و بیرکردنەوەی هەبێت. بۆ ئاستی پێش تێڕامان گەڕاوەتەوە کە ئەویش جوگرافیای خەیاڵی بەرفراوانە و لەوێڕا هەموو شتێک بە خەیاڵ ئامادە دەکرێت و بە خەیاڵ ئەنجام دەدرێت بێگومان ئەو کەسێتییەی کە «کوردی» وێنای کردووە کەسێتییەکی تەواوی نێو کۆمەڵگای کوردییە چ لە ساتەوەختی بەرهەمهێنانی دەقەکەدا چ لە پێش یان لە پاش بەرهەمهێنانیدا کە کەسێتییەکی نقووم بووە لە خەیاڵدا و هەموو شتێ لە خەیاڵدا ئامادە دەکات و لە ڕێگای خەیاڵیشەوە ئەوەی دەیەوێت ئەنجامی دەدات بەبێ ئەوەی کردار بوونی هەبێت، بێگومان لێرەدا دەردەکەوێت کە ئەو خەیاڵەی «کوردی» لێی دەدوێت جۆرێکە لە خەون، ئەو خەونەی کە ناشێت بۆ مرۆڤ ڕام بکرێت. ئەوەش کارێکی ئاساییە هەر کاتێ مرۆڤ ئازادی نەبێت، ئیتر گرنگ نییە ئەو هێزەی کە ئازادی ئەمی داگیرکردووە چییە و لە کوێوە ئاراستە دەکرێت، بەڵکو ئەوەی گرنگە داگیرکردنی ئازادییە، ئەمی شاعیر لە ترسی «ئەغیار» ناوێرێت ئەوی بەرامبەری بدوێنێت، بەواتا ئەوی ئەغیار بکوژی ئازادیی ئەمە. دەشێ ئەغیار کەسێک یان هێزێک، یان دابونەریت و کولتوورێک بێت. گرنگ ئەوەیە داگیرکردنی ئازادی و نەتوانینی پیادەکردنی حەز و ویست و ئاواتەکانی مرۆڤ، وا لە مرۆڤ دەکات کە یۆتۆپیایەک دروست بکات بۆ پیادەکردنی ئازادییەکانی و بۆ بەدیهێنانی ویست و ئارەزوو و ئاواتەکانی لە سنووری جوگرافیایی ئەو یۆتۆپیایەدا:

**دڵ لەبەر زامی فیراقت دائیما یاری دەکا**
**ڕۆژ بە ڕۆژ مەنعی دەکەم باز دەردی سەختە و ناسرەوێ**

شاعیر هەرچەندە پێشتر لە ڕێگای خەیاڵەوە دەگات بەوی بەرامبەر و لەوە دەدوێت کە جیاوازی پێکگەیشتنی فیزیکی و پێکگەیشتنی ڕۆحی یان پێکگەیشتنی نێو جوگرافیای خەیاڵ نییە، بەڵام ئەوە ئاشکرا دەکات کە دووری ئەو یان جیابوونەوەی کارەساتێکی خەمناک و ئازارهێنەرە و دڵ لە دووری ئەو ئۆقرە ناگرێت و ناسرەوێت، ئەوی شاعیر دڵی خۆی دەشوبهێنێت بە «باز» باز باڵندەیەکی چالاک و نەسرەوت و بەهێزە، دروستکردنی لێکچوون لەنێوان دڵ و بازدا دەلالەتی سەرکەشی و چوستی و بەهێزی هەڵدەگرێت و دەبەخشێت بە دڵ. دڵ گیرۆدەی دەردێکی سەختە هۆکاری ئەو دەرددەش ئەگەرچی لە ئاستی بینراوی دەقەکەدا نابینرێت، بەڵام دەردەکەوێت کە دڵ گیرۆدەی داوی عەشقە، بەڵام خەمی جیابوونەوە و دووری برینێکی سەختە و هەر ئەوەش هۆی نەسرەوتنی دڵیەتی.

دڵ کە سەرچاوەی حەز و ئارەزووە و هێمای لایەنی دنیایی و دنیاویستی مرۆڤە لە بەرامبەر لایەنی ڕۆحیدا دادەنرێت، دەشێ عیشق بوون کە زیاتر لە هەست و سۆز و دنیای ڕۆحەوە سەرچاوە دەگرێت، بە ئاراستەیەکی دی کاریگەریی خۆی لەسەر دنیای فیزیکی مرۆڤ هەبێت و ئەو دنیایەش لەگەڵ خۆیدا بورووژێنێت.

کوردی پێشتر ئەوی خۆشەویست بە خەیاڵ ئامادە دەکات، بەڵام بە زمانی دڵ یان باشتر بڵێین بە زمانی جەستە دەیدوێنێ. ئەمەش ئەو دەلالەتە هەڵدەگرێت کە ڕووبەری جەستە و ویستە دنیاییەکان لە ڕوانینی ئەوی شاعیرەوە ڕووبەرێکی فراوانترە، ئەمەش بەرەو ئەو

بۆچوونە دەمانبات کە لەنێوان دووانەی جەستە و ڕۆحدا هەرچەندە پێوەندییەکی دایەلێکتیکی هەیە، بەڵام مەرج نییە ئەو پێوەندییە هەمیشە هاوسەنگ بێت یان لەباری هاوسەنگیدا بێت. هەر ئەوەش وا دەکات کە جیاوازی ئاشکرا لەنێوان کەسێک و کەسێکی تردا هەبێت. دەشێ لەکاتێکدا کەسێک هەیە زاهید و دەست لە دنیا شۆردوو بێت و هەموو غەریزە ئاژەڵیەکانی کوشتبێت و حەز و ئارەزووە دنیاییەکانی بەلاوە نابێت، لە هەمان کاتدا و لە بەرامبەر ئەم کەسێتییەدا، کەسێکی تر ئامادەیە کە ڕووبەری دنیای ڕۆحی لای ئەو زۆر تەسک بووەتەوە و بۆتە کۆیلەی حەز و ئارەزووە دنیاییەکان و، غەریزە ئاژەڵییەکان بەڕێوەی دەبەن و بەسەر هەموو سنوور و بەربەستە ئایینی و ئەخلاقی و نەریتییەکاندا بازدەدات، واتە کەسێکی دنیاویستی ملکەچی حەز و ئارەزوو و غەریزە دنیاییەکانە. ئایا ئەو کەسێتییەی کە (کوردی) لەم دەقەدا بەرجەستەی دەکات کام کەسێتییە؟ ئایا کەسێتییەکی زاهیدە و عیشقێکی ڕۆحی هەیە؟ یان کەسێتییێکی دنیاویستی کۆیلەی حەز و ئارەزوو و غەریزە ئاژەڵییەکانی مرۆڤە؟

ئەگەرچی وا دەردەکەوێت کە شاعیر «دڵ» وەکو هێمای عیشقبوون بەکاربهێنێت، بەڵام دڵ هێمایە بۆ حەز و ئارەزووە جەسەدییەکانی مرۆڤ کاتێ «کوردی» وەها باسی دڵ دەکات کە دەردەکەی سەختە، ئەو مانایە بەرهەم دێت کە پەرۆشی و تینووبوونی ئەو بۆ جێبەجێ کردنی حەز و ئارەزووەکان لە ئاستێکی قووڵدایە، ئاستێکی ئەوتۆ کە دەشێ لە دەرەوەی هەر جۆرە ڕکێف کردن و سەرکوتکردنێکدا بێت. ئەمەش ئەوەمان بۆ ئاشکرا دەکات ئەو کەسێتییەی کە شاعیر بەرجەستەی دەکات کەسێتییەکی دنیاویستی کۆیلەی حەز و ئارەزووە جەسەدییەکانە و هێزی غەریزە و پاڵنەری سێکسی (ئەگەرچی ئەوە لە ئاستی دیاری دەقەکەدا نابینرێت) دەیجووڵێنێ. لە سەرووی ئەم کەسێتییەوە چاودێرێک هەیە کە دەیەوێت ڕێگا بە دڵ نەدات بەو جۆرە خۆی دەربخات و تەنانەت بەو جۆرەش ڕەفتار بکات. شاعیر لە کاتێکدا بەو جۆرە وەسفی دڵ دەکات، لەوەش دەدوێت کە ئەو بەو جۆرە جووڵە و ڕەفتارەی دڵ ڕازی نییە، بەڵام دڵ گوێڕایەڵی فەرمانەکانی ناکات و لە دەرەوەی دەسەڵات و کۆنترۆڵی ئەودا کاردەکات و دەجووڵێت.

لێرەدا دەردەکەوێت کە ئەو هێزەی خودی شاعیر دەجووڵێنێت بۆ ئەوەی بەکارو چالاکی و ویستەکانی «دڵ»ی ناڕازی بێت، ویژدانی شاعیرە یان هێزی دابونەریت و ئەخلاقی کۆمەڵایەتی ئەو کۆمەڵگایەیە کە دەقەکەی تێدا بەرهەم هاتووە و هەمیشە کەسێتییەک بەرهەم دێنێت کە سەرباری حەز و ئارەزووە دنیایی و جەستەییەکانی کەسێتییەکی خۆپارێزە و نایەوێت پێ لە دابونەریت و ڕەفتاری کۆمەڵایەتی بنێت، هەر ئەوەش وا لەو کەسێتییە دەکات لە پێناوی پارێزگاری کردن لە کەسێتیی کۆمەڵایەتی خۆی، حەز و ئارەزووە جەستەییەکانی سەرکوت بکات و بەرەو چەپاندنیان ببات. ئەمەش ئەگەر لە ئاستێکی قووڵتردا بۆی بڕوانین جۆرێکە لە کوشتنی ئازادی و تەسککردنەوەی ڕووبەری ئازادی بۆ پیادەکردنی حەز و ئارەزووەکانی تاکەکەس. وەک پێشتر ئاماژەمان بۆ کرد، ئەو کوشتنەی ئازادیش وادەکات مرۆڤ لەواقیعەوە بگەڕێتەوە بۆ خەیاڵ و یۆتۆپیا دروست بکات بۆ ئەوەی لە سنووری ئەو یۆتۆپیایەدا بە ئازادی حەز و ئارەزووەکانی خۆی جێبەجێ بکات:

**عەقڵ و هۆشم داوە پێت لێشی دەتۆرێی ماڵوێران**
**دەوڵەتێکی مفت و بێ ساحێبە بۆچی ناتەوێ**

پێشتر «کوردی» لە جوگرافیای خەیاڵدا زەمینە بۆ گەیشتنی بە «ئەو»ی بەرامبەر یان ئەوی دڵدار دەرەخسێنێت و پێی وایە کاتێ لە واقیعدا ئازادی بوونی نەبێت بۆ بەیەکتر گەیشتن، ئیتر گرنگ نییە شوناسی داگیرکردنی ئەو ئازادییە کێیە و چییە و لەکوێوە ئاراستە دەکرێت؟ بەڵکو ئەوەی گرنگە ئازادی کوژراوە و ڕووبەری پیادەکردنی حەز و ویست و ئارەزووەکان تەواو تەسک کراونەتەوە. کوردی لە ناسینی ئەم واقیعە ناجۆرەوە دەگەڕێتەوە بۆ قسەکردن لە سنووری جوگرافیای خەیاڵدا، بەڵام لەو ساتەوەختەدا کە یۆتۆپیایەک دروست دەکات بۆ ئەوەی بە خەیاڵ و لەسنووری ئەو یۆتۆپیایەدا بگات بەوی دڵداری، ڕوودەکاتە دڵدارەکەی و باسی ئەوەی بۆ دەکات کە عەقڵ و هۆشی خۆی بەخشیوە بەو، لەگەڵ ئەوەشدا ئەوی «دڵدار»ی بە وەرگرتنی عەقڵ و هۆش هیچ دڵخۆش نییە.

دیارە کوردی بە ئاگایە لە خاسێتی هەریەکە لەو ڕەگەزانەی کە بوونەتە پایەی بەرهەمهێنانی ئەم دەقە، لەوانەش خەیاڵ، عەقڵ، هۆش، ئازادی، دەسەڵات و دیارە لێرەدا مەبەستمان ئەوە نییە کە کوردی ڕوانینی تیۆرییانەی هەبووە بۆ هەریەکە لەو ڕەگەزانە، نەخێر،

بەڵکو مەبەستمان ئەوەیە کە زانیویەتی خەیاڵ چۆن کاردەکات و چی لە سنووری خەیاڵدا دەکرێت، پێوەندی عەقڵ و هۆش چییە بەشێوەی جوولاندنی ئەوی قسەکەرەوە یان ئەوی دڵداریەوە.

کوردی بەچاوێکی پڕ بەهاوە سەیری عەقڵ و هۆش دەکات و پێی وایە دوو شتی هێندە گرنگن کە ناشێت ببەخشرێن، بەڵام پەرۆشی بۆ ئەوی دڵدار دەبێتە هۆکاری بەخشینیان، کەچی لەگەڵ ئەوەشدا ئەوی دڵدار وەریان ناگرێت، لێرەدا دووانەی «رۆح/ جەستە» «عەقڵ/ جەستە» و «هۆش/ جەستە» بە ئاشکرا دەردەکەون. ئەوی شاعیر خاوەنی رۆح و عەقڵ و هۆشە، لە ئاستی نەبینراودا دەردەکەوێ کە پەیوەستبوونی ئەوی شاعیر بەوی دڵدارەوە پێوەندییەکی رۆحییە و لە سنووری خەیاڵدا زەمینەی یەکتر گەیشتن خۆش دەکات و دەرەخسێنێت. لە هەمان کاتدا عەقڵ و هۆشی پێشکەشی ئەوی دڵداری دەکات، دیارە ئەوە ئاشکرایە کە خۆشەویستی پەیرەوی هیچ بنەمایەکی عەقڵی و هۆشی ناکات، بەڵکو پێوەندی بە رەگەزی هەست و هەست بە یەکتر کردنەوە هەیە کە گەوهەری ئەو هەستەش پەیوەستە بەرۆحەوە، شاعیر ئارەزوومەندی بە یەکتر گەیشتنە، بەڵام ئەو بە یەکگەیشتنە ناکەوێتە سنووری پێوەندییەکی جەستەی دوور لە هەست و هەستکردن بە یەکترییەوە، بەڵام لە دەربڕینەکانی شاعیردا دەردەکەوێت کە ئەوی دڵدار گرنگی بە عەقڵ و هۆش نادات. مەبەست لەمەش ئەوە نییە کە ئەوی دڵدار کەسێکی رووتکراوەیە لە عەقڵ و هۆش، نەخێر، بەڵکو لێرەدا ئاخاوتن لەسەر جۆری شوناسی ئەوی دڵدار سەرهەڵدەدات کە کەسێتییەکی دنیاویستە. کەسێتییەکە نایەوێت پێوەندی ئەو لەگەڵ دڵدارەکەیدا پێوەندییەکی بەرجەستە بووبێت لەسەر بنەمای عەقڵ و هۆش، ئەمەش سەرنجمان بە لای ئەو بۆچوونەدا رادەکێشێت کە سەرچاوەی خۆشەویستی هەستە نەک عەقڵ، پێوەندی نێوان دوو رەگەزەکەش تەنیا بە رایەڵی عەقڵ و هۆش پێکەوە نابەسترێت، بەڵکو هۆکاری پێکەوەبەستنی ئەم دوو رەگەزە لە پلەی یەکەمدا پێویست بوونیانە بە یەکتری لە رووی مادییەوە واتە بۆ جێبەجێ کردنی حەز و ئارەزووە دنیاییەکان. ئەوی «دڵدار» ئەو کەسێتییەیە کە بەم جۆرە سەیری پێوەندیی نێوان خۆیی و ئەوی شاعیر دەکات، لەکاتێکدا ئەوی شاعیر وادەردەکەوێت کە لایەنگری پێوەندیی رۆحی نێوان دوو رەگەزەکە بێت. یان بەمانایەکی تر ئەوی شاعیر لەبری ئەوەی هەست و سۆز بە دڵدارەکەی ببەخشێت عەقڵ و هۆشی پێدەبەخشێت، بەڵام ئەوی دڵداری وەری ناگرێت، ئەمەش ئەو دەلالەتە هەڵدەگرێت ئەگەر رایەڵی پێوەندیی نێوان ئەوی شاعیر و ئەمی دڵداری خۆشەویستی بێت، ئەوا جوگرافیای خۆشەویستی هەست و سۆز پەیوەستبوونی رۆحی دەبیات بەرێوە نەک عەقڵ و هۆش. کەواتە لێرەدا ئەوە دەردەکەوێت کە کوردی بەهۆشیارییەوە دەڕوانێتە چەمکی خۆشەویستی و ئەو بۆچوونە بەرجەستە دەکات کە خۆشەویستی پەیڕەوی هیچ یاسایەکی چوارچێوە بۆ دارێژراو ناکات، بەڵکو لە دەرەوەی پەیرەو و یاسا و دیسپلین کردنە.

**گەر موخەییەر بم لەنێوانی بەهەشت و وەسڵی یار**
**وەسڵی تۆ بۆ من جەهەننەم پڕ لە جەننەت نامەوێ**

کوردی باسی ویست و ئارەزووی خۆی بۆ گەیشتن بە یار دەکات بەجۆرێک کە گەیشتنی یاری لەلاپەسەندترە لە بە دەستهێنانی بەهەشت، ئەمەش ئاستی پەرۆشی و بەهێزی پاڵنەری جوولاندنی ئەو بۆ ئەو بەیەک گەیشتنە نیشان دەدات. لێرەدا ئەو پرسیارە سەرهەڵدەدات ئایا ئەوی شاعیر مەبەستی لە چ جۆرە گەیشتنێکە بەوی یار؟ ئایا مەبەست بە یەک گەیشتنی رۆحییە یان بەیەک گەیشتنی جەستەیە؟ ئەگەر مەبەست بەیەک گەیشتنی رۆحی بێت ئەوا زیاتر ئەو بۆچوونەی پێشەوە باس کرا بەهێزتر دەبێت پەیوەست بە روانینی شاعیر کە لە سنووری خەیاڵدا و لە دروستکردنی یۆتۆپیادا دەیەوێت بەوی دڵداری بگات.

بەڵام دەشێ لە روویەکی ترەوە مەبەستی سەرەکی بەیەک گەیشتن لەلای شاعیر بەیەک گەیشتنی جەستەیی بێت کە مەبەست لەوەش پێوەندیی سێکسییە، بەتایبەتی لە بەراوردکردندا لەنێوان بەهەشت و گەیشتن بە یاردا دەردەکەوێت کە شاعیر باس لە چێژو خۆشی دەکات و ئەگەر چێژ و خۆشی لە گەیشتنی یاردا بۆ فەراهەم ببێت ئەوا پشت لە چێژ و خۆشی بەهەشت دەکات، بەڵام ئەوەی ئاشکرایە و لە ئاستی بینراوی دەقەکەدا دەبینرێت ئەوەیە کە شاعیر ئازادیی ئەو هەڵبژاردنەی نییە. هەرچەندە لە شێوەی دەربڕینەکەیدا ئەوەمان بۆ ئاشکرا دەبێت کە شاعیر بە جۆرێک لە دڵنیاییەوە دەڕوانێتە بەدەستهێنانی بەهەشت و لە ئاستێکی قووڵتریشدا خۆزگەی گۆڕینی بەهەشت بە گەیشتن بە یار ئاشکرا دەبێت واتە سەرباری ئەوەی کە کوردی پەیوەست بووە بە دابونەریتەوە و

پەیڕەوی ئاینیــــشی کــردووە، بەڵام لەپێناوی بەدەست هێنانی ئەوی یاردا یان چێــژی گــەیشتن بەوی یاردا دەستبەرداری بەهەشت دەبێت. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە بڕوای بوون و پەیوەست بوون بە ئایین و دابونەریتەوە ناتوانێت دەرگـا لەسـەر حـەز و ئارەزووە دنیـاییـەکـانی مـرۆڤ دابخـات، هەرچەنـدە دەشێ ئەو حـەز و ئارەزووانە ســەرکـوت بکات و بیــانچــەپێنێت، بەڵام ناتوانێت بیــانکوژێت، بەڵکو لەکـاتێکدا کـە ئەو سنووردانان و چەپاندنانە بەهێزتر بن، ئەوە پاڵنەری جووڵاندنی مرۆڤ بۆ جێبەجێکردن بە بەدیهێنان چالاکتر دەبێت.

کوردی لە سنووری دەقەکەدا بوون و ئامادەبوونی خۆی نیشان دەدات کە ئەو موخەیەر نییە کام لەو دوو ئاراستە هەڵبـژێرێت، بەهەشت یان گـەیشتن بە یـار، ئەمـەش ئەو دەلالەتە هەڵدەگـــرێت کــــە هەر لە بنەڕەتەوە مــــرۆڤ هەبوویەکی مـوخـەیەر نییـە و مـافی هەڵبـژاردنی نییـە، بەڵکو هەبوویەکی بەڕێوە براوە کـە بڕیاری بەڕێوەبردن و ئاراســتــەکــردنی لە دەرەوەی خــۆیدا دەدرێت. کــوردی سەرنجمان بۆ ئەو بۆچوونە ڕادەکێشێت کە پەیوەستە بە تواناو چارەنووسی مرۆڤەوە. چارەنووسێک کە خۆی هیچ دەورێکی لە دیاریکردنیـدا نییـە، بەڵکو لەسـەرەوە و لە دەرەوەی خودی مرۆڤ خۆیدا بڕیاری بۆ دەدرێت.

ئەوی شاعیر هەڵوێستی خۆی بەرامبەر بەم چارەنووسە قەدەرییەی مرۆڤ دیاری دەکات و لە ئاستی نەگوتراوی دەقەکەیدا ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کە لایەنگری چەمکی مــوخـەیر بوونە، ئەمـەش ئەو دەلالەتە هەڵدەگـرێت کـە کوردی داوای هەبوویەکی ئامادە و خاوەن ناسنامە دەکات کە خـۆی خاوەنی ڕاستەقینەی خۆی بێت و خـۆی مـافی بڕیاردانی خۆی هەبێت و خـۆی چارەنووسی خۆی دیاری بکات. بەمــــانایەکی تر لە پشــــتی ئەم بۆچوونەوە هەڵوێستی ڕەتکردنەوەی قەدەرییەتی مـرۆڤ ئامادەیە و شــاعــیــر ســەرنجــمــان بەلای بۆچوونی دروســتکردنی کەسێتییەکی خاوەن بڕیاردا ڕادەکێشێت، دیارە مەسەلەی قەدەرییەتی مرۆڤیش لەوێوە سەرچاوەی گرتووە کە مرۆڤ بە ویســتی خـۆی و لەسـەر داوای خـۆی لەوێوە دروست نەکراوە، بەڵکو هەر لە دروستبوونەوە پرسی پێنەکراوە و ئەوەش مێژووی ئایندەی ئەوی نەخشاندووە کە هەمیشە لە دەرەوەی بوونی خۆی بڕیاری بۆ بدرێت. «کوردی» ئەو ڕاستــییــە تێـدەگـات کـە مـرۆڤ وەکـو ئەفـریدەبوویەکی جیاواز لەسەرجەم زیندەوەرانی تر هێشتا ئەفریدەبوویەکی «مـوسـەیەرە» و «مـوخـەیەر» نییــە، ئەویش نـاڕەزایی لەدەست سەندنەوەی مافی موخەیەر بوون دەردەبڕێت.

کوردی ئەگەری بۆ موخەیەر بوونی خۆی بۆ بڕیاردان لە هەڵبژاردنی بەهەشت یان گەیشتن بە یار دادەنێت و ئەگەر مــــافی هەڵبـــژاردنی هەبوایە ئەوا گــەیشتن بە یاری هەڵدەبژارد. لێرەدا ئەوەمان بۆ ئاشکرا دەبێت کە گەیشتن بە یار کــارێکە کــوردی لە ژیانی ئێــســتــایدا دەیەوێت ئەنجامی بدات، بەڵام بەهەشت ئومێدێکە بۆ ژیانی دوای مـردن، ئەو پێی وایە دەتوانێت تەنیا یەکێک لەم دوانە هەڵبـژێرێت هەرچەندە لەبنەڕەتدا مافی ئەو هەڵبـژاردنەی نییە، بەڵکو وای بۆ دەچێت تەنیا یەکێکیانی پێدەدرێت، ئەم گەیشتن بە یاری لەلاپەسەندترە. ئەمـەش ئەو دەلالەتە هەڵدەگرێت کە کوردی نایەوێت خۆشی و چێژی ئەم دنیا بکات بە قـەزاوەگێڕی خـۆشی ئەو دنیا، بەمـانایەکی دی مـۆتیـڤی دنیـاویسـتی و ژیاندۆسـتی و چێژپەرسـتی ئەو مۆتیـڤەیە کە کوردی دەکاتە خوازیاری گەیشتن بە یار لە بری بەدەســــتــهــێنانی بەهەشت. ئەمــــەش لە ئاســتی نەگوتراودا جۆرێک لە گومانکردن بەرامبەر بەدەستهێنانی بەهەشت لای ئەو دروست دەکات و دەشێ بڵێین لەوانەیە ئەو دڵنیـــا نـەبێت کــە بەهەشت بەدەست دێنێت، بۆیە بەلایەوە پەسەندترە چێژ و خۆشی گەیشتنی  بە یار دەست بکەوێت، نەک چاوەڕوانی خــۆشی بەهەشت بکات کــە گومان لە بەدەستـهێنانی دەکات یان ڕەنگە بە گومانەوە بڕوانێتە خودی بەهەشت و بوونی خۆی لە بەهەشتدا:

**ئەی ڕەقیب وێڵم لەدەستت لێرە بۆ لێم ناگەڕێی**
**باوکە کوژتەت نیم ئەرێ هەی بەدمەزەب چیت لێم دەوێ**

کوردی لەدەربڕینێکی ڕاستەوخۆدا ناڕەزایی بەرامبەر بە کـەسێک دەردەبڕێت کـە بە «ڕەقـیب» ناوی دەبات و ئەم لەدەســــتی ئاوارە بووە، بەڵام ئەو لێی ناگــــەڕێت، لە ئاوارەییش هەر بەدوایەوەیە.

شـوناسی ئەوی ڕەقـیب نەزانراوە، ناشـزانرێت بۆچی ناوی ڕەقـــیـــبی لێنراوە، هۆی نـاکــۆکی لەگــەڵ ئەوی شاعـیـریشدا ئاشکرا نییـە، بەمـانایەکی دی لە ئاستی دیاری دەقەکـەدا شوناسی ڕەقیب ئاشکرا ناکرێت، بەڵام دەشێ ڕەقــیب هەر دوژمنێکی دیاربێت بەرامــبــەر بە کـەسێـتی ئەوی شـاعـیـر، یان لە ئاسـتێکی فـراوانتـردا ڕەقیب هەر هێـزێکی نادیار بێت بەرانبـەر بە کـەسـێـتی کۆمەڵایەتی یان ئـیتنیکی ئەو پێکهاتە کۆمەڵایەتییەی کە شاعیر ئەندامێکە لێی.

ئەوی شاعیر کاتێ لەدەستی ئەوی ڕەقیب ئاوارە بووە،

تا ئەندازەیەک بەژیانی ئاوارەیی خۆی ڕازییە، بەڵام کێشەکەی لەوەدایە کە ئەوی ڕەقیب لە ئاوارەییش لێی ناگەڕێت، بۆیە شاعیر ڕووی تێدەکات و پێی دەڵێت: من خۆم بەدوژمنی تۆ نازانم یان بەلایەنی کەمەوە تاوانێکم بەرامبەر بەتۆ ئەنجام نەداوە، ئیتر دەبێ بۆچی تۆ بەم جۆرە ژیانم لێ تاڵ بکەیت. وەکو پێشتر باسمان کرد نە شوناسی ڕەقیب زانراوە و نە هۆکاری ئەو ناکۆکییەش ئاشکرایە، بەڵام ئەو دەلالەتەی لە پشتی ئەم حاڵەتەوە بەرهەم دێت کە بارێکی نائاسایی لەئارادایە، دەشێ ئەو بارە نائاساییە لەواقیعدا بوونی هەبێت، یان لەوانەیە تەنیا بارێکی دەروونی بێت و ئەوی شاعیر هەست بە بوونی مەترسییەک بکات و لە ڕووی دەروونییەوە هەوڵ بدات سەرچاوەیەک بۆ بەرهەمهێنانی ئەو ترسە بدۆزێتەوە، یان بکەرێک لە سنووری خەیاڵدا ئامادە بکات بۆ ئەوەی بیکات بە بەرپرسی دروستکردنی ئەو ترسە ئەم بۆچوونەش زیاتر لە ڕاستی نزیک دەبێتەوە کاتێ پێشتر کوردی، یۆتۆپیایەک لە خەیاڵ دروست دەکات بۆ ئەوەی تێیدا بگات بەوی «یار».

هەروەک پێشتر لەوە دواین کە ئەوی شاعیر سەرزەنشتی ئەو بارودۆخە دەکات کە ئەوی مرۆڤی کردۆتە ئەفریدەبوویەکی بێدەسەڵات لە ڕووی بڕیاردانەوە و توانای هەڵبژاردنی لێ سەندۆتەوە، ئەگینا لەنێوان بەهەشت و گەیشتنیدا بەیار، دووەمیانی هەڵدەبژارد.

دەشێ کوردی ڕەقیب بەو هێزە بزانێت کە توانای هەڵبژاردنی لێ سەندۆتەوە و ناچاری کردووە لە بری گەیشتن بەیار بچێتە بەهەشت، ئەمی شاعیر بەناچاری ڕازی بووە بەوەی لە بەهەشتدا بێت، بەڵام ئەو هێزە لەوێش وازی لێناهێنێت، دەنگ بەرزکردنەوەی شاعیر ڕەفزکردن و ڕەتکردنەوەی بەهەشت نییە یان لە ڕووداوەستانی ئەو هێزە نییە، بەڵکو داوا و شکایەتە بۆ ئەوەی ڕێگای بدات بەبێ کێشە و گرفت لەوێ درێژە بە ژیانی خۆی بدات. بێگومان بە خەیاڵ گەیشتن بە بەهەشت و دروستکردنی یۆتۆپیایەک بۆ ئاخاوتن لەگەڵ ئەو هێزەی توانای بڕیاردان و هەڵبژاردنی لێ سەندۆتەوە بەشێکە لەو فەزا بەرفراوانەی خەیاڵ کە کوردی لەم شیعرەدا دروستی کردووە کە بە خەیاڵ دەگات بەوی یار و بە خەیاڵ دەگات بە بەهەشت و بەخەیاڵ ڕەقیب بۆ خۆی دروست دەکات. ئەمەش پایەیەکی بەهێزی بەرهەمهێنانی شیعرە، بەتایبەتی لەکاتێکدا شیعری کلاسیکی زیاتر پشت بە عەقڵ و هۆش دەبەستێت، لەم شیعرەی کوردیدا خەیاڵ و نائاگایی ڕووبەرێکی فراوانیان داگیرکردووە:

**هەروەکو کێوی دەماوەندی سەرم پڕ شۆڕشە**
**قەت تەمی هیجران و خەم ساتێ لەدەوری ناڕەوێ**

کوردی وەسفی خۆی دەکات و خۆی هاوشێوە دەکات بە کێوی دەماوەند، لەو ڕووەوە کە سەری وەکو کێوی دەماوەند پڕ لە شۆڕشە و هەرچۆن کێوی دەماوەند تەمی هیجران و خەم لە دەوری ناڕەوێتەوە، ئەمیش هەمیشە تەم و خەم داگیری کردووە. لە پلەی یەکەمدا کێوی دەماوەند دەلالەتی پتەوی و مەحکەمی و بەهێزی لەهەمان کاتدا ئاڵۆزی و سەختی و چۆک دانەدان هەڵدەگرێت، کوردی سەری خۆی دەشوبهێنێت بەکێوی دەماوەند، مەبەستی لەوەش ئەوەیە بڵێت سەری ئەو و کەسێتی ئەو پتەو و بەهێزە وەکو کێوی دەماوەند. لە هەمان کاتدا هەرچۆن کێوی دەماوەند لەخۆیدا چەندین نهێنی هەڵگرتووە و چەندین توانا و وزەی شاراوەی لەناخدایە کە دەشێ ببنە سەرچاوەی ئابووریی نوێ و گۆڕانکاری لەوڵاتدا دروست بکەن، هەر بەو شێوەی کە شۆڕش وزەیەکی لەبن نەهاتووە بۆ دروستکردنی گۆڕانکاری، سەری ئەمیش هاوشێوەی دەماوەندە پڕە لە بیری ڕووناک و ڕوانینی گەش کە هەڵگری ماناکانی شۆڕشن، دەماوەند لەبەر بەرزی و سەرکەشی هەمیشە تەم و نهێنی لووتکەکانی گرتووە و دەرناکەوێت، بە هەمان شێوە سەری ئەمیش خەمی هیجران و خەمی ژیان و خەمی گۆڕانکاری لێ ناڕەوێتەوە، لە پشتی ئەم ڕوانینەوە ئەو دەلالەتە بەرهەم دێت کە ئەوی شاعیر هەڵگری هیوا و ئومێدێکی قووڵە بۆ گۆڕانکاری، هەروەک هێز و توانایەکی پتەویشی هەیە بۆ بەدیهێنانی ئەو گۆڕانکارییە و بە ئاسانی نابەزێت.

گەڕانەوەی کوردی بۆ هاوشێوەکردنی خۆی لەگەڵ ڕەگەزەکانی نێو جوگرافیای کوردستاندا، لەلایەک بەخشینی خاسێتەکانی نیشتمانە بەخودی خۆی بەتایبەتی لەو ڕوانگەیەوە کە ئەو ڕەگەزەی کە وەری گرتووە هێمای پتەوی و بەهێزییە، دەشێ لێرەشەوە وەها سەیر بکرێت کە لە ئاستێکی لاوازدا سیمایەکی ئامادەکردنی فەزایەک بۆ ئاخاوتنی گوتاری نەتەوەیی کوردی سەرهەڵبدات، هەرچەندە ئەوە لە ئاستێکی لاوازدایە و نەگەیشتۆتە ئاستی فۆرمەلە بوون. لەلایەکی ترەوە وابەستەبوونی ئەوی شاعیر بە ڕەگەزەکانی سروشتەوە نیشان دەدات لەو ڕوانگەیەوە کە سروشت و توخمەکانی یەکێک لە ڕەگەزەکانی بەرهەمهێنانی

شیعرن:

**گەردنی «کوردی» لەکێوی بێستوون مەحکەمترە چونکە سەد ساڵە لەژێر باری غەمایە نانەوێ.**

کوردی جارێکی دی خۆی لەگەڵ بەشێکی تری کوردستان بەراورد دەکات یان بەشێوەیەکی دی بەشێک لە لەشی خۆی لەگەڵ بەشێک لە جوگرافیای وڵاتەکەیدا هاوشێوە دەکات، ئەمەش ئەو دەلالەتە هەڵدەگرێت کە کوردی ناڕاستەوخۆ خۆی لەگەڵ هەموو نیشتماندا بەراورد دەکات، کە ئەوەش لەئاستێکی قووڵتردا هەستکردنی ئەوی شاعیر بە بوون و بە پلەو پایەی خۆی نیشان دەدات. هەر ئەو هەستکردنەشە وەهای لێکردووە کە پێشتر سەری خۆی بشوبهێنێت بە چیای دەماوەند و ئێستاش گەردنی خۆی بشوبهێنێت بە کێوی بێستوون. سەرەتا وشەی «کێو» وەکو دالێک دەلالەتی پتەوی و بەهێزی و جێگیری و چۆک دانەدان هەڵدەگرێت، کەواتە لە ئاستی یەکەمی ئەم لێکچواندنانەدا باسی بەهێزی و پتەوی نەبەزینی خۆی دەکات کە دەشێ ئەوە لە ئاستێکی قووڵتردا دەلالەتێکی سۆسیۆلۆژییانە هەڵبگرێت و ئەم وەکو تاکە کەس ببێتە هێما بۆ نەتەوە یان کۆمەڵگاکەی و خۆڕاگری و پتەوی و نەبەزینیش خاسێتە دیارەکانی ئەوبن کە لە ئاستی دووەمدا دەبن بە خاسێتی نەتەوەکەی.

کوردی لە ئاستی هاوشێوەکردنەکەیدا هاوشێوەیەکی یەکسان دروست ناکات، بەڵکو هاوشێوە بوون تەنیا لەو ڕوانگەیەوە نیشان دەدرێت کە پێوەندی ئەوی شاعیر و کێوی بێستون وەکو (مرۆڤ) و بەشێک لە سروشت پێوەندی لەنێوانیاندا دروست دەکرێت، بەڵام ئەو پێوەندییە لە پلەی بەراورددا دەردەخرێت، بەواتا لە ئاست و ڕێژەی مەحکەمی و بەهێزیدا نەک لێکچوون بەڵکو جیاوازی نیشان دەدرێت، بەڵام لەو ڕووەوە ئەوی شاعیر و کێوی بێستوون لە یەک دەچن کە هەردووکیان پتەو و مەحکەمن، بەڵام لەنێوان ئاستی پتەوی و مەحکەمیدا جیاوازی هەیە. ئەوی شاعیر یان گەردنی ئەوی شاعیر لەکێوی بێستوون مەحکەمترە، ئەوی شاعیر دەیەوێت ڕاستی ئەم قسەیەش بسەلمێنێت، ئەویش بە ئاشکراکردنی مێژووی سەد ساڵی خۆی کە لەژێر باری غەمدایە، لەگەڵ ئەوەشدا هێشتا نانەوێت.

دیارە کاتێ زەمەنی مانەوە لەژێر باری غەمدا دیاری دەکرێت دەردەکەوێت ئەو زەمەنە نەک زەمەنی تەمەنی کوردی نییە، بەڵکو دوو هێندەی تەمەنی ئەو دەبێت، دەشێ ئەوە جۆرێک لە موبالەغەی تێدا بێت و لە بنەڕەتدا موبالەغە ئەو زەمەنەی بەرهەم هێنابێت، ئەوەش لەناوەڕۆکدا سەختی ئەو بارە دەردەخات کە ئەوی شاعیر تێیدا ژیاوە. لەلایەکی تریشەوە ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کە ئەوەی کوردی وەسفی دەکات تەنیا مێژووی خۆی نییە وەکو خودی کوردی، بەڵکو مێژووی نەتەوەکەیەتی کە ئەو لە بارێکی نائاساییدا بەسەد ساڵی دادەنێت، دیارە ئەو هەڵسەنگاندنە لە چوارچێوەی دەقێکی شیعریدا دەکرێت، وەک ئاشکراشە ڕەگەزی سەرەکی بەرهەمهێنانی شیعر خەیاڵ و ئەندێشە و نەستە، بۆیە دەشێت ئەوەی لە شیعردا بەرهەم دێت یان بەرجەستە دەکرێت لەگەڵ زەمەندا وەکو ڕەگەزێکی مێژوویی تەواو دەرنەچێت، چونکە ئاشکرایە زەمەنی شیعر مەرج نییە لەگەڵ زەمەنی فیزیکیدا هاوشێوە بێت.

گەردنی کوردی کە دەشێ گەردنی نەتەوەکەی کوردی بێت بەدرێژایی ئەو مێژووەی کە شاعیر لە سنووری دەقەکەدا دیاری کردووە لەژێر فشار و چەوساندنەوە و لێداندا بووە، بەڵام هێشتا نەگەیشتۆتە ئەو ئاستەی کە ببەزێت. ئەمەش لە ئاستێکی قووڵتردا دەلالەتی بوونی توانای مانەوە هەڵدەگرێت کە لە ئاستێکی تردا دەشێ ئەوە بە گەوهەر و ماهیەتی بنیادنانی گوتاری مانەوە دابنرێت، کەواتە ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کە ئەم دەقەی کوردی سەرباری ئەوەی کە هەڵگری زیاتر لە پرسیارێک و زیاتر لە جیهانبینییەکە، بەڵام کلیلی کۆتایی دەرگای دەقەکە داناخات، هەروەک ئەو پرسیارەی کە دەقەکە لە دەستپێکدا بەرزی دەکاتەوە دەشێ لەگەڵ دواپرسیاریدا یەکبگرێتەوە. بەواتا ئەو هۆکارەی کە وای لێکردووە خەو لە چاوی ناکەوێت لەگەڵ گرانی ئەو بارەدا یەکدەگرێتەوە کە سەدساڵە کەوتۆتە سەرگەردنی ئەو. بە مانایەکی تر دەشێ کاتێ ئەو خۆی بە پێشخزمەت دەزانێت، مەبەستی لەوەبێت کە هەڵگری پەیامێکە بۆ دۆزینەوەی ڕێگاو بۆ گەیشتن بە ئامانج کە ڕزگارکردنی گەردنیەتی لەو باری خەمەی کە سەدساڵە لە گەردنیدایە، دیارە ئەوەش تەنیا لە سنووری ڕوانین بۆ کەسێتی شاعیر خۆیدا نامێنێتەوە، بەڵکو دەبێتە هەوڵدان بۆ بەرجەستەکردنی بارێکی فراوانتر، یان دروستتر بڵێین بۆ بارێکی مەوزوعی کە ئەویش دەبێتە کەسێتی کۆمەڵایەتی ئەو نەتەوەی کە شاعیر ئەندامێک بووە لێی و ئەم دەقەش لەو جوگرافیایەدا بەرهەم هاتووە. کەواتە لێرەدا دەتوانین بڵێین ئەم دەقە بەرجەستەکردنێکی ئەو واقیعەیە کە

تێیدا بەرهەم هاتووە و قۆناغێکە بارگەکراوە بەخەیاڵ، بە وەسفکردنی زۆر و بیرکردنەوەی کەم، بە خەیاڵی رۆمانسیانە و بە دروستکردنی یۆتۆپیای بەرفراوان و کەمی تێڕامان و بیرکردنەوە و بەرهەمهێنانی قەیرانی رووداو لەو روانگەیەوە کە رووداو ببێتە بەرهەم هێنەری بارودۆخێک کە ئەوی پێشخزمەت بە ئاشکرا و بەڕوونی پێشڕەوایەتی (ئەوان) یان کۆمەڵ بکات بەرەو ئاینده، بەرەو هەڵوەشاندنەوەی ئەو باری غەمەی کە لەگەردنی «کوردی» دایە، واتە کۆمەڵ یان نەتەوەکەی کوردی کە لە ئاستی نادیار و لە چینی قووڵی دەقەکەدا، دەقەکە پەیوەستە بەوەوە و لەو دەدوێت، بەڵام دیارە ئەو لێدوانە لە ئاستێکی سادەدایە و مەودایەکی قووڵی نییە، چونکە ئەو قۆناغەی کە دەقەکەی تێدا بەرهەم هاتووە نە لەسەر ئاستی پەرەسەندنی کۆمەڵایەتی و نە لەسەر ئاستی تاکەکەسیش مەسەلەی نەتەوایەتی بەگشتی و مەسەلەی نەتەوایەتی کوردی بەتایبەتی فۆرمەلە نەبووە و ئەوەی کە لە هێما و دەلالاتی شیعریدا دەردەکەوێت بەرهەمی خەیاڵ و نەستە کە لە دەرەوەی دەسەڵات و بڕیاری تاکەکەس و کۆمەڵیشدا کاردەکات.

لە ئاستێکی تردا کە دەشێ لە زمانی یەکەمی دەقەکەدا نەبینرێت لە نێوان پێکهاتەی دەقەکە وەکو یەکەیەکی سەربەخۆ و سەری شاعیردا جۆرێک لە هاوشێوە بوون هەیە کە وەکو کێوی دەماوەند پڕ لە شۆڕشە.

مەبەست لەم هاوشێوەکردنەش ئەوەیە کە ئەم دەقەی کوردی لێکدانەوەی جۆراو جۆر و پرسیاری جۆراوجۆر و خستنەرووی چەمکی خەیاڵ و نەست و عەقڵ و هۆش و مامەڵەکردن لەگەڵ رەگەزەکانی سروشت و تاد، لە خۆ دەگرێت، بە هەمان شێوە سەری شاعیر پڕە لە بۆچوون و روانین و لێکدانەوە و تێڕامانی جۆراوجۆر کە هەموویان مۆتیڤی گۆڕان و شۆڕشن، ئەوەش لەپێناوی ئامانجێدا بەرجەستەکراون کە رێنومایی کردنە بەرەو ئاینده و گەیشتن بەو، چی ئەوی یاربێت یان یار هێمابێت بۆ رزگاربوون لە باری مانەوەی سەد ساڵی ژێر سایەی غەم، بەواتا پرسیاری سەرەکی ئەم دەقە هەوڵدانە بۆ بەرجەستەکردنی ئازادی کە ئەویش لە دەستپێکی دەقەکەدا بەرجەستەکردنی ئازادییە لە جوگرافیای خەیاڵدا، بەڵام لە کۆتایی دەقەکەدا مەسەلەی ئازادی لەسەر زەمینەی واقیع دێتە ئاراوە.

# سالمی سنە
# لە کاروانی شیعری کوردیدا

حەکیم مەلا ساڵح

دەمێکە خوایار عەلائەدین سەججادی لە شاکاری (مێژووی ئەدەبی کوردی)دا ئەم شاعیرەی بە گەلەکەمان ناساندووە، پاش ئەویش ئەم سەرچاوانەی خوارەوە ئاوڕیان لێداوەتەوە:

١- مامۆستا مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس لە لاپەڕەکانی (٥٤١-٥٦٠)ی بەرگی دووەمی (یادی مەردان)دا باسێکی جوانی بە هەندێ زانیارییەوە لەسەر کردووە و هەندێ شیعری (کوردی، فارسی، عەرەبی)شی بڵاوکردۆتەوە، بەڵام مێژووی لە دایکبوون و کۆچ کردنی دیاری نەکردووە، هەروەها لە کتێبی (علمائنا في خدمة العلم والدين)یشدا بەسەری کردۆتەوە.

٢- بابا مەردۆخی ڕۆحانی لەلاپەڕەکانی (١٥٣-١٥٥)ی بەرگی دووەمی (تاريخ مشاهير كرد)دا بە فارسی لەسەری نووسیوە و چەند شیعرێکی (کوردی، فارسی، عەرەبی)شی بڵاوکردۆتەوە.


٣- سدیق بۆرەکەیی لە لاپەکانی (٥٠٨-٥٠٩)ی (دايرة المعارف كردى) و هەروەها لە (مێژووی وێژەی کوردی)دا باسی کردووە و هەندێ شیعریشی بڵاوکردۆتەوە.

٤- د. مارف خەزنەدار لە بەرگی چوارەمی مێژووی ئەدەبی کوردیدا بە کورتی بەسەری کردۆتەوە و لاپەڕەکانی (٦٠٥- ٦٠٧)ی بۆ تەرخان کردووە.

لەم سەرچاوانە و مێژووەکەی مامۆستا سەججادیشدا جیاوازی لەنێوان ساڵەکانی لە دایکبوون و دواکۆچی شاعیردا هەیە. بەپێی ئەو بەڵگەنامەی کە لەبەر دەستی ئێمەدایە، دەردەکەوێت کە تەنیا (بابامەردۆخ) مێژووەکەی بە دروستی نووسیوە، بەڵگەنامەکەی ئێمەش بە خەتی (شێخ شەریف) کوڕی شاعیر نووسراوە کە دیارە لەوانی دیکە زیاتر جێگەی باوەڕ پێکردنە. ئێمە لە پاشکۆی ئەم وتارەدا بڵاوی دەکەینەوە و لێرەشدا دەیکەینە کوردی بۆ ئەوەی مشتومڕ لەسەر ژیاننامەی ئەم شاعیرەمان نەمێنێ.

«خوالێخۆشبوو شێخ سەلیم نازناوی سالم لە شێخەکانی گوندی تەختە و لە بنەماڵەی مەردۆخییە، کوڕی خوالێخۆشبوو شێخ ئەحمەد کوڕی شێخ عەبدولکەریم کوڕی شێخ عەبدولغەفار کوڕی شێخ عەبدولکەریم کوڕی شێخ مەحموود کوڕی شێخ ئەحمەد کوڕی حەزرەتی شێخ مستەفای تەختەیە، لە ساڵی (١٢٧٤)ی قەمەری لە گوندی تەختە کە کەوتۆتە نزیکەی چوار فرسەنگی سنەوە لە دایک بووە پاش خوێندنی سەرف و نەحو وانە سەرەتاییەکانی عەرەبی لە خزمەتی باوکیدا دێتە سنە، ماوەیەکیش لە خزمەتی خوالێخۆشبوو شێخ محەمەدی ناسراو بە (فخرالعلماء) و هەروەها خوالێخۆشبوو حاجی مەلا ئەحمەدی نۆدشەیی

ناسراو بە (حاجی مامۆستا) سەرگەرمی خوێندن دەبێت، (مەنتق) بە تەواوی لە خوالێخۆشبوو فەخرولعولەما (فقه) لە خوالێخۆشبوو حاجی مامۆستا فێر دەبێ، پاشان بۆ درێژەپێدانی خوێندن گەڵێ ناوچەی کوردستان بەتایبەتی سلێمانی و سابڵاخ دەگەڕێ و لەم سەفەرانەیدا هەروەها سوود لە فەزڵی خوالێخۆشبوو شێخ عەبدولقادری موهاجیری و مەلای پیرەباب وەردەگرێ، بەتایبەتی (حکمت) و (کلام) لە خزمەتی خوالێخۆشبوو شێخ عەبدولقادری موهاجیردا فێردەبێ. دواجار ڕوودەکاتە (بیارە)ی شەریفە و ماوەیەکی زۆر لە خزمەتی خوالێخۆشبوو مەلا عەبدولقادری مودەڕیسی بیارەدا دەخوێنێ و لەلایەن ئەو خوالێخۆشبووەوە ئیجازە وەردەگرێ. سالم دوای وەرگرتنی ئیجازەی (فتوی) و (تدریس) ئارەزوو بەلای سەیر و سلوک و دیتنی دنیای مەعنەوی پەیدا دەکات و لە بیارەی شەریفەدا لە خزمەتی مورشیدی کامیل و مامۆستای تەریقەت حەزرەتی شێخ عومەر زیائەدیندا دەبێتە مورید و بە توانای ئاسایی خۆی و کۆششی مورشیدەکەی لەم زانستەشدا بە باشی پێش دەکەوێ و ئیجازەی ئیرشاد کردن وەردەگرێ. پاشان دەگەڕێتەوە سنە و پاشماوەی تەمەنی بە وتنەوەی زانستەکان و ئیرشاد کردن دەباتە سەر تا لە ساڵی (١٣٣٧) دوای (٦٣) ساڵ تەمەن کۆچی دوایی دەکات.



بەرهەم و نووسراوەکانی سالم بە زۆری ناتەواون و لەلاپەڕەی جۆراوجۆر و پەرشوبڵاودان، ئەوەی کە ئێستا لەبەر دەستدایە و تەواو نووسراوەتەوە ڕاڤەیەکە لەسەر مەنزوومە عەرووزیەکەی خوالێخۆشبوو شێخ مارفی نۆدێیی. سالم بە فارسی و عەرەبی و کوردی شیعری گوتووە و زۆربەی شیعرەکانیشی لە پیاهەڵدانی مورشیدەکەی حەزرەتی شێخ زیائەدین و شێخ نەجمەدینی کوڕیدایە. دیوانی سالم تا ئێستا کۆنەکراوەتەوە و چامە و غەزەلەکانی بە چەند خەتێ لە کەناری کتێبە پەرشوبڵاوەکاندایە».

لێرەدا دەردەکەوێ کە ساڵی (١٢٧٤-١٣٣٧) ڕاستە کە دەکاتە (١٨٥٣-١٩١٦)، هەروەها دیارە کە لەسەردەمی ژیانی شێخ شەریفیشدا دیوانی سالمی سنە کۆنەکراوەتەوە و ئەوەی وەک دیوان کە لە بەردەستی ئێمەدایە بەدەستی (شێخ جەمیلی کوڕی شێخ شەریف) نووسراوەتەوە. لەم دیوانەی بەردەستیشماندا هێشتا هەر هەموو شیعرەکانی لەخۆی نەگرتووە، بۆیە بەندە بۆ تاڕادەیەک تەواوکردنی دیوانەکەی ئەو ساڵانەی کە لە شاری سنە دەژیام کەوتمە کێوماڵ و سۆراخکردن تا لەلای ئاغای (وارستگان) و (خالیدی) و (ئیلیاسی) و (سابری) هەندێ شیعری دیکەیم دیتەوە کە لێرەدا هەشت پارچە لەو شیعرە کوردییانەی بڵاودەکەمەوە بەهیوای ئەوەی کە لایەنێکی خەمخۆریش بێت بەدەنگمەوە و سەرجەم شیعرەکانی لەدیوانێکدا چاپ بکەین.


دیوانەکەی بەردەستمان لە (٢٧) پارچە شیعری کوردی پێکهاتووە (١) مولەممەعی کوردی- فارسی- عەرەبی و (١٠٥) پارچەی عەرەبی و (١٣) پارچەی فارسی و (١) مولەممەعی فارسی- عەرەبی.

سالم نەیکردووە لە ژیانی خۆیدا شیعرەکانی لە دیوانێکدا کۆبکاتەوە، بۆیە پاشان کە شێخ جەمیلی کوڕەزای گردوکۆی کردوونەتەوە لە هەندێ لە شیعرە عەرەبییەکانیدا وشە، یا نیوەدێڕ هەیە کە جێگەیان بە بۆشی هێڵراوەتەوە، دیارە هۆیەکەشی ئەوەبوو کە شیعرەکان تەمەنێکیان لە (کەناری کتێبە پەرشوبڵاوەکاندا) بەسەر بردووە و ئیتر ڕۆژگار دەستی خۆی لێوەشاندوون.

سالم و مورادەکەی واتە شێخی زیائەدین زۆربەی تەمەنیان لە قەڵەمڕەوێکدا بەسەر بردووە کە شیعر گوتن بە زاری گۆرانی تێیدا زاڵ بووە، کەچی هەردووکیان دەبنە یەکەم بەزێنەری ئەو سنوورە و پەیڕەوی لە قوتابخانە شیعرییەکەی بابان دەکەن. هەردووکیشیان شێوەزارەکەی

بابانیان بە چاکی وەرگرتووە، مەبەست ئەوەیە کە زاراوەی خۆیانی تێدا دیار نییە، بە پێچەوانەی حاجی قادری کۆیی لەم لاو وەفایی لەولا کە پەیڕەویان لەو قوتابخانە کردووە هەندێ جار وشەی شێوەزاری خۆیان لە شیعرەکانیاندا دیارە.

سالمی سنە لە شیعرە عەرەبییەکانیدا دەستی بالآی هەبووە، هەروەکو بابا مەردۆخی ڕۆحانی دیاری کردووە لە سەردەمی خۆیدا نازناوی (امروء القیس)ی کوردییان پێداوە. لە شیعرە کوردییەکانیشدا ئەگەرچی نەیتوانیوە بە پایەی (نالی) و (مەحوی) بگات، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا شیعری جوانن و پێویستە وەک ئەزموونی شاعیرێک بەسەر بکرێنەوە و لەگەڵ شیعرە عەرەبی و فارسیەکانیدا بکرێتە دیوانێکی سێ زمانی و بخرێنە بەردەستی خوێنەرانی کوردەوە. ئەمە و دەبێ ئەوەش بڵێین کە دوور نییە شیعری دیکەی کوردی مابن، بەڵام لە کوێ بدۆزرێنەوە؟ ئەوە دەبێ کتێبخانەی (بیارە) بپشکنین کە ئێستا نازانم لە کوێن، دڵنیام شیعری تێدا دەبینرێتەوە، چونکە هەروەکو (شێخ شەریف)ی کوڕی ئاماژەی پێداوە- سالم دیوانەکەی پەرشوبڵاوبووە و شیعرەکانی لەلاپەڕەی کتێبەکاندا نووسیوەتەوە، لەسەردەمی ژیانی ئەم شاعیرەدا بە هەوڵی شێخی زیائەدین و مەلاعەبدولقادری مودەڕیس کتێبخانەی (بیارە) دەوڵەمەند کراوە و پڕ بوو لە کتێبە



زانستییەکانی ئەو سەردەمە. هەرچی شاعیریشە واتە سالم کە تەمەنێک لەوێ خوێندوویە و هەروەها بۆتە موریدی شێخ، ناکرێ شیعری لەوێ نەبێت.

(١)

**بۆ عیلاجی حاڵی خەستەم وەرە ساقی بێ خوتوور**
**تاکو مەست بم بێنە بۆم جورعەیێ بادەی طەهوور**

**دەردمەند و بێقەرارم مەرحەمەت کە زود بیا**
**ئەم شەوە بێ جیلوەیەم ناوبنێ لیل الخمور(١)**

**زوڵمەتی گومڕاهی ئێستە دەست بە دیشنە حەملەوەر**
**هاتووە سنگ پارە کا و بەدڵدا بکا عبوور**

**بێتو شەرحی حاڵی خۆم بۆ (کوچک چەرمگ) بکەم**
**دەست بەجێ وا تاو دەسێنێ دەبێتە جوزئێ لە طوور(٢)**

**مەیکەدە منشەئی فەیضە، غوباری کوحلی بەصەر**
**عاریف زوو زانی لەوێ شوور دەگری دەبێ بەسوور(٣)**

**تاجیری مەی کۆیی یاری مەقصەدە نەک سیم و زەڕ**
**تاجیری وەی تۆ سەگی، بۆ قوصوور ناکەی قوصوور**

**روبە سوی میکدە اکنون برخیز (سالما)(٤)**
**تا سەراپا جیسمی تارت بێتە مەنبەعی نوور.**

(٢)

**نەیاوە دڵ بە میثلی صۆفی مەشرەب**
**تەوانایەک، گەرم کا بەزمی طەرەب**

**فەرهاد ئاسا بۆ ویصالت سەعیی کرد**
**نائومێد بوو، چی نەما غەیری تەعەب**

**ئەوەند کۆشا لە کار کەوتن پەل و پۆی**
**مەجال برا بۆ صەهبایە ببا لەب**

**سەبەب نەما بۆ وەصلت نەیخاتە گەڕ**
**ناچار بوویە شاگردی عیلمی سەبەب**

**ئێستە دەستمایەی ئومێدی هیچ نەما**
**بەغەیری چاوەڕوانی لوطفی وەهەب**

رۆژ و شەو دائیم خەفیی و ئاشکار
هەر دەکاتن لە خودا عەفو طەلەب

مەدە (سالم) بەدڵ گوێ وەسواسە چون
رۆژێ حەق بێژ، رۆژێ حەممالەی حەطەب.

(٣)

ئەمرۆکە دەستی گەردوون کەوتە چەرخش
شاهی شەترەنجی ئیقبالم دەکا کش

نەبوو رۆژێ حەلاوەتێ بە دڵ دا
گەهێ سوێر دێنێ گەه تاڵ و گەهێ ترش

دیاری ئەوە هەلاهیل وای بە حاڵم
بەسەرکشتی فەرەحدا دێتە بارش

لەژێر باری گرانی دەرد و رەنجدا
هاوار دەکەم دەڵێم مردم، دەڵێ چش

ئاگا دادات بە کەس (سالم) سا بیکە
پەڕی مورغی شەکیبایی بە بالش.

(٤)

دڵ پەشێواوە ئارەزووی خاکپای بیارە دەکا
ئینتیظاری یەک تەوەججوهـ لە ضیای بیارە دەکا(٥)

ئەو شەوەی ماهی درەخشان پێ دەنێتە بەدرەوە
هەر لە ڕوخساری نوور ئەفزای شەهەنشای بیارە دەکا

نەوبەهار کە دێتە نەشئە و خودنمایی سەربەسەر
ئیمتیثالی جیلوەی حەوشی خانەقای بیارە دەکا

ثورەییا وەختێ کە هەڵدێ، چون گەدا دێتە قسە
طەلەبی رەونەق لە جەمعی ئەولیای بیارە دەکا

ئاسمان هەنگامی شەو کە خۆی دەنوێنێ دەقیق
هەر لە نەجم و کەوکەب و لە ضیای بیارە دەکا(٦)

هەر کەسێ جارێ بە عەزمی زیارەتێ ڕووی تێبکا
خۆی تەسلیمی مورشیدی دلّڕوبای بیارە دەکا

(سالم) و قەلبی سەلیمی ئەو دەمە شادە کەوا
روو لە رەوضەی پڕ لە نووری بارەگای بیارە دەکا.

(٥)

گیان بە فیدات بادی صەبا وادەی موناجات
شەکوای حاڵم بەرە بۆ خزمەت پیری خەرابات

پێی بێژە بە ئەفسوونی ریاکاری بەد ئەطوار
نەیکێشێ لەبن نەستەرەنی رەبط و عیلاقات

بازیی نەکا بە ڕوخی فیتنە و فەرزینی بەلییە
باشاهی فەرەح و عیززەتم بێهوودە نەبێ مات(٧)

هەر ئاشووب گەڕێ هات و لەلای کردی زەمی من
لێی نەگەڕێ، بیکا بە سەگ ئەو بەکەرامات

هیند ئاشوفتە بووە (سالم)ی غەمدیدە، بەهیچ جۆر
نەیماوە کەمێ حەوصەلەیی نەظمی عیبارات.

(٦)

بێتو یەک دەفعە بەعیشوە دڵبەرم لاکاتەوە
جورمی جورمم چی هەبێ سەرپاکی دەشواتەوە(٨)

ئەبروانی ڕەهنموونی مەعریفەی شق القمر
دەهانی لەکانی فەیض ئابی عیشق دەخواتەوە

سیلسیلە مووی بان جەبینی خەطی شوعاعی یەقین
سەد گرەو لە ڕشتە میشکی ئاهووی چین دەباتەوە

کێ بە میهمانی ببێ مەستی بادەی خۆی دەکات
بەخ کە مەینۆشان فرەن بە دەوری ئەو زاتەوە

ئەو میثلی قطب العرفاء لە دەرباری تەکیەکەی
صەف گیراوە بۆ زییارەت بە مەلا و ساداتەوە

سا بفەرموو لوطفێکیش بەم موریدەی خۆت بکە
چونکە ڕۆح بەندە بە جیلوەی نێرگسی شەهلاتەوە

وەها گیرۆدەم بەتابی طەلعەتی شەمسی ڕوخت
گیانی پێچاوم بە بەرزیی قامەتی زیباتەوە

**خامە چۆن بکا بەیانی قامەتت؟ هیند نازکە**
**سەرو شەرمەزار دەکات و شمشاد چەم دەکاتەوە(٩)**

**قورصی خۆر هەنگامێ ئاسمان بەخۆی دەگرێ هەر بە ئەو**
**شەبنمە دەچێت بە صەفحەی ترنجی گۆناتەوە**

**دارووی سەد دەردی دەروون و کوحلی چاوی ئێمەیە**
**ئەو غوبارەی هەڵدەنیشێ بەچمکی عاباتەوە**

**باسی حوسنت موشکیلە بۆ منی ئاشوفتەحاڵ**
**زۆر گرانە بەو هەموو سیڕ و ڕموززاتەوە**

**سا بکە خەتمی کەلامت (سالما) بۆت ناکرێ**
**وەصفی حوسنی شێخ بخەیتە قاڵبی غەزەلیاتەوە.**

**(٧)**

**قامەتی ڕەعنات عەزیزم لەسەروی جوێبار دەکا**
**پێچی کاکۆڵی عەبیریت غەمی دڵ ئیظهار دەکا**

**شەکەر ئەفشانیی لەبت جانا هەنگامی سوخەن**
**زەخمی کۆنە و نوێی دەروونی عاشقت تیمار دەکا**

**بای شەماڵ بۆتە بەرید و عەنبەری ئەلفاظی تۆ**
**وەک هەدییە لەم دیارە پەخش و ئینتیشار دەکا**

**بەرەزای تازە شکوفتەی خەطی دەوری لێوەکەت**
**ڕۆژێ سەد جار مەسخەرە بە سەبزەی بەهار دەکا**

**ڕیشاڵی مێژەرەکەت شۆڕی سەر لاجانگی گوڵ**
**گاڵتە بە عیشوە و کریشمەی صەحنی لالەزار دەکا**

**نەجمی ئیقباڵت بڵندە و پڕ ضیایە چون سیراج**
**سالیکی ڕاهت گەواهە ئەم حەقە ئیقرار دەکا(١٠)**

**کوفر نابێ گەر بڵێم بیارە بۆتە مەیکەدە**
**(سالم)ی صائیم لەوێ بە شەراب ئیفطار دەکا**

**(٨)**

**نامەکەت سەرشاری حیکمەت هیچێ هاوشانی نیە**
**چون مەلەک هاتوویە گۆ، قەولی ئینسانی نیە**

**زۆر ظەریف تەفسیری نوکتەی قەلبی زارت کردووە**
**قەت ئەوەندە شێخی شیراز بەیانی جوانی نیە(١١)**
**بەو عیباراتە بەلیغە دوڕ ئەفشانت کردووم**
**ئاسمان وەک هەوری لوطفت تاوی بارانی نیە**

**کەلامت گەوهەری یەکتا، کەمەربەندی سالیکان**
**درەخشی مەعنا ئاراییت ئەبەد پایانی نیە**

**نەظمی مەوزوونت شیفایە دای بیارێنە لەسەر**
**دەردی (سالم) جوز بەوە داو و دەرمانی نیە.**

(١) زودبیا= زوو وەرە. لیل الخمور= شەوی مەست بوون.
(٢) کوچک چەرمگ= ناوی چیا و گوندێکە لە باکووری شاری سنە.
(٣) شوور= هەڵچوونی دەروونی. سوور= شایی
(٤) رو بە سوی میکدە اکنون برخیز= بەرەولای مەیخانە ئێستە هەڵسە.
(٥) ضیاء= ضیاءالدین نازناوی سۆفیبیانەی شێخ عومەری بیارەیە.
(٦) نەجم= مەبەست شێخ نەجمەدینی کوڕی (شێخ ضیاءالدین)ە. (کەوکەب) نازناوی شێخ محەمەدی کوڕی شێخ نەجمەدینە.
(٧) ڕوخ= قەڵای شەترەنج. فەرزین= وەزیری شەترەنج.
(٨) جورمی جورم= ژەنگی تاوان.
(٩) چەم دەکاتەوە= لاری دەکاتەوە، دەینوشتێنێتەوە.
(١٠) نەجم و ضیاء لە خاڵی (٥) و (٦) دا باس کران. (سیراج)یش مەبەست شێخ سیراجەدینی باوکی شێخانی هەورامانە.
(١١) شێخی شیراز= مەبەست یا شێخی سەعدی یا حافزی شیرازییە.

# پێوەندی ڕەخنەی دەروونی به دەق و داهێنانی ئەدەبی

د. عادل گەرمیانی
(زانکۆی بەغدا - کۆلێجی زمان - بەشی کوردی)

ڕەهەند و بابەتی دەروونی خاوەن ڕابردوویەکی دێرینە لە ڕەوتی مێژوویی مەعریفەتدا. بۆ نموونە فەیلەسووفەکانی یۆنانی کۆن لەنێو بۆچوونە ڕەخنەییەکانیاندا، هەندێ جار ئاوڕیان لە باری دەروونیی خاوەن دەقە ئەدەبییەکان و ئەنجامی کاریگەری دەروونیی بەرهەمەکانیان لە ناخەوەی هەست و نەستی پەیاموەرگرەکانیان داوەتەوە.

هەموو بەرهەمێکی ئەدەبی، کەم یا زۆر، خاوەن ڕەهەندێکی دەروونییە بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ یا ناڕاستەوخۆ باری دەروونیی خاوەن بەرهەمەکە لە ئانوساتی نووسینی دەقەکەیدا دەخاتەڕوو. ئەم جۆرە بۆچوونە نابێتە لەمپەرێک لەبەردەم جیاکردنەوەی ئەدەبی دەروونی لە جۆرەکانی دیکەی ئەدەبدا، کەوا بەپێی پەیام و بابەت و ڕەگەز لەیەکتر جیا دەبنەوە. سیگمۆند فرۆید لەو بڕوایەدا بوو کەوا «ئەدەب دەربڕینێکی شاراوەیە بۆ ئەو ئارەزووە کپکراوانەی لەوە پێش بواری دەربڕین و تێرکردنیان بۆ هەڵنەکەوتووە» (١).

دەروونناسی وەک زاراوەیەک لەلایەن دەروونناسی ئەمەریکایی ولیەم جیمس لەساڵی (١٨٩٨) لە نێو کتێبەکەیدا (شەنگستەکانی دەروونناسی Principle of phy-shology) داهێنراوە و لێدوان لەبارەی دەروونناسی زیاتر لە سەرەتای سەدەی بیستەمەوە دەستی پێکردووە. هەروەها دەروونناسی وەک زانستێک پێش فرۆید هەبوونی هەبووە، بەڵام فرۆید توانی ببێتە خاوەن تیۆری دەروونشیکاری لە ڕەوتی ئەم زانستە. فرۆید وەک پزیشکێکی دەروونی نەخۆشەکانی خۆی لە لێنوارگەکەی و سروشتی ڕەهەند و بابەتی دەروونیی هەندێ بەرهەمی ئەدەبی جیهانی بەناوبانگی کردە کەرەسەی باش بۆ سەرجەم بۆچوونە دەروونییەکانی.

زاراوەی ڕەخنەی دەروونی لەلایەن ڕەخنەگری دەروونیی فەرەنسایی (شارلس مۆرۆن) داهێنراوە، ساڵی (١٩٥٠) نۆبەرەی بەرهەمەکانی بە چاپ گەیاند کەوا کتێبی (Introduction a la de Mallarme psychanalyse).

ڕەخنەی کوردی لە ڕەوتە مێژووییەکەیدا تا ئەم ڕۆژگارە ئەم جۆرە ڕەخنەیە تێیدا بە چەمکە ئەکادیمییەکەی سەری هەڵنەداوە و ئەم جۆرە ڕەخنە و لێکۆڵینەوە دەروونییە بە داخەوە نەیتوانیوە ببێتە هاوتەریبی هەبوونی هەندێ بەرهەمی ئەدەبی کوردی خاوەن ڕەهەندی دەروونی.

ئەم جۆرە ڕەخنەیە زیاتر بایەخ بە شیکردنەوەی دەروونیی نووسەری دەق و خوێنەری دەق دەدات لە پرۆسەی داهێنانی ئەدەبیدا و خودی دەقە ئەدەبییەکە دەبێتە کەرەسەی سەرەکی ڕەخنەگری دەق بۆ بە ئەنجام گەیاندنی

لێکۆڵینەوەکەی.
خودی ڕەخنەگری دەروونیی خودێکی کاریگەرە لەنێوان هەردوو جەمسەری دەق وەک پەیامنێر و پەیامەوەرگری بابەتی شەفرە (کۆد)ی دەق و بەلای ڕەخنەگری دەروونییەوە هەموو دەقێکی ئەدەبی جۆرە ڕەنگدانەوەیەکی باری دەروونیی نووسەری دەقی پێوە دیارە لە ئانوساتەکانی دارشتن و پێکەوەنانی خودی دەقەکەی، کەوا بە هۆیەوە هەوڵدەدات جۆرە ورووژاندنێک لە ناخەوەی هەستی خوێنەری دەق دروست بکات.
مەعریفەتی سایکۆلۆجی – وەک (سامی ئەلدەروبی) لە کتێبی دەروونناسی و ئەدەب ئاماژەی پێکردووە – جیاوازە لە دەرک پێکردنی ئەدەبی، چونکە دەروونناسی بە لایەوە جۆرە زانستێکە لە لایەنە گشتییەکان دەکۆڵێتەوە و زانای دەروونناسی کاری شیکردنەوە ئەنجام دەدات و ئەدگارەکانی مرۆڤ شی دەکاتەوە بۆ دۆزینەوەی ماکە هاوبەشەکان، بەڵام ئەدەب زانستێکە لە لایەنە وردەکان دەکۆڵێتەوە و لە ڕێی ڕەگەز و جۆرەکانی دەقی ئەدەبییەوە بەم کارە هەڵدەستێت.
نووسەری دەق بەپێی سێگۆشەی پێکەوەنانی کەسایەتی (ئەو – ID) و (من –Ego) و (منی باڵا – Ego Super)ی نێو تیۆرەکەی فرۆیددا دەبێتە (ئەو)ی کاریگەر بەسەر نەستی (من)ی خوێنەری دەق بۆ گەیاندنم بە (منی باڵا) کەوا جۆرە خەون و ئومێدێکە بە لای منی خوێنەری دەق لە ڕێی چێژی دەق یا خۆشی دەق دێتە دی و بە پەرۆشەوە هەوڵدەدەم بگەمە ئەو پلەوپایە. (ئەو)ی کاریگەر بەسەر نەستی (من)ی خوێنەرەوە دەمگەیەنێتە لووتکەی (منی باڵا) ئەگەر (ئەو)ی نووسەری دەق سەرکەوتوو بوو لە پرۆسەی داهێنانەکەی و خستنە ڕووی ئەو کێشە دەروونییە (من)ی خوێنەری دەق بە دەستییەوە دەتلێمەوە یا خودی کەسێتی خۆمی تێدا دەبینمەوە. ئەم جۆرە شیکردنەوە دەروونییە بۆ دەقە ئەدەبییەکان بە سوود وەرگرتن لە تیۆری پێکەوەنانی کەسایەتی مرۆڤ لای فرۆید دەبێتە مایەی بەخشینی جۆرە بەهایەکی پیرۆز بە (من)ی خوێنەری دەق و لە هەمان کاتدا دەتوانێ ببێتە مایەی تۆمارکردنی جۆرە نەمرییەک بە دەقی دەروونی لە پرۆسەی داهێنانی ئەدەبیدا.
لە بواری شیکردنەوەی دەروونیی دەقە ئەدەبییەکاندا چەند تیۆر و بۆچوونی دەروونی هەیە بەناوبانگترینیان تیۆری سیگمۆند فرۆیدە، کەوا پزیشکێکی دەروونیی نەمساوی بوو سوودی لە شانۆنامەی (ئۆدیب پاشا / ٤٠٥پ٠ز)ی سۆفۆکلیسی شانۆنامەنووسی یۆنانی کۆن بینیوە بۆ باسکردنی گرێی باوکسالاری. هەروەها سوودی لە شانۆنامەی (هاملێت)ی شکسپیر بینیوە بۆ جیاکردنەوەی نەخۆشی دەمار لە ورێنە. هەروەها چیرۆکی (گرادیڤا / ١٩٠٣)ی یانسنی چیرۆکنووسی ئەڵمانی کردە بەڵگەیەک بۆ تیۆری لێکدانەوەی خەوننامەکەی و پێوەندی بە ئەدەبەوە، هەروەها سوودی لە ڕۆمانی (برایانی کارامازۆف)ی تیۆدۆر دیستۆیفسکی وەرگرت بۆ باسکردنی تاوانی باوک کوشتن. هەروەها سوودی لە تابلۆی مۆنالیزای لیۆنارد دافنشی بینیوە بۆ باسکردنی لایەنی کاریگەریی سەپاندنی خۆشەویستی دایک بە سەر داهێنانی ئەم هونەرمەندە بەناوبانگەی هونەری شیکاریی ئیتاڵی.
بەلای فرۆیدەوە بابەتی سەرەکی هەر سێ شانۆنامەی (ئۆدیب پاشا)ی سۆفۆکلیس و شانۆنامەی (هاملێت)ی شکسپیر و ڕۆمانی (برایانی کارامازۆف)ی دیستۆیفسکی لەبارەی تاوانی کوشتنی باوکە و ئەم جۆرە تاوانە لە کورتە ڕۆمانی (حەسار و سەگەکانی باوکم)ی شێرزاد حەسەن وەبەر چاو دەکەوێ پاش پەرەسەندنی ڕق و کینەی پاڵەوان بەرانبەر بێ سنووری دەسەڵاتی باوکی و ئەم جۆرە حەز لێنەکردنە لە باوکسالاری لە نێو ئەم چیرۆکەی (من و قالە و سەگەکەی پاڤلۆڤ) و هەندێ چیرۆکی دیکەی ئەم چیرۆکنووسە بەدی دەکرێ.
فرۆید بەهای هەر سێ گۆشەی نەستی تاکە کەسی و خەون و شەهوەتبازی (لبیدۆ– Libido )ی کردە چوارچێوەیەک بۆ تیۆرەکەی لە بواری دەروون شیکاریدا. هەردوو لایەنی خەون و شەهوەتبازی بە لای فرۆیدەوە دوو هۆکاری گرنگن بۆ کاریگەری نەستی تاکە کەسی لە ژیانی دەروونیی مرۆڤدا. هەروەها بە لای فرۆیدەوە لایەنی شەهوەتبازی زیاتر پابەندە بە سەردەمی منداڵێتی مرۆڤەوە، بەڵام لایەنی خەون بە لایەوە زیاتر ڕەنگدانەوەی خولیاکانی ژیانی ڕۆژانەی مرۆڤە، هەردوو لایەنی خەون و شەهوەتبازی لە عەمباری نەستی تاکە کەسی مرۆڤ بە خەفەکراوی کەڵەکە دەبن و نووسەری لێهاتووی دەقی دەروونی دەتوانێ چەخماخە لە هەستی ناخەوەی خوێنەری دەق هەڵبستێنێ لە ڕێی فووکردن لە پشکۆی نەستەکەی.
کارل گۆستاف یۆنگ وەک شاگردێکی فرۆید خاوەن جۆرە

بۆچوونێکی تایبەتی خۆیەتی لە بواری دەروونناسیدا، جەختی لەسەر چەشنە ڕەسەنەکانی مەعریفەت و ئەدەبی دەکرد، کەوا لە نەستی مرۆڤدا کۆدەبنەوە. هەروەها بەلایەوە نەستی کۆمەکی کاریگەرترە لە پێکەوەنانی کەسایەتی دەروونیی مرۆڤ و ئەم کەسایەتییە لە ژێر کۆنترۆڵی پابەندی بە هەندێ دابونەریتی کۆمەڵایەتی و باوەڕکردن بە هەندێ نموونەی کەڵچەری کۆنی نێو ئەفسانە و سەرگوزەشتە کۆنەکان ئەو جۆرە نەستە کۆمەکییە لای دروست دەبێت و دەبێتە هاندەرێک بۆ هەندێ ڕەوشت و ڕەفتار لە ژیانی ڕۆژانی ئێستادا.
یۆنگ بە پێچەوانەی فرۆیدی مامۆستایەوە زیاتر بایەخ بە نەستی کۆمەکی دەدا، ئەم جۆرە نەستە لە ئەنجامی گەلاڵە بوونی لە یادەوەری مرۆڤدا دەبێتە مایەی ئەوەی ڕۆڵی خۆی ببینێ لە هەستی ناخەوەی ژیانی دەروونیی ئەو مرۆڤە. یۆنگ بۆ پشتگیری لایەنی نەستی کۆمەکی تیۆرەکەی گریمانی ئەوە دەکات کەوا مادامێکی پێکهاتی ئێستای ئەندامەکانی مرۆڤی هاوچەرخ بە هەندێ قۆناغی پەرەسەندن تێپەڕیوە، بۆیە بۆمان هەیە گریمانی ئەوە بکەین خودی مرۆڤایەتیش کەوتووەتە ژێر یاسای پەیدابوونی نەوەکان و پەرەسەندنیان. ئەوەی هانیشی دەدا بۆ ئەم گریمانەیە هەندێ پێکهاتەی دەروونی خاوەن خەسڵەتی ئاستە سەرەتاییەکان لە پەرەسەندنی دەروونی دەکەوێتە سەرەوە لە ئانوساتەکانی پاشەکشێی هەست وەک لە خەون و لە هۆشچوون و حاڵەتەکانی شێتی بەدی دەکرێن.

بە لای یۆنگەوە - وەک لە لاپەڕەکانی ٢٠٨-٢٢٣ی کتێبەکەیدا «دەروونناسی و ئەدەب» ئاماژەی پێکردووە - دوو جۆرە داهێنانی ئەدەبی هەیە: یەکەمیان ئەدەبی سایکۆلۆجییە پشت بە دەروونناسی نابەستێت و زیاتر بە ئەرکی وێنەگرتنی خودی مرۆڤ هەڵدەستێ لە حاڵەتەکانی ناخۆشی چێژتن و هەڵچوونە دەروونییەکانی و ئارەزوو لێکردنەکانی.. تاد، دووەمیان ئەدەبی خەونە و مەبەستی جۆرەکانی دیکەی ئەدەبی هونەرییە.
مرۆڤی هونەرمەند بەلای یۆنگەوە گیانلەبەرێکی پیرۆزە، بە لایەوە چەشنە سەرەتاییەکانی مەعریفەت بەهای تایبەتی خۆیان هەیە لە پێکەوەنانی نەستی کۆمەکی مرۆڤی هاوچەرخ. ئەمجۆرە بۆچوونە دەروونییەی یۆنگ دەبێتە بەڵگە و هاوتەریبی ئەو بۆچوونە ڕەخنەییانە کەوا هەردوو هونەری چیرۆک و ڕۆمان سوودێکی زۆریان بینیوە لە حیکایەتە فۆلکلۆرییەکان و سەرگوزشتە میللییەکان، کەوا بە پێی بۆچوونی یۆنگ هەندێکیان بە نەمری لە یادەوەری و نەستی نووسەری دەق دەمێننەوە، دەتوانین ڕۆمانی (هەڵکشان بەرەو لووتکە)ی عەبدوڵلا سەراجی ڕۆماننووس بکەینە باشترین بەڵگە بۆ جۆری نەستی ئەم ڕۆماننووسە لە ئانوساتەکانی نووسین و دارشتنی ڕووداوەکانی نێو دەقی ئەم ڕۆمانە و کەم و زۆر ئەم جۆرە دیاردەیە لە نێو ڕۆمانەکانی عەزیزی مەلا ڕەشیش بەدی دەکرێت و نموونەی لەم جۆرە لە چەندین دەقی ئەدەبی جیهانیدا بەدی دەکرێت.
تیۆرێکی دیکە هەیە لە بواری دەروونناسیدا ئەویش تیۆرەکەی پاڤلۆڤە، کەوا پشت بە پەرچە کرداری مەرجی دەبەستێت و لە پێناو دروستکردنی خودێکی تازە بۆ مرۆڤی هاوچەرخ لە ڕێی هەندێ تاقیکردنەوەی دەروونی و ڕاهێنانەوە هەوڵی دەدا. ئەوەی جێی سەرنجە تیۆرەکەی پاڤلۆڤ لە بواری دەقە ئەدەبییەکاندا زۆر ڕەنگی نەداوەتەوە، چونکە ئەم تیۆرە زیاتر لە هەندێ بواری کاری سەربازی و پرۆسەی ئاسایشکاری و مێشک شۆریندا بەکار هێنراوە بەسەر دیلەکانی جەنگ و زیندانە جێی مەترسییەکانی ڕژێمی ولات بە مەبەستی شۆردنەوەی مێشکی مرۆڤی دیل وەک تابلۆیەکی تەڵخ و نەگونجاو لەگەڵ سروشتی بیروبۆچوونی ئەو گرووپەی بەم جۆرە کارە دەروونییە هەڵدەستن، هەروەها بە مەبەستی سڕینەوەی خودی کۆنی بەرهەڵست و دروستکردنی خودێکی تازەی گوێڕایەڵ بۆ بنەما و شەنگستە باوەکانی ڕژێمەکە.
تیۆرێکی دیکەی دەروونناسی هەیە جەخت دەکاتە سەر گرێی هەڵکشان بەرەو سەرەوە، بەلای ئەلفرێد ئەدلەری خاوەن ئەم تیۆرە مرۆڤ حەز لە مانەوە لەنێو یەک قالب ناکات، بەڵکو مەیلی خۆپێگەیاندنی هەیە بە پلەوپایەی کارتێکەری خۆی، بۆیە لە ڕێی چاولێکەری بێت یا لاساییکردنەوە بێت حەز دەکات بەسەر هەستی خۆ بە کەم زانین لە چاو کەسانی دیکە سەربکەوێت تا دەگات بە منی بالای خۆی، بەمەش دەردەکەوێت ئەدلەر وەک شاگردێکی فرۆید سووکە دەسکارییەکی تیۆرەکەی فرۆیدی مامۆستای کردووە لە ڕێی خستنە ڕووی چۆنێتی ڕاستکردنەوەی خودی مرۆڤ و هەنگاونان بەرەو خودی نموونەی دیکەی بالا.

ئەم جۆرە بۆچوونەی ئەدلەر زیاتر لە هەردوو دلیڤەی چاولێکەری و لاساییکردنەوەی ئەدەبیی دەکەوێتە بەرچاو هەرچەندە گرێی هەڵکشان بەرەو خودی نموونەی بالا زیاتر

لە بواری چاولێکەریی ئەدەبی بە زەقی دەرکی پێدەکەین، چونکە خودی نووسەری چاولێکەر لە ژێر سێبەری خودی نووسەری چاولێکراو دەجووڵێتەوە بە مەبەستی خۆنواندنی ئەدەبی، بەڵام ئەم جۆرە گرێیە لە بواری لاساییکردنەوەی ئەدەبی کەمتر و ناڕاستەوخۆ هەبوونی دەبێ، چونکە زۆر جار ئەم جۆرە کارە بە ئەنقەست نییە لەلایەن نووسەری لاساییکەرەوە، هەروەها بە حوکمی ئەوەی نووسەری لاساییکەرەوە زۆر جار نەکەوتووەتە ژێر کاریگەری نووسەری لاساییکراو و ڕاستی ئەم دوو لایەنە زیاتر لەلایەن ڕەخنەگری بەراوردەوە دەخرێتە ڕوو لە کاتی لێدوانی لەمەڕ ئاستی لێکچوونی داهێنانی ئەدەبی هەردوو نووسەر لە پرۆسەی لاساییکردنەوەکە.

هەروەها جاک لاکان وەک زانایەکی دیکەی بواری دەروونناسی ڕۆڵی خۆی بینیوە لە پیادەکردنی هەندێ شەنگستەی دەروونی بەسەر زمانی دەقە ئەدەبییەکان و بەلایەوە «زمانی بونیادی هەموو بەرهەمێکی ئەدەبی خاوەن کەسایەتی خۆیەتی».

بە شێوەیەکی گشتی لایەنی بایەخدان بە دەروونناسی بابەتێکی تازە نییە، چونکە لە فەلسەفەی گریکی کۆندا بایەخ دراوە بە لایەنی پاکسازی دەروونی لە ڕێی هەندێ دەقی ئەدەبییەوە و بە حوکمی ئەوەی بەرهەمی شانۆیی باوترین دەقی ئەدەبی بوو، هەروەها بە لایانەوە بابەتی مەرگەسات کاریگەرتر و سوودبەخشتر بوو بۆ گەیشتن بە حاڵەتی پاکسازی لە دەروونی بینەری شانۆ وەک پەیاموەرگرێک، چونکە بابەتی مەرگەسات بە لایانەوە لە ڕێی وروژاندنی وشیاری پەیامەوەرگر و هەستی ناخەوەی دەروونی دەتوانێ بە پرۆسەی پاکسازی هەڵبستێت تا لە هەندێ ڕەفتاری خراپ دەست هەڵبگرێت.

ئەم جۆرە بایەخدانە بە لایەنی دەروونناسی لە دوای جەنگی یەکەمی جیهانی پەرەی سەند دوای سەرهەڵدانی قوتابخانەی فرۆید لە بواری دەروونشیکاریدا. لێرەدا پێویستە جەخت لەسەر لایەنی سوود وەرگرتنی فرۆید لە هەردوو بواری دەقی ئەدەبی و نەخۆشەکانی لە کاتی سەردانی لێنوارگە (عیادە)کەی بکەین، بەڵام شاگردەکانی شێوە و ڕێگای دیکەیان گرتەبەر بۆ سەلماندنی بۆچوونە دەروونییەکانیان.

ئەگەر پرسیارێ لە خۆمان بکەین: ئایا جیاوازی هەیە لە نێوان جۆری وشیاری نووسەرانی خاوەن دەقە ئەدەبییە دەروونییەکانی پێش و پاش سەرهەڵدانی قوتابخانەی دەروونشیکاری؟ لە وەڵامدا دەکرێ بڵێین بەڵێ تا ڕادەیەک جیاوازی هەیە لە نێوان جۆری وشیارییان بە حوکمی ئەوەی نووسەرانی پاش سەرهەڵدانی قوتابخانەی دەروونشیکاری بە جۆرە وشیارییەکی دەروونی دەقەکانیان دەنووسن و خاوەن جۆرە شارەزاییەکی باشتر بوون لە نووسەرانی پێش سەرهەڵدانی قوتابخانەی دەروونشیکاری کەوا بە جۆرە هەستێکی دەروونی دەقەکانیان دەنووسی، هەرچەندە سامی ئەلدەروبی بە (نەخێر) وەڵامی ئەم جۆرە پرسیارە دەداتەوە و لە لاپەڕە (١٢٠)ی کتێبەکەیدا (علم النفس والادب - دەروونناسی و ئەدەب) لەو باوەڕەدایە: «مەرجی یەکەم بۆ داهێنانی ئەدەبی هەبوونی چاوساغیی (البصيرة) ئەدەبییە کەوا هێور دەبێتەوە لای هەموو تاکێک و لە پێناوی پێویستی بە فەرامۆشکردنی زانستە، کە بە زانستی گشتییەکان دادەنرێت». هەروەها بە لایەوە «مەعریفەی زانستی نابێتە مایەی لەدایکبوونی چاوساغیی ئەدەبی»، بەڵکو «ئەم چاوساغییە توانای ئەدیبە بەسەر ژیان بەسەربردنی لەگەڵ پاڵەوانەکانی لە ژیانیاندا و هاوسۆزیان بێت». ئەم جۆرە چاوساغییە ئەدەبییە و توانای ژیان بەسەربردن لەگەڵ پاڵەوانی دەقدا و هاوسۆزی خەمی بە جوانی لەنێو دەقی چیرۆکی درێژی «من و قالە و سەگەکەی پاڤلۆڤ»ی شێرزاد حەسەن بەدی دەکەین هەرچەندە ئەم چیرۆکنووسە خاوەن شارەزاییەکی باشە لە بواری تیۆرەکانی دەروونناسیدا و بە جوانی توانیویەتی چەندین شەنگستەی هەردوو تیۆری فرۆید و پاڤلۆڤ لەنێو ئەم دەقە بەکاربهێنێ بۆ خستنە ڕووی کێشەو باری دەروونی قالەی پاڵەوانی ئەم چیرۆکە درێژە.

**سەرچاوە:**

١- سامي الدروبي - علم النفس والادب (معرفة الإنسان بين بحوث علم النفس وبصيرة الاديب والفنان)، منشورات جماعة علم النفس التكاملي، مطابع دار المعارف، مصر، ١٩٧١

٢- دۆسیەی دەروونناسی لە گۆڤاری سەردەم، ژ/ ٢، حوزەیرانی ٢٠٠٠

**(فەرهەنگۆک)**

ڕەهەندی دەروونی= البعد النفسي
شەنگستەكانی دەروونناسی= مبادىء علم النفس
تیۆری دەروونشیكاری= نظرية التحليل النفسي
لێنوارگەی دەروونی = عيادة نفسية
پەرچەكرداری مەرجی = الاستجابة الشرطية

نەستی تاكە كەسی = اللاشعور الشخصي
نەستی كۆمەكی= اللاشعور الجمعي
دژە ئاستڕۆ= الاتجاة المعاكس
هەست، هۆشیاری، هزر= الاحساس، الشعور، الوعي
زەپۆشی دەروونی= الجو النفسي
دووپات = تاكيد
شێوازی بەدوا هاتنی دەروونیی سەربەست = اسلوب التداعي النفسي الحر
بواری دەروونناسی= المجال النفسي
زەینی دەروونی= الذهن النفسي
كاریگەری باش= التاثير الايجابي
خەیاڵبردنەوە= الوهم
مێشك شۆرین= غسل الدماغ
بەتاڵكردنی سۆز = التفريغ العاطفي
بارگەی سێكسی= شحنة جنسية
چەپاندنی كەسایەتی = كبت الشخصية
وزەی ئیرۆسی= طاقة حب الحياة
خۆدواندن = المنلوج، الحوار الداخلي
كێشەی دەروونی= مشكلة نفسية
چیرۆكی دەروونی= القصة النفسية
چیرۆكی بەدواهاتن = القصة الانسيابية
چیرۆكی شەپۆلی هۆش= قصة تيار الوعي
چیرۆكی خۆدواندنی ناوخۆیی كپ= قصة الحوار الداخلي الصامت
چیرۆكی دەروونشیكاری نوێ= قصة التحليل النفسي الحديثة
ڕەخنەی دەروونی= النقد النفسي
ئەدەبی دەروونی= الادب النفسي
شێوازی دەروونی= الاسلوب النفسي

# یاخیبوون ژ هندەک دیاردێن جڤاکی - سیاسی د سەربۆرا کۆمەک هوزانڤانێن دەڤەرێ دا

ئەمین عەبدولقادر
(دهۆک)

(١ - ٢)

**پێشەکی**

هوزان ئالاڤێ دەربرینا واتایێن ژیانێ یە، خـودیکا رەنگڤەدانا بارودۆخێن جڤاکێ یە، ژ مرۆڤی پەیدابوویە، بمرۆڤی و بۆ مرۆڤی کاردکەت. ئەڤ تێگەهە لدەڤ هەر هوزانڤانەکی هەبیت، دێ بێژنێ هوزانڤانێ خودان پەیام، مەرەم ژ پەیامداریا هوزانڤانی ئەوە «هوزانڤان دڤێت ب هزر و هەست و هونەرێ خۆ بەشداریێ دکێشێن گەلێ خۆدا بێن نیشتمانی و مرۆڤایەتی بکەت. هەروەسا دوان ئێش و ئازارێن دگەهنێ و ئەو هیڤی و ئومێدێن ئاڤا دکەن دا بەشدار بیت» (١). وەک یادیار بەهرا پتریا هوزانڤانێن مە پەیامدارن و مل ب ملێ جڤاکی ڤە ژێهەل و ژۆردا دبەزن، لەوما دێ کۆمەک هوزانڤانێن نویخواز وەرگرین و دگوشەنیگایێ یاخیبوونا ژ هندەک دیاردێن جڤاکی - سیاسی ڤەکۆلین.

مەرەم ژڤێ ڤەکۆلینێ ئەوە بزانین رادێ هشیاری و نەهشیاریا هوزانڤانی چەندە بەرامبەر رویدانێن بسەر مللەتی ویدا دهێن ژ لایەکیڤە، ژ لایەکێ دیڤەدا ژ بۆ جەماوەر و خویندەڤانێ هوزانێ دیار بکەین، کو هەر هەلویستەکی خرابێ بسەرێ جڤاکی و چینا گشتیا مللەتی بهێت، ئەگەر ئەو لدەوروبەرێن هوزانڤانا خرڤەبن؛ دێ د یاخیبوونا واندا باشترین رێکا چارەسەریێ بینن. د شرۆڤەکرنا هزرێن واندا ئەگەرێن رویدانان زانن.

د ڤێ ڤەکولینێ دا مە تیشک بەردایە سەر سێ دیاردێن جڤاکی ئەوێن ژ سیاسەتێ نەهێنە ڤەقەتاندن. دیسان مە کۆمەکا هوزانڤانا وەرگرتیە، دا ئێک هەلویستی و ئێک رێزیا بیروباوەرێن هوزانڤانان بەرامبەر ئەڤان رویدانان دیار بکەین، چونکە ئەو نوینەرێن جڤاکی و چینا گشتیا مللەتینە. ئەگەر دبیت د هوزانێن ئێک هوزانڤانیدا ئەڤ ڤەکۆلینە یا زانستی تر و هویرتربا، لێ مەرەما ڤەکۆلین پێ هاتیە نڤیسین بدروستی نە دگەهاند. لدویماهیێ داخوازا لێبوورینێ ژوان هوزانڤانان دکەم ئەوێن هزرێن وان هاتینە شرۆڤەکرن لدۆر ڤێ بابەتی، کو ئەگەرێ سەرەکی گەلەک درێژبوونا بابەتیە.

**یاخیبوون**

**أ- ژ لایێ زمانی ڤە:**

یاخیبوون چەندین واتا دگەهینیت، کو بەهرا پتر لدۆر ئێک چەمک دزڤرن،

-یاخیبوون ئەوا بزمانێ ئنگلیزی د بێژنێ (Revolt)، کو بەرامبەر ڤێ زاراڤی د فەرهەنگا (سەلاحەدین)دا ئەڤ واتایە هەنە.

Revolt: راپەرین، شۆرش، بزاڤ. سەرهەلدان «(Rebellion) د فەرهەنگا (ئۆکسفۆر)دا دیسان

بەرامبەر پەیڤا یاخیبوون هاتیە.

- بزمانێ عەرەبی بەرامبەر پەیڤا یاخیبوون (Revolt) پەیڤا (التمرد) دهێتە بکارئینان. هەروەکی د فەرهەنگا (کەمالنامە)دا بڤی رەنگی هاتی:

تمـرد: Revolt، سەرپێچی، یاخی گەری، لێ هەڵگەڕانەوە.

- بزمانێ کوردی یاخیبوون لهەمبەر ڤان پەیڤان دهێت د عەرەبی دا، هەروەکی فەرهەنگا (ئەستێرە گەشە) خویا کری:

یاخی بوون: تمرد، عصیان، خروج علی القانون، ثورة.

د زمانێ کوردیدا بەرامبەر پەیڤێن (یاخی و یاخێتی) ئەڤ هەڤواتاییێن ل خوارێ دهێن، هەروەکی د فەرهەنگا (کوردستان)دا هاتین:

یاخی: پەت پساندن، بارنەبردن، ئازادی خوازتن، سەرکێشی، بەزاج لامۆخەک.

یاخێتی: هەڵگەڕانەوە، زیت بوونەوە، قاچاخی.

کەواتە هەمی پەیڤ و وشەیێن بەرامبەر یاخیبوونا کوردی و Revolt یا ئنگلیزی و تمرد یا عەرەبی نێزیکی هەڤن و واتایەکا سەرەکی هەلدگرن.

### ب- ژ لایێ زاراڤی ڤە:

یاخیبوون (Rebellion، التمرد) و پەرتووکا (موسوعة السیاسیة)دا بڤی رەنگی هاتیە:

یا سیاسی رەدکرن و بەرگری کرنا دەسەلاتێ یە، و گەلەک شێوە و جۆر هەنە، ژوانا یاخیبوونا (ذهنی) و مەعنەوی یا هەی، واتە رەدکرنا بنەمایێن پەیوەندی و گوتارێن هزری یێن سیستەمی دەسەلاتدار، و داخوازکرنا گوهورینا وی.

یاخیبوونا جڤاکی: وەک رەدکرنا داب و نەریتێن لکار و دەرکەفتن و نەماناوان.

زاراڤێ یاخیبوون د ئەدەبیاتێن سیاسی و مێژوویی دا ب واتا شۆڕشگێڕیێ دهێتە بکارئینان بمەرەما گوهورینا سیستەمی، یان ژی ب مەرەما ژێڤەبوون و جۆدابوونێ.

زاراڤێ یاخیبوون بواتا خویا ئیسلامکی یا رەدکری: «بریتیە ژ دەرکەفتنا ل سەر دەسەلاتێ و بها و یاسا و بیروباوەرا و تیتالێن ساخلەم، یان دەرکەتن لسەر وی تشتێ دڤێد مرۆڤ پێگیریێ پێ بکەت».*

### چەمک و پێناسێن یاخیبوونێ

دگەل گوتنا پەیڤا یاخیبوون وێنەکێ نەگەتیڤ لدەڤ گوهداری پەیدا دکەت، کو هەردەم لدەڤ گوهداری واتا (عصیان) و رەدکرنا نەگەتیڤ دگەهینیت. لێ یاخیبوون نەبتنێ رەدکرنە یان نەگوهداریکرنا مروڤ (یان خەلکی) دروست دکەت و ددانیت. بەلکو هندەک دانان (یان یاسا و باوەڕ و هێـزێن نەیێن دروست هەنە، فەرە رەدا وان بهێتە کرن و یاخیبوون لسەر بهێتە کرن.

ئەو یاخیبوونا هەستپێ دهێتە کرن لسەر فەراتیا گۆڕینا دۆرهێلەکی، بەرەڤ دوو رەوتانڤە دچیت:

ئێک: رەوتەکێ نەگەتیڤێ زیانبەخشێ خراپکارە.

دوو: رەوتەکێ پۆزەتیڤە، گوهورینا دکەت و هەولددەت د پێشکەفتنا جڤاکی دا، پشتەڤانیکرنا بەرژەوەندیێن جڤاکی دکەت.

واتە یاخیبوون د دوو رەوتاندا دەردکەڤیت، یاخیبوونا نەگەتیڤ و پۆزەتیڤ.

- یا نەگەتیڤ ژ ئەنجامێ نەگەتیڤیا وی کەسی یاخی یە بەرامبەر جڤاکی.

- یا پۆزەتیڤ ژ ئەنجامێ نەگەتیڤیا جڤاکیە بەرامبەر مافێن ڤی کەسی.

یاخیبوونا تایبەت بهوزانێ ژی ڤە، واتە هوزانا یاخیبوونێ بڤی رەنگی دهێتە پێناسەکرن، «هندیکە هوزانا یاخیبوونێ یە یا ئاشکرایە، یا سەختە (ڕەقە)، ب وێنا دهێتە ئاڤاکرن، بەرەڤ ئالوزی و مژەوییا رەها (مطلق) ناچیت، شیانێن ئەفسانە و شانۆگەری و هێمایان و ئاڤاکرنا فەلسەفی و مسیۆلۆجی دناڤ خۆدا پەیدا دکەت و وەردگریت» (٢) هەر چ پێناسە و چەوانیا هوزانا یاخی دا، هوزانڤان (تەحسین ناڤشکی) بڤی رەنگی دیار دکەت «تورەڤانێ نویخواز گەڤالێن بابەتێن خوە مژەوی ب چەڤەنگا (رەمزا) د ئینتە دەرێ و ئاڤا دکەت، د پشت مژومورانا ڤان وێنێن مژەویرا، چارەسەریا کێم و کاسی و شاشیێن ژیواری دکەت، دەمێ دبینیت نەشێت ڤێ چارەکرنێ ب دەستەلاتا خوە بکەت» (٣) ئەڤ هوزانە یا ژ جوانکاری و ئیستاتیکایی دویرنینە بەلکو «هوزانا یاخیبوونی دهێتە نیاسین بگەوهەرێ ئایدولۆجی- ئیستاتیکی؛ یێ هونەریێ ژ هەژی، کو ئەڤە دکەڤیتە د کولومتێ هوزانێ و هوزان هونینێ دا، ئەڤ هوزانە هوزانا وژدانا جڤاکیە، یان بابەتێ وێ وژدانیە، دهێتە چەسپکرن دناڤبەرا وژدانیا خودی و وژدانیا بابەتی دا، دناڤبەرا ئەزو یێ دی دا، دناڤبەرا تایبەت و گشتی دا». (٤) نڤێسەر هەمی شیان و هەستیاریا خو تەرخان دکەت د هویربوونا د هونەری دا، هەر ژڤێ چەندی ئەو بوچوون هاتیە ئەوا دبێژیت (نڤێسەر د هونەری ئەدەبی دا تشتێ ژ هەمیان جوانتر پێشکێش دکەت)(٥). واتە

یاخیبوونا ئەدەبی نەرازیبوونا ژ تشتەکی یە کو بکریار دهێتە دەربڕین، ژ چارچوڤێ قالبێن هونەرییێن جوان هزراوێ دهیتە وەرگرتن و تێکەلی هەلچوونێن دەروونی دبیت.

### هۆکارێن سەرەکییێن یاخیبوونا ئەدەبی

یاخیبوون گەلەک بیاڤان ڤەدگریت، مینا یاخیبوون ژ جڤاکی و داب و نەریتێن جڤاکی، ژ دەسەلاتێ، ژ ئایینی، ژ خێزانی..هتد، لێ ب زۆری یاخیبوون و بەرهەمێن ئەدەبی دا دبیاڤێن سیاسی، جڤاکی، ئایینی دا دەردکەڤیت. گەلەک هۆکارێن جۆراوجۆر بۆ ڤێ یاخیبوونێ هەنە، ژ بلی حالەتێن هەلچوونێن دەروونی گرنگترین هۆکار ئەڤەنە:

١- دەمێ نڤێسەر یان هوزانڤان هەستا بنەگونجانی بکەت دگەل ئێک ژ بیاڤێن سیاسی، جڤاکی یان ئایینی، دێ پەنایێ بەتە بەر یاخیبوونێ.

٢- دەمێ نڤێسەر یان هوزانڤان ژ ئەنجامێ شارەزاییی و هەستیاریا خۆ هەست بگوهورینێ بکەن، د چارچوڤێ سیستەمێ سیاسی یان ئایینی دا و ئەڤ گوهورینە پەیدا نەبت، ڤێ رێکێ دگرنە بەر.

٣- ئەگەر خرخالا دورهێلی بەروڤاژی حەز و ئومێدێن نڤێسەری زڤڕی، نڤێسەر نەچار دبیت د هزر و بیروبۆچوونێن خوەدا هەڤدژیا دۆرهێلی بکەت و بوویەرێن جڤاکی رەد بکەت.

٤- دەمێ هوزانڤانی یان نڤێسەری هەست ب زۆرداریێ کر، لسەر مافێن وی، وی دەمی چەمکی بەرگری دگەل یاخیبوونا شۆڕەشگێری د بەرهەمێن وی دا ئاشکرا دبیت.

### هوزانڤان و سەربۆرا هوزانێ

مەرەم ژ سەربۆری وینێ تەواوێ دەروونی یان گەردۆنیە، ئەوی هوزانڤان دکێشیت دەمێ هزر دکارەکی ژ کاراندا دکەت، ژ کویراتیا هەستێن خۆ ڤەدگێریت (٦) (گومان) دبێژیت: هوزانڤان دەربڕینێ ژ سەربۆرا خۆ دکەت ئەوا د دەرونێ ویدا ژهەڤرکیا ناڤەکی، چ دەربڕینێ ژحالەتەکی ژ حالەتێن دەروونێ خۆ بخۆ بکەت، یان ژ هەلویستەکێ مرۆڤایەتی یێ گشتی.

مەرج نینە هوزانڤان ب رێک و پێکی سەر بۆرا خۆیا هوزانێ لێک بدەت«هندەک جارا هوزانڤان بەرەڤ بەرەلابوونا رێکخستنا لۆژیکی، یان رویدانا جورەکێ بێ یاسایی یا زێهنی و سۆزی دچیت دهوزانێ دا، داکو هەستەکێ دیارکری بئازرینیت، یان حالەتەکێ هەڤکێش دێ پەیداکەت، ب تێکهەلدانا تشتان، بڤێ چەندێ سەربۆرا وی یا هوزانێ دێ یا سەرکەفتی بیت»«٧» ژلایەکێ دیڤە مەرج نینە «هوزانڤان بخۆ تووشی وێ سەربۆری ببیت هەتا سالوخ بدەت و ڤەگێریت،بەسە ئەگەر وی تێبینی کربیت، بهزرا خۆ ئالاڤێن وێ زانیێن، باوەری پێ ئبنابیت، دەدەروونێ خۆدا تووشی نەخۆشی و تایاوێ ببیت، دڤێت وی تێبینکرنەکا هویر و هێزا بیردانکێ و بەرفرەهیا ئەندێشێ و کویرانیا هزرکرنێ هەبیت، هەتا بشێت ڤێ سەربۆرا هوزانێ بئاخر بینیت و ژ نێزیک وێنەبکەت»«٨» هەر هوزانەکێ ئالاڤ و پەیڤێن خۆیێن تایبەت و هەست و سۆزێن خۆیێن تایبەت هەنە.

هەمی سەربورێن ئەدەبی سەربۆرا خودان دەلالەتێن چڤاکی نە، ژ جۆرەکی ئەم نەشێین رەوتەکا جڤاکیا تایبەت لسەر هوزانڤانی بسەپینینم چونکی ئەو دشێت تشتێ بڤێت ژ وێ سەربورێ وەرگریت دا وێنەیەکێ ئیعائی یێ هونەری بکێشیت، ژ بەرکو بەرسڤدانەکێ بەری و هەر تشتەکی لسەر هەست و وژدانا وی دروست دکەت، کو ئەڤەیە سروشتیێ کارێن هونەری، «٩» ژلایەکێ دیڤە سەر بۆرا هوزانێ خودان مێژوو یا خو یا رەسەنە، کو دهەر قوناغەکا ژیانێ دا جۆرەکێ هوزانێ هەبوو و تام و چێژەکا تایبەت هەبوو، واتە شێوەیی هوزانێ و چەوانیا دەربڕین و سەرەوەریا دگەل پەیڤ و وێنە و ئەندێشە و ئەفسانێ دیسان لسەر هوزانڤانی ناهێتە سەپاندن،یا گرنگ لڤێرە ئەوە هوزانڤان بخوێ شارەزا و زیرەک وهویر بین بیت، د هەلبژارتنا بابەتی و چەوانیا سەرەدەریا دگەل بابەتی دا، چونکە «گەردوون هەمی بابەتێ هوزانێیە، چ بابەت نینن کو بکێر هوزانێ نەهێن و نەیێن هوزانێ بن، ئەگەر هوزانڤان لخۆ نەیێ شارەزا و زیرەک بیت، ئەگەر گەردوون بهەمی فهێتیێن خۆڤە بابەتێ هوزانا وی بیت ، نەشێت سەربۆرەکا هوزانێ یا باش پێشکێش بکەت، لێ هوزانڤانێ باش و زیرەک ئەگەر بابەتێ وی تشتەکێ گەلەکێ بێ بهابیت، هەتا ئەگەر لسەر پێشکەکێ بیت دی برەنگەکێ جوان و کاریگەربیت و سەربۆرەکا جوان دێ پێشکێش کەت« ١٠ » بابەتێ هوزانێ مەرج نینەیێ ئێککگرتی بیت، دهوزانا نوی دا، ئانکو ئێککگرتنا بابەتی دهوزانا نویخازدا مەرج نینە، هەروەکی هندەک ڤەکۆلەر بەرەڤ هندێ ڤەدچن کو دڤێن ئێکەتیا بابەتی بەرجەستە بکەن.

د سەربورا هوزانا نوی دا، زۆر رەوایە ئەگەر هوزانەک پێکهاتی بیت ژ چەند کەڤالێن جۆراوجۆر، هەر کەڤالەک

دەربڕینەک بیت ژ رویدانەکێ و سەرجەمێ هوزانێ دەربڕینەکا کاریگەرا جوان بیت، یا پێدەڤێ ئەوە «ئەم رەفتارێ دگەل هوزانێ بکەن وەک یەکەیەکا زیندوو ، ئەم هەولبدەین بچینە دناڤ گیانێ وێدا و بچینە د دلّی وێ ئەزموونێ دا ئەوا هوزانڤان تێدا بۆری،بێ کو بتنێ ئەم ل سەر چارچۆڤێ وێ یێ دەرەکی براوەستین ، وەکی وی زانای ئەوێ بەرامبەر تشتا دراوەستیت داکو تێبگەهیت نەکو بتنێ پێ کاریگەر بیت «١١» تشتێ هەرە گرنگ و بنەرەتی راستکۆیی یا ڤەگیرانا سەربۆرییێن د هوزانێ دا، هەبوونا ، راستکۆیی یا وژدانی د سەربۆرا شیعری دا دڤێد هەبیت، هوزانڤان دەربڕینێ تێدا ژ وی تشتی دکەت ئەوێ ددەرونێ وێ دا هەی و باوەڕی پێ هەی «١٢» بتایبەت هوزانڤانێ پەیامدار، ئەوێ دهوزانێ دگەهیت وەکی خودیکا جڤاکی و هەمی تشتان تێدا دبینیت و شرۆڤە دکەت، ئەگەر هوزانڤانی ئەڤ چەندە پەیرەوکر دێ بڤێ چەندێ رێچکا «بایرون ودیکنز و بەلزاک و تۆلستۆی»گرتەبەر ، کولدەڤ ئەڤانا هەمیاژی هەلویستەکێ پەیامداری یێ رەخنەگرانە بەرامبەر جڤاکێ و ئەو حالەت و رویدان و کێش و بێشێن دناڤ جڤاکی دا بەرجەستە هەیە.

### هوزانڤان و هەلچوونێن دەروونی و تۆڕەبوون

هەلچوون ژلایێ دەروونیڤە: بەرسڤدانا هەلچوونی دەربڕینێ دکەت نەژ گوهورینێن فسیولۆجی، لێ ژوێ رێکا ئەم هەست بڤێ گوهورینێ دکەین و ژرێکا هەستپێکرنا هەلویستێن دیاریێن گرێدای ب ئازراندنا هەلچوونی (١٣). ئەڤ حالەتێن هەلچوونی «حالەتێن دەرونییێن رووتن (صرفە) گوڕانکارییێن فسیولوجی یێن فەر بۆ حالەتی دەرونی ئێکسەر دگەل دەردکەڤن» (١٤) واتە دگەل پەیدابوونا حالەتێ هەلچوونێ لدەڤ مروڤی، هندەک هەلویستێن تایبەتێن هەین ڤێ هەلچوونێ بئازرینن. بۆ نموونە دەمێ هوزانڤان یێ د حالەتێ نەستێ دا و مزویلی دەربڕینا هەست و بیر و باوەڕێن خۆ ددارێتنا هوزانێ دا، ژ هندەک رویدانان یان کاودانان ئەڤ چەندە دهێتە ئازراندن، هەر دیسان دگەل ڤێ پەیدابوونێ هندەک گوڕانکارییێن ڤێ چەندێ بۆ مە ئاشکرا دکەت دەمێ دبێژیت «هەلچوون؛ حالەتەکێ وژدانییێ بەرپاکەرە، دگەل دژواربوونا وێ هندەک دەربڕینێن سەرڤە سەرڤە دیار دبن وەک زەربوونا سەروچاڤان یان دابڕین د دەنگی دا...» (١٥).

هەلچوونێن دەروونی و رەنگڤەدانا وان د ئەدەبی دا:

هەلچوون نموونەکە د رەوشتی، کو بینەر دیاردکەت (پیدحەسیێت) ژ ئەنجامێ وان گوهورینێن ژ سەر و سیمایێ سەر و چاڤان و بزاڤا و کارێن فسیولۆجی و دەربڕینێن زمانی (١٦). ئەڤ دەربڕینێن زمانی بنەماییێن داهینانا ئەدەبینە نیڤشکێ ڤێ داهێنانێ ژی هەلچوونە، (هینری بیرگسون) دبێژیت «گەوهەری داهێنانێ هەلچوونە کو سۆزا مرۆڤی دهەژینیت» (١٧). کاودان و ژیوار و ژینگەه رولەکێ مەزن دبینن دکەسایەتیا هوزانڤانی دا و ئەو هەلچوونێن تۆش دبیتێ و رەنگڤەدانا وان د رەوشت و بەرهەمێن ئەدەبی دا، لەوما «زانایێن زانستێ دەروونناسیێ ژینگەهێ بەری خۆ ددەنە پەیوەندیا دناڤبەرا کەسایەتی-ژینگەه، کو پەیوەندییەکا خودا هەماهەنگی و دناڤێکداچوویی و پێکڤە پەچڕیمەکریە. ب دەربڕینەکا دی رەوشتێ تاکە کەسی راستڤە دبیت و دهێتە گوهورین ب چەنداتی و جۆرێ بەرسڤدانا ئەوا ژینگەه دیار دکەت، وەک ڤەگێڕانەک لسەر ڤی رەوشتی، ئانکو ئەوێ ژ ژینگەهێ ڤە زڤڕی بۆ رەوشتێ تاکە کەسی» (١٨).

### لایەنێن حالەتێ هەلچوونێ:

هەر حالەتەک ژ حالەتێن هەلچوونێ لدەڤ تاکە کەسی پەیدا بن وەک تۆڕەبوون یان ترسێ دیار دبیت کو سێ لایەنان بخوڤە دگریت:

١- لایەنێ هەستپێکرنێ؛ تایبەتە ب تاکە کەسێن خودان هەلچوون، هیچ کەسەکێ دی نەشێت بازنەی لدۆر بکێشیت، هندیکە هەستپێکرنا تاکە کەسایە ژ حالەتەکی بۆ یێ دی جیاوازە لدویڤ جۆرێ هەلچوونا لدەڤ پەیدا دبیت. رێکا گونجای بۆ ڤەکۆلینا لسەر وی ژلایێ کەسانێن دیترڤە هزرکرنا ناڤەکیە (تێبینیکرنا خودی).

٢- لایەنێ دەرەکی سەرڤەسەرڤە؛ بزاڤ و دەربڕین و واژەیێن تاکە کەسێن هەلچوویی پێ رادبن ڤەدگریت، ئەڤ لایەنە رێکا کەسانێن دیترە د بریاردانا لسەر هەلچوونێن کەسانێن هەلچوویی دگەل هندێ کونەیێ هویربینە حالەتێ وی هەلچوونی نزانیت، بۆ نموونە ئەگەر زارۆکەکێ هەلچوویی ببینین وێ برێکا دەربڕین و واژەیێن وی شێین هەلچوونا وی دەستنیشان کەین، لێ ئەم نەشێین بدروستی هۆیێن هەلچوونا وی بزانین، دیسان نەشێین کوبراتیا هەستێن وی یێن کەسۆکی بزانین یان رادێ راستیاوان.

٣- لایەنێ ناڤەکی فسیولۆجی؛ نەچاربوونا ڤەرێژێن ئامرازێن رژێنی و نەرێکوپێکیا لێدانێن دلی و بلّندی و

نزمیا پالەپەستویا خوینێ و لەزاتیا هەناسەکێشانێ ڤەدگریت، ئەڤ لایەنە دیسان گەلەک ژ حالەتەکێ هەلچوونی بۆیێ دی نەیێ جیاوازە. (١٩)

تۆرەبوون؛ ئێکە ژوان هەلچوون و دیاردە و کریارێن لدەڤ مروڤی پەیدا دبیت،، بەهرا پتر ژی ژ هەر کەسەکی لدەڤ مرۆڤێن هەست نازک مینا هوزانڤان و هونەرمەندان پەیدا دبیت، ئەڤە دبیتە هاندەرەکێ مەزن بۆ پەیدابوونا هەلچوونان، دەروونناس (د. فاخر عاقل) بڤی رەنگی پێناسا تۆرەبوونێ دکەت کو «هەلچوونەکا پێکهاتیە ژ کۆمەکا دیارکریا زڤرینا، دهێنە ئازراندن بهاریکاریا گەهشتنا نەخۆشیەکا ژ کریارێ یان ئەندێشەیی مرۆڤی» (٢٠) واتە سەرچاوێ ڤێ تۆرەبوونێ کوسپ و نەخۆشی و ئەندێشە و ئازارێن ژیانێ نە دکەڤنە هەمبەر رێکا گەهشتنا ئومێدین هوزانڤانی.

بۆ نموونە؛ هندەک ژ هەلویستێن هەلچوونی د هوزانا نویخوازدا: هوزانڤان چ جارا نەشیایە خۆ ژ هەلچوونێن دەروونی رزگار بکەت، ژ بەرکو مرۆڤەکێ دلنازکە و گەلەک جارا (ب پلەکێ دچیتە سەرێ ملەکێ)، ئەڤجار دناڤ یاخیبوونا خۆدا ئەڤ هوزانڤانێن مە بەحس کرین گەلەک جارا هەلچووینە، هەلچوون ژی نەدەربرینەکا راست و دروستە ژ هزرا مرۆڤی، چونکە زیادەرووی رۆلێ خۆ تێدا دبینیت. بۆ نموونە ئەگەر ئەم هندەک هەلویستێن هەلچوونی دناڤ سەربۆرا هوزانڤانێن نویخواز وەرگرین، ئەڤ چەندە دێ پتر ئاشکەرابیت، لێ بتنێ ئەم ڤان هەلویستان ژ دوو لایانڤە وەرگرین، داکو ژ بابەتێ سەرەکی دویر نەکەڤین:

**١- هەلچوون د لایەنی ئەڤینی دا:**

بەهرا پتریا هوزانڤانێن مە د سەربۆرا ئەڤینی را دەربازبووینە، ڤێ چەندێ دناڤ بەرهەمێ واندا رەنگڤەدایە، گەلەک جاران ژی بوویە ئەگەرێ هەلچوونا هوزانڤانی د هندەک هەلویستان دا.

هوزانڤان (بلند محەمەد) د بێژیت:

**بۆ عشقاتە**
**وەک پەلێ ئاگریە،**
**شەمالکەکم و**
**ل بەر تێنا عشقاتە د بۆهژم (٢١)**

لڤێرێ دیار دبیت هوزانڤانی بدەربرینەکا هەلچوونیا دژوار خو دکەتە ئاگرێ عشقا یارێ. لجهەکێ دی و د هوزانەکا دی دا ب دەربرینەکا هەلچوویانە غەریبیا خۆ بۆ یاراخۆ دیار دکەت و دبێژیت:

**ئەزێ ژ هەمی تشتێن تە غەریب بووم**
**د کاڤلانی خەنجەرا گوک زیڤدا**
**ئەڤینی ناهێتە کرن (٢٢)**

هوزانڤان (عەبدولرەحمان بامەرنی) د هوزانا (ماچ کرن د خانا هەلبەستەکێ دا) د بێژیت:

**بەزینە ماچا و**
**ژ بەرێک برن**
**سویندا ماچا**
**خوارنا ماچا**
**هێلا ماچاو**
**چاڤێن رۆژێ**
**ما نە زل (٢٣)**

ماچ و ماچ خوازیا هوزانڤانی یا دیارە نە برەنگەکێ سروشتی یە، بەلکو بەرژەنگێن هەلچوونەکا دژوار لدەڤ د خویانە.

هوزانڤان (کامیران رەشید بەرواری) د هۆزانا (هاڤیبوون)دا، پەسنێن یارا خو دکەت و هەلویستێ خۆیێ هەلچوویانە هەمبەر ئەڤینا وێ دیار دکەت و دبێژیت:

**هێشتا ناڤێ تە**
**یێ شەرمێ ژ خامێ من دکەت**
**من تو نڤێسی،**
**من تو خاندی و**
**کریە سۆلتانا ڤی تاخی (٢٤)**

**٢- هەلچوون د لایەنی نەتەوەی- سیاسی دا:**

دگەل هوزانا نەتەوەیی دا زاراڤێن هوزانا سیاسی-نشتیمانی- بەرگری دهێن، ئەڤجار هوزانا نەتەوەیی ڤان لایەنا هەمیا بخوڤە دگریت، وەک چەمک و زاراڤەک بەرفرەه. زولم و زۆرداریا بسەرێ مللەتی کورد هاتی ب درێژاهیا دیروکێ، هەر ژ ناڤچوونا دەولەتا میدیا هەتا ئەڤرۆ، بۆیە ئەگەرێ هندێ ژ دەولەتێ مەحروم بن، ڤێ چەندێ کارتێکرن لدەروونێ هەر کوردەکی کریە، بتایبەت چینا روشەنبیر و دەسەلاتداریا پارتێن سیاسی و هوزانڤانان، لەوما ئەڤ چەندە و داخوازا ئازادی و سەربەستی و دەولەتبوونێ، درێزکێن هوزانادا ب دەربرینێن هەلچووی خویا دبیت. هوزانڤانێ کوردپەروەر (ناجی تەها بەرواری) د هوزانا (کوپیکرنا دادگەهێ)دا

بهـەلویستـەکێ هەلچوویانە راستـیـا پەسنا مللەتێ خۆ ڤەدگێریت و دبێژیت:

**دیرۆک دبێژیت**
**هوین ژ هەژینە**
**هوین ژ توخمێ چیایێ جودینە**
**هوین ئارینە**
**هوین خودانێن**
**ئیمبراتوریا میدینە**
**هوین خەتیرن**
**هوین مەشخەلن**
**رەسەنترین نەتەوەنە**
**پیرۆزترین ئاخ و گەلن (٢٥)**

هوزانڤـان (مـوحـسـن قـۆچان) دهوزانا (شـەڤـەکـا ئارەقی)دا ڤیـایە ژ هندەک کاودان و دیاردا برەڤیت، لێ رەڤینێ خۆ ژ هزراوی رەڤاند و هەلچوون، دەما دبێژیت:

**رەڤین دەستهەلاتا ئێکێ یە**
**د چاڤێن مەدا دغولغولیتن**
**رەڤین ژ تە**
**رەڤین ژمن**
**رەڤین ژ ناڤێ رەڤینێ**
**رەڤین**
**رەڤین**
**هەتا رەڤین ژ گیانێ خو بێزار دبیتن (٢٦)**

هوزانڤـان (بلند مـحـەمـەد) د هوزانا (خـاچدان)دا، دوییاهیک کـەڤـال هەدارا وی ژی بدوییاهی دهێت و هەلدچیت، برەنگەکی کو داخـوازا نەمـانا خـوە دکـەت و دڤـێت ژیانا وی ب نەخـۆشـتـرین جـوری سـێـدارەدانێ بدوییاهی بهێت، دەمێ دبێژیت:

**زڤێرم**
**ژ هەبوونێ**
**ژتە**
**ژ خوە**
**ژ دەولەتبوونێ**
**پرتێن من ڤێکدە و**
**من خاچ بدە (٢٧)**

**یاخیبوون د بەرهەمێن کۆمەک هوزانڤانێن نویخوازێن دەڤەرێ دا**

دڤێ ڤـەکـۆلینی دا ب تنێ دێ ژ سێ ئالیـانڤـە دناڤ بیروبۆچوون و هزرێن هوزانڤانان ڤەکۆلین و یاخیبوونا وان ژ ڤان ئالیانڤە دیارکەین، هەرچەندە هوزانڤان رەد بکەن و یاخیبوونا خۆ هەمبەر دیار کربیت، لێ ئەڤ سێ ئالییێن لخـواریێ رەوشـەکـا گـەرمـن د جڤـاکی دا، چونکە نەبتنێ جڤاکینە و نەبتنێ سیاسینە، بەلکو جڤاکی سیاسینە.

**١- یاخیبوون ژ شەری نافخۆیی:**

ژ ڤی رویدانا دلتـــەزین، هەمی دل گـــەزین، دەست لەرزین، ئومـێد دەرزین. گـوندی و هەژار وەکی هەر جـار بوونە قـوربـانی، رەوشـەنبیـر ژڤی دەستـوداری یاخیـبـوون، هەقی و ناهەقی رەدکـرن؛ قـەلەمـێن خـۆ-هزرێن خـۆ-گـوتگوتکێن خۆ، ئێـخسـتنەکـاری بۆ زالبوونا لسـەرڤێ رویدانێ، یاخـیـبـوون ژ جڤـاکی ژ دەوروبەران، ژ پارت و سەرکردەیان. جارەکا دی هوزانڤانان ئالایێ خۆ لبەراهیکا جڤاکی هەژاند و بەرەڤ پیرۆزیا پەیاما خۆچوون. پەیڤێن (خۆ نەکوژە، خۆ بریندار نەکە، گوهنێلیێ دگەل خۆ نەکە، خـوینێ ژ خـۆ بەرنەدە، هەڤـدژی..) بوونە زیڤـتـرین درویشمێن خۆبیشاندانا یاخیبوویان.

هوزانڤـان (ناجی تاها بەرواری) وەکی هەر هوزانڤان و رەوشەنبیرەکێ دلسۆزی مللەتێ خۆ، ڤێ تەزینکێ کویر دخوینیت، ژ ئەنجامێ خۆ کوژیێ، یاخیبوون لدەڤ پەیدا دبیت و ژ هەمی تشتان یاخی دبیت و ئالایێ یاخیبوویان لسـەر چەمکی دهەژینیت، د هوزانا (ئەو شـەبەنکا تاڤی بارین) دا دبێژیت:

**دەم بهارە و**
**قوشانێن عەورێن هەڤدژ**
**ل خالا پێکگەهشتنێ**
**چریسکێن زل ب هەڤرا بەستن**
**ڤی برویسیێ**
**چوار بستییێن دلێ رەشکاتیێ**
**گهین پشتا هەردوو رویبارێن ئەڤیندار**
**ب هویری بەستن**
**خۆشی ب تێلێن ئاوازان ڤە**
**گرنژین ب بشکوژ و گولزاران ڤە**
**د سەمایێ دا دبوهژن**
**ل ژێر سهاپیلانا سێ گۆشە**
**بەژنا نێرگزیا ئەڤی وەرزی**
**خویل دمینیت (٢٨)**

هوزانڤـان مـەترسی و ئەنجـامێ ڤێ براکـوژیێ دڤی کەڤالی دا دیاردکەت: دەم بهارە و دەسپێکا خۆشیانە،

لێ ل خالا پێککەهشتنا هزر و بیرا هەڤدژی بۆ عەور و هەمی هیڤی و ئومێدێن ساخ ددلێ هەر کوردەکی دا هاتنە بەستن. ئەڤ هەڤکوژییە وەکی بروییسییەکێ بوو ژ ڤی عەوری پەشی، هەر چار پارچێن کوردستانا خەمگین و تێهنیێن سەرخوەبوونێ و هەردوو رویبارێن ئەڤیندار (دیجلە و فورات یان ژی کرمانج و سۆران) ب هویری بەستن. ئەڤ هەڤکۆژیا وەکی سەما دینا خۆشی و ئاواز و گرنژین و گولزار بوهژاندن. ئەو سەما ل ژێر سێگۆشا (فارس و عەرەب و کورد)دا بەژنا بەرهەمێ سەرهلدانێ چەماند و خویل کر.

هوزانڤان (موحسن قوچان) دهوزانا (سەرهاتیەکاپیر)دا، سەرهاتیا دیاردا دلتەزینا براکوژیێ ڤەدگێریت، برینا خۆ تێکەلی برینێن خەلکێ خۆ دکەت و ژ پەیڤ و دەربرینێن وی بێهنا یاخیبوونەکا گەرم ژێ دباریت، دەمێ دبێژیت:

**ماکێ دزانی کو ئاخ هەبویەکا مێیە و؟**
**هەکو مێ دهێتە داگرتن**
**گەهێن بای دبنە پەنجەشێر**
**تا ل مرۆڤان دبیتە مێهڤان**
**برین ژ نوی سنێلە دبن**
**ئاشق دبن**
**ب لێڤێن یەک دوڤە دبن بەستی**
**برین دنالن، بکۆم دنالن و**
**برین شەرم دکەت ژ برینێ (٢٩)**

هوزانڤان د لێکچواندنەکا رەوانبێژی دا، کو ( لێ چوو) بتنێ دیارکریە و سالوخ دایە -خواستن- دەما دبێژیت (ئاخ هەبویەکا مێیە)، هەر ژکەڤندا دایک (مێ) نیشانا ئاخێ و نیشتمانی بوویە، هوزانڤان ڤێ باش دزانیت، لی دەما پرسیار دکەت نەوی دزانی نەکەسەکی بەری وی دزانی؛ کانێ چەوا (مێ) هەکو بحەملە دکەڤن با لەشی وان دگریت و گەلەک داگرتن ژ کوردا و هەمی دەربەدەر ل کوردستانێ وەسا نیتشمانێ مەژی وەختێ هاتیە داگرتن ژ کوردا و هەمی دەربەدەر ل کوردستانێ ڤەجەمیای ڤە، دێ پەنجەشێرگریت و وەکی ژنکا دووگیان، پاشی دێ مینن ب لێڤێن ئێکڤە و براکوژی دێ دەست پێ کەت و هەمی تاک و کۆمەل دێ ژڤی برینێ نالن و شەرم ژ ئێک کەن، ژ بەرفەهێتیا تووشبوینێ.

دیسان د هوزانا (لخۆ گەریا سیرانەکاتالە)دا ڤێ دیاردێ خۆ ژێ دویر د ئێخیت و بێ یاخیبوویە، لەوما هوزانڤان دبێژیت:

**موییێن لەشێ من شاهدن**
**با خورینا بنێراتییێ**
**خوکۆشتنا بێیاتییێ**
**کەتنەکا سرت و رەڤەکە**
**هەکو ئوریان ژ دەشتێ درەڤن**
**بچیا دکەڤن**
**سەرڤالا دبن ژ ئاقل دکەڤن**
**.**
**.**
**.**
**خوین د بیت ئالفێ تەیرا**
**وەکو تیا**
**تەرم**
**تەرم**
**تەرم دکەڤن (٣٠)**

هوزانڤان (تەحسین ناڤشکی) فهێتیا خۆکۆشتنێ، دناڤ بیردانکا خۆدا، ل قۆلاچا یاخیکرنێ هەلگرتیە. هوزانڤان هەروەکی دکەڤالەکی دا ژ هوزانا (دوماهیا نەدوماهی) خویا دکەت، کو چوونە کوچکا سپی و ئالایێ ئاشتییێ پەسەند کر، وەک ئاگربەستەک. بڤی رەنگێ لخوارێ دەربرین ژ خۆکۆشتنێ دکەت:

**ئاڤا هەڤیرێ پیرهەڤیا**
**چیایێ قافێ ولڤلڤینا**
**دویلکێ کەلێژیا (قابیلی)**
**بلنداهیا**
**گارەی هەژاند و سێ پرتکر (٣١)**

هوزانڤان بەرەڤ هندەک هزرێن ئەفسانەیی دچیت مینا [هەڤیرێ پیرهەڤیا، چیایێ قافێ (کو دبێژن ئویرسێ لوێرێ- کافرێ پشت شین)]. واتە بباوەرا من هوزانڤانی ئەڤ کارەساتە وەک ئەفسانە لقەلەم دایە، کو چ جارا نەدهاتە باوەڕ کرن. هەتا دویلکێ کەلێژا (قابیلی) لڤی و گارە هەژاندی، کۆشتنا (هابیلی) بوویە مەرەق

پاشی لدویماهیا هزرێن دمێشکی زڤێردا، رەشبینەکێ بێ بەڤلە و ئەڤە راستیەکا تەحلە، چونکە لخالا ئێکگرتنا ئیدارێن کوردی، ئەڤ راستیا نیڤەرۆ دیاردبیت:

**بەرهەمێ**
**شاهمارێ هیموگلوبینا..**
**چار بهاری**
**ژ سەرۆکانییێ هشک کر**

**پێنگاڤا دی**
**پێڤەکۆلا ڤەگرتنا**
**هەستیێ شکەستی دەستپێکر**
**دوماهیا نەدوماهی**
**لبەر دەرگەهێ**
**کۆچکا بەلەک**
**سپی ئالایێ**
**ب تۆیا دارکوکەی نەخشاندی**
**پێکڤە راکر (٣٢)**

واتە (هیمۆگلۆبین) بۆ شاهمار و بخوێنێ ڤەدا و هشک کر. پشتی سال تەمام بووی ژ خوین رێتنێ. پاشی پێنگاڤەکا دی هاتە هاڤێتن ئەو ژی ئاشتی و لێکبوورین، لبەر دەرگەهێ کۆچکا سپی، لێ هوزانڤانێ رەشبینە دڤی بابەتی دا. کو دڤان هەڤۆکاندا دیارە: [ڤەگرتنا هەستیێ شکەستی، دوماهیا نەدوماهی، ئالاسپ یێ ب تۆیا دارکوکەی نەخشاندی].

هوزانڤان (د. عارف حیتو) دگەل مللەتێ خۆ دەدەتەڕێ بەرەو ئاسۆیێن ژیانا بەرز و بالا، خودان پەیامە، هەر ئەڤەیە بوویە هۆکارێ یاخیبوونێ لدەڤ هوزانڤانی، ژ کار و رەوشت و دیاردێن جڤاکی و ئایدۆلۆژی. خوەکوشتن ئێکە ژوان دیاردێن هوزانڤان رەد دکەت و بەرامبەر یاخی دبیت:

**ئەم دخوەدا هەڤدژین و ژ هەڤ را دژین**
**تەڤ سەرکەفتن هەلێڤرین و شین بوون برین**
**ئەڤ دانسالێ پاییزێیە..،**
**بێ مکیاج**
**بێ کلچیڤ**
**بێ کل (٣٣)**

دکەڤالەکی دیدا هوزانڤان ب دەربڕین و تەکنیکەکا هونەریا بەرز ئەنجامێن ڤێ براکۆژیێ دیاردکەت ب واژەیا (شکەس ە رکەفتن)، واتە سەرکەفتن شکەستنە و شکەستن دووبارە شکەستنە.

**ئەوێ شەرڤان**
**یێ د زڤرۆکا دوو دلییێ دا**
**کۆڤان کۆڤان کەزییێن دیرۆکێ دڤەهوینیت**
**ئەگەر هات و ئەڤجارە ژی (شکەس ە رکەفتن)،**
**ببیتە دیلان**
**گوپالێ من دێ کورت بیتن (٣٤)**

هوزانڤان (عەبدولڕەحمان بامەرنی) وەکی هەمی هەڤکیفێن خۆیێ یاخی یە ژ براکوژیێ و ڤێ دیاردێ رەد دکەت، دەما ڤێ رویدانێ رسوا دکەت:

**گوهنێلیا دکەین**
**دگەل خۆ و**
**دگەل شەڤێ دکەین**
**کرێتیا دکەین**
**خۆ پێ تێر دکەین**
**دڕەڤین،**
**قورتال دکەین**
**ئەم ئەڤە نەو**
**پەپوکا دخوینیت**
**ئەم ئەڤە نەو**
**لەزکەن**
**مەلایێ تلقینێ دخوینیت (٣٥)**

هەڤۆکەکا کرێت (گوهنێلیا دگەل خۆ دکەین) ڤێ کرێتیا رویدای کرێت دکەت، واتە بکرێتی دبێژیت (ئەمێ خۆ دکۆژین)، پاشی سروشتێ کوردا دیاردکەت دەمێ دبێژیت (ئەم ڤەنە). واتە هەر ژمێژە و بدرێژیا دیرۆکی هەڤرکی و خۆکوشتن دناڤ مەدا هەبوو. لڤێ چەندێ دزڤریت و دبێژیت دویماهیک و نەمانا ڤی کیانی یا نیزیک بووی (پەپوکا دخوینیت، مەلایێ تلقینێ دخوینیت). دیسان دهوزانا (نەهشیەکا بویر)دا ڤێ چەندا سەری دووبارە و دەهـ بارە دکەت:

**دگۆڕەپانا نەهشییێ دا**
**بڕیارا ژ هەمیا بچویکتر سێ گولەنە**
**هەمی هەڤکیفێن مرنێ نەو**
**کێرا سەر ستۆیێ راستییێ**
**جەمبازیا دکەت**
**هەمی ژی دزانن ئەڤە پیشانگەها**
**نەیا ئێکی یە**
**بۆ جارا چەندێ ڤان دیدەنێن**
**دویری جڤاکی**
**بگوپکێن سپیندارا ڤە**
**دکەنە تلوڤە و**
**د تورێ ئەنترنێتێدا**
**لجیهانێ هەمییێ نیشا ددەن (٣٦)**

# جەیمس جۆیس و لوسیای کچی

د. سەباح عەبدوڵلا ساڵح
(زانکۆی بلۆمسبێرگ- ئەمەریکا)

جەیمس جۆیس (James Joyce) یەکێکە لەو نووسەرانە کە بێ ئەو باسی مۆدێرنیزم ناکرێت.

بۆ شاعیرانی وەک ئیلیۆت و ئیزرا پاوەند مۆدێرنیزم جۆرە هەوڵدانێکی هونەری بوو بۆ دوورکەوتنەوە لە ئێستا و حازرەکی کە تێیدا بۆرژوا دەسەڵاتی خۆی بە سەر زۆربەی شێوەکانی ژیاندا چەسپاندبوو، بەڵام بۆ جۆیس مۆدێرنیزم ئەوها نەبوو، لە باتی لە حازرەکی دوور بکەوێتەوە، جۆیس حازرەکی کردە پرۆژەیەکی هونەری، بۆ ئیلیۆت و پاوەند حازرەکی سەرچاوەی مەترسی و دڵتەنگی بوو، جوانی تێدا نەبوو، لەبەر ئەوەی سەرمایەداری ژیانی کردبوو بە رۆتین و لە پارە بترازێ هیچ شتی تری لا بە نرخ نەبوو.

جۆیس ئەو ناخۆشییانەی لە ئێستا دەدیت، بەڵام لە هەمان کاتیشدا ژیانی رۆژانەی بۆ بەرهەمی هونەری پێ زۆر بە سوود بوو، لێرە وەک شاعیرە هاوولاتییەکەی ییتس W.B.Yeats بوو، هەردووکیان زەوقێکی زۆریان بە سەرخۆش و کرێکار و جووتیار و منداڵ و شێت و گێل و بێکار و قەردار و زمان پیس و ئەو جۆرانە دەهات، بەلایانەوە کەسانی وا بۆ برادەرایەتی بە کەڵک نەدەهاتن، بەڵام بۆ بەرهەمی هونەری وەکو گەنجینەیەک بوون، مەبەستی جۆیس ئەوە نەبوو ئەو جۆرە کەسانە بخاتە ناو رۆمانییەکانەوە تا ئێ وەکو من و تۆ زگیان پێیان بسوتێ یان وامان لێبکات هەوڵ بدەین ئەو کەسانە لە هەژاری رزگار بکەین.

تۆلستۆی مەبەستی وای هەبوو، بەڵام جۆیس تەنیا دەیویست لە ژیانی ئەوانە هونەرێک دروست بکات لە بارەی جوانییەوە زۆر نایاب بێ و لە بارەی کۆمەلایەتییەوە زۆر راست بێ.

لە بۆ جۆیس و لەبۆ ییتس، هونەر ئەو توانایەی نەبوو ببێتە مامانی کۆمەڵ و هەوڵ بدات چارەی گیروگرفتەکانی ئابووری و رامیاری و ئایین بکات، واتا بە لای هەردووکیانەوە هونەر یەک تاکە ئەرکی لە سەرە ئەویش: خزمەتکردنی هونەرە.

پاش ئەوەی چەندین جار لە ساڵی (١٩١٤)دا ١٥ لە کورتە چیرۆکەکانی رەت کرانەوە، جۆیس ئەم چیرۆکانەی بەناونیشانی Dubliners (دبلینیەکان) بۆ چاپ کرا، سێ لەم کۆمەڵە چیرۆکە لە بارەی ژیانی منداڵییەوەن، چواریان لەبارەی ژیانی لاوییەوەن، چواری تر لەبارەی ژیانی مامناوەندییەوە، ئەوانی دیکەش لەبارەی ژیانی کۆمەلایەتییەوەن، جۆیس لە نووسینی ئەم چیرۆکانە بەم شێوەیە مەبەستی خۆی روون کردۆتەوە:

«بۆ ئەوەی خەڵکی ئایرلەندە، باش تەماشای خۆیان بکەن»

واتا مەبەستی جۆیس ئەوەبوو کە هەریەک لەم چیرۆکانە ئاوێنەیەک بێ کە تێیدا هاوولاتیان چاک



جەیس جۆیس

خۆیان ببینن، بەڵام لە لایەکی ترەوە دروستکراوێکی هونەری دەبینن کە دوژمنداری لەگەڵ هیچ کەسێک و هیچ لایەک نییە.

لەلایەک ئەم چیرۆکانە وەک ئاوێنەن بەڵام لە لایەکەی دی دنیایەکی هونەرین کە ژیانی ڕۆژانە تێیدا دەبێتە سەرچاوەی ئەو هونەرە.

بەڵام جۆیس لەگەڵ ئەو قسەیە نەبوو کە لە ساڵی (١٩٣٠)دا ڕەخنەگری بەناوبانگی ئینگلیزی ف-ر-لیڤز F.R.Leavis کردی لە دانشگەی کەمبریج. پرۆفیسۆر لیڤز گوتی: سوودی هونەر لەوەیە کە دەتوانێ مرۆڤ لە کولتووری بۆرژوازی ڕزگار بکات. واتە ئەو جۆرە ڕۆشنبیرییە کە بەردی بناغەکەی لە پارە و قازانج و کڕین و فرۆشتن پێکهاتووە.

جۆیس وەک ڕۆماننووسی فەرەنسی گۆستاف فلوبێر، تارادەیەکی زۆر ژیانی خۆی و ماڵ و منداڵەکەی کردە قوربانیی هونەرەکەی.

بەلای جۆیسەوە، شتێکی سەیر نەبوو لە بەیانی هەتا ئێوارە خۆی بۆ دروست کردنی دوو دێڕ ماندوو بکات، دەیویست خوێندەوارانیش ئا بەم شێوەیە لەگەڵ نووسراوەکانی ماندوو بن، جارێکیان جۆیس لەکن برادەرێکی گوتی:

«لە نووسینی Finnegans Wake نزیکەی دە ساڵ چەوساوەییم دیت، هیوادارم خوێندەواران کاتێکی ئەوها بۆ ڕۆمانەکەم تەرخان بکەن».

بەڵام جۆیس زۆر چاکیش ئاگادار بوو، بێجگە لە خۆی کەسێکی تر ئەم جۆرە کاتەی نییە، جۆیس زۆربەی کاتی خۆی بۆ هونەرەکەی تەرخان کردبوو، چونکە بە لایەوە هونەرەکەی لە پێش ژنی و کوڕ و کچی و خزمانی و وڵاتی دەهات.

بێگومان ژیانێک لەم چەشنە بێت، زەرەریکی زۆری بۆ پێوەندییەکانی نووسەر لەگەڵ ماڵ و منداڵی هەیە.

ئەو کاتەی کە جۆیس خەریکی نووسین نابێ، لە بارێکی شاری «تریست» دەخواتەوە، هاوسەرەکەی «نۆرا» ئەو کردەوەی زۆر پێ ناخۆش بوو و چەند جار لە ڕقان ماڵی بەجێ هێشت، کوڕەکەی جۆرجیۆ لە تەمەنی دوو سێ ساڵییەوە دەستی کرد بە گۆرانی گوتن لە بارەکانی ئەو شارە بۆ ئەوەی پارەی خۆراک بۆ خۆی و بۆ ماڵەوە پەیدا بکات، زۆر جار جۆیس پارەی نەبوو کاغەز و مەرەکەب بکڕێ، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا، هیچ هەوڵێکی وای نەدەدا بۆ چارەکردنی هەژارییان.

بێ پارەیی تەنیا زەرەرێک نەبوو کە جۆیس لە ماڵ و منداڵی دا، کوڕەکەی وەک خۆی ڕێگەی خواردنەوەی گرت تا کوشتی، بەڵام زەرەری هەرە گەورە بە «لوسیا»ی کچی کەوت.

لوسیا زۆر باوکی خۆی خۆش دەویست، زۆر لێی نزیک بوو. وەک باوکی لە وشە و ڕستە داڕشتن بە زمانی ئینگلیزی و فەرەنسی و ئیتاڵی توانایەکی یەکجار مەزنی هەبوو.

لە بارەی لوسیاوە، تا ئێستا شتێکی ئەوەندە زۆر نەزانراوە، بۆیە بۆ ئەم مەبەستە نووسەر Carol Loet shloss کتێبێکی زۆر بە نرخی لە مانگی شەشی ساڵی (٢٠٠٤) بڵاوکردەوە بەناونیشانی:

Lucia Joyce: To Dance in the Wake

لەم کتێبەیدا، شلۆز shloss گەلێ شتی بە نرخی لە بارەی ئەو باوک و کچەوە خڕ کردۆتەوە، لوسیا لە نامەیەکدا بۆ باوکی دەنووسێت:

«ئەگەر من ڕۆژێک دڵم بۆ پیاوێک بچێت بەسەری قدیس، سوێندت بۆ دەخۆم، ئەوا لەبەر وەی نییە کە من دڵم بۆت ناچێ» لەلایەکی دیکەوە، هەمان هەستی بۆ جۆرجیۆری برای هەبوو، هەروەک جۆیس دەڵێ: «خۆشەویستی لوسیا بۆ برایەکەی لە تام دەرچوو بوو»

سامۆئێل بیکت-ی نووسەر کە یەکێک بوو لە ناسیارە

نزیکەکانی ئەم خێزانە و زۆر شارەزای ئەم بارودۆخەیان بوو لە کاغەزێکیدا دەنووسێ: «هەر کەسێک نیازی ئەوەی هەیە لوسیا بخوازێ دەبێ لەگەڵ باوک و براکەی قۆچ قۆچانێ بکات.»

کە برایەکەی ژنی هێنا، لوسیا دنیای لەبەر چاو کەوت، نزیکەی مانگێک لە غەم و پەژارەدا بوو، ئەمڕۆ بەمجۆرە خێزانانە دەگوترێ dysfunctional یاخود سەرنەکەوتوو و تێکشێواو.

لوسیا لە باری هونەرییەوە، وەک باوکی دەستێکی باڵای هەبوو، بەتایبەت لە هونەری سەماکردن (dance)، هەروەک شلۆز بۆمان باس دەکات: «لوسیا بە قەلبسووکی و ڕەسەنایەتی هونەرییەوە، گەلێک دڵڕفێن بوو.»

لە ساڵی (١٩٢٤)دا کە جۆیس ماڵەکەی لە تریستەوە گواستە شاری پاریس، لەوێ لوسیا بووە قوتابی لە کن باشترین مامۆستای سەماکاری ئەو کات -Raymond Ducan- پاش ساڵێکی ڕاهێنان و فێربوون، بووە هونەرمەندێکی یەکجار باڵا لەو بوارەدا وردە وردە لە مامۆستاکەیەوە فێرە ژیانی بۆهێمی بوو، ژیانێکی پڕ لە خواردنەوە و زەوق و گوێ نەدان بە دابونەریتی کۆمەڵ. هەردووکیان دەرپێ لە پێ کردنیان پێ شتێکی سروشتی نەبوو. هەردووکیان دژی هەموو جۆرە دەسەڵاتێک بوون. هەردووکیان زۆر لە ژیانی کۆمەڵایەتی و دابونەریت داغدار بوون، ئەو کات کۆمەڵ بە تەواوەتی مافی ئافرەتی نەدەدا.

لوسیا بۆ ماوەی دوو ساڵ لەگەڵ گرووپێکی سەماکار لە پاریس کاری دەکرد، نزیکەی هەموو ئەورووپایان کرد و ناوبانگێکی چاکیان بۆ خۆ پەیدا کرد، بەتایبەت لەناو ڕەخنەگرانی پاریس و بەرلین، هەروەها لوسیا برادەراتی چەند ناودارێکی بزاڤی سوریالیزمی کرد و تاماوەیەک لەگەڵ سامۆئێل بیکت حەزیان لێک کرد. دنیا بە فشە دەهاتە بەرچاوی لوسیا و ژیانی کۆمەڵایەتیشی پێ جەهەندەم بوو، تەنیا و تەنیا چێژی لە هونەر وەردەگرت. باوکیشی ئا بەم شێوەیە بوو.

بەڵام ڕۆژێکیان لوسیا لە پڕێکەوە وازی لە سەما هێنا، پێوەندی لەگەڵ برادەرانی خۆی بڕی و هەر جارەی لەگەڵ دایکیدا بێت، بەزمێکی خۆشی پێدەکرد.

باوکی ترسا نەوەک کچەکەی تووشی جۆرە شێتاتییەک ببێت، پزیشکەکان دڵیان دایەوە و گوتیان، دڵتەنگییە depression و پاش ماوەیەکی کەم چارەی دەکرێت.

دیار نییە لەبەرچی لوسیا وازی لە هونەری سەما هێنا، لە بارەی ئەم خاڵەوە شلۆز نووسەری ئەم کتێبەمان، شتێک ناڵێ، ئەمەش یەکێک لە کەموکورتییەکانی کتێبەکەیە.

لەوانەیە یەک لە هۆیەکانی ئەوە بێ، لوسیا ئەو کارەی لە ڕقی نورای دایکی کردبێ، کچ و دایک بە هیچ شێوەیەک دانوویان پێکەوە نەدەکولا، نورا کە سەیری بارودۆی خۆی دەکرد زۆر زگی بەخۆی دەسووتا، یەک: لە وڵاتێکی بێگانە بوو، دوو: ژیانی لەگەڵ جۆیس پڕ لە هەژاری بوو، سێ: جۆیس کچەکەی لە ژنەکەی زیاتر خۆش ویست، لەبەر ئەوەی نورا دەستێکی هونەری و ڕۆشنبیری نەبوو، جۆیس نەیدەتوانی لەگەڵی باسی ئەو جۆرە بابەتانە بکات، بەڵام لەم ڕووەوە لەگەڵ کچەکەی زۆر لێک نزیک بوو، ئا بەم شێوەیە دایک و کچ بوونە دوژمنی یەکتر، ڕەنگە ئەم دوژمنداریییە یەکێک لە هۆیەکانی کۆتایی هاتنی ژیانی هونەری لوسیا بێت.

لەوانەشە، پاش ئەوەی لوسیا کۆرپەیەکی لەبەر خۆی چواند تووشی گرفتی دەروونی بووبێت، لەوانەشە ئەم کارە لە ناوەوە برینداری کردبێ.

لەلایەکی تریشەوە، لوسیا لە ژیانی دڵداریدا خۆشیەکی ئەوتۆی نەدیت. دۆستەکانی لە خواردنەوە و جنێودان و بێ پارەیی یەک لە یەک خراپتر بوون، بۆیە لوسیا پێشبینی دەکرد ڕۆژێک ئەو زەلامانە هەموویان بکەونە بەندیخانەوە. جارێکیان ئەوەندە بە دڵشکاوی گەڕاوە ماڵ، کە دایکی ڕووی پێنەدا، لوسیا لە ڕقان کورسییەکی داری بەسەر دایکی شکاند.

کە جۆیس کچەکەی نیشانی پزیشکی دەروونناسی بەناوبانگی سویسری کارل گۆستاف یۆنگ دا دکتۆر بۆی دەرکەوت لوسیا تووشی نەخۆشی شیزۆفرینیا بووە (واتە مرۆڤ بێهۆ ترس لەخۆی و ئەوەی لە دەوروبەری بێ، پەیدا دەکات، یاخود جۆرەها بیری سەیری بۆ دێ، دەیەوی بەردەوام لە خەڵک دوور بکەوێتەوە و مێشکی تووشی ئاڵۆزی دەبێ).

یۆنگ زۆر چاک ئاگاداری بارودۆخی ناو ماڵی جۆیس بوو، بەلایەوە ئەو بارە هۆی سەرەکی نەخۆشیەکەی لوسیا بوو، پێشتر یۆنگ ڕۆمانە بەناوبانگەکەی جۆیس (یۆلیسیس Ulysses)ی خوێندبۆوە و گەیشتە ئەو بڕوایەی، ئەوە بەرهەمی کەسێکی نیمچە شێتە، جا لەبەر ئەوەی یۆنگ نەخۆشیەکەی لوسیای پێ بەشێک بوو لە نەخۆشی نووسەری ڕۆمانەکە.

بە گوێرەی قسەکانی یۆنگ، کێشەی هەرە گەورەی ماڵی جۆیس لەوەدا بوو کە تەنیا جێی یەک هونەرمەندی

تێدا دەبێ، دایکەکە و کوڕەکە ژیانی خۆیان بەلاوە نا، بۆ ئەوەی جۆیس بتوانێ بە سەربەستی کاری خۆی بکات بەلایانەوە لوسیا بەتایبەت لەبەر ئەوەی کچ بوو، دەبوایە ئەویش وەک ئەوان بێت واتا ژیانی هونەری خۆی بە قوربانی ژیانی هونەری باوکی بکات، بەڵام لوسیا ئەوها نەبوو، هونەرمەندایەتی خۆی بەلاوە زۆر گرنگ بوو. لە ساڵی (١٩٢٣)دا کە سانسۆری ئەمریکی ڕێگەی دا ڕۆمانی یۆلیسیس لەو وڵاتە چاپ بکرێ، چەند ڕۆژێک برادەر بە دوای برادەر تەلەفۆنی پیرۆزباییان بۆ جۆیس دەکرد، لوسیا لە ڕقان دوو جار هێڵی تەلەفۆنەکەی بە مقەس بڕی.

لە خوێندنەوەی ئەم بارودۆخەدا، یۆنگ دەڵێ ئەم خێزانە ئەوەی پێیان کرا کردیان بۆ ئەوەی نەهێڵن لوسیا ببێت بە ڕکابەری هونەری باوکی، واتە لێرە لوسیا کرا بە بزنی قوربانی.

شلۆز لە کتێبەکەیدا ئەمجۆرە قسانەی زۆر بە دڵە ئەو لەو بڕوایەدایە کە جۆیس کچەکەی بێسنوور خۆش ویستووە، بەڵام لە ڕووی هونەرییەوە ئەو ترسەی هەبوو ڕۆژێک کچەکەی لە خۆی باڵاتر دەرچێت، لوسیاش ئەو ترسەی هەبوو کە هەتا باوکی هونەرمەند بێ، کەس گوێ بە هونەرەکەی ئەو نادات. کە جۆیس لە ئەوروپا و ئەمریکا ناوبانگی دەرکرد، لوسیا لای چەند برادەرێک ئاشکرای کرد:

– ناوبانگی باوکم زەرەری منی تێدایە..

بەڵام لە هەمان کاتیشدا باوکی پێ باڵاترین هونەرمەند بوو. جارێکیان یەکێک لە برادەرەکانی گوتی: جۆیس هونەرمەندێکی ئەوەندە باڵا نییە، لوسیا ئەوەی خراپ بوو پێی کرد، ئەگەر چەند کەسانێک لە قاوەخانەکەدا نەیانگرتبایە، زۆریشی لێدەدا.

لەلای خۆیەوە، جۆیس هەر وەک Richard Ellmann ڕوونی دەکاتەوە کچەکەی پێ بە (جۆیسی دووەم) بووە، جۆیس دەڵێ: «هەرچی گەردیلەیەکی هونەریم هەیە، گەیاندوومەتە نێو مێشکی لوسیاوە» بەڵام جۆیس باس ناکات هونەرەکەی چ جۆرە هونەرێک بوو، یان تا چ ڕادەیێک ئەو هونەرە و شێتییە وەک یەکن، بەلای باوک و کچەوە هونەر و ئادەمیزاد شتێکی وانین کە بتوانین بە ئاسانی تێیان بگەین.

لوسیا کاتێ لە خەستەخانە بوو، بە برادەرێکی خۆی گوت: خۆم بە مەتەڵێکی وشەیی دێتە بەرچاو جۆیس بە هەمان شێوە وەسفی دوا ڕۆمانەکەی کرد، مەبەست ڕۆمانی «Finnegans Wake»ە.

لە بارەی ئەم ڕۆمانەوە شلۆز دەڵێ: لەوانەیە جۆیس ئەو ڕۆمانەی بێ لوسیا پێ نە دەنووسرا. کە لوسیا لە خەستەخانە کەوتبوو، دختۆر پێیان سەیر بوو، کچێک بتوانێ زۆر بە پسپۆری جۆرەها ڕستەی جوان دروست بکات، بەبێ ئەوەی ڕێگە بدات هیچ مانایەک بدەن، جۆیس لەم ڕۆمانەیدا هەمان بەهرە نیشان دەدات وەکو کچەکەی، مانا دەتاوێنێتەوە بەبێ ئەوەی ڕێگای ڕۆمانەکەی بدا، لە ژێر دەستی دەربچێت.

ئەم پێوەندییە ئەوەش نیشان دەدات کە جۆیس باوکێکی زۆر بە سۆز بوو بۆ کچەکەی، لە نێوان ساڵانی (١٩٣٠) تاکو (١٩٣٥) نزیکەی ٢٤ دختۆری بە کچەکەی کرد، ١٢ سستەری بۆ گرت و لە باشترین نەخۆشخانەکانی چارەسەری دەروونی نواندی بە پارەی ئەو کات دە هەزار دۆلاری تێچوو کە بە پارەی ئەمڕۆ دەکاتە بیست هەندە و زیاتر.

لە بارەی نەخۆشییەکەی لوسیا، شلۆز قسەیەکی پڕ بە پێست دەکات دەڵێ: لوسیا ئافرەتێکی کەللەڕەق بوو، بۆ هیچ کەسێ دایندەهینا، ژیانی کۆمەڵایەتی پێ فشە بوو، لە هیچ دەسەڵاتدارێک نە دەترسا، هەروەها دەڵێ: ئەو سەردەم بۆ ئەو جۆرە ئافرەتانە لە بار نەبوو، ئەوسا دەبوو کچ بەگوێی باوک و دایک و برای بکات و لە ژێر دەسەڵاتیان دەرنەچێت. جا لەبەر ئەوە، ئافرەتانی وەکو لوسیا بەشێت حسێب دەکران، خوو و ڕەوشتیان بە جۆرە نەخۆشییەک دەهاتە بەرچاوی خەڵک.

خەستەخانەی دەروونی، ئەو کات وەک بەندیخانەیەک بوون، مرۆڤی مێشک دروست لە ناویاندا شێت دەبوو، ڕۆژانە، تا چەند سەعاتێک نەخۆش لە ژوورێکی کۆنکریتی بێ پەنجەرە دەبەسترایەوە، هەروەها بەردەوام موراقەبەی لەسەر بوو، لوسیا لە چەند نامەیەکیدا بە تەواوەتی ئەو بارودۆخە ڕوون دەکاتەوە.

جۆیس لەو باوکانە نەبوو، واز لە کچی بهێنێ، کە جەنگی دووەمی جیهانی دەستی پێکرد، لوسیا لە خەستەخانەیەکی دەروونی لە پاریس کەوتبوو، جۆیس لە ڕادەبەدەر هەوڵی دا و ئەوەی لە دەستی هات کردی تا کچەکەی ڕاکێشێتە سویسرا. دەیزانی نازییەکان کوشتنی ئەو جۆرە نەخۆشانەیان پێ ڕەوایە، بەڵام مردنی جۆیس لە (١٩٤١/١/١٣) نەیهێشت ئەو هەوڵ و ئاواتەی بێتە دی.

جۆیس بە جووڵانەوە سیاسییەکان چ پێوەندییەکی نەبوو، بەڵام ڕۆمانەکەی Finnegans Wake دەخرێتە خانەی بەرەنگاریی سەخت و دوژمنی گەورەی

نازیبیەت و فاشیبیەت هەرچەندە ئەم دوو زاراوەیە لە ناو ڕۆمانەکەدا نییە، جۆیس جۆرەها زمان تێکەڵ دەکات، جۆرەها کولتور لێک تەبا و دۆست دەکات جۆرەها ڕەگەز لەگەڵ یەک ئاوێتە دەکات، ئەمجۆرە پرۆژانە بەلای نازیبیەت و فاشیزم تاوانێکی گەورە بوو.

دروشمەکانی هیتلەر و مۆسۆلینی لە ئایدیۆلۆژیایەکی ڕەگەزپەرستانەوە هەڵدەقوڵان، بە پۆلیس کردنی زمان بوو، سنووردانان بوو لە سەر کولتوورەکان و گەلانی جیهان، مەبەستی جۆیسیش لەو ڕۆمانەی، سنوور و دەسەڵات شکاندنە.

نزیکەی دە ساڵ بە نووسینی ئەم ڕۆمانەوە خەریک بوو، ئەو ماوە درێژە ناخۆشترین کات بوو بۆ لوسیا، هەروەک جۆیس خۆی دەڵێ: «لەمن زیاتر لوسیا متمانە بە کەس ناکا و تەنیا من لە قسەکانی دەگەم» ئا لەو ساڵانەی ئاماژەپێکراودا، جۆیس دەرفەتی نەبوو لەگەڵ لوسیا گەڕان و سووڕان بکات. لە دڵەوە لوسیا ئەو بارودۆخەی پێ گران بوو، بە گوێرەی قسەکانی شلۆز: لەو دە ساڵەدا، جۆیس ببووە بەندەی ڕۆمانەکەی، کاتی نەمابوو تا بۆ لوسیا تەرخانی بکات بەڵام بەبێ کچەکەی ئەو نووسینەی بۆ نەدەکرا.

واتا، لوسیا سەرچاوەی ئیلهامی بوو. شلۆز بەم شێوەیە باسی گرنگی هونەریی لوسیا بۆ جۆیس دەکات: «ئەو کەسی ڕووناکیت دەداتێ، پێغەمبەری بینین، ئەوەی لە جێگەی تاریک ڕێگات نیشان دەدات.»

ئا بەم شێوەیە شلۆز لە کۆتاییەکەی Finnegans Wake دەدوێ: واتا باوکێک (جۆیس) پڕ بە دڵ هەوڵ دەدات بۆ یارمەتیدانی لە نووسینی ئەو ڕۆمانە سوپاسی کچەکەی بکات، کۆتاییەکە بەم شکڵەیە: «ئای چەند خۆشحاڵ دەبی، کە دەزانی من تۆم بەخەبەر هێنا، ئای چەند هەستت خۆش دەبێ، هەتا هەتاییێ».

هەر چەندە لوسیا لە ساڵی (١٩٨٢)وە مردووە، بەڵام شلۆز تا ئێستا هەر بە دووردرێژی لەو پێوەندییەی باوک و کچە دواوە.

سوودێک لە سوودەکانی ئەم کتێبە ئەوەیە، وامان لێدەکا کە نووسینەکانی جۆیس دەخوێنینەوە، لە ناویاندا گوێ بۆ دەنگی لوسیا قوڵاغ بکەین، لەمەودوا ئەم پرسیارە لە لێکۆڵینەوەکانی جۆیس دەبێتە پرسیارێکی سەرەکی:

ئایا ئەگەر لوسیا نەبوایە، جۆیس چ جۆرە هونەرمەندێک دەبوو؟

پێش ئەوەی کتێبەکەی شلۆز دەربچێت، ئەوانەی کە جۆیسیان خۆش دەویست، لوسیایان بەلاوە ئەوەندە گرنگ نەبوو، بەڵام جۆیس خۆی ئاگاداریان دەکات، بۆ ئەو هیچ کەسێک بە قەد لوسیا گرنگ نەبووە، جۆیس وەسفی Finnegans Wake کرد بە (شەوێکی تاریک) زۆرجار بەخۆی دەگوت ئەم تاریکیە کۆتایی بێ، لوسیاش چاک دەبێتەوە.

بە پێچەوانەی ئەو کەسانەی لوسیاسیان پێ شێت و نەخۆش بوو، جۆیس بە چاوێکی یەکجار جیاواز تەماشای کچەکەی دەکرد. لە نامەیەکی دوور و درێژدا کە لە کتێبەکەی Richard Ellmann دایە، جۆیس بۆ Miss Weaver دەنووسێ:

«ئەم منداڵە هەژارە شێتێکی شێت نییە، ئەم منداڵە هەژارە تەنیا ویستوویەتی زۆر شت بکا، زۆر تێبگات.»

لە بارەی یۆنگەوە، باوک و کچ هەمان ڕایان هەبوو، لە نامەیەک بۆ باوکی لوسیا دەنووسێ: «ئەم پیاوە قەڵەو و زەبەلاح و هێسکگران و پارەپەرستەی سویسری، دەیەوێ دەستی بگەینێتە ڕۆحمەوە».

کە لە خەستەخانەکەی یۆنگ بوو لە شاری Zurich، لوسیا هەندێ شیعری بە ئیتاڵی نووسیبوو، یۆنگ داوای لە جۆیس کرد، تەرجومەیان بکات، بەلای یۆنگەوە، شیعرەکان ئەوە نیشان دەدەن، کەوا مێشکی لوسیا ئێجگار ئاڵۆزە، بەڵام بە لای جۆیسەوە ئەو شیعرانە باشترین بەڵگەن کە کچەکەی زۆر چاک لە هونەر دەگات، بەڵام جارێ سەردەمەکەی ئامادە نییە بۆ هونەرەکەی، یەکێک لە هەرە برادەرەکانی جۆیس بە ناوی پۆل لیون (Paul leon)ە ئەم بۆچوونە ئاشکرا دەکات:

«جۆیس تەنیا بڕوای بەیەک کەس هەیە، ئەویش لوسیایە، هەر شتێک دەڵێ یان دەنووسێ بۆ جۆیس وەک ڕێبەرێک ڕێگا پیشان دەدات.»

جۆیس لە نزیک کۆتایی هاتنی ژیانی، بۆ مس ویڤەر دەنووسێت:«خەڵک باسی کاریگەریی من لەسەر کچەکەم دەکەن، باشە ، ئەدی کاریگەریی ئەو لە سەر من؟»

لە ئەنجامی کۆتاییەوە، وا دیارە لە زۆر ڕووەوە باوک و کچ وەک یەک وا بوون بەتایبەت لە باری هونەرییەوە، دنیا هەر تەنیا بە وشە دەهاتە بەرچاوی هەردووکیان، هەردووکیان ژیانی ڕۆژانەیان پێ باشترین سەرچاوەی هونەری بوو.

لە بۆ برادەرایەتی، ییتس W.B.Yeatsحەزی دەکرد مرۆڤەکە ئۆروستوکراتی بێ، بەرناردشۆ حەزی لە مرۆڤی بەزار و خاوەن زمان دەکرد، بەڵام جۆیس و لوسیا حەزیان لە مرۆڤی ساکار و بێ توانا و بێ پارە دەکرد، بەتایبەت

ئەوانەی کــۆمـــەڵە پایەیەکی نزمی بۆ دانابوون، وەک سـەرخــۆش و قــەردار و درۆزن و ئەو تەرزە کـەسـانـە، بەلایانەوە تەنیـا ئەوانە لە ژیان دەگـەیشتن، هەروەها بە لایانەوە، جوانی و ناشیرین، خاوێنی و پیسی، زیرەکی و تەمبەڵی، پێویستن بۆ دەوڵەمەندکردنی ژیان، لە ئیتاڵیا جـــۆیس برادەرێکی هەبوو بە ناوی Livia Svevo پرچی زۆر ڕەش و لوول بوو، کــە پێـــیـــان گـــوت، لە Finnegans Wake دا جۆیس دەنووسێ زێی Liffey لە دبلن لە جـــوانیـــدا زۆر بە پرچی تۆ دەچێ. ئەم ئافرەتە لەخۆشییان خەنی بوو، بەڵام کە پێیان گوت، جــۆیس دەڵێ لەناو ئەو زێیــە جـــوانە دوو ژنی هەژار و چڵکن و سـەرخـۆش مـەلەوانی دەکـەن، ئەم ئافرەتە ئەو قسەیەی گەلێک پێ ناخۆ شبوو، ئا بەم شێوەیە جۆیس و لوسیا لە ژیان دەگەیشتن: زێیەکە جوانە، بەڵام پیسیشی تێـدایە، هەیکەل و مـێـشکی ئادەمـیـزاد سـەرچاوەی جوانین، بەڵام لە هەمان کاتیشدا سەرچاوەی ناشیرینی و ناخۆشین، ئیتر ئەمە ژیانە.

**سەرچاوەکان:**


Blamires, Harry. The New Bloomsday Book: A Guide Through Ulysses. London: Routledge.

Ellmann, Richard, James Joyce. Oxford: Oxford University Press, 1982.

Gifford, Don, and Robert J. Scidman, Ulysses Annotated. Berkley: University of California Press, 1988.

Jockson, John and Brenda McGinlcy, James Joyces Dublin: An Illustrated Edition. New York: St. Martins, 1993

Ulysses, New York: Random House, 1986.

Scholes, Robert, The Crafry Reader. New Haven: Yale University Press, 2001

Shloss, Carol Loeb, Lucia Joyce: To Dance in the Wake. London: Bloomsbury, 2004

# ڕۆژژمێری چاڵدێران و دۆکیومێنتێک بۆ قووڵکردنەوەی تاکخوازی

## خوێندنەوەیەک بۆ چیرۆکی (ڕۆژژمێری چاڵدێران)ی کاروان کاکەسوور

**ئیسماعیل حەمەئەمین**
**(ئەڵمانیا - نورنبێرگ)**

مێژووی چاڵدێران ئەو چیرۆکە نییە کە سەرەتایەکی کلاسیکی هەبێت بۆ ئەوەی بەدوای وردەکارییەکانی مێژوو و یەکلاییکردنەوەی بەڵگەنامە مێژووییەکاندا بگەڕێین و بەهانەیەک بدۆزینەوە بۆ لێرەبوونی خۆمان، لەنێوەندێکدا بۆ ئەوەی کەوانەیەک بەخۆمان ببەخشین لەنێو تۆمارکردن و دۆکیومێنتکردندا، نەخێر، بەپێچەوانەی ئەمانەوە، چیرۆکنووس (کاروان کاکە سوور) مێژوویەک دەخاتە نێو تاڵە نەشمیلەکانی گێڕانەوەیەک، بەجۆرێک، خوێنەر هەست دەکات (شەڕی چاڵدێران) ڕووداوێکی ناسک بووە و سرووشی بووژاندنەوەی چەندین تۆن و ڕەنگ و هەستی سێکسواڵین، وەک ئەوەی کارەساتێکی مێژوویی بووبێت. کاروان لەم چیرۆکەیدا مێژوو لە ڕووداوێکی خوێناوییەوە پەلکێش دەکات بۆ نێو مامەخولەکانی خەون و دنیای وردی شتەکان و ڕەنگەکان، بۆ نێو دنیایەکی دیکە بە چەندین سەدەی غەمبار لە مێژووی شەڕی چاڵدێران دوور دەکەوێتەوە.

**بازنەیەک لەنێو بازنەیەکی دیکەدا**

ئەم ڕۆحە سەیرانەی چیرۆکەکە لەنێو جومگەیەکی مێژوویی، ڕووداوێکی مێژوویی ئاوەهادا خۆیان درێژ دەکەنەوە، بیناکارییەک پێکدەهێنن لەسەر بینای ڕووداوێکی دیکەی وەک چاڵدێران، بیناکاریەک لەنێو بیناکاریەکی دیکەدا، گێڕانەوەیەکی ئاشکرا لەنێو گێڕانەوەیەکی شاراوە و پەنهاندا، بازنەیەک لەنێو بازنەیەکی دیکەدا، ڕەنگێک لەنێو تۆنی ڕەنگێکی دیکەدا. ئەم تەکنیکە (بیناکاری لەنێو بیناکاری) جۆرێکە لە تەکنیکی چیرۆکنووسینی کاروان کە دوورە لە سەپاندنی مانای ئاشکرا و دیار و زەق بەسەر خوێنەر و ڕووبەری گێڕانەوە. ئەم تەکنیکە دوورە لە ڕستەی خوتبەدان لەسەر حیسابی فیگوری چیرۆکەکان، دوورە لە لێسەندنەوەی گێڕانەوە لە دەستی فیگۆرەوە بۆ نێو دەستی گێڕەرەوە، بەشێوەیەک کە چیدی ژیان لەنێو دەقدا نەمێنێت، بەگشتی ڕووداو نەبێت بەقەد ئەوەندەی ڕستەی خیتابی هەبێت لەبارەی سێکس و چەپاندن و فەلسەفەی ژیان، بەبێ ئەوەی ڕووداوێکی پڕ جووڵە هەبێت، بەقەد ئەوەندەی ڕووداوی کز و لاواز هەن بۆ چوونە نێو ئەبستراک و خوتبەدان و فانتازیای بێ سەروبن. ئەم تەکنیکەی کاروان دوورە لەم دێڕانەوە کە سەپاندنی مانایە بەسەر خوێنەر لەسەر حیسابی ڕووداو. بەهیچ شێوەیەک (ڕاستەوخۆخوازییەک) هەست پێناکەین، کە مانای ڕاستەوخۆ بخاتە دەستی خوێنەرەوە، بەڵکو لەسەر بنەمای گێڕانەوەی یەکەم، گێڕانەوەی دووەم و لێکدانەوەی دووەم دەست پێدەکات، ئەمەش پێکهاتەیەکە لە بیر و تێڕامان و تارمایی دووەمی کەسەکان کە لە پشت ڕووداوەکانەوە دەجووڵێن، بیرکردنەوەی خۆیان و جیهانبینی خۆیان درێژە پێدەدەن.


کاروان عومەر کاکەسوور

دەتوانم بەتایبەت لەبارەی ئەم چیرۆکە بڵێم کە تەکنیکی چیرۆکەکە جۆرێکە لە یارییەکی (ئادگار ئالان پۆ)ی لە تێکەڵکردنی ڕیالستی بە نهێنییەکانی مەسەلەیەک، هەر لە سەرەتاوە چیرۆکنووس ڕایەڵەکانی بۆ ڕاکێشاوە و خوێنەر دەتوانێت هەڵبژاردنی هەبێت لە (شێوەکانی خوێندنەوەی) چیرۆکەکە، یا ئەوەیە تەنیا چێژ لە ڕووداوەکان و جووڵە و چارەنووسەکان دەبینێت، یاخود دەتوانێت قووڵتر لە چیرۆکەکە ڕامێنێت و نهێنییەکانی بدۆزێتەوە، ئەم تەکنیکە هەڵبژاردنمان دەداتێ لە خوێندنەوەدا، ئەمەش خەسڵەتێکی گشتی چیرۆکەکانی (کاروان)ە کە خوێنەر دوور دەخاتەوە لە ڕووبەڕووبوونەوەی یەک ستایل و چوارچێوەی گێڕانەوە و یەک دیواری مانا، سەربەستی دەدا بەخوێنەر بۆ ئەوەی بیخوێنێتەوە و خوێنەر خۆی ماناکان بدۆزێتەوە، بەبێ ئەوەی پابەستمان بکات بە هیچ دنیابینییەکی تایبەت و حازر بەدەست، بەبێ ئەوەی لەنێو تەمومژاوییەکی بێ سەر و بنیشدا گێژمان بدات، دیارە ئەمە لەبەر ئەوە نییە کە چیرۆکنووس توانای ئەو خوتبە ڕۆشنبیریانەی نییە، کە ئەمڕۆ لە زۆر چیرۆکدا هەستی پێدەکەین. تەواو بەپێچەوانەوە، کاروان لە ڕۆشنبیرییەکی ڕۆماننووسانەیەوە حەز ناکات خۆی جیهان بفەلسەفێنێت، بەڵکو جیهانەکان دەخولقێنێت بۆ ئەوەی فیگۆر و خوێنەرەکان لەو نێوەندەیدا بفەلسەفێنن.

## مێژوو وەک ڕۆحێکی بریندار

ئەو پرسیارەی کە خوێنەر لەگەڵ یەکەم خوێندنەوەیدا دەیکات ئەوەیە: ئایا بە هەقیقەت ئەم چیرۆکە ڕوویداوە، یاخود لەنێو فانتازیایەکەوە سەرچاوەی هەڵگرتووە کە ڕۆحێکی برینداری کوردییە و دەیەوێت گێڕانەوەی چیرۆکەکان لە شێوازێکی دیکەدا بخاتە ڕوو، بەجۆرێک هیچ پێوەندییەکی ئۆرگانی بە(چاڵدێران)ەوە نییە، جگە لەو ڕاڕەوە هێمن و پڕ هیوا و زایەندە خۆشنوودییە زیندەخەونانە نەبێت کە چیرۆکنووس بۆ ئێمەی ڕاکێشاوە؟!، یاخود ئەم چیرۆکە بۆ ئەوەیە کە لە یەکلاکردنەوەی گرێ مێژوویییە ناسیونالییەکانمان دوورکەوینەوە و بەشێوەکی دیکە لە کەنار مێژوو ڕابوەستین بەبێ ئەوەی شەپۆلەکانی ڕاپێچی خۆمان بکات؟!.

لەو بڕوایەدام ئەم چیرۆکەی کاروان یەکێکە لەو چیرۆکانەی لەپشتییەوە ڕۆحێکی برینداری مێژوویی کوردی ڕاوەستاوە کە نایەوێت مێژوو یەکلاکاتەوە بۆ ئەوەی پێناسەی خۆی بکات، بەڵکو مێژوو هۆکارێکە بۆ گەڕانەوە بۆ خود، بۆ سوبێکت، بۆ خودێکی تاکڕەوخواز. مێژوو (بابەتێکە) بۆ قووڵکردنەوەی (سوبێکت/ خود)، بابەتێکە بۆ قووڵکردنەوەی خودخوازی، مێگەلخوازییەکی دۆکیومێنتکراوی مێژوویییە، نەک بۆ ئەوەی بوونی خود بسەلمێنێ، نەخێر، بەڵکو بۆ ئەوەی خود زیاتر تەنیاتر و ئیندیڤیدوالتر و تاکڕەوخوازتر بکات. ئەو ئیندیڤیدوالییەت و تاکڕەوخوازییەی لە گوڵبەهارەوە بیگرە تاوەکو پاڵەوانی چیرۆک و گێڕەوەی سەرەکی و باوکی مێژوونووس و دایکێکی نیمچە عەیار و ئاشق، هەموویان چەندە لەنێو ئەو ڕووداوە مێژوویییەدا دەسووڕێنەوە، چەندە بەنێو فەلەکەکانی مێژووی چاڵدێراندا دێن و دەچن و هاوبەشی یەکتری دەدۆزنەوە، بەهەمان ئاستیش لە یەکتری دووردەکەونەوە و تاکڕەوی خۆیان قووڵتر و سامناکتر دەبێت.

تێکستەکە مێژوو لە هۆشمەندییەکی مێگەلییەوە، لە هۆشمەندییەکی کۆلێکتیڤی (جەماعی)یەوە دەکاتە هۆشمەندییەکی تاکڕەوخواز و ئیندیڤوال، ئەمەش کێشەبەندی و ئیشکالییەتی ئیستاکیکی و جوانکاری چیرۆکەکەیە، بە کردنی مێژوو لە شانازییەکی ناسیونالیستییەوە کە ئەقڵی جەماعی، هۆشمەندییەکی مێژووی کۆلیکتیڤی پێ موتوربە دەکات بە هۆشمەندییەکی بێگانە و دەرەکی و بەدەر لە خودی ڕێڕەوی مێژوو خۆیەوە. دیارە ئەمەش سیحری ئەدەب و

ئیستێتیکای باڵای هونەری گێڕانەوەیە، بە کردنی مێژوو بە جەستەیەکی دیکەی جیاواز لەوەی هەیە و ڕووتکردنەوەی لە هەموو ئەو وردەکارییانەی کە مێژوونووسان (ڕۆحی میللەتانی) پێدەپارێزن، بە مێژوویەک تاکڕەوییەت و خەونی تاکەکەس قووڵ بکاتەوە و ڕووداوەکان لە چەندین ڕەهەندی دیکەدا خۆیان ڕەنگاڵە بکەن، بەشێوەیەک کە هیچ نەمێنێتەوە، جگە لە مێژوویەک کە لە تێکستەکەی (کاروان)دا هۆکارێکە بۆ چوونە نێو تایبەتەوە، لەجیاتی ئەوەی وەک ئەوەی باوە مێژوو ڕەهەندێکی کۆمەکگیری بدات بەتایبەت و، تایبەت و تاک بخاتەوە نێو مێگەلی کۆمەڵایەتییەوە!. بەپێچەوانەی ئەمەوە کاروان لە چیرۆکەکەیدا چاڵدێران لە کتێبەکانی مێژوو و پرسیاری گەورەی ناسیونالیستەوە دەگۆڕێت بۆ چەندین گەردوونی پڕ گێژەن کە تەنیا تاک و خەونی تاک، خەونی گوڵبەهار و مێیینەی گێڕەوەی نێو بارەکان و برای گەڕاوە لە شاخەکانی پڕگوناهە و تاوان گەڕاوە و باوکی گۆشەگیری مێژوونووسی پڕ ڕقی شاراوە، کە دەیەوێت هەموو وردەکارییەکانی ژیان ببیستێت، بەبێ ئەوەی لەگەڵیاندا بژی، هەموو ئەمانە گەردوونەکانی تەنیایی ئەو تاکڕەوییەن کە خەونە جیاوازەکانیان لە چەند ڕووداوێکدا یەک دەگرنەوە و بەریەک دەکەون، بەشێوەیەک کە بەریەککەوتنێکن تێکەڵی یەکتر نابن، بەڵکو تەنیایی و گۆشەگیریی و لەدواجاریشدا تاکڕەوخوازی یەکتری قووڵ دەکەنەوە.

## مێژوو لە دەرەوەی هەبووی گشتی

مێژوو لەم تێکستەدا چیدی کارەساتێک نابێت لە دەرەوە خۆی پاڵخستبێت، خۆی لەنێو ڕابردوویەکی تۆمارکراودا بوونی هەبێت، چیدی مێژوو کۆمەڵایەتیش نییە، بۆ کۆمەڵ و بۆ میللەتیش نییە، بۆ ئەوە نییە ئێمە بتوانین بڵێین : ئاها ئێمە لێرە بووین!، نەخێر بەپێچەوانەی ئەمانەوە مێژوو دەبێتە کردەیەکی ناوەکی، ناتۆمار و نابەڵگە و نادۆکیومێنت، مەبەستیشمان لە بەکارهێنانی وشەی (نا) ئەوەیە، کە تۆمارێک هەیە، دۆکیومێنتێک هەیە، ڕستەیەکی مێژووی زەق هەیە لە بیرەوەری کۆمەڵایەتیدا، بەڵام فیگۆرەکانی نێو چیرۆکەکە هەموویان لە هەوڵی دانانی ئەو (نا) و نێگەتیڤکردن و ڕەتکردنەوەیەدان لەسەر شێوەی خۆیان، هەر وەک ئەوەی بیانەوێت مێژوو ببەستنەوە بە ڕابردووی خۆیان، بەشێوەیەکی دیکە قسان بکەم، بەدەستی ئەنقەست بیشێوێنن، بە مانای لە (نا مێژووییەتیدا) شێوەبازی بکەنەوە.

## مێژوو وەک جومگەیەکی مێیینایەتی

ئەوەی ناونیشانی چیرۆکەکە دەخوێنێتەوە (ڕۆژژمێری چاڵدێران) چاوەڕێی دوو وێنەیە، یەکەمیان ڕووداوێکی پەیوەستدار بە چاڵدێرانەوە، دووەمیشیان فیگۆرێکی سەرەکی نێرینە کە لەو ڕووداوەدا یاری خۆی کردبێت. تێکستەکە ئەو هەموو نێرخوازییەی ئێمە تێرناکات بەپێچەوانەوە هەموو چاڵدێران لەنێو گێڕانەوەیەکی مێیینەدا چاوەڕوانییەکانی ئێمە نشوست پێدێنێت، بەوەی چاڵدێران لە ڕووداوێکی بچووک و چەند ڕستەیەکی پچڕ پچڕ و وێنەدا بوونی هەیە، بەڵام ڕووبەری تەواوی چیرۆکەکە داگیر ناکەن، گەر هاتوو لاوەکیش نەبێت، بە بەراوردکردن بە گێڕانەوەی هەموو پاڵەوانانی چیرۆکەکە، چیدی ئەو مێژووە ئەو لووتبەرزی و شکۆمەندییەی نامێنێت کە لە خوێندنەوەی مێژوویيدا پیاوە بۆزەکانی سیاسەت و مێژوو، وەک بەشێک لە لووتبەرزی پیاوەتی (نێرایەتی) باسیان لێوە کردووە، بەڵکو دەبێت بەگێڕانەوەیەک لەنێو گێڕانەوەی مێیینەکانی دیکەدا، دیسانەوە گێڕانەوەیەک لەنێو گێڕانەوەیەکی دیکە لەبەردەمماندا قووت دەبێتەوە!!، بەم شێوەیە گوڵبەهار و مێیینەکانی دیکە وەک پێشبڕکێی چیرۆکنووسین بۆ ئازاد بوون!، بۆ باڵەفڕەکردن باس لەو ڕۆژژمێرە سەختە دەکەن، چیرۆکەکە ئاوەها دەست پێدەکات [من، ئەگەر لە (٢٣)ی ئابی (١٥١٤) لە شەڕی چاڵدێران، لە باکووری ڕۆژهەڵاتی دەریاچەی (ڤان)دا بەدیل گیراوم، ئەوا پیاوانی ئاسایشی سەفەوی بە زۆر لەگەڵ دەیان ژنی دیکەدا ڕاپێچی ئەوێیان کردبووم...]، سەرەتایەکی جوانە و سەرنجڕاکێشەو لەڕووی گێڕانەوەشدا یەکەم زانیاریمان پێدەبەخشێت، بەڵام بە تەنیا وشەیەک گومانێک دەجووڵێنێت، چیرۆکنووس (ئەگەر) بەکاردەهێنێ، وەک گریمانەیەک، بەڵام گریمانەیەکە بۆ گومانکردن لە سەرجەم ڕووداوی سەرەکی چیرۆکەکە، بەمانایەکی دیکە، گومانکردنە لە هەموو، لە هەموو شتێک لە مێژوودا بوونی هەبێت، گومانێکە کە تەنیا مێیینە دەتوانێت بیخاتە نێو ڕووبەرە وەستاوەکانەوە، گومانێکە لە هەموو ڕووداوەکان، مادامەکی هەموو شتێک گریمانەیە، گریمانەیەکە جێگەی قامچییەکانی ئەو زەمەنەش گەواهی ڕاستی ڕووداوەکانن، بەڵام مێیینە جەستەی خۆی لەلا گرنگترە وەک لە ڕووداوە گەورەکان، وەک سەلماندنی ڕاستییە مێژووییەکان کە پابەندن بەگوتاری نێرینە، بۆنی لەشی لە

لا گرنگترە لەو هەموو شکۆ زەبەلاحانەی بەسەر تەوەرەکانی ناسیونال و نەتەوە و کوردایەتیدا تێدەپەڕن و دنیای هەبوو پڕ دەکەن لە هوتاف و هەلهەلە و مووبەرزبوونەوەی شکۆمەندییە بەسەرچووەکان، مێیینە بۆ ڕاگیرکردنی هاوسەنگی دنیا بۆنی بنبالّی خۆی، لێکردنەوەی گەندەمووەکان، هێشتنەوەی گۆرەوییە سپییە تەنکەکان بە پاکی، گۆرەوییە ئاوریشمینە تەنکەکان بە توندوتۆڵی، پارێزگاری کردن لە ڕەنگی جلەکان وەکو خۆی، لەلا گرنگترە لەو هەموو شکۆمەندییە نێرخوازییەی مێژوو دەیبەخشێت بە جیهان. فیگۆری سەرەکی چیرۆکەکە دەیتوانی کاتی خۆی نیشانەکانی شەڕی چاڵدێران کە جێماوەکانی بە لەشییەوە ماون، نیشان بدایە، بۆ سەلماندنی ڕاستی چیرۆکەکانی، بەڵام ئەو سەلماندنە ناکرێت لەسەر فاتورەی جەستەی تەڕی مێیینەیی خۆی بێت کە وەک بەڵگەنامەیەک سەیردەکرێت نەک وەک جەستەیەکی مێیینە، کە ئەمەش سەختترین کارە بۆ مێیینە کاتێک وەک مێ تەماشا نەکرێت. لایەنێکی دیکەی کێشەبەندی فیگۆری چیرۆکەکەی کاروان ئەوەیە کە بەبێ بوونی خۆشەویستی و ئەشق و حەزکردن لە جەستە، مێیینە ناتوانێت خۆیت نیشان بدات، سەرنج بدە هاوڕێی خوێنەر تەنانەت سۆزانییەکانیش حەز ناکەن بەتەواوەتی خۆیان ڕووت بکەنەوە لەبەردەم ئەوانەی کە خۆشیان ناوێن!!، یاخود هەست بکەن ڕووتبوونەوەیان لێدانێکە لە جەوهەری مێیینەییەکەیان، هەر بۆیە دوای تێپەڕبوونی ساڵەکان و چرچبوونی پێست و ئیشکبوونەوەی جەستەی مێیینەیی، فیگۆری چیرۆکەکەی کاروان دەیەوێت خۆی بۆ مێژوو ڕووت بکاتەوە، چونکە مێژوو دوا ڕستەیە کە مێیینە خۆی پێوە خەریک بکات، نەک لەبەر ئەوەی مێیینە مێژووگەرا نییە، نەخێر، بەڵکو مێیینە نایەوێت مێژوو بەبێ جوانکارییەکانی ژیان و جەستە و بۆن بچێتە نێو یاری ڕاستکردنەوەی حەقیقەتەکانەوە، ئەمەش هاوسەنگ نەکردنەوەی جیهانە کە مێیینە بەو شێوازەی خۆی ئەنجامی دەدات.

لە چیرۆکەکەدا کاتێک جەستە نیشان دەدرێت کە چیدی جەستەی ئاڵۆشی تەماشاکاران و چاودێرانی بەندیخانەکە تێر ناکەن، ئەوانەی وەک مێژوونووسان وەهان شارەزان لە پشکنین و ڕاستکردنەوەی بەڵگە و دۆکیومێنت و حوکمدان بەسەر چیرۆکەکاندا بەپێی پێوەرێکی تایبەت کە خۆیان هێڵە سەرەکییەکانیان بۆ کێشاوە، دەتوانن بە سەربەستی ئەو مێژووەی چاڵدێران ببینن بەسەر جەستەیەکەوە کە چیدی تەمەن سنوورەکانی مێیینە و نێرینەی پێنابەخشێت، چیدی گرنگ نییە ڕووتبوونەوە لەبەردەم مێژوو مادامەکی جەستەی مێیینە لە ڕووداوەکاندا بەسەر تەنافەکانی زەمەندا ئیشک بۆتەوە.

تێکستەکە گومانە لە مێژوونووسان کە خۆیان بە پارێزەری چیرۆکە مەزنەکان تێدەگەن، گومانە لە هەموو چیرۆکێک نێزیک بێت لە نێرایەتییەوە، هەروەک چۆن مێژووی کوردی گوتارێکی نێرینەیە و پابەستە بە گوتاری مێژوویی شکۆمەندی مێژووییەوە، هەروەک هەموو نێرێک چیرۆکی زاڵی خۆی هەیە و خۆیشی گێڕەرەوەی سەرەکی چیرۆکەکانی خۆیەتی، ئەمەش ئەم قڵپکردنەوە ئیستاتیکەمان لە کێشەبەندی چیرۆکەکە بۆ دەردەخات، کە نێرایەتی لە مێژوو دەستێنێتەوە، دەیتوێنێتەوە، دەیکات بە پاشکۆی گێڕانەوەی ئەو مێیانەی کە دەیانەوێت چیرۆکی خۆیان بنووسنەوە، نەک لەبەر ئەوەی خەمێکی دیکەی مێژووییان هەیە، بەڵکو دەیانەوێت چیرۆکی مێژوو بخەنە نێو مامەخولەی وردەکارییەکانی خۆیانەوە، مێژوو ڕووت بکەنەوە لە چیرۆکی نێرینەی خۆی.

### گوتارێک بۆ لەبیرچوونەوە

لایەنێکی دیکەی جوانی ئەم تێکستە ئەوەیە کە ڕەهەندێکی دیکەی مێژوومان پێدەبەخشێت، ئەویش ڕەهەندی لەبیرچوونەوەیە، بەچەمکی نیچەییانە قسە بکەم (نامێژووگەرایی unhistorisch )، نیچە لە کتێبی (لەبارەی سوود و زەرەدەکانی مێژوو لە ژیاندا)، هەستی مێژوویی بە هەستێکی باڵای مرۆڤ تێدەگات، بەسادەیی بدوێین بە جیاکارییەکی گەورەی تێدەگات لەنێوان مرۆڤ و ئاژەڵ، هەر لە سەرەتای کتێبەکەیدا نیچە نووسیویەتی : «سەرنجی ئەو مێگەلە بدەن چۆن دەلەوەڕێت، بێئاگا لە دوێنێ و بێئاگا لە ئەمڕۆش..»ل٧

فریدریک نیچە: لەبارەی سوود و زەرەدەکانی مێژوو لەژیاندا. دەزگای چاپی ڕیکلامی ئەڵمانی
Nietzsche, Friedrich. Von Nutzen und Nachteil der Historie fur das Leben. Reclam 1999.

بیرەوەری و گەڕانەوە بۆ ڕابردوو ساتەوەختی گرنگی مرۆڤە لەگەڵ ژیاندا، بوون لەنێو ڕابردوودا لەبیرنەکردنی ڕابردوو، گەڕانەوەیە بۆ ئیرادەیەک دەیەوێت شوێنی خۆی لەم دنیایەدا دیاری بکات، بەڵام هەر نیچە لە نموونەی ئەو مێگەلەوە ئاگادارمان دەکاتەوە لە (کاوێژکردنەوەی

ڕابردوو) و نووسیویەتی: (مرۆڤێک بەردەوام مێژووگەر بێت، تەنیا لەنێو مێژوودا بژی، وەک ئەوە وایە زۆر لەخۆی بکات کە نەخەوێت، وەک ئاژەڵێکە بەردەوام تەنیا خەریکی کاوێژکردنەوەیە..)، یاخود (ئەم بێداری و نەخەوتنە لە پلەیەکدایە، کە کاوێژکردنەوەی هەستی مێژووی هەموو زیندەگی و ژیانەوەیەک تێکوپێک دەشکێنێت و وێرانی دەکات، لەوانەیە ئەوەی کە وێرانی دەکات مرۆڤێک، یاخود میللەتێک، یاخود کولتوورێک بێت...) ئەی نیچە چی لێمان دەوێت، دەیەوێت ئێمە لەنێوان ڕابردوو و ئێستادا چی بکەین بە مەرجێک ژیان لەنێو هەردووکیاندا جۆرێکە لە سەندنەوەی ئیرادە لێمان، نیچە دەڵێت: [ئاوەها دەکرێت ئێمە بەبێ یادەوەری بژین، بەڵێ بەختەوەر دەژین وەک ئەوەی لە مێگەلدا بینیمان، موستەحیلە ئێمە بەبێ لەبیرچوونەوە بژین]. ئەم دوو هێزە هێزی لەبیرکردن و هێزی یادەوەری، هێزێک دەدەن بە کولتووری میللەتان کە نیچە لەژێر ناوی (هێزێکی پلاستیکی) پێناسەی دەکات بەوەی [مرۆڤ، یاخود میللەتێک، یاخود کولتوورێکە کە توانای ئەوەی هەیە هێزێک لە خۆیدا کۆبکاتەوە و پەروەردەی بکات کە ڕابردوو و نامۆ و ناوازەکانی نێو خۆی، ڕیفۆرم بکاتەوە، بیگۆڕێت و بینای بکاتەوە، برینەکان سارێژ بکاتەوە و دۆڕانەکان قەرەبوو بکاتەوە و فۆرمە تێکشکاوەکان جارێکی دیکە فۆرمولە بکاتەوە..]، بەمانایەکی دیکە نیچە دەیەوێت بڵێت کە کولتوور و میللەتان (لەکاتی خۆیدا ڕابردوو لەبیر بکەن و لە کاتی خۆیشیدا بیریان بێتەوە/ بەهەستێکی غەریزەیی پێویستەوە، بزانن کەی مێژووگەرا «historisch» دەبن و کەیش نامێژووگەرا «unhistorisch» دەبن ..) هەمان سەرچاوە.

ئەم دەقەی ئێمە باسی لێوەی دەکەین گوتارێکە بۆ لەبیرچوونەوە لەڕێگەی وەبیرهاتنەوە، مێژووگەرایەکە بۆ نامێژووبوونی دنیای کوردی، ئەم دەقە دەیەوێت هەموو شتێک لەبیربکەین، نەک لەبەر ئەوەی لەبیرکردن لە خودی خۆیدا ئامانجێکی ئەم دەقە بێت، بەڵکو لەبیرکردن گەڕانەوەیەکە بۆ خودی مرۆڤیمان، ئەو خودەی هەمووان لە ڕووداوە گەورەکاندا ونی دەکەین، کاتێکیش دەبێتە ڕابردوو، ئەوسا لەکاوێژکردنەوەیدا ئەوەشمان لێدەستێنێتەوە کە ماوەتەوە لە خودی تاکخوازی مرۆڤیمان، ئادۆرنۆ گوتەنی (ئەو تاکخوازیە درەنگە، ئەوەش ژەهراوی دەکات کە لە تاکخوازیدا /ئیندیڤیدوالیزمدا ماوەتەوە ...)

ئادۆرنۆ: مۆراڵە گچکۆکەکان. چاپی سورکامپ -The-odor w. Adorno Minima Moralia. Sv 1998.

ئەو کۆدانەی لە پشت جوانکارییەکانی ئەم دەقەوە وەستاون، هەوڵدانێکە بۆ لەبیرکردن، بۆ ئەوەی خودی مرۆییمان بدۆزینەوە، بۆ ئەوەی لەنێو کەلێن و پێچەکانی مێژوودا ون نەبین، ئەوەی کە مێژوو لێمان دەستێنێتەوە، لە ڕێگەی چیرۆکەکانی خۆمانەوە جارێکی دیکە بیسەنینەوە.

لەبیرکردنی ڕابردوو مانای ژیانە بە گەوجانەترین شێواز، لە هەمان کاتیشدا کاوێژکردنەوەشی دەمانگەیەنێتە ئاستی تێکوپێک شکاندنی کولتووری مرۆییمان، لەنێوان ئەم دوو هێزەدا چیرۆکی خۆمان و گێڕانەوەی چیرۆکەکانمان وەک بوونێکی خاوەن ئیرادە و خەون ئەو هاوسەنگییە ڕادەگرێت کە لەنێوان لەبیرچوونەوە و کاوێژکردنەوەدا یاری شەیتانی خۆی دەکات، بە مانایەکی دیکە دۆزینەوەی تاک و دوورکەوتنەوەی بەچەندین هەنگاوی ئەقڵانی لە قەرەباڵغییەکان (مێژوو/ ناسیونالیەت/ خێڵ/ جەماوەرخوازی/ حزب و پارتە سیاسییەکان/ کۆمەڵە نەقابی و کۆنگرەکان/ ئاهەنگە پڕ موجامەلەکان ...تاد)، ئەم دوورکەوتنە هۆشمەندخوازییە دۆزینەوەی خودی نووسینە کە تەنیا لە تاکڕەوخوازی خۆیدا دەتوانێت بنووسێت و خەون ببینێت و ڕابردوو شیتەڵ بکاتەوە بۆ سەر ئەو وردەکارییانەی لە قەرەباڵغییەکاندا لەبیردەکرێن.

گوتاری تاکخوازی لە سەرێکەوە لە ڕێگەی مێژوویەکەوە (چاڵدێران) خۆی وەدەردەخات، بەوەی هەموو ئەو مێژووە و ڕووداوی بەدیلگرتنەکان، هۆکارێکن، فێڵێکن بۆ هاروژاندنی چیرۆکی تاکەکان، بۆ ئەوەی تاکخوازی و خەونی خۆیان بدۆزنەوە.

### کلاسیکییەتی چیرۆکنووس

ئەوەی ئەم خوێندنەوەی بۆ ئاسان کردین ئەوەبوو، کە ئێمە لەبەردەم چیرۆکنووسێکی بەتوانای خاوەن خەیاڵێکی ئێجگار دەوڵەمەندین بە خوێندنەوەکانی، لەهەمان کاتیشدا ڕەگداکوتانی چیرۆکنووسە بەکوردی نووسینەوە، کوردی نووسینێک بە زمانێکی تەواو جیاواز و تایبەت، لەهەمان کاتیشدا کە ئەمەش خاڵێکی سەرنجڕاکێشە لە نووسینەکانی کارواندا، ئەوەیە، کە ئەم لە ناواخندا ترادیسیۆن و کلاسیکییەتی هونەری چیرۆک گێڕانەوەی پاراستووە، بە مانا (ت. س. ئیلیەت)ەکەی کلاسیک وەک ترۆپکی پێگەیشتنی ڕۆحی زمان، لەنێو ئەودا لەڕێگەی هۆشمەندییەکی ئێجگار باڵادا خۆی

پێگەیاندووە، کلاسیکێک کە ڕێگە بەخوێنەر دەدات لێکدانەوەی خـــــــۆی هەبێت، لە ڕێگەی ئەو پەیوەستگیرییەی چیرۆکنووس بە هونەرەکانی گێڕانەوەی کلاسیک، بە ناوەرۆک و بابەت و کێشەبەندی سەرەکی چیرۆک، گێڕانەوەی ئەمانە بە زمانێکی تایبەتی پڕ ئیستێتیکاو وشەی تازە و یاری تەکنیک بەبێ ئەوەی سەرمان لێ بشێوێت، ئەمانە هەمووی هۆکاری تێگەیشتنێکن کە لە دواجاردا خوێنەر ئازاد دەکات بۆ چێژلێبینین و تاووتوێکردنی ناوەرۆکەکان و کەسەکان، ڕێگە دەدات تێکست ئاشکرا بێت بۆ بەخشینی سەربەستی خوێنەر، چاکتر وایە بڵێم بۆ زیاتر قووڵکردنەوەی تاکخوازییەکی پۆزەتیف لە خوێنەردا.

گوتاری تاکخوازی، گوتارێکە چیرۆکنووسەکانی نەوەی جەنگ ئاشکرای دەکەن، بەپێچەوانەی چارەکە سەدەیەک لە بەمێگەلکردنی مرۆڤی کورد لە ڕێگەی ئەدەبێکی خراپەوە، کە تەنیا ئەرکی بەجۆشدانێکی هەرزان بوو لەسەر حیسابی وردەکارییە مرۆییەکانمان. لەسەر لیستی لەبیرکرنی خود بوو لە ڕێگەی کاوێژکردنەوەی شکۆی مێژوویەکی تەمومژاوی و بەسەرچوو. لەسەر لیستی ونکردنی هەموو خەونێک لەژێر بەهانەی خەونە مەزنەکان، لەسەر وێری لەبیرکردنی خودێکی ئازاد و ئیندیڤیدوالییەتێکی تێڕاما و لە جیهاندا بوو، بەمەش بەتەعبیری ئادۆرنۆ نەک هەر تاکخوازی ژەهراوی دەکات، بەڵکو خودی مێژوو و مێژووگەراییش بەرەو تێک و پێکشکاندن پەلکێش دەکات.

**تێبینی:** دەقی چیرۆکی «ڕۆژژمێری چاڵدێران» لەم سایتە بڵاوکراوەتەوە:
www.roshenbere.4t.com

**سەرچاوەکان:**

(١) کاروان کاکەسوور: ڕۆژژمێری چاڵدێران. ماڵپەڕی ماڵێک لە ئاسمان ٢٠٠٤.

(٢) فریدریک نیچە: لەبارەی سوود و زەرەرەکانی مێژوو لە ژیاندا. دەزگای چاپی ڕیکلامی ئەڵمانی .
Nietzsche, Friedrich. Von Nutzen und Nachteil der Historie fuer das Leben, Reclam.

(٣) ئادۆرنۆ / مۆراله گچکۆکەکان. چاپی سورکامپ
Theodor w. Adorno Minima Moralia. Sv 1998.

# هەور و مانگ

**دەق: عادل حەیاوی**
**ڕەخنە: ڕەهبەر مەحموودزادە**
**و/ لە فارسییەوە: سلێمان دڵسۆز**
**(کوردستانی ئێران)**

## هەور و مانگ

هەورەکان بە پەلە بە پێش مانگدا ڕەت دەبوون. کوڕیژگە چاوی لە مانگ بڕیبوو.

– دایە مانگ بۆ دەڕوات؟

– چووزانم، حەتمەن دەیهەوێ ڕۆژ ببێتەوە ئیتر، زوو کە بخەوە.

کوڕیژگە ماوەیەک بێدەنگ بوو:

– دایە خوا گەورەترە، یان مانگ؟

ژنەکە کە خەو توانای قسە کردنی پێنەهێشتبوو، بە بێتاقەتییەوە گوتی:

– ئاشکرایە ئیتر، خوا.

ئەمجارە کوڕیژگە وەک بڵێی شتێکی گرنگی دۆزیبێتەوە بە پەلە پرسی:

– ئەی بۆ مانگ دەبینرێ بەڵام خوا نابینرێ؟

– چونکە خوا گەورەیە چووەتە ئاسمان.

– ئەدی بۆچی داوای هەرچی لێدەکەم نامداتێ؟

ژنەکە کە ئیتر خەو سواری سەری ببوو لە ژێر لێفەکەوە خۆی خزاندە باوەشی مێردەکەیەوە و دوا وشەکانی بە دەنگێکی نەوی هێنانە سەر زمان:

– لەوانەیە گوێی لێنەبووبێ، توندتر داوای لێبکە با گوێی لێبێ.

کوڕیژگە لە ژێر لێفەکە هاتە دەرێ و لە گوێسوانەی بانەکە نیزێک بۆوە، ڕووی کردە مانگ و لە کاتێکدا کوڵەگرووی لە ئەوکێ مابوو هاواری کرد:

– خوایە ... بابم بۆ بێنەوە ماڵێ.

* * *

لە جێدا کورتیلەچیرۆک (چیرۆکی مینی ماڵ)، فەلسەفەی کورتەچیرۆک تووشی قەیران دەکا. بە وتەیەکی دی کورتیلەچیرۆک بەم فۆرم و چڕی و شێوە داڕشتنە تایبەتەیەوە، لە سنوورە ناسراوەکانی ژانری کورتەچیرۆک دەترازێ و پانتاییەکی تر لە توانستەکانی ژانری چیرۆک بە ڕووی ئێمەدا دەکاتەوە. ئەو قەیرانە جددییە لە گۆورانی ئەم پرسیارەوە دەست پێدەکا کە ئەگەر بکرێ گشت ڕەگەزەکانی کورتە چیرۆک لە کورتیلەچیرۆکێکدا چڕ بکرێنەوە و هەموو مەرجەکانی سەرکەوتوویی دەقێک وەک: ئەدەبییەت، تەئویل هەڵگری، نووسەرانە بوون بە مانا بارتییەکەی، چێژبەخش بوون و... تادی تێدا دەستەبەر بکرێ، ئەدی فەلسەفەی هێشتنەوە و کار کردن لە سەر دیالۆگی درێژ، فەزاسازیی بەربڵاو و داڕشتنی دوورودرێژ لە کورتە چیرۆکدا چییە؟

ئەگەر وتەی ئەو ڕەخنەگرە ژێهاتی و چیرۆکناسە ڕاست بێ کە: «بە بڕوای من دەکرێ هەموو ڕۆمانێک بکەیتە کورتە چیرۆک یان شیعر» ئەودەم لەگەڵ پرسیارێکی جددی و دڵەڕاوکەهێنەری تردا بەرەوڕوو دەبین کە پاساوی خۆ

خەریک کردن بە چەشنەکانی تری جگە لە کورتیلەچیرۆک دەخاتە گومانێکی جددییەوە.
بەم شێوەیە دەبینین ئەگەر ئێمە ڕێسا چەسپیوەکانی بواری کورتە چیرۆک وەکو پێوانە چاو لێبکەین، دەبێ کورتیلەچیرۆکان وەک دەقی قەیراناوی لەبەر چاو بگرین، قەیراناوی بەو مانایەی کە نیشانەکانی ترازان لە ڕێسا ناسراوەکانی ژانری کورتەچیرۆکی بە بەربلاوی تێدا بەدی دەکرێ. کەوابوو بە پێی دیدێکی تا ڕادەیەک زێدەڕۆیانە دەبێ بلێین بۆ چوونە ناو هەرێمی کورتیلەچیرۆکان لە جێدا دەبێ بە ئامرازی جیاواز و تێوری بەوەجتر خۆ تەیار بکەین. بەر لە هەر شیکردنەوە و ڕاڤەیەک لەو بارەوە با پێکەوە ئەو دوو چیرۆکە بخوێنینەوە:

**چیرۆکی یەکەم:**

**شەو**

کە هاتەوە ژووری خەوێ گوتی: «ئەزیزم، وریا بە، گوللەی لەبەردایە.»

پالێی بە تەختەی ژوور قەرەوێلەکە دا: «بۆ ژنەکەت کڕیوە؟»

«نا، هەر وا بە ڕێکەوت کڕیم. کەسێکی حیرفەیی بۆ دەگرم.»

«من چۆنم؟»

دەنگێکی وەدەر نا: «زۆر زیرەکی بەڵام کامە کەر ژنێک بە کرێ دەگرێ تا پیاوێکی بۆ بکوژێ؟»

لە جاسووسەوە چاوی تێبڕی و بە زمان لێوی تەڕ کرد:

«... ژنی تۆ.»

**جیفری ویتمۆر – کورتترین کورتە چیرۆکەکانی دنیا**

پیاوێک کە وەک حەریفێک و فاسقێ لەگەڵ ژنێکدا خەوتووە، دوای ئەوەی کەیفونەهەنگی خۆی لەگەڵ دەکا، تێدەگا ئەو ژنە کە لای ئەو ڕۆڵی هەرزە و سۆزانییەک دەگێڕێ، بکوژێکە کە لە لایەن هاوسەرەکەیەوە بەکرێ گیراوە تا ئەو بکوژێ.
ئەو زەربە کاریگەرەی کۆتایی چیرۆک لە زەینی خوێنەری ڕادەکێشێ لە ڕۆڵی دووفاقی ژنەکەوە سەرچاوە دەگرێ. لە ڕاستیدا غافڵگیری و موفاجەئەکە لە لاچوونی دەمامکی ژنەکە و دەرکەوتنی ڕووی ڕاستی ئەوەوە دێ کە خوێنەر پێشتری پێشبینی نەدەکرد: ئێستا ئەم باوەڕ کردنەی خوێنەر لە گەڵ باوەڕ کردنی کەسایەتی داهێزاوی پیاوی چیرۆکەکەدا بەراورد بکەن تا دەرکەوێ کە ئەو گۆڕانی ڕۆڵ و لاچوونی دەمامکە چەندە دەتوانێ غافڵگیرانە بێ.

**چیرۆکی دووەم:**

**کارەسات**

«ڕجینالد کۆک» پێش ئەوەی «سیسیل نۆرت وود» بخوازێ سەری سێ ژنی خواردبوو.

پێی گوت: «کارەساتگەلی دڵتەزێن بوون.»

سیسیل وڵامی دایەوە: «زۆر جێی داخە، ساماندار... بوون؟»

ڕجینالد گوتی: «ساماندار و جوان.»

مانگی هەنگوینیان لە کێوەکانی ئالپ ڕابوارد.

دواترێ سیسیل بە مێردە تازەکەی گوت: «دەزانی ئەزیزم مێردی یەکەمم لە کارەساتێکی دڵتەزێنی شاخەوانیدا کوژرا؟»

جاستین مارلۆ وەڵامی دایەوە: «زۆر جێی داخە.»

**مارک کوهن – کورتترین کورتە چیرۆکەکانی دنیا**

دیسان ڕووبەڕوو بوونەوە، یان بە وتەیەکی لەبارتر تێکبەزینی دوو دیمەن، بۆ چەند ساتێ سەری خوێنەر دەتاسێنێ و تامی غافڵگیری پێدەچێژێ.
لە دیمەنی یەکەمدا دیالۆگی نێوان ژن و مێردێک کە تازەیان زەماوەند کردووە و مانگی هەنگوینیان لە کێوەکانی ئالپ ڕابواردووە، هاتووە. دیمەنی دووهەم لە قسەکردنی هەمان ژنەوە دەست پێدەکا بەڵام پیاو، پیاوێکی ترە. پیاوی یەکەم لە هەمان دیمەنی یەکەمدا کوژراوە. بە دەستی کێ؟ بە دەستی هەر ئەو کەسەی لە بارەی ساماندار بوونی هاوسەرەکانی پێشووی پیاوی یەکەمەوە پرسیار دەکا، واتە کەسایەتیی ژنی چیرۆک: سیسل نۆرت وود.
نامەوێ ئاماژە بە لێکچوونی پێکهاتەی ئەو دوو چیرۆکە بکەم. خوێنەر هەر زوو ئەو لێکچوونانە دەدۆزێتەوە. دەمەوێ ئەنجامگیرییەک بخەمە بەر شیکاری کە دواتر هەر لەم وتارەدا، سەنگی ئەنجامگیرییەکە دەکەوێتە بەر گومان و بنەما تیۆرییەکەی جێگای خۆی دەدا بە تیۆرێکی تر لە بارەی کورتیلەچیرۆکانەوە.
بە پێی تیۆری یەکەم، جوانی و بەهێزیی Flash fiction یان کورتیلەچیرۆک لە هاوزەمانیی گرێ تێخستن و گرێ کردنەوە یان هاوزەمانیی هەڵکشان و داکشانی چیرۆکدایە.
لە چیرۆکدا لەقتەیەک، ئەویش لە کۆتایی چیرۆکدا، پرۆسەی هاوسەنگیی چیرۆک تێکدەدا و هەمان لەقتەش ڕۆڵی هاوسەنگکەری گەڵاڵە (Plot) وەئەستۆ دەگرێ.

ئەو باسۆک (مفصل)ە گێڕانەوەییە جیاوازانەی کە تۆدۆرۆف وەک باسۆکی پێکهێنەری هاوسەنگی و ناهاوسەنگی لە گەلاڵەیەکدا پێناسەی دەکا، لە کورتیلەچیرۆکدا هاوکات دێن. بە پێی ئەم بۆچوونە چۆنیەتیی تێکپەسرانی ئەو چیرۆکانە، بەو شێوەیە دادەنرێ کە یەکەم: کورتیلەچیرۆک لە جیاتی چەند گەلاڵەی بەرودوا تەنیا یەک گەلاڵەیان هەیە.دووەم: هەر ئەو تاقە گەلاڵەیەش لەبەر ئەوەی دوو پاژە سەرەکییەکەی لە یەک پاژدا جێ کردۆتەوە، چڕتر و تێکپەسراوترە.

ئەو تیۆرەی سەرەوە دەشێ تا ڕادەیەکی زۆر لە ڕاستییەوە نێزیک بێ، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا گەلێ کورتیلەچیرۆکی وا هەن کە لەبەر تێکپەسراویی زۆریان، لەجێدا خاوەنی گەلاڵە یان هەڵکشان و داکشان نین و چەمکی غافڵگیری نایانگرێتەوە. هەر لەم چیرۆکی «هەور و مانگ»ە دا هەر چەندە لەگەڵ چەشنێک غافڵگیری لە دەرکەوتنی ئازاری کەسایەتیی منداڵی چیرۆکەکە لای خوێنەر بەرەوڕووین، بەڵام لە ڕاستیدا دەبێ دانی پێدابنێین کە ئەم چەشنە چیرۆکانە، شتێکی جیا لەو جۆرە غافڵگیرکردنەیان تێدایە.

لێرەدا دەمەوێ پەنا ببەمە بەر پێناسەیەک کە «ئاندرێ بریتۆن» لەبارەی چەمکی وێنە یان ئیماژەوە دەریبڕیوە. بریتۆن دەڵێ: «ئەگەر لە ڕووبەڕوو بوونەوەی دوو شت (دوو وشە، دوو ڕستە، دوو حاڵەت و... تاد)دا کردەی سێیەم بخوڵقێ بەوە دەڵێین وێنە.»

فەلسەفەزان و ڕەخنەگرێکی ئێرانی لە شیکردنەوەی تیۆرەکەی بریتۆن-دا دەڵێ: «وتەکەی بریتۆن لە دوو تەلی کارەبا دەچێ کە کاتێ بەریەک کەون، بە هۆی جیاوازیی بارەکەیان ئاورینگێکیان لێهەڵدەبێ. ئاندرێ بریتۆن بەو ئاورینگە دەڵێ «پرشنگی وێنە»، لە کاتێکدا ئەگەر دوو تەل ئەلکترۆنیان پێنەبێ وەک دوو کوچکە بەرد یان دوو تەڵاشە دار کە بەر یەک بکەون سارد و بێدەنگ دەمێننەوە و هیچ کردەی سێیەمیان لێ دروست نابێ. دەکرێ ئەمە لەگەڵ دوو یەکەی کەلامیدا بەراورد بکرێ کە لە شیعرێکدا - یان لە بەرهەمێکی جگە لە شیعر دا/ لە ڕووبەڕوو بوونەوە دا نەتوانن فەزایەکی نوێ و چەمکێکی لە دەرەوەی بوونی خۆیان بخوڵقێنن.

بۆ بەدیهێنانی تیۆری دووەم لەمەڕ کورتیلەچیرۆکانەوە دەکرێ بۆچوونی ئاندرێ بریتۆن بکەینە بنەما. کورتیلەچیرۆک زیاتر هەڵگری وێنەیەکن کە پرشنگی وێنەیان لێ بەرز دەبێتەوە. پرشنگێک کە لە تێکبەزین و ڕووبەڕوو بوونەوەی دوو دیمەن، دوو قسە یان دوو حاڵەت پەیدا دەبێ و گەلێ جار ئەو تێکبەزین و ڕووبەڕوو بوونەوەیە جۆرە غافڵگیرییەکیش بەرهەم دێنێ. دەکرێ تیۆری یەکەم بخەینە نێو تیۆری دووەمەوە. بەو مانایە کە هەندێ جار ڕووبەڕوو بوونەوەی دوو کردەی کەلامی دەتوانێ ببێتە هۆی هاوزەمانیی هەڵکشان و داکشان یان گرێ تێخستن و گرێکردنەوە لە چیرۆکدا.

باشیی ئەم ڕایە یەکەم: لە هەمەگیر بوونیدایە و دووەم: لە ئاشکرا کردنی ئەو ڕۆڵەدایە کە کورتیلە چیرۆک بۆ لێک نیزیک کردنەوەی دوو بواری شیعر و چیرۆک لە ئەستۆیدایە، چونکە هەروەک دەزانین وێنە یان ئیماژ بابەتێکە کە زیاتر لە بواری شیعردا باسی لێدەکرێ، ئێستا هەمان بابەت لە بارەی چەشنێک چیرۆکەوە بەکار دەهێنرێ، لە ئەنجامدا دەکرێ ئاماژە بە دوو جۆر وێنە، واتە وێنەی شاعیرانە و وێنەی داستانیی بکەین کە بنەمای هەردووکیان یەک شتە. کەوابوو دەتوانین بڵێین یەکێ لە بەهێزترین ئامرازەکانی دەرخستنی بەهێزی و لاوازیی کورتیلە چیرۆکێک، دەسنیشانکردنی هەڵبوون یان هەڵنەبوونی ئەو پرشنگەیە کە بریتۆن باسی دەکا. ئەم چیرۆکەی خوارەوە پرشنگێکی وای لێهەڵدەبێ:

«خۆی و دایکی بوون، تاک و تەنیا. حەفتەیەک بوو مام حاجیی گەڕەک ڕووی خۆشی پێشان دەدا. ڕۆژێک کە لە خەو هەستا دیتی بووەتە کوڕی مام حاجی.»

بەڵام لە چیرۆکێکی تری هەر ئەم نووسەرەدا پرشنگێکی وا نابیندرێ. با پێکەوە وەیخوێنین:

«گوتی: خۆشم دەوێی، کچۆڵەکە پێکەنی. گوتی: دایکم حەز دەکا ببی بە بووکی. کچۆڵە دیسان پێکەنی. گوتی: سوار بە با گەشتێک لێبدەین. کچۆڵە سوار بوو. سبەینێ بە پەنا کچۆڵەدا تێپەڕی بێئەوەی هیچ بڵێ. ئاخر دایکی کوڕە پار مردبوو.»

لە چیرۆکی مانگ و هەور دا دوو بەشی بەرودوای چیرۆکەکە بە شێوەیەکی کاریگەر ڕووبەڕووی یەکتر دبنەوە و پرشنگێک لەو ڕووبەڕوو بوونەوەیە لە دەقەکەوە هەڵدەبێ. بەشی یەکەم لە دەسپێکی چیرۆکەوە تا سەرەتای ئەم دێڕەیە: «کوڕیژگە لە ژێر لێفەکە هاتە دەر و لە گوێسوانەی بانەکە نێزیک بۆوە.» بەشی دووەم لەم دێڕانە پێکدێ: «ڕووی کردە مانگ و لە کاتێکدا کوڵەگرووی لە ئەوکێ مابوو هاواری کرد: خوایە... بابم بۆ بێنەوە ماڵێ.»

سەرەنجام ئەم دوو یەکە کەلامییە، کردەی سێیەم دەخوڵقێنن. کردەیەک کە ئێوە دەتوانن بە هەستی خوێنەر لەو کەشفەی دابنێن کە چۆن نەمانی باوک، کوڕەکە

سەراسیمە دەکا.
بەم حاڵەوە چیرۆکی هەور و مانگ بە دەست دەردێکەوە دەناڵێنێ کە لە ڕاستیدا زۆربەی چیرۆکە مینیماڵەکان تووشی دەبن، ئەویش دەردی ساکاریی و ناتەکنیکی بوونە. بەو مانایە کە هەر ئەو کاتەی چیرۆکنووس پێی وایە توانیویە پڕشنگی وێنەکە هەڵبکا، چیرۆک تووشی مەیین و ڕاوەستان دەکا و ئیتر لەو مەودا بەرتەسکەدا دەرفەتی کاری تەکنیکی و وردەکاری لە دەست دەدا.
هەرچەندە چیرۆکنووسی داهێنەر و بەتوانا لەو مەیدانە بەرتەسکەشدا گەلێ جار کاری تەکنیکیی خۆی دەکا.
دەتوانین ئاماژە بە چیرۆکێکی «میترا ئیلیاتی» لە کۆمەڵەی «مادمازێل کەتی» بکەین. بە هەڵکەوت تێمی چیرۆکی «دەمێنینەوە لە ناو تاریکیدا»ش هەمان مەزموونی چیرۆکی «هەور و مانگ»ە.
منداڵێک کە باوکی خۆی نەماوە لەگەڵ دایکی و زڕباوکیدا دەژی، بەڵام هەلێکی فۆرمیک کە چیرۆکنووس دەیقۆزێتەوە بریتییە لەوەی جامێکی وێنە (قاب) دەکاتە بگێڕەوەی چیرۆکەکە، جامی وێنەی باوکی منداڵەکە کە لە ژووری خەوتنی مناڵەکەیە. بەکارهێنانی ئەم تەکنیکە، سەرلەربەری پێکهاتەی چیرۆکەکە تووشی ئاڵوگۆڕ دەکا:
«کە دەرگە دەکاتەوە، ڕووناکی دەڕژێتە سەر پەتۆی کوڕەکەمان، کە دێتە ژوور، هەمان کراسی پەمەیی پۆشیوە، کە چاویشی بە مێزە شووشەییەکە دەکەوێ، دوگمەکانی دادەخاتەوە... مێردە تازەکەی لە دەرەوەڕا بانگی دەکا: «دیسان چیت لێهات؟» لە پەنا تەختەکە دادەنیشێ. لەبەر مێزە شووشەییەکە چاوم لێدەکا، وێنەگر گوتبووی: تکایە زەردەخەنە...
چاو لە کوڕەکەمان دەکا، دەنوشتێتەوە تا پەتووەکەی ڕێکوپێک بکات. قژی دەڕژێتە سەرشانی. ئینجا چراکە دەکوژێنێتەوە و دەڕوا. دەمێنینەوە لە ناو تاریکیدا.»
کەوابوو وەک دوامین و گشتگیرترین دەرەنجام دەتوانین بڵێین کورتیلەچیرۆکی سەرکەوتوو چیرۆکێکە کە بتوانێ پڕشنگی وێنە لە ڕووبەرێکی تەکنیکی و هونەریدا هەڵبکا. چیرۆکی هەور و مانگ ئەم پڕشنگە هەڵدەکا بەڵام لە چوارچێوەیەکی ساکار و تا ڕادەیێ ناتەکنیکیدا.

**سەرچاوە:**

حەفتەنامەی مێرگژان، ژمارە١، پیرانشار، خەرمانانی١٣٨٣، ل٥



# نامەکانی مەسعوود محەمەد

ئا: حەکیم کاکەوەیس
(سوێد)

**(١ – ٣)**

ئەگەر نووسەر بمرێ دەمرێ، ئەگەر لە نووسین کەوت دەمرێ، ئەگەر خۆی سووک کرد دەمرێ، ئەگەر ڕای خۆی بفرۆشێ دەمرێ، ئەگەر دووڕوویی کرد دەمرێ و ئەگەر جنێوفرۆش بێ دەمرێ. خۆ ئەگەر لە یەکێ لەمانەدا، جگە لە حاڵەتی یەکەم، نەمرد، دەبێ خوێنەران بیمرێنن، دەنا بەخۆیان دەمردن.

**«مەسعوود محەمەد»**

**پێشەکی**

کاتێ لە ژێر داروپەردووی شۆڕشی جوانەمەرگی ئەیلوولدا ڕاست بوومەوە و بە ناچاری ملی خۆبەدەستەوەدانم دا، وەک بەرخە کۆرپەیەکی بێ دەرەتان و بێ پشتوپەنا، کە بە دوای قەساب و گورگدا بگەڕێ، ئاوها کون بە کون بە دوای پارچە کاغەزێکی ئەمنی بەعسییەکاندا دەگەڕام، کە ناوی من و وشەی (عائیدوون)ی لەسەر نووسرابێ تا بیکەمە بەڵگەی خۆبەدەستەوەدان. تا ئەو بەڵگەنامەیەم بە دەست هێنا، کە خۆی لە خۆیدا ئەوپەڕی سووکایەتی بوو، هەزار سووکایەتی ترم پێ کرا و تا ئەوپەڕی زەلیلبوون زەلیل کرام: "ها! تو شەرەفت چەند کەست لە لاوانی عیراق کوشتووە؟... شەرمت نەکرد دوای پیاوانی ئەمەریکا و ئیسرائیل کەوتی؟... تۆ لای خۆت شادەت هەیە!... مەمنوون بە عەفوو کراوی!"

قەت نەمگوت کەسم نەکوشتووە و یەک وشەم نەگوت ویژدانم ئازارم بدا، ئەوەی لای ئەوان بەکرێگیراو بوو، بۆ من قارەمان بوو. ئەوەی لای ئەوان پیاوکوژ بوو لای من شۆڕشگێڕ بوو. خۆزگەم دەخواست پێشمەرگەی بەرەی شەڕ بوایەم و هەزارانم لێ کوشتبان، یا پلە و پایەم لە شۆڕشدا هێند بەرز بوایە، بۆ تێکشکاندنی بەعس و لەشکرە داگیرکەرەکەی و سەرچاوە داراییەکەی دەستم لەگەڵ شەیتانیشدا تێکەڵ کردبا. لەوەی کردبووم پەشیمان نەبووم، بەڵکو لەوەی نەمکردبوو پەشیمان بووم. ئەم بۆچوونەشم بەس بوو بۆ ئەوەی ببێتە پاکانە بۆ هەرچییەکی سەرکردەی کورد دژی عیراق کردبوویان.

ئەو دەمە هێشتا خەتێک لە بەرەی چەپی کورد مەستی پێکهەڵدان و ئاهەنگی تێکشکانی شۆڕشی میللەتەکەی خۆیان بوون(!!) و بە تەما بوون بەری ڕەنجی خۆیان لە بەعس وەرگرن. وەک کاردانەوەیەکی کارەساتەکەیش، خوێندەوارانی کورد بە تیژی بەرەو چەپگەرایی بایاندابۆوە و نەتەوایەتی و بەعسایەتییان لە لا وەک یەک بوون و گوێیان بە قرچەقرچی سووتانی دەروونی نەتەوەییەکان نەدەدا و گوێیان بەوەش نەدەدا کە بەعس داگیرکەر و چەوسێنەر بوو و نەتەوەی کوردیش سووتاوی ئازادی بوو. ڕووت دەکردە هەر کتێبخانەیەکی بەغدا پڕ بوو لە کتێبی مارکسی و بەرەی مارکسیزم بە باڵە هەمەڕەنگەکانیەوە. بەڵام ئەوەی من عەودالی بووم و بە دوایدا دەگەڕام، نە کەس تاقیبی دەکرد نە باوی هەبوو. نەک هەر ئەوە، بگرە لای زۆرینەی ڕۆشنبیرانی ئەو دەمە، ئەو بابەتە بیرکردنەوەیە کەوتبووە مۆزەخانەوە و ببوو بە ئەنتیکەی سەر ڕەفتەکانی هۆشیان. تەنانەت پێشکەوتنخوازی و چینایەتی و چەپایەتی لە بیری مەحوی و حاجی قادری کۆیی و ئەحمەدی خانیشدا، بە دۆزم دۆزم دەدۆزرانەوە و بە ڕووی کوردایەتیدا دەدرانەوە. وای کە هەستم بە تەنهایی دەکرد!. ئەو کوردە چەپانەی کە وەک من لە پرسەی شۆڕشدا بوون و کۆستیان کەوتبوو، وەک ژیلەمۆ لە کلێپەسەندندا بوون و بە ڕاستی قارەمانانە کەوتبوونە خۆ، ئەگەرچی لە لایەن سەرەوەی خۆیانەوە زۆریان بە گورگانخوارد دران و بەم دواییە هێندێ فایلی ڕەشی ئەو دەستبڕانە ئاشکرا بوون و خودا دەزانێ چەند فایلی ڕەشی شاردراوە ماوە تا بەگرتدان و بەئیعدامکردن و ئاشکراکردنی ڕێکخراوەکان لە قاو بدرێن و بۆ هەموو کورد ئاشکرا بێ ئاخۆ کێ هەڵۆ سوورەکانی بەغدای بۆ بەعس ئاشکرا کرد!. مارکستە خەمخوارەکانی ئەو دەمەم خۆش دەویستن و دڵم پێیان دەکرایەوە، بەڵام لە ڕووی باوەڕەوە پێکەوە نەدەگونجاین... خەفەتم دەخوارد: دوژمنی بەعس بوون و ئاگری بەرهەڵستکاری لە ناخیاندا هەڵ ببوو، کەچی پێکەوە هەڵمان نەدەکرد... من لە دیدی ئەوانەوە کۆنەپەرست بووم و کۆنەپەرستێکی وەکی منیش لە هیتلەر و مۆسۆلینییەوە نێزیک بووم نەک لە ستالینە پەریزادەکەی خۆیانەوە!. ئەوانیش لای من لە ڕووی باوەڕەوە ڕەدوو کەوتبوون و لە بری کوردایەتی، کاریان بۆ کرێکارانی عیراق دەکرد و هۆی دوژمنایەتییان بۆ بەعسییەکان، ئەوە بوو کە بۆرژوا و ڕەگەزپەرست بوون و بۆ منیش عیراق و بەعس داگیرکەری وڵاتەکەم و پێشێلکاری مافی نەتەوەکەم بوون. بە لای منەوە مەترسی چەپ لە سەر کورد، لە مەترسی داگیرکردنەکە کەمتر نەبوو. ئەو شێوازە چەپایەتیە داگیرکردنی هۆش و نەفس و ناخی مرۆڤی کورد بوو و لەگەڵ زەلیلبووندا ڕایدەهێنا.

لەو بارودۆخەدا ئاشنایەتیم لەگەڵ بەرهەمەکانی مامۆستا مەسعوود محەمەددا پەیدا کرد و خۆرێکم لە تاریکستانەکانی کارەساتدا لێ هەڵهات. ئێدی دەستم بە چمکی بیری ئەو مامۆستا مەزنەوە گرت و ئەویش پەکی بەوە نەدەکەوت ئەگەر هەموو دنیا دژی بیرکردنەوەی بوایە. باوەڕم پتەو بوو کە مەرج نییە زۆرینە ڕاست بن... بەڵکو پێچەوانەی ئەمە لە ڕاستییەوە نێزیکترە. بەرهەمەکانی ئەو زاتە بوونە دوورگەیەکی نەجاتدەر لە زەریایەکی شەوەزەنگ و تۆقێنەری ورەبەردان و لادان و خلیسکاندا بەرەو چەپایەتی و بەعسایەتی و ورەبەردان و هەرەسهێنان.

هەر لەو سەروبەندەدا ئاشنایەتیم لەگەڵ برادەرانی

(پاسۆک)یشدا پەیدا کرد و لە نیسانی ١٩٧٦دا بۆم مۆر کردن و بووم بە ئەندامیان. ئەوانیش کەمایەتییەکی تر بوون و بە لامەوە ڕاست بۆ مەسەلەکان دەچوون. ڕێنماییان دەکردم: (کاژینامە بخوێنەوە!... مامۆستا مەسعوود محەممەد... شیعرەکانی حاجی قادری کۆیی... ئەحمەدی خانی... داغستانی من...)

هەرچەندە خەرمانی بیری کوردایەتی لە ئاست دەریای کتێبی ئیزم و ئیستی چەپ و بەعسدا بچکۆلە بوو، بەڵام مامۆستا مەسعوود کۆڵی نەدا و منیش دەستم بە چمکی بیرکردنەوەی ئەوەوە گرتبوو و کۆڵم نەدەدا. جگە لەوەش، برینی تێکشکان لەوە بە سوێتر و بە ئازارتر بوو بتوانم فەرامۆشی بکەم و بە هەتوانی خوازراوەی ناواقعی تیماری بکەم.

مامۆستا مەسعوود محەممەد لەو دەمەدا دیاردە بوو... لە زمانی کوردیدا دیاردە بوو... لە عارەبیدا دیاردە بوو، لە سەر ئەوانەشەوە لە بواری فکردا بە هەق بیرمەند بوو. ئێستاش ڕۆشنبیرانی کورد لە ئاستیدا کەمتەرخەمن و پێدەچێ هێشتا کاتی ئەوە نەهاتبێ بتوانن بواری بیری ئەو ببڕن... بەڵام هێندێ گروگاڵی ساوایانەش بە ناوی ڕەخنەوە ئاراستەی کرا. کێشەی ئەو نەمرە ئەوە بوو کە کورد بوو، بۆیە هێندەی ڕۆشنبیری کورد غەدریان لێ کرد، سیاسەتمەدارانی کورد زیاتریان پێ کرد و ئەوەش هەر فیتی ڕۆشنبیران بوو. سیاسەتمەداران و فەرخە فەیلەسووفە کوردەکان پێیان هەرس نەدەکرا کورد بیرمەندی نەتەوەیی هەبێ و ئاوازی چینایەتییان لێ تێک بدا!.

زەمان وەرسووڕا و لە هەندەران گیرسامەوە. بەڵام هەر تێنووی بەرهەمەکانی ئەو مامۆستایە بووم تا لە سەرەتای ساڵی ١٩٩٣دا یەکەم نامەم بۆی نارد. بە ترس و دوودڵییەوە نامەکەم نووسی. لە لایەکەوە دەترسام بەعسییەکان لێی بپێچنەوە و پرسیاری من و نامەی منی دوورەدەستییانی لێ بکەن، لە لایەکی ترەوە دەترسام حەوسەڵەی وەڵامدانەوەی پرسیاری ساکاری منی نەبێ، جگە لەوەی ترسی ئەوەم هەبوو ئاستی نامەکەم نەگاتە مەقامی بەرزی کەسایەتی ئەو. دەبوو بەوپەڕی ئەدەبەوە بۆی بنووسم. وەڵامی نامەکەی دامەوە و بەختەوەر بووم بەو وەڵامە.

نامە لە نێوان ئەو زاتە و مندا هاتن و چوون. گەلێ نامەی من لە ڕێدا سەریان تێدا چوو و هی ئەویش هەر وا. بەو پێیە زنجیرەی باسەکان دەپسان و تێک دەچوون و قسە دەکەوتە بەر قسان. هەندێ جاریش وا ڕێک دەکەوت کە من نوسخەم لە بەر نامەی خۆم نەدەگرتەوە.

لە هەموو نامەیەکیشدا دەبوو ئاگام لە زمانی خۆم بێ و بزانم تا کوێ بڕۆم و چی بڵێم. هێندێ جاریش کە نامەی ئەو دوا دەکەوت، هەراسان دەبووم و دەترسام بە هۆی منەوە شتێک قەومابێ. ئێدی لە نیوەی ساڵیش بوایە، بۆ زانینی هەواڵی، کارتی جەژنانەی سەری ساڵم بۆی دەنارد. یا هەر وا کارتێکی ئاساییم بۆی دەنارد.

ئێستاش ئەوە ئێوە و ئەو نامانەی نێوان مامۆستا مەسعوود محەممەد و من، کە سەریان تێدا نەچوو و بە سەلامەتی گەیشتنە دوا وێستگەی بڵاوبوونەوە. هیوادارم بەم کارە گیانی پاکی ئەو مامۆستا دیاردە و هەڵکەوتووە نەڕەنجێنم و ڕێم هەبێ لە بری ئەو، گەردەنی هەموو ئەوانە ئازاد بکەم کە کێشەیان بۆ نایەوە و ئازاریان پێ گەیاند... تەنانەت ئەوانەش کە ڕایانکێشایە بەردەم (مەحکەمەی سەورە)ی بەعسییەکان.

مامۆستا مەسعوود محەممەد لە وەڵامی پرسیاری (نووسەر کەی دەمرێ؟)ی حەمید مەتبەعیدا دەفەرمووێ: [ئەگەر نووسەر بمرێ دەمرێ، ئەگەر لە نووسین کەوت دەمرێ، ئەگەر خۆی سووک کرد دەمرێ، ئەگەر ڕای خۆی بفرۆشێ دەمرێ، ئەگەر دووڕوویی کرد دەمرێ و ئەگەر جنێوفرۆش بێ دەمرێ. خۆ ئەگەر لە یەکێ لەمانەدا، جگە لە حاڵەتی یەکەم، نەمرد، دەبێ خوێنەران بیمرێنن دەنا بەخۆیان دەمرن]. بەم پێیە، خودا دەزانێ چەند نووسەر ئێستا لە خانەی مردوواندان. بەڵام مامۆستا مەسعوود محەممەد بەخۆی، بە مردن نەمردووە و جارێ کاتی ئەوە نەهاتووە ڕۆشنبیرانی کورد ئاوڕ لە کەسایەتی و لە بەرهەمەکانی بدەنەوە و لێپرسراوانی سیاسیش، بە داوای لێبووردنەوە لە گیانی پاکی ئەو زاتە، لە بەردەم کۆڕی زانیاری کوردستاندا پەیکەرێکی بە کتێبەکانی خۆیەوە بۆ بکەن. خۆ هیچ نەبێ، (لەگەڵ ڕێزمدا بۆ جەواهیری) لە جەواهیری زیاتر بۆ کورد و کوردستان سووتاوە و داکۆکی لێ کردوون و خوێنەرانی کوردی خستۆتە سەر باری بیرکردنەوە. خۆ هیچ نەبێ خزمەتێکی زۆری کۆڕی زانیاری کورد و زمانەکەمانی کردووە. با ئەم پەیکەرە سیاسییانە نەبێ!... با وەفا و پێزانین بێ بۆ ڕۆڵەی کورد. نابێ؟! سڵاو لە گیانی پاکی مامۆستا مەسعوود محەممەد...

**حەکیم کاکەوەیس**
**١٤ / ٣ / ٢٠٠٥**

**مامۆستای گەورە، بەڕێز کاک مەسعوود**

دوای سڵاو، هیوای لەشساغی و تەمەندرێژی بۆ خۆتان و پیتوبەرەکەتی زیاتر بۆ قەڵەمەکەتان و بێ وەیی بۆ ئازیزانتان دەخوازم و خوا لە هەموو داو و تەڵەکە و پرۆشکێکتان بپارێزێ...

لەو بەینەدا، هەموو بەشە بڵاوکراوەکانی (گەشتی ژیانم)تان لە یەک بەرگی ٥٦٦ لاپەڕەییدا، بە پیتی ناسکی کۆمپیوتەر و لە بەرگێکی هەتا بفەرمووی ناسکدا کەوتە بازاڕی کوردی هەندەرانەوە و بە پەلەپرۆزێ نوسخەیەکم بەر کەوت. خوای من و تۆ کردی هەر بە گەیشتنی، نەخۆش کەوتم و لە ماڵەوە پێنج ڕۆژان دەرفەتم بۆ ڕەخسا و بە ئارەزووی دڵی خۆم لە خزمەتیدا بووم. با ئەوەش بڵێم نەساغیم هەر مانەوەی ماڵەوە و پشووی دەویست. ئەو ماوەیە بە یەک نەفەس – خەو و خواردن و (عەلەیکەسسەلام)ی لێ دەرچێ – خوێندمەوە و بە قەدەر هەموو ئازار و دەردەسەرییە ئەو ساڵانە – خوا ئەوەندەی تریان بە دەمەوە بدا (ساڵەکان دەڵێم) – خۆشیم دیت و نەخۆشیم بیر نەما.

لە هێندێ جێدا و بڕێ جار گومان خشکەی دەکردە دڵمەوە. منیش بۆ دڵنیایی و ڕەواندنەوەی گومان، بەراوردێکم لە نێوان چاپە ئەسڵییەکە (کە سێ ئەڵقەی کۆپیکراوم لە لا بوون) و کتێبەکەدا دەکرد. داخەکەم زۆرم بێ جۆری و هەڵەی چاپ و پەڕاندن دیت بەڵام بێ تامیان نەکردووە دەنا پێم تەواو نەدەکرا. خۆ ناوی خاوەن ئەرکیشی پێوە نییە تا پیاو یەخەی بگرێ.

لە ناوەڕاستی حەفتاکانەوە زاری هۆشم بۆ بەرهەمە فکرییەکانتان کراوەیە و هەرگیز... هەرگیز لێیان پاراو نابم و ڕۆژێک نایێ بڵێم بەس. بەرهەمی عارەبیتان کەمم خێر پێدەگەیەنێ با کەمێکیش عارەبی بزانم و جاروبار بە دزییەوە پێشی بنووسم. کە دەیخوێنمەوە زەینم دەچێتە سەر شێوە داڕشتنەکە نەک بابەتەکە. بەم پێیە، لەمسەرەوە خۆمی پێدا دەکەم و لەوسەرەوە بە وشکی لێی دەردەچم. کەچی هەن دەیەکی من... بۆیان نەڕەخساوە فێرە عارەبی بن، دەڵێن: "چاکی تێدەگەین". کە ڕستەیەکی لێ دەخوێننەوە، نۆرەی ئەوە دێ بیر لە شێوە خوێندنەوەکە بکەمەوە. دەڵێن نەخوێندوویەکی کورد لەگەڵ ڕۆژنامەنووسێکی فەرەنسی قسەی دەکرد. ئەو بە کوردی و ئەمیش بە فەرەنسی کەچی دوایی گوتبووی: "هەموو شتێکم تێگەیاند". ئاخر چۆنت تێگەیاند؟. گوتبووی دڵ حسێبە. دیارە بۆ خوێندنەوەی بەرهەمە عارەبییەکەی جەنابیشتان دڵ حسێوە.

ئەوەی لێرەدا مەبەستمە شتێکی ترە و با بێمەوە سەری: "بەینێکە زەینم چۆتە سەر (نە... نە)ی کوردی کە (Neither nor)ی ئینگلیز و (لا... ولا)ی عارەبان. ویستم بۆچوونی خۆمی لە سەر بنووسم چونکە لە گەلێ جێم بە شێوەیەک دیوە پێم نەکراوە بە ڕاستی بزانم. یا ڕوونتر بڵێم پڕاوپڕی زەینی من نەبووە. لە (گەشتی ژیانم)ی جەنابیشتاندا درکم بەو بەبەرنەکردنە کرد و هەڵوێستەیەکم کرد چونکە لە خۆم کەوتمە گومانەوە. بەڵام لە هەمان بەرهەمتاندا و لە جێی تردا ڕێک وا بەکار هاتووە کە من بۆی چووم. لە نووسینانم دیوە وا نووسراوە: (نە من نە باوکم نەماندی) یا شتێکی لەو بابەتە کە ناتوانم بگەڕێمەوە سەری. هەردوو (نە)ی ئەو ڕستەیە نەدیتن دەگەیەنن ئەوجا بە (نەماندی) نەفی دەکرێتەوە. نەفیکردنی نەفی ئیسپات دەگەیەنێ و وا هەست دەکەم واتای ئەو ڕستەیە ببێتە پێچەوانەی مەبەست. ئەگەر ڕستەی (نە من نە باوکم دیتمان) خۆش نەبێ، با (نە من دیتم نە باوکم) بێ کە پێم لە هەردوو ڕستەکانی دی کوردیتر و ڕەوانترە. خۆ ناشێ لە زمانێکی ترەوە و بە پێی ڕێزمانی زمانێکی دی ڕستەی کوردی دابڕێژین وەک دەڵێن بەینێ (ضمیر)ی عارەبی لە کوردیدا کراوە بە ویژدان.

ئەو ڕستانەی کە لە (گەشتی ژیانم)دا سەرنجیان ڕاکێشام و لە بڕیارەکەم ژیوانیان کردمەوە ئەمانەن:

١- نە کاک مەجیدی ئامۆزام کە بە ٧ ساڵ لە من گەورەترە و نە نەجیبەی خوشکم کە بە دوو ساڵ گەورەترە هیچ کامیان ئەو سەفەرەیان بە بیردا نەهاتەوە. (سەرەتای ئاڵقەی چوارەم)

٢- نە مەلا ئەفەندی و نە باوکیشم لەو ڕووداوە ئاگادار نەکران. (ئاڵقەی پێنجەم)

٣- ئەوساش هەرایەک پەیدا دەبێت نە بە مەحکەمە و نە بە قایمقام و نە بە عومەر عەلی (موتەسەڕیفی ئەوسای سلێمانی) چارەسەر ناکرێ. (ئاڵقەی نۆیەم)

ڕستەی لەو بابەتەی ترم لە گەلێ جێی دیدا دین، بەڵام پێم وایە ئەم سێیەم بەسن. ئەو ڕستانە (نە... نە)ن و دوایی بە نەفی کۆتاییان هاتووە. ئەوەی پێم جێی سەرنجە ئەوەیە کە لە ئینگلیزی و عارەبی و لە زمانی تریشدا کە پێی دەخوێنمەوە لە کاتی بەکارهێنانی (نە... نە)دا نەفی بەکار نایا. ئەم ڕستە ئینگلیزییەم هەر ئێستا چاو پێ کەوت (قامووسی Oxford):

Neither you nor I know that ئەگەر من ئەو ڕستەیە بکەمە کوردی وای لێ دەکەم: نە من دەیزانم نە تۆ (ئێوە). بەڵام ڕستەی تریشم لە (گەشتی ژیانم)دا دیتن کە بە نەفی تەواو نەبن:

١- نە حکومەت نە پەرلەمان نە (بلاط) نە هیچ کەس و لایەنێک هیچی بە دەستەوە ما بڵێت وە یا بکات. (ئاڵقەی هەشتەم)

٢- کەسیشمان نە پارە و پوڵ و نە ملک و ماڵمان دەوێت. (ئاڵقەی دوازدەیەم)

جگە لە مەسەلەی (نەفی)ش، هەرچەندی تێدەفکرم زەوقی فکری و میزاجە گوندییەکەم پێم دەڵێن ئەو (و)انە پێی ناوێ هەبن. ناکرێ (نە من نە باوکم...) لە جیاتی (نە من و نە باوکم...) بنووسرێ؟. دەڵێن کاکە حەمەی مەلا کەریم (بە ملی گوتیاری) گوتبووی: "لەگەڵ باوکمدا موناقەشەی ئایەتێکمان دەکرد. باوکم بە دڵ حەزی دەکرد ئەو ئایەتە جۆرێکی دی بوایە". بە بێ تەژبی لە نێوان شتەکاندا، منیش بە دڵ حەزم دەکرد ڕستەی (کەسیشمان نە پارە و پوڵ و نە ملک و ماڵمان دەوێت) وا بوایە: (کەسیشمان نە پارەو پوڵمان دەوێت نە ملک و ماڵ). یا: "نە مەلا ئەفەندی لەو ڕووداوە ئاگادار کرا نە باوکم).

ماموستای گەورە...

گرانترین پرسیار ئەوەیە کە منداڵ ئاراستەی گەورەی دەکا. تا ئەو منداڵەش هەراشتر بێ پرسیارەکەی بۆ گەورە سووکتر و ئاسانتر دەبێ. لەم وڵاتی سویدە، بەرنامەیەکی تەلەڤزیۆنی هەیە تا پێم بکرێ ناهێڵم بە سەرمدا تێپەڕێ. لەو بەرنامەیەدا منداڵێکی ٥ - ٦ساڵان مەتەڵێک بە گەوران دەڵێن و دەبێ هەڵیبێنن. ئەگەر نەیانزانی (کەم جار دەیزانن) منداڵێکی ٨ - ٩ ساڵە هەمان مەتەڵیان بە پێی تێگەیشتنی خۆی پێ دەڵێ. ئەگەر دیسان نەزاندرا یەکێکی لەویش گەورەتر دەیڵێ. بە پێی تەمەنیش مەتەڵەکە ئاسانتر و ئاسانتر دەبێتەوە و پاداشتەکەش کەمتر و کەمتر دەبێ. ٥ - ٦ ساڵانێک گوتی: "باریک و درێژە و کلکی هەیە". کەس نەیزانی چییە. ٨ - ٩ ساڵانەکە گوتی: "پیاوی گەورە بەیانییان بە دەموچاوی خۆیانیدا دەهێنن.". دیسان کەس نەیزانی. ئەوی تریان گوتی: "بن میچی ماڵی پێ سبووغ دەکەن". زانییان و فرچە دەرچوو. یەکەمیان لە جیهانی بەرتەسکی خۆیدا مەبەستی فرچەی نیگارکێشان بوو و دووەم مەبەستی فرچەی ریش تاشین. کەس باسی فرچەی ددانی نەکرد چونکە ناوێکی تری هەیە.

ئەمە بەو قەناعەتەم دەگەیەنێ کە ئەو گەورەیەی بە چاکترین شێوە نەتوانێ هۆشی خۆی بۆ تەمەنی ئەو منداڵە بگێڕێتەوە و لەو دیدەوە نەڕوانێ قەت ناتوانێ تێی بگا. هیوادارم تەمەنی منیش هێندە هەڵکشابێ (تەمەنی هۆشم دەڵێم) توانیبێتم بە چاکترین شێوە مەتەڵەکە دەربڕم و ئێوەش بتوانن لە دیدی منەوە بیبینن.

لەم گرۆگاڵەشمدا خوانەخواستە مەبەستم نییە لێرەوە (بۆرژوا دروست کەم و بۆ سەرکەوتنی خۆم بیرووخێنم) یا ڕێتان پیشان بدەم. بەڵکو دەمەوێ، زۆریش ئاواتەخوازم بکەونە ناو باسی ئەو (نە... نە)وە کە تا ئەمڕۆ باسیم لە نووسینیدا نەدیوە. دڵنیاشم کە باس بوو بە باسی زمانەوانی، حەقیقەت لە قەڵەمی ئێوەوە دەبارێ.

خۆ هەر ماندووم کردن، توخوا با پیچەکی تریشی لە سەر برۆم: لە سەرەتای پەنجاکاندا (٦ - ٧)ساڵان بووم. کۆبیەکی مەتەڵئامێز لە گوندی (حەساری گەورە)ی نێوان شوان - کەرکووک دەژیا ناوی (حەمەزرپە)ی لێ نرابوو یا لە خۆی نابوو. لەو گوندەدا خۆی شاردبۆوە و دیارە ترسی گرتنی هەبوو. گەرای بیرێکی لەو گوندەدا خست و ئێدی کەس نەیدیتەوە. پاشان بیستم کە سەری بە هەموو بیرێکدا کردووە ئەوە نەبێ کە خەڵکی پێوە کرد تا دواداویی هەشتاکان دەوری دە کەسی پێ تێدا چوون و ئێستاش ماکی ماوە. دەیانگوت بەینێ قایمقام بووە بەڵام نازانم لە کوێ. خۆزگە شتێکم لێی دەزانی.

ببەخشن وەختی بە نرخم لێ گرتن... بە خوای گەورەتان دەسپێرم و ڕێزم دووپات دەکەمەوە.

ببەخشن: هەر (غەزوور) یا (خەزوور)م بیستووە. بەڵام دوو جاران (خەزووڵ)م لە گەشتەکەدا دی.

**حەکیم کاکەوەیس**
**١٩٩٣/٢/١٦**

**بەغدا:** ٢٣ / ٣ / ١٩٩٣

**بەڕێز و خۆشەویست کاکە مامۆستا حەکیم**

سڵاوێکی گەرم و گوڕ و لە دڵەوە، وێڕای ئاواتی کامەرانی و سەربەرزیت!

بەر لە ٤ - ٥ ڕۆژنامە شیرینە ڕێک و پێکەکەتم پێ گەیشت، هەم دڵم پێی خۆش بوو هەم هۆشم هەستی حەسانەوەی لەوەدا کرد کە ڕۆشنبیری ئەوتۆ پێگەیشتبێ لە کورد، وردپێوی لە خوێندنەوە بکات و بیرگێڕی بە کار بهێنێت لە لایەنی لەنگەر بەستنی تەرازووی تەعبیرەوە کە هاتیت Neither.. nor ت بە (نە... نە)ی کوردی گرت. دەمەوێ بە برای خۆم بڵێم ئەم کێشەیە زۆری بە بەرەوەیە لێرەدا یەکاڵا ناکرێت، ئەوەندە نەبێ کە بایی ڕەواندنەوەی تەمومژی دەوری بابەتەکە تێبینییەکی تێدا دەربڕم.

لە کوردیدا هەردوو شێوە بەکارهێنانی (نە... نە)

دەستووری و دروستن: دەشێ بڵێین:

نە دارا نە براکەی هاتن

نە دارا نە براکەی، نەهاتن

ڕستەی دووەم نەفیەکەی سەر (نەهاتن) بۆ تەئکیدە، تەئکیدیش لە فیعلەوە هەڵدەستێ. ئەگەر ڕستەی بێ فیعل بێت ڕێژەی ڕستەکە شێوەیەکی دیکە دەگرێت. لە نموونەدا کە گوتمان: نە دارا نە براکەی نەجوانن ئەوسا (نەجوانن) دەبێتە (نفي النفي). کە ویستت تەئکیدی ناشرینی بکەیت دەبێ بڵێیت: نە دارا نە براکەی جوان نین. ئەم (نین)ە لە بنەڕەتدا ( Verb to be ) تێدایە بەڵام لە ئاخاوتنی کوردیدا فیعلەکە قرتاوە. کە بیکەیتە فارسی دەڵێی (نیستند) کە (هست)ی بە واتای (is)ی تێدایە. کە گوتت: نە دارا نە براکەی جوانن نەفیەکی بێ تەئکیدت کردووە.

نموونەیەکی ڕوونکەرەوەی دیکە:

دەزانیت (هیچمان، هیچتان، هیچیان، هیچ کەسێکمان، هیچ کەسێک) هەمووی بۆ نەفیە، بەڵام کە دەڵێی (هیچمان نەهاتین) نابێتە (نفي النفي) بەڵکو ڕێت نییە بڵێی (هیچمان هاتین). چونکە ئاخێوەری کورد وەهای مامڵەت کرد لەگەڵ وشەی (هیچ) دا کە ئەو نەفیەی تێدایە هێندە هێزەی نەبێ بێ نیازی بکات لە (نە)ی بە واتای (Neither). هەر لەم ڕوانگەی بێ هێزی نەفی ناو وشەی (هیچ)ەوە دروستە بڵێی (فلانە کەس هیچە، فلانە کەس هیچ نییە) کە هەردوویان یەک واتایان هەیە: بە پێی ڕواڵەتی (نفي النفي) دەبوو فلانە کەس هیچ نییە عەکسی (هیچە) بگەیەنێ. نموونەیەکی دیکە:

دەزانیت وشەی (هەمیشە) بۆ ئیجابە و (هەرگیز) بۆ سەلبە کەچی دەبێ بە ناچاری بیخەیتە سەر ڕستەی نەفی کراوەوە و بڵێیت (هەرگیز نایەم، ناڕۆم...) وشەی (هەرگیز) لە تەکوینی ناوەکی خۆیدا (تەئکید) هەیە بۆیە داوای (نا) دەکات. هەر بۆیەشە دەچێتە سەر جوملەی فیعلی.

ڕوونکردنەوەیەکی دیکە: دەتوانیت بڵێیت:

کەسمان نەهات، کەسمان نەهاتین بەڵام ناتوانی بڵێیت: هیچمان نەهات، هەر دەبێ بڵێیت هیچمان نەهاتین هەر وەک کە دەبێ بڵێیت: هیچ کەس نەهات، هیچ کەسمان نەهات. دەبینیت توانرا (کەسمان) وەک تاک و وەک کۆ مامڵەتی لەگەڵدا بکرێت...

بەمەندە واز لە بابەتەکە دەهێنم هەرچەندە لایەنی دیکەش هەن کنەی تێدا بکرێت..

وشەی (خەزوور، خەزووڵ) هەردوویان بەکار دێن بەڵام خەزوور هاراوترە، هەرچی (خەزووڵ)ە هێندێ گوندنشین و خەڵقی سەر بە عەشیرەت پێی ڕاهاتوون منیش پێڕەوی ئەوانم کرد کە بەشێکن لە کورد. مەنگوڕایەتی (خودا) دەکاتە (خولا) هەر دەڵێی مجێزیان لە لامی قەڵەوە. لە ئاڤێستادا دەنگی (ل) هەر بەر چاو ناکەوێت. کەواتە (خەزوور) ڕەسەنترە.

(جەنابی حەمە زرپە)ی لە بارەیەوە پرسیارت کردبوو، یەکەم جارە بە خزمەتی ناوی شەریفی دەگەم. سەیرە قایمقامێتی کردبێت و گەرای بیروباوەڕێکی نابێتەوە و هەتا هەشتاکانیش چالاک بووبێت ئنجا هیچم لێی نەزانیبێت. ماڵی ئەو کەسە کاول بێت ملی خەڵک بە پەتەوە دەکات و خۆشی چەپ دەدات: ئەمما بۆ خەڵک هێندە ناتەواو بن وا بە ئاسانی تێ بکەون؟. (گەشتی ژیانم) بە من نەگەیشتووە. لە پارەوە ئیزنم لێ وەرگیراوە بۆ لەچاپدانی ئیتر بێ خەبەر مام لێی. ئێستا لێم داوا دەکرێ بە عەرەبی تێ هەڵچمەوە، تەماعیشم وەبەر دەنێن بەڵام لێی دوودڵم چونکە گەلێک پێیەوە دەخەریکێم. با بزانین هەڵکەوت و ڕێکەوت چۆن دەبێ.

لە کولانەی برایەتی و خۆشویستنەوە دەمەوێ هانت بدەم بۆ گرتنە بەری ڕاڕەوی بەرەو کۆتایی و ئەنجامی هەر بابەتێک بێت، نەک لە سێ یەک و نیوە و دووبەشی مەودای بینین و زانین کورت بوەستیت. پێشتەوە دیارە بین درێژیت لە هەڵسەنگاندنی پرسیارێکی لێی دوودڵ بیت. فکری مرۆڤ ئەگەر بە پسپۆڕی پەروەردە بکرێت و بژێوی پێ بدرێت بە بەریەوە هەیە لە ئاکامی وردبوونەوەی دەوامدار مەتەڵی وەها هەڵێنێت خاوەنەکەی سەیری لێ بێتەوە: بۆچوونی من لە بابەتی سەر بە فکر زۆربەی هەرە زۆری لە ڕێی وتووێژی ناوەکی بین درێژ بووە نەک لە مامۆستا و ڕابەرانەوە چونکە کەم وەها هەیە بیروڕای حازربەدەست لە مێشکمدا بگونجێت و سەرمایەی فکری سەلمێندراوم قومارباز بکات: هەڵبەت لە مەیدانی زانستی تەتبیقیدا هەموو خاوەن فکر لوقمەخۆری سفرەی زاناکانن، بەڵام لەوێشدا کە کار گەیشتە هەڵێنجانی فکری و فەلسەفی، زانا و خاوەن فکر دەکەونە دەستەی تەرازوویەکەوە... لەم مەیدانەشدا زۆر جاران ڕوو بە ڕووی هەڵسەنگاندنی بۆچوونی زاناکانی فەلەک و فیزیا بووم. مەبەستم ئەوەیە بە برای خۆم ڕابگەیەنم فکر کە چالاکترین کاری هۆشە قبووڵ ناکات پەرژین بە دەوریەوە هەڵبنرێت. هەر بۆیە چی پێی دەگوترێ ئایدۆلۆجی، بێ ئەوەی مەبەستی بێت، ڕۆژەک لە ڕۆژان دەبێتە دوژمنی مرۆ چونکە خۆی بریتییە لە فکری قاڵبەستوو، شەختەکردوو، ژیانیش وەک ڕووباری

خوڕ هەمیشە لە هەڵڕژاندایە. زانست بە نسبەتێکی هەندەسی بەرەو ڕاستییە هەرە بنچینەیی و هەرە پەنامەکیەکانی جیهان دەڕوات و لە ماوەی سەد ساڵ و هەزار ساڵدا، ئەگەر مرۆ خۆی نەبڕێتەوە، هەرچی فیزیا هەیە، وەک داشەکانی سەر تەختەی دامە، هەموو تویژاڵەکانی خۆی بۆ بەر چاوی مرۆ هەڵدەخات.. لە ماوەی دوورتردا (خێرایی تیشک) دەبێتە گاڵتەی ساوا. مرۆ دەگاتە (خێرایی ڕەها - سرعة مطلقة). نهێنی (گیانلەبەرایەتی و خواز - ارادة) موعادەلەی بۆ دادەنرێت. خولاسە جیهانێک دەپوشکێت بەولای خەیاڵی عیلمییەوە سیحراوی دەبێت... سیحراوی بە مەفهوومی ئێستاکەمان. بەڵام زۆر بەداخەوە ئەم جیهانە خولیاییە لە ئێمەوە دوورە. هەر ئەوەندەمان لە دەست دێت وەکو مرۆی ڕێز لە خۆ و لە فکری خۆ گرتوو لە لووزەوی ئەو خورگەیە مەلەی بەرەو پێشەوە بکەین. خۆ ئەگەر مەلەش نەزانین نەبینە تاوێری لەمپەر لە بەردەم هیچ شەلەگەیەکی بەرەو پێشەوەی ژیان و ژیار. دەبێ بزانین تێگەیشتن و بەڵەدبوون لە تان و پۆی کۆمەڵایەتی و شیرازە هۆن بوونی بەرژەوەندی ئەو خەڵقە و پسۆک بوونی پەیوەندی نێوان تویژەکانی هەر گەلێک بێت بە تێوەرامانێک و وردبوونەوەیەک و هەڵسەنگاندن و ئەزموونێک و بەرەو مێژوو چوونێک و پێک گرتنێک و بەراوردێک و زیهن کارییەکی پسپۆڕانەی بێ لایەن و نەترساو و نیگافراوانی گەرەکە. کاوێژکردنەوەی فکری حازربەدەست کە تێمنەگەیەنێ بۆچی (بەدایەتی) بە درێژایی ئەزەل و ئەبەد بە مراد دەگات.. بۆ چی کەمایەتی سواری زۆرایەتی گەل دەبێت و لە ماوەی ٦٠٠٠ ساڵدا تا ئێستاش سێ چارەکی ئەم جیهانەی بەر دەستی قەمچی وەشێن و پیاوخەڵەتێن و زمانلووس و ئەفسانەچی و درۆزن بوو بێت؟. چ تەلیسماتێکە لە مرۆی خوێندووە تا پەنجا بەشی زۆرلێکراوی گەل بە تاکە بەشێکی زۆرداری نەوێرێت؟. بۆچی یەک کەس شەق لە پەنجا کەس هەڵبدات؟. ئەو کەرەستەیەی کە (تاک) بۆ زوڵم و زۆر کۆی دەکاتەوە، هەمووشی هەر لە گەلەوە خوازراوەتەوە، بۆچی زۆرینە کۆی ناکاتەوە بۆ مەنعی ئەو زوڵمەی کە لە خۆی دەکرێت؟. تا ئەو فکر و بیرەی وەڵامی ئەو پرسیاری وەها سادە ناداتەوە ناتوانێ بەرەو ڕزگاریمەوە بیات، مەگەر ئەوەندە نەبێت کە قەمچی کوت لە ئاغایەکەوە بۆ ئاغایەک ڕاگوێزێت وەک ئەوەی مەلا ژنێک بێ تەلاق بکات تا لە یەکێکی دیکەی مارە بکات!. گوندێکی ١٠٠ ماڵی ناتوانێ چەپارەی خۆی لە تاکە یەک دز بدات.. بۆچی؟ حکومەت هێزی خەفەکەر و زراوتۆقێنی لە پۆلیس و عەسکەرێک پێک دەهێنێت هەمووی ڕۆڵەی زۆر لێکراوانن.. بۆچی؟. داهێنەر و پشکێنەر و دۆزەرەوە زۆربەیان لە بەرەی زۆرلێکراون کەچی بەرهەمیان خزمەتی غەیر دەکات.. بۆچی؟. لەم لایەنە واز بهێنین بۆ لایەنی فکری (ڕووت - مجرد): خەلق وەها دادەنێت و بە بەدیهییەشی دەزانێت کە شەو دژ، واتە (نقیض)ی ڕۆژە کەچی شەو عەدەمە چونکە بریتییە لە نەمانی ڕووناکایی یاخود با بڵێین لە ئاوابوونی خۆر. کوژانەوەی چرا بە تەواوبوونی نەوتەکەی نابێتە (نقض)ی ڕووناکییەکەی: کاتێک بە ئاو یا بە فوو کوژانتەوە (نقض)ت کرد. مردنی ئاسایی کە لە پیری و پەککەوتەیی لەش پەیدا بێ (نقض)ی ژیان نییە بەڵکو بەسەرچوونیەتی. کە بە گوللە یان خنکاندن یان لە شاخ هەڵداشتن یەکێکت کوشت ئەوسا کوشتنەکە (نقض)ی ژیانە. چەندین بیروڕای وەها سەروبن لە دڵاندا جێگیر بووە و بە شەڕیشیان دەهێنێت هەمووی گومڕایی و کوێرییە. دێن جوداوازی بەرژەوەند لەگەڵ تەناقوزی بەرژەوەند بە یەک شت دادەنێن و بە ڕەهایی دەڵێن تەناقوزاتی کۆمەڵایەتی و دەشیبەنەوە بۆ سەرەتای ئەو دەمەی (چین)ی تێدا پەیدا بووە کەچی هەڵەی لەوە گەورەتر هەر پەیدا نابێ چونکە کە دێم لە بەقاڵ سابوون دەکڕم بەرژەوەندم لەوەدایە زۆرم بداتێ و کەمم لێ بستێنێ بەرژەوەندی ئەویش لەوەدایە کەمم بداتێ و زۆرم لێ بستێنێ بەڵام لەمەدا تەناقوز پەیدا نییە چونکە تەناقوز (یەکتر هەڵوەشاندن) دەگەیەنێ، واتە کە یەکێکمان نەماین ئەوی دیکە قازانج بکات وەک کە ڕێگر نەما قازانجی کاروانە. بەقاڵ بێ کڕیار لە برسان دەمرێ کڕیاریش بێ فرۆشیار گوزەران ناکات. دوو لەشکر کە شەڕ لەگەڵ یەکتردا دەکەن تەناقوز هەیە لە نێوانیاندا چونکە هەر لایەکیان بتۆپێ ئەوی دیکە دەحەسێتەوە. باران دەبارێ و ئاو لێڵ دەبێ و ماسیگرتن لە تەنکاودا ئاسان دەبێت، بەڵام کاروانچی پەکی سەفەری دەکەوێت: لێرەدا ڕاوکەری ماسی قازانجی کرد و کاروانچیش زەرەر، بەڵام تەناقوز لە نێوانیاندا نییە جوداوازی بەرژەوەندی هەیە. ئا ئەم ڕاستە بەدیهییە خۆ دەشارێتەوە. بابای شۆڕشگێڕی چەپڕەویش چەقۆی پێ تیژ دەکات و دەیخاتە دەستی کرێکاری خانوو دروستکردنەوە تا خاوەن خانووەکەی پێ هەڵدڕێت کەچی بەر لە سەد ساڵ و گەزار و دوو هەزار ساڵ ئەگەر خانوو دروستکردن نەبوایە عەمەلە یان هەر پەیدا نەدەبوو یان لە برسان دەمرد، خانوو دروستکەریش بێ عەمەلە پەکی دەکەوت. بێ وەسا، بێ گەچفرۆش و بەردفرۆش پەکی دەکەوت

ئەوانیش بێ خانوو دروستکەر دەسڕانەوە.. پەراوێزێکی پان لە بەرژەوەندی موشتەرەک چین و توێژاڵەکانی کۆمەڵی بە یەکەوە دەبەستەوە و ژیانی پێ بەردەوام دەبوو. هەر بۆیەش بوو کۆمەڵ پەیدا بوو و چینەکانیش بەیەکەوەیان هەڵدەکرد. ئەگەر بە چەقۆیەک ئەو پەراوێزی بەرژەوەندیەت هەڵبڕیبایەوە خوێنی لێ دەهات. کاتێک ئەو بەرژەوەند پوایەوە ئەوسا کاتی تێبردنی چینی بەکەڵک دێت ئەویش مەرج نییە بە کوشتن و بڕین بێت بە تایبەتی ئەوەی پێی دەگوترێ ئەسناف و کاسبکار.. ببەخشە بە قسەی ڕەق و تەق و وشک خەریکم کردیت، خەتاکەش هی (بۆرژوا دروست دەکەم و دەیڕووخێنم..)ەکەی ناو نامەکەت بوو خستمیە سەر ئەم قسانە. تا کاتێکی دیکە و هەلێکی لەبارتر بۆ قسەی لووس و لێک دەستی دوعاخوازیت بۆ هەڵدەبڕم.

**(ئیمزا)**
**مسعود محمد**
**٢٣ / ٣ / ١٩٩٣**

**مامۆستای گەورە، بەڕێز کاک مەسعوود...**

دوای سڵاوێکی گەرم، دەستی دوعا بۆ خوا بەرز دەکەمەوە و لێی دەپاڕێمەوە تەمەنتان درێژ بکات و چەپارەتان بدا.

حەفتەی پێشوو، نامە پیرۆزەکەتانم پێگەیشت و کێشانە و پێوانەی بۆ گەشانەوەم نەهێشت. وشە بە وشەی ئەو نامە پیرۆزەتان جێگای خۆیان لە هۆش و هەستمدا کردەوە و هێندەیان سوود پێگەیاندم نەبێتەوە. جگە لەوەش، هەر بەخۆ نازینی دەوێ کە نامەی مامۆستا مەسعوود محەمەد دنیای ئاوارەییم لێ ڕووناک بکاتەوە. دوای ئەوەی چەند جارێکم خوێندەوە و وام زانی تێی گەیشتم، گوێم لە وەسوەسەیەک بوو لە قوژبنێکی دڵمەوە دەهات. منیش بە هۆی خەسڵەتێکی کە لەگەڵمدا دروست بووە، نەیڵێم ناحەسێمەوە. هیوادارم وەک لە منداڵیمدا گەلێ جارم پێ دەگوترا (منجڕ) ئێوەش ئەوەم پێ نەڵێن: لە باسی ئەو حەمە زرپەیەدا کە پرسیاریم لێ کردوون فەرمووتانە: "ئەمما خەڵک بۆ وا ناتەواو بن وا بە ئاسانی تێ بکەون؟". دواتریش فەرمووتانە: "گوندێکی ١٠٠ ماڵی ناتوانی چەپارەی خۆی لە تاکە یەک دز بدات... بۆچی؟".

من یەکەم هەناسەم لەو گوندە بە گڕە و تەپوتۆزەدا بە بەردا هاتووە و گەلێ جار بە عەقڵی ئەوسام بە دوای سێبەری پەڵە هەوری هاویندا ڕام دەکرد تا پێش ئاگربارانی خۆرم لێ بگرێ دەبوو چ سێبەرێ ڕەت بکەمەوە؟. ئەو گوندەی سەرەتای پەنجاکانیش یەک مەلا و یەک نیوە مەلای لێ بوون کە باسیان هەر عەزابی قەبر و زرمەی گورزی دۆزەخ و زەکات و سەرفترەکەی خۆیان بوو. خەڵکێکی دەست ماندوو و زگ برسی و کەڕ و لاڵ کراوی ئەوسا کە من یەکەم ڕادیۆم تێدا دیوە و چوومەتە یەکەم قوتابخانەی هەموو ناوچەکەی چۆن بەرەو بەهەشتە نزیک بەدەستەکەی زرپە بە دەستەجەمعی ناڕۆن؟. چۆن و بە چی بەرپەرچی: "وای دەشکێنین و وای چێ دەکەین و وای داژوین..." بدەنەوە؟. لە کاتێکدا کە باوکی ماندوو و لاواز و ڕووتی خۆمم بە زرپە یا شێخ (نایلێم)ی پاک و ساغ و پۆشتە و بریقەدار و سپی و سوور گرتبێ حەیفم هاتووە باوکیشم وەک ئەو نەڵێ و وەک ئەو نەپۆشێ و وەک ئەو نەکا و نەڵێ: "تۆی طەلەبە گوڵی یەخەی فەللاحیت" و منیش خۆم لێ ببێ بە گوڵی یەخەی مام تایەر و مام خورشید. دەبا لە جیاتی ئەو بیرە دێوجامەیە، زرپە شتێکی تری بگوتبا بزانە دیسان دوای دەکەوتن یا نا.

کەسێکی نزیکم لە سلێمانی بوو هاتەوە و گوتی: "کابرایەک هێندێ کتێبی بۆ فرۆشتن دانابوون و هەر یەکەیان نرخیشی لە سەر بوو. دیوانی شاعیرێکی تازەی لە بابەت خەمبار و جاڕس و بریندار لێی نووسرابوو پێنج دینار. حەمە ئاغای گەورەش لێی نووسرابوو یەک دینار. ئەو برایەش کە پێم وا نییە بەرهەمتان هەبێ و نەیخوێندبێتەوە، بە کابرا دەڵێ: ئەوە بۆ ئەمە بەوەندە و ئەوەش بەوەندە؟. ئەویش دەڵێ: "کاکە ئەمەیان چاکە و ئەوەیان خراپە". جا توخدا مامۆستا شارێک کە زۆرەکەی وابێ چۆن چاو لە حەوا دوای مام زرپە و کاک زرپە ناکەوێ و چۆن پێوە نابێ؟. ئەوجا دەڵێم خەتای ئەوان نییە ئەگەر کەڕ و لاڵ و کوێر کرێن بەڵکو خەتای زرپە پەتبازانە. کاتێ پیاو هۆشی هەبێ و بخەڵەتێ لۆمەی دەکرێ و (لا یکلف الله نفسا الا وسعها). وا دەزانم هۆی هەمان کەڕ و لاڵ کردن بێت کە وا لە گەلێ کەسی ئەوروپانشین دەکا با بیبا و شەپۆڵی ئەوروپازەدەگی ڕایماڵێ و خۆی بکا بە (تۆم) یا (جۆن) و پێی وابێ لە پرسەدا لە بری قورعان خوێندن قەتاری عەلی مەردان لێ بدرێ و لە بری چاوکرانەوە چاویان زەق دەبێتەوە. ئەوەی پلەی هۆشی زۆر دامێن نەبێ خۆی بە نەریتی خۆیەوە گرێ دەدا و سوود لە دیوە چاکەکەی ئەوروپا وەردەگرێ و دیوە خراپەکەشی ڕەت دەکاتەوە. من خەمم بۆ ئەوانەیە

نازانن بۆ تێدا دەچن یا وا دەزانن لە بەر دەستزبریی دەچن و بە خۆشیان دەڵێن پێشکەوتنخواز و ڕۆشنبیر. بمبەخشە مامۆستا گیان. گیانی (حەسارچێتی) و وەفام ئەو قسانەیان پێ کردم. لەوەتەی هۆشم کردۆتەوە فکرم پێچەوانەیان بووە بەڵام گیانم لەوێ بە بەردا هاتووە بۆیە بە چەقی دنیای دەزانم و بە هۆی ئەوێوە هەموو جێیەکانی ترم خۆش دەوێ و دەوێ.

لە نامەکەی پێشوومدا باسی دروستکرنی بۆرژوا و ڕووخاندنیم لە جەنابتان خواستۆتەوە و خستوومەتە کەوانەوە. ئێوەش باسێکی فەلسەفی چڕ و پڕتان هێناوەتەوە و (خەتاکەشی)تان خستۆتە سەر ئەو ڕستەیە و باسەکەتان ناو ناوە قسەی ڕەقوتەق. خوا دەکا بە دروستکردن و ڕووخاندنی بۆرژوا، بەو وشە و بۆچوونە دەگمەنانە هۆش و چاوم ڕووناک دەکەنەوە، هەموو ڕۆژێ بۆرژوا دروست دەکەم و تەفروتوونای دەکەم. جا با خراپ بێ و با من خراپەکار بم.

"بۆچی یەک کەس شەق لە پەنجا کەس هەڵبدات؟" و "گوندێکی ١٠٠ ماڵی ناتوانێ چەپارەی خۆی لە یەک تاکە دز بدات.. بۆچی؟" دوو پرسیارن کە جەنابتان ئاراستەی فکر و بیروباوەڕی حازربەدەستتان کردوون. لە ئیرادەی خۆم بەدەر، منیش بیرم بۆ ئەم پرسیارانە دەڕوات: بۆچی بیابانشینێ کە لە ئەزەلەوە وەک عەگول و خەرنووک بەشێکێتی بیری بۆ ئەوە نەچێ گالیسکەی بە چارۆگە لە چەشنی بەلەم لە بیابان بەردا کەچی بابای دانیشتووی سەهۆڵبەندان کە هەر بۆ سەفەر ڕووی تێدەکا چارۆگەی لێ دەخاتە کار؟. بۆچی عەمەلەی ٨٠ - ٩٠ ساڵ بەر لە ئێستای سوێد داوای سەرفرازیبوونی نەرویجی ژێردەستەی خۆیان بکەن کەچی زانا و ڕووناکبیری ئەمرۆی ناوچەکەی ئێمە ئەو مافە بە ئەسکەندەرۆنە و خوزستان و گەلێ جێی دی نەدەن؟. بۆچی خەڵک بگەنە ئەوەی پیاسەی نێوان ئەستێرەکان بکەن کەچی زاناکانی ئێمەش، لە پاش ١٤٠٠ ساڵ لە سەر (أنا شئتم) یەکرا نین و نەبن؟. دیسان لە دەستی خۆمدا نییە (لەگەڵ ڕێزمدا بۆ مرۆڤ و مرۆڤایەتی) ئەم پرسیارەم بە بیردا دێ: بۆچی بزنەوان بە مووی بزن پەت دروست دەکات و دەیخاتە ملی و بەرەو خزمەتی قەساب، بە بارەبارِ دەبات؟. بۆچی یەک تاکە... (منداڵ)، بە ڕەو حوشتری زل و زەبەلاح هەڵبرێ و بیانتۆقێنێ و بیخیان بدات؟. بەو پێیە، ئەگەر منیش وەک بیابانشینەکە لە کورتم نەدابێ، هەموو کارەساتێک بۆ ڕادەی حاڵیبوون و تروسکایی هۆش دەگێڕمەوە و لەوەشەوە بۆ ئەوە دەچم کە هێڵێکی ئاسۆیی بۆ گیانلەبەران - مرۆڤی لێ دەرچێ - بکێشم و لە خاڵێکەوە کە مرۆڤ و گیانلەبەرانی تری تێدا هاوبەش بوون (کەمە - Curve)ێکیش بۆ مرۆ دەست پێ بکەم. لەبەر ئەوەی زندەوەرانی دی پشکیان لە پێشکەوتنی هۆشدا نییە بە هێڵێکدا دەڕۆن کە بڕانەوەی نییە. مرۆڤیش تا دێ پێشدەکەوێ بۆیە بەو کەمەیەدا دەڕوا و بە سەر خاڵەکانی سەر ئەو کەمەیەدا دابەش دەبێ. بێ ویژدانی سەرەوە پەنجا لەوانەی خوارەوەی خۆی بەر شاپان دەدا و ئەوانەش هی خوارەوەی خۆیان لە حەوزان وەردەدەن. ئەوەتا تا لە خاڵی دەسپێکردنەوە دوور دەکەومەوە مەودای نێوان مرۆڤ و گیانلەبەرانی دی لە بەر چاوم بەرینتر و بەرینتر دەبێتەوە و چۆنی لێ ڕادەمێنم هاوکێشەی (ظل ـ Tangent)م وەبیر دێنێتەوە.

ئەگەر پێشکەوتن و هۆش عاملی سەرەکی بن، مەودادان و مەوداگرتن لە بەردەم هۆش، کۆککردن و خاوکردنەوەی خودی مرۆ دەبن. وەزیرێکی سوێدی دەمی سووتا گوتی لیتوانیا داگیرکراو نییە. ئەو نەگبەتە حەشرێکی لە دەزگای ڕاگەیاندندا پێ کرا مەگەر هەر بەو کرابێ. ناچار گوتی: "من هەڵە بووم". ئەمانە مەودایان لە بەردەمدایە و پێش دەکەون. بەڵام (طیارە) کە حوشتری زاید سوڵتانە دووەمیش دەرنەچێ هەر دەیکەن بە یەکەم و کەسیش ناڵێ لەل. ئەمانەش بێ مەودان بۆیە نەوتی بە نەوتی دەخۆن. مام زرپەی لە مەڕ خۆمانیش چاک بکا هەر چاکە و خراپەش بکا هەر چاکە و گوتنی غەیری (چاکی کرد) چاوی حەوزی مزگەوت زیت دەکاتەوە و یەکێکی وەک منیش هەر دەبێ: بۆ ئەوەی نەچمە ناو حەزرەتی حەوز، خەڵکی لە حەوز وەردەدەم. دەرد ئەوەیە کە ئەو منانە زۆرن و وەک فەرمووتانە کوڕی غەدرلێکراویشن.

سەرفرازی و بەختەوەری و لەشساغیتان بە ئاوات دەخوازم و بێ وەی بن.

**حەکیم کاکەوەیس**
**١٨ / ٤ / ١٩٩٣**

**کاکە حەکیمی بەڕێز و خۆشەویست:**

وێڕای سۆز و سلاو: نامەکەی ١٨ / ٤ / ١٩٩٣ بۆ منت نووسیبوو دەوروبەری سەروبنی مانگی کۆن و نوێ پێم گەیشت، کە موژدەیەکی دوور لە تەما و ئومێد بوو. وا بە خێرایی و تەڕدەستی منێکی بەدگومان لە پۆستەی خۆرهەڵاتی و هەرچی سەر بەویشە شاد بم بەو قسە و دەموڕاوێژە دۆستانە و دڵسۆزانەت.. ڕاستییەکەی

هەرچی دەیخەمە پۆستە و بۆم دەخرێتە پۆستەوە لە سەرەتادا خۆمی لێ دەستبەتاڵ دادەنێم تا ئەگەر بووە تەیری فڕیو دڵشکستە نەبم، خۆ ئەگەر بە پێچەوانەش دەرچوو پتر لە عادەت پێی بگەشێمەوە.. لە لەندەنەوە نامەم بۆ هاتووە بە پێی تەمغەی سەر زەرفەکە بە دوو ڕۆژان لەوێرا گەیشتۆتە بەغدا، لە بەغدایشەوە بە ١٨ ڕۆژ گەیشتۆتە دەستم. زۆریش لە نامە و ڕاسپاردە هەر نەگەیشتوون. دۆستێکی پۆستەچی تێیگەیاندم، گوتی بەشێکی زۆر لەو نامەگەیێنانە لە سەر پردەکانی بان دجلەوە نامەکان فڕێ دەدەن بۆ ناو ئاو.. دیارە ئەم کردەوەیە بێ ئەرکترە، نەتیجەش بۆ ئەوان هەر ئەوەیە کە هەیە و دەبێت.. ئا ئەم دیاردەیەش دەچێتەوە پاڵ (دزێک و گوندێک).. ڕۆژهەڵاتی خۆمانە و جیهانی سێیەمی دوای سەدی خۆمانە و دەیناسم: بە ڕاست ئەم قسەیە دەمباتەوە بۆ نامەکەم کە بە سەر بەشێکیدا چوویتەوە: من لە بیرم نەماوە چیم نووسیوە. شێوەزاری نووسینەکەی تۆش بە ڕوونی حاڵیم ناکات چۆناوچۆنی قسەکانی منت نیشتۆتە دڵەوە بەڵام هێندە لە خۆم باخەبەرم کە بزانم بۆچی گوندێک ناتوانێ خۆی لە زەبری تاکە دزێک چەپارە بدات و سەد کەس بۆ شەقی تاکە کەسێک زینهار ڕاوەستێت! تەنانەت کە تۆ لە تەجرەبەی خۆتەوە دەتەوێ سەرت سوڕ نەمێنێ لە حاڵ و باری خەلقێکی نەیانخوێندووە و ڕادیۆشیان نەدیتوە ببن بە عەبد و کۆیلەی شەعبەدەبازێک، ئا لێرەشدا ئەو تێبینییە دێتە پێشەوە کەوا بۆچی سەد نەخوێندوو ملکەچ بن بۆ تاکێکی نەخوێندووی وەکو خۆیان؟ شێخە زەردە لە ئۆکسفۆردەوە بە خۆی و بە شەهادەنامەی سیاسی خۆیەوە نەهاتۆتە حەسار و تەقتەق کەڕەواران لە خشتە ببات. بگرە خاوەن شەهادە هەر پێی ناکرێ کۆمەڵەی جنۆکەپەرستان بدۆشێت چونکە نازانێ بە دەمودووی ئەوان بئاخێوێت.. هەڵبەت پرسیارەکە وەڵامی هەیە ڕەنگە لێشی بزانم. بەڵام هەر ئەوەندەی (نەزانی) بکەینە دەسکەلای تەبریری دۆڕانی ملیۆنەها خەلق سەبەبی تەبریرەکە زۆر زۆر کورت دەهێنێت. خۆ ئەوەی بۆرژوا دروست دەکات و دەیرمێنێت خوێندەوارە (هەر نەبێ لە چاو خەلقی تەقتەق و کەسنەزان). ئەوانەی ستالینیان دەپەرست خۆیان بە کاکڵی سەقافەتی سەردەم و مێژووش دادەنا.. بێ دوودڵیکردن دەڵێم سەرلەبەری ئەو خوێندەوارە سیاسییانەی کەوا بەر لە هەرای ١٤ی تەموزی ١٩٥٨ ی عێراق دەیانویست ڕێژیم بگۆڕن بە یەکێکی چاکتر، سەرلەبەریان ئەوەندە کوڵەوار بوون و ئەوەندە خەیاڵیی بوون ئەوەندە بە هێڕیدا چووبوون چاکترین شتێکی لە دەستیان هاتبایە ئەوە بوو وەکوو (اهل الكهف) لێی بخەون و بە خەبەر نەیەنەوە. ئەدی ڕێکخراوی (ضباط) و بەرەی نیشتمانی یەکگرتوو نەبوو عیراقی لە خوێن و ئاگر هەڵکێشا ؟.

(نەزانی) زەهرە! بەڵام و هەزاران جاران بەڵام!! ئەو زانینە نیسبییەی ئەفەندییەک بە خوێندەوار دادەنێت لە ئاست فەلاحێکی کەڕەواردا پتر لە زەهر کوشندەیە کە بە زەبری شۆڕش دەگاتە دەسەڵات. با لێرەدا شتێکت پێ بڵێم: ئەوەندەی خوێندبێتمەوە و بیستبێتم، لە هەموو ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بە درێژایی تەمەنم تووشی ( ١٠ ) کەس نەهاتم بە ڕوونی واقعی سەردەم و واقعی وڵاتی خۆی هاتبێتە بەر هۆش و گۆش. دە کەسم نەدیت لە قووڵایی ئاگادارییەوە زانیبێتی دیموکراسی زمانی خۆڕوونکردنەوەی (حضارة - شارستانەتی)یە و ئابووری و ڕامیاری لەو وڵاتانەی لێیان دەوەشێتەوە پێیان بگوترێ (پێشکەوتوو) دوو ڕووی یەک سککەن. لە نووسینمدا گوتووە ئەوانەی لە تاریکی هۆشی خۆیانەوە ڕازی نین بە دیموکراسی با ماندوو نەبن چونکە دیموکراسی دە جاران ئەوان ڕەفز دەکات: دیموکراسی کوتاڵێکی بە نازوفیز و ئەریستۆکراتە خۆراکی بۆرە زەلام نییە.. باینجانی دوکانی بەقاڵ نییە چاوەڕوانی تەشریفی من بێت بە خێری خۆم بیکڕم.. من نازانم لەگەڵ یەکێکی پێگەیشتووی کۆمەڵەی پێشکەوتوو بە سەر مێزی نانخواردنەوە عەیبدار نەبم. ئنجا دەبێ چۆن پیاوێک دەربچم کە وەکو حەمەزڕپە لە هاوڵاتییەکانم ببمە شەقوەشێن؟ ئێمە هەتا ئێستا بە مەفهوومی سەردەم ئابووریمان نییە، کە ڕاگوێستنمان بە پشتی کەر و هێستر بێ مواصلاتمان نییە ئنجا چۆناوچۆنی دەم لە مافی ئادەمیزاد بدەین کەوا تا ئێستا بە قەدەر حورمەتی مەیموونی هند و ئەفریقیا لای زانایەکی بایۆلۆجی ئەو ئادەمیزادە لای ئێمە حورمەتی پەیدا نەکردووە!!.

سیاسییەکانی عیراقی بەر لە ١٩٥٨ هەر ئەوەندەیان دەزانی ببن بە قسەی پفهەڵدراوەوە بنێن و بڕمێ و نەڕمێ بچڕن. ئێمە هەتا ئێستا (ژێرخان)ێکمان نییە (ژوورخان)ی کۆتایی سەدەی بیستەم بە خۆیەوە بگرێت یان هەر ژوورخانێکی نیوە مردووش بێت.. ژوورخان و ژێرخانمان کۆمەڵە ئایدۆلۆژیایەکی لێڵی بێ بنەمای بێ فاعیلیەت و بێ بەر و بێ ئەنجامە کە دەشێ لە سەر پشتی (سەنگی سەخرێ)ش هەڵستێتەوە.. هێشتان تەریقەتی قادری و نەقشبەندی پتر لەگەڵ ڕێگای زێدە نزمی (وجود)مان بووز دەخوات. هەر بۆیەیشە خەلقەکە پتر بەولادا دەچنەوە. لە هەولێر بەچکە شێخێک و

ئەدیبێ مردن: ماڵم حەقە (جەماهیر) بە هەموو فەلاحەکانیانەوە شین و شەپۆڕیان بۆ کوڕە شێخەکە دەکرد و مەوکیبی جەنازە جادە و کووچە و کۆڵانەکانی هەولێریان گرتبۆوە، ئەدیبەکەش ماڵی بە خانەی خوا بێت کەسی بە مەرگی خۆیەوە خەریک نەکرد مەگەر مەلائیکەتی ناو قەبر و حیسابی مەرنەمووکە..

لە حیسابی مندا (ئادەمیزاد) هەموو شتێکە نەک ئادەمیزادی تریفەیی و پەلکەزێڕینەیی و خەرمانەی ماهتابی.. ئادەمیزاد بە هەموو عەیب و عار و بەرزی و نزمی کە لە سنووری فریشتە هەتا سنووری ئەهریمەن دەگرێتەوە، دروستکەری واقیعە: بوتپەرست خۆی بوتەکە دروست دەکات.. گەلێ جار پەتی خۆ پێ خنکاندنیش دەهۆنێتەوە، خۆشی بۆ قۆڵبڕ و شەعبەدەباز دەدۆشێت، بزنی دراوسێکەشی بۆ ئاغا دەدزێت.. فەلاح (٥) هەزار ساڵە بە دوای کلکی گارەشدا خیتاوخیت دێت و دەچێت، زەوی بە وەرد ڕەش دەکاتەوە، کەچی یەک سانتیمەتر ڕێگەی بەرەو پێشەوە نەبردووە.. من بێ گومان لەگەڵ فەلاح و مافخوراودام بەڵام دەبێ بزانم کە مرۆڤ گەیشتە پلەیەک لە سڕی و بێ هەستی هەزار مەجلیسی فاتیحە و کۆڕی شین و شەپۆڕیشی بۆ ئاراستە بکەم بایی فلسێکە. ئێمە ئەگەر بۆ لایەنی تەبریری دەمارگشتی خۆمانیش دوژمنێک بەرچاو بکەین خەفەتی خۆمانی پێ دامرکێنین پێویستە و هەزار جار پێویستە بەر لە شەیتان و جنۆکە و اقطاع و خوێنمژ یەخەی ڕابەرەکانمان و سەرۆکە سیاسییەکانمان و خاوەن فکرەکانمان بگرین کە بەرەو هەڵدێری بێ ئاکامانەوە نەبەن و شەڕی دۆڕاومان پێ نەکەن و بە هیچ جۆرێک لە ژێر هیچ دروشمێکدا بەرەو براکوژیمانەوە نەبەن. مەلای خەتێ بە خۆڕایی تاوانبار کرا لە سەر فەتوایەکی کە میری کۆرە خۆی لێی داوا کرد. ناشێ لە پەنا سەقافەتی بیژۆکی کاڵوکرچدا هەرچی ڕاست بۆوە و دوو فلتەفلتی لە لێوانەوە دەرچوو ببێتە فەتوادەرێکی خائینی ڕاستەقینە... ساڵی ١٩٧٨ بۆ ماوەی چوار مانگ و بیست شەو لە عەممانی ئوردون بووم: شەوێکیان تاقمێ لە گەنجی کوردی ئوردون و سووریە لەگەڵم دانیشتن و لە کوردایەتی دەدواین: پێیم گوتن، ئێوە تا ڕۆژێکی دەتوانن سەرۆکایەتی بزووتنەوەی کوردایەتی یەککرتوو بکەن هیچ نین ئەوە نەبێ وەکو ماشەی ئاگری پێ هەڵدەگرن ئێوەش لە ژێر عینوانی جوادادا ئاگری ناکۆکی گەش بکەنەوە...

هەر وەها بە گەنجێکی فەلەستینیم گوت، هەتا بزووتنەوەی ڕزگاری فەلەستینی شازدە قیادەی هەبێت (وەک ئەو دەمە هەیبوو) شتێک نییە بە ڕاستی پێی بگوترێ (ڕزگاری فەلەستین)...

با بەدەم قسەی بێ عەیارە و بێ سنوور و بێ مەنهەج و بێ دەقی دیارکراوەوە زمان لە بابەتی ڕێکەوتی بێ دڵخواز بگێڕم کە دەزانم ئەم جۆرە قسەی شڕمبڕم لەگەڵ شیرازەی ژیانی بێ سەروبەرماندا چاکتر دەگونجێت: لە نووسینێکی کۆندا کاتێک ڕەخنەکاریم لە بیروڕای ئەدیبێکی کوردی سۆڤیەت دەکرد، کە لە ناو توێژی ئەتروحەی دکتۆراکەی باسی دەروێش عەبدوڵڵای نەیژەنی قەسیدەیەکی گۆران دەکات و دەڵێت: سەرمایەداریی بەغدا نەیهێشت ئەم هونەرکارەی شەعبی بگاتە ئێزگەی ڕادیۆ و هونەری خۆی بە میللەت ڕابگەیەنێت.. نا، لە ئاستی ئەم قسەیەیدا گوتم: قەسیدەی (دەروێش عەبدوڵڵا) لە ساڵی ١٩٣٠ هۆنراوەتەوە، ئیزاعەی بەغدا لە ساڵی ١٩٣٤ یان ٣٥ هەناسەی هەڵهێناوە، جەنابی ئەدیبی کورد بۆ ئەوەی بە پێی تیۆری خەباتی چینایەتی سەرمایەی بەغدا تاوانبار دەرچوێنێت بڕیاری دا ئیزاعەی بەغدا ٤ - ٥ ساڵ پێش کاتی لەدایکبوونی لەدایک بووبێت.. ئنجا سەرمایەداری بەغدای شەپرەلێدراو کە لە سێبەری پۆلیس زەندەقی دەچوو شەرەفێکی گەورەی پەیدا دەکرد ئەگەر بیتوانیبایە دەروێش عەبدوڵڵا لە ئیزاعە پاشگەز بکاتەوە.. بۆرژوای ئیسپانیا توانی لە کۆتایی سەدەی پانزەمیندا کریستۆف کۆلۆمب بەرەو ڕۆژاوا بەڕێ بکات تاکو لە ڕۆژهەڵاتەوە بگاتە هیندستان. سەرمایەی بەغدای مردەڵە نەیتوانی تاکە ئەندازیارێک بنێرێ بۆ بناری پیرەمەگروون و قەندیل تا بزانێ چ مەعدەنێکیان تێدایە. قسەش لەگەڵ سەرمایەی بەغدای ناوەڕاستی سەدەی بیستەمە.

سەیر لەوەدایە هەر چونکە قسەی ئەدیبە کوردەکە لە مەڵاشووی شۆڕشگێڕی چەپڕۆی کورد شیرین بوو یەکێکیان لێی بەدەنگ نەهات و هەڵەکەی بۆ ڕاست نەکردەوە.

ئێستا لە ڕۆژی ١٢ی مانگی مایسی ١٩٩٣ شیوعی تازە و گەرمەتەریقی کورد، دوای هەرەسی سۆڤیەتستان، شێتگیرترە لە سەر دەروێشایەتیە گومڕاکەی لێرە بە پێشەوە: هەر چونکی زمانی لە ناو لالغاوەکانیدا دەگەڕێت بەوپەڕی نازوفیزەوە هێندەی گاجووتی گیاخواردووی بەهار دەبۆڕێنێ و هۆڕەهۆڕیەتی، خۆ لە گەرووی خۆی بەولاوە هەرچی هێز و دەسەڵاتی نەک ئادەمیزادی، بگرە مریشکایەتیشی نییە بەهەشتی داد و یەکسانیی کۆمەڵەی یەک چینی بەرپا بکات. بە ڕاستی مرۆڤ بە عەجایبی دەتوانێ گومڕا بێت، هەرچی ئاژەڵە هەر بایی برشتی بێ هێزیی غەریزە ڕێی هەیە هەڵەشە

بێت مەگەر مرۆڤ ڕایبهێنێ بە هەڵەشەیی..

براله نامەکەت بە هۆی نادیاریی نامەکەی خۆمەوە کە بنەمای نامەی تۆیە، مەیلەو لە تاریکایی دەمێنێتەوە ئیتر کە دەبینم لە هەندێ قسەتدا پەلەی ئەنجامگیریی دەکەیت نازانم چەندی ئەو قسەی بە پەلە لە (رد فعل – بەرتەک)ی نامەی منەوە هاتووە چەندیشی ئەندێشەی خۆتە. لە نموونەدا کە دەخوێنمەوە باوکی خۆت و خەلقی دێیەکەت و ناوچەکەت (دەست ماندوو و زگ برسی و کەڕ و لاڵ کراو..)ی شێخ و مەلا و زۆردار دیتوە، ئاڵقەیەکی خێدە بەهێزی هەرە سەرەکی و بنەمایی لەو دیمەنەدا بزرە: شێخ و مەلا و زۆردار لە مەریخەوە بە سەر کۆمەڵەی فەلاحی فەیلەسووفدا نەباریوە گومڕای کردبن. هەر ئەو ڕەشوڕووتە دایک و باوکی مەلا و شێخ و زۆردارەکەیە وەک کە ئێستاش دایک و باوکی سیاسی هەڵەشەی بێ لغاوی سەردەمە.. نەک هەر ئەوەندە و بەس، بگرە فەلاحی نەخوێندوو لە مەلای نەدەسەلماند عارد لە سەر پشتی گا و گا لە سەر پشتی ماسی نەبێت.. فەلەکیاتی بەتلەمیۆس کە مەلا لەگەڵ قورئانی تەتبیق کردبوو بە لای فەلاح و نەخوێندووی شارستانیشەوە کفری موتلەق بوو.. تەنانەت مەلا نەیدەوێرا بلێ حەزرەتی شێخ خزمی خوا نییە مەگەر یەکێکی وەکو مەلای ئیبنوئادەم یان حاجی قادر یان باوکم.. (واقع) بە هەموو مەودا و قووڵایی خۆیەوە ئەو هەناوەیە کە بیروباوەڕ و کۆمەڵایەتی و مێژووی لێ دەزێتەوە ئیتر چەندی دروست و چەندی بیژۆکە دەکەوێتە جغزی تۆژینەوەی (مەکتەبی).. منیش بە قەدەر تۆ پەرۆشدارم بۆ ڕووتەیەکی تاکە مەڕەکەی بە دیاری دەبات بۆ کەسێکی لێی حەرامە، بەڵام پەرۆشەکەم واقعم لێ ناشارێتەوە. لە نووسینمدا بەر لە چل ساڵ پتر – بە عەرەبی – گوتوومە: لیس قصاری العقل [البشري] ان يمتنع عن تفسير الاشياء التي لايفهمها ولكنه يفسرها تفسيرات خاطئة.. هەر لەم کولانەوەیە بوو گوتارێکی کوردیم بڵاو کردەوە لە ژێر سەرەناوی (تاوانی بێ تۆڵەی دیاردە چاو غەڵەتێنەکان) و لەو نووسینەدا بەشێکی خەریکبوونم بە ئاسمانی شینی بەرزی پانەوە بوو کە نە شینە و نە بەرزە و نە پانە و لەوەتەی مرۆش هەیە خۆی لەبەر مراندووە و سەدەقەی بۆ داوە و پەرستوویەتی و پێوەی کەللەبەتاڵ بووە. هەزاران گۆشەی دیار و نادیاری سروشت و جیهانی ڕووەک و گیانلەبەر و ئادەمیزاد هەیە بە نهێنی کاری بەد و پەسندی خۆی دەکات [بە زۆریش بۆ کەرەوارە بەدە] و قالبی کۆمەڵایەتی لێی بە قەرز وەردەگرێت بێ ئەوەی هەست بە خۆیشی بکات و زۆربەی هەرە هەرە زۆری ئادەمیزاد بۆی ملکەچ دەبێت مەگەر ئەو تاکە دەستنیشان کراوانە نەبن کە لە چەنگ تەپکەی ئاشکرا و نهێنی ئاسمان و سروشت و کۆمەڵایەتیش ڕزگار بوون. لەم دەمەدا کە من ئەم دێڕانە دەنووسم ملیۆنەها گەنج خەریکە تراقۆڵتا و شەقوەشێنی فوتبۆڵ دەپەرستێ... براله (ڕاستی ـ واقع ـ حەقیقەت) یەکجار فێڵبازە چونکە یەکجار قووڵ و نادیار و تێکئاڵۆزاو و هەزار لایەن بێ سەروبنە. کە بتەوێ لەگەڵ سروشتی بوونەوەر بە تێکڕایی و دیاردەکانی بایۆلۆجی بە تایبەتی و جیهانی مرۆڤ لە چەقی هەمووواندا، بێ گرفت و پێککەوتنەوە بڕۆیت لە سەرتە نەخشەیەکی سەرلەبەری هەموو دنیا ڕێک بخەیت کە ناوەرۆکە بێ ئەژمارەکانی دژ بە یەکتر نەوەستن: نابێ تەفسیری هیچ شتێک تەفسیری شتێکی دیکە لەق بکات.. لە مەیدانی (زیندەوەر)دا بگەڕێیتەوە بۆ ئەو ترووکەیەی کە هێزی (ژیوەریی – حيوية) تێدا گەڕایە بەر مادەی مردوو و عامیلی (خواز) دەستی کرد بە چالاکی.. حەز دەکەی خواپەرست بە و (ژیوەری)بەو بدەوە، حەزیش دەکەی ڕێگایەکی دیکە بگرە بەر بە مەرجێک کە دیتت (ئیلحاد) هەموو تەفسیرێک بە دەستەوە نادات خۆت تەفرە نەدەیت لە بەر خاتری فیۆرباخ و مارکس و لینین و برادەرە مولحیدەکەت.. کە لە ئیلحادیش پاشگەز بوویتەوە گورج دنیای ئادەمیزاد لە (موسەلەمات)ی شێخ و مەلا و سۆفی و قەشە و موبەد مارە مەکە، چونکە مەسەلەی دین لە بەیندا بێت و نەبێت هەبوونی خالق نەبوونی بە ملەوەیە، هەر نەبێ تا ئەم ڕۆژانەی تێیدا دەژین کە جارێ ماوەیەکی زێدە زێدە هەیە لە نێوان ئەوەی دەیزانین و ئەوەی (حەقیقەت موتڵەق)ە. لە کتێبێکی ئاخر مۆدێلی فیزیا کە لەو ساڵانەدا بە ئێمە گەیشتووە، خوێندمەوە دەڵێ: کوتلەی ئاتۆم بە خێراییکردن زیاد دەکات. بۆ ئەوەی بتوانین ئالەتەکانی عیلمی بخەینە ناو ئاتۆمەوە پێویستمان بە جیهازێکی (خێراکەر) هەیە کە بە قەدەر کاکێشان درێژ بێت.. واتە ١٠٠٠٠٠ ساڵی تیشکی، ئەوسا خێراکەرێک لە ئەمەریکا هەبوو ٣ کیلۆمەتر درێژ بوو، خێرایی دەگایاندە نزیک خێرایی تیشک، کوتلەی ئەتۆم ٢٨ جار پێی گەورە دەبوو. دواتر خێراکەرێک لە سنووری نێوان فەرەنسە و سویسرەدا دروست کرا درێژاییەکەی ٢٧ کیلۆمەترە. ئەمە دەڵێم زۆر چاکیش دڵنیام لەوەی کە زانستی مرۆڤ هەرچەند تا ئێستا کەمیش بێت بەڵام بە سەر ڕێگەی ڕاستدا ماوەی بڕیوە و پێ بە پێ خێراتر ماوە دەبڕێت تاکو لە پاش ١٠٠، ١٠٠٠، ١٠٠٠٠ساڵ دەگات بە خێرایی ڕەها (مطلق)

باوەڕم هەیە مرۆڤ ئەگەر بە دەستی خۆیەوە مردار نەبێتەوە ڕۆژێک دێت هەرچی فیزیا هەیە وەک بەری دەست بۆ چاوی مرۆڤ [کە ئالەتە سیحراویەکانێتی] خۆی یەکالا دەکات. من بۆ ئەوە دەچم [کە ڕێگەی دیکە شک نابەم] لەو دەمەدا کە هێزی ژیوەری پەیدا بوو، گۆڕان و بەرەو پێش چوون و فرەبابەت بوون بە جۆرێکی (پەنامەکی – کامن) لەو سیفەتەی زیندوویەتیدا هەبوو نەک بە جۆرێکی سیحری و ئەفسانەیی بەڵکو بە پێی داخوازی ئەو کاریگەرانەی کە موعجیزەی زیندوویەتییان ئافراند. تطوری زندەوەر بە یاسای (احتمالات) یەک بست بەرەو پێشەوە ناچێت مەگەر بە چاونووقاندن و خۆ خڵەفاندن. خوازی خۆژیاندن و نەوە پەیداکردن و دوژمن بەزاندن هی ئەوە نییە بیدەینە (ڕێکەوت – صدفە)ی کەڕ و لاڵ کە پێشتر خۆمان لە چۆناوچۆنی تاو و تەئسیری عاقڵانەی ساحیرانەی بلیمەتانەی ئەو عامیلانە نووقاند کە موعجیزەی هەرە هەرە هەرە هەرە سەرگێژکەری هەست پەکخەری هۆشبەزێنی (گیان – ژیوەری)ی لە (مەرگ)ی موتلەقەوە کرد بە ڕووداوێکی مومکین: تەفسیری جیهانی مادی لەگەڵ خۆیدایە چونکە کە مادە هەبوو دیارە بێ خاسیەت نابێت، ئیتر کەهرەبا و کێش و تیشکی جیهانی و ڕەنگی پەلکەزێڕینە و..و.. هەموو شتێکی دیکەی وەک ئەمانە بەرهەمی مادەن بێ ئەوەی لزوم هەبێ لە دەرەوەی مادەوە هۆی پەیدابوونیان بۆ قەرز بکەیت، بەڵام هێزی زیندوویەتی و خاسیەتەکانی، کە سەری نا بە غەریزە و هۆش و هیشی ون و هەستی شەشەم و .. پانزەم هتد.. نیشانەیەکی پرسی بە قەدەر کێوی قاف هەڵنا بۆ تێوەڕامان و وەڵامدانەوە. من لە لای خۆمەوە کە دێم پێوانە و کێشانەی فکری لە مەتەڵی (وجود) دەخەمە گەڕ، هەرچی بەرهەستە و دێتە تەرازووی هەڵسەنگاندنەوە و هەرچی هەست بەدەریشە و جارێ نایزانم بەڵام بە یەقینی لام ڕوونە کە هەن و لە کاردان، سەرلەبەریان بە خۆیان و تاو و تەئسیریان و بە زڕە تەئسیریشیانەوە کە وەک سێبەر دەور دەبینن دەهێنمە ناو موعادەلەکەوە.. جێگەی عامیلی نادیار لە لێکدانەوەمدا زەق و زیتە چونکە دەزانم ناشێ هەست نەکردنم بە شتی هەرە هەرە زۆری جیهان ببێتە هۆی سڕینەوەیان.. خەریتەکەم بەتاڵایی زۆر فراوانی تێدایە بەڵام ئامادەیە شتی نوێ بابەت بگرێتە خۆیەوە: لە سەرەتای ساڵی ١٩٦٧ کە کوڕی دووەمم (محەمەد) کە جارێ تەمەنی لە ٣ ساڵان کەمتر بوو یەکەم وشەیەکی (ئەبجەدی) کە بە سەر زاریدا هات (قووقە) بوو کە مەبەستی لە (چەقۆ) بوو.. دەرلەحزە بە

بیرمدا هات کە دەنگی (ق)ێکی هەموو ئینگلیز لێی پەککەوتەن و ناتوانن دەریببڕن چۆناوچۆنی بۆ ئەم منداڵە زمان نەپژاوە وەها سەرنەرم بوو تا ئەوەی دوو قافی لە وشەیەکدا لێ خۆش هات؟. گەیشتم بەو قەناعەتەی کەوا توانای (نطق) و چۆنیەتی دەربڕینی (دەنگی زمانی) لە تەنها کاریگەری (ارث)ەوە نییە بەڵکو سەرلەبەری دەوروبەر بە هەرچی تێیدایە و پێکی هێناوە وەک گەرمی و ساردی، میقداری تۆز و خۆڵ، بەرزی جێگە لە ڕووی دەریاوە، زۆری و کەمی ڕووەک.. چەقەچەق و هەموو ئەو پێکهێنەرانەی نایانزانم دەوریان هەیە لە تەشکیلی جۆری (نطق).. دوای ئەمە بە چەند ساڵێک کتێبێکی موعتەبەری فەلسەفەی فیزیام کەوتە دەست باسی ئەوەم تێدا خوێندەوە کە کۆمەڵێک لە زاناکانی تەحسینی نەوعی ئاژەڵ خەریکی پەروەردەی نەوعێکی کەروێشک بوون تا توانییان سیفەتی نوێی تێدا پەیدا بکەن: جارێ یەک کەروێشک لەو حەقلە دەرنەچووبوو، ئەو سیفەتانە بێ واسیتە پەڕینەوە بۆ حەقلێکی دیکەی دوور لەو.. ئەم خەبەرە ڕێک هات لەگەڵ لێکدانەوەیەکی بۆ قافی سەر زمانی ساوایێکم کردبوو.. گەلێ جار بۆچوونێکم دێتە مێشکەوە بۆ تەعلیلی دیاردەیەکی نامەفهووم کە بە هەموو لایەکدا و بۆ ماوەی دوور و درێژ لە دەروونەدا هەڵیدەسەنگێنم و لەگەڵیدا دەژیم: تومەز، بە پێی خوێندنەوەم لە سایکۆلۆژی، هۆشی ون خەریک دەبێ بە شیتەڵکردنی ئەو گرێ کۆرانەی هۆشی دیار پێی ناوێرێ ئیتر لە ماوەی پێویستدا گرێیەکە دەکاتەوە.. خولاسەی قسە، سروشت و بایۆلۆجی و سۆشیۆلۆجی و مێژوولۆجی و هەرچی (لۆجی) هەیە تا دەگاتە سێ ڕسکانە و کارەمستێنە هەمووی لە تەفسیری وجود دەنگ دەداتەوە و گوێی (هۆشی ون و دیار) دەبیسێت بە مەرجێک لۆکەئاخن نەکرابێت.. ڕەنگە لە نووسینەکانی مندا خوێندبێتتەوە کە بەرانبەر ئەوانەی دەوری تاکی (خاوەن دەسەڵات) لە مێژوو ناسەلمێنن و دەڵێن ئەو تاکەش نەبایە یەکێکی دیکە دەهات و هەمان شتی دەکرد، پێیان دەڵێمەوە: بێ ئەوەی ئاگایان لە خۆیان بێ ئەوانیش دەوری تاک تەئکید دەکەنەوە کە دەڵێن (تاکێک)ی دیکە کارەکەی دەکرد نەک دە هەزار کەس و سەرلەبەری کۆمەڵایەتی.. کرێکارێک یەک ملیۆن بەدیلی هەیە هەروەها قوتابی و بەقاڵ و وەزیر.. بەڵام ئانیشتاین لە سەردەمی خۆیدا بەدیلی نەبوو ئەگەر هەشیبێت یەکێکی وەک خۆی دەبێت.. پێغەمبەری ئیسلام نەبوایە مێژووی ئادەمیزاد شتێکی دیکە دەبوو.. مارکس و لینین نەبوونایە شۆڕشی ئۆکتۆبەر نەدەبوو.. هەروا پێ بە پێ

بەرەژێریش بیتەوە دەبینیت هەموو خاوەن (ابداع)ێک بایی سەدان و هەزاران کەس دەوری بووە لە بەرەوپێش بردنی کۆمەڵایەتی: بە من چی ئەگەر فلانە موبدیع نەبایە دوای بیست ساڵ موبدیعێکی دیکە دەرسکا، تا ئەگەر هەرچی پێشکەوتن هەیە ٢٠ ساڵ دوا بکەوێت لە سەر پەیدابوونی مێرخاسێک، نەدەشیا زانست و تەکنیک بە نیسبەتی هەندەسی ماوە ببڕن.

بە هەرحاڵ، ڕوو لە هەر لایەنێکی (وجود) بکەین قسە تێیدا کۆتایی هەڵناگرێت. تۆ لە سەرەتای تەمەنێکی، کە ئومێد دەکەم درێژخایەن بێت، چالاکدایت.. هەتا پێت دەکرێ لە تەحلیلی مەتەڵی کۆمەڵایەتی و سروشتی نیگات فراوان بکە و بە قووڵی تێوەی ڕابمێنێ.. نەک هۆشی خۆت تەسلیم بە کەس بکەیت وەک کە تەسلیمت بە من نەکردبوو لە مەسەلەی (نە.. نە)دا. دەستت خۆش بێ. خوتخوتە و ترس و کۆمەکردن بەلاوە نێ.. بۆ بەختیاری، تۆ لە وڵاتێک دەژیت هەموو کەرەستەیەکی خۆڕوونکردنەوەی تێدایە و وەک بزانم، بەر دەستیشە. هەتا من دێ بە دێ ترخێنە بە ئەسکوێ سەرچاوەیەکی گەشم دەست دەکەوێت بۆ ڕەواندنەوەی گرفتێکی ڕۆشنبیری ڕەنگە تۆ لە شەقامەلانی شارێکی تێیدا دەژیت سەرچاوە بە پیرتەوە بێت: پتر لە ٣٠ ساڵە من بۆ ئەوە چووم کە (هەم.. هەمە) لە دوو سەرچاوەوە دێن. یەکەمیان (هست ی فارسی و ئیستات ی پەهلەوی)یە دووەمیشیان (بە واتای تملک) دەبێ لە (هەڤ)ەوە هاتبێت کە برای (have)ی ئینگلیزی و (avoir)ی فەرەنسییە. ئەم باوەڕەم لەگەڵم ما و بە نووسینیش دەرمبڕیوە هەتا لەو چەند ڕۆژانە لە کتێبی (فقه اللغه ارانی) لە نووسینی ای.م.ارنسکی تەرجەمەی کەریم کشاورز لاپەڕە ٨٦ دیتم (hvathwo)ی ئاڤێستایی بە واتای (هەیبوو) هاتووە کە هەمان (هەڤ)ە من بۆی چووبووم، بەڵام بۆچوونێکی بێ بەڵگە.. لەم موناسەبەیەدا دەڵێم وەڵامی نامەکەت وەخرا لە بەر چەند هۆیەک، یەکێک لەوان ئەو نووسینە مەیلەو بیندرێژەی سەر بە ڕێزمان بوو کە (هەڤ)ی تێدا شیتەڵ کرایەوە. هەر لەو نووسینەشدا کاتێ گەیشتمە ڕەخنەگرتن لە بۆچوونی مامۆستایەکی ڕێزمان کە بە شێوەی مطلق داینابوو (نەرێ + نەرێ = ئەرێ) واتە نەفی نەفی دەبێتە ئیجاب، باسی نامەکەی تۆم کرد کە هەمان تێبینی تێدا هاتبوو.. وەڵامیشم داوەتەوە بە دەم ئەو ڕەخنە و تێبینییانەش بەڵێنم دا لە دەرفەتێکی لەباردا لە سەر (نەفی نەفی) ڕێزمانی بنووسم. ئنجا لێرەدا پێویستم بە یارمەتی تۆ هەیە کەچی لەو نامەیەمدا لە بارەی نەفی نەفیەوە نووسیومە بۆت، نوسخەی لەبەر بگریتەوە و بۆمی بنێریتەوە چونکە نوسخەی نامەکەی خۆمم لا نییە. واش بە چاک دەزانم لێم ڕوون بێت لە سەر چەند لایەنی ئەو باسە ڕۆیشتووم.. بە سپاسەوە.

هەرچەند پۆرگی دەروونم گەلێک ئاخناوە بە قسە و ڕوونکردنەوە و تێبینی ڕەخنە کە بە هیچ لایەکدا سنووری دیاریان پەیدا نییە دەبێ لە بەرەو کۆتایی ئەم لاپەڕەیەدا جڵەوی خامەکەم هەڵەنگێوم چونکە ئەگەر بپەڕمەوە بۆ لاپەڕەیەکی دیکە ڕەنگە گلۆرەی قسان بکەوتە لێژی و بۆم نەکرێ هەڵیبکەمەوە.. بە دڵێکی چاکەخوازت دوعاخوازیت لێ دەکەم تا هەڵێکی دیکە.

کۆتایی نامەکە کەوتە ڕۆژی ١٤ / ٥ / ١٩٩٣

**برات**

**مسعود محمد**

کاکە حەکیم: لە دەمێکەوە بیرم بۆ ئەوە دەچێت کەوا ڕەنگە ئادەمیزاد لە چەند ڕەگەز و بنەمایەکەوە نەک یەک ڕەگەز سەری هەڵدابێت.. پار لە گەنجێکی کۆیی کە لە سوید دەژیت و بە سەردان هاتبۆوە وڵات بیستم دەیگوت زاناکانی بایۆکۆجی کەللەسەر وە یا ئێسقانی ئەوتۆی ئادەمیزادیان دۆزیوەتەوە نیشانەی پتر لە ڕەگەزێکی تێدا دیارە.. ئەگەر هیچ مەعلوماتێکی ئەوتۆییت بە نووسین چنگ کەوت بۆم بنێرە یاخود هەر نەبێ نوسخەی دەسخەتی لە سەر بگرەوە. هۆی ئەو بۆچوونەم لێرەدا جێی شەرحکردنی نابێتەوە.

تکایە ئەدرەسەکەت بە خەتی خۆشخوێن بنووسە چونکە ئیملای سوید بۆ ئێمە سەرکەشە. نازانم Gävle کە نووسیوتە سەرەتاکەی (a)یە یان (G).. ناچار چوومەوە بۆ ئەتلەسی بریتانی کە لەوێ دیتم شار نییە بە a دەست پێ بکات بەڵام Gävle هەیە سەرژماریشی ٨٤٦٩٨ کەسە.. هەروەها ئەگەر ناوەڕۆکی نامەکەشت بە خەتی خۆشخوێنتر بنووسرێت زەرەری تێدا ناکەم. بە سپاسەوە.

[سەرژمارەکەی باسکراو هی ١٩٧١ بووە]

**مامۆستای گەورە، بەڕێز کاک مەسعوود...**

ڕاستگۆم ئەگەر بڵێم: بەر لەوەی هیچ لە خوا بۆ خۆم بخوازم، داوای لەشساغی و تەمەندرێژی ئێوەی لێ دەکەم و دەشزانم کە دەروونی بنیادەمانەم، بە خشکەیی خواستی تایبەتی خۆشی دەخاتە تەک و کەلێنێکی

گچکەش دەخاتە ڕاستگۆییەکەمەوە.

نامە شیرینە بەنرخەکەتان کە ١٤ / ٥ / ١٩٩٣ لە نووسینی بوونەتەوە، دوێنێ (٢٦ / ٥) گەورەی کردم و وەک ئەوەکەی پێشا دنیای ئاوارەیی لێ ڕووناک کردمەوە. بەر لە هەموو شتێ دەمەوێ ئەو گەر و گومانەتان لە لا بڕەوێنمەوە کە پێ دەچێ بە هۆی تەعبیری لاوازی منەوە نیشتبێتە سەر دڵتان کە دەفەرموون: "لە هەندێ قسەتدا پەلەی ئەنجام گری دەکەیت نازانم چەندی ئەو قسەی بە پەلە لە (رد فعل - بەرتەک)ی نامەی منەوە هاتووە چەندیشی ئەندێشەی خۆتە". منیش دەمەوێ عەرزتانی بکەم کە بە هیچ جۆرێ بە هۆی هیچ کاردانەوەیەکەوە - هەستی شاراوەی لێ دەرچێ کە مرۆ دەستی بە سەردا ناڕوا - هیچ وشە و ڕستەیەکم نەکەوتوونەتە سەر قاقەز و هاتبێتنە خزمەتتان. هەرچم گوتووە لە دیدی خۆمەوەم گوتووە. کە بەرگریشم لە خەڵکی حەسارنشین یا خەڵکی وەکو ئەوان کردووە، هەر ئەو کارەم خۆی لە خۆیدا بەگژداچوونەوەی زرپەکانە. جگە لەوەش، باوەڕم وایە کە کاردانەوەی هەموو کارێکی خراپ مەرج نییە چاک بێ چجای کاردانەوەی بۆچوونی ئایەتانەی مامۆستا مەسعوود! ئەمەیان هەر بە لای منەوە لایجوزە!. دەمێکە خەمی خۆم بە نووسین لەوە هەڵڕشتوە کە کاری ئێمە ئەوەندەی کاردانەوە بووە کار نەبووە و ئێستاشی لەگەڵ. بەڵێ من لای خۆمەوە فریوخواردن (ئەگەر تۆقاندن و تەمای غەریزەی بە دەمەوە نەبێ) بۆ ڕادەی برەوسەندنی هۆش دەگێڕمەوە. کابرایەکی نەخوێندووی ئەو ناوچانەی ئێمە، هەر شیعرێکی کوردیت بۆ بخوێندبایەوە دەرلەحزە لە بەری دەکرد. هەموو شیعرەکانی قانعی لەبەر بوون و لە هەموو مەجلیسی شین و شاییدا دەیگوتنەوە. ئەم کاکەیە بە داوی زرپەوە بوو و لێی نەبووەوە تا پلە و پایەشی پەیدا کرد. جارێکیان لەگەڵ کۆمەڵێ هاوشان و هاوپلەی خۆیدا دەچێتە بەغدا و لەوێوە زیارەتی - نازانم مەعهەدی ڕۆشنبیریی یا شتێکی لەو بابەتەی شوورەوی - دەکەن. کاتی نوێژی عەسر دێت و ئەویش (ساقۆ - پاڵتۆ)کەی لە سەر چیمەنەکە بەرەو قیبلە ڕادەخات و نوێژ دادەبەستێ و جەماعەتەکەی زۆر پێی ئیحراج دەبن و گلەیی لێ دەکەن. بە تووڕەیی پێیان دەڵێ: حەیاتان دەچێ قیـــڕڕ! دەتانەوێ لە دین لادەم؟. دوای ئەوە بە چەندین ساڵ، دەگاتە ئەوەی دنگەی ماددەی دیالەکتیک تێبگات و بە چاوی خۆی بیخوێنێتەوە. هەر یەکسەر کتێبەکە فڕە دەدات و بەرەو دین بادەداتەوە و لەو دینەی وەردەگەڕێ. لەمەشیاندا عەنتیکە بە هەڵەدا چووبوو.

دەیگوت حەزرەت، مەبەستی لە (محەمەد) بوو، جەستەی شەریفی نوور بوو. دیارە زرپە چۆنی لە خشتە بردبوو هەر بە هەمان کەرەسەی ناڕاست بە لایەکی تردا خەڵەتا و دڵنیام بۆ شتێکی تریش لە خشتە دەبرێ. ئەوەیە کە قەناعەتم پێ دەکات کە ئەو کاکەیە بێ تاوانە چونکە تەنها تیلماسکێکی باریک خراوەتە بەر دەستی و دنیای لێوە دەبینێ. ئەو تیلماسکەیەش ڕەنگ کراوە. دەبێ ژیان بۆخۆی ئەو شێوە تەڵە و داو و لە خشتەبردنەی پێ نەوێ؟.

بەینێکە ئەوانەی دوێنێ چینێکی خەڵکیان بە گژ چینەکانی تردا دەکرد و پێچەوانەی ڕەوتی هەموو مەنتقێک مەلەیان دەکرد، ئێستا وازیان هێناوە بەڵام دووچاری دەردێکی تر هاتوون کە لەوەی پێشا بە سامناکتری دەبینم: نیوەی کۆمەڵ لە نیوەکەی دی هار دەکەن... باسی سەربەستی ئافرەت لە ناو کۆمەڵگەی دیلدا دەکەن. پێم وایە ئەمەشیان هەر بۆ خۆیانە چونکە قاوەخانەی بێ ئافرەت و مەرقەسی بێ ئافرەت ناخۆشە. کار گەیشتۆتە ئەوەی لە گۆڤارێکی کوردیدا، ژنە کوردی ئەورووپا نشین بڵێ: ئەوە چەند ساڵێکە لەگەڵ پیاوێکدا بێ مارە دەژین نەریتی من هی میللەتەکەم نییە و هی ئەورووپاش نییە. ئەو ژنە ڕاست دەکات کە نەریتی تایبەتی خۆی هەیە بەڵام گۆڤارەکە چ نەریتێکی هەیە؟. ئەم جۆرە خەڵکە هەر ئەوانەی دوێنێن بە بێ کەم و زیاد، کە وەزارەتی قلیاسانیان داهێنابوو. با بەم بۆنەیەوە ڕای خۆم لە سەر ئەو سەربەستییە دەربڕم: وای دەزانم کە سەربەستی ئافرەت بە دەرهێنانی قەرارێک نایاتە دی. ئافرەت کاتێ دەزانێ چ مافێکی هەیە کە باوکێکی وەک مەلای گەورەی هەبێ و ڕێی فێربوونی لێ نەگرێت. کاتێکیش سەربەست دەبێ ئەندامی کۆمەڵگەیەکی سەربەست بێ. نازانم سەربەستی ناو بەندیخانە چ دەگەیەنێ.

منیش لە لای خۆمەوە لە ترسی ئاوی بن جسرەکان بە دوودڵییەوە یەکەم نامەم ناردە خزمەتتان. بەڵام کە زانیم پەڕیوەتەوە داخی ئەوەم خوارد کە نوسخەم لە بەری نەگرتبۆوە. (کاک فەریاد)ی هاوشاری ئێوە و (زێدە برا)ی من سەری کردۆتە سەرم و داوای بڵاوکردنەوەی نامەکانم لێ دەکات و وایان حسێب دەکات کە گشتی بن نەک تایبەتی. منیش ڕای خۆم ڕاگرتووە تا بۆچوونی ئێوە بزانم. ئەگەر لایەنی ئەو برایەم دەگرن منیش لێرەوە تەکلیفێکم هەیە و تکا لە کاکە (محەمەد)ی کوڕتان دەکەم کە نوسخەیەکی لە بەر بنوسنەوە و پێزانین و سڵاویشم قەبووڵ بکات. ئەگەر نا، پێی ناوێ عەزێتی

نووسینەوەی بکێشێت. ئەوەی کە زۆر پێی گەشامەوە ئەو بەڵێنەتانە کە بۆ نووسینی باسێکی دوور و درێژی (نە... نە) یا (نەفی - نەفی) داوتانە. نەک هەر ئەوەندە بەڵکو دوای دەمێکە - دوای ئەوەی گوتارەکەی سروەم خوێندەوە - بە ئاواتم خواستووە. با بەم بۆنەیەوە بگەڕێمەوە سەر باسی (نە... نە) کە مەبەستی سەرەکی یەکەم نامەم بوو. دەفەرموون: دەشێ بڵێین:

**نە دارا نە براکەی هاتن.**

**نە دارا نە براکەی نەهاتن.**

هەردوو دەستوورەکەش ڕاستە. ئەدی مامۆستا ناشێ بڵێین: نە دارا هات نە براکەی؟. چبکەم؟. چەندەی زەین دەدەمێ هەر ئەو ڕستەیەم خۆشتر بە زاردا دێت و لووس و لێکتر پێم دەخوێندرێتەوە و لە نووسیندا بۆم دێ. کەچی ئێوە لە وەڵامی یەکەم نامەمدا باستان نەکردووە. دەبێ لەبەر ئەوە بێ کە ڕستەی وا دوو فیعلی بوێ وەک: "نە دارا هات نە براکەی ڕۆیشت"؟. ئەدی دەبێ (نە دارا هات نە براکەی) هەڵە بێ من (مع سبق الاصرار) لە سەری سوورم؟. بە هەر حاڵ من خۆم بۆ ئەو ڕۆژە هەڵدەگرم کە ئەو باسەتان بە دوور و درێژی و بە وردی بخوێنمەوە بەڵکو ئێمە ئەوە خوایە و سەرم نەرم بێ و لە سەر ئەو دارەی بێمە خوارێ.

حەفتەی ڕابردوو جارێکی تریش (اعده التوازن...)م خوێندەوە. هەستم کرد لە جارانی چاکتر تێدەگەم (دیارە عارەبییەکەم لێرە دەمەزەرد بۆتەوە). بەرهەمی ترتان پێم شک نایەت لە بەرگی کتێبدا بوو بێت نەمخوێندبێتەوە. (ئەگەر بەشی دووەمی مرۆڤ و دەوروبەر) دەرچووبێت من نەمدیوە. بەڵام وتاری وەک (تاوانی بێ تۆڵەی دیارده چاوغەڵەتێنەکان) کە لە نامەکەتاندا باسی هاتووە بەرچاوم نەکەوتووە... دیارە بە هۆی ساڵەهای ساڵی دابڕانم گەلێ بێ بەشم و بەخۆم نەزانیوە... داخەکەم!.

پێم خۆشە پێتان ڕابگەیەنم کە (Animal farm)ی (جۆرج ئۆروێل)م کردۆتە کوردی و ساڵی ١٩٩٠ بڵاو کرایەوە. دەزانم ئەمەیان لە (جسر)ەکە ناپەڕێتەوە. چەند مانگێکیش لەمەوبەر لە وەرگێڕانی (١٩٨٤)ی هەمان نووسەر بوومەوە بەڵام جارێ توانای لەچاپدانیم نییە. ئەوەی لە دوانامەتاندا و لە باسی ئێزگە و دەروێش عەبدوڵڵای گۆران سەرنجی ڕاکێشام ئەوەیە کە ١٩٨٤یش باسی دەسکاریکردنی ڕابردوو دەکات: "ئەوەی دەستی بە سەر ئەمڕۆدا بڕوات دەستی بە سەر ڕابردووشدا دەڕوات". بەڵێ، ناڵێم باسی هەمان قوتابخانەیە بەڵام دەڵێم هەمان کارخانەیە. وای ئەو ئۆروێلە کە بەرهەمەکانی تەرجەمەی هەموو زمانە زیندووەکان کراوە، چۆنی هەڵدەتەکێنێ!. بە داخەوە تەرجەمەی عارەبی (Animal farm)ەکەی کە بۆتە (عالم تسکنه الحیوانات) عەدەم کراوە. نازانم بۆ.

لەبەر ئەوەی لە سەر ئەو سەفەرەم کە لە نامەی پێشوودا باسم کردووە، داوای بەخشین دەکەم کە فریا ناکەوم داواکارییەکەتان بەجێ بگەیەنم. مەبەستم پەیداکردنی سەرچاوەیە لە سەر ئەو کەللە سەرانەی کە گوایە دۆزراونەتەوە و بەڵگەی ئەوەیان تێدایە کە مرۆ بنەچە و ڕەگەزی جیایان هەبێ. ئەو باسەم نەبیستووە بەڵام ئاگام لەوە هەیە کە لە شاخەکانی ئەلپ و لە ژێر بەفردا تەرمێکی زەمانی بڕۆنز دۆزراوەتەوە و زاناکانی ئەڵمانیا و (وا بزانم) ئیتالیا لێیان بووە بە هەرا و هەر یەکەیان دەیەوێ پێناسەی خۆی بداتێ. سەیر لەوەدایە هەردوو لایان بەڵگەیان بە دەستەوەیە، ئێدی خەبەرم لێی نەما بە چ ئەنجامێک گەیشتن. ئەم باسە، دەشێ لەگەڵ ئەو باسەدا یەکانگیر بکرێ کە بێشکچی لێی دواوە و لەگەڵ ئەم نامەیەدا نوسخەیەکتان بۆ دەنێرم. داواکاری دووەمتان کە کۆپی نامەکەی خۆتانە: بە چاوان.

هیوادارم دەسخەتم بخوێندرێتەوە و کەمێ باشتر بێ. بەڵام باوەڕ بفەرموون هێندێ جار هەست دەکەم دەستم قەڵەم ناگرێ. ئەدرەسەکەشتان ڕێک و ڕەوان نووسیوە. ئەم شارەش کە تێیدا دەژیم نازانم دانیشتوانی چەندە بەڵام بۆ خۆیان شارێکی خۆشە.

هەموو ئەو باسانەی کە لە نامەکەتاندا هاتوون هی ئەوەن بە وردی بخوێندرێنەوە و کەڵکیان لێ وەربگیرێ. بە خودای پێیان حەساوە و بەختەوەرم.

ئیتر ماڵاوایی دەکەم و هیوای خۆشیتان دەخوازم و هەر چاوم چاوەڕوانی دیدارتانە.

**حەکیم**

**٢٧ / ٥ / ١٩٩٣**

**کاکە حەکیمی بەڕێز و خۆشەویست:**

**سڵاوێکی گەرم و گوڕت لێ بێت**

بێ گومان هەڵێکی زێدە خۆش و گەش بوو کە لە هەولێر خۆت و مامت دیدەنیتان لێ کردم. هەرچەند بۆرە ئومێدی دووبارەبوونەوەی ئەو سەرلێدانە، کە نەهاتە دی، کەلێنی لە هۆشمدا مایەوە بۆ دواڕۆژێک خواوڕاستان وەک قەرزی کۆن بە یاری بەختی لە خەو هەڵستاوەوە بکەوێتە لەپی دەستەودوعامەوە، دیسانەوە منەتباری ئەو هەڵکەوتە خۆشەی تامەزرۆ نەشکێنەم..

من لە ڕۆژی ٣ / ٨ / ٩٣ کە زێدە گەرم بوو بە ئۆتۆمبیلێکی بێ کۆندیشن لە ڕێی موسڵەوە گەڕامەوە بەغدا.. هەرچەند لە نوختەکانی تەفتیش نەوەخرام گەرماکە تینی بۆ هێنام و لە موسڵ ٣ سەعاتێک خۆم بە دوشی ئاوی سارد لە ئوتێلێکی (٩٠ دینار بایی بۆ ماوەی ٣ سەعات) تەیار کردەوە بایی خۆگریی بەرانبەر گڕەی دەمەو عەسری بیابانی نێوان موسڵ و بێجی.. سەرت نەیەشێنم دوای سەعات ٨ی ئێوارە کاتی هاوینە گەیشتمەوە ماڵە ئۆگر پێوەگرتووەکەی بەغدام.. نامەکەت بە دیارمەوە لە چاوەچاودا بوو. بە پێی ئەوەی کە تۆ لە ٢٧ / ٥ نووسیبووت لە ٦ / ٦ گەیشتبوو دیارە لە نوختەی تەفتیش هەڵوێستەی پێ نەکرابوو. ئەوەندە شەکەتی گەرما بووم تا بەینێک نەمتوانی دەست بۆ نامەکەت درێژ بکەم.. چەند ڕۆژێکیش خۆم لە مەشغەڵەت دزیبیەوە تا کەوتمە سەر باری عادەتی. چەند کارێکی سەر بە نووسینی ناچاری و وردە جوابدانەوەی سڵاوی دۆست و برادەر و چوونە سەر تازیەی تازیەداران و کاری ئەوتۆیی بیست ڕۆژێکی دزییەوە لێم، سێ و چوار موناسەبەی داوەتی نیمچە ڕەسمی و ناڕەسمیش بە خۆیەوە خەریک کردم تا ئەمڕۆ ڕێکەوتی ٢ / ٨ / ٩٩٣ ئنجا پەرژامە سەر وەڵامدانەوەی نامەکەت. ڕاستییەکەی هەر لەو ٢٤ سەعاتەی دواییشدا لەمپەرێکی گەورە هاتە پێش بەڵام بڕیارم دا وەک نەبووی حیساب بکەم و، پچڕ پچڕیش بێت ڕاسێمە سەرەو ژوور چوون بۆ (نە... نە) و حەق و حسێبی دیکەی کە دەبێ پێوەی خەریک بم.

لە بەرەو دێرە سەرەتاکانی لاپەڕە ٣ی نامەکەتدا بەدوا: نە دارا نە براکەی هاتن و نە دارا نە براکەی نەهاتندا دەپرسیت: "ئەدی مامۆستا ناشێ بڵێین :نە دارا هات نە براکەی؟. کاکی خۆم ئەم ڕستەیە نەک هەر ڕاست و ڕەوانە بگرە لە جێگەی خۆیدا لە هەموو ڕێژەکانی دیکە لەبارتر و ڕەواترە. من هەر ئەوەم گوتووە دوو ڕێژەکەی تر ڕاستن و تەکرار کردنەوەی "نە"ش نابێتە (نفي النفي) بەڵکو بۆ تەئکیدە.. ئەمەت وەها بەڵام:

ڕوونکردنەوەیەک پێویستە ناشێ پشتگوێ بخرێت، ئەویش بەم جۆرەیە:

لە کۆبوونەوەی کەسەکاندا [واتە: قسەکەر، قسەبۆکراو، قسەلێکراو - متكلم، مخاطب، غائب] ڕستە بۆ کەسی یەکەم - قسەکەر - اسناد دەکرێت. دەڵێین: تۆ و من کردمان - دارا و من کردمان - تۆ و دارا و من کردمان. ئەگەر کەسی دووەم و سێیەم لە ڕستەدا بوون اسنادەکە بۆ کەسی دووەم دەچێتەوە. دەڵێین: دارا و تۆ کردتان.

کە ئەم ڕاستییە زانرا، بە پێی داخوازی مەنتیقی وتووێژ و دەستوورەکانی دەبێ بیر لەوە بکەینەوە کاتێک (نە.. نە) لە ڕستەیەکدا بوون کە دوو کەسی لێکتر جودا تێیدا (مسند الیه یان فاعل) بوون چۆناوچۆنی گەردانی فیعلی ناو ڕستەکە دەکەین! بە پێی دەستوورە باسکراوەکانی سەرەوە ئیشکال لەوەدا نییە بڵێی: نە ئێمە نە ئێوە خواردمان [یان نەمانخوارد] نە ئێوە نە دارا نە ئەوان نە لەشکری دنیا خواردتان [یان: نەتانخوارد] نە دارا نە خزمەکانی خواردیان [یان: نەیانخوارد]. هەروەها ئیشکال لەوەدا نییە بڵێین: نە ئێمە کردمان نە ئێوە - نە تۆ کردت نە ئەوان - نە ئێمە کردمان نە ئەوان نە دارا. بەڵام: کە (ئێمە، من، ئێوە، تۆ) لەگەڵ (دارا)دا کۆبوونەوە و (دارا)ش کەوتە بەرایی ڕستەوە و (ئێمە) کەوتە دواوە ئایە دەشێ بڵێین: نە دارا کردی نە ئێمە؟. نە دارا کردی نە ئێوە؟. فیعلی (کردی) بۆ تاکی سێیەمە، ئایا بە چ تەئویلێک دەبردرێتەوە بۆ (ئێوە، ئێمە، من، تۆ)؟. من ڕێم بە خۆم نەداوە ئەو بڕیارە بدەم، لەو باوەڕەدام دەستووری باسکراوی سەرەوە لێرەشدا خۆی ڕەپێش دەکات کە ئیسناد بۆ کەسی یەکەمە، ئنجا دووەم ئنجا سێیەم: مادەم کەسی سێیەم پێشکەوت دەبێ کەسی یەکەم و دووەم بە پێی حاڵ فیعلی خۆیانیان پێ بدرێت و بگوترێ: نە دارا کردی نە ئێمە کردمان.. نە من کردم.. نە ئێوە کردتان.. نە تۆ کردت.. هەروەها کە کەسی دووەم لە پێشەوە هات دەبێ کەسی یەکەم فیعلی خۆی پێ بدرێت.. لە حاڵی وەک: نە خزمان کردیان نە دارا.. لزووم نییە فیعلی سەربەخۆ بۆ دارا بێت چونکە دارا خۆی تاکێکە لە کۆمەڵەی (غائیب). هەروەها دەڵێین: (ئێمە نەمانکرد، ئێوە نەتانکرد) ڕێ نییە بگوترێ: نە ئێمە کردمان نە من - نە ئێوە کردتان نە تۆ چونکە تاکەکان لە ناو توێژی کۆمەڵەکاندان. پێویستە بشڵێم دەشێ لە حاڵەتی (نە دارا هات نە ئەوان) ڕستەکە بێت چونکە (غائب) بۆی هەیە هەزار کەرت و کۆمەڵ و تاکی جودا جودا بن ئیتر دارا لەوانەیە تاکێکی (ئەوان)ی ناو ڕستەکە نەبێت کەچی کەسی یەکەم و دووەم (متكلم و مخاطب) لە بەر یەک هەڵناوەشێت..

لە بەراوردکردندا ئەم (نە... نە)یەی کوردی نەک هەر لەگەڵ ناو و ڕاناو بەڵکو لەگەڵ فیعلیش دەڕوات، وەک: نە کردم نە خواردم. ئەم داڕشتنە بۆ کەسەکانی دووەم و سێیەمیش بە ڕەهایی لە کاردایە و فەرقی زۆرە لەگەڵ: نەمکرد و نەمخوارد. ئنجا ئەگەر لەگەڵ فیعلی مضارعدا بەکار بێت دەڵێین: نە دەکەم و نە دەخۆم.. لەم داڕشتنەدا ئەداتی (نەفی) لەگەڵ نیشانەی (دە)ی مضارع کۆ

بۆتەوە. ئەگەر مەبەستی تایبەتی لە بەیندا نەبایە دەبوو بڵێی: ناکەم و ناخۆم. با بێین لەگەڵ فیعلی ئەمری ناصریح بەکاری بهێنین: لە حیکایەتاندا زۆر جار مەدحی ماشووقە وەها کراوە کە گوتراوە: نە بکەی نە بخۆی تەماشای سای گەردنی بکەی. لێرەشدا ئەداتی نەفی (نە) لەگەڵ ئەداتی (بـ)ی ئەمر کۆبوونەتەوە. بە عادەت ئەگەر مەبەسی تایبەتی لە بەیندا نەبێ دەڵێین: نەکەی، نەخۆی، نەکەین، نەخۆین. لەگەڵ ئەمری صەریحدا دەڵێین: مەکە، مەکەن کە دژی (بکە، بکەن)ە لەوێشدا(ن)ی ناهی صریح لەگەڵ (بـ)ی ئەمر کۆ نەبۆوە. من بەر لە چەند ساڵێک لە کوێرەرێی نەکوتراوەی (فقە اللغة)ی کوردییەوە (نەک رێزمانی کوردی) بۆ ئەوە چووم کە ئەداتی مضارع (دە) سەرەرای بەدەستەوەدانی زمانی ئایندە (ایجابیە)تی روودانیش رادەگەیەنێ بۆیە لەگەڵ (نەفی) کۆ نابێتەوە چونکە ئیجاب و نەفی کۆ نابنەوە. هەرچی زمانی عەرەبییە نیشانەکانی سەرەتای فیعلی مضارع تەنها دەلالەتی زەمانیان هەیە یاخود هێما بۆ زەمان دەکەن نەک بۆ (وقوع) ئیتر (اذهب، نذهب، تذهب..هتد) دەبێتە (لا اذهب، ما نذهب، ما تذهب، ماتذهبون.. هتد) لە (اذهبوا، لا تذهبوا)دا ئاشکرایە (لا)ی نەهی دەخلی بە سەر ئەداتی (تـ)ی سەرەتای فەعلەکەوە نەبوو هەر (ن)ی کۆتایی (تذهبون)ی قرتاند کە پەیوەندی بە زەمان و ئیجابیەتەوە نییە. کەچی لە کوردیدا (بکە) دەبێتە (مەکە) نەک (مەبکە). ئا لێرەشدا نەفی و ئیجاب کۆ نەبوونەوە. لە ئەمری ناصریحدا دەڵێین: بکەین، بکەم، بکەیت، بکەن.. لە نەهی ناصریحدا دەڵێین: نەکەین، نەکەم، نەکەیت، نەکەن، نەکات.. هەمان شکل (بـ)ی ئەمر و (ئینشاء) قرتا.. هەر ئەو جۆرە لێکدانەوەیە بوو خستمیە سەر تەعلیلی ئەداتی نەفی لە فیعلی ماضی و مضارعی لەهجەی جنوبی کە لە ماضیدا دەڵێین: نەچووم. لە مضارعدا ناچم.. دیارە (نە) بەهێزترە لە (نا) وەک کە (نەخۆش، نەپیاو) نەفی تیایاندا بەهێزترە لە (ناخۆش، ناپیاو) سەبەبیش ئەوەیە کە تۆ نەفی (چوون) دەکەیت لە ماضیدا و دەڵێی: نەچوو، نەچووین نەفی شتێک دەکەیت لەوانەیە ١٠٠٪ لێی دڵنیایت کەچی لە (ناچێت، ناچین)دا لەوانەیە بە پێچەوانەوە، چوونەکە روو بدات و نەفیەکە بپووچێتەوە.. واتە لە نەفی رابردوودا (یەقین) هەیە یاخود هەر نەبێ جێی یەقینە. لە مضارعدا ئەو یەقینە پەیدا نییە..

زمانی کوردی لە بواری خۆیدا وەک هەر زمانێکی دیکەی ئەم جیهانە رێگەی هەمەجۆری تەعبیری کوردۆتەوە: ئەم (نە... نە)یەش نموونەیەکی (فەرە دەستوور)ە بۆ راگەیاندنی مەبەست. بە رواڵەت لە بۆ دەربرینی (وجوب و منع) دەبوو هەر (دەبێ بکەی، نابێ بکەی) رەوا بێ کەچی (دەبێ نەکەی)ش بە شێوەیەکی بیژۆک خۆی هاویشتۆتە تەعبیرەوە. شێخ رەزا دەڵێ:

**"سەییدە و سەیید دەبێ قسەی سووکی دەرحەق نەکەم"**

ئەم (دەبێ نەکەم)ە لە جیاتی مەنعی کردن ئەمری بە نەکردن داوە کە شتێکی مەحاڵ داوا دەکات. ئەم تەعبیرە ئێستاکە و لە سەردەمی شێخ رەزا و پێشتریشدا جێی خۆی کردۆتەوە و توانجی لێ ناگیرێت بەڵام هەندێ نووسەر کە دەڵێن و دەنووسن (هەرگیز تۆم خۆشویستوە..) (هەمیشە)یان تعطیل کردووە کە بۆ ئیجابە و دژی هەرگیزە. تەنانەت رێ نییە بگوترێ (هەمیشە تۆم خۆش نەویستووە) هەرچەند لە لایەن واتای گشتیی رستەکەوە (استحالە) پەیدا نییە بەڵام سروشتی وشەی (هەمیشە) وەک دانەیەکی قاموسی نەفی بە خۆیەوە ناگرێ وەک کە (دەبێ) لە شیعری شێخ رەزادا نەهی بە خۆیەوە گرت لەو رووەوە کە (دەبێ) بە مەبەستی (دەستوور)ە نەک فیعلێکی عادەتی مضارع بەکار هاتووە. لە عەرەبی وشەی (قط) بەرانبەر هەرگیز دەوەستێ بۆ نەفی لە رابردوودا. کە مەبەس نەفی دوارۆژ بوو وشەی (عوض) دروستە: (ما ذهبت قط، لا اذهب عوض) بەڵام لە نووسینانیشدا (قط) لە جێی (عوض) بەکار دێت چونکە ئەمیان بە تەواوی مردووە. لەگەڵ ئەمەشدا راستیی واتای وشەکان لە قامووس و (نحو)دا پارێزراوە، بە داخەوە ئەدیبەکانی ئێمە لە سەرەتای دانانی زمانی ئەدەبی و دەستووری رێزمان چی هاتە بەر داسیان ئەوە دەدروونەوە ئیتر (راناو.. زانکۆ..) دژی هەموو دەستوورێک خۆی سەپاند: ئا ئەمەش جۆرێکە لەو ئاوەی حەمەزرپە رژاندی.. بە هەمەحاڵ لێرەدا جێگەی شیوەنکردن بۆ گۆرانی مەلۆتکەی حەڵاڵزادەی مردەزاد بە مەلۆتکەی بیژووی گەشەدار نابێتەوە. هێشتان زمان و رێزمانەکە سەلامەتترە لە لایەنی فکر و هۆش و مەرگەمووشی ئایدۆلۆجیا.

لە لایەن ئەو (و)ی عطف کە لە رستەی وەک (نە من و نە تۆ..)دا دێت و رەخنەت لێی گرتبوو، وەک من بە هەستی زگماکی (ئاخێوەری)ی کوردیم بۆ مەسەلەکە و تێکرای بەکارهێنانی ئەو (و)ە دەچم بەم شێوەیە لێک دەدەمەوە:

کوردی پتر لە زمانی دیکە حەز لەو (و)ە دەکات. نموونەیەکی سەرپێی لە زمانی ئینگلیزییەوە دێت کە هات

و چەند شـتـێک بە دوای یەکـتـردا هاتن تەنهـا یەک (and) دەخەنە بەرایی وشەی هەرە دواوە، لە کوردی و زۆر زمانی دیکەشدا هەر کاتێک لەو شتانە (و)ێک بە دوا خـــۆیدا دەهێنێت. دەڵێی دەشت و دەشت هاتم، مەبەستت ئەوەیە کە لە دەشتەکەت لانەداوە. دەڵێی: دەشتـا و دەشت هاتم، واتە لە دەشتێکەوە بۆ دەشتێک هاتیت تا جێگەی مەبەست. [کە وشە لە کۆتاییدا (ا - ئەلف) هەبوو یەک لە دوو ئەلفەکە دەفرتێ: شاخ و شاخ نەک شاخـاوشاخ] لە زۆربەی عەشـیـرەتی شاخنشین دەڵێن: فـاتێ و ئەحمەدان کانیەکەیان دەردا. ئەم (و)ە لەم ڕستەیەدا فاتێ و ئەحمەدی وەها جۆشخواردوو کردن تا بوون بە (کۆ). لە وتووێژی عادەتی کە ویستت نەفی شتێک بکەیت کەلێنی نەبێ دەڵێی: تۆ چەند جارێک چوویتە لای دارا، من هەر سەرم لێ نەداو.

لە یەکـێک دەپرسـیت: ئەحـمـەدت دیتـوە؟. پێت دەڵێتەوە: ناو [دەمتوانی بڵێم (جۆر جۆر) بەڵام زەوقم ئەوەیانی هێنا. (چۆناوچۆنی)ش بە بەریەوە هەیە لە باری تایبەتدا شیرینتر بێ لە (چۆن چۆنی)]

لە وشەی وەک هەلاهەلا، ونجڕونجڕ، کەرت کەرت، شـەقـاڵ شـەقـاڵ کـە دووبارەبوونەوەی کـەرتی یەکـەمی تێدایە(و) بەکار نایەت، لزوومیش نییە. بەڵام دەڵێی: شڕوشیـتـاڵ، بڕوبزگوڕ، کەل و پەل، سەر و بەر... لە عەرەبی و ئینگلیزی ئەم ئەداتی عەتفە بەکار نایەت وەک helter-skelter کە دەکاتەوە (شذر مذر)ی عەرەبی.

لە لایەن ڕەخنەکەی خـۆتەوە، بە پێی بۆچوونی خـۆم، ئەگەر ئەو شتانەی (نە... نە)یان بە دەمەوەیە لە هیچ ڕوویەکەوە پێوەندییان بە یەکەوە نەبوو ناشێ (و) کۆیان بکاتەوە وەک کە بڵێم: لە لستەی ناوی شارەکان نە بەغدا نە مۆسکۆم نەدیت. ئەمما ئەگەر پێشتر موناقەشە لە سەر ئەو ناوانە هەڵستابێ دەشێ بڵێم: نە بەغدا و نە مۆسکۆشم نەدیت. دەشێ بشـڵێی "نەدیتێ" لە جیاتی نەدیت [ئەمەش باسێکی سەربەخۆیە: ئێمەتان نەدیت، ئێمـەتان نەدیتین - ئێوەمان نەدیتێ - تۆم نەدیت، تۆم نەدیتی - منت نەدیت، منت نەدیتم..]

لە مـجێزی مندا زمان تەنگی پێ هەڵنەچنێ ڕێگەی تەعبیری جۆراوجۆری (٢) لێ نەگیرێ هەم لە لایەن هێز و پێزەوە و هەم لە نوختەنیگای ئارایشتەوە سوودمەند دەبێت: بە ڕاستی هەستی نائارامی دەکەم کە ناچار بکرێم ئەو (نە... نە)یە لە تەنها ڕێبازەکەی بیروڕای تۆوە - کە گـومـان نیـیـە لە ڕەوابوونی - هەناسە هەڵبێنێت. هەڵبەت (ڕێگەی تەعبیر) دەروازە بە ڕووی هەڵەکاری و هەوەسبازیدا ناکاتەوە. لە نموودا شێخ ڕەزا دەڵێ:

**خۆم موجتەهیدی چاکم و تەقلیدی کەرم کرد**

داڕشـتـنەکـەی پڕ بە دڵی گـوێگرە. ئەگـەر گـوتبـای (موجتەهیدی چاکم تەقلیدی کەرم کرد) لە ڕووی واتاوە بێ عەیبە، بە لابردنی ئەو (و)ەش کەرتی دوای ئەو پتر بە کەرتی پێش خۆیەوە دەلکێت و جۆشخواردوو دەبێت، بەڵام هەناسـەسـواریـیـەک و لێـقـرتاوییـەک لە دێڕە شیـعـرەکـەدا پەیدا دەبێت بە زەرەر دەگـەڕێت. کـەواتە (و)ەکـە بێ جێ نیـیـە [لێـرەدا چاوپۆشی لەنگبـوونی بەیتەکە دەکەین چونکە مەبەست تاقیکردنەوەی واتایە]

نە تۆ کـردت نە من - نە تۆ کـردت نە منیش - نە تۆ کـردت و نە منیش - نە تۆش کـردت و نە منیش - نە تۆش کردت و نە من... هەمووی ڕاست و دروستە چونکە لە لایەکەوە بە سـەر زارانەوە باوە و باو بووە، لە لایەکی دیکەشەوە پێچەوانەی هیچ دەستوورێکی ڕەوای ئاخاوتن نییە [تێبینی ئەوە هەیە کە چاوپۆشی کراوە لە ئیسناد بۆ کەسی یەکەم کە لە ڕسـتـەکاندا بە کـەسی دووەم دراوە کـەچی دەزانین کـەسی دووەم بەگـەڵ کـەسی یەکـەم دەکەوێت]. بارتەقای ئەمانە: نە تۆ و نە من نەمانکرد - کردمـان، نە تۆش و نە منیش .. هتد نەمـانکرد کردمان هەموویان ڕاست و ڕەوان و تەگەرەی ئیسنادیشیـان تێدا نییە..

من کــە ئەم بڕیارانە دەدەم خـــودبەســـەر نیم؛ دەستوورەکانی زمانیان تێدا ڕەچاو دەکەم بایی ئەوەی ئەو دەستـوورانە بە ئێـمـە گـەیشـتـبێت. لە نموونەدا دەڵێم: دەمـێکە بۆ ئەوە چووم کـە پشـتـگری (لێ، تێ - وەک لێبوونەوە، تێگەیشتن) لە پرێپۆسیشنی (لە) وەرگیراون [ لە تۆ دەگـــەم - تێت دەگـــەم: لە تۆ دەفکرم - تێت دەفکرم "لە دیوی ئێـران کـوردی مـوکـریان" لە، دە"یان هەیە. دیارە بە ئەسـڵی "لە" بۆتە "لێ" و "دە"ش بۆتە "تێ" ئێـمـە ئەو "دە"یەمان فـەرامـۆش کردووە مـەگـەر لە نێـوان عـەشرەتەکانی سەر سنووری نێـوان کـوردسـتـانی عیراق و ئێران کە "دە"یان پاراستووە] پێشگری (پێ)ش لە پرێپـۆزیشنی (بە) وەرگـیـراوە [بە تۆ دەڵێم - پێت دەڵێم] بە لامـەوە مەیلەو سەیر بووە کە دەنگی (ب) بێ لزووم بە (پ) بگـۆڕێت.. دواتر بـۆم دەرکــەوت کـــە پرێپـــۆزیشنی (بە) لە پەهلەوی و بەرەژوورتردا (پەت) بووە. هەر کە ئەمەم زانی گورج بیرم بۆ لەهجەی هەندێ لە ڕەوەندەکـان ڕۆیی کـە زسـتـانان لە نێـوان هەولێـر و کۆیەدا نیشتـەجێ دەبن و پەیوەندییان بە خزم و دۆستی ئێـمـەوە هەیە. لە ئاخـاوتنی ئەواندا تا ئێـسـتـا (پە) لە جـێی (بە) بەکـار دێت تەنانەت دەڵێن: (نانەکـە پە

تەرسی، واتە نانی بە ڕووتی) ئیتر ئەگەر بە لەهجەی کۆیەی بە کار بهێنیت دەبێتە نوکتە [نانەکە پە تەرسی دەخۆی]. هەر ئەوان لە هەڵبەستی سەر بە سۆفیگەریدا دەڵێن: خدر ییژی ئەز خدرمە، لە چۆل و بەریان حازرمە، ئەولادی عەبدلقادرمە...

دیسانەوە لە نموونەدا دەڵێم دەوری سیی ساڵێک دەبێ بۆ ئەوە چووم کە (هە)ی (هەبوون) بە واتای (وجود، بوون، to be) جودایە لە (هە)ی بە واتای (تملک): [من هەم، من هەمە..] لێم سوور بوو کە (هەمە) لە (هەڤمە)وە هاتووە و لێی قرتاوە، خزمی haveی ئینگلیزی و avoir ی فەرەنسییە.. ئەو خولیایە هەر ما بێ سەرچاوە و بنگە هەتا بەر لە ٤ – ٥ مانگێک لە کتێبی (فقه اللغه ایرانی)ی ای.م. ارنسکی، تەرجەمەی کریم کشاورز دیتم لە دەقێکی ئاڤێستادا ئەم (هە)یە (هڤە) بووە. [دەقەکە hvathwo بە واتای (هەیبوو) ل٨٧ (xsayoit hvathwo پادشاهی داشت)]

نموونەی ئەوتۆیی دەهێنمەوە بە نیازی پاکانەکردن بۆ هەستێکی لە دەروونمدا ورتەی دێت و ڕووناکاییش شک نابات جگە لە زەوقی زگماکی دەستوور ناسینەوەی کوێر بوویەوە..

بە ڕاست با لێرەدا پرسێکت پێ بکەم: ئەم (هڤە و خشەیو..) کەوتۆتە ناو یەک لە دوو ئاڵقەی زمانەوانی مەیلەو دوور و درێژ کە بە زاهیر ئێستاکە لە بەغدایەدا گۆڤار و ڕۆژنامەی ئەوتۆ نییە بتوانێ نووسینی دوور و درێژ بڵاو بکاتەوە.. عصاری اقتصادی وەهای کردووە مجەللەی ٤٠٠ لاپەڕەیی دابەزیوە بۆ ٨٠ لاپەڕە. ئایە دەشێ بۆ ئێوەی بنێرم و کەلێنێکی بۆ بڵاوکردنەوەیان پەیدا بکەن؟

ئەم نامەیە لێرەدا بە کۆتایی دەگەیەنم هەرچەند کاریشم پێیەوە ماوە: ڕۆژی ٥ شەممەی ڕابردوو دەستم دایە نووسینی، لە زەرفێکی سەرقاڵیدا بە ناچاری، هەر جارە دەستم لە نووسینی هەڵدەگرت تاکو ئەمڕۆکەی ٨ / ٩ نامەی نووسراوی ڕۆژی ٢٢ / ٨ت گەیشت لەگەڵ فۆتۆکۆپیی دوو لاپەڕەی نامەی خۆم ئیتر دەبێ وەڵامی ئەویانیش بدەمەوە، ناشزانم چەند دەخایەنێ. هەر دوێنێ کارێکیان لێ داوا کردووم کە گۆیا لە ٤ ڕۆژاندا ئەنجامی بدەم نازانم چۆن لێی دەردەچم. لە لەندەنەوە نووسەرێکی شاعیر لە ڕێی محمدی مەلا کەریمەوە داوای نوسخەیەکی (گەشتی ژیانم)ی کردووە کە تەنها یەک نوسخەم لێی هەیە ئەویش لە هەولێرە.. لە سویدەوە کۆمەڵێک ڕوونکردنەوە و بە سەردا چوونەوەی گەشتی ژیانمیان کردووە، دەبێ هەمووی بخوێنمەوە.. هتد.. ئیتر پەنا بە خوا.. داوام لێ کراوە محاضەرەیەک بدەم ... ئەوەی مەراقی خۆمە و نەچۆتە سەر کاغەز بۆ خۆی لە ژوورەوە بڵق دەدات..

**برات**

**مسعود محمد [٢٢ / ٨ / ١٩٩٣]**

**[ئەم نامەیەی خوارەوە، وەڵامی نامەیەکی بە پەلەی منە کە تیایدا داوای کۆپی نامەیەکی خۆم کردبوو]**

**کاکە حەکیمی خۆشەویست**

لەگەڵ ڕێزمدا، بە سپاسەوە نامەی دووەمت، بە دوا ئەوەی وەڵامم دایتەوە، لەگەڵ فۆتۆکۆپیی دوو لاپەڕەیی گەیشت.. بەڵام هیچ فۆتۆکۆپیی لەگەڵ نامەی پێشووترت نەهاتووە هەرچەندە هاتبێت و نەهاتبێت تەئسیرێکی نەما.. لەم نامەیەی دواییندا دەردەکەوێ کە بەرگی دووەمی (مرۆڤ و دەوروبەر)ت چنگ کەوتووە، خەریک بووم هەوڵی بەدەست هێنانی بدەم چونکە خۆم ئێستا دانەیم لا نەماوە..

لە بارەی شەڕی خاچپەرستانەوە: زاراوەی خاچپەرست لە خاچهەڵگر هەمەگیرترە چونکە سەرلەبەری شەڕخوازەکان دەگرێتەوە نەک هەر عەسکەری ڕیچارد. خاچیش ڕەمزە لە مەسیحی صلب کراو، مەسیحیش دەپەرسترێت.. هەر چۆنێک بێت ئەم لایەنە لە مەسەلەی شەڕی صلیب کەم بایەخە؛ من وەک لە بیرمە موناقەشەی شەڕی صلیبم لەو ڕووەوە کردبوو کە ئەوانەی پتر بە لای تەعلیلی مادیدا دەڕۆن دەیانەوێ شەڕەکە بدەنەوە بە حیسابی سوود و سەلەمریێدە و لە ئاینی بدزنەوە... سیاسەتی ئەم زەمانەش ، کاکی خۆم، ئەگەر خەریکی بەردەوام کردنی شەڕی صلیب بوایە وەک کە بەر لە ٨٠٠ – ٩٠٠ ساڵدا هەبوو هەرچی موقەدەساتی ئیسلام هەیە لە دوو حەفتەدا سەروبن دەکرا... ئەمەریکا لە ١٩٥٦ لایەنی مصر و عبدالناصری گرت دژی بەریتانیا و فەرەنسا و جوولەکە.. لە شەڕی ١٩١٤ لایەکی سەرلەبەری دەوڵەتە زلەکان حلیفی خەلافەتی عثمانی بوون: بەڵێ سیاسەت لەوانەیە دۆستی دین و دژی دین بوەستێت بە پێی داخوازی بەرژەوەند. ئەوروپا سەدان ساڵ کۆشا هەتا لە کۆتی کەنیسە ڕزگار بوو. ئەمانە و چی لەو بوارەوە هەڵبستێت بە لایەکدا، خولاسەی ئاینی و شەڕی نێوانیان لە گۆشەیەکی تایبەتی خۆیەوە سەیر دەکرێت: دینە ئاسمانییەکان و کتێبە پیرۆزەکانیان لە تەوراتەوە دەست پێ دەکات. تەورات هەرگیز لێی خۆش

نایەت دینێکی دیکە بە دوا خۆیدا بێت. هەڵبەت نە لە مەسیحیەت و نە لە ئیسلامیش ڕازی نییە بە باطلیان دەزانێ. مەسیحیەت باوەڕی بە تەورات هەیە و بە عەهدی قەدیمی دادەنێت بەڵام ناشێ باوەڕی بە ئیسلام هەبێت چونکە دەبێ خۆی هەڵوەشێنێتەوە ئنجا قورئان بە کەلامی خوا بزانێ. ئیسلام باوەڕی بە ئینجیل و تەورات هەیە بۆیە بوو تەنها ئەو کتێبانە و نووسراوانە لە غەزای بەر لە ١٤٠٠ ساڵ بە سەلامەتی دەرچوون کە سەر بە تەورات و ئینجیل بوون، چی کتێبی دیکە هەبوو هەمووی سووتێندرا یەک لەوان ئاڤێستا و هەرچی نووسینێکی سەر بە فارس و پەهلەوییەوە هەیە.. دینی زەردەشت هەڵات بۆ هندستان.. وەک دەزانیت (بەداهەتەن) ئیسلام لە دژی دینی بەهائییە.. ئەم تێبینییانە لێرە بن:

دینی عیسا لە سەرەتاوە دینی هێمنی و ئاشتی بوو. خۆ تا چەند سەدەیەکیش دەسەڵاتی دنیایی نەبوو کوتەککاریی پێ بکات هەرچی ئیسلام بوو لە سەرەتاوە دین و دنیا بوو، ڕوکنی هەرە گەورەی جیهاد بوو بەر لە هەموو شتێک دەوڵەتی فارسی پێچایەوە و ڕۆمەکانیشی ئاودیوی ئەنادۆڵ کردەوە تا لە ئەنجامدا محەمەدی فاتیح ریشەکێشی کرد.. مصری قبطی مەسیحی بوو ئەویش کرا بە ئیسلام.. بڕۆ بۆ لیبیا و ئەولاتر هەتا ئیسپانیاش دەوڵەت و دینی هێنرایە خوارەوە.. سقلیە بوو بە موسوڵمان.. خۆت دەزانی سەدی هەشتای عەرەبی ئەم سەردەمە لە سەر ئەرزی غەیری عەرەب دەژیت. هەر قەومێکی زمانەکەی لە خێزانی زمانی عەرەبی بوو قەومیەتەکەشی دۆڕاند.. حەبەشە کە نەتوایەوە دەستی ئیسلامی بە سەردا زاڵ نەبوو.

ئەم ڕاستییانە بە بەر چاوەوە بگرە ئمجا بە بیر خۆتدا بهێنەوە، لە سەرەتاوە کە کتێبی یۆنانیان وەرگێڕدرایە سەر عەرەبی مەلاکان هەموویان بە کفر دانا: خواوڕاستان خەلیفەکانی ئەمەوی و عەباسی لە (کەهنووت) نەبوون دەنا تاکێک لەو کتێبانە نەفەسی هەڵنەدەهێنا.

ابن خلدون لە مقدمەکەیدا دەڵێ: سیدنا عمر أمرنا بمحو علوم الفرس.. هەر دەبوو وەهاش بێت چونکە فکری یۆنان لەگەڵ فکری ئیسلامی دەمی ئیمامی عومەر و تا سەد ساڵێکیش بە هیچ جۆرێک یەکدیگیر نەدەبوون. تۆ سەیری [واز لە ئیسلام بهێنە] مەسیحیەکان فکری یۆنانیان لە ئەسڵە کتێبەکان وەرنەگرت بەڵکو لە ڕێی زمانی عەرەبییەوە کە قورئانەکەی باوەڕی بە مەسیحیەت و یەهوودیەت هەیە، واتە لە ئەندەلوس پاش تێ وەرپێچانی بەرگێکی تەوحید لەو فکر و فەلسەفانە ئنجا ڕموودەی بوون...

مەسەلەکە زۆری بە بەرەوە هەیە.. پەرەسەندنی نەریت و پۆشاک و خۆراک و ڕەفتاری شارستانەتیی نوێ بەو شێوەیەی کە ڕوو لە ڕەهایی دەکات لە جغزی نامەدا جێی نابێتەوە. هەر ئەوەندەی تێدا دەڵێم کە ئەو پەرەسەندنە بە بێ زەبروزەنگ دەتەنێتەوە، ئەگەر نیازی هەڵوەشاندنەوەی ئەخلاق و فضائل و نرخی باڵای لەگەڵدا بێت خۆ بەر لە هەموو جێگەیەک وڵاتە پێشکەوتووەکان ڕیسوا دەبن... خەڵک کە بە ئارەزوو و تامەزرۆییەوە مل لە ڕەفتارێک بنێت کە لێی خۆش دێت لەوەدا مافی گلەیی کردنی لە بێگانە نامێنێ، با ئەوەندە شەرم بە خۆ بێت حەیا بپارێزێت وە یا ئەوانەی لە پەرۆشدان ڕێگەیەکی دڵکێشی بێ زەبروزەنگ بدۆزنەوە بۆ لای شەرم و شکۆ بچێتەوە. حەمە زرپە و گاگەلی میللەت بە دوای دەکەێت.. لە کتێبی (من هموم الحیاة) نەختێک شەرحی ئەم لایەنەم داوە هەر دەبێ بخوێندرێتەوە هی نەقڵکردن نییە، لە بەر بینی درێژی.

لە بەرەو کۆتایی تەموزی ساڵی ١٩٦٤ شەوێکیان مێوانی سەرۆک جمال عبدلناصر بووین [ئێمە وەفدی مویارەکبادی شۆڕشی ٢٣ی یۆلیە]. دەوری دوو هەزار وەفدی پێست ڕەشی داوەت کردبوو. ئەو شەوە گوتی: من کە هێندە خەریکم لەگەڵ برا ڕەشەکانی ئەفریقیا، مەبەستمە ئەو باوەڕە داکوتاوەیان لە دڵ هەڵقەنم کە عەرەب و ئیسلام هەر (نخاس) بوون.

تا جارێکی دیکە بە نامە یان بە چاو یەکتر دەبینینەوە خوات لەگەڵ.

**١٩٩٣/٩/٨**
**برات**
**مسعود محمد**



# ساڵح نیکبەخت:
# ئەرکی ڕۆژنامە تەنیا ئەوەیە ڕۆڵی ئاگادارکردنەوەی هەبێ

ساڵحی نیکبەخت پارێزەر و ڕۆژنامەنووسێکی چالاکی کوردی دانیشتووی تارانە. تا ئێستا پارێزەری دەیان نووسەر و ڕۆژنامەنووسی جیابیری ئێرانی بووە کە بەهۆی چالاکیی ڕۆژنامەنووسییەوە کەوتوونەتە بەند.

نیکبەخت لە دایکبووی ناوچەی سەقزی کوردستانی ڕۆژهەڵاتە و هەر لە سەردەمی پێش شۆڕشی (١٩٧٩) لە ڕۆژنامەی «کەیهان»دا ڕۆژنامەنووسێکی چالاک بووە و لەسەر بیروباوەڕی پێشکەوتنخوازانە پێش شۆڕش چوار ساڵ و دوای شۆڕشی گەلانی ئێرانیش ماوەی شەش ساڵی لە بەندیخانەی حکوومەتی ئێراندا بەسەر بردووە. پاش ئازادبوونیشی تێهەڵچۆتەوە و لە ڕۆژنامە فارسییەکانی ئێراندا وتار و بابەتی زۆری بڵاوکردوونەوە. جگە لەوە لێکۆڵینەوەیەکی وردی لەسەر مێژووی ڕۆژنامەگەریی کوردی لە کوردستانی ڕۆژهەڵات کردووە. پەیامنێرمان لە تاران لە بارەی ڕۆژنامەنووسی کوردی و چالاکییەکانی خۆی لەو بارەوە بەم شێوەیە دواندوویەتی.

* تکایە سەرەتا کورتە بیۆگرافیایەکی خۆت و چۆنیەتی دەستپێکردنی کاری ڕۆژنامەگەریتان بفەرموون؟

– من زۆر خۆشحاڵم کە باسەکەی ئەوڕۆمان بە پێچەوانەی باسەکانی پێشوو کە زۆرتری سەبارەت بە سیاسەت و یاسا و ئەمانە بوو، لەبارەی کاری ڕۆژنامەگەرییە کە من لە تەواوی ژیانمدا حەزم لێی کردووە. دوایەش کە دەستم لە کاری ڕۆژنامەنووسی کێشایەوە و بووم بە پارێزەر و مافناس بە زۆری بووە.

من تەمەنم پەنجا ساڵە و لە دێیەکی زۆر دوورکەوتوو لە ناوچەی خورخورەی سەر بە شاری سەقز لە دایک بووم. بابم مەلا بوو و لای ئەو دەرسم خوێندووە و من تەمەنم دە ساڵ بوو کە هاتوومە شاری سەقز.

لەوێ پۆلی سێیەمی سەرەتاییم خوێند. ئینجا گوتیان برۆ ببە فەقێ. ماوەیەک دەرسی فەقێیەتیم خوێند، دیم ئەمە لەگەڵ ژیانی مندا ناگونجێ، هاتم بەشێوەی متفرقە (أمتحانی خاریجی) دەستم کرد بە دەرس خوێندن، لە ماوەی چوار ساڵدا دواناوەندیم تەواو کرد و بۆ پۆلی شەشەمی ئامادەیی گەڕامەوە قوتابخانە. ئینجا لە کونکووردا بەشداریم کرد و چونکە لەسەر ئاستی پارێزگەکەمان بە یەکەم دەرچووم، لە زانکۆی «پەهلەوی»ی شیراز بۆ ڕشتەی پزیشکی وەرگیرام. لەوێ هەموو وانەکان بە زمانی ئینگلیزی بوون و من دەبوایە کاریش بکەم. لەبەر ئەوە بۆ ساڵی داهاتوو و لە کونکووردا بەشداریم کردەوە و چون زۆریشم حەز لە ڕشتەی حقووق (یاسا) بوو، لە زانکۆی حقووقی تاران وەرگیرام و وازم لە ڕشتەی پزیشکی هێنا. ئەوکاتە زۆریش حەزم لە کاری ڕۆژنامەگەری بوو. هەر لە قۆناغی قوتابییەتی یان فەقێیەتیشمدا حەزم لە خوێندنەوەی ڕۆژنامە بوو، بەڵام پووڵم نەبوو بیکڕم، ڕۆژانە بە قرانێک ڕۆژنامەم بۆ خوێندنەوە بە کرێ دەگرت. ڕۆژنامەکەم هەموو دەخوێندەوە، تەنانەت ڕیکلام و پڕۆپاگەندە و ئاگادارییەکانیشم هەموو دەخوێندنەوە. هەندێ شیعر و بابەتی ئەدەبیش کە تێیدا بوو، یاداشتم دەکردن. ئەوکاتە چونکە مەلا ڕادیۆی مەمنووع کردبوو و ئێمە ڕادیۆمان نەبوو، دەچووم لە دوکانەکان گوێم لە دەنگوباسی ڕادیۆی بەغدا و بی بی سی دەگرت.

ئەوکاتە هاتمە تاران چوومە ڕۆژنامەی کەیهان. ئەمە ساڵی (١٩٧٠) بوو. چوومە لای ئاغای فەرامەرزی، بەرپرسی ڕۆژنامەکە، گوتم من کوردم. ئەو گرنگی بە کوردبوونەکەی من نەدا و لەبەر ئەوەی خۆی سوننەیەکی باشووری ئێران بوو، کە زانی منیش سوننەم، ئەمری کرد لە ڕۆژنامەی کەیهاندا کارێک بدەن بە من، ڕۆژنامەی کەیهان ئەوکاتە زیاتر کاری دەدا بە کەسانی شارەزا و خۆشی کۆلێجێکی دامەزراندبوو بۆ ئەوەی وانەی ڕۆژنامەگەری بڵێتەوە و لەو سەردەمەدا ئەوە تاکە کۆلێجی ڕۆژنامەگەری بوو لە ئێراندا. دکتۆر مستەفازادە کە خۆی دکتۆرای مافی هەبوو و لە زانکۆی تاراندا مامۆستا بوو ساڵی (١٩٤٠)، ئەو و عەبدولڕەحمان فەرامەرزی و محەمەد ڕەزا شا ئەو ڕۆژنامەیان دامەزراندبوو، بۆ ئەوەی ئازادییەک لە ئێراندا دروست بێ. سەرمایەکەشی لە سەرەتاوە شا داویەتی. ئەوکاتە کە شا وەک گەنجێکی ئازادیخواز بووە بەو جۆرە کە دەڵێن. من ئەوکاتە دەورەیەکی شەش مانگەی ڕۆژنامەگەریم دیت، چۆنیەتی هەواڵ نووسین و ڕاپۆرت نووسین و وتار نووسین. چەند مامۆستای زانکۆ لەم بەشەدا وانەیان دەگوتەوە. یەکێکیان دکتۆر سەدرەدین ئیلاهی بوو کە ئێستا نووسەرێکی بە توانا و مامۆستای ڕۆژنامەگەرییە و لە دەرەوەیە. هەروەها دکتۆر موعتەمەدنیژاد کە یەکێ لە دامەزرێنەران و سەرۆکی زانکۆکە بوو، ئینجا من چوار مانگی دیکەشم دەورە بینی و وەک ڕۆژنامەنووسێکی حیرفەیی (پرۆفیشناڵ) دەستم بەکارکرد. دوو ساڵ لە بەشی شار و شارۆچکەکانی ڕۆژنامەی کەیهان کارم کرد. دوای ئەوە منیان کردە بەرپرسی لاپەڕەیەک کە تایبەت بە ڕۆژئاوای ئێران بوو، بە مانای پارێزگاکانی کوردستان، کرماشان، ئیلام و هەمەدان، لەوێ کە هەواڵی شارەکان دەگەیشت، من هەواڵی کەموکورتییەکانم بڵاودەکردەوە، کە کوێ دکتۆری نییە، کێ جادەکانی قیرتاو نەکراون؟

لەبەر ئەوە پارێزگاری ئەوکاتەی کوردستان کە خۆی عەسکەری بوو شکاتی لەمن کرد و گوتی ئەو کەسە بابەتی دژی حکومەت بڵاودەکاتەوە.

ئەوە بووە هۆی ئەوە کە لە لاپەڕەکەم دەربکەن و بمنێرنە لاپەڕەی «خۆراسان». ئەوکاتەی من بەرپرسی لاپەڕەی ڕۆژئاوای ئێران بووم، خەڵک بەڕادەیەک هۆگری خوێندنەوەی کەیهان ببوون بۆ نموونە لە سەقز لە (٣٤)دانەوە بوو بە (٤٠٠) دانە.

هاوکات لەگەڵ ئەوە لە زانکۆش دەرسم دەخوێند و فێری زمانی ئینگلیزی بووم. ئینجا لە کەیهان چوومە بەشی وەرگێڕان لە ئینگلیزییەوە و هەواڵم وەردەگێڕا.

دوای بەیاننامەی یازدەی ئاداری (١٩٧٠) کاتێ لە

ساڵی (١٩٧٤) شەڕ دەستی پێکردەوە منیان ڕاسپارد کە لە دەنگی کوردستانەوە هەواڵ وەربگرم.

هەر ئەوکاتە کە لە کەیهان بووم سەفەرێکیشم بۆ کوردستانی عیراق کرد و لەگەڵ ژمارەیەک لە ڕۆژنامەنووسانی بیانی، وتووێژێکمان لەگەڵ خوالێخۆشبوو مەلا مستەفای بارزانیدا ئەنجام دا. ئەوکاتە لە ناوپردان بوو. ئەوەی لەبیرم بێ ئەوکاتە دوو سێ هەواڵی کوردستانی عیراقم بلاو کردەوە. یەکیان هەواڵی ئیعدامکردنی ژمارەیەک لە مامۆستا و ڕۆشنبیرانی کورد لە بەغدا بوو کە یەکێکیان خوشکی ئێمە و شەهیدی گەورە (لەیلا قاسم) بوو، من ئەو هەواڵەم لە ڕۆژنامەی کەیهان بلاوکردەوە و تەواوی ئاژانسەکانی دەنگوباسی دنیا هەواڵەکەیان لە کەیهان وەرگرت و ئەوە ناوبانگێکی بۆ کەیهان پەیداکرد، لەبەر ئەوە بەڕێوەبەری ڕۆژنامەکە خەڵاتی کردم.

## ساڵی (١٩١٢) یەکەم ڕۆژنامەی کوردی لە کوردستانی ئێران بە ناوی «کوردستان»، عەبدولڕەزاق بەدرخان دەری دەکرد

لەگەڵ ئەوەشدا خەریکی کاری سیاسی و کوردایەتی بووم و لە ساڵی (١٩٧٥) دەستگیر کرام تا شۆڕشی (١٩٧٩) من لە زینداندا بووم، دوای ئازادبوونم گەڕامەوە کەیهان و خوێندنیشم تەواو کرد. ئینجا لەبەر ئەوەی کاری ڕۆژنامەنووسیی کوردی لە ئێراندا نەبوو، لە کەیهان کارم دەکرد و بووم بە بەرپرسی بەشی سیاسی ڕۆژنامەی کەیهان و دوو جار هاتم بۆ کوردستان بۆ ناوزەنگ، هاتمە لای مام جەلال و دکتۆر مەحموود عوسمان و ڕەسووڵ مامەند و کاک نەوشیروان و ئەو چاوپێکەوتنانەی لەگەڵم کردبوون، دواتر بلاوم کردنەوە. ئەوکاتە بوو کە تاقمێک خەڵک کە هان درابوون، هێرشیان کردە سەر کوردی ئاوارەی ئەمدیو لە کەرەج، کەسێک بەناوی عەبدوڵلاخانی پشدەری هاتە لای من، بەیاننامەیەکیان هەبوو، من بلاوم کردەوە کە هیچ کەس مافی ئەوەی نییە لە بوونی ئەم ئاوارانە ناڕازی بێ و ئەمانە میوانی ئێمەن. خۆشبەختانە ئەو کردەوەیە ڕاگیرا. من لە کەیهاندا مامەوە تا ساڵی (١٩٨٠). من لەو ساڵەدا دیسان دەستگیرکرامەوە. بۆ ماوەی شەش ساڵی تر لە زینداندا بووم. لە زیندان هاتمە دەرێ، بەڵام نەمدەتوانی کاری ڕۆژنامەگەری بکەم، چونکە ڕۆژنامەکانی ئەوکاتە دەرفەتی ئەوەیان نەبوو نووسینەکانی من چاپ بکەن، تا ساڵی (١٩٩٧) کە کەمێک ئازادی درا بە ڕۆژنامەکان، دەستم کردەوە بە ڕۆژنامەگەری، کە زیاتر وەک وتار یان بەشێوەی چاوپێکەوتن بووە لەگەڵمدا، پێشتریش لە ڕشتەی مافدا ماجستێرم وەرگرتبوو و دوای ئەوەش درێژەم پێدا بۆ ئەوەی دکتۆرا وەربگرم. بووم بە پارێزەری ماف، ئێستا پیشەی سەرەکیی من پارێزەرییە.

* تۆ مێژووی ڕۆژنامەگەریی کوردی لە ئێراندا بۆ کەی و چ ڕۆژنامەیەک دەگێڕیەوە؟

– پێش ئەوەی باسی ڕۆژنامەنووسیی کوردی بکەین، با سەرنجێک بدەینە مێژووی ڕۆژنامەنووسی لە ئێراندا. ئێران وەکو نیشتمانی سەرەکیی کوردان و خاکێک کە یەکەم دەوڵەتی ڕێکوپێک و سەقامگیری کوردان بەنێوی «ماد» لێرە بووە لە کوردستاندا کە پایتەختی هاوینەی «هەمەدان» بووە و پایتەختی زستانەشی «زێویە» بووە لە نزیکی سەقز، شارستانییەتی ئێران تا سەردەمی ئیسلام، یەکێ لە شارستانییەتە سەرەکییەکانی ئەوکات بووە. شارستانییەتی ئیسلامیش تا سەردەمی سەفەوییەکان شارستانییەتێکی درەوشاوە بووە. دوای سەفەوییەکان سەردەمی نوشوستی شارستانییەتی ئێران دەستی پێکرد. نامەوێ زۆر بچمە نێو ئەو باسە مێژووییەوە، گەرچی زۆرم کار لەسەر کردووە و ئەو چارەڕەشییەش کە بەسەر کورد هاتووە، ئەمانەم لە چەند وتارێکدا نووسیوە. تەنانەت یەکیان لە سەردەمی شادا بلاوبۆوە، بەڵام ئێستا بەهۆی ئەو بارودۆخە سیاسییەی لە ئێراندا هەیە ئەو وتارە ناکرێ چاپ بکرێ.

دوای ئەوە نێوانی شارستانییەتی ئێران و شارستانییەتی ئەورووپا نائاسایی بوو. واتە هەرچی شارستانییەتی ئەورووپی پێش دەکەوت و بەرەو پێشەوە دەچوو، شارستانییەتی ئێرانی ڕۆژبەڕۆژ پاشەکشەی دەکرد و بەرەو دواوە دەگەڕاوە.

بە جۆرێک کە لە دەورەی قاجارییەدا کە دەورەیەکی دوورودرێژی پادشایەتییە، بوو بە حکومەتێکی زۆر پاشکەوتوو، پادشاکانیان وەکو سەرەک خێڵێک بوون.

ئەوکاتە ڕۆژنامەگەری لە ئەوروپا پێش دەکەوت و یەکێ لە هۆکارەکانی ئازادی و وە خەبەرهاتنی ئەوروپا بوو، لە ئێراندا هیچ باسی نەبوو. تا ئەوەی لە ساڵی (١٨٤١) کەسێک بەناوی «میرزا ساڵح شیرازی» بۆ خوێندن دەچێتە فەڕەنسا، لەوکاتەدا فەڕەنسای دوای ناپلیۆن تووشی گۆڕانکاریی زۆر دەبێ و لەوێ ڕۆژنامە دەبینێ. دێتەوە لە ئێران ڕۆژنامەیەک چاپ دەکا بەناوی «کاغذ اخبار - کاغەزی ئەخبار» ئەوە یەکەمین ڕۆژنامەی ئێرانە. ئێستا بە لەبەرچاوگرتنی ئەو ڕاستییە کە یەکەمین ڕۆژنامەی کوردی سەد و حەوت ساڵ لەمەوبەر دەرچووە، ڕۆژنامەکەی ئێران پەنجاو سێ ساڵ پێش ڕۆژنامەی کوردی بە چاپ گەیشتووە. ئەم ڕۆژنامەیە لە سەردەمی سەرەک وەزیرێکی پێشکەوتنخواز بەناوی «ئەمیر کەبیر» بڵاوبووەتەوە و ئینجا ڕۆژنامەیەکی دەوڵەتی بەناوی «وقایع اتفاقیە» چاپ دەکرێ. ژمارەی ڕۆژنامەکان ڕۆژ بە ڕۆژ زیاد دەبێ تا دەگاتە دەورەی مەشرووتە واتە (پادشایەتیی بەپێی دەستوور)، یەکێک لە هۆکارەکانی شۆڕشی مەشرووتە، ڕۆژنامەکان بوون، دوو سەرنج بۆ ئەو بابەتە هەیە، دەستەیەک دەڵێن مەشرووتە دەرەنجامی ڕەفتاری ئەو رووناکبیرانە بوو کە بۆ خوێندن چووبوونە ئەوروپا و هاتبوونەوە. هەندێکیش دەڵێن: نەخێر مەشرووتییەت هاواری یەکسانخوازی مەلایانی ئێران بووە. من پێمواية هەردوو ڕایەکە زۆر دەمارگرژانەن، ڕاستییەکەی ئەوەیە ڕۆژنامەگەری لەو سەردەمەدا لە ئێران زۆر پەرەی سەندبوو کە هەم ڕووناکبیرەکان و هەم ئەوانەی لە ئێراندا بوون پەرەیان پێدا. خەڵکەکە زۆر لەوە خۆشحاڵ بوون کە هەواڵ و زانیارییەکانیان ڕۆژ بە ڕۆژ لە ڕۆژنامەکانەوە بەدەست دەگەیشت و پێشتر تا هەواڵێکیان دەزانی دەبوایە مانگێک سەبریان بکردایە. سەردەمی مەشرووتە، سەردەمی ئەوپەڕی گەشەکردنی ڕۆژنامەگەری بوو. ژمارەیەکی زۆر ڕۆژنامە تەنانەت لە کوردستانیش بڵاودەبۆوە، دیارە هەموو ڕۆژنامەکان بە زمانی فارسی بوون.

بە گوێرەی ئەو لێکۆڵینەوەیەی لە بارەی دەرچوونی یەکەم ڕۆژنامەی کوردی لە ئێراندا کردوومە و ئینشاڵڵا بڵاوی دەکەمەوە، یەکەم ڕۆژنامەی کوردی لە ئێران لە ساڵی (١٩١٢) بەناوی «کوردستان» لەلایەن «عەبدولڕەزاق بەدرخان» کە سەر بە بنەماڵەی بەدرخانەکانە، بڵاوبووەتەوە.

کوردستان گۆڤارێکی مانگانە بوو کە بە زمانی کوردی و تورکی لە «ئورمییە»ی ئەو سەردەمەدا بڵاودەبۆوە. ئەم ڕۆژنامەیە دەستی کردووە بە ڕۆشنگەری و تاڕادەیەکی زۆر لەناو خەڵکدا کاریگەری هەبووە، هیچ ژمارەیەکی ڕۆژنامەکەم دەست نەکەوتووە، بەڵام لە چەند سەرچاوەیەکی مێژوویی کوردیدا زانیاریم لە بارەوە دەست کەوتووە. ڕۆژنامەکە دوو یان سێ ژمارەی لێ چاپ بووە. دوای ئەوە عەبدولڕەزاق بەگ بۆ ئەستەموڵ و لەوێشەوە بۆ رووسیا دوورخرایەوە، گۆڤاری کوردستان داخرا.

دە ساڵ دوای ئەوە لە ساڵی (١٩٢٢)دا و چوار ساڵ دوای تەواوبوونی جەنگی دووەمی جیهانی دووبارە ڕۆژنامەی کوردستان بە ناوێکی ترەوە لە لایەن سمایل ئاغای سمکۆ بڵاوبۆوە. ئەم ڕۆژنامەیەش چوار ژمارە زیاتری لێ بڵاونەبۆتەوە. من ئەمانەشم دەست نەکەوتووە، بەڵام لە سەرچاوە مێژووییەکاندا و لەو بابەتانەی لەسەر مێژووی ڕۆژنامەگەریی کوردی بڵاوبوونەتەوە، وەک نووسینەکانی مامۆستا جەمال نەبەز و دکتۆر مارف خەزنەدار و چەند کەسی دی، ئەم ڕۆژنامەیە هەبووە.

من بیرەوەرییەکتان لە پێشەکیەکی زۆر باشی دۆستی خۆشەویستم کاک هاشمی سەلیمی بۆ دەگێڕمەوە کە بۆ کتێبی «پیشوای بیداری» بیرەوەرییەکانی سەعید خانی هومایوون نووسیویەتی.

کاتێک ڕۆژنامەی کوردستان دەرکرا، سمکۆ ئەمری کرد کە ڕۆژنامەکەی بۆ بهێنن، لە ژوورێکدا کە سەرکردەکانی شۆڕشەکە هەمووی لەوێ کۆ ببوونەوە. داوایان کرد کە نرخی ڕۆژنامەکە بدەن کە یەک «شایی» بوو. (شاییەک دەکاتە یەک لە سەد و بیستی تمەنێکی ئێستا.) سمایل ئاغا گوتی: ئێوە چۆن بۆ ڕۆژنامەیەک یەک شایی دەدەن؟ هەر ڕۆژنامەیەک لیرەیەک دێنێ. ئێوە دەبێ سەر و لیرەیەک بدەن. سەرۆک هۆز و فەرماندەکانیش جا یان لە ترسان و یان لەبەر قسەکەی سمایل ئاغا هەریەکە و لیرەیەکیان دا. پارەیەکی زۆر کۆکرایەوە و سمکۆ پارەکەی دا بە مەلا محەمەدی تورجانی زادە. مەلا محەمەد لە بنەماڵەی تورجانی زادە و نەوەی عەللامە مەلا عەلی قزڵجی بووە. عەللامە قزڵجی لەدایکبووی گوندی «تورجان»ە کە «حاجی بابەشێخ»ی سەرۆک وەزیری کۆماری کوردستانیش لەوێ لەدایک بووە.

ئیتر ئەو پارەیە دەبێتە دەسمایەیەک کە بتوانرێ ڕۆژنامەکەی پێ چاپ بکرێ، دوای سەرکوتکردنی شۆڕشی سمکۆ، ڕۆژنامەکەش نامێنێ.

من لە چاوپێکەوتنێکمدا باسی هەندێ لەو بنەماڵە ئاینییانەم کردووە کە بەداخەوە ئێستا بەهۆی کردەوەی تێکدەرە ئیسلامییەکان، خەریکە ئەو مامۆستا ئاینییانە لەبیر دەچنەوە. کەسێکی وەک شێخ محەمەدی خاڵ پیاوێکی ئایینی بووە و کەسانی ئەنساری ئیسلامیش ئیدیعای ئایین دەکەن. فکر و بیروباوەڕی خاڵ لە کوێ و بیروباوەڕی ئەمان لەکوێ؟

ئەم مامۆستا ئاینییانەش لە ئێراندا سەرەڕای ئەوەی زمانی کوردییان پاراستووە، هەروەک دەزانین زانست و شیعر و ئەدەبیش ئەوکاتە هەر لە حوجرەکاندا هەبوو. هەم زمانی کوردییان پاراستووە و هەم لە ڕۆشنکردنەوەی بیری نەتەوایەتی و کوردایەتیدا ڕۆڵی بەرچاویان بووە.

ڕۆژنامەی «کورد»ی سەردەمی سمکۆ لە ذیقعدەی (١٣٤٠)ی کۆچی مانگی بووە دەکاتە ژووئیەی (١٩٢٢)ی زایینی. لە ئارمی بڵاوکراوەکەدا دوو دەست لەناو یەکتریدایە کە بە مانای یەکگرتن بوو.

دوای ئەوەی شۆڕشەکەی سمکۆ بەغەدری ڕەزا خانی میرپەنج تێکشکا، ڕۆژنامەگەریی کوردی لە سەردەمی ڕەزا شادا لە هەموو سەردەمێک زۆرتر سەرکوت کراوە. ڕەزا شا وەک شۆڤینستێکی فارس هاتە مەیدان و لە هیچ سەردەمێکدا بەقەد سەردەمی ئەو کورد سەرکوت نەکراوە.

ئیتر بە ماوەی بیست ساڵ دوای ئەمە هیچ بڵاوکراوەیەکی کوردی لە ئێراندا نەبووە، بەڵام لەو سەردەمەدا ڕۆژنامە کوردییەکانی «ژین» و «ژیان» و ئەمانە کە لە کوردستانی عیراقدا بڵاودەبوونەوە، گەیشتوونەتە کوردستانی ئێران و دەست بەدەست بەناو خەڵکدا گەڕاون. دەڵێن لە کتێبخانەکەی قازی محەمەد-دا زۆربەی ئەو بڵاوکراوە کوردییانە هەبوونە. ئەم زانیارییەشم هەر لە کتێبەکەی سەعید خانی هومایوون وەرگرتووە کە بەداخەوە پێشەکییەکەی لە چاپی هەولێردا چاپ نەکراوە، لە حاڵێکدا ئەگەر پێشەکییەکە چاپ بکرایە، تێگەیشتن لە بیرەوەرییەکانی سەعید خانی هومایوون زۆر زیاتر دەبوو.

پاش ئەوەی شەڕی دووەمی جیهانی دەستی پێکرد و هاوپەیمانەکان هێرشیان کردە سەر ئێران، یەکەم وەفدی کوردی لە ساڵی (١٩٤٢) دەچن بۆ باکۆ. لەوکاتەدا لە مەهاباد کۆمەڵەی ژێ کاف کە لە دەستەیەک لە ڕووناکبیران و کەسانی بە بیروباوەڕی کوردایەتییەوە پێکهاتبوو و بۆ زیندووکردنەوەی مافی کورد تێدەکۆشان، ئەوان دەستیان بە دەرکردنی بڵاوکراوەیەک کرد بەناوی «نیشتمان». کە یەکەم ژمارەی لە ساڵی (١٩٤٣)دا بڵاوکرایەوە و لە ژێرەکەیدا نووسیبووی نیشتمان ئۆرگانی جەمعیەتی (ژێ. کاف)ە. لەو سەردەمەدا بوو کە ڕۆژنامەگەریی کوردی هاتە قۆناغێکی دیکەوە. ئەو بڵاوکراوەیە دە ژمارەی لێ بڵاوبۆتەوە. کەسانێک لەو ڕۆژنامەیەدا کاریان کردووە کە دواتر بوونە کەسایەتیی مێژوویی کورد، لەوانە: مامۆستا عەبدولڕەحمان زەبیحی، مامۆستا هەژاری موکریانی و مامۆستا هێمن.

ژمارەی یەکەمی بیست و پێنج لاپەڕە بوو کە لە مانگی ڕەزبەری ساڵی (١٣٢٢- ١٩٤٣)دا بڵاوبۆتەوە. ژمارەی دەیەمیشی ساڵێک دوای ڕووخاندنی کۆماری کوردستان، لە شارباژێڕی کوردستانی عیراقدا بڵاودەکرێتەوە.

لە هەر ژمارەیەکدا، ئایەتێکی قورئانی دەنووسی و لە تەفسیرکردنەکەیدا ژیانی کوێرەوەری کوردی نیشان دەدا و دەری دەخست کە مسوڵمانان نابێ حەقی کورد پێشێل بکەن. مەسەلەیەک کە شیاوی سەرنجدانە ئەوەیە کە لە لاپەڕەی دواوەی هەر ژمارەیەکدا وێنەیەکی «سەلاحەددین ئەییوبی» چاپ کراوە.

ئێمە لە مێژوودا دوو پادشای کوردمان بووە، جگە لە میرە کوردەکان، یەکیان سوڵتان سەلاحەددینی ئەییوبی و ئەوی تریان کەریم خانی زەند بووە. ئەم دوو پادشا کوردە لە ڕاستیدا هیچ خێرێکیان بۆ کورد نەبووە، بەڵام خوو و ڕەوشتی کوردانەیان بووە، ئەویش شەڕافەتمەندی و غیرەت و مەردایەتی و مرۆڤدۆستییە، بە جۆرێک کە لە مێژووی ئیسلامدا هەم سەلاحەددینی ئەییوبی بەباشی ناوی دەبەن، هەم کەریم خانی زەند وەکو تاکە پادشایەکی ئێرانی دوای ئیسلام کە بە دەروون خاوێن و مەرد باسی لێوەدەکرێ.

دوا ژمارەی نیشتمان وەک دەڵێن لەلایەن عەبدولڕەحمان زەبیحی-یەوە، پێنج شەش مانگ دوای شەهید بوونی قازی محەمەد و هاوەڵانی، بڵاوبۆتەوە و کاریگەرییەکی ترسناکی لەسەر ڕژێمی ئێران دانابوو.

ئەرکەکانی بڵاوکراوەی نیشتمان بریتی بووە لە، یەکەم: گەشەپێدان بە هەستی ناسیۆنالیستی گەلی کورد، دووەم: ئاشناکردنی خەڵک بە مێژووی خۆیان و مێژووی ئەدەب و فەرهەنگی خۆیان. ئەو نووسەرانەش کە بەشداری بوون، هەر کام حاڵەتێکی فەرهەنگسازیان بوو.

یەکەم سەروتاری نیشتمان بەم ناونیشانە بڵاوبۆتەوە:

«خۆت بناسە».

باسی ئەوە دەکا کە خۆت بناسە، بزانە تۆ کێی؟ مێژوو بخوێنەوە، تێبگە لە چ ڕەگەزێکی؟ ئەگەر بڕوا بە مێژوونووسەکانی خۆمان ناکەی، بڕوا بە بێگانە و ڕۆژهەلاتناسەکان بکە.

بزانە ئەوان لە بارەی تۆ و باو و باپیری تۆوە و خاک و نیشتمانی تۆوە چی دەڵێن و چی دەنووسن. دوای ئەوە دەڵێ: «ئازیزەکەم! تۆ کوردی، تۆ لە نەتەوەیەکی خاوێنی، تۆ ڕەگەزێکی پاکی. باپیرەکانی تۆ هەر لەم خاکەدا کە کوردستانی پێدەڵێن، ژیاون، بەڵام چۆن ژیانێک؟ وەکو تۆ دیل و ژێردەستی دراوسێکان بوون؟ نە بەخوا ئەوان سەربەست و سەربەخۆ بوون و ئازاد ژیاون.

کوردە گیان بە قسەی برای خۆت بکە، لە خەوی نەفامی هەڵسە، تۆزێ لە حاڵی خۆت ورد بەوە، هۆشت بێتەوە بەر خۆت و قۆڵت هەڵماڵە و بە هەموو هێزی خۆت بقیژێنە و بڵێ ئەمنیش ئادەمیزادم، حەقی ژیانم هەیە، دەمەوێ وەکو خەڵک ئازاد و سەربەست بژیم. سەربەخۆییم دەوێ و حەقی مەشرووعی خۆم داوا دەکەم. لە دیلی و ژێردەستیی دراوسێکانم جاڕس بووم و دەمەوێ ڕزگار ببم.»

ئەو بڵاوکراوە بەهۆی بایەخێکی کە هەیەتی من وەک بنەما دامناوە. لەوکاتەدا چەند ڕۆژنامەیەکیش لە کوردستانی عیراق و شوێنی تریشەوە هاتووەتە کوردستانی ئێران و لەلایەن ڕۆشنبیرانەوە خوێندراونەوە. بە سەرجەمی ئەو (٢٧) بڵاوکراوەیەی ئەوکاتە کاریگەرییەکی زۆریان لەسەر کوردی ئێران و لەسەر وریابوونەوەیان هەبووە. لەو ڕۆژنامە و بڵاوکراوانە: «بانگی حەق، ئومێدی ئیستقلال، ژیان، ژین و زانستی» لە سلێمانی، «گەلاوێژ، دیاری کوردستان و پەیژە» لە بەغدا، «زاری کرمانجی» لە ڕەواندز، «ڕووناکی» لە هەولێر، «ڕۆناهی و ستێر» لە شام (دیمەشق)، «ڕۆژا نوو» لە بەیرووت و «ڕێگای تازە» لە ئیرەوان دەردەچوون. یەکەم چاپخانە کە هێنراوەتە کوردستان لە لایەن «میجەرسۆن»ەوە لە سەردەمی شێخ مەحموود-دا بووە کە ڕۆژنامەی «پێشکەوتن»یان پێ چاپ کردووە. چاپخانەیەکی دیکەش کە لە سلێمانی دامەزراوە لەلایەن مامۆستا پیرەمێردەوە بووە. چاپخانەیەکی تریش لەلایەن مامۆستا حوسێن حوزنی موکریانی لە ڕەواندز دامەزراوە و گۆڤاری «زاری کرمانجی» پێ چاپ کراوە.

یەکەم بڵاوکراوە کوردییەکانی کوردستانی ئێران لە چەند چاپخانەیەکی بچووکی شاری ورمێ و سنە و کرماشان-دا چاپ بووە.

بەڵام یەکەم چاپخانەی کوردی، دوای ئەوەی وەفدی کوردی دەچن بۆ باکۆ و دوای ئەوە کە حزبی دیموکرات و کۆماری کوردستان دادەمەزرێ، دوو چاپخانە دەهێننە کوردستان. ئەو دوو چاپخانەیە هەم لە چاپکردنی کتێبی کوردی و هەم بڵاوکراوەکاندا دەورێکی کاریگەریان هەبووە. کە یەکیان لە مەهاباد و یەکێکیان لە شاری بۆکان بووە. دوای نیشتمان، گۆڤارێک بەناوی «کوردستان» بڵاودەبێتەوە، کە کۆمەڵایەتی، سیاسی، فەرهەنگی بووە. دوای ئەوە ڕۆژنامەی «کوردستان» بڵاودەبێتەوە کە ئۆرگانی حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران بووە. دوای ئەوە چەند ڕۆژنامەیەکی تریش بڵاودەکرێنەوە و لەبەر ئەوەی لە زۆربەی شوێنەکاندا ژمارەیان لێ پارێزراوە من ئاماژەیان پێناکەم.

تەنیا ناوی چەند کەسێ دەبەم کە دەوری سەرەکییان لە بڵاوکردنەوەی ئەو بڵاوکراوانەدا هەبووە، یەکێک سەید محەمەد حەیدەری بووە کە چالاکترین کەسی ڕۆژنامەی کوردستان بووە و وتارە سیاسییەکانی ڕۆژنامەکە ئەو دەینووسی. یەکێک مامۆستا حەسەن قزڵجی بووە. هێمن، هەژار، هاشمی خەلیل زادە، ڕەسووڵ میکائیلی، دڵشاد ڕەسووڵی و ئیبراهیم نادری بوون. هەروەها کەسانێکی تریش بابەتیان هەبووە وەکو: قادر مودەڕیسی، محەمەد موجمەری، مەلا محەمەد ئەییوبی، عەلی خوسرەوی، عەزیز مەولەوی، عەبدولڕەحمان ئیمامی، محەمەد شاپەسندی، سەید محەمەد تەهازادە، ئەحمەد ئیلاهی و عەبدولڕەحمان سالار کە زۆربەی ئەوانە لە کاربەدەستانی کۆماری کوردستانیش بوون.

جگە لەمانەش شاعیرانی کورد، وەک ئەو دوو شاعیرەی نازناوی شاعیری نەتەوەیی کوردیان پێدرابوو (مامۆستا هەژار و مامۆستا هێمن)، خاڵە مین، حەقیقی، خالید حیسامی، عەلی حەیدەری، سەید کامیل ئیمامی و سەعید زەرگەیی، هەرکامێکیان شیعری سیاسیی خۆیان لەو بڵاوکراوانەدا بڵاودەکردەوە.

یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی ڕۆژنامەی کوردستان ئەوەیە کە بایەخێکی زۆریشی بە ژنان داوە و وتار و بابەتی ئەو ژنانەشی تێدایە کە چالاکانی حزبی دێموکرات بوون.

وەکو: سەییادیان، خەدیجە حەیدەری، سەڵتەنەت

داودزادە، ئەشرەف عەزیمی، فەریدە زەندی، ئێران بلوئلوبی، هەروەها وتارنووسانی وەک کوبرا عەزیمی، حەڵەب ئیسماعیلی، فەرەجی، شا سوڵتان خانم فەتاحی قازی بابەتیان چاپ کراوە.
جگە لەوە لەم ڕۆژنامەدا شیعر و نووسینی شاعیران و نووسەرانی کوردستانی عیراق وەکو: محەمەد مەحموود، شەهید محەمەد قودسی، محەمەد تۆفیق وردی، عەبدولقادر ئەحمەد، یەحیا چروستانی، ئەنوەر دڵسۆز شوان، میرزا حەمەمینی مەنگوڕی و قانع بڵاوکراوەتەوە. ئەم ڕۆژنامەیە هەتا ئێستاش بڵاودەکرێتەوە.
ڕۆژنامەی کوردستان جگە لەمانە هەواڵی جیهان و ئێران و هەر چوار پارچەی کوردستانیشی بڵاودەکردەوە، بەڵام گرفتی هەرە سەرەکی بۆ گەیاندنی هەواڵ هەبووە. ئەوکاتە هیچ پەیامنێرێکی دەرەوە لە کوردستان نەبووە، کورد خۆشی ئاژانسی دەنگوباسی نەبووە (وەک ئەوەی ئێستا لە هەولێر «پەیامنێر» ئەم کارە دەکا یان لە سلێمانی بەشی هەواڵ و راپۆرتی PUK ئەم کارە دەکات. من پێشنیاز دەکەم لەگەڵ یەکگرتنەوەی هەر دوو ئیدارەی حکومەتی هەرێم، ئاژانسێکی هاوبەش و سەرانسەریش دابمەزرێ کە لە تەواوی کوردستاندا چالاک بێ و ئەگەرچی دەزانم دەوڵەتە چەوسێنەرەکان نایەڵن، بەڵام لە پارچەکانی تری کوردستانیش نوێنەرانی خۆی دابنێ، تا لانی کەم هەواڵەکانیان بڵاوبکرێتەوە).
* ڕۆژنامەگەریی ئەم قۆناغە چ جیاوازییەکی لەگەڵ ڕۆژنامەنووسیی قۆناغەکانی پێشتر هەبوو؟
– جەنگی دووەمی جیهانی ڕاستە بۆ خەڵکی ئێران و تەواوی نەتەوەکانی دنیا کارەساتێک بوو، بەڵام ئەم جەنگە هەستی نەتەوایەتی لەنێو زۆر نەتەوەی جیهاندا زیندوو کردەوە. بۆ میللەتی کوردیش ئەمە غەنیمەتێک و دەسکەوتێک بوو. بۆ یەکەم جار لە ئیستبدادی ڕەزاخانی ڕزگار ببوون، کە لە ئێراندا پێی دەڵێن ئیستبدادی ڕەش. سەرەڕای ئەوەی ئەوکاتە کوردستان لە سیستەمێکی خێڵەکیدا دەژیا و لە ڕووی ئابووری و ژیانی کۆمەڵایەتی و خوێندەوارییەوە زۆر پاشکەوتوو بوو، بەڵام ئەم دۆخە کاریگەرییەکی زۆری لەسەر بیری نەتەوایەتی ئەو دانا.
ئێمە بەهۆی بزاڤی ڕۆژنامەگەری کوردی لە سەردەمی کۆماری کوردستاندا، دەتوانین ئەو سەردەمە بە ڕێنسانسی میللەتی کورد لە ئێران ناو ببەین.
دوای ئەوە لەساڵی (١٩٥٢) گۆڤارێک لە سنە بڵاودەبێتەوە بەناوی «ڕاوێژ» کە هیچ شوێنەوارێکی ئەم بڵاوکراوەیەم دەست نەکەوتووە.
دوای کودەتای (١٩٥٣) کە دەوڵەتی موسەدیق ڕووخێنرا، هیچ بڵاوکراوەیەکی کوردی لە ئێران بڵاونەبۆتەوە. لەو ساڵانەدا هەر بیرێکی پێشکەوتنخواز لەلایەن ڕژێمی پەهلەوییەوە سەرکوت دەکرا و هیچ بڵاوکراوەیەکیش ئیجازەی بڵاوبوونەوەی پێنەدراوە. ساڵی (١٩٥٨) کە لە عیراق کودەتای عەبدولکەریم قاسم دەکرێ و کەمە ئازادییەک بە کورد دەدرێ و کوردەکان لە قۆناغی یەکەمدا دەچنە ناو حکومەتەکەی قاسمەوە، لە ئێران هەست بە نەبوونی ئاسایش دەکرێ. ئەوکاتە من پێنج شەش ساڵ تەمەنم بوو، بەڵام وەبیرمە خەڵک دەهاتم و دەرۆیشتن دەیانگوت: بژی عەبدولکەریم قاسم.

## کاتێ ڕۆژنامەنووس ئەوەندە ئازاد بوو کە بچێتە ناو سنووری ئازادیی خەڵکی دیکەوە، لە ئەخلاقی پیشەکەی خۆی لایداوە

لەو کاتەدا دەستەیەک لە نووسەرانی ناسراوی کورد کە لە ئێراندا تا ئەو کاتە بە فارسی نووسیویانە، ڕۆژنامەیەکیان بەناوی «کوردستان» بڵاوکردەوە. حەفتەنامەیەکی کۆمەڵایەتی، سیاسی فەرهەنگی بوو، دەڵێن ئێران بۆیە ڕێگای بەو بڵاوکراوەیە دا تا نیشان بدا لە ئێراندا کورد لە فارس و تورک کەمتر نییە. باسی ئەوەش هەیە کە ئەو بڵاوکراوەیە لە ناوخۆی ئێراندا بڵاو نەدەبۆوە، بەڵکو دەیاننارده دەرەوەی ئێران و لە هەندەران بڵاویان دەکردەوە، تا بڵێن ئێمەش ئازادیمان بە کورد داوە. سەرنووسەرەکەی خوالێخۆشبوو «عەبدولحەمید بەدیعولزەمان سەنەندەجی» بوو کە یەکێ لە زاناکان و مامۆستای زانکۆی تاران بووە. هاوکارەکانیشی کەسانێکی وەک: دکتۆر محەمەد سدیق موفتی زادە، ئەحمەد موفتی زادە، عابید سیراجەددینی و شوکروڵڵا بابان و خوسرەو شێخانلوو بوون.
بنەماڵەی موفتی زادەکان، بنەماڵەیەکی کورد دۆست و هۆگری زمانی کوردی بوون. عابید سیراجەددینی سەر بە نەقشبەندییەکانی کوردستانە. شوکروڵڵا بابان و خوسرەو

شێخانلووش دوو کەس بوون کە لە بەشی کوردیی ڕادیۆدا کاریان دەکرد و ئێستاش لە ژیاندا ماون. ئەم بڵاوکراوەیەش دوای دوو ساڵ بەسرا. تەنانەت دەڵێن کوردی ئێران مافی ئەوەی نەبووە ڕۆژنامەکە بخوێنێتەوە و بە دەست هەر کەسێکەوە گیرابا دەسگیر دەکرا.

پێش شۆڕشی (١٩٧٩) لە ئێراندا بڵاوکراوەیەکی کوردی نەبووە، تەنیا گۆڤارێک نەبێ کە دوو ژمارەی لێ دەرچووە بەناوی «ڕۆژ» لەلایەن شەهید سلێمان موعینی بڵاوکراوەتەوە. سلێمان موعینی سەرکردەی جووڵانەوەی حزبی شۆڕشگێری دیموکراتی کوردستان بوو، لە ساڵانی (١٩٦٨-١٩٦٩) ئەو جووڵانەوەیان بەرپاکرد و زۆریان لێ شەهید بوون. سلێمان موعینی، عەبدوڵڵا موعینی، مەلا ئاوارە، ئیسماعیلی شەریفزادە و چەند کەسێکی تر کە هەموویان ناسراون. ساڵی (١٩٧١) لەلایەن خەباتکارانی کورد لە دەرەوەی وڵات ڕۆژنامەیەکی دیکە بڵاودەبۆوە بەناوی «راه اتحاد - ڕێگای یەکێتی» کە بە چەند زمانی نەتەوەکانی ئێران بڵاوبووەتەوە.

* ئەدی ڕۆژنامەگەریی کوردیی دوای شۆڕشی (١٩٧٩) گەیشتە چ قۆناغێک؟

- دوای سەرکەوتنی شۆڕشی ئێران، بە بڕوای من ئەم شۆڕشە کاریگەرییەکی زۆری بۆ سەر فەرهەنگ و ئەدەبی کوردی نەبوو. ئەمەش بۆ چەند هۆکارێک دەگەڕێتەوە. یەکەمیان ئەوکاتە حزب و لایەنە سیاسییەکانی ئێران لایەنگری چەپ بوون، چەپگەلێکی توندڕۆ کە لە هیچ شوێنێکی ئێراندا جێگایان نەبوو، کوردستان ببووە لانە و مۆڵگەیان، ئەمە بووە هۆی ئەوەی کە ئەگەر لە کوردستاندا حزب و ڕێکخراوی چەپیش هەبووبێ و بیانویستایە بەشێوەیەکی هێمنانە و بە دوور لە خەباتی چەکدارانە چالاکی بکەن، حزب و گرووپە چەپەکان هاتنە کوردستان و خەڵکیان بۆ ئەوە هان دەدا کە ئەو حزبە کوردییانە کۆنەپارێز و کۆنەپەرستن. ئەم وەزعە چەپزەدەیە کە لە کوردستانی ئێران بەدی هاتبوو، ببووە هۆی ئەوە کە زۆربەی ئەو بڵاوکراوانەی بڵاودەکرانەوە بە زمانی فارسی بن و زۆربەشیان لەسەر بیری مارکسییەت و تیۆری مارکسی و ئەو ناکۆکییە فکرییانەی لەنێوان ڕێبەرانی مارکسیزمدا هەبوو، بابەتیان بڵاودەکردەوە. شتەکان لەسەر کێشە سیاسی و فەرهەنگییەکانی کورد نەبوون. ئەگەر جاربەجار نووسراوەکیشیان بە کوردی بڵاوکردبایەوە، لەسەر تیۆری مارکسییەت و تەئیدی شەڕی چەکداری بوو.

جگە لەمانە ئۆرگانی حزبەکان بەتایبەتی حزبی دیموکرات بەزمانی کوردی بڵاودەکرانەوە، ئینجا چەند ڕۆژنامەیەکی دیکەش بڵاوکرانەوە کە توانیان بە شکڵ و شێوازێکی جوانی ڕۆژنامەگەری بڵاوببنەوە. یەک لەوانە ڕۆژنامەیەک بوو بەناوی «هیوا» کە هەر لە یەکەم ژمارەوە توانی نموودێک پەیدا بکا. ڕۆژنامەی «ئیتلاعات» کە ڕۆژنامەیەکی ڕەسمی و دەوڵەتی بوو، دانی بە «هیوا»دا نا و تەنانەت تەوەرێکیشی بۆ کردەوە، دوای ئەوە ڕۆژنامەیەک بەناوی «دەنگی کورد» چاپ دەکرا کە ماوەیەکی کەم بڵاوکرایەوە، نزیکەی ساڵێک بوو. بابەتەکانیشی، سیاسی، مێژوویی و فەرهەنگی بوون. «هیوا» زیاتر کاری زانستی و تیۆریکی دەکرد.

بڵاوکراوەیەکی تر لەو سەردەمەدا بڵاوبۆوە بەناوی «گڕوگاڵ» کە بڵاوکراوەیەکی تەنز (ساتیر) بوو. بۆ یەکەم جار بوو لە ڕۆژنامەگەریی کوردیدا کە بڵاوکراوەیەکی تەنز دەهاتە نێو ڕۆژنامەگەرییەوە. تەنزەکانیشی جوان و گەزندە بوون. کەسانێک کە ئەم بڵاوکراوەیان چاپ دەکرد، بە زاراوەی کرماشانی و لوڕی ئاشنابوون و گۆڤارەکەیان بە دوو زاراوەی کرمانجی خوارەوە (سۆرانی) و زاراوەی کرماشانی بڵاودەکردەوە. ئەم بڵاوکراوەیە لە کرماشان بڵاودەبۆوە و دوای ئەوەی چەند ژمارەیەکی لێ بڵاوکرایەوە، وەستاندیان کە دواتر هەر ئەم بڵاوکراوەیە دواتر بەناوی «کرماشان» بڵاوکراوەتەوە.

دوای ئەوە گۆڤارێک لە سنە بەناوی «ئەستێرە» لە ساڵی (١٣٥٨- ١٩٧٩) بڵاودەکرایەوە کە بابەتی ئەدەبی و ئایینی و فەرهەنگی تێدا بڵاودەبۆوە. هەر لەم ساڵەدا حزبی توودە دوو گۆڤاری بە زمانی کوردی بڵاودەکردەوە. یەکیان گۆڤاری «مەردوم» بوو کە هەفتانە بوو. بابەتە فارسییەکانی گۆڤاری «مردم»ی فارسی کە ئۆرگانی ڕەسمی حزبی توودە بوو بە کوردی بڵاودەکردنەوە زۆربەی بابەتەکانیش لەلایەن خوالێخۆشبوو حەسەن قزڵجی-یەوە دەنووسران. بڵاوکراوەکەی تریش ناوی «ترووسکە» بوو، ئەگەرچی بەشێوەی ڕەسمی دەرینەدەخست سەر بە حزبی توودەیە، بەڵام هی ئەوان بوو.

جەمعیەتی کوردەکانی تاران بڵاوکراوەیەکیان بڵاوکردەوە بە ناوی «برووسکە» کە بڵاوکراوەیەکی زۆر سەرکەوتوو نەبوو، دوو ژمارە زیاتریشی لێ بڵاونەبۆتەوە. ئینجا چەند بڵاوکراوەیەکی سەر بە حکوومەت بڵاوبوونەوە یەکێکیان بەناوی «جیهاد» کە بڵاوکراوەی

بزووتنەوەی ئیسلامی کوردستانی عیراق بوو لە ئێراندا بڵاودەبۆوە. گۆڤارێکی تر بەناوی «گرشەی کوردستان» هەبوو کە ساڵی (١٣٥٩- ١٩٨٠) لەلایەن مامۆستا محەمەد ساڵح ئیبراهیمی بڵاوکرایەوە و لە ڕەشەمەی (١٣٦٠-١٩٨١)دا دوا ژمارەی لێ بڵاوبۆوە. دوای ئەوە هەفتەنامەیەک بەناوی «شەهادەت» و گۆڤارێک بەناوی «ئامانج» بڵاودەبۆوە کە هی «سازمانی تەبلیغاتی ئیسلامی» بوو. ئەمانە برەوێکی ئەوتۆیان نەبوو و هەر بەم هۆیە پاش ماوەیەک وازیان هێنا. سوپای پاسدانی ئینقلابی ئیسلامی، گۆڤارێکی بەناوی «ئەسحابی ئینقلاب» دەردەکرد، ئەگەرچی بە زمانی کوردی و ماوەیەکی زۆر بڵاوکرایەوە، بەڵام پێشوازی لێنەکرا.

ئەمە ڕۆژنامەگەریی کوردیی سەرەتای شۆڕش بوو. تا ئەوەی گۆڤارێک لە دایک بوو بەناوی گۆڤاری «سروە». دامەزرێنەری سروە شەخسی مامۆستا هێمن بوو. ئەم گۆڤارە لەلایەن «قەرارگای خاتەمولئەنبیا»وە و لە ناوەندێکدا بەناوی «سەلاحەدینی ئەییوبی» بڵاوبۆوە، بەڵام لەبەر ئەوەی کەسایەتییەکی وەک مامۆستا هێمن و چەند کەسایەتییەکی سەربەخۆ دەریان دەکرد و بابەتی ئەدەبی و فەرهەنگی و کۆمەڵایەتی تێدا بڵاودەبۆوە و لاپەڕەی منداڵانیشی هەبوو، یەکەم گۆڤار بوو کە بۆنی ڕۆژنامەگەریی سەربەخۆی لێدەهات، چەند کەسێ ئەندامی دەستەی نووسەرانی بوون وەکو ئەحمەدی قازی و چەند کەسی تر.

بابەتەکانی بۆ ئەو سەردەمە زۆر بەنرخ و باش بوون. تەنیا بڵاوکراوەیەکیشە کە بەشێوەی بەردەوام لە ساڵی (١٣٦٤-١٩٨٥)ەوە تا ئێستاش بڵاودەبێتەوە. سەرەتا وەرزانەبوو و دوای چەند ژمارە بوو بە مانگانە. ئەم بڵاوکراوەیە کاریگەرییەکی زۆری لەسەر ڕۆژنامەگەریی کوردی هەبوو، چونکە ژمارەیەکی زۆر خەڵکی بۆ لێکۆڵینەوە هان دا و ئینجا گۆشە و قولینچکەکانی فەرهەنگ و ئەدەبی وردە وردە خستە بەرچاو. تەنانەت چەند ژمارەیەکی لە بارەی ڕۆژنامەگەرییەوە دەرکرد. ئینجا لە بارەی کۆمەڵناسییەوە، لەسەر دەروونناسی و مرۆڤ و ئەدەبیاتی نووسی. جگە لەمانە دوو لاپەڕەشی بۆ منداڵان تەرخان دەکرد کە دوای گۆڤاری «گڕوگاڵ»ی سەردەمی کۆماری کوردستان، یەکەم جار بوو بە زمانی کوردی بۆ منداڵان دەنووسرا.

* دوای دووی جۆزەردانی (١٣٧٦- ١٩٩٧) و هاتنە سەر کاری خاتەمی زۆر ڕۆژنامەی کوردی هاتنە گۆڕەپانی ڕۆژنامەنووسی کوردییەوە. ئێستای ڕۆژنامەنووسی کوردی چۆن دەبینن؟

- تا ساڵی (١٣٧٦-١٩٩٧) جگە لە سروە و ئاوێنە هیچ گۆڤار و ڕۆژنامەیەکی تر بە زمانی کوردی بڵاونەدەبۆوە. لەم ساڵەدا دەوڵەتێک لە ئێراندا هاتە سەر کار کە جیاوازیی لەگەڵ دەوڵەتەکانی پێش خۆی هەبوو. لانی کەم لە سەرەتاوە بەشێوەیەکی جیاواز قسەی دەکرد. خودی حاکمییەتی ئێران بوو بە دوو باڵ کە بەتوندی لە دژی یەکتر دەوەستانەوە. ئەم دوو باڵە هەر کام هەوڵیان دەدا لایەکەی تر لاببەن. ئەم ڕەوشە بوو بەهۆی ئەوە کە نەتەوە و قەومەکانی ئێران لەم دەرفەتە کەڵک وەربگرن و دەست بکەن بە گەشەپێدانی پرسە فەرهەنگییەکانی خۆیان. ئەوەبوو بەهۆی ئەوە کە لە کوردستانیش بۆ یەکەم جار لە مێژووی نیوسەدەی ڕابردوو گۆڕانکاری دروست بێ. پارێزگاری کورد لە پارێزگاری کوردستان دانرا. هەرچەندە لەبەر ئەوەی حکوومەتەکە حکومەتێکی مەزهەبییە، ئەمانە زۆر پێ لەسەر شیعەبوونی بەرپرسەکان دادەگرن. پارێزگارە کوردەکەش دکتۆر عەبدوڵڵا ڕەمەزانزادە بوو. جگە لەوە دەست کرا بە دانانی فەرمانداری کورد بۆ شارەکانی کوردستان. دوای ئەو گۆڕانکارییە، زۆر بڵاوکراوەی کوردی و کتێبی کوردی لە چاپ دران، جگە لەمانەش بە زمانی فارسی سەدان کتێب لە بارەی مێژوو و فەرهەنگی کوردییەوە، لەبارەی خەباتی میللەتی کورد و بیرەوەریی تێکۆشەرانی کوردەوە بڵاوکرایەوە. هەر لەم قۆناغەدا وەرگێڕ و ڕۆماننووسی گەورەی کورد دکتۆر ئیبراهیم یوونسی چەندین کتێبی بەناوبانگی لەسەر مێژووی کورد بڵاوکردەوە کە کاریگەرییەکی زۆری لەسەر ڕۆشن بوونەوەی گۆشە تاریکەکانی مێژووی کورد هەبوو. لەم قۆناغەدا سەرەتا خوێندکارەکان (دانشجو) دەستیان بە بڵاوکردنەوەی چەند بڵاوکراوەیەکی خوێندکاری کرد. پێش ئەوە محەمەد ڕەزا ڕەحیمی، پارێزگاری کوردستان هەفتەنامەیەکی بەناوی «ئاویەر» بڵاودەکردەوە کە سەرنووسەرەکەی «بارام وەڵەدبەگی» بوو. دوای ئەوە هەفتەنامەی «سیروان» کە ئیمتیازەکەی هی شارەوانیی سنە بوو، بڵاوبۆوە کە بە دوو زمانی کوردی و فارسی بڵاودەبوونەوە. «سیروان» لە سەرەتاوە زۆر بە پارێزەوە بابەتی بڵاودەکردەوە. ئینجا بڵاڤۆکی خوێندکاریی باش باش بڵاوبوونەوە، چەند گۆڤاری کوردی لە چاپ دران.

ئینجا چەند گۆڤارێکی وەک «ڕوانگە»، «مەهاباد»، نڤیسا» و «ڕاڤە» بڵاوبوونەوە. ئەوەش بڵێم ئەو ژمارە کەمەی گۆڤار و ڕۆژنامەی کوردی کە لە ئێراندا هەن، تارادەیەک لە ڕووی ڕۆژنامەگەرییەوە، باش و سەرکەوتوون. ئێستا دوو بڵاوکراوەی گرنگ لە کوردستانی ئێران بڵاودەبنەوە. یەکەمیان هەفتەنامەی «ڕۆژهەڵات»ە کە نووسەر و ڕۆژنامەنووسە حیرفەییەکانی کوردی تێدا کۆبۆتەوە و هەم لە بواری ڕۆژنامەنووسییەوە هەم لە ڕووی سەربەخۆییەوە بڵاوکراوەیەکی باشە. دووەمیشیان گۆڤاری وەرزانەی «نڤیسا»یە کە لەلایەن یەکێ لە NGO کوردییەکان بڵاودەکرێتەوە.

جگە لەمانە دەتوانم ئاماژە بە بڵاوکراوەی «ئاشتی» بکەم کە «بارام وەڵەدبەگی» دەری دەکات. ئەویش لەو ماوەیەدا کە بڵاودەبێتەوە توانیویەتی جێگای خۆی لە کۆمەڵگای کوردیدا بکاتەوە.

* وەک بیستوومانە، دەڵێن ڕۆژنامە دەسەڵاتی چوارەمە. بەو پێیە کە تۆ مافت خوێندووە و ئەزموونی ڕۆژنامەگەریشتان هەیە، ئایا ڕۆژنامەگەریی کوردی لە ئێران توانیویەتی ببێتە دەسەڵاتی چوارەم؟ ئەگەر نا چی بکەین تا ڕۆژمەگەریی کوردی بەو ئاستە بگا؟

– ڕاستییەکەی ئەوەیە، ئێمە وەک کورد چونکە میللەتێکی بێدەسەڵات بووین هەر کاتێک، هەر کارێک کە کورد کردبێتی و بۆنی کوردی لێبێ ئێمە پێی خۆشحاڵین و گەشەی پێدەکەین. کاتێ ئێستا دەبینین هونەرمەندێکی کورد، سینەماکارێک، نەقاشێک، پەیکەرسازێکی کورد کارێکی گرینگ دەکا، ئێمە پێی خۆشحاڵ دەبین. بەڵام بەداخەوە شتێک کە لەنێو ئێمەدا بەرچاوە ئەوەیە کە نە لە بواری سیاسییەوە و نە لە بواری ئەدەبی و هونەرییەوە، خۆمان فێری ڕەخنەگرتن نەکردووە. هێشتا لەناو ئێمەدا ڕەخنەگرتن بە شتێکی خراپ دەزانن و هەر کەس ڕەخنەی لێبگیرێ پێی وایە ڕەخنەگر دەیەوێ عەیبەکانی بلێ و بچووکی بکاتەوە. لە حاڵێکدا ئەمڕۆ ڕەخنەگرتن لە دنیای سیاسەت، هونەر، کاری کۆمەڵایەتی و فکری و ئەدەبیدا شتێکە بۆ گەشەپێدان و کامڵ کردنی کارەکان.

بۆ وێنە ئەگەر ئێمە بێین ڕەخنە لە ڕۆمانێکی کوردی بگرین، ڕەخنە ئەوەیە شتە باشەکانی لەلایەک و شتە خراپەکانیش لەلایەکی تر دابنێین و بایەخەکەی دەربخەین و ئەوە دەبێتە هۆی گەشەکردنی ڕۆمانی کوردی.

ئەو ڕۆژنامانەی ئاماژەمان پێکردن و تا ئێستا لە ئێران بە کوردی بڵاوبوونەتەوە، لەو ڕووەوە کارێکی ڕۆژنامەگەریی ڕاستەقینە نییە. ڕۆژنامەگەریی ئێمە نەک هەر چەند سەدەیەک لەگەڵ ڕۆژنامەگەریی وڵاتانی ڕۆژئاوا مەودامان بووە، بەڵکو لە ڕۆژنامەگەریی ئێران (فارسەکان) وڵاتێکی وەک میسریش چەند دەیە لە پاش بووین. ڕۆژنامەگەریش وەکو یاسا، وەکو زانست، وەکو ئەدەب و تاد، یاسا و ڕێسایەکی خۆی هەیە. ئەو یاسا و ڕێسایە ئەگەر ڕەچاو بکرێ، ڕۆژنامە دەبێتە ڕۆژنامە و دەتوانێ خەڵک ڕابکێشێ. ڕۆژنامە ئەگەر خوێنەری ماندوو کرد، فرێی دەدات. نووسینی هەواڵ لە نووسینی ڕاپۆرت جیاوازە. نووسینی وتار لەگەڵ چاوپێکەوتن فەرقی هەیە. لەهەواڵدا دەبێ لید (پێشەکی)یەکت هەبێ. دوای «لید» وردە وردە بڕۆیتە خوارەوە. هەواڵ بە کەللەی قەند دەشوبهێ. دەبێ باشترین بەشی کە دەتەوێ بیلێی لە نووکی کەللە قەندەکەدا بێ. تا دەگەیتە بنەوەی کەم بایەخترین بەشی هەواڵەکە دێتە ئەوێ.

یان لە نووسینی وتارێکدا تۆ دەبێ بابەتێکی دیاریکراوت هەبێ، وتارەکە بە دەوری ئەو بابەتەدا بخولێتەوە. یان لە ڕاپۆرتێکدا کە تۆ دەینووسی دەبێ ڕای هەموو لایەنەکان وەربگری. لە ڕاپۆرتی میدیا کوردییەکان هەتا ئێستاش دەبینم ڕاپۆرتێکی کە دەیدەن ڕاپۆرتێکی یەک لایەنەیە. ئەگەر چاکەی کەسێک بلێن، تەنیا چاکەی دەڵێن. بۆ نموونە کەسێک دەیەوێ ڕاپۆرتێک لەبارەی کەموکوورییەکانی هەولێر یان سلێمانی ئامادە بکا، ئەگەر تەنیا کەموکورتییەکان بلێ و نەچێ لەگەڵ شارەوانیدا قسە بکا، ڕاپۆرتەکەی هەڵەیە، چونکە لەوانەیە شارەوانی هۆکاری خۆی هەبێ بۆ کەموکوورییەکە. ئینجا نەخشەسازی یەکێک لە بنەما سەرەکییەکانی ڕۆژنامەیە، ڕۆژنامەیەک ئەگەر ڕەچاوی ڕێساکانی نەخشەسازی نەکا، خەڵک نایخوێنێتەوە. لاپەڕەیەک ئەگەر بەبێ مانشێت و وێنەی گونجاو بێ وەکو قوماشێک وایە کە بەبێ ئەوەی بیدووری و بیکەیتە کراس، هەروا لە خۆتی بئاڵێنی کە دیارە ئەمە نابێتە جلوبەرگ. لە ڕۆژنامەگەریی کوردیدا ئەم ڕێسایانە ڕەچاو ناکرێن. ئینجا لە ڕووی زمانیشەوە بە داخەوە ڕۆژنامەکانمان زمانێکی یەکدەست و پاڵاوتە و خاوێن بەکارناهێنن. ئەمەش دوو هۆکاری هەیە. یەکەمیان: ئێمەی کورد لە هەر وڵاتێکدا کە دەژین، زمانی دووەم و سێیەمین. لە عیراق و تورکیادا زمانی دووەمین، کەچی لە ئێران زمانی چەندومین. هۆکاری دووەم ئەوەیە،

حکوومەتەکان ڕێگە نادەن ئێمە زمانێکی یەکگرتوومان هەبێ تا هەمووومان بەکاری بهێنین. خۆشمان نەمانتوانیوە، بە هەموو کوردی دنیا ئەگەر لەم چوار وڵاتەدان یان لە ئەرمەنستان و لوبنان و شوێنی تر دان، زمانێکی ئەدەبیی یەکگرتوو دابنێین، بۆیە ئێمە لە ڕۆژنامەگەریی کوردی بەتایبەتی لەکوردستانی ئێراندا نەمانتوانیوە زمانێکی کاریگەر بەکاربهێنین. نموونەیەک دەهێنمەوە. لە ڕۆژنامەگەریدا دەڵێن مانشێت نیوەی بابەتەکەیە. واتە تۆ دەبێ مانشێتێک لێبدەی کە خوێنەر یەکسەر بزانێ تۆ دەتەوێ چی بڵێیت. مانشێتەکەش دەبێ بە جۆرێک بێ خوێنەر بڵێ من کە ئێستا نیوە هاتووم، حەیف نییە نیوەکەی تریش لەگەڵیدا نەڕۆم؟ بۆیە بەداخەوە زمانێکی ڕۆژنامەگەریی ئێمە زمانێکی کارا و گەیەنەر نەبووە.

هەروەک گوتم لەسەرێکیشەوە زمانەکەمان کەوتۆتە ژێر دەسەڵاتی چەند زمانی ترەوە کە هەندێک لەوانە هەر لە بنەڕەتەوە دان بە زمانی کوردیدا نانێن و نکووڵی لێدەکەن، بەڵام حەز دەکەم ئەوە بڵێم بە کوتەکیش بێ ئەمانە هەر دەبێ قبووڵی بکەن کە زمانێک هەیە بەناوی زمانی کوردی.

* جگە لەلایەنی زمان و شکڵەوە، لە ڕووی نێوەرۆکەوە ڕۆژنامەگەریی کوردی چۆن هەڵدەسەنگێنی؟

– لە ڕۆژنامەگەریی کوردی کوردستانی ئێراندا، جگە لە سەردەمی کۆماری کوردستان لە مەهاباد، ئێمە هیچ بڵاوکراوەیەکی پسپۆڕی (تخصصی)مان نییە. بڵاوکراوەکانمان بە زۆری ئۆرگانی سیاسی بوون. ئۆرگانی حزب و ڕێکخراو و دەستەی سیاسی بوون. یان ناوەندێکی حکوومەت بۆ بردنە پێشی ئامانجەکانی خۆی هەندێ بڵاوکراوەی دەرکردوون، وەکو گۆڤاری «ئامانج» کە ئاماژەمان پێدا. زۆرجاریش بڵاوکراوەکان، هەم سیاسی بوون، هەم ئەدەبی، هەم فەرهەنگی، هەم کۆمەڵایەتی و هەم ئابووری و هەموو شتێک بوون. وەک چێشتی مجێورەکەی لای خۆمانی لێهاتووە، تا ئێستاش ئێمە ڕۆژنامەیەکمان نییە کە تەنیا زانیاریدەر بێ و قەزاوەتکەر نەبێ. ئێوە ئەگەر بڕواننە میدیاکانی جیهان، ئەم میدیایانە بێ ئامانج و بێ مەرام نین، بەڵام کە گوێ لە هەواڵی ڕادیۆی بی. بی. سی دەگری، هەست بەوە ناکەی ئەمە ئامانج و بیرێکی تایبەتی لە پشت هەواڵەکانیەوە هەبێ، کەچی لای ئێمە ڕۆژنامەگەری نەگەیشتۆتە ئەو ئاستە و لەجێدا لەو وڵاتانەی کە ڕێز لە ئازادیی تاکەکانی و مافی مرۆڤ ناگیرێ، ئەم حاڵەتانە هەیە. ئەمە بەو هۆیەیە کە لەم وڵاتانەدا نایەڵن هەموو جۆرە دیدگا و بۆچوونێک بێتە ئاراوە. جگە لەوە ڕۆژنامەگەریی کوردی لێرە لەژێر کاریگەریی ڕۆژنامەگەری ئێرانیشدا بووە و جگە لە سێ ساڵی سەرەتای دەسەڵاتی خاتەمی، نەیانتوانیوە بیروڕای خۆیان دەربڕن. بەم شێوەش ڕۆژنامەگەری ناتوانێ گەشەبکا، چونکە کاتێ هەموو قسەکان بوون بە یەک شت، ئەوشتەی کە کەسێکی تایبەتی دەیەوێ، خەڵک ئیتر حەز و ئارەزوویان بۆ ئەم کارە نامێنێ. ئەمەش دوو حاڵەتی لێدەکەوێتەوە. یەکەمیان ئەوەیە خەڵکەکە دەڵێن ئێمە یەک ڕۆژنامە بکڕین قسەی هەمووی ئەوانی دیکەشی تێدایە، یان گوێ لە تەلەڤزیۆنی حکوومی بگرین هەر ئەم قسانەی تێدایە، دووەمیشیان ئەوەیە، خەڵکەکە ڕوو دەکەنە میدیاکانی بێگانە و میدیا نارەسمییەکان. میدیای کوردیش ئەگەر بەو شێوە یەک ڕوانین و یەک دەنگییە بچێتە پێش ناتوانێ پێش بکەوێ. ڕۆژنامەگەری کوردی چ لە باشوور و چ لەڕۆژهەڵات و باکوور و باشووری کوردستاندا ئەگەر بمانەوێ پێش بکەوێ، دەشێ لە پەنا ڕۆژنامە سیاسییەکاندا کە ئۆرگانی حزب و لایەنەکانن، هەندێ ڕۆژنامەی سەربەخۆشمان هەبن کە بیروباوەڕە جیاوازەکانیش کە لایەنی زانیاری گەیاندنیان هەبێ بڵاوبکەنەوە. نەک خۆی دابنیشێ بڕیاری لەسەربدا و سەر و کلکی لێ ببڕێ.

* بەڕای تۆ لە سایەی چ سیستەمێکی سیاسیدا ڕۆژنامە دەتوانێ ڕۆڵی دەسەڵاتی چوارەمی خۆی بگێڕێ؟

– ئەم کەسانەی دەرسی سیاسەت دەخوێنن، فێری ئەوە دەبن کە هێزە سیاسییەکەی دەسەڵات (واتە هێزی بەڕێوەبردن و دادوەری و یاسایی) دەشێ لە یەک جیابکرێنەوە و هیچکامیان دەست نەباتە نێو کاری ئەوی تریانەوە. ئەم بیرە لە سەرەتاوە لەلایەن کەسێکی وەک «مۆنتسکیۆ» لە کتێبی «ڕۆحی یاساکان»دا هاتووە، دوای ئەوە کەسانی وەک «دیدرۆ، دالامبر، ڤۆڵتەر، ژان لاک» و ئەو فەیلەسوفە سیاسییانە قسەیان لەسەر ئەم بابەتە کردووە، تا کاتێ هەر سێک هێزەکە لە دەستی یەک هێزدا بێ ئازادی وەدی نایە و خەڵک ناتوانن دەنگی خۆیان دەرببڕن. ئینجا کە دەسەڵات لە دەستی کەسێکدا یان تاقمێکدا پاوان بێ گەندەڵی ڕوودەدات. بۆیە بۆ ئەوەی لەگەڵ دەسەڵاتی سێ هێزە جیاوازەکە بۆ

ئەوەی بیــــروڕای خــەڵک ڕێزی لێ بگیـــرێ، لە پەنا ئەمــانەوە دەســەڵاتی چوارەمــێک دەشێ هەبێ، ئەویش دەسەڵاتی ڕۆژنامەگەرییە. ئەم هێـزی ڕۆژنامـەگـەرییـە هەمــیـشــە وەکـو ڕەخنەگـر بتــوانێ هەڵە و ناڕەوایی و کەموکوڕییەکانی دەسەڵاتەکانی تر بڵاوبکاتەوە، ئەگەر یەکێک لەمانە لە کاری خۆیدا بەلاڕێدا چوو، کارەکەی لە ڕۆژنامــەکــاندا باسی لێــوە بکرێ و خــەڵک ئاگــادار بکرێنەوە، بۆ ئەوەی لە بەرامبەر هەڵە و کەموکوڕییەکان بوەستنەوە.

ئەوەیە لە زۆربەی وڵاتەکـانی لای ئێـمـەدا ئەو هێـزانە دەسـەڵاتیـان نەبووە و ڕۆڵیــان لە بەڕێوەبردنی کـاروباری کـــۆمــــەڵگەدا نەبووە و ئەمـســـڵی لێک هەڵاواردنی دەسـەڵاتەکـان ڕەچاو نەکـراوە. بۆ وێنە حـزبی بەعـسی سووریا لەگـەڵ حـزبی بەعسی عـیـراقـدا هەردوو یەک مـاهیـیــەتیــان هەیە و بەیەک شـێــوە لەگــەڵ کـورددا دەجووڵێنەوە. ئەو ڕەفتارەی لە قامیشلۆ کراوە هەر ئەو ڕەفتارەیە کە لە هەڵەبجە و ئەنفالدا لەگەڵ کورد کراوە.

کـەوابوو لێـرە ڕۆژنامـەگـەریی کـوردی ناتوانی ڕۆڵی دەسەڵاتی چوارەمی ببێ، بەڵام شک لەوەدا نییـە ئەگـەر نەشـتـوانێ ئەو دەسـەڵاتە بێ، دەتوانێ ببێـتـە هێـزێکی ڕۆشنگەر و زانیاریدەر، بەردەوام خەڵک ئاگادار بکاتەوە و ئاراسـتـەی فکرییـان بداتێ. ئەوە ڕاسـتـیــیـەکـە ئەو وڵاتانەی کە کوردی تێدابووە ئەوەندەیان زەخت و گوشار بۆ کورد هێناوە کە کورد ناچار پەنای بردۆتە بەر شۆڕشی چەکداری، لە بارودۆخێکی ئاوادا ئەو ڕۆژنامەگەرییەی ئێــمـــە باسی دەکـــەین کـــە ســـەربەخـــۆ بێ و ڕۆڵی ئاگـەدارکـردنەوەی هەبێ، ناتوانێ بوونی هەبێ، چونکە ئەگەر بەزمانی کوردی کەسێک بچووکترین پشتگیری لەو شۆڕشانە بکردایە نەک هەر ڕۆژنامەکەیان دادەخست، لەناویشیان دەبرد.

بەڵام وەک چۆن زمـانی بنیـادەم توانای ئەوەی هەیە بە چەندین جۆری جیاواز بچەرخێ و چەمک و بەیان و فکر بەرهەم بێنێ، قەڵەمیش لە دەستی ئینسانداییە، هەر بەو جـۆرە دەتوانێ بـچـەرخێ و باشـتـرین شـێـوەی بەیان و دەربڕین هەڵبژێرێ و بیری خەڵک بەرەو ئاراستەیەک ببا.

لەو ڕووەوە ڕۆژنامەگەریی کوردی بەتایبـەتی لەم چەند سـاڵەی دواییـدا و لە چەند سـاڵی سـەردەمی کـۆمـاری کوردستاندا ڕۆڵی باشیان بووە.

* ئـەی لـەداهـاتـوودا دەبـێ چـی بـکـەیـن بـۆ ئـەوەی ڕۆژنامــەگــەری کـــوردی بتـــوانێ ڕۆڵی خـــۆی بە چاکی بگێڕێ؟

– من پێموایە کەسێک کە بۆ میللەتەکەی خۆی دڵسۆز بێ و بیەوێ نەتەوەکەی گەشە بکە (ڕووی قسەم لە دوو دەستەیە لە کوردی ئێران، دەستـەیەک کە نووسەرن و لە هەمان کاتدا بیروباوەڕێکی سیاسییـان هەیە، دووەم ئەو دەستەیە کە توانای ماڵییـان هەیە یارمەتی ئەوە بدەن کە ڕۆژنامەیەک بکەوێتە ڕێ) ئەوەیە ڕۆژنامەیەک دەربکرێ کە لانی کەم لە ڕواڵەتدا ڕۆژنامەیەک بێ ئاگەدارکەر بێ.

ڕۆژنامــەیەکی گـشــتی بێ، ڕۆژنامـەیەک بێ جگە لە سەروتارەکانی لایەنگری هیچ گرووپ و دەستەی تایبەت نەبێ. هەموو کەس، لە هەر چین و توێژێک، بابەتی خۆی تێدا ببینێتەوە. ئەوکاتە ئەوکەسە خووی پێدەگرێ و کە خووی پێگرت وەک ئالوودەیەک ناتوانێ وازی لێ بێنێ و بە شـوێنیدا دەچێ و جا ڕۆژنامەیەکی وا دەتوانێ دەوری بەرچاوی لە ڕۆشنگەری و ئاگـەدارکـردنەوەی خـەڵکدا هەبێ، بەڵام ئەمە گرفتێکی گەورەی هەیە، ئەویش ئەوەیە لەوانەیە ئەم ڕۆژنامە بە دڵی لایەن و حزب و حکوومەت نەبێ، ئاسـاییــە کـە تەحەمـولی ناکـەن، چونکە حـزب و ڕێکخراوی سیاسی بۆ ئەوە پێکدێن بە دەسەڵات بگەن.

تێکۆشەرێکی کـورد لە کـوردسـتـانی باشـوور بە منی گــوت: ئێــمــە هەوڵ دەدەین پەنجـا ڕۆژنامــە و گــۆڤــار بڵاوبکەینەوە تا بتوانین دوو کەس بەرەو حزبەکەی خۆمان ڕابکێشین، بەڵام ڕۆژنامەیەکی ئازاد و ئاسایی بە ئاسانی بە بڵاوکردنەوەی دە بابەتی لەمەڕ جینایەتەکانی سەدام و بەعـسـیـەکـانی ئێـرە و ئەوێ، دەتوانێ خـەڵک بەرەو لای خۆی و بەرەو سیـاسەت ڕابکێشێ. خۆی بیردەکـاتە کێ بەدژی ئەم جـینایەتانە دەوەسـتـێـتـەوە با من بەرەو ئەو برۆم. هەر ئەو تێکۆشـەرە گـوتی: ئێـمـە ئەگـەر بتـوانین ڕۆژنامەیەکی بێلایەنمان هەبێ، یەک ژمارەی بە قەد دەیان ژمــارەی ڕۆژنامـــەکـــانی تر دەتوانێ کــار بکا، چونکە ئەوکەسەی دەیخوێنێتەوە بە مەیلی خۆی دەیخوێنێتەوە. نەک لە ڕووی زەخت و ئیـــجـبـــاری حـزبی، چونکە لە زۆربەی ڕێکخـراوە سیاسییـەکاندا ئەغلـەب ناچار بوون بڵاوکراوەی حزبەکانیان بخوێننەوە. ئەگەر لە دانیشتن و کۆبوونەوەکانیاندا باسی بابەتێکی ڕۆژنامەکە کرابایە و کەسێک لێی ئاگـادار نەبایە، وەکو کەسێکی بێ بڕوا و بێ دیســپلین لە قــەڵەم دەدرا. لە حــاڵێکدا ڕۆژنامــەی ئاسایی مرۆڤ دەچێ پارەشی پێدەدا و دەیخـوێنێـتەوە و خۆشی پروپاگەندە بۆ بیر و فـکرەکانی ڕۆژنامـەکە دەکا. بۆیە پێموایە دەبێ ڕۆژنامەگەریی کوردی لە ئێراندا بەرەو

ئەو ئاراستەیە بڕوات.

* هەندێ ڕۆژنامە هەن کە یەک لایەنە بڕیار لەسەر هەندێ مەسەلە دەدەن و لەدژی هەندێ لایەنن و خەڵک ورووژێنەرن، بۆ نەهێشتنی ئەو دیاردەیە چارە چییە؟

– ڕۆژنامەنووسی پیشەیەکە. ئەم پیشەیە وەک هەموو پیشەیەکی تر، ئەخلاقێکی تایبەت بەخۆی هەیە کە ناکرێ چاوپۆشی لێبکەین. ئەوە هێڵی سوورە کە دەبێ ڕەچاو بکرێ. ڕۆژنامەنووس وەکو پزیشکێک، وەکو مافپەروەرێک، وەکو حیسابدارێک، دەبێ ئەخلاقی پیشەیی خۆی ڕەچاو بکا. ڕۆژنامەنووس دەبێ پابەندی ئەو ئەخلاقە بێ و ئێمە ناتوانین بڵێین ڕۆژنامەنووس چونکە ئازادە، هیچ هێڵ و سنوورێکی نییە. هیچ بوارێک نییە بەبێ هێڵ و سنوور بێ، ئەوە تەنیا لە دارستان و جەنگەڵدا هیچ هێڵ و سنوورێک نییە. لەدنیادا پێناسەیەک بۆ ئازادی هەیە، دەڵێ: ئازادیی تۆ تا ئەو جێگەیە کە دەگاتە سنووری ئازادیی خەڵکی تر. کاتێ ڕۆژنامەنووس ئەوەندە ئازاد بوو کە بچێتە ناو سنووری ئازادیی خەڵکی دیکەوە، لە ئەخلاقی پیشەکەی خۆی لایداوە. کەوابوو دەبێ بۆ ئەمە یاسایەک هەبێ، بۆ وێنە لە هەرێمی کوردستاندا یاسایەک بۆ ڕۆژنامەنووسان هەبێ یان دادگایەکی پیشەیی هەبێ کە بە کاروباری چەوتی ڕۆژنامەنووسان ڕابگا، کە تۆمەت لێدان لە خەڵک، ناوزڕاندن و کاری تێکدەرانە لێیان بپێچرێتەوە.

* تۆ وەک کەسێک کە پارێزەری چەند ڕۆژنامەنووسێک بووی کە لە ئێران کەوتوونە زیندان، لە ڕووی یاساییەوە ئەو مافانە چین کە بە ڕۆژنامەنووسێک دەدرێ؟

– ڕۆژنامەنووس بەرپرسی بڵاوکردنەوەی زانیارییە. ئەوە بەو مانایە نییە کە هەر شتێکی دەستی کەوت بیڵێ. هەروەک لایەنی بەرامبەریشی ناتوانێ بڵێ تۆ هەر شتێکی نووسیوتە هەڵەیە. من کە پارێزەری چەند ڕۆژنامەنووس بووم، ئەوانە کاری نایاساییان نەکردبوو. وەک نموونە دکتۆر «ئاغاجێری» قسەیەکی «شەریعەتی» لەنووسینی خۆیدا هێناوەتەوە، ئەمانە دەڵێن ویستوویەتی تەوهین بە دین بکا. لەدواییشدا من بێتاوانیی ئەوم دەرخست.

ڕۆژنامەنووس مافی ئەوەی نییە بابەتی وا بڵاو بکاتەوە کە خەڵک تووشی دووبەرەکی و ناکۆکی بکا. لە ئێراندا بەپێی یاسا ڕۆژنامەنووس بۆی نییە خەڵک بۆ پارچە پارچەکردنی وڵات هان بدات، بەڵام ئەگەر ڕۆژنامەنووسێک هات باسی زوڵم و زۆری نەتەوەیەک لەسەر نەتەوەیەکی ئەم وڵاتە بکات، بە مانای هەوڵدان بۆ پارچەکردنی وڵاتەکە نییە. ئێمە پارێزەران لە بەیاننامەیەکدا کە بۆ ڕیفۆرمخوازەکانمان نووسی، باسی ئەوەمان کرد لە ئێراندا ئەو مافانەی دراون بە فارس نەدراون بە کورد، هەر زوو ژمارەیەک گوتیان ئێوە دەتانەوێ وڵات پارچە پارچە بکەن. ئێمە دەڵێین لە چوارچێوەی یاسایەکدا کە لەم وڵاتەدا هەیە دەبێ هەموو کەس و نەتەوەیەک وەکو یەک وابێ.

هەروەک باسم کرد ڕۆژنامەنووس تا ئەو جێگەیە ئازادە کە نەچێتە ناو سنووری ئازادیی خەڵکی ترەوە. ئەگەر ئەم کارەی کرد ئەوە کاری دادگا و یاسایە کە چۆنیەتی ئەم تێپەڕین لە هێڵی سوورە دەستنیشان بکا، نەک دەوڵەتەکان لەخۆوە بڕیار بدەن و هەر زوو دەرگای ڕۆژنامەکە دابخەن. ئەوانەی ڕۆژنامەکان دادەخەن لەبنەڕەتەوە دژی ئازادین.

ئێمە دەبێ فەرهەنگی ڕەخنەگرتنی دروست فێربین. با نموونەیەک بێنمەوە. ئەگەر ڕۆژنامەنووسێک ڕەخنە لە ئیدارەی سلێمانی حکومەتی هەرێم بگرێ و بەشێوەیەکی گشتی لەگەڵ ئیدارەی هەولێر بەراوردی بکا و بڵێ ئەمەیان باشە و ئەمەیان خراپە، ئەوە دەیەوێ خەڵک لەو ئیدارەیە بورووژێنێ، ڕۆژنامەنووس بۆی هەیە بە ئیدارەکە بڵێ تۆ ئەو هەڵەیەت هەیە، ئەگەر ئەم کارە بکەی باشترە و بچێتە ناو وردەکارییەکانەوە.

لە ئێراندا لە سەرەتای ساڵی (١٣٧٩- ٢٠٠٠)ەوە تاکۆتایی ساڵی (١٣٨٠- ٢٠٠١) نزیکەی سەد و دە ڕۆژنامەیان داخست کە هیچ کامیان لە ڕووی یاساییەوە نەدەبوو دابخرێن. ئەمە ئازادی نییە. ئەو کەسانەی ئەم کارە دەکەن نە بڕوایان بە ئازادی هەیە، نە بڕوایان بە ڕۆڵی چاپەمەنی هەیە، ئەمانە تەنیا بڕوایان بە دەسەڵاتی خۆیان هەیە. دیارە زۆربەی ئەو تۆمەتبارانە لە دادگا حوکمی بێتاوانییان ڕاگەیەنراوە.

**ئا: دڵشاد خۆشناو**
**(تاران)**

# ڕۆژانی ژیانی شەجەریان-ی هونەرمەند و گۆرانیبێژ

ئا: مریەم ئەحمەدی
لە فارسییەوە: هاشم داودی
(خانەقین)

مامۆستای گۆرانیبێژ محەمەد ڕەزای شەجەریان، یەکێ لەو ناوە گرنگانەیە کە لە بواری مۆسیقای ڕەسەنی ئێرانیدا ناوێکی دیارو بەرچاوە. شەجەریان ساڵانێکی دوورو درێژە کە لەو بوارەدا چالاکی دەنوێنێ و تاکو ئێستا بەشێوەیەکی بەردەوام بەرهەمەکانی خۆی پێشکەشی مۆسیقای ڕەسەنی ئێرانی کردووە.

بەرهەمە هەرە گرنگەکانی شەجەریان بریتین لە: (بر آستان جانان، بیداد، ماهور، نوا، دستان، گلبانگ، سپیدە، بە یادی عارف) و دەیان بەرهەمی نایاب و دانسقەی دیکە.

لە ڕاستیدا دەنگە بەسۆزەکەی شەجەریان نە تەنیا لە ئێران توانیویەتی جێگای خۆی لەنێو دڵی جەماوەر بکاتەوە، بەڵکو تەنانەت کوردستانی لەمەڕ خۆشمانی گرتۆتەوە و جێگایەکی تایبەتی لەنێو شەیدایانی ئاوازو مۆسیقا بۆ خۆی کردۆتەوە و تەنانەت دەنگی شەجەریان ئەوەندە کاریگەری هەبووە کە زۆر کەس هەیە تەنانەت فارسیش نازانێ، بەڵام گوێی لێ دەگرێ و ڕەواجی تایبەتی خۆی هەیە.

شەجەریان بەم دواییە تووشی نەخۆشی شێرپەنجە بووە و سەبارەت بە چارەسەرکردن سەردانی وڵاتی ئەمریکای کردووە.

خاتوو مریەمی ئەحمەدی کە پەیامنێری گۆڤاری (روزهای زندگی)ە دیمانەیەکی(*) لەگەڵ ئەم هونەرمەندە سازداوە، بۆیە منیش بە پەسەندم زانی بۆ شەیدایانی دەنگی شەجەریان وەریگێڕمە سەر زمانی شیرینی کوردی تاکو پتر لە تەک ئەم هونەرمەندە ئاشنابین.

**(وەرگێڕ)**

* تکایە خۆتمان پێ بناسێنە؟

- لەساڵی (١٩٤٠)ی زایینی لە شاری مەشهەد لە دایکبوومە و پێنج منداڵم هەیە کە ناوەکانیان: ئەفسانە، فەرزانە، موژگان، هومایۆن، ڕایان-ە.

* کەی دەستت بەکاری مۆسیقا کرد؟

- نزیکەی (٥٠) ساڵ دەبێت کە لەگەڵ مۆسیقا سەروکارم هەیە واتە لە تەمەنی (٥-٦) ساڵییەوە شەیدای مۆسیقا بوومە و بەشێوەیەکی ڕەسمی و پیشەیی وا پتر لە سی و سێ ساڵ دەبێت کە لەم بوارەدا کار دەکەم.

* وەک بڵێی بەڕێزتان هاوکاریتان لەگەڵ ڕادیۆ و تەلەڤزیۆن نییە، هۆکارەکەی بۆچی دەگەڕێتەوە؟

- پێش شۆڕشی ئیسلامی لە ئێران تا ماوەیەک هاوکاریم لە تەک ڕادیۆو تەلەڤزیۆن هەبوو، بەڵام لەبەر چەند هۆیەک پێوەندیم پچڕاند و وازم لێ هێنا. لەپاش ڕاپەڕین لە ساڵی (١٩٧٩ز) دووبارە لەگەڵ ڕادیۆ و تەلەڤزیۆن دەستم بە چالاکی کردووە، بەڵام لە پاش پێنج شەش مانگێک دیسانەوە وازم لێهێناو خۆم کێشایەوە، هۆیەکەشی یەک نەگرتن و نەگونجانی سەلیقە هونەرییەکانم بوو.

* تکایە زیاتر باسی لێوە بکەن.

- لەم چەند ساڵەدا کە پێنج کەناڵی تەلەڤزیۆنی دامەزراوە و بە شێوەیەکی بەردەوام واتە (٢٤) کاتژمێر بەرنامە هەیە و لە هەمان کاتیشدا زۆر جار بەرنامەکان بە مۆسیقا پڕ دەکرێنەوە، هەرچەندە کە ئەوەندە هونەرمەندی واشیان لەژێر ڕکێفدا نییە کە مۆسیقای چاک بەرهەم بهێنێت، جا بۆیە زۆربەی هەرە زۆری ئەو مۆسیقایانەی کە ئامادە و پەخش دەکرێت، گرنگییەکی ئەوتۆی نییە و بگرە زۆریشی پێوەندی بەو بابەتەوە نییە کە پەخش دەکرێت. زۆرجار پێش شۆڕشیش بە هەمان شێوە بووە، بەڵام لەو کاتەدا یەک دوو بەرنامە هەموو لەژێر ناوونیشانی (گوڵەکان و گوڵە تازەکان) و چەند بەرنامەیەکی دیکەش بەشێوەیەکی ڕەسمی جێگای خۆی کردبووەوە.

لە ڕاستیدا هەر کەسێک بە ئاسانی نەیدەتوانی جێی خۆی لەو بەرنامانە بکاتەوە تەنیا هونەرمەندە هەرە

بەناوبانگەکان و شارەزایانی کارامەی هونەری نەبێت کە ڕۆژانە تەنیا کاتژمێرێک ئەو دەرفەتەیان پێدرابوو کە دەیانتوانی بەرنامەی خۆیانی تێدا پەخش بکەن و لەو بارەیەوە بدوێن و بەم شێوەیە نەبوو کە بەرنامەیەکی دیکە هەبێت و لە بەینی بڕگەکان مۆسیقا پەخش بکرێت.

لەماوەی ئەم (٢٠) ساڵەدا هەندێک کەس هاتن کە لە بواری مۆسیقاوە چەند بەرنامەیەک ئامادە بکەن، بەڵام لە ماوەی چەند هەفتەیەکدا فەشەلی هێناو داخرا. ئەو کارەی کە ڕادیۆو تەلەڤزیۆن لەگەڵ مۆسیقای ئێمەدا ئەنجامی دەدات، وەک ئەو شووشەوات فرۆشەیە کە زۆر بە مقەیەتی کارەکانی ئەنجام دەدات، بۆ ئەوەی بلوورو شووشەواتەکانی نەشکێت، بۆیە پووشوپەڵاش و کاو شتی لەبەین دادەنرێت کە نەشکێ. ڕادیۆو تەلەڤزیۆنی ئێمەش مۆسیقا بەم شێوەیە بە مقەیەتییەوە بەکاردەهێنن و بە زۆری لە وەختی زیادە و لە کاتێک لێ دەدرێ کە بەکەڵک نەیەت و کەس سوودی لێ وەرنەگرێت، بۆیە کاتێک کە شتێکی دیکەیان بە دەستەوە نییە، مۆسیقا پەخش دەکەن! تەنانەت بگرە ناشزانن دەیانەوێ چ شتێک پەخش بکەن. ئەمە یەکێ لەو هۆکارانە بوو کە من دەستم لە ڕادیۆو تەلەڤزیۆن هەڵگرت و هۆکارێکی دیکەش پیشان نەدانی هونەرمەندەکە و ئامێرەکانی مۆسیقایە.

دەمەوێ بزانم کە شکڵ و شێوەی ئامێرەکانی وەک تار و دمبک و ... تاد.. هەراو هۆریا بەرپا دەکەن؟

ئایا پیشاندانی کەسێک کە خەریکی ژەنینی تارو کەمانچەیە یان پیشاندانی ئۆرکسترایەک ئەوەندە بۆ خەڵک خراپ و ناشیرنە؟ شتێک کە لە هەموو شوێنێکی دنیادا باوە و هەموو کەسێک دەیبینێ و ئێستاش خەڵکی بەشداری لە ئۆرکستراکان دەکەن و تەماشای دەکەن، لە تەلەڤزیۆندا نازانم بۆ چ تا ئەو ڕادەیە پێ لەسەر ئەم بابەتە دادەگرن و نیسبەت بە هونەرمەند و مۆسیقاژەن بێ حورمەتی دەکرێت! ئیدی بەلای منەوە ڕۆیشتن بۆ ئەو شوێنە چ پێویست دەکات. بۆ نموونە زۆرجار دەبینین کاتێ لە تەلەڤزیۆن ئاوازو گۆرانی و بەگشتی پارچە مۆسیقایەک کە پەخش دەکرێت، لەباتی هونەرمەندەکە و ئامێرەکانی مۆسیقا، دەبینین وێنەی ئاوو تاڤگەو دارو درەخت و چیاو پەپوولە و مێشهەنگ پیشان دەدرێت. من لاریم لەوە نییە! دەکرێت ئەو شتانە بەکاربێن، بەڵام هەر شتێک کات و شوێنی خۆی هەیە. من دەتوانم ڕۆژانە بۆ نیو کاتژمێر بەرنامەیەک ئامادە بکەم، لەژێر هەر ناونیشانێکدا بێ تاکو لەم نیو کاتژمێرە مۆسیقا بە شێوەیەکی چاک باس بکرێت و ئەو مۆسیقایە بە لاوان بناسێندرێ و بۆ خەڵکی پەخش بکرێت.

✱ بەڕێزتان تا چ ڕادەیەک توانیوتانە ئەو پێوەندییە لە تەک لاوان ساز بدەن؟

– لە بواری هونەریدا هەر کارێک تایبەتمەندی خۆی هەیە. ئەگەر کەسێک بیەوێت لە بواری هونەریدا بگاتە شوێنێک و بەرهەمێک پێشکەش بکات دەبێ یەک شت هەڵبژێرێ.

مۆسیقا ئەوە نییە کە کەسێک هەموو کارێک بزانێ و هەموو کارەکان ئەنجام بدات. ئەمە ڕاست نییە! وەکو ئەوە دەبێت لە خەستەخانەیەک پزیشکێک هەموو کارەکان ئەنجام بدات و دەرمان بۆ هەموو جۆرە نەخۆشییەک بنووسێت. ئەگەر وابێت ئەو پزیشکە لە کاری پزیشکیدا سەرکەوتوو نابێت. کاتێک ئەو پزیشکە سەرکەوتوو دەبێت کە تایبەتمەندی کارەکان بپارێزێ. پزیشکی چاو و گوێ و مێشک و هەناو و ... تاد، هەر کامیان کارەکەیان جیاوازە. لە ڕووی مۆسیقاشەوە هەرکەسەو پێویستە بواری تایبەتی خۆی هەڵبژێرێ و لەو بوارەدا کار بکات.

من بەش بەحاڵی خۆم شێوازێکی مۆسیقام گرتۆتەبەر، بەڵام مۆسیقای ئێمە ئەوە نییە کە شەجەریان هەموو مۆسیقای ئێرانی پێشکەش بکات!

من هەوڵم داوە بەشێکی بخەمەڕوو. بۆ نموونە مۆسیقای منداڵ و هەرزەکاران ئیشی من نییە کە کاری بۆ بکەم.

ئەو مۆسیقایەی کە من گرتوومەتە بەر، مۆسیقایەکی کلاسیکییە مۆسیقایەک کە پێوەندی بە شیعری کۆنەوە هەیە، من زیاتر شارەزاییم لە مۆسیقایەک هەیە کە بیری لێ دەکەمەوە و پاڵ بە خەڵکەوە دەنێم و هاندەرێکم بۆ ئەوەی ئەوانیش بیری لێ بکەنەوە.

ئەو لاوانەی کە خەڵکێکی هۆشیارو تێگەیشتوون، پێوەندییان لەگەڵ من هەیە، بەڵام ئەو لاوەی کە ئەهلی بیرکردنەوە نەبێ، زەوقێکی دیکەی هەیە و بەشێوەیەکی دیکە بیردەکاتەوە و هیچ پێوەندییەکی لەگەڵ من نییە.

من نابێ لە پسپۆڕێتی خۆم بەولاوە هەنگاوێکی دیکە دابنێم و پێویستە کاری خۆم ئەنجام بدەم و بەهۆی ئەو پێشینە دێرینییەی کە لەکاری هونەری خۆمدا هەمە، پێویستە لەگەڵ هاوتەمەنەکانی خۆم و لە تەک ئەو مامۆستایانەی کە لە خۆم گەورەترن هاوکاریم هەبێت، بەڵام لەمێژە هاوکاریم لە تەک لاواندا هەیە کە لە تەمەنی کوڕەکەمدان و لەبەر ئەوە هاوکاریم لە تەک چین و توێژی لاواندا هەیە کە بتوانم بەش بەحاڵی خۆم گرنگییان پێ بدەم هەر چەندە ئەو لاوەی کە دێتە لای من دادەنیشێت شارەزاییەکی ئەوتۆشیی لە مۆسیقادا نییە، بەڵام من بایەخی پێ دەدەم و ئەو دەرفەتەی بۆ دەڕەخسێنم، چونکە

لاوان جێگەی بایەخدانن و خۆشیانم دەوێ و چۆن منداڵەکانی خۆمم خۆش دەوێ، ئا بەو شێوەش لاوانم خۆش دەوێت و ڕێزیان لێ دەگرم.

* لاوان پێوەندییەکی بە گوڕوتینیان لەگەڵ مۆسیقادا هەیە، پێویستە چ بکرێت بۆ ئەوەی بەرەو مۆسیقای ڕەسەنی پەلکێش بکرێن؟

– مۆسیقا پێویستە لە هەر ماڵێک جێگەی تایبەتی خۆی هەبێت و دایک و باوک دەتوانن ڕۆڵی تێدا بگێڕن هەر چەندە کە منداڵەکانیان فێری ڕۆشنبیری دەکەن هەروەک چۆن لاوان وەک ئاوێنەی نێوخانەوادەن، لە بەرانبەردا خانەوادەش پێویستە بە هەمان شێوە بە گرنگییەوە پەروەردەیان بکات.

ئێمە لە ئاستی خۆماندا پێویستە کارەکانمان بە چاکی ئەنجام بدەین و لەکاروبارەکانماندا سەر ڕاست بین و بیروبۆچوونەکانمان بیروبۆچوونێکی مرۆڤانە بێت، تا ئێرەی لێ دەزانم و ئەوی دوایی کاری من نییە.

من ناتوانم باسی خۆم بکەم و هاوار بکەم وبەسەر شان و باڵی خۆمدا هەڵبدەم! چونکە دایک و باوک لە منداڵەکانیان نزیکترن و لە ماڵەوە دەتوانن ڕۆشنبیرییان بۆ پێناسە بکەن. جگە لەمە هەر تەمەنێک مۆسیقای خۆی دەوێت، چونکە لە هەر تەمەنێکدا هەڵسوکەوتەکان و بیروبۆچوونەکان جیاوازە، بۆیە مۆسیقا پێویستە ئاوێتەی ژیانی کۆمەڵگاو خانەوادە بکرێت و بۆ هەر تەمەنێک مۆسیقایەکی تایبەت بێتە بەرهەم و لێرەدایە کە دایک و باوک دەتوانن ئەوە دیاری بکەن کە چ مۆسیقایەک بە کەڵکی منداڵەکانیان دێت کە بۆیان لێ بدەن تا گوێی لێ ڕابگرن.

بۆ نموونە لێدانی مۆسیقای خەماوی بۆ منداڵ باش نییە و دایک و باوک لە هەڵبژاردنی مۆسیقادا بۆ منداڵەکانیان پێویستە زۆر بە وردییەوە هەڵسوکەوت بکەن.

* ئامانجتان لە چوونە نێو دنیای ئاوازو مۆسیقادا چ بوو؟

– سەرەتا حەزم لە مۆسیقا بوو و خۆشم دەویست. بە هەرحاڵ مۆسیقاو دەنگ باڵاترین هێزی کاریگەرە، بۆیە دەتوانێ کار لە مرۆڤ بکات. هیچ شتێک وەک مۆسیقا کار لە مرۆڤ ناکات. دیارە لەسەر منیش جۆرە کاریگەرییەک هەبووە و هەروەها سەلیقەو زەوقی هونەری و چۆنیەتی پەروەردەکردنیش، هۆکارێکی دیکە بوو، من هەر لە منداڵییەوە حەزم لە مۆسیقا بوو و هەوڵم دەدا کە دەنگم خۆش بێت، بۆیە چەند ڕێگایەکم گرتە بەر تابتوانم ئەوشتەی کە لەناخمدایە بە دەنگێکی خۆش دەری ببڕم، بێگومان ئەوەش جۆرە بەهرەیەک بوو کە لە خۆم ڕادەبینی.

کاتێکیش کە هونەرو مۆسیقام وەک پیشەیەک هەڵبژارد، هەموو وەختمی گرت و سووربوونم لەسەر ئەو کارە هۆکارێکی جیددی بوو بۆ ئەوەی مۆسیقا ببێتە پیشەیەک بۆم، بەڵام لە هەمان کاتیشدا هەرگیز وەک پیشەیەک بۆ بازرگانی کردن و خۆ دەوڵەمەند کردن تەماشام نەکردووە و تەماشای ناکەم، چونکە ئەگەر مەبەستم هونەرەکە نەبوایە هەر چوار پێنج ساڵی یەکەم دەبوایە وازم لێ بهێنایە. لە ڕاستیدا من بەدوای خودی مۆسیقا بووم نەک شتی لاوەکی دیکە.

* بۆ چ بواری مۆسیقیتان هەڵبژارد؟

– هەر لە منداڵییەوە لە ژینگەیەک بووم کە زیاتر مۆسیقای ڕەسەنم بەرگوێ دەکەوت، چونکە ئەگەر بێتو بۆ (٥٠) ساڵ بگەڕێینەوە دواوەوە لەو سەردەمەدا ئەو مۆسیقایەی کە هەبوو، مۆسیقایەکی ڕەسەن بوو، هێشتا مۆسیقای پاپ و جازو .. تاد نەگەیشتبووە ئێران، ئەم جۆرە مۆسیقایانە لە دواییدا گەیشتنە ئێران، هەر بۆیە هەر لەو کاتەوە لەگەڵ مۆسیقای ڕەسەنی ئاشنا بووم و هەڵمبژارد و مۆسیقای ڕەسەنی خۆشحاڵمی دەکرد.

* لە قسەکانتاندا ئاماژەتان بە مۆسیقای پاپ و جاز کرد، ئایا جەنابتان ئەم جۆرە مۆسیقایەتان بەلاوە پەسەندە؟

– بەڵێ مۆسیقا، مۆسیقایە. مۆسیقای پاپ و جازیش مۆسیقایە. هەموو شوێنێکی ئەم جیهانە مۆسیقا و ئاوازی جۆراوجۆریان و من بەش بە حاڵی خۆم گوێ لە هەموو جۆرە مۆسیقایەک دەگرم، بۆیە گوێ لە مۆسیقای جازو پاپیش دەگرم، هەڵبەتە گوێ لە چاکەکەیان دەگرم لەگەڵ ئەوەشدا ئەگەر مۆسیقایەکی ئێرانی خراپ بێت، تەحەمولی گوێ گرتنیم نییە. من مۆسیقایەک کە لە تەک شیعرو ئاوازەکەیدا هەماهەنگی نەبێت، بە مۆسیقایەکی سەرکەوتووی نازانم جا چ ئێرانی بێت یاخود بیانی بێت.

مۆسیقا دەبێ لە ڕووی هونەرییەوە ئاستێکی بەرزی هەبێت. من هیچ جۆرە مۆسیقایەک ڕەد ناکەمەوە. هەندێ مۆسیقا لە جیهاندا سەری هەڵداوە کە پێوەندی بە دابونەریتی ئێمەوە نییە و ناتوانم خۆمی لەگەڵدا بگونجێنم، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئەو ڕوخسەتە بە خۆم نادەم بڵێم مۆسیقایەکی خراپە. هەر کۆمەڵگایەک زمانێکی هەیە، هەر زمانێکیش مۆسیقایەکی تایبەتی خۆی هەیە. لە هەر زمانێکدا قسەی چاک هەیە و لە بەرانبەردا قسەی خراپیش هەیە، ئێمەش زمانی فارسیمان هەیە و بەزمانی فارسی سەردەم قسە دەکەین، قسەی چاکیش دەکەین و قسەی خراپیش دەکەین! بۆیە لە هەر زمانێکدا مۆسیقای چاکیش پێشکەش دەکرێت و

مۆسیقای خراپیش پێشکەش دەکرێت.

* ئایا تێکەڵکردنی مۆسیقای ڕەسەنی و پاپ بەلاتانەوە پەسەندەو قبوڵی دەکەن؟

– نەخێر، بە کارێکی باشی نازانم، لەبەر ئەوەی هەر زمانێک مۆسیقایەکی هەیە. ئێستاکە ئەو مۆسیقایەی کە دەیبیستن جا بە هەر زمان و شێوازێک بێت پێویستە کاریگەری بەسەرمانەوە هەبێت. ئێمەش دەتوانین بە زمان و مۆسیقای خۆمان ئەو کاریگەرییە دروست بکەین. کاتێ لە شیعرێکدا دەمانەوێ چەند چمکێک بخەینەڕوو ئەو وشانەی کە بە کاری دێنین ماناو واتای تایبەتی خۆیان هەیە کە لەگەڵ ئەو مۆسیقایەی کە لە ناخیدایە دەخرێتەڕوو و پێناسە دەکرێت و بەم شێوەیە درکی پێ دەکرێت، ئەگەر بێتو مۆسیقاکەی بگۆڕین ئەوکاتە ئەو وشەیە مانای خۆی لە دەست دەدات. ئێمە بەو مۆسیقایەی کە ئێستا لە ئارادایە بە مۆسیقایەکی بێ سەروبەری لە قەڵەم دەدەین، هەڵبەتە نابێتە هۆی گەندەڵی، بەڵام شتێکی باشیش نییە. کارێکی بێهوودەیە هەنووکە مۆسیقای پاپ تێکەڵی مۆسیقای فارسی نەبووە، ئەمە خودی مۆسیقای پاپە تەنیا وشەی فارسی تێکەڵ بووە. چاکتر وایە وشەکانمان بە مۆسیقای ئێرانی ئەودا بکرێن نەک بە ئاوازو مۆسیقای دیکە.

زۆرکەس هەیە مۆسیقا لێک جیا ناکاتەوە، بەڵام لە هەمان کاتدا ڕەخنەی لێ دەگرێت و بگرە کاریان تەنیا پەلە دارکردن و ڕەخنەگرتنە.

بۆ نموونە دەڵێن مۆسیقای ئێرانی خەمناکە. ئێ باشە هەموومان دەزانین کە مۆسیقا شادیشی هەیە و خەمناکیشی هەیە. هەر ئەوانە پشتگیری لە مۆسیقای پاپ دەکەن، لە کاتێکدا ئەگەر گوێ لە مۆسیقای پاپ ڕابگری، دەبینی گلەیی وگازەندە بەدبەختی تێدایە. هەندێک جار پێکەنین دەمگرێ بەخۆم دەڵێم مۆسیقای لاوان نابێ بەم شێوەیە بێت، هەندێکیان جگە لە بەدبەختی خەم و بێزاریشی تێدایە. خوا دەزانێ مەبەست و مەخسەدم ڕەدکردنی ئەو جۆرە مۆسیقایە نییە. ئەوانەی کە مۆسیقای ئێرانی بە مۆسیقای خەمناک دادەنێن لە وەڵامیاندا پێویستە بڵێم ئەو مۆسیقا پاپەی کە ئێرانییەکان لە لۆس ئەنجەلۆس پێشکەشی دەکەن و هەندێ کەسیش هەر لەناو ئێراندا لاساییان دەکەنەوە، ئەگەر بە وردی گوێی لێ ڕابگری دەبینی باسی بەخت ڕەشی و سەر لێ شێواوی خۆیان دەکەن.

من تەمەنێک لە بواری مۆسیقادا کارم کردووە و هەر لەو بارەیەوە لێکۆڵینەوەم ئەنجام داوە و گوێم لە بەشێکی زۆری مۆسیقای جیهانی ڕاگرتووە و زۆربەیان دەناسم و ئاشنایی تەواوم لەسەریان هەیە و لەسەر زۆربەی ئەو ئاوازو مۆسیقایانە کارم کردووە ئەوە نەبێ بڵێم، چونکە ئەو مۆسیقایە ئێرانییە کەواتە خەمناکە و فلانە مۆسیقا، چونکە پاپە مۆسیقایەکی شادە.

* جەنابتان سەبارەت بە لاوان زۆر دوان، ئایا لە ڕووی بنیاتنان و دامەزراندنی فێرگەی مۆسیقی چ هەنگاوێکی ئەوتۆتان بۆ لاوان هاویشتووە؟

– هەروەک باسم کرد لە سنووری کارو پیشەکەم ئەم کارە دەکەم و لەو باوەڕەدام گەر بێتو وانەی مۆسیقا بڵێم پێم باشە ئەو قوتابییانەی کە دێنە لام لە تەمەنی دوازدە ساڵییەوە بێت نەک کەسانێک کە تەمەنیان (٣٥ – ٤٠) ساڵییە. چەند قوتابییەکم هەبوو تەمەنیان لە (١٢) ساڵ کەمتر بوو. هەڵبەتە زۆربەی قوتابییەکانم تەمەنیان لەنێوان (٢٥– ٣٠) ساڵان بوو و بەر لەوەی بێنە لام زانیارییەکیان لەسەر مۆسیقا هەبوو و شتێکیان لێ دەزانی.

بەڕای من پێویستە ڕاهێنان و فێرکردنی مۆسیقا لە تەمەنی (٣–٤) ساڵییەوە دەست پێ بکرێت، بەڵام نیسبەت بە ئاوازو مۆسیقای ئێرانی چاکتر وایە لە تەمەنی (١٢) ساڵییەوە دەست پێ بکرێت کە بە ڕای من چاکترین قۆناغە بۆ فێربوون و پێویستە ئەوەش بڵێم چین و توێژی لاوان بەیەک دوو ساڵ ڕۆیشتن بە فێرگەی مۆسیقی ناگەنە هیچ شوێن و ئاستێک، بۆیە پێویستە بەردەوام بن لەسەری.

* چ کەسانێک لەلای ئێوە قوتابی بوونە؟

– زۆربەی ئەوکەسانەی ئێوە لە ڕادیۆ و تەلەڤزیۆن دەنگیان دەبیستن یەک دوو ساڵێک قوتابی من بوونە، بۆ نموونە: بەڕێزان شەهرامی نازری و عەلی ڕەزای ئیفتخاری و سەڕاج و دەیان کەسی دیکە قوتابی من بوونە، هەڵبەتە پێویست بە ناو هێنان ناکات، بەڵام ئەوکەسانەی کە لە بواری مۆسیقای ئێرانیدا لەلای من کاریان کردووەو قۆناغی باڵایان بڕیوە لە پێنج شەش کەس زیاتر تێناپەڕن کە بریتین لە: کەرامەتی، موزەفەری شەفیعی، ڕەفعەتی، عەلی جیهاندار، حەمیدی نوور بەخش.

* مامۆستاکانی جەنابت کێ بوون؟

– لە ڕووی خوێندنی قورئانەوە لە تەمەنی منداڵیدا باوکم مامۆستام بوو و لە قۆناغی لاوێتیدا واتە (١٤–١٥) ساڵانەوە، یەکێ لە هاوڕێیەکانی باوکم فێری یەک دوو ئاوازی کردم تاکو لەدواییدا هاتمە تاران سەرەتا چوومە خزمەتی بەڕێز میهرتاش و پاشتر چوومەلای مامۆستا عەبدوڵڵا خانی دەوانی و مامۆستا برومەند و سەبارەت بە مۆسیقای عیرفانی و دەشتستانی لە خزمەتی مامۆستا دادپەی بووم و لەلای ئەم بەڕێزانە

لەسەر شێوازی کۆنی هونەرمەندان دەستم بە کارکردو سوودم لە ئامێرە مۆسیقییەکانی مۆسیقاژەنەکان وەرگرت، بەتایبەتی زۆر کەڵکم لە ئاوازی مامۆستا شەهناز وەرگرت و چەند حاڵەتێکی دیکەشم لە بەڕێز بەدیعی وەرگرت.
لە ڕاستیدا زیاتر لەسەر شێوازی هونەرمەندان، بەنان، زەڵی، ئیقباڵی سوڵتان، تاجی ئیسفەهانی و سەید حەسەنی تاهیر زادە کارم کردووە. هەروەها هەندێ کاریشم لەسەر ئاوازەکانی قەمەر کردووە هەڵبەتە بۆ فێربوون لەلای ئەم بەڕێزانە نەبوومە، بەڵکو لەسەر کارەکانیان خۆم فێرکردووە.

* لەنێو ئەو مامۆستایانەی کە ئاماژەت پێدان، پتر سوودت لە کامیان وەرگرتووە؟
– لە سەید حوسێنی تاهیرزادەو بەنان.

* هاندەرانی سەرەکیتان لە مۆسیقا چ کەسانێک بوون؟
– هاندەری سەرەکیم لە بواری قورئان خوێندن، باوکم بووە کە گەورەترین هاندەرم بوو لە دواییشدا لە قۆناغی خوێندنی دواناوەندیم لە قوتابخانە دۆست و هاوڕێ و خزم و کەسم هاندەرم بوون و حەزیان لە دەنگی من بوو و سووربوون لەسەر ئەوەی بچمە ئیزگەی ڕادیۆ، دەنگ و مەقاماتی خۆم پێشکەش بکەم. هەڵبەتە هۆکاری دەروونی خۆم لە دەوروپشتم زیاتر هاندەرم بووە، بەڵام هاندانی ئەوانەش هەر کامیان بەش بەحاڵی خۆی کاریگەری هەبووە.
باوکم حەزی نەدەکرد کاری مۆسیقا بگرمە پێش و بە توندی بۆ ئەم کارە دژایەتیمی دەکرد و کاری مۆسیقای بە ناڕەوا دەزانی بۆیە هەزارویەک تەگەرەی بۆ دەنامەوە. منیش ناچار بە دزییەوە کاری مۆسیقام ئەنجام دەداو لەبەر ئەوەی تێ نەگات بەنازناوی (سیاوەشی بیدکانی) دەستم بە چالاکی کرد. جێی خۆشحاڵییە بەهۆی پەروەردەی خانەوادەیی ئەو ڕێگایەم بە دروستی پێکاو ئاکامەکەشی زۆر چاک بوو و زۆریش پێی قایلم.

* کاتێ باوکت بینی کارەکانت پێچەوانەی بیروڕای ئەوە، چ ڕەنگدانەوەیەکی پیشان دا؟
– بە هەر حاڵ کاتێ باوکم زانی گەنجم و ژنم هێناوە و کۆمەڵێ دەسەڵاتی خۆم هەیە و ئەو ڕێگایەی کە هەڵم بژاردووە، ڕێگایەکی ڕاست و دروستەو هەستی پێکرد کە بۆ مۆسیقا تا ئەو ڕادەیە بە پەرۆشم، ناچار ڕەزامەندی خۆی دەربڕی.

* یەکەم جار کە ویستت مەقام بڵێی هەستت بەچی دەکرد؟
– هەمان هەست و سۆزم لا دروست بوو کە یاریزانێکی تۆپی پێ یان باڵە یاخود وەرزشکارێکی دیکە هەیەتی بۆ ئەوەی کارەکەی بە چاکترین شێوە پیشان بدات، هەمان هەست و سۆز لە بواری مۆسیقیش هەیە، چونکە هەر کەسێک حەز دەکات کارەکەی لە هی خەڵکی دیکە جوانتربێت و ئەمە شتێکە و لە ناخی هەموو مرۆڤێکدایە.

* ئەگەر ڕۆژێک ڕەخنەت لێ بگیردرێت چ ڕەنگدانەوەیەکت دەبێت؟
– ڕەخنە ئەگەر ڕاست و دروست بێت وەری دەگرم و پەسەندی دەکەم و ئەگەر ڕاست نەبێت بە پێویستی نازانم سەری خۆمی لەگەڵدا بیەشێنم و لەگەڵی تووشی مشتومڕ ببم. ڕەخنەی دروست بنیاتنەرە و هەر کاتێ ڕەخنەی ڕاستم لێ گیرابێت، زۆر بە وردییەوە گوێم لێ گرتووە وسەرکەوتوو بوومە.

* نهێنی سەرکەوتنی خۆت لە چ دەزانی؟
– لە کارکردنی بەردەوام و سووربوونم لەسەر کارەکەم و حەزو توانایی. کاتێ مرۆڤ توانایی هەبوو و حەزو ئارەزووشی لەگەڵدا بوو، پێویستە لەسەر کارەکەشی سوور بێت بە ڕای من ئەمە نهێنی سەرکەوتنە لە هەر کارێکدا.

* دەنگێکی خۆش و باش چ تایبەتمەندی و مەرجی تێدایە؟
– وەکو ئەوەیە بپرسن، ڕوخساری جوان چۆنە، لە وەڵامدا دەبێ بڵێم لووتی قەڵەمی بێت و چاوی گەورە بێت و دەم لێوی فڵانە تایبەتی هەبێت، بۆیە هەرچەندە بڵێم و شی بکەمەوە، ناتوانم جوانی شی بکەمەوە.
یاخود خواردنێکی خۆش و بەتام بە قسە پێناسە ناکرێت، بەڵکو دەبێ لەبن ددانت هەست بە تامەکەی بکەیت و بزانی خۆشە یا ناخۆشە، جوانیش بە هەمان شێوە هەرکەسێک پێویستە بە چاوی خۆی بیبینێ، دەنگی چاک و خۆشیش خەڵک دەبێ بڵێ خۆشەو چاکە، هەر چەندە من باسی دەنگی خۆم بکەم دیسان وەک ئەوەی کە خۆتان گوێ لە دەنگم دەگرن، ناتوانم وەسفی بکەم و هەر مرۆڤێک دەتوانێ دەنگی چاک و خۆش لەوانی دیکە جیابکاتەوە.
دەنگی خۆش دەبێ دڵگیر بێت، پانتایی هەبێت، ساف و زوڵاڵ و ڕەوان بێت، گوێ زرکێن نەبێت، دەبێ پەردەو نۆتەکانی مۆسیقاش بە چاکی بەکاربهێنێ.

* بەڵێن و پەیمانی هونەرمەند نیسبەت بە جەماوەر لە چ دایە؟
– کارو هونەرەکەی تا پێی دەکرێت بە جوانی پێشکەشی بکات و کارەکەی لەپێناو ئامانجێکی بەرزدا بێت.

* چ چاوەڕوانییەکت لەبەرپرسان هەیە؟

– بایەخ بە لاوان بدرێ، لەبەرئەوەی سەرمایەی دوارۆژی وڵاتن و نابێ سیس ببنەوە و پێویستە بە گرنگییەوە بیریان لێ بکرێتەوە تەنانەت بیر لە لاوانی دێهات و گوندەکانیش بکرێتەوە، چونکە خەڵکانێکی بە تواناو چاکی لێیە، بەڵام لەبەر نەبوونی ئیمکانیات ئەو لاوانە هیچ شتێکیان لەبەردەستدا نییە و هیچیان پێ ناکرێت.

* ئایا ڕۆژێک بێتو بەرپرسیاریەتی بەشی مۆسیقای ڕادیۆو تەلەڤزیۆنتان بۆ بسپێرن، ئەم ئەرکە قبووڵ دەکەن؟

– بێگومان نەخێر، چونکە ئەوەیان کاری من نییە. ئیشەکەی من شتێکی ترە و پێویستە وەختی خۆم بەشتی دیکەوە نەگرم، هەڵبەتە بۆ ئەو مەبەستە چەند جارێکیش پێشنیاریان پێ کردووم، بەڵام قبووڵم نەکردووە، لەبەر ئەوەی هەروەک ئاماژەم پێکرد کاتی گران بەهام پێویستە لە ڕێگایەکی دیکە سەرف بکرێت.

* سەختترین هونەر بەلای جەنابتانەوە چییە؟

– هەموو بوارێکی هونەریم خۆش دەوێ و حەزی لێ دەکەم، چونکە جوانە و مرۆڤ جوانی خۆش دەوێ، لە نیگارکێشییەوە بگرە تا دەگاتە شیعرو ئاواز و مۆسیقاو شانۆ و سینەماو ... تاد هەر کامیان بەش بەحاڵی خۆی شتێکی چاکە.

* ئاماژەت بە سینەما کرد تا چ ڕادەیەک حەزت لە سینەمایە؟

– زۆر حەزم لە سینەمایە، بەڵام ساڵانێکە دەرفەتم بۆ نەڕەخساوە بچمە سینەما؟

* حەزت لە کام فیلمی ئێرانییە؟

– زۆر حەزم لە فیلمی (باشوو نامۆیەی بچووک)ە و هەروەها چەند فیلمێکی دیکە وەکو (ماڵی هاوڕێ لە کوێیە) کە هێشتا نەمبینیوە و زۆر حەز دەکەم بیبینم.

* خەڵکی کاتێ لە شەقام و سەر شۆستە و شوێنە گشتییەکان دەتانبینن، چۆن ڕووبەڕووتان دەبنەوە و پرسیاری چ شتێکتان لێ دەکەن؟

– زۆر بە دڵسۆزییەوە ڕووبەڕووم دەبنەوە و خۆشەویستی خۆیان نیسبەت بەمن دەردەبڕن و پرسیارەکانیان زیاتر لە بارەی بەرنامەکان و بەرهەمەکانی داهاتوومە و پتر سەبارەت بە کۆنسێرتەکانم پرسیارم لێ دەکرێت.

* بەرهەمی نوێتان چییە؟

– هەمان ئەو (١٧) کۆنسێرتەی کە ماوەیەک لەمەوبەر لەنێو شارەکانی ئێران هەشت شەو لە هۆڵی وەحدەت و سێ شەو لە ئەسفەهان و سێ شەو لە شیراز و سێ شەویش لە شاری سنەی کوردستان و پاشانیش لە ئەمریکا و کەنەدا و ئەورووپا بەگشتی لە ماوەی (٨٠) ڕۆژ (٢١) کۆنسێرتم پێشکەش کردووە، ئێستاش کارێکی نوێم لە دەستدایە ئەویش (شەو، بێدەنگی و بیابانە). هیوادارم جەماوەر گوێی لێ ڕابگرن و بەدڵیان بێت و ئەم کارە کارێکی نوێ و نموونەییە و جیاوازی لەگەڵ بەرهەمەکانی دیکەم هەیە. لەم کاسێتەدا زۆربەی ئاوازەکان بەشێوەی خوراسانی ئەداکراوە و ڕەنگە زۆرکەس بە باشی لێی تێ نەگات بۆیە دەبێ زیاتر گوێی لێ ڕابگرێ تاکو تێ بگات.

* نواندنی کام لە ئەکتەرەکانت بەلاوە پەسەندە؟

– کارەکانی عیزەتوڵڵای ئینتزامی، خوالێخۆشبوو فەنی زادە، عەلی نەسیریان، محەمەد عەلی کەشاوەرز، داریوشی ئەرجومەند و فەخری خووڕەوش بە ڕاستی کارەکانیان بەلامەوە پەسەندن و لە بواری شانۆگەریش حەزم لە کارەکانی (ئیرحامی سەدر) هەیە.

* لەنێو هونەرمەندان حەز بە دەنگی چ کەسێک دەکەی؟

– بە داخەوە گوێ لە دەنگی کەسیان ناگرم، تەنیا گوێ لە دەنگی سەید حوسێنی تاهیر زادە و قەمەر ڕادەگرم. ئەوانەش هونەرمەندانی کۆن و ڕەسەنن، بۆیە حەز بە دەنگی هونەرمەندە تازەکان ناکەم، چونکە بە ڕاستی پێ قایل نیم.

من ئەوەندە گوێم لە ئاوازو مۆسیقا ڕاگرتووە و خۆمیش مەقاماتم وتووە، بۆیە پێم وایە کەسێک دەبێ دەنگی لە ئاستی مندابێت تاکو حەز بە دەنگی بکەم و گوێی لێ ڕابگرم. من ناڵێم ئەوان لەمن باشتر نین، ڕەنگە هەندێکیان لە منیش باشترین، بەڵام دەنگیان کارم تێ ناکات و کاریگەری بەسەرمەوە نابێت، سەبارەت بەو ئاوازو مۆسیقایە دەبێ بڵێم کە ئاوازو مۆسیقامان وا خەریکە بەرەو دواوە دەگەڕێتەوە و ئەمەش مایەی نیگەرانییە، ئێستا هەموویان ڕوویان لە پۆلێن کردن و گۆرانی و مەقامات کردووە. دەنگی چاکمان لەنێو چین و توێژی لاواندا هەیە، بەڵام من وەک محەمەد ڕەزای شەجەریان ئەو بەرهەمانەی کە پێشکەشی دەکەن، پەسندی ناکەم و حەزم لێ نییە. ڕەنگە خەڵکێکی زۆر پەسەندی بکەن و من ناڵێم کە هەر یەکجاری نەبێت، بەڵام کاتێ کە ئێوە پرسیارم لێ دەکەن لە وەڵامی پرسیارەکەتان دەڵێم ئەم دەنگانە نامجووڵێنن و تەکانم نادەن و پاڵم پێوە نانێن تەنانەت بۆ چەند ساتێکیش گوێیان لێ ڕابگرم چ بگاتە ئەوەی بۆ جاری دووەم و سێیەم گوێیان لێ ڕابگرم.

* ئەگەر سەبارەت بە قۆناغی منداڵیتان بیرەوەرییەکتان لە یادە فەرموون بۆمانی باس بکەن؟

– ئەو کەسانەی کە سەبارەت بە بەرهەمەکانم هانمیان دەدا ئەوانە هەر هەمووی بیرەوەرین بۆ نموونە تەمەنم لە دەوری شەش ساڵان بوو کە لە کۆڕێکدا قورئانم بە دەنگی خۆش خوێندو خەڵات کرام. ئەو خەڵاتە هەرگیز لەبیرم ناچێتەوە.

* ئایا هونەرمەندێک دەتوانێ لە ژیانی ماددی و دنیاییدا سەرکەوتووبێت؟

– بەڵێ دەتوانێ، بەڵام پێویستە تەماشا بکرێت کە تا چ رادەیەک بیر لەماددیان دەکاتەوە ئەگەر بێتو ئەو ماددەیە رۆژبەرۆژ ئاستی هونەرییەکەی دابەزێنێ و لە بەرانبەردا باری ماددی بەرز بکاتەوە ئەوا کارێکی نادروستە.

* ئەو شیعرانەی کە هەڵیان دەبژێری لەسەر چ پێوەرێکن؟

– ئەو شیعرانە دەبێ لە تەک کەشوهەوای خۆم و کۆمەڵگا و جەماوەر بگونجێن.

* بە زۆری سوود لە شیعرەکانی کام شاعیر وەردەگری؟

– شیعرەکانی حافزی شیرازی و مەولاناو سەعدی شیرازی.

* جگە لە کاری هونەری چ کارێکی دیکە ئەنجام دەدەی؟

– بە زۆری خەریکی مۆسیقام، بەڵام حەزم لە جووتیارییە.

* ئەگەر دووبارە لە دایک ببیەوە، چ پیشەیەک هەڵدەبژێری؟

– جووتیاری، لەبەر ئەوەی سروشتم لە هەموو شوێنێک زیاتر خۆش دەوێت.

* بەهۆی چالاکی هونەری زۆرجار لە ماڵ نیت! ئەو بۆشاییە سۆزدارییە چۆن پڕدەکەیتەوە؟

– زۆربەی وەختم لەگەڵ هاوسەرو منداڵەکانم بەسەر دەبەم، هەڵبەتە هەندێک جار کە بەرەو دەرەوەی وڵات سەفەر دەکەم، دووربوونم لەخاو خێزانەکەم بەلامەوە زۆر سەختە، بەڵام ئەم سەفەرانە بە شێوەیەکی نییە بۆ نموونە ئەمساڵ (٨٠) رۆژ لە دەرەوەی وڵات بووم، بەڵام تا ساڵێکی دیکە سەفەر ناکەم. من زۆربەی کاتی خۆم لە ماڵەوە لەگەڵ ماڵ و منداڵم بەسەردەبەم. کەواتە بۆ من گرنگترین بەشی ژیانم خانەوادە و هاورێ و خزم و کەسوکارو هونەرەکەمەو ماڵ و کەشوهەوای هونەری کارەکەم بە لامەوە گرنگترین شتە.

* ئایا لە دەست منداڵەکانت رازی؟

– بەڵێ شانازییان پێوە دەکەم و ئەوەندە شانازییان پێوە دەکەم، رەنگە ئەوەندە شانازی بە هونەرەکەمەوە نەکەم.

* ئەگەر پرسیارتان لێ بکرێت کە لە هونەر و خانەوادە یەکێکی هەڵبژێرن چ وەڵامێک دەدەنەوە؟

– لە راستیدا نینۆکێکی منداڵەکانم بە هەموو هونەر ناگۆڕمەوە.

* گەورەترین ئارەزووی تایبەتی و هونەریتان چییە؟

– گەورەترین ئارەزووی تایبەتی من ئەوەیە کە خەڵکی دڵیان خۆش بێت و هەرکەسێک دەیەوێت بگاتە هەر شوێنێک ئازادو سەربەست بێت و کۆسپ و تەگەرە نەخرێتە پێشی و نەبنە مایەی ئازارو سەر ئێشە بۆ یەکتری. ئیدی ژیان و ئاسایش و ئارامی هەمیشە ئارەزووی سەرەکین بۆ من و بۆ جەماوەرو هەر شتێکی چاکم لە هەر شوێنێکی دنیا بینی بێت خۆزگەم خواستووە کە وڵاتەکەی منیش هەیبێت.

خۆزگە خەڵکی وڵاتەکەی منیش ئەو سەرکەوتنەیان هەبوایە و هەروەها لە رووی ئارەزووی هونەریم ئاواتەخوازم بەشێوەیەکی چاکترو بەرجەستەتر بتوانم بەرهەمی خۆم پێشکەش بکەم و ئارەزووی دیکەم ئەوەیە کە هەموو دنیا مۆسیقا و زمانمان بناسن و هەستی پێ بکەن.

* کاتێ تووڕە دەبی، تووڕەیی خۆت چۆن پیشان دەدەی؟

– تا پێم بکرێت پێشی تووڕە بوونی خۆم دەگرم و لەکاتی تووڕەبووندا هیچ بریارێک و هەڵوێستێک وەرناگرم کە لەدواییدا پەشیمان ببمەوە.

* دوو هاوسەری سەرکەوتوو دەبێ چۆن بێت؟

– دەبێ یەکتری بناسن و لە ئاست یەک هەست بە بەرپرسیاریەتی بکەی و رکابەری یەکدی نەکەن. لەگەڵ ئەوەشدا بە چاکی یەکتری درک بکەن و شارەزاییان لەسەر رەوشت و هەڵسوکەوتی یەکتری هەبێت و بایەخ بە ئاست و سنووری ئازادی یەکتری بدەن و رێزی لێ بگرن. بیر لەوە نەکەنەوە، لەبەر ئەوەی پیاوسالاری یان ئافرەتسالاری هەیە، دەبێ غەدر لە یەکتری بکەن. هەر کەسێک لە سنووری دەسەڵاتی ئازادی خۆی دەبێ کارەکانی راپەرێنێ و سەلیقەو ئازادی لایەنی بەرانبەر تێک نەدات و بە عەشق و ئەڤینەوە بۆ یەکتری بژین و یەکیان خۆش بوێ.

* چ پێوەرێکت بۆ ژن هێنان هەبوو؟

– خۆشەویستی و عەشق و ئەڤین.

* ئایا ئەو وتەیە کە دەڵێن هونەرمەندان هەستیار و دڵ ناسکن راستە؟

– بەڵێ راستە، لەبەرئەوەی هونەر لە پێشکەشکردنی وردەکاری و شتی جوان دێتە کایەوە. جوانی چەند خاڵێکی وردو ناسکی تێدایە و کەسێک لەگەڵ ئەم

جوانکارییه بژی، به هەمان شێوه وردبین و بیر ناسک و هەڵسەنگێنەره و هەربۆیه هونەرمەندان له خەڵکی ئاسایی دڵ ناسکترو هەستیارترن.

* لەوەی که وەک محەممەد ڕەزای شەجەریان مامۆستای ئاوازو مۆسیقای ئێرانیت، هەست به چ دەکەی؟

– به هەر حاڵ بەوه دڵخۆشم کە توانیم ڕێگایەک بپێکم و کارێک ئەنجام بدەم کە دەرەنجامی باشی لێ بکەوێتەوه و خەڵکی حەزی لێ بکەن و بایەخی پێ بدەن و ئەمەش خۆی له خۆیدا هەستکردن به ڕەزامەندی منه، هەڵبەته ناو دەرکردن هەموو بەشەکانی باش نییه، لەبەر ئەوەی مرۆڤ هیچ جۆره ئازادییەکی نابێت. بۆ نموونه دەیەوێ بۆ شوێنێک بڕوات که کەس نەیناسێ یا کارێک ئەنجام بدات که خەڵکی تەماشای نەکەن لەم ڕووەوه مرۆڤ دەکەوێته ژێر پاڵه پەستۆیەکەوه. بەڕای من مرۆڤ دەبێ هەندێکیش بۆ خۆی بێت. من زۆر جار وارێک کەوتووه تەنانەت بۆ ماوەی چەند ساتێکیش تەنیا نەبم که هەندێک سەرقاڵی کاری خۆم بم. هەمیشه گرفتاری کێشەی دەوروبەرم بوومه. ئەمەش تا ڕادەیەک ئازار به مرۆڤ دەگەیەنێ و بەڕاستی سەختەو هەر به هەمان شێوه که پێشتر ئاماژەم پێکرد ناوبانگ دەرکردن هەندێک جار باش و هەندێک جاریش خراپ و ئارامی و ئاسایشی مرۆڤ ناهێڵێ و ژیانت لێ تاڵ دەکات.

* خۆشترین شادی و خۆشیتان له چی دایه؟

– کاتێ لەگەڵ گوڵ و باخچەدابم و سەرقاڵی جووتیاری و باخەوانی بم. من خاکم زۆر خۆش دەوێ و وەک خۆشەویستەکەم وایه و گوڵ و گیاش لەو خاکەوه ڕوواوه و حەز دەکەم کاتی تەنیایی خۆم لەگەڵ گوڵ و گژوگیا بەسەر بەرم.

* ئەگەر بتەوێ هونەر به ڕەنگ دەستنیشان بکەیت، چ ڕەنگێک هەڵدەبژێری؟

– کەسکی مەیلەوشین.

* چۆن بۆ یەکەم جار خێزانەکەت ناسی؟

– ئەوم بینی و بەدوایدا چووم و دواییش خواستم.

* ئایا تا ئێستا چ ناخۆشی لەنێوانتان ڕووی داوه؟

– نەخێر، لەگەڵ یەک زۆر کۆکین.

* حەزت له کام ناوچەی ئەم وڵاتەیه؟

حەزم له هەموو شوێنی ئێرانەو هەموو خاکی ئێران ماڵمەو هەموو شوێنێکی ئەم وڵاتەم خۆش دەوێت.

* له ڕووی ماددییەوه ئەگەر هیچ کەموکورییەکت نەبووایه لەو کاتەدا چ کارێکت ئەنجام دەدا؟

– مرۆڤ سەرەتا پێویسته بزانێ چ شتێکی دەوێت، خۆشگوزەرانی له هەبوونی فراوانی کەلوپەلی ژیاندا نییه، بەڵکو خۆش و خۆشگوزەرانی مرۆڤ له بیرو ئەندێشەیەتی که دەتوانێ لەو شتانەی که لەژێر دەسەڵات و ڕکێفیدایه قایل بێت، ڕەنگه یەکێک له خێوەتێکدا بژی و ئەو خێوەته به کۆشکی سپی واشنتۆن نەگۆڕێتەوه! لەبەرانبەردا خەڵکانێکیش هەن ڕەنگه هەموو دنیایان پێ بدرێ دیسان قایل نەبن و چاویان تێرنەبێت.

* چ شتێک دەبێته هۆی مانەوەی بەرهەمێک؟

– جوانی

* چ هەست و سۆزێکتان هەیه نیسبەت بەو بەرهەمانەی که تا ئێستا پێشکەشت کردوون؟

– هەندێکم پێ باشه و هەندێکی مام ناوەندییه و ڕەنگه هەندێکیش لاواز بێت و بگره بەگشتی لەهەموو بەرهەمەکانم قایل نیم.

**سەرچاوه:**

**گۆڤاری روزهای زندگی، ژماره (٩٥) ساڵی پێنجەم ١٣٧٨ی هەتاوی (١٩٩٩ز).**

**(*) ئەم دیمانەیه بۆ بەر له کۆچکردنی دوایی هونەرمەند دەگەڕێتەوه.**





# ئارسەر میللەر.. ویژدانی نەخەوتووی مرۆڤایەتی

**ئازاد حەمە شەریف**
**(کۆلێژی زمان - زانکۆی سەلاحەدین)**

بەلای کەمەوە بیست و سێ سەدە بەسەر درامادا تێپەڕیبوو کاتێک میللەر چاوی بەدنیادا هەڵهێنا. هەرکە ئەو لە ساڵی (١٩١٥)دا هاتە دنیا، تراژیدیا تەنیا باسی لە پاڵەوانی چینی سەروو یان چینی ناوەڕاستی کۆمەڵ دەکرد- وەک بڵێی تەنیا ئەوان بن لەسەر پشتی کووڕی ئەم گوێ زەوییە ئازار و مەینەتی بچێژن و چینی هەژاران بێ خەم و گێلانە لێی پاڵ کەوتبن! بەر لە پەیدابوونی میللەر زۆر بەدەگمەن پاڵەوانێکی تراژیدی لە چینی بنەوەی کۆمەڵ وێنەی پاڵەوانی تراژیدی بۆ کێشراوە و خراوەتە سەر شانۆ، چونکە تراژیدیاکان هەر لەسەردەمی (سۆفۆکلیس- ٤٩٦-٤٠٦ پ.ز)ی گەورە تراژیدیانووسی گریکی تا دەگاتە هێنریک ئیبسن (١٨٢٨-١٩٠٦)ی شانۆنامەنووسی مەزنی نەرویجی، تەنیا لە بارەی بەگزادە و گەورە پیاوانی چینەکانی سەروو و ناوەڕاستی کۆمەڵ بوون.

میللەر، بۆ یەکەمین جار لە مێژووی شانۆدا، بە خوڵقاندنی پاڵەوانێکی تراژیدی وەکو (ویلی لۆمان) لە شانۆیی (مردنی دێوەرەیەک- ١٩٤٩)دا توانی ڕێڕەوی شانۆی تراژیدی بگۆڕێت بەوەی کەسێکی زۆر ئاسایی و ڕەشۆکی لە چینی هەرە ژێرەوەی کۆمەڵگەی هەڵبژارد و کردی بە پاڵەوانێکی یەگجار تراژیدی. ئەم کارەی میللەر بەشۆڕشێکی فیکری و گۆڕانێکی بنەڕەتی لە شانۆی تراژیدیدا دەژمێردرێت. وا نەبێت میللەر، بێ ئاگایانە و هەر لە ختوخۆڕاییی وای کردبێت، چونکە ئەو مرۆڤێکی یەگجار ڕۆشنبیر و خاوەن پەیامی سەردەمی خۆی بوو و خۆی لەناو بەرەی چینی هەژاراندا دەدۆزییەوە، بۆیەش بەپێویستی زانی ژان و ئازاری ئەوان بکاتە هەوێنی ئەو شانۆییەی کە لە سەرانسەری جیهان ناوبانگی پەیداکرد و چەندین خەڵاتی مەزنی شانۆیی پێ وەرگرت و سەرەنجام ئارسەر میللەری لە نووسەرێکی ئاساییەوە کردە نووسەرێکی جیهانی.

بەلای میللەرەوە گرنگ نییە پاڵەوانی تراژیدی سەرۆکی دەوڵەت بێت یان کەسێکی لات و هەژار،

بەڵکو لەلای ئەو گرنگ ئەوەیە کە ئەو پاڵەوانە تا چەند و بە چ جۆرێک و بەهۆی چییەوە ئازار دەچێژێت. جا بۆ ئەوەی پتر باری پڕمەینەتی (ویلی لۆمان)ی پاڵەوانی (مردنی دێوەرەیەک) لەناو مێشکی خوێنەر و بینەردا بچەسپێنێت، میللەر (ویلی لۆمان) ڕووبەڕووی دامودەزگای سەرمایەداری دەکاتەوە و دوای (٣٥) ساڵ خزمەتکردنی ئەو دامودەزگایە، ئەوان ئامادەن کە (ویلی لۆمان)ی تەمەن (٦٠) ساڵی وەکو شتێکی بێ کەڵک دوای چەوساندنەوە و خوێن لێ مژتنی تا دوایین تنۆک فڕێ بدەنە سەر شەقام.

خۆ ئەگەر ئازار و چەرمەسەرییەکانی (لۆمان) تا سەر ئێسقان کاریان تێی نەکردبێت، هەرگیز ئاوا بە ڕووی (هاوارد)ی سەرمایەداری خاوەنی ئەو کۆمپانیایەی کاری تێدا دەکرد نەدەتەقییەوە:

«مرۆڤ میوەجات نییە کاکڵەکەی بخۆیت و پەلکەکەی فڕێ بدەیت» هاواردی خاوەن کۆمپانیا و سەرمایەدار ئاوەها بەسەریدا دەنەڕێنێت: «من ناتوانم خوێن لە بەردێکی وەکو تۆ وشک و برینگ وەرگرم.» (مردنی دێوەرەیەک، وەرگێڕانی کوردی ل٩٥).

هەڵبەتە لەلای مرۆڤی سەرمایەدار پارە و پوول گرینگترە لە هەست و نەستی مرۆڤانە، بۆیە ئەوساتەی مرۆڤ لە کۆمەڵگەی سەرمایەداریدا لەکاردەکەوێت، ئەوا لە مرۆڤایەتیش دەکەوێت و لەلای ئەو دەبێتە پارچە شتێکی بێ کەڵک. بۆیەش هەر چۆنێک بێت هەوڵ دەدەن خۆ لەو شتە بێ کەڵکانە ڕزگار بکەن و لە گۆشەیەکی بزر و نادیار فڕێی بدەن.

بێ گومان گەلێ هۆکار بوونەتە هۆی داڕووخانی باری ئابووری و تەندروستی و دەروونی پاڵەوانە تراژیدییەکەی (مردنی دێوەرەیەک). لە هەموویان گرنگتر (خەونی ئەمریکی)یە- ئەو خەونەی کە نەک بە تەنیا (ویلی لۆمان)ێک بەڵکو سەرجەم چینی هەژارانی لە ئەمریکادا دەسخەڕۆ کردووە. ئەو خەونەی کە دەڵێت: «هەموو کەسێک دەتوانێت لەڕێی بە چاکی کارکردن و هەوڵی تاکە کەسییەوە دەوڵەمەند بێت. جا بەپێی ئەو خەونە وێنەی کۆمەڵگەیەک بەمێشکدا دێت کە هێشتا سەرکەوتن لەڕێی کاری تاکە کەسییەوە شتێکی سانایە بۆ مرۆڤی ئاسایی وەکو چۆن لەسەدەکانی ڕابردووەوە ئەو کارە بە ئاسانی لە ڕێی جەربەزەیی و چاوقایمییەوە دەکرا و مرۆڤ دەیتوانی هیواکانی دابین بکات».

ئەوەی ڕاستی بێت، ئەم خەونە بۆ چەوساندنەوە و ڕەتاندنی هەژاران لە ئەمریکادا پڕوپاگەندەی بۆ کراوە



تاوەکو کۆشکی سەرمایەداران بە ئارەقە و ماندووبوونی ئەوان بەرز و بەرزتر بکرێتەوە، چاکترین نموونەی ئەو دەسخەڵەتدانەش لە کەسێتی پاڵەوانی (مردنی دێوەرەیەک)دا دەبینرێت کە نەک تەنیا خۆی بەڵکو هەردوو کوڕەکانیشی بەهۆی (خەونی ئەمریکی)یەوە دەبنە مرۆڤی دۆڕاو و هەڵخڵەتاو. (ویلی لۆمان)ی باوک و (بیف) و (هاپی) کوڕانی (ویلی) وادەزانن کە لە ڕێگای هەوڵ و ماندووبوونی تاکە کەسییەوە سەرکەوتن مسۆگەر دەکەن. کەچی دوای ماندووبوونێکی زۆر و ئازار چێژتنێکی لە ڕادەبەدەر هەر هەموویان دۆڕاو و دەسخەڕۆ دەبن، چونکە ئەوان بە جۆرێک مێشکیان شۆردراوەتەوە کە نەتوانن لەو سیستەمە بگەن کە ئەوان لەژێر بارە قورسەکەیدا بە بەردەوامی دەناڵێنن و تەنانەت دوای ئەو هەمووەش لە کاتی دۆڕان و تێکەوتنیاندا گلەیی لەیەکتری دەکەن نەک لەو سیستەمە ئەمریکییە مرۆڤ ڕەتێنە.

ئەوان هەرگیز لەوە ناگەن کە سیستەمی سەرمایەداری هەمیشە لەسەر ڕەنج و کۆششی هەژاراندا بنیات نراوە و قازانج و سوودە زۆرەکانیشی تەنیا دەبێت بچێتە گیرفانی سەرمایەدارانەوە. مرۆڤ لەژێر ئەو جۆرە سیستەمانەدا هەر دەبێت ڕابکات بۆ ئەوەی بتوانێت کەمترین پێداویستی ژیانی خۆی دابین بکات. کاتێکیش پیروپەککەوتە و کەنەفت دەبێت، دەبێتە شتێکی بێ بایەخ و وەکو هەموو پارچە کەلوپەلێکی بەکارهێنراو فڕێ دەدرێت.

هەر ئەم هەستەشە وا لە زۆربەی کارکەرانی وەکو (ویلی لۆمان) دەکات کە هەستی نامۆبوون و خۆ خواردنەوە لەناو دڵ و دەروونیان چەکەرە بکات جا چونکە پێوەندی نێوان مرۆڤەکان لە کۆمەڵگەی سەرمایەداریدا لەسەر بنەمای ماددی نەک ڕۆحی بنیات نراوە، لەکۆمەڵگەدا ئەو پێوەندییانە بەرە بەرە لەسەر هەر سێ ئاستی کۆمەڵگە و خێزان و تاکدا هەڵدەوەشێنەوە. لە بارێکی وادا پارە شوێنی هەموو بەها ڕۆحییەکان دەگرێتەوە و نرخی مرۆڤ وەکو هەر کالایەکی بازاڕ بە بڕی ئەو پارەیەی هەیەتی یان بەدەستی دەهێنێت هەڵدەسەنگێنرێت، بەڵام کۆمەڵگەی سەرمایەداری بۆ شاردنەوە و پەردەپۆشکردنی ئەو ڕاستییە تاڵانە خەونی درۆ بۆ مرۆڤەکان دروست دەکات.

سیستەمی ئەمریکی بە دروستکردنی (خەونی ئەمریکی) وای لە چینی چەوساوە کردبوو وا باوەڕ بکات کە ئەو خەونە ڕاستییە، بەڵام کاتێک مرۆڤە چەوساوەکان

واگا دێنەوە، نازانن نەک تەنیا خەونەکە خۆش نەبووە، بەڵکو بەو خەونە درۆیە هەموو ژیانیشی لێ دزیون.

هەر بۆیەش (ویلی لۆمان)ی پاڵەوانی تراژیدی (مردنی دێوەرەیەک) لەکۆتایی شانۆنامەکەدا کە هەست دەکات هیچ شتێکی نەماوە بیفرۆشێت جگە لە ژیان و بوونی خۆی بۆ ئەوەی دوارۆژێک بۆ هەردوو کوڕە دۆڕاوەکەی دابین بکات، سەرەنجام بڕیاری خۆکوشتن دەدات تا کوڕەکانی بتوانن بە (پارەی بیمەی ژیان)ی باوکیان لە پێگەیەکی نوێوە دەست پێبکەنەوە، چونکە بەبێ پارە مرۆڤی کۆمەڵگەی سەرمایەداری ناتوانێت هەناسە بدات، بەڵام شانۆییەکە تەنانەت دوای قوربانیدانی (ویلی لۆمان) بۆ کوڕەکانی بە کەشوهەوایەکی هێندە تەماوی و تاریک دەبێت کە هیچ مژدەیەکی دوارۆژ جگە لە گلەیی و گازاندەکردنی کوڕەکان لە (ویلی لۆمان)ی باوکیان چی دیکە نابیسترێت. ئەم هەڵوێستەی کوڕانی (ویلی لۆمان) دەکرێت وەکو زەنگی بێداربوونەوەیان لە (خەونی ئەمریکی) تەماشا بکرێت، هەروەها دەشکرێت وەکو بەردەوامبوون لەو خەونەش تەماشابکرێت. جا چ وەکو زەنگی بێداربوونەوەیان بێت و چ وەکو بەردەوامبوونیان لەو خەونە، ئەوان هیچ هەوڵێک نادەن ڕێڕەوی بیرکردنەوەیان بگۆڕن، خۆ ئەگەر توانیشیان ڕوانینی خۆشیان بگۆڕن، ئەوان هەرگیز هێندە بەهێزنین سەرجەم سیستەمەکە بگۆڕن، هەربۆیەشە ئەوانیش لە داهاتوودا بە هەمان دەردی باوکیان دەچن.

وانەبێت «ئارسەر میللەر» تەنیا لە شانۆیی «مردنی دێوەرەیەک»دا ویژدانی خەوتووی مرۆڤایەتی واگا هێنابێتەوە، بەڵکو لە شانۆیی «هەموو کوڕەکانم – ١٩٤٧» و شانۆیی «ئەزموونی سەخت – ١٩٥٣»دا و زۆربەی شانۆییەکانی دواتریشی بە توندترین شێوە ڕەخنەی لە مرۆڤە ویژدان مردوو و سیاسییە چەوتبین و چەوتڕەوەکانی سەردەمی خۆی گرتووە.

لە شانۆیی «هەموو کوڕەکانم»دا «جۆوکێللەر» کە پاڵەوانی تراژیدی ئەو شانۆییەیە، خاوەن کارگەیەکی بچکۆڵەیە و لە پێناو بەدەستهێنانی کەمە پارەیەکدا، چەندین فڕۆکەوانی گەنجی وڵاتەکەی بەرەو گەرووی مەرگ ڕەوانە دەکات بەوەی سەرە سلندەری سەقەت و خراپ دروستکراو دەفرۆشێتە هێزی ئاسمانی تا لە فڕۆکەکانیاندا بە کاری بهێنن، بەڵام چارەنووس وا دەهێنێت کە لە ناو ئەو فڕۆکەوانانەی کە لە کاتی شەڕدا بەهۆی ئەو تاوانە مەزنەی «جۆوکێللەر» لەناودەچن،



کوڕێکی خۆیشی دەبێت. جا بۆ پەردەپۆشکردنی ئەو تاوانە و خۆ بەبێ گوناه نیشاندان، «ستیڤ دیڤەر»ی هاوسێ و هاوبەش و هاوڕێی خۆی تاوانبار دەکات، بەڵام لە کۆتایی شانۆییەکەدا، «کریس»ی کوڕە بچووکی «جۆوکێللەر»، باوکی خۆی دەگەیەنێتە ئەو بڕوایەی کە «لاری» برای و هەر (٢٠) فڕۆکەوانەکەی تر کە لە شەڕدا لەناوچوون بە هۆی تاوانی «جۆوکێللەر»ی باوکییەوە بووە، بۆیەش لە کۆتاییدا، دان بەوەدا دەنێت کە نەک تەنیا «لاری» کوڕی بووە، بەڵکو هەموو فڕۆکەوانەکانی تریش کوڕی ئەو میللەتە و کوڕی خۆی بوونە.

میللەر، لەو شانۆییەدا لەسەر ئاستێکی هێمایدا، دەیەوێت ئەوە دەربخات کە سیستەمی سەرمایەداری وا لە مرۆڤ دەکات ببێتە مرۆڤێکی خۆپەرست و بەرژەوەندی خۆی و خێزانەکەی لە پێشەوەی هەموو شتێک دابنێت، بەڵام سەرەنجامی ئەو جۆرە تێڕوانینە نەک نابێتە هۆی بەختەوەری بۆ کەس، بەڵکو دەبێتە هۆی ماڵوێرانی بۆ هەموو لایەک. بەم چەشنە، میللەر، لەو شانۆییەدا پێچەوانەی بەها و تێڕوانینە سەرمایەدارییەکان بە ڕاست دادەنێت و سیستەمی سەرمایەداری بە خوڵقێنەری تاوان و وێرانکەری کۆمەڵگە لە قەڵەم دەدات.

خۆ لە شانۆیی «ئەزموونی سەخت»دا میللەر بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ ڕاوەدوونان و ڕاپێچکردنی مرۆڤە ڕۆشنبیر و چەپڕەوەکانی وڵاتەکەی لەلایەن دەزگای سەرکوتکەرانەی «خانەی لێژنەی چالاکی نائەمریکی» سەردەمی مەکارسیەت سووک و ڕیسوا دەکات و تا دنیا مابێت ئەو لەکەیە لە تەوێڵی ئەمریکا ناسڕێتەوە – ئەمریکایەک کە بانگەشەی دیموکراسی و مافی مرۆڤی دەکرد – کەچی ڕۆشنبیران و چەپڕەوانی خۆی لە کونی زیندان دەپەستا. «جۆن پرۆکتەر»ی پاڵەوانی ئەو شانۆییە مرۆڤێکی چاونەترس و خۆڕاگر و سەربەرزە و ملکەچ ناکات بۆ زوڵم و زۆرداری و تۆقاندن، بۆیەش بە هیچ جۆرێک ئامادە نییە نە دان بەو تاوانەدا بنێت کە بۆی هەڵبەستراوە و نە ئامادەشە ناوی هەڤاڵانی خۆی بدات و خۆ لە ئازار و ئەشکەنجە ڕزگار بکات. ئەو تا سەر لەسەر هەڵوێستی خۆی بەردەوام دەبێت و ئامادەشە باجێکی قورس بۆ ئەو هەڵوێستەی بدات. «جۆن پرۆکتەر» قوربانی فیکرە نەک تاوان. ئەمەش ئەوە دەردەخات کە مێژووی ئەمریکا هەمیشە بە جۆرێک لە جۆرەکان لە پێناو مەرامە چەوتەکانی سەرکردە و سەردارە دەستڕۆیشتووەکانی دەیەوێ خەڵکی چاک و مرۆڤی بێ



گوناه تاوانبار بکات، هەر بۆیەش لە سەردەمی شەڕی ساردی نێوان ئەمریکا و سۆڤیەتدا، دیاردەی مەکارسیەت دەرکەوت بۆ ڕاوەدوونان و ڕاپێچکردن و ئازاردانی مرۆڤە خاوەن بیر و بە هەڵوێستەکان، هەموو مرۆڤێکی چەپڕەو و نارەزا بەشێوەیەک لە شێوەکان تاوانبار بوو.

ئارسەر میللەریش ڕاپێچی بەردەم «لیژنەی چالاکی نائەمریکی» کرا. ئەویش بە چەشنی «جۆن پرۆکتەر» ئامادەی ڕێککەوتن و دان پێدانان و خۆبەدەستەوەدان و پێوەکردنی خەڵکی تر نەبوو، سەرەنجام ئەویش وەکو «جۆن پرۆکتەر» باجی قورسی هەڵوێستی مرۆڤانەی خۆی دایەوە، بەڵام ویژدانی نیمچە مردووی هەموو مرۆڤێکی هەڵخەڵەتاوی ئەمریکای لە خەو ڕاپەڕاند.

میللەر لەشانۆنامەیەکی دیکەی کە (٣١)ساڵ دوای (مردنی دێوەرەیەک) لەساڵی (١٩٨٠)دا نووسی بەناونیشانی (کاتژمێری ئەمریکی) هەمان کێشەی (خەونی ئەمریکی) کردۆتەوە بابەتی ئەو شانۆییە نوێیەی کە بەچەشنی ئەویتریان شانۆی ئەمریکی هێنایە هەژان و ویژدانی خەوتووی مرۆڤی ئەمریکی واگا هێنایەوە و چینی هەژارانی وڵاتەکەی لەو خەونە شیرینە ژەهراوییە بێدارکردەوە کە ئەمریکا وڵاتی خەونی خۆش نییە بۆ هەژاران و بۆ چەوساوەکانی دنیاش لە کابوسستان بەولاوە چیتر نییە.

**هەولێر - ٢٠٠٥/٤/٩**


**سەرچاوە:**

١- ئارسەر میللەر، مردنی دێوەرەیەک، و/ ئازاد حەمە شەریف، بغداد، دار الحرية للطباعة، ١٩٨٤.

2- Arthur Miller, The American Clock (London, 1982).

3- Azad Hamad Sharef, The Break-down of Family Relationships: A Study in Selected Plays of Arthur Miller and Tennessee Williams. M. A. Thesis, Baghdad University, 1983.



# ئارسەر میللەر و تراژیدیای مۆدێرن دراما ی«مردنی دێوەرەیەک» وەک نموونە *

و/ لە ئینگلیزییەوە: کاوە عەبدولکەریم شێروانی

جیاواز لە بۆچوونی تەقلیدی ڕیالیزم، ئارسەر میللەر لە «مردنی دێوەرەیەک ١٩٤٩»دا کە یەکێکە لە چاکترین دراماکانی، بەشێوەیەکی تر تراژیدیا دەناسێنێ. لە هەمان ساڵدا لە وتارێکدا بەناوی «تراژیدیا و مرۆڤی ڕەشوڕووت» مەبەستەکانی خۆی لەم درامایە ڕوون دەکاتەوە.

میللەر لەوەوە دەست پێدەکا کە هەست دەکا لەسەردەمی مۆدێرندا زۆر کەمتر تراژیدیا دەنووسرێ، چونکە زۆرجاران وا چاوەڕوان دەکرێ «مرۆڤ لەخوارەوەی تراژیدیا بێ- تراژیدیا لەسەرەوەی ئێمە بێ»، بەڵام میللەر پێی وایە: «پیاوی ڕەشوڕووت بابەتێکی زۆر گونجاوە بۆ تراژیدیا لە بەرزترین چەمکیدا، هەروەکو چۆن پاشاکانیش وابوون». کاتێک خودی تراژیدیا نەبێتە مەسەلەکە، میللەر دەڵێ: ئێمە هەرگیز پێی ناوێ لەوە دوودڵ بین کە هەمان پرۆسەی عاتیفی و هزری نەجیبزادەکان بۆ خەڵکی ڕەشوڕووتیش چارەسەر بکەین. ئەگەر توانا و تێگەیشتن لە تراژیدیا بەڕاستی تەنیا بابەتێکی پاشایانە بوایە، ئەوا خەڵکی ڕەشوڕووت قەت پەیوەست نەدەبوون بە تراژیدیا و لە زەینیاندا نەدەمایەوە. میللەر وای دەبینێ کەوا کاتێک ئێمە لەبەردەم کارەکتەرێکداین کە ئامادەیە دەستبەرداری ژیانی خۆی بێ و بمرێ بۆ ئەوەی هەیبەت و شکۆی کەسایەتی خۆی بپارێزێ، ئا لێرەدا هەستی تراژیدی لە ئێمەدا دەوروژێ. کەواتە تراژیدیا دەرەنجامی ئارەزووی کەسێکە کە دەیەوێ بەشێوەیەکی عادیلانە خۆی هەڵبسەنگێنێ.

تراژیدیا، ئەوەی پێی دەڵێن (خەوشی تراژیدی)، لە پاڵەواندا ئاشکرا دەکا، ئەمەش سیمایەکە تەنیا تایبەت نییە بە نەجیبزادەکان. میللەر پێی وایە ئەم خەوشە مەرج نییە لاوازی بێت، پتر لەوەی حەزنەکردنێکی سروشتییە بۆ بە پەسیڤ مانەوە لە ڕووی ئەوەی «پاڵەوانەکە» دەرکی پێدەکات لەبەرەنگاربوونەوە بۆ هەیبەت و شکۆ و پلەو پایەی ڕەوا و گونجاوی خۆی. ئەوانەی بەبێ هیچ ململانێ و چالاکییەک بە چارەنووسی خۆیان ڕازین، ئەوا بێ خەوشن، میللەر دەڵێ: زۆربەی خەڵک لەم جۆرەن.

ئەو ترس و تیرۆرەی کە تێکەڵ بە تراژیدیا دەبێت لەوەوە سەرهەڵدەدا کاتێک کەسەکە بە پێچەوانەی پلان و ئاراستەی شتەکان ڕەفتار دەکا و هەموو ئەو شتانەی پێشووتر، لە پرۆسەکەدا کوێرانە قەبووڵ کرابوون، لادەبرێن و دووبارە هەڵدەسەنگێنرێنەوە. لەم هێرشە بۆ سەر ئەم فەزایە جێگیرە، کەسەکە و جەماوەرەکەش هەست بەسۆزی تراژیدی و تیرۆر و ترس دەکەن.

لە هەمووی گرنگتر، میللەر دەگاتە ئەو ئەنجامەی، ئێمە لەم پرۆسەیەدا فێری شت دەبین و لەوەش دەترسین کە پایە و شوێنی خۆمان لەم جیهانەدا لەدەست بدەین، زیاتریش پیاوی ڕەشوڕووت ئەم ترسە بەقووڵی تاقی دەکاتەوە.

میللەر دووپاتی دەکاتەوە کەوا ئەگەر ئێمە ڕازی بین بەوەی تراژیدیا دەرەنجامی ئارەزووی مرۆڤ بێت بۆ ئەوەی بەشێوەیەکی عادیلانە خۆی هەڵبسەنگێنێ، کەواتە ئەم وێرانکارییەی کە لەم هەوڵەیدا پەیدا دەبێ، ئاماژەیە بۆ بوونی ئەهریمەنێک لە دەوروبەریدا، نەک لە خودی خۆی.

کەواتە تراژیدیا، ئارەزووی ئازادبوون بە پیرۆز ڕادەگرێ، ململانێی جێگیربوون و دووپاتکردنەوەی ئازادیش (ویستی وێران نەبووی مرۆڤ بۆ وەدەست هێنانی ئینسانیەتی خۆی) دەسەلمێنێ. بە پێچەوانەی پێناسەی گریکەکان، میللەر پێی وایە، دەبێ ئەگەری سەرکەوتن ئامادەیی هەبێ، ئەگەرنا ئاستەکەی دێتە خوارەوە بۆ ئاستی بەزەیی پێداهاتنەوە.

میللەر دەگاتە ئەو ئەنجامەی کەوا ئێستا کاتی ئەوە هاتووە شارستانیەتی مۆدێرن پاشاکان دابماڵێ و پەردە و دیواری تراژیدیا هەڵبگرێ و لە شوێنیدا لۆجیکی خۆی «دڵ و ڕۆحی پیاوی ئاسایی» دابنێ.

کورتە پلۆتێکی «مردنی دێوەرەیەک» (Plot sum-mary) هەرکە شانۆگەریەکە دەبێتەوە، ویلی لۆمان کە ماوەی (٣٤) ساڵە فرۆشیاری گەڕۆکە، تازە لە گەشتێک لەنیو ئینگلاند گەڕاوەتەوە. بە لێندای خێزانی دەڵێ کە لە ڕێگا ئەوەندە ماندوو بووە بەزەحمەت پێی کراوە تەرکیز بکاتە سەر لێخوڕین. دەربارەی کوڕە تەمەن (٣٤) ساڵانەکەیان پرسیاردەکات، کە پاش ئەوەی ماوەیەکی زۆر دوورکەوتبۆوە، تازە گەڕابۆوە ماڵ، ویلی بە خەیاڵ دەگەڕێتەوە ناو گەرمەی یارییەکانی تۆپی پێی (١٤)ساڵ بەر لە ئێستا، تیاڵیاندا بیف لە قوتابخانەی ئامادەیی سەرکەوتنی وەدەست دەهێنا، ئەوکاتانەی بیف لە زۆربەی زانکۆکانی وڵاتەوە ڕێپێدانی خوێندنی تۆپی پێی بۆ دەهات، بەڵام لەم ساڵەدا شتێکی چاوەڕوانەنکراو ڕووی دا، بیف لە ماتماتیک کەوت. ئەمە بوو پاشان هەرگیز لە ئامادەیی دەرنەچوو، هەرگیز نەیتوانی بەڵێن و ئاواتە بەرایییەکانی بێنێتە دی. پاشان هەر لە شانۆگەرییەکەدا دەبینین بیف دەچێتە بۆستن بۆ ئەوەی بە باوکی بڵێ لە ماتماتیک کەوتووە، چونکە زۆر موعجیب بوو بە ویلی باوکی، قەناعەتی وابوو کە لەگەڵ مامۆستای ماتماتیک بتوانن چارەیەکی بۆ بدۆزنەوە. بیف بۆی دەرکەوت کە باوکی گرفتێکی هەیە، پێی وابوو ئەم بیرۆکە هەڵەیە لەوانەیە ئابڕووی خێزانەکەیان ببات، بۆیە سەرکوتی کرد. بەمەش بیف هیچ متمانەیەکی بە ویلی باوکی نەما و لەو ڕۆژەوەش داخێکی زۆری لێ هەڵگرت.



ئێستا بیف هاتۆتەوە ماڵێ. خۆی و هاپی برای گفتوگۆیان لەسەر کارو پیشەی جۆراوجۆر کرد کە لەوانەیە گونجاو بن بۆ بیف. گەیشتنە ئەو بڕیارەی کە بیف دەبێ داوای ١٠,٠٠٠ دۆلار لەخاوەن کاری پێشوو بیل ئۆلیڤەر بکات، بۆ ئەوەی بتوانێ دەست بەکارێک بکات. پاشان ئەم پیلانەیان بە ویلی ڕاگەیاند، ئەویش لە وەڵامدا گوتی (برایانی لۆمان) پێکەوە دەتوانن دنیا داگیر بکەن. ویلی ڕوونی دەکاتەوە کەوا گرنگترین شت ئەوەیە مرۆڤ خۆشەویست بێ و کەسایەتییەکی سەرنج ڕاکێشی هەبێ. پاشان هەرسێکیان پلانێک دادەنێن بۆ ئەوەی ڕۆژی دواتر لەخواردنگەیەکی زۆر چاک یەکتر ببینن و ئاهەنگ بگێڕن.

ویلی زۆر دڵی بە پلانی کوڕەکانی خۆش بوو، بۆیە بڕیاری دا کە داوا لە هاوارد داگنەری خاوەن کاری ئێستای بکات بۆ گواستنەوەی بۆ ناوچەی نیوئینگلاند بۆ نیویۆرک. هاوارد ئەم داوایەی ویلی ڕەت دەکاتەوە و لەکارەکەشی دەری دەکا، بە بیانووی ئەوەی هەڵسوکەوتە نامۆ و هەڵەکانی زیانیان بە کۆمپانیا گەیاندووە. ویلی ئەم دەرکردنەی بە کەس ناڵێ و دەیشارێتەوە و لە بیرە خۆی دەباتەوە، دەچێتە لای چارلی هاوسێ و برادەری دێرینی بۆ ئەوەی ئەوەندە پارەی لێ قەرز بکات تا بتوانێ بیمەی دڵنیایی (insurance premium) بدات. دەبینین تا ماوەیەکی زۆر ویلی هەموو هەفتان (٥٠) دۆلاری لەچارلی قەرز دەکرد. پاشان بۆمان دەردەکەوێ کە هەتا لەلایەن لیندای خێزانیشی وای پیشان دەدا کە هێشتا مووچە و پلە و پایەی خۆی ماوە، لەکاتێکدا لە ڕاستیدا چەندین مانگ بوو مووچەی وەرنەگرتبوو. هەرچەندە چارلی کارێکی باشیشی لەنیویۆرک بۆ دەستەبەر دەکات، بەڵام ویلی ڕوونی دەکاتەوە و دەڵێ ناتوانێ بۆ چارلی کار بکات، پاشان دەچێتە خوارنگایەکە.

بیف و هاپی یەکتر دەبینن و بیف بەهاپی دەڵێ کەوا ژیانی هەمووی کەڵکەڵە و خەیاڵ بووە. بۆ هاپی ڕوون دەکاتەوە کە ئەو لە هەموو ئەو کارانەی کە هەیبووە خۆی دزیوەتەوە و دەیەوێ هەموو خەڵک، بەتایبەتی ویلی، تێبگا ئەو چیتر هیچ خەلاتێک بۆماڵ ناهێنێتەوە، بەڵام کە ویلی دەگاتە جێ، بە کوڕەکانی ڕادەگەیەنێ ئەو لەکار دەرکراوە و ئەوەش ڕەت دەکاتەوە گوێ لەدانپێدانانەکانی بیف بگرێ. ویلی واپیشان دەدا کەوا بیف بۆ ڕۆژی دواتر چاوپێکەوتنێکی تری لەگەڵ بیل ئۆلیڤەر هەیە، سەرەڕای دانپێدانانی بیف بەوەی کە لەوێ دەرکراوە بەهۆی دزینی

کارتۆنێک تۆپی سەبەتەوە. ویلی زۆر تووڕەبوو، خەریک بوو بتەقێتەوە. کاتێکیش ویلی هەڵستا بچێتە ئاودەست، بیف خواردنەکەی بەجێ هێشت و هاپیش خەریکی دوو ئافرەتان بوو وەکو ڕەفتاری هەمیشەیی خۆی- بەدوای ئارەزووەکانی خۆی کەوتبوو، ویلی کە دێتەوە سەر مێزەکە دەبینێ بە تەنیا جێیان هێشتووە.

پاشان هەر لەم شەوەدا، بیف دەگەڕێتەوە ماڵەوە و دەبینێ کە باوکی (ویلی) خەریکی چاندنی چەند تۆوێکە لە باخچەی پشتەوە و لە هەمان کاتدا لەگەڵ (بێن)ی برای کە لەمێژە مردووە، قسان دەکا. بیف بۆ ویلی ڕوون دەکاتەوە چاکترین ڕێگە ئەوەیە کە خێزانەکەیان هەڵبوەشێتەوە جارێکی تر یەکتر نەبیننەوە. جارێکی تریش ڕوونی دەکاتەوە کە ئەو (پیاوێکی ڕەشوڕووتە) نەک ڕابەری خەڵک، بەڵام ویلی دیسان ئەوە ڕەت دەکاتەوە کە قسەکانی بیف بە ڕاستی وەرگرێ. بیف خوای نامینێ و بەسەر ویلیدا هاوار دەکات: بۆ تێناگەی ئێمە لە ڕاستیدا کێین؟ ویلی وا بیر دەکاتەوە کە بیف هێشتا ئەو منداڵەیە هەردەم پێویستی بەو هەیە و هەربۆیە لە کۆتاییدا دەگاتە ئەو بڕیارەی خۆی بکوژێ بۆ ئەوەی (٢٠,٠٠٠) دۆلارەکەی پارەی بیمەی دڵنیایی بۆ بیف بەجێ بێڵێ، تا بتوانێ بەهۆیەوە جارێکی تریش هەڵسێتەوە و ببێتەوە کوڕە سەرکەوتووە مەزنەکەی جاران. ویلی پیلانەکەی جێبەجێ دەکات، بەڵام لە ڕێوڕەسمی بەخاک سپاردنی دەبینین وەکو پیاوێکی لەیادکراو، تەنیا ژمارەیەکی کەم لە خێزانەکەی و برادەرانی تازیەبار بوون.

### پێکهاتەی درامایەکە

پێکهاتەی شانۆگەرییەکە نائاساییە، بەشێکی لە ڕێگەی مێشک و یادەوەری ویلی لۆمانەوە گێڕراوەتەوە. کاتەکە لەنێوان ساڵی (١٩٤٢) و ساڵی (١٩٢٨) دەگۆڕێ، جەماوەر دەبێ ئاگای لەجیاوازی کاتەکان بێ. بۆ ئەوەی ئەمەش وەدەست بێ، کات و شوێن (Setting) دەبێ بە شێوەیەکی ورووژاو بەکاربێ. کاتێک کردارەکە لە ئێستادا بێ (١٩٤٢)، کارەکتەرەکان تێبینی هەموو دەرگا و دیوارەکان دەکەن، بەڵام هەرکە کاتەکە دەگۆڕێ ئەوا کارەکتەرەکان بەربەستە فیزیکییەکان فەرامۆش دەکەن و بەناویاندا دێن و دەچن. ئامرازێکی تری پیشاندانی گۆڕانی کات میوزیکە. هەرکە کاتەکە دەگەڕێتەوە بۆ ڕابردوو، فلووتمان هەیە، وەبیرهێنەرەوەی باوکی ویلی و گەنجێتی لە دەست چوو؛ زریکەی میوزیکی کاروبارەکانی ویلی؛ میوزیکی خۆشی



دەستکەوتەکانی ڕابردووی کوڕەکان. هەروەها بۆ پیشاندانی گۆڕانی کات ڕەفتاری کارەکتەرەکانیش دەگۆڕێ. لەکاتی ئێستادا ویلی وەکو پیاوێکی ماندوو و هیلاک کوور بۆتەوە، بەڵام لە فلاشباکەکاندا (ڕابردوو) زۆر بەهێز خۆی ڕاگرتووە. بەهەمان شێوە بیف و هاپیش دەگۆڕێن، لە ڕابردوودا وەکو دوو لاوی تازە پێگەیشتوو و تەڕپۆش وەدەردەکەون. پێکهاتەی سێتەکە لە خزمەتی ناوەڕۆکە (theme) سەرەکییەکانی شانۆگەرییەکەدایە، کەڵکەڵە و خەیاڵ لەبەرامبەر حەقیقەت ئەوە نیشان دەدا کە چۆن ویلی کەڵکەڵە و خەیاڵی ڕابردووی هەڵگرتووە بۆ کاتی ئێستا (ڕانەبردوو)، بەتایبەتی لەوکاتەی داوا لە برا مردووەکەی خۆی «بێن» دەکات بۆ ئەوەی ڕێی پیشان بدات.

### مۆتیڤە دووبارەبووەکان

#### قەرزەکان

ویلی و لیندا لەبەر ئەوەی نەیاندەتوانی هەموو ئەوشتانەی حەزیان لێیە دەستەبەری بکەن، زۆر شتیان بە قست دەکڕی، پاشان پێش ئەوەی قستەکان تەواو بێن شتەکان دەشکان. ئەوان بە بەردەوامی قەرزدار بوون، ببوونە قوربانی پڕوپاگەندە و ڕێکلامی «باشترینی هەموو شتەکان». مۆتیڤەکە لەوکاتەدا دەبێتە تراژیدیا کاتێک ویلی دوا قستی خانووەکەی، بەهۆی خۆکوشتنییەوە، وەدەست دێنێ و هەموو قستەکانی خانووەکە دەدات. ئەمە لەدوا میوزیکی ئارامی مردووەکان (Requim)دا کورت کراوەتەوە.

### سەرنجراکێشانی کەسی/ خۆشەویست بوون

ویلی پێی وابوو بۆ ئەوەی تاکێک سەرکەوتووبێ، نابێ هەر تەنیا خۆشەویست بێ، بەڵکو دەبێ زۆریش خۆشەویست بێ، ویلی بڕیار دەدا وا بێ، پاش ئەوەی لەگەڵ دێوەرەیەک بەناوی دێڤی بێ هاوتا ڕووبەڕوو دەبێتەوە، کە زۆر خۆشەویست بوو و زۆربەی ڕێز لێ دەگیرا، دەیتوانی بچێتە هەر شارێک حەزی لێ بوایە، هەرکە تەلەفۆنەکەی هەڵبگرتایە، داوای هەرچی بکردایە جێبەجێ دەبوو، پیاوێکی هیچ و بێ بایەخ کە مردیش خەڵک لە هەموو لایەکەوە بۆ ڕێوڕەسمی بەخاک سپاردنەکەی هاتن. ویلی بڕیار دەدا ئەمەیە ئەو بۆ خۆی و بۆ کوڕە خۆشەویستەکەی بەدوایدا دەگەڕا. ئەو لەمە نەدەگەیشت بۆ دەبێ کوڕێک بەم کەسایەتییە سەرنجراکێشەی وا دۆڕاو بێ؟ ئێمە بۆمان ڕوون دەبێتەوە کە ویلی بەهۆی بیرۆکەی کەسێتی سەرنجراکێشەوە پاساو

بۆ زۆربەی هەڵە و تاوانە ئاشکراو ڕوونەکانی کوڕەکە دەهێنێتەوە: ویلی هەرزوو بە بیف دەڵێ زۆر ئاساییە ئەگەر تۆپێکی دزیوە، چونکە ئەو کەسێکی زۆر خۆشەویستە. لە ڕێوڕەسمی بە خاک سپاردنەکەی بۆمان دەردەکەوێ، سەرەڕای ئەو بیروباوەڕانەی، زۆر خۆشەویست بوون، گرەنتی سەرکەوتن و خۆشی نەدایێ و ژیانی ویلیش لەسەر بنچینەی چەند خەونێکی درۆ وەستابوو.

### دزی کردن

ئێمە لە شانۆگەریەکەدا دەبینین بیف خۆی لە هەموو ئەوکارانەی هەیبوو دەکێشایەوە و تەواوی نەدەکرد، ویلی باوکیشی پاساوی بۆ دزییەکانی دەهێنایەوە گوایە ئاساییە، چونکە لەلایەن کەسێکی خۆشەویستەوە ئەنجام دەدرێن، ئەم مۆتیڤە دراماکە دەگەیەنێتە لووتکە، چونکە کاتێک بیف لە کاتی چاوپێکەوتنەکە قەڵەمەکە لە بیل ئۆلیڤەر دەدزێ، ناچار دەبێ لەگەڵ ئەوە ڕووبەڕوو بێتەوە کە خۆی دزە. ئەمەش، لە شوێنی خۆیدا وای لێدەکا حەقیقەتی خۆی ببینێ و هەوڵ بدا کەسایەتی خۆی بۆ باوکی ڕوون بکاتەوە.

### گرنگی بۆ نیوئینگلاند

ویلی لەسەرەتادا ئەوە ڕەت دەکاتەوە بۆ نیویۆرک بگوازرێتەوە، چونکە پێی وایە ئەو بۆ نیوئینگلاند زۆر گرنگە، بە ڕوون و ئاشکرایی ئێمە دەبینین ئەو بۆ کۆمپانیایەکە لەمپەرە، بەڵام لەبەر ڕێزی تایبەتی خۆی بۆ خۆی، بە بەردەوامی پێی وایە ئەو بەردی بناغەی فرۆشتنەکانی نیوئینگلاندە، بەڵام پیلانی گواستنەوەکەی قەت نابێ جێبەجێ بێ، چونکە ئەمە وا لە ویلی دەکات بۆی دەربکەوێ ئەو نە لێرە و نە لەشوێنێکی تر گرنگ نییە. ناتوانێ ڕووبەڕووی ئەم ڕاستییە ببێتەوە ئەو نە جەماوەری هەیە و نە خۆشەویستە و نەبرادەریشی هەیە. زۆر بە ئاسانی دەکەوێتە ناو ڕەوشەکە، چونکە ئەمە یارمەتی دەدا بۆ ئەوەی خودی خۆی (شانازیکردن بە خۆی) بنیادبنێ، لێرەدا هەست بە زەوتکردن و نکۆڵی کردن لە گرنگییەکەی دەکات کاتێک لەدەرەوەی دەرگا داخراوەکان چاوەڕوانی فەرمان دەکات. کاتێکیش هاوارد دەری دەکات، ئەو پێویستی بە پێکهێنانی خەیاڵ و کەڵکەڵەی تر هەیە، بەڵام ئەو جیهانەی ئەو بۆ خۆی دروستی کردووە، ئەوەندە مەحاڵە ناچار دەبێ زیاتر و زیاتر بۆ خەیاڵ و کەڵکەڵەکانی پاشەکشێ بکات. کاتێکیش خۆی ئامادە دەکات بۆ خۆکوشتن بەسەدان



دێوەرە و فرۆشیار دێنێتە پێش چاوی خۆی کە بۆ ڕێوڕەسمی ناشتنەکەی دێن، بەڵام کەسیان نەهاتن. ئەم مۆتیڤە قسە لەسەر خەیاڵ و کەڵکەڵەکانی ژیانی ویلی دەکات و چۆن ئەمانەی گواستۆتەوە ناو ژیانی واقیعیشی بۆ ئەوەی بتوانێ بەردەوامی، بەکاری وەڕسکەری ڕۆژانەی خۆی بدات، کاتێکیش دووپاتکردنەوە و پاراستنی خەیاڵەکە دەبێتە کارێکی ئەستەم ژیان بۆ ئەو هیچ پاساوێکی نامێنێ.

### دەورەدران

باشترین وێنەی بەرجەستە بتوانێ حاڵەتی ناوەوەی ویلی وەسف بکات، وێنەی یەکێکی داخراوە، ویلی هەتا زیاتر هەست بە لە قاڵبدان و دەورەدان بکات زیاتر هەست بەوە دەکات پێویستی بەوە هەیە بە دەستەکانی خۆی کارێک بکات، بۆ ئەوەی شتێکی بەرجەستە و ماددی بۆ خێزانەکەی بەجێ بهێڵێ. ئەمە لە دیمەنی یەکەمی شانۆگەرییەکە پیشان دراوە، کاتێک ویلی قسە لەسەر ئەوە دەکات خانووەکەیان بە ئەپارتمانی گەورەی چواردەوریان دەورە دراوە، بەشێوەیەک چیتر تیشکی خۆریان ناگاتێ و ناشتوانن هیچ لە باخچەکەیان بڕوێنن. پاشان هەستی پێکردووە، بەڵام کاتێک بیف پێشنیاری ئەوە دەکات لۆمانەکان پێویستیانە لەدەشتێکی کراوەدا چیمەنتۆ بگرنەوە (واتە: لەخاڵی سەرەتاوە دەست پێبکەنەوە- وەرگێڕ) ویلی ئەوە ڕەت دەکاتەوە. ئامادەش نییە دان بەم ڕاستییە بنێت و لەوەڵامیشدا دەڵێ: «هەتا باپیریشت لە دارتاشێک باشتر بوو» (چونکە بیف لە دارتاشیش سەرکەوتوو نەبوو- وەرگێڕ) ئێمە بەدرێژایی شانۆگەرییەکە دەبینین ویلی لەشاردا بە تەواوی دەورە دراوە و لە قاڵب دراوە، تەنیا ڕێگەیەکیش بۆ دەرچوون مردنی خۆیەتی. پاش مردنیشی، کوڕەکانی شایەنی ئەم قوربانییە نەبوون و ویلیش بۆ هەتا هەتایە لە پارچە زەویەکی بچووک لە قاڵب درا.

### کات

«دارەکان وا دەسووتێن» کاتێک ویلی دەڵێ «دارەکان وا دەسووتێن» مەبەستیەتی ژیان وا دەرگاکانی بەڕوودا دادەخا و چیتر کاتی ئەوەی نەماوە ئەو شتانەی پێی وابوو پێی دەکرێ جێبەجێیان بکات. ئەمە پێچەوانەی وێنەی زەینی ویلییە بۆ برا مردووەکەی (بێن)، ئەو دەڕوا بۆ ئەوەی ڕووبەڕووی جەنگەڵی ژیان ببێتەوە و ببەزێنێ. بێن لە تەمەنی (١٧) ساڵیدا چووە ناو جەنگەڵەکە لەپاش چوار ساڵان بە دەوڵەمەندی هاتە دەرەوە. ویلی بۆ



خودی خۆی زۆر حەزی لەمەبوو ژیان ببەزێنێ نەک ژیان ئەو ببەزێنێ. لەبەر ئەوە ژیان بۆ ویلی جەنگەڵێکە نەیتوانی بیبڕێ و پاشان بوو بەدارە سووتاوەکان و لەکۆتایشیدا بەسەر ئەودا داخرا. تا لەدواییدا کاتەکە بۆ ئەو زۆر کەم بۆوە و بەرەو شەوەزەنگی چوو، جەنگەڵەکە بوو بەتاریکی مردن، ویلیش پێی وابوو بە خۆکوشتن دەتوانێ بیبەزێنێ.

### بێن برای ویلی

بێن نیشانەی هەموو ئەو شتانەیە ویلی حەزی لێبوو. بێن، بە پێچەوانەی ویلی، سەرکەوتنی داراییە، هەروەها بێن وا پیشان دراوە دڵڕەق و سارد و قۆرخکەرێکی بێ ڕەحم بێ، ئەو لایەنێکی تری خەیاڵ و کەڵکەڵەکانی ویلی دەنوێنێ، چونکە لەکاتێکدا ویلی ڕەتی دەکردەوە و نەیدەویست بێن ببینێ، بەڵام لە هەمان کاتدا سەرکەوتنە داراییەکانی بەدڵ بوو.

### فلووت

شانۆگەرییەکە بە میوزیکی فلووت دەکرێتەوە و دادەخرێ. ئێمە بەشێوەیەک لە شێوەکان لە ڕێی شانۆگەرییەکەوە بۆمان ڕوون دەبێتەوە باوکی ویلی فلووتی دروست کردووە و فرۆشتووە. هەروەها باوکیشی دێوەرە بووە، بەڵام بە جیاوازییەکی زۆر گرنگ: ئەو شتانەی ویلی دەیفرۆشتن، خەڵکی تر دروستی دەکردن؛ بەڵام ئەو شتانەی باوکی دەیفرۆشتن بۆ خۆی دروستی دەکردن. بە پێچەوانەی ویلی، باوکی پیاوێکی زۆر سەرکەش بوو.

هەربۆیە لە کۆتاییدا فلووتەکە گاڵتە بە ویلی دەکات، بەوەی نەیتوانیوە بە جورئەت و ئازا بێ، ئاماژەشە بۆ ئەو کەڵکەڵە و خەیاڵانەی جیهانی ویلیان کۆنترۆڵ کردبوو.

### گۆرەوییەکان

لیندا گۆرەوی پینە دەکات و پێدەچێ بە بەردەوامیش جلوبەرگ بشوا، ئەمە نیشانەی ئەوەیە کە لە یەک کاتدا دایک و خێزانیش بوو، بەڵام لەڕووبەڕوو بوونەوەکانیدا نەیتوانیوە یارمەتی ویلی بدات. زۆر لەسەر لیندا نووسراوە: هەندێک دەڵێن ئەویش بە قەدەر ویلی مێردی تاوانبارە، چونکە وای کردووە ویلی وابەستە بێ بە کەڵکەڵە و خەیاڵەکانی؛ هەندێکی تر دەڵێن ئەو وەکو پاڵپشتێک بووە بۆ ویلی، توانا و هێزی بەردەوام بوونی لەکارەکانیدا پێ بەخشیوە. پینەکردن وێنەیەکی زەینییە ویلی بەخانمەکەی خۆی داوە، بەلایەنی کەمەوە ویلی دەیەویست بە بیف نیشان بدا کە ئەو پێویستی بە پاڵپشتی لیندا نییە بۆ گوزەران کردنیان. لەبەر ئەوەی گۆرەوییەکان سیمبولن بۆ دوو شت: کەسایەتی لیندا و تاوانەکانی ویلی.

### لاوازبوون

هاپی کوڕێکی فەرامۆش کراوە و تائێستا زۆربەی گرنگی پێدانەکان بۆ بیف بوون، لەبەر ئەوەی جێگای سەرسوڕمان نییە کە هاپی ویل (باوکی) لە خواردنگاکە بەجێ بێڵێ، چونکە ئەو بەم شێوەیە مامەڵە لەگەڵ ویلی دەکات کە ئەو مامەڵەی لەگەڵ کردووە، ئەو باسی لاوازبوون و کەمکردنی کێشی دەکات وەکو هەوڵێک بۆ سەرنجڕاکێشانی دەوروبەر، کاتێک خۆی دەکەوێنێ و پێکوتێ دەکات بۆ ئەوەی ڕاستی مەسەلەکە پیشان بدا و بڕوای پێبکەن، بەڵام کەس گرنگی پێنادات. بەهەمان شێوە لە حاڵەتێکی زۆر گرژ و ناهەمواردا ڕایدەگەیەنێ کەوا دەیەوێ ژن بێنێ، ئەمە هەمووی بۆ ئەوەی گرنگی پێ بدرێت. جێگای سەرسوڕمانیش نییە ئەگەر ئەو کوڕێکی ڕووکەش بێ و خۆی تەنیا بۆ ئافرەتان تەرخان بکا.

### ستایلی میللەر

میللەر دەیەوێ تراژیدیا لەسەر شێوازی ئەمریکی دابڕێژێتەوە، بە بەکارهێنانی پیاوی ڕەشوڕووت (Lo-man) وەکو پاڵەوان نەک شێوە پاڵەوانی تەقلیدی نەجیبزادەکان. سەرەڕای ئەمەش شێوازی بنەڕەتی قسەی (گوتار) ئەمریکی بەکاردەهێنێت و لە فرێزەکاندا دایاندەڕێژێتەوە، بۆیە لە مێشکماندا دەمێننەوە، وەکو ئەو بەستانەی کە دووبارە دەبنەوە، بۆ نموونە وەکو فرێزی (He is not liked but well liked) دیمەنەکانی ئێستا (کاتی ڕانەبردوو) ئاستێکی پتەو و توندوتۆڵیان بە گوتارەکان بەخشیوە، لەکاتێکدا دیمەنە ڕابردووەکان تێبینی و لێدوانی خۆش و ئاسانن.

*** تێبینی:**

(١) ئەم تایتڵەی سەرەوە سێ تایتڵی تێکستەکەیە من لێکم داون.

(٢) تایتڵی (مردنی دێوەرەیەک)م لە وەرگێڕانەکەی (ئازاد حەمە شەریف) وەرگرتووە.



# میللەر لەنێوان دەقی شانۆیی و ژیانی تایبەتیدا

سابیر سەمیح بن عامر
و/ ئەیاد خالید

ئارسەر میللەر نووسەری ناوداری شانۆیی کە لە شەوی پێنجشەممەی ڕێکەوتی (٢٠٠٥/٢/١٠) لە تەمەنی (٨٩) ساڵیدا کۆچی دوایی کرد، بە یەکێک لە کەڵە نووسەرەکانی شانۆی نوێی ئەمریکی، هەروەها بە هاوسەری ئەکتەری ناودار و سومبولی جوانی و وروژاندن لە سینەمای ئەمریکیدا مارلین مۆنرۆش دەناسرێ.

میللەر لە سەردەمی مەکارسییەتدا یەکێک بووە لە داواکراوان لە لایەنی حکومەتەوە و لە دیارترین داکۆکیکارانی ئازادییەکان بووە، کە بە هەموو شێوەیەک گشت کردارەکانی چەوساندنەوەی ڕەت دەکردەوە و لە هەمان کاتیشدا بانگهێشتی بۆ ڕەخساندنی شانۆ دەکرد لەبەردەم جەماوەردا. میللەری خاوەن شانۆگەری ناودار (مردنی فرۆشیارێکی دەسگێڕ) لە (١٩١٥/١٠/١٧)دا لە دایکبووە. باوکی، بەرگدروویەکی هەژار بوو لە سەردەمی هەرەسی ئابووری لە ئەمریکادا. میللەر لە زانکۆی میشیگان خوێندوویەتی و دەستی کردووە بە نووسینی شانۆکانی و لە هەمان کاتیشدا لە یەکێک لە کارگەکاندا کاری کردووە، بەڵام دواتر توانیویەتی بژێوی ڕۆژانەی خۆی لە ڕێگای بڵاوکردنەوەی نووسینەکانی دەسکەوێت، بەتایبەتیش لە نووسینی ئەو سیناریۆیانەی کە بۆ ڕادیۆ دەینووسین. یەکەمین بەرهەمی بە ناوی (ئەو پیاوەی کە خاوەنی هەموو بەختەوەرییەکە) بووە و لە ساڵی (١٩٤٤)دا نووسیویەتی و لە سەر شانۆی برۆدوای پێشکەش کراوە، لە ساڵی دواتریش شانۆگەری (هەموو ڕۆڵەکانم) خەڵاتی (Drama critics circle)ی بە دەست هێنا، لە ساڵی (١٩٤٩)دا شانۆگەری (مردنی فرۆشیارێکی دەسگێڕ) هەردوو خەڵاتی (Bolitears, Drama critic awardes)ی بەدەستهێنا.

میللەر لە پەنجاکاندا کە سەردەمی مەکارسییەت بوو، بە لایەنگیری و ئەندامبوونی لە ڕێکخراوێکی کۆمۆنیستی تاوانبار دەکرا، بۆیە لە ساڵی (١٩٥٣)دا ئەم تۆمەتەی لە ڕێگای شانۆگەری (تەنگژە) ڕەت کردەوە کە سەدایەکی فراوانی هەبوو. میللەر دەیگوت کە «هونەری نووسینی شانۆگەری لە ناخدا لەسەر بنەمای مامەڵەکردن لەگەڵ کاتدا دەبێت بە شێوەیەک کە هەموو شتەکان دەبێت چڕ ببنەوە». لە ساڵی (١٩٥٦)دا میللەر هاوسەرێتی لەگەڵ ئەکتەری سینەمایی ناودار (مارلین مۆن)دا کرد،کە دواتر لە ساڵی (١٩٦١)دا سیناریۆی فیلمی (بێ مێشکەکان)ی بۆ نووسی کە لە دەرهێنانی (جۆن هیوستن) بوو.

هەندێک لە لێکۆڵەرەوان ئەم هاوسەرێتییەیان بە گۆڕانکارییەکی گەورە لە ژیانی (مارلین مۆنرۆ)دا ژمارد، بگرە بە هۆیەکی سەرەکیش بۆ مردنی کە شتێکی

چاوەڕواننەکراو بوو، کاتێک (مارلین مۆنرۆ) شووی بە نووسەر و سیاسەتمەداری ئەمریکی (ئارسەر میللەر) کرد ئەوا بە نامۆترین هاوسەرێتی ئەو سەردەمە ناسرا، چونکە بەیەکگەیشتنی ڕەمزی جوانی لەگەڵ ڕەمزی هزرێکی بیرمەند لەم کاتەدا شتێکی نائاسایی بوو. دوای ماوەیەکی کەم (مارلین) خۆی خستە نێو ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتی. ئەمەش وایکرد کەوا نزیک بێتەوە لە سەرۆکی ئەو کاتەی ئەمریکا (جۆن کێندی)، ئەنجامی ئەم نزیکبوونەوەیەش پێوەندی لە نێوان (مارلین) و (جۆن کێندی) لێکەوتەوە کە بووە هۆی پەیدا بوونی گەلێک ململانێ و هۆکاری سەرەکی مردنی (مارلین)یش بوو.

هاوسەرێتی میللەر لەگەڵ مارلین، وای لە مارلین کرد، سەرقاڵی خوێندنەوەی زانستە ئەدەبی و سیاسییەکان بێت، بەڵام کەس گوێی بۆ نەدەگرت، چونکە ئەو بەلای خەڵکەوە ڕەمزی جوانترین ئافرەت بوو. مارلین لە هەوڵیدا بۆ تێکەڵبوون بە ژیانی کۆمەڵایەتی و گۆڕینی وێنەی (ئافرەتی وروژێنەر) لە بەرچاوی خەڵکی، دەستیکرد بە دەربڕینی بۆچوونەکانی لەبارەی کێشەکان، بۆیە هەڵوێستی سیاسی لەبارەی کێشەکانی ئەو کاتەی ڕادەگەیاند، لە سەر ئەم بنەمایە، ڕەتکردنەوەی خۆی دەربڕی دژ بە هەڵوێستی ئەمەریکا سەبارەت بە کێشەی ڕۆکیتە ڕوسییەکان لە کوبا و پشتگیری خۆی بۆ مافە مەدەنییەکانی ڕەشپێستەکان و مافەکانی کرێکاران لە ڕووبەڕووبوونەوەیاندا لەگەڵ خاوەن کار و سەرمایەدارەکاندا دەربڕی، لێرەوە سەرەتای ململانێکانی لەگەڵ حکومەتدا دەستی پێکرد کە بە کەسێکی کۆمۆنیستیان دانا و چاوەڕێی ئەنجامدانی هەڵەیەکیان لێدەکرد.

مارلین پێش مردنی بە چەند ڕۆژێک ڕایگەیاند کە ئەو ڕاستییانەی پەیوەستن بە هەوڵی کوشتنی سەرۆکی کوبا (ڤیدل کاسترۆ) دەدرکێنێ، کە دواتر لە ڕێگای دۆکیومێنتەکانەوە دەرکەوت، دەزگای هەواڵگری ئەمریکی و حکومەتیش دەستیان لە مەسەلەکەدا هەیە. بەر لەو کۆنگرە ڕۆژنامەوانییەی کە مارلین بە تەمای سازدانی بوو لە (٨)ی ئابی ساڵی (١٩٦٢)دا، (ڕۆبەرت کێندی) برای جۆن کێندی سەردانی کرد و لەم سەردانەدا دەستدرێژی کردە سەری و لێیدا، لە ئەنجامدا مارلین گوێزرایەوە نەخۆشخانە و دواتریش مرد. هەواڵی ئەم ڕووداوەش تەپس کرا تا ئەو کاتەی ڕۆبەرت کێندی شاری جێهیشت و بە نهێنیشەوە تەرمەکەی گوێزرایەوە ماڵەکەی خۆی، هەروەها هەموو ڕاپۆرتەکانی پۆلیسیش



شاردرانەوە. ئینجا هەواڵی مردنی مارلین، ڕاگەیەنرا بەوەی کە لە سەر جێگای خەوتنی و بە ڕووتی خۆی کوشتووە.

دوای جیابوونەوەی ئارسەر لە مارلین، دووبارە ئارسەر لە ساڵی (١٩٦٢)دا لەگەڵ ئافرەتێکی وێنەگری نەمساوی (ئینجیبۆرگ مۆراس) بووە هاوسەر کە ئەویش لە ساڵی (٢٠٠٢)دا و لە شاری نیویۆرک مرد. ئارسەر باوکی دوو کوڕە لە خێزانی یەکەمی (ماری گریس سلاتیری) کە لە ساڵی (١٩٤٠)دا هاوسەرێتی لەگەڵدا کردبوو و دوو کوڕی تریشی لە خێزانە نەمساوییەکەی هەیە.

میللەر وەک مرۆڤ و هزر یەک ناوەڕۆکە و جودا نابێتەوە. ژیانی میللەر پڕ بووە لە گۆڕانکاری و بەسەرهات بە هەر دوو لایەنی تایبەتی و پیشەییەوەی، پڕ بووە لە هەرەسهێنان و سەرکەوتن، بەڵام لە کۆتاییدا ناوبانگێکی فراوانی بەدەست هێنا.

ژیانی میللەر دوو لایەن دەگرێتەوە، لایەنی یەکەم بریتییە لەو هەموو بەسەرهات و ڕووداوانەی کە بەسەریدا تێپەڕیون لە سەرەتای دەرکەوتنی وەکو نووسەری شانۆیی، هەروەها چیرۆکی خۆشەویستی لەگەڵ جوانترین و وروژێنەرترین ئافرەتی جیهان و بەرگریکردنی لە هەژاری و چەوساندنەوە. لایەنی دووەمیش بریتییە لە چەندین گاڵتەپێکردن و دژایەتیکردنی لە لایەن کەسانێکەوە کە خۆیان بە ڕەخنەگر دەزانی، ئەمەش بووە هۆی ئەوەی، میللەر بۆ ماوەیەک لە ژیانی شانۆ دوور بخرێتەوە. دوای دابڕانێکی زۆر و بۆ یەکەم جار لە مانگی نیسانی (١٩٩٤)دا بەرهەمێکی تری ئارسەر میللەر لە سەر شانۆکانی برۆدوای پێشکەش کرا لە ژێر ناوی (شووشە شکاوەکە) و بۆ ماوەی (١٤) ساڵ مایەوە و نمایشەکەی هەر بەردەوام بوو، وەکو چۆن (مارتن گۆتفرید)ی نووسەر دەڵێت ئەمە ماوەیەکی زۆر درێژە بۆ پێشکەشکردنی یەک شانۆگەری. لە هەمان ماوەشدا میللەر دەستی کرد بە نووسینی گەلێک شانۆگەری تر، لەوانە (دابەزین بۆ خوارەوەی چیای مۆرگان) کە سەرەتا لە لەندەن پێشکەش کرا. هەروەها شانۆیی (دواهەمین ئەمریکی) کە لە دەرەوەی برۆدوای پێشکەش کرا.

گۆتفریدی نووسەر سەرەتای چەوساندنەوە و دوورخستنەوەی میللەر لە ژیانی گشتیدا دەگێڕێتەوە بۆ ساڵی (١٩٧٢) کە هەمان ساڵی بەرهەمهێنانی شانۆگەری (دروستکردنی جیهان و کارەکانی تر) بوو کە تەنیا دوای (٢٠) نمایش وەستێنرا. ئینجا دێتە سەر

باسی گەڕانەوەی میللەر بۆ ژیانی ئاسایی و چۆن دواهەمین شانۆگەری بە ناوی (ژیاندنەوەی خەمۆکدار) توانرا لە شاری نیویۆرکدا پێشکەش بکرێت لە سەر شانۆی (جۆسری) لە (میناپۆلس). میللەر ساڵێک بەر لە مردنی هەوڵی هاوکاریکردنی (گۆتفرید)ی نووسەری دەدا. ئەم نووسەرە یەکێک بوو لە جەنگاوەرە کۆنەکانی ئەمریکا و ڕەخنەگری شانۆییشە. گۆتفرید دەڵێ «میللەر کە زانی لە کتێبەکەم سەبارەت بە ژیانی ئەو باسی هاوسەری یەکەم و خێزانەکەی دەکەم ، یەکسەر پاشگەز بۆوە». هەروەها گۆتفرید دەڵێ: «میللەر وایدەزانی، من تەنیا باس لە شانۆگەرییەکانی دەکەم، لە کاتێکدا دەمویست لایەنی کاریگەری بەرهەمەکانی بە سەر ژیانی خۆیدا دەربخەم، ئەوەش ئەوە دەگەیەنێ کە بچمە ناو وردەکاری ژیانی تایبەتی ئەو». نووسەر وەسفی ئەو حاڵەتە دەکات کاتێک کە لە میللەری پرسی «بۆچی هەموو ئەکتەرە ئافرەتەکان هەوڵی لاساییکردنەوەی مارلین مۆنرۆ دەدەن لە فیلمی (دوای ڕووخان)دا؟» کاتێ کە ئەم پرسیارەم لێکرد میللەر پرتە پرتێکی کردو گوتی: «ڕاستە.. ئەوە تەنیا لاساییکردنەوەیە». سەرەڕای ئەمەش، میللەر ڕێی بە گۆتفرید دا کەوا بە ناو ئەرشیفیدا بگەڕێت بەدوای هەر شتێک ، بتوانێ سوودی لێ ببینێ بۆ نووسینی کتێبەکەی. گۆتفرید لە کتێبەکەی بەردەوام هەوڵی وەسفکردنی کەسایەتی میللەر دەدات بەوەی کە زوو هەڵدەچوو و زۆر جاریش دەستقایم بوو و هەندێ جاریش زۆر کەسێکی لە خۆ بەخش بووە. سەرەڕای ئەوەی کە نەزانراوە ئەو ڕەتی هیچ قازانج وەرگرتنێکی کردبێتەوە، هەروەها نووسەر بەردەوام دەبێت لە وەسفکردنی لایەنە خراپەکانی کەسایەتی میللەر بەوەی کە کەسێکی خۆویست و بێ متمانە بووە و حەزی بە خۆ دەرخستن کردووە لە ڕووی ئەخلاقییاتەوە، هەروەها گوایە، ماسیگرێکی پلە دووش بووە.

یەکێک لە ڕەخنەگران دەڵێت: (ئەم وتارە بەر لە مردنی میللەر بڵاوکرابۆوە) نووسینی کتێب لەبارەی ژیان و بەسەرهاتی کەسێک کە لە ژیاندابێت ڕەنگە تێگەیشتنێکی هەڵە دروست بکات لە بەر گەلێک هۆکار، چونکە گەر هاتو کەسەکە ئامادە نەبوو گفتوگۆ لە سەر لایەنێکی ژیانی بکات ئەوا نووسەر ناچاردەبێت پەنا بباتە بەر لێکدانەوەی خۆی بۆ مەسەلەکە، بۆ نموونە گەر بێتو لە مەسەلەی هاوپەیمانێتی میللەر لەگەڵ توندڕەوە چەپەکان بکۆڵینەوە، ئەوا هیچ نهێنییەکی نەشاردبۆوە بەوەی کە ئامادەی کۆبوونەوەکانی ئەندامانی



پارتی کۆمۆنیست بووە، بەڵام بەردەوامیش دەیگوت کە ئەو ئەندام نییە لەو پارتە، ئەم لۆژیکەش یەکناگرێتەوە لەگەڵ ئەوەی کە گۆتفرید باسی لێوە دەکات و دەڵێت: «گەر میللەر ئەندام بێت یا ئەندام نەبێت لەم پارتە، ئەوا مەسەلەیەکە قەت یەکلایی نابێتەوە، سەرەڕای هەبوونی چەند گومانێک کەوا ئەو ئەندام بووبێت». بوونی وشەی گومان لەم قسەیەدا وای لە دەرهێنەری ناوداری جیهانی (ئیلیا کازان) کرد کەوا بە نهێنی میللەر بە گرت بدات. کازان خۆی بەکرێگیراوی حکومەت بوو، هەستی بە پەشیمانی نەدەکرد لە بە گرتدانی هاوکارێکی خۆی لە چەپڕەوەکان و گەیاندنی ناویان بۆ لێژنەی مەکارسی (لێژنەیەکی تایبەت بوو بە چالاکی غەیرە ئەمریکییەکان). هەروەها دەستەواژەکەی گۆتفرید وەڵامێکی ناڕوونی هاوڕێیەکی میللەری تێدایە کاتێ پرسیاری میللەر و پێوەندی میللەر لەگەڵ شیوعییەکانی لێ دەکرێت و دەڵێت: «هیچ بەڵگەیەکی لەسەر نەسەلمێندرا».

دیسانەوە گۆتفرید ورد نەبووە کاتێک باس لە خۆشەویستی و ژیانی هاوسەرێتی میللەر دەکات کە ڕۆژانێک ناجێگیر بووە، بەڵام وا دیاربوو کە ژیانێکی ئاسوودەی بەسەردەبرد لەگەڵ (ئێنجی مۆراس) تاوەکو مردنی لە ساڵی (٢٠٠٢)دا. ماوەی نائارامی لە ژیانی هاوسەرێتی میللەر ئەو کاتە بوو کە مارلین مۆنرۆ هاوسەری بوو کە (١٠) ساڵی خایاند، لەم ماوەیەدا مارلین دوو جار تووشی لەبارچوونی منداڵ بووە ، میللەر ئەو پێوەندییەی بە پێوەندییەکی خۆشەویستی پچڕ پچڕ و ناجێگیر دادەنا. بێگومان میللەر باس لە بۆچوونی خۆی دەکات سەبارەت بەم پێوەندییە لە سەربوردەی ژیانیدا کە لە ساڵی (١٩٨٧)دا نووسیبووی و ناوی نابوو «بەندەکانی زەمەن». گۆتفرید سوودی لەم سەربوردەیە وەرگرتووە بۆ نووسینی ڕۆمانەکەی کە تایبەتە بە ژیانی میللەر. باشترین بەش لەم کتێبە ئەوەیە کە باس لە شانۆگەرییەکان و ئەوەی لە پشت پەردەوە ڕوویاندەدا دەکات. ڕاستی ئەوە دەردەخات کە شانۆگەری (مردنی فرۆشیارێکی دەسگێڕ) نزیک بوو لە هەرەسهێنانی دارایی، تا ئەو کاتەی سەرمایەدارێک پشتگیری کرد و داوای کرد ماوەی پێشکەشکردنەکەی کورت بکرێتەوە و ئەو دیکۆرانەی کە تەعبیریان لە واقیع دەکرد بگۆڕێت، هەورەها (کێرمت بلومگاردن)ی بەرهەمهێنیش ویستی ناوی شانۆگەرییەکە بگۆڕێت و بیکاتە (سەربەست و ڕوون)، بەڵام هەر خودی کێرمت ڕەخنەی لە

هەیکەلییەتی ئاڵۆزی شانۆگەرییەکە دەگرت بەوەی کە ڕەنگدانەوەیە بۆ سەردەمی فیکری (ویلی بلۆمان و کانمیللەر)، بۆیە کێرمت دەڵێ: «بگرە ئەو کەسانەی کە زۆر پەیوەستن بە شانۆوە، ناتوانن پێشبینی هەرەسهێنان، یاخود سەرکەوتنی ئەو شانۆگەرییانە بکەن لە ڕێگای خوێندنەوەی دەقەکان». بەوەش ئەو وەڵامی پرسیارێکی باو دەداتەوە لە کاتی هەرەسهێنانی شانۆگەرییەک و ئەویش: چۆن کەسێک دەتوانێ بیر لەوە بکاتەوە کە ئەم شانۆگەرییە شانۆگەرییەکی باش نابێت؟

گۆتفرید تیشک دەخاتە سەر باکگراوندی شانۆگەری (بەوتەقە - ١٩٥٣)، بە تایبەتیش لێزانیی دەرهێنەرەکەی (جید هارس). حەبکە خەیاڵییەکەی شانۆگەرییەکە لە سەدەی (١٧) وەرگیرابوو لەبارەی (سالمی فالچی). ئاماژە پێکردنەکەی بۆ لێژنەی مەکارسی لەم شانۆگەرییەدا گفتوگۆی زۆری لێکەوتەوە وەکو چۆن ڕاگەیاندنە پێچەوانەکانی میللەر سەبارەت بەم مەسەلەیە وتووێژی زۆری لێکەوتەوە. لێپرسینەوەی میللەر لەلایەن لێژنەی مەکارسییەوە لە ساڵی (١٩٥٦)دا کە تێیدا لاسایی (میلرجون بروکتوری) پاڵەوانی شانۆگەری (بەوتەقە)ی کردەوە، گوتی: «ویژدانم ڕێم پێنادات کە ناوی کەسێکی تر بەکاربێنم»، دواتر ئەم دەستەواژەیە بووە وتەیەکی میللی باو لەناو خەڵکی، جۆتفرید ڕاستی دەکرد کاتێک کە گوتی: «میللەر لە ئەوروپا ڕێزی زێتری لێدەگیرا، وەکو لە ئەمریکا»، بەوەی کە سەنتەرێک بەناوی ئارسەر میللەر کرایەوە لە شارۆچکەی نۆریتش لە دەرەوەی لەندەن، هۆی ئەمەش ئەوە نییە کە ئەو بە بۆچوونی جەماوەرە ئەوروپییەکان نووسەرێکی شانۆگەری ئەوروپییە، بەڵکو چونکە ئەوان بە سیفاتە ئەمریکییەکەیەوە خۆشیان دەوێت.

میللەر کەسێک بوو کە زۆر حەزی بە پاراستنی خسوسییەتەکانی خۆی دەکرد و مەیلی بە خۆ ئاشکراکردنی نارِوون دەکرد لە ناو نووسینەکانی خۆی و لە سەر شانۆشدا، هەرگیز حەزی نەدەکرد خودی خۆی دەرکەوێت، لەبەرئەوەی میللەر هاوکاری گۆتفرید نەبوو لە نووسینی بەسەرهاتەکەی ژیانیدا، ئەمە بووە هۆی ئەوەی کە گۆتفرێد کۆمەڵێک ڕاو بۆچوونی خۆی دەربخات و ئەو بابەتانەشی کە میللەر حەزی بە باسکردنیان نەبووە خۆی هەڵیانسەنگێنێت و حوکمیان لەسەر بدات، لەگەڵ ئەو هەموو نەهامەتییەی کە میللەر تووشی بوو لە ژیانی خۆیدا، کەچی توانی بە سەریاندا زاڵ بێت و بیانکاتە



سەرکەوتنێکی بەهێز بۆ بەرهەمە ئەدەبییەکانی. وەکو چۆن گۆتفرید دەڵێت: «گەلێ هۆکار هەن کە وام لێدەکەن بەسەرهاتی ژیانی میللەر بگێڕمەوە... میللەر ڕەمزێکی بێ وێنەیە و گوزارشت لە سەردەمی خۆی دەکات، ژیان و کارە کلاسیکییەکانی میللەریش هەردەم لەسەر لاپەڕەکانی مێژوو دەمێننەوە. لە کۆتاییدا خوێنەر دەگاتە ئەنجامی ئەوەی کە میللەر ژیان و بەرهەمەکانی دوو شتن لێک جیا نابنەوە، سەرەڕای نکۆڵی کردنی میللەر لەم شتە. لەوەش سەیرتر هەریەک لە ژیان و بەرهەمەکانی میللەر کاریگەرییەکی زۆر توندیان بەسەر یەکترەوە هەبووە، بە ڕای شیکەرەوە دەروونییەکان، میللەر کارەکانی خۆی بۆ گەیشتن بەم پێوەندییە بەکارهێناوە بەتایبەتیش کە ئەم حاڵەتە لە هەردوو جاری بە هاوسەربوونەکەیەوە بەرچاو دەکەوێ، بۆ نموونە لە یەکەم بە هاوسەربوونی و جوودابوونەوەی لە هاوسەرەکەی، دەکرێ لە ناوەرۆکی شانۆگەری «دیمەنێک لەسەر پردەوە» بچوێنین، یاخود وەک ئەوەی کە لە شانۆگەری (بەوتەقە)دا ئاماژەی پێدەکات لەوە دەچێت وەکو سەرچاوەیەک بێت بۆ هێرشکردنی میللەر بۆ ئەوانەی دژایەتی شیوعییەت دەکەن.

میللەر بەر لە ساڵی (١٩٥١)دا قوتابییەکی فەرامۆشکراوی کوڕی پیاوێکی نیمچە خوێندەوار، بەڵام سەرکەوتوو لە بواری دوورینی جلوبەرگی ئافرەتان بوو. دواتر لە زانکۆ زیرەکایەتی خۆی سەلماند و بەرهەمی زۆر ناوداری نووسی. میللەر بۆ دەیان ساڵ درامای زۆر بەهێزی لەسەر شانۆکان پێشکەش کرد، بەڵام پێدەچێ تاوەکو ئێستا کەس نەیتوانیبێت بەسەرهاتی چڕ و ڕاستەقینەی میللەر بگێڕێتەوە کە زۆرترین بەشی بۆ خەڵکی ڕانەگەیەنراوە تا ئەو کاتەی مردیش.

**سەرچاوە: ئینتەرنێت.**



# ئارسەر میللەر.. نیو سەدە لە یاخیبوون

ئا: دیار عەزیز شەریف

بە مەرگی شانۆنووسی ناوداری جیهانی ئارسەر میللەر بزاوتی ڕۆشنبیری و ئەدەبی جیهانی و ئەمریکی بەتایبەت یەکێک لە دوایین دەنگە ڕەخنەیی و دەگمەنەکانی خۆی لەدەست دا، ئەو دەنگەی لە ڕێی داهێنانی شانۆگەرییەوە پەردە لە ڕووی زۆرداری هەڵدەداتەوە و بە وشەی «نا» بەڕووی سیستەمی سەرمایەداری وەستایەوە. لە بەرامبەریشدا داهێنەری نێو ماڵی شانۆ هەموو جۆرە ئیغرائات و شوێن و پلەوپایەی بەرزی ڕەت کردۆتەوە و هەمیشە باوەڕە هزرییەکانی خۆی لە سەرووی بەرژەوەندییە ماددی و ڕۆژانەییەکان داناوە. ڕەخنەکانی میللەر زیاتر لە بەرەنگاربوونەوەی خەونی ئەمریکی چڕ دەبنەوە، بۆیە زیاتر لە نیو سەدە بیروڕاکانی سەبارەت بە مەترسییەکانی هەژموونی دەسەڵاتی ئەمریکی خستۆتە ڕوو.

ئارسەر میللەر لە شاری نیویۆرک لە ١٧ی ئۆکتۆبەری ساڵی (١٩١٥) لە خێزانێکی مامناوەندی لە دایک بووە، بەڵام بۆ تەواوکردنی خوێندنی ناچار بووە کاری زۆر قورسی ڕۆژانە بکات. میللەر داتەپینی ئابووری بینی کە لە ساڵانی (١٩٢٤ - ١٩٢٩) جیهان بەگشتی و ئەمریکا بەتایبەتی پێیدا تێپەڕی، بەهۆی بوونی وشیاری هەر لە زووەوە مەسەلە کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکانی خەڵک وای لێکرد لە فیکری چەپ نزیک ببێتەوە. یەکەم شانۆنامەیەک نووسیبێتی «ئەو پیاوەی بەخت یاوەریەتی» لە ساڵی (١٩٤٤) بوو، ئەمەش لەو کاتەی خەریکی خوێندن بوو لە زانکۆی میتشگان، بەم شانۆگەرییە خەڵاتیش کرا. دەقی «ئەو پیاوەی بەخت یاوەریەتی» لە ڕووی داهێنانی دەقی شانۆیی مەزن دەروازەیەکی بەسەر میللەردا کردەوە، لە ماوەی چوار ساڵدا ژمارەیەکی زۆری تەمسیلی بۆ تەلەڤزیۆنەکان نووسی، لە ساڵی (١٩٤٧) لە سایەی شانۆگەری «هەموویان ڕۆڵەی منن» خەڵاتی ڕەخنەگرانی درامای لەسەر باشترین شانۆگەری وەرزی ئەمریکی بەدەست هێنا، ساڵێک دواتر بەهۆی شانۆگەری «مردنی دێوەرەیەک» خرایە نێو لیستی باشترین شانۆنووسەکانی ساڵی (١٩٤٨ - ١٩٤٩).

هەندێک لە ڕەخنەگران پێیان وایە میللەر ئەڵقەی نێوەندی نێوان کولتووری نەتەوەییە کە لە دامەزراندنی ئۆنیل و ئۆدیتسە لەگەڵ کولتووری جیهانی کە لای چیخۆف و برناردشۆ دەبینرێت.

میللەر لەساڵی (١٩٤٠) لەگەڵ ماری سالاتری کە هاوڕێی خوێندنی زانکۆیی بووە، هاوسەرگیری دەکەن و کوڕ و کچێکیان لە یەکتری دەبێت، بەڵام لە (١٩٥٦) دەستیان لەیەکتری بەرداوە. هاوسەرێتی دووەمی لەگەڵ

ناودارترین ئەکتەری جیهانی ئەو ڕۆژگارە «مارلین مۆنرۆ» بوو، بەڵام لەویشیاندا سەرکەوتوو نەبوو، بۆیە لە ساڵی (١٩٦٠) لەیەکتری جیابوونەتەوە. هاوسەرێتی لەگەڵ ناودارترین ئەکتەر کاریگەرییەکی زۆری بەسەر ژیان و بەرهەمە شانۆییەکانی جێهێشتووە، ئەمەش لە زۆربەی شانۆگەرییەکانیدا هەست پێدەکرێت، بەتایبەتی لە شانۆگەری «دوای هەرەس». دوا هاوسەرگیری لەگەڵ ئەنجی موراس فۆتۆگرافیستی نەمسایی کردووە و ژیانیان بەختەوەر بووە و ماوەی چل ساڵ لە تەک یەکدا ژیاون.

بەهۆی هەڵوێستە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکانی و پشتگیریکردن لە مافەکانی مرۆڤی زوڵم لێکراو میللەر لەلایەن دەسەڵاتدارێتی ئەمریکی دوچاری لێپرسینەوە هاتووە. گرنگترین ڕووداویش لەم بارەیەوە ئەوکاتە بوو کە حکوومەتی ئەمریکی ڕێگەی بە میللەر نەدا سەفەری وڵاتی بەلجیکا بکات کە دەیویست لەوێ شانۆگەری «بودەقە» نمایش بکات، بیانووی دەسەڵاتیش پشتیوانیکردنی میللەر بوو لە شیوعیەت. لەبەر ئەوە میللەر وتارێکی لە گۆڤاری «نەتەوە»دا بڵاوکردەوە بەناونیشانی «پێشنیازێکی سادە و ساکار بۆ هێورکردنەوەی جۆش و خرۆشی گشتی».

ئارسەر میللەر شانۆنامەیەکی زۆری نووسیوە کە لە سایەیانەوە ئەو کەسایەتییانەی نمایش کردووە کە ڕاوبۆچوونی جیاوازیان لە بارەی سیاسەت و کۆمەڵگا و ئابووری و ژیان هەبووە، لەم میانەیەشدا جەختێکی سەرەکی لەسەر ژیانی مرۆڤ دەکاتەوە وەکو تاکەکەسێک، چونکە وای دەبینێ لە واقیعی ئێستای سەردەمی ماددیدا هەستەوەری کۆمەڵیی کە شانۆگەری گریکی ناساندوویەتی، بوونی نییە، بەپێچەوانەوە مرۆڤ سەرقاڵی خەمە فەردییەکانی خۆیەتی، هەر بەتەنیاش بەدوایانەوەیە. هەموو شانۆگەرییەک بە حیکمەتێک دوایی دێت کە پێشکەشی خوێنەر، یان بینەر دەکرێت، لە شانۆگەری «ئەو پیاوەی بەخت یاوەریەتی» پوختەی بیرۆکەکەی ئەوەیە (مرۆڤ پێویستە باوەڕی بەوە هەبێت کە خۆی خاوەنی ژیانی خۆیەتی لەسەر زەوی و ئەو گەڵایانە نییە کە دەخرێتە ناو پیاڵەی چای، یان ئەستێرەش نییە). شانۆگەری «هەموویان ڕۆڵەی منن» وێنەی پیاوێکی ئاسایی سەرگەردان دەکێشێت کە لەنێو جیهانێکی بێ بەهادایە و جیهانێک مرۆڤ لە بەرامبەر ئەویتردا هەست بەهیچ بەرپرسیارێتییەک ناکات! لە شانۆگەری «مردنی دێوەرەیەک»یشدا مەبەستیەتی (ئەو



شتە لای مرۆڤ ئاشکرا بکات کە ناتوانێت بەسەر ئەو هێزانەدا زاڵ بێت کە ژیانی ئاراستە دەکەن، کاتێکیش ئەو هەستەی سەبارەت بەو بەهایە نییە کە ئەو جۆرە زاڵبوونە دێنێتە کایەوە).

پاشان لە دووتوێی شانۆگەری «دوژمنی گەل»دا قەیرانی مرۆڤی دیموکراتیک دەخاتەڕوو کە چۆن لە وڵاتەکەی بۆی دەردەکەوێت کە ڕێسای گشتی پاک و بێ گەرد نییە. لە شانۆگەری «بودەقە» کە بەهۆیەوە ڕێگەی سەفەری بەلجیکای لێ گیرا، ئەمەش بەو بیانووەی کە لەنێو «بودەقە»دا هێرشی کردۆتە سەر مەکارسیەت و ئاماژەی بە پرسی دەسەڵاتگەرێتی پۆلیسیانە بەسەر هزر و ڕای ئازاد لە وڵاتدا کردووە. لە شانۆگەری «یادی ڕۆژی دووشەممە» ئیشی لەسەر کێشەی کرێ و برسییەتی کردووە. لە شانۆگەری «دیمەنی سەر پردەکە» سەرقاڵبوون بە ئارەزووە ئاژەڵییەکان و ناوازەی سێکسی لای مرۆڤی خستۆتەڕوو لەگەڵ بیرۆکەی هەستکردن بەتاوان ئەو کاتەی مرۆڤ دەکەوێتە داوی ئەو دوو ئارەزووەوە، هەروەها چۆن مرۆڤ بەدەست ئەم هەستە گوناهبارییەوە دەناڵێنێ و خودی خۆی ئاشکرا دەکات و پێوەندییەکانی لەگەڵ ئەویتر دیاری دەکات.

دوای چەند ساڵێک لە بێدەنگی، لووتکەی کارەکانی لە شانۆگەری «دوای هەرەس» بەرجەستە بوو، کە لە ساڵی (١٩٦٤) پێشکەشی کرد و پرسی هزری مەزنی تێدا تەرح کردووە «ئایا مەعریفە هەموو شتێکە؟» کە دەزانین و بەختەوەر دەبین، ئێمە بە باخچەیەک لە باخچەکانی میوەجاتی پلاستیکی و دار و درەختی ڕەسمکراو دەگەین، ئەمەش بەهەشتێکی درۆزنە، بەڵام دوای هەرەس بە زۆر ڕەنگی مەرگ دەگەین. کەواتە مەعریفە هەموو شتێکە؟ میللەر جەختی کردۆتە سەر «بێ بەریبوون» وەک تەوەرێکی سەرەکی کە لە چاوپێکەوتنێکی ڕۆژنامەنووسی ڕوونی دەکاتەوە (مەبەست لە بێبەری بوون کوێربوونی مرۆڤە لەو پاڵنەرانەی کەوا دەیجووڵێنن و ئەو کردەوانەی کە لێیەوە سەرهەڵدەدەن. شتێکی زۆر ترسناکە مرۆڤ وا هەست بکات کە بوونەوەرێکی بێبەرییە، لەبەرئەوەی ئەو هەستە دەبێتە هۆی دروستبوونی سەرجەم کارەساتەکان، ئێمە زۆربەی جار لە سایەی بێبەری بوونەوە لەیەکدابڕانێک لەنێوان کردەوە تایبەتییەکانمان و خودی خۆمان کە ئەگەری توندوتیژی بەردەوامی بەدواوەیە دەبینین). لەم شانۆگەرییەدا میللەر بەوە تۆمەتبار کرا کە ئەم دەقە ژیانی خودی خۆیەتی لە



ماوەی ژیانی هاوسەرێتی لەگەڵ مارلین مۆنرۆ، بەڵام هەموو ڕەخنەگران وای بۆ دەچن کە بوونی ئەو شانۆگەرییە مەزنترین ڕووداوە لە مێژووی شانۆی ئەمریکی و پێگەیشتووترین شانۆگەرییەکانی میللەریشە.
بەپێچەوانەی داهێنەرانی دیکە ئەو کاتەی میللەر لە ژیاندا مابوو، ڕەخنەگری ئەمریکی مارتن گۆتفرێد کتێبێکی لەسەر ژیاننامەی میللەر نووسیوە، لەوێدا بەسەرهاتی ژیانی بەسەر دوو بەش دابەش دەکات، بەشی یەکەم ئەو ڕووداوانە دەگرێتەخۆ کە شانۆنووسی ناودار لە سەرەتای سەرکەوتنی لەم بوارەدا و چیرۆکی خۆشەویستی بۆ چەندین کچ و هاوکات مەیدانخوازی لە بەرامبەر قەهر و ستەمکاریدا. لە بەشی دووەمدا میللەر دوچاری دوژمنایەتی و گاڵتە پێکردنی ئەو ئاژاوەچیانە دەبێتەوە کە ناویان لەخۆ نابوو ڕەخنەگر تا لە مەیدانی شانۆ دووری بخەنەوە. دوای ونبوونێکی درێژ بەنمایشکردنی شانۆگەرییەکەی (شووشە شکاوەکان) لەسەر تەختەی شانۆی بوس لە نیویۆرک لە نیسانی (١٩٩٤) یەکەمجار بوو دوای ١٤ ساڵ دووبارە میللەر لەسەر تەختەی شانۆگەرییەکانی برودوای ئیشێکی نوێ پێشکەش بکات. هەر لەهەمان ڕۆژگاردا ئارسەر میللەر چەندین شانۆگەری دیکەی نووسیوە وەکو (ئەمریکییەکی دیکە) کە لە دەرەوەی برۆدوای نمایش کرا.
گۆتفرێد ڕای وایە سەرەتای چەوساندنەوەی میللەر و دوورخستنەوەی لە ژیانی گشتی لە ساڵی (١٩٧٢) دەستپێدەکا، ساڵی بەرهەمهێنانی شانۆگەرییەکەی (دروستکردنی جیهان و کارەکانی دیکە) کەوا دوای بیست جار نمایشکردن دەرگای بەسەردا داخرا. لە کتێبەکەیدا گۆتفرێد باس لە گەڕانەوەی نووسەری شانۆیی دەکات بۆ نێو دنیای داهێنان ئەو دەمەی دەقی (ژیانەوەی خەمۆکی) لەسەر تەختەی شانۆی جوسری لە میناپولس نمایش کرا. گۆتفرێد دەڵێ کاتێک میللەر زانی گەرەکمە ژیانی هاوسەرێتی و خێزانیشی بنووسمەوە ، یەکسەر دەستی کێشایەوە، چونکە ئەو مەزەندەی ئەوەی دەکرد کە من تەنیا تیشک بخەمە سەر کارە شانۆییەکانی. لەبەرئەوە میللەر واقی وڕما ئەو کاتەی پرسیاری ئەوەم لێی کرد بۆچی لە فیلمی دوای هەرەس ئەکتەرەکە هەوڵدەدات بچێتە بەرگی کەسایەتی مارلین مۆنرۆ؟ وێڕای ئەمەش دواجار میللەر ڕازی بووە گێرەڕەوەی ژیانی لە ئەرشیفی بپێچێتەوە. گۆتفرێد بەم جۆرە وەسفی کەسایەتی ئەو دەکات: میللەر بەدەست گرفتی زوو هەڵچوونەوە گیرۆدەیە و هەندێک جار دەستبڵاوە و هەندێک جاریش بەپێچەوانەوە، یەکێک لە عەیبەکانی ئەوەیە کەسێکی خودپەرستە.
یەکێک لە ڕەخنەگران دەڵێت نووسینەوەی بەسەرهاتی ژیانی کەسێک کە لە ژیندا مابێت، لەبەر زۆر هۆکار بەلادا دەچێت، ئەو کاتەی کە کەسایەتییەکە نایەوێت گفتوگۆ لەسەر ژیان و کاتە زۆر تایبەتییەکانی بکرێت، ئەو دەمە نووسەری ژیاننامەکەی ناچارە هانا بباتە بەر خەملاندن. بۆ نموونە ئەگەر ئەو هاوپەیمانێتییەی نێوان میللەر و چەپی توندڕەومان خوێندبێتەوە، ئەوا هیچ گومانێک لە ئەندامێتی ئەو لە حیزبی شیوعی نامێنێت، کەچی گۆتفرێد لە کتێبەکەیدا نەیتوانیوە ئەوە یەکلابکاتەوە.
میللەر تا دواساتی ژیانی پەیوەست بوو بە هەڵوێستەکانی کە دژی زوڵم و قەهر و جەنگ وەستایەوە، هەروەها داکۆکیکەرێکی سەرسەختی دادپەروەری کۆمەڵایەتی و پارێزگاریکردن لە مافەکانی مرۆڤ بوو. هەر خۆی لە ساڵی (١٩٨٧) کتێبێکی لەسەر ئەزموونی ژیانی هونەری و ئەدەبی و ژیانی واقیعی خۆی نووسیوە لەژێر ناوی (کۆت و بەندەکانی زەمەن)، دەروونناسان پێیانوایە پێوەندییەکی پتەو لەنێوان کارەکانی و ئەزموونی ژیانی واقیعی خۆیدا هەبووە، ئارسەر میللەر (٨٩) ساڵ ژیا بەدرێژایی ئەو ساڵانەی کە لەنێو هونەری شانۆدا ئیشی کرد و سەرقاڵی داهێنان بوو بەهیچ شێوەیەک دەسبەرداری پرسەکانی پەیوەست بە ئازادی و دادپەروەری و مرۆڤایەتی نەبوو.

# بنەڕەتە فەلسەفییەکانی ڕێبازی ڕۆمانتیک

د. حەمید عەزیز
(کۆلێژی ئاداب - بەشی مێژوو)

(١ - ٢)

١- ڕێبازی ڕۆمانتیکی ڕێبازێکی ئەدەبی و هونەرییە لە کۆتایی سەدەی هەژدەهەمدا سەری هەڵداوە و لە سەدەی نۆزدەهەمدا تاوەکو دوای کۆچی دوایی فەیلەسووفی ئەڵمانی هێگڵ دەست بەکاربووە. ناوەکەی لە وشەی (ڕۆمان)ەوە وەرگیراوە گوایە ڕابەرانی ئەم ڕێبازە ڕۆمانیان بە چاکترین ڕێگا و ڕاستترین دەربڕینی بیرو بۆچوونی خۆیان و جیهانبینییە هونەری و فەلسەفییەکانیان داناوە. وشەکە لە خۆیدا وشەیەکی لاتینییە و مانای ئەندێشە و خەیاڵ دەبەخشێ، چونکە ئەم ڕێبازە بە پێچەوانەی قۆناخی ڕووناکبیری سەدەی هەژدەیەمەوە ژیر و ئەقڵیان پشتگوێ خستووە و پەنایان بردۆتە بەر ئەندێشە و خەیاڵ و هەست و سۆز و ناخی

تاکە کەسی. لەو باوەڕەشدا بوون کە هەست و سۆزی سروشتی مرۆڤ بەرەو چاکەکاری و ژیر مرۆڤ بەرەو هەڵە و تەفرەچوون دەبات، هەموو کارێک، بڕیارێک بۆچوونێکی مرۆڤ ئیتر بە هەر شێوەیەک بێت تا دەگاتە جیهانبینی فەلسەفە بنەمایەکی هەست و سۆزی هەیە و لە سەر بنچینەکەی دامەزراوە و کەوتۆتەوە.

وەک سەرەتا و بنەمای پەیدابوون، ژان ژاک ڕۆسۆ (١٧١٢-١٧٧٨ ز)ی فەرەنسی زمان بە ڕابەری گیانی ئەم ڕێبازە دادەنرێ بەتایبەتی لە کتێبی ئیمیل و بەندی کۆمەڵایەتیدا کە تێیدا بۆ "ئایینی سروشتی و ئازادی (تاکەکەسی) و هەست و سۆز بانگەشە دەکات و، ئەقڵ و ژیر بە پێویست دانانێ و ڕوو دەکاتە هەست و سۆز و ناخی دەروون" (١). بەلای ڕۆسۆوە هەموو مرۆڤێک کە لە دایک دەبێ و دێتە دنیاوە ئازادە، بەڵام هەلومەرج و ڕەوشە جیاجیاکان وەک کۆت و پێوەند دەچنە دەست و پا و گەردنییەوە، ڕاستە دامەزراندنی دەوڵەت وەک دەزگایەک بە بەندێکی کۆمەڵایەتییەوە بەندە، بەڵام ئەو هەموو ماف و دەسەڵاتەی پێی دەبەخشرێن، ڕادە و سنوور بۆ ئازادی تاکەکەسان دادەنێت و دەبێتە کۆسپ لەبەردەم بە تەواوەتی سەربەخۆیی ژیانی ئازادی تاکە مرۆڤ. لەکاتێکدا بزووتنەوەی ڕووناکبیری سەدەی هەژدەهەم بە چاوێکی ڕێزنەگرتنەوە سەرنجی هەست و نەست و ئارەزووی داوە و پلەوپایەی ژیری ئەوپەڕی بەرز و پتەو کردووە، لەلای ڕۆسۆو دواتر لەلای سەرجەمی ڕێبازی ڕۆمانتیک جارێکی تر هەست و سۆز کراونەتەوە سەرمەشق و جێگای شیاو و ڕەوای خۆیان پێ بڕاوەتەوە، ئەقڵ وەک ئامراز و توانایەک لە خواست و ئیرادە جیا کراوەتەوە و سەرنج بۆ ژیان و ئازار و هەست و ناخ و خۆشی و ناخۆشی بوونی مرۆڤ وەک تاکەکەس ڕاکێشراوە. بەلای ڕۆمانتیکییەوە پرۆسەی هەڵبژاردن و خواستن گرنگە و لە پێش پرۆسەی بڕیاردانی ژیرەکییەوە دێت. بۆیە کاری چاکە و خێر بەرامبەر بە زانین و بەدکاریی و شەڕ بەرامبەر بە نەزانین دادەنرێت. ئەم

هەڵوێستەی ڕێبازی ڕۆمانتیکی ئەنجامی لەبار و نالەباری لە ژیانی کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئایینی و تەنانەت جیهانبینی فەلسەفەدا هەبووە. تێزەی ئایینی ئوممەتی مەسیحی لە بەرامبەر ڕەوتی تاکەکەسی ڕۆمانتیکدا کەوتۆتە پاشەکشە، هەست و هۆشی نەتەوەیی هەر ناوچە و وڵاتێک بە جیا بەهێز بووە، جێگای ئوممەتی گرتۆتەوە، ژیر لە بواری لاهووتدا دوورخراوەتەوە و هەوڵ دراوە پشت ڕاست بکرێتەوە گوایە کە بڕوا (ئیمان) و ئایین و بوونی ڕەب هیچ پەکیان لەسەر ژیر و بەڵگەی پشت ئەستوور بە ئەقڵ نەکەوتووە، چونکە ئەمانە بریتین لە جۆرە هەست و قەناعەتێکی ناخی دەروونی تاکەکەسان، بڕواو باوەڕ بە دڵ و دەروون دەبێ نەک بە ژیر، مرۆڤی دیندار ئیماندارە و لە کاروباری بڕوا و ئایینیدا پێویستی بە ژیر نییە!

٢- سەرەتا و چۆنێتی پەیدابوونی ئەم ڕێبازەو لە چییەوە کەوتۆتەوە تەم و مژاوییەو ڕوون و ئاشکرا نییە، ئەوی پێوەندی بە ڕێبازی ڕۆمانتیکی ئەڵمانەوە هەیە هەندێک سەرچاوە لەو باوەڕەدان کە لودڤیگ تییک (١٧٧٣-١٨٥٣ز) شاعیر و شانۆنووسی وەک ڕابەر بەردی بناخەی تەلاری ڕۆمانتیکی داناوە. لە بەرهەمەکانیدا ئەدەب و فەلسەفە ئاوێتەی یەکتری بوون. جگە لەوەی وەک پردێکی بەیەکەوە بەستنەوەی لایەنە ئەدەبییەکانی سەردەمی خۆی و پاش خۆی دەورێکی کاریگەری گێڕاوە. هەندێ سەرچاوە لەو باوەڕەدان کە فەلسەفەی نهلستی لە بیرو جیهانبینی لودڤیگ تییک Ludwig tieck سەرچاوەی گرتووە. ناوبراو ساڵی ١٧٩٧ شانۆگەرییەکی نووسیوە لە ژێر ناوی Der gestiefelte kater کە لە شانۆگەریی (٢) ئاسایی زۆر جیاواز بووە، چونکە پشتی بە ڕووداوێکی فۆلکلۆری بەستووە، لە شانۆگەرییەکەدا زۆر بابەتی نائاسایی نیشاندراوە جگە لەوەی جەماوەری بینەرانیش خۆیان لە شانۆگەرییەکەدا بەشداربوون و ئنجا دوای ئەوەی شانۆگەرییەکە نوێنراوە و نیشان دراوە نووسەر و ڕەخنەگران بەرهەمەکەیان بە "شانۆگەریی لەناو شانۆدا" ناوبردووە (٣) ئەوەی لەم شانۆیەدا سەرنجی سەرجەمی بینەران و شانۆگەرانی ڕاکێشاوە پتر نا واقیعییەتی ڕووداوەکان بوو، هەروەک بەرهەمەکە لە خۆیدا نە بابەتێکی دیاریکراو نە کەرەسەیەکی ڕووداوەکانی هەبووبێ. بە واتایەکی تر کارەکە بریتی بووە لە چەند کێشە و بابەت و کارێک کە تاڕادەیەکی زۆر پێوەندییان بە یەکەوە نەبووە و تەنیا لە هەست و سۆز و دوور لە ئەقڵ و ژیرەوە سەرچاوەیان گرتووە. بابەتەکە تا ئەو ڕادەیە نا ئاسایی بووە بینەرانی خرۆشاندووە و ئەکتەرەکان حەپەساون چۆن بتوانن تا سەر ڕۆڵی خۆیان ببینن و گوایە هەراو هۆریا و دەنگ و ئاژاوە سەرتاپای هۆڵی شانۆکەی گرتۆتەوە. بابەتەکە لەسەر شێوەی گاڵتە پێکردن، ڕەخنەی لە زۆر شت گرتووە. قانوونی وەک خێوێکی دڕندە و ترسناک نیشان داوە. لە هەموو دیمەنێکیدا بێ مانایی و گاڵتەپێکردن و بەکەم زانین بەرچاو کەوتووە، بۆیە گاڵتەجاریی لێرەوە بە ئامرازی سەرەکی و بابەتی گشتی ڕۆمانتیک دانراوە. ئەو بابەتەی بینەران دێنێتە پێکەنین و گوایە هەست و هۆش لە کۆت و پێوەندە جۆراوجۆرەکان ئازاد دەکات، سەرەڕای گاڵتەکردن بە دابونەریت و شتی ئاسایی نێو کۆمەڵ ئەمەش لە خۆیدا پیرۆزیی لە هەموو شتێک دەستێنێتەوە، هەموو شتێک سیما و ناوەڕۆکی ڕێژەیی پێ دەبڕێ. هیچ شتێک نییە گۆڕان نەیگرێتەوە، هیچ شتێک نییە هەتا سەر پیرۆز و دەست ڕۆیشتوو بێ! مرۆڤ بە گۆشت و خوێن و دڵ و دەروون و هەست و سۆزەوە سەرپشکە و بگرە هەموو شتێکە.. مرۆڤ کەسایەتییەکی ئازادە، هیچ جۆرە سنوورێک توانا و ڕادەی کەسایەتی و هەست و سۆز و بیرکردنەوە و ئەندێشە داهێنەرەکەی قەدەغە و پاوان ناکات، تاک و تاکەکەس ڕاستەو ڕاستەقینەیە، کۆ، گەل، جەماوەر، مرۆڤایەتی، لە چەند تاکێکی تایبەتی و دیاریکراو بەولاوە نین (٤). ڕژێم و سیستەم و کۆ و کۆمەڵە لە چەند چوارچێوەیەکی وشکی بێ گیان بەولاوە نین کە ڕەنگی سنوور بۆ بوونی ناوەکی مرۆڤ دەڕێژن، بۆیە زۆربەی زۆری ڕۆمانتیکەکان لەو باوەڕەدابوون کە سیستەم، واتای لەناوبردنی مرۆڤ دەگەیەنێ و ئەقڵ و ژیر ئەگەر مایەی دەردەسەریی و بەدبەختی مرۆڤ نەبن، ئەوا هیچ جۆرە خێرو خۆشییەکی مرۆڤیان لێ ناکەوێتەوە، ئەقڵ و هەست و سۆز دوو لایەنی ناتەبای یەکترین، ئاژاوە و ڕێک و پێکی دوو لایەنی تەریبێکن و یەکێکیان ڕەسەن و ئەوی تریان ڕوخسار و دیاردە و ڕواڵەتە. بۆیە ڕابەری ڕۆمانتیکی ئەڵمان و شاسواری فەیلەسووفانی جوانناسی فرەدریش شلیگڵ وتوویەتی: هیچ شتێک نییە ئەوەندەی ئاژاوە و بێ سەروپایی ڕەسەن بێت (٥) ئەم هەڵوێستەی ڕۆمانتیکییەکان جۆرە وێنەیەک لە مێشکدا ڕەنگ دەڕێژێ کە بریتی بێ لە ناکردن لە واقیعیەت و ڕیالیستی و لە جێگاکەیدا چەمک و کاتیگۆری شیاوەکی دادەنێن. ڕەخنەگرتن لە بوونی ڕیالیستییانەی واقیع بەمەبەستی چاککردن و گۆڕینی بەرەو باشتر و پڕ کردنەوەی کەلەبەر و باشکردنی

لایەنە ناڵەبارەکانی کارێکی ئاساییە و دەرگای سەرەتایەکی داهێنەرانە دەخاتە سەر پشت. بەڵام ناکردنی واقیع، ناکردنێک پشت لە ئەقڵ و ژیر بکات و پشت بە هەست و سۆزی ناخ ببەستێت، هەست و سۆزێک کە سەرگەرمی ڕزگاربوون بێت لە بنەماکانی ژیر، ئەو ژیرەی کە بەردی بناخەی ژیانی شارستانی مرۆڤی داناوە، خۆی لەخۆیدا لە ناکردنێکی ناواقیعییانەی بێ سەرو بەر بەولاوە نییە. هەست و سۆز کاتێک دەکرێ بکرێن بە سەرپشک ئەگەر لە سەرچاوەی ژیرەوە هەڵقولابن و ئەو تەلارە دامەزرێنن کە ئەندازیارەکەی ئەو ژیرە بێت کە مێژووی پەرەسەندنی مێژووی ئەو شارستانییەتە بووە کە هیگڵی حەپەساندووە. بۆیە من بە دووری نازانم کە دەرکەوتن و لەدایک بوونی ڕۆمانتیک وەک بزووتنەوەیەکی ئەدەبی متوربەکراو بە بیروبۆچوونی ڕێبازێکی تایبەتی فەلسەفە لەسەرەتاوە هۆی هەڵوەشاندنەوەی خۆی وەک گەرا و ولۆولە تێدا بووە. بگرە هەر ڕێبازەکە خۆی نەک فاکتەرە دەرەکییەکان هۆکاری سەرەکی نەمانی خۆی بووە.

٣- گومان لەوە ناکرێت کە ڕۆمانتیک وەک بزووتنەوەیەکی ئەدەبی بە هەموو لق و بابەتەکانیەوە لە سەردەم و دەوروبەرێکی دیاریکراودا چرۆی کردووە. سەردەمێک بزووتنەوەی ڕووناکبیری و ئەقڵ وەک سەرمەشق و ئامرازی سەرەکی لە گۆڕەپانی ژیان و بیردا باو بووە. شارەکانی ئەوروپا بەرەو گەورەبوون و زەبەللاحی ڕۆیشتوون، کۆمپانیا و فابریک و سنعات لە برەودا بوون. بۆیە مرۆڤ لە ڕاستی دوور ناکەوێتەوە کە بڵێ، ڕۆمانتیک و ڕووناکبیری، پەرەسەندنی شار و بازرگانی و سنعات، لە ژینگەی تایبەتی و دیاریکراودا سەریان هەڵداوە و لەلایەک تەواوکاری یەکتری و لەلایەکی تر جۆرە ناکردنی یەکتری بوون. ڕۆمانتیکی کۆتایی سەدەی هەژدەهەم بزووتنەوەیەک بووە زۆر لە ڕووناکبیری جیاواز بووە، ئێمە چ لە بابەت و ناوەڕۆک چ لە ڕوخسار و ئامرازی تایبەتی خۆیدا ئەگەر یەکەمیان هەڵوێستی ئاشنا و دۆستانەی هەبووبێ بەرامبەر بەو دیاردانەی ناومان هێنان، ئەوا ئەم بزووتنەوە ئەدەبییە دەکرێ وەک لە سەرەتاو سەرهەڵدانیدا تاوەکو ئەو کاتەی خەت و خاڵی داوە بە دژە بزووتنەوەیەکی ڕووناکبیری و گەورەبوونی شار و پاشەکشێ کردنی لادێ و سروشتی ساکار و برەوکردنی سنعات و فابریک و بازرگانی و گەشەکردنی سەرمایە(٦) دابنرێت.

ڕاستە لە نێو شاری گەورە و پڕ فابریک و کارگەدا مرۆڤ وەک تاک تارادەیەک ون دەبێ و هەست و سۆز لەلایەنی شتی ترەوە دەکەونە بەر پاڵەپەستۆ و لە چاو شتی تر کە دۆخی نوێی ژیان بایەخی پێ بەخشیون، دەخرێنە دواوە، بەڵام هیچ نکۆڵی لەوە ناکرێ کە لەگەڵ گەورەبوونی شار و خەت و خاڵدانی بازاڕ و بازرگانی و سنعات، فیودالیزم گلۆڵەی کەوتە لێژی و هەست و نەستی نەتەوەیی سەری هەڵداوە و جارێکی تر ڕوو لە سروشت و هەست و نەست و مرۆڤ وەک مرۆڤ کراوە و بەپێی بارودۆخی نوێ کە دوای زنجیرەیەک گۆڕان جێگیربوون، جارێکی تر ژیرانە و پشت ئەستوور بە دیسپلین و ئەقڵ بایەخیان پێ دراوە. پەنابردنە بە ناخ و دەروون و ناکردنی ڕاستەقینە و کردنی مرۆڤ وەک تاک بە سەرمەشق و شەیدابوونی سروشت بە تاک و تەنیا لای تەرازوو بەلایەکدا لاسەنگ دەکات و دەبێتە مایەی کەمکردنەوەی بایەخی ئەقڵ و زانست و ئەم ڕستەیە کە کوردییەکی ڕەسەنە پێچەوانە دەکاتەوە: ڕێوییەکی گەڕاو لە شێرێکی نوستوو چاکترە.

ڕۆمانتیکییەکان بەم هەڵوێستەیان و لەوەدا کە سوارچاکی سەدەکانی ناوەڕاستیان بە نموونە و سەرمەشق داناوە، پەنایان بردۆتە بەر هەست و سۆز و بە چاوی ناخ و دەروون سەرنج دەدەن پتر لە گۆڕەپانی فەلسەفە دوور دەکەونەوە و ویستبیان و نەیان ویستبێ هەوڵی ئەوەیان داوە جارێکی تر گیان بە بەر ئەو سەردەمە ساردو سڕەدا بکەنەوە کە بە سەدەکانی ناوەڕاست ناوبراوە و تێیدا، ژیر و ئەقڵ لە کۆت و پێوەند دەرباز نەبوون و جۆرە یەک ڕەنگییەکی سەرتاپاگیری و بیری میتافیزیکی لاهووتی هەموو کون و قوژبنێکی ژیان و کۆمەڵ و مرۆڤایەتی گرتۆتەوە. ئەو قۆناخەی بە سەدان ساڵ کۆسپی ڕێگری بەرەو پێش چوونی مرۆڤ بووە.

ڕاستە ڕۆمانتیک چ وەک ناوەڕۆک و چ وەک ڕوخسار دەربڕینێکی نوێی هەڵوێستی مرۆڤە لە هەلومەرجێکی دیاریکراودا بەرامبەر ژیان و جیهان و سروشت و دەوروبەر و واقیع، ئەم هەڵوێستەش وەک بزووتنەوەیەک پتر لە چوارچێوەی ئەو جیهانەدا دەرکەوتووە کە پێی دەگوترێ ئەدەب بە مانا گشتییەکەی، بەڵام بە هیچ جۆرە هەڵسەنگاندنێک نا لەوە ناکات کە جیهانبینی فەلسەفەی تایبەتی خۆی هەبووەو لە سەر داروپەردووی ڕێبازی کلاسیکی شین بووە و هاتۆتەبەر. لەو هێرشانەدا لە چوارچێوەی ئەدەبدا، کە کردوویەتیە سەر ڕێبازی کلاسیکی، بەتایبەتی کە لە ئەدەبی ئەم ڕێبازەی دواییدا دەوری ژیر و ئەقڵ ڕوون و ئاشکرایە و تا ڕادەیەک بەربەستی شەپۆلی هەست و نەست و ئەندێشەی کردووە، ڕێگای شتێکی داوە کە گشتی و هەمەکی بێت و پشت

به مەنتیق و بیری ژیرەکی ببەستێ، بە واتایەکی تر ئەگەر ڕێگا بدرێ هەست و سۆز، ناخی دەروون و نەست لەسەر شانۆی ئەدەب ئەسپی خۆیان تاو بدەن ئەوا دەبێ لە پشت شانۆکەوە ژیر و ئەقڵ و مەنتیق ڕێنمایی کار بن. لەم هێرشانەدا زۆربەی زۆری چەمکەکانی ئەدەبی ڕۆمانتیکی دوا ڕوخسار و ناوەرۆکیان پێ براوە. ئەگەر ئەدەبی کلاسیکی ئەقڵی کردبێ بە سەرپشک و وێڵی ڕاستی و هەقیقەت بووبێ ئەوا ئەدەبی ڕۆمانتیکی (٧) دڵ و دەروونی کردووە بە دروشم و شەیدای جوانی بووە، بەڵام ڕاستی لە خۆیدا جوان و دڵڕفێنە و جوانیش وەک ئاوێنەیەک بەوپەڕی بێگەردی هەقیقەتی تێدا دەردەکەوێ، ئایا جوانی بەبێ ڕاستی و ڕاستەقینە بەبێ جوانی بە بیرو هۆشدا دێن؟ لەلایەکی ترەوە کاری ئاسایی بەبێ ئەنجام و ئامانج نابێت و گەیشتنە ئەو ئامانجە کە ئەنجامی کارەکەیە وردبینی و ژیر و ئەقڵی دەوێ و خۆزگە و ئاوات و هەست و سۆز ئەگەر وەک هۆکار و وروژێنەر و هاندەریش دابنرێن ئەوا بەبێ پشتیوانی ژیر و ئەقڵ لە ئەنجامی نیوەچڵ بەولاوە شتێکی تریان لێ ناکەوێتەوە و نادەنە دەست. ڕاستە ئەو ڕەخنەیەی ڕۆمانتیک پەنای بۆ بردووە جگە لەلایەنی نالەبار لایەنی بنیاتنان و لەباری هەبووە و بۆتە مایەی بەرپاکردنی گیانی پیاداچوونەوە، بەڵام ڕەخنەیەک کاری ژیرانەی لەگەڵدا نەبێت و پشت ئەستوور بە هەست و سۆز و ناخی دەروون بێ لە چوارچێوەی ئاوات و هیوا ناچێتە دەرەوە و پتر بڕ ناکات. ئایا ئەم قسەیەمان جۆرە زوڵمێک نییە کە لە ئەدەب دەکرێ و سەرخستنی لایەنی بیری فەلسەفەیی نییە؟

٤- هەر لەسەرەتاوە ڕێبازی ڕۆمانتیک لەلایەن هەندێک ڕێبازی تایبەتی فەلسەفەوە پشتگیری کراوە، بەتایبەتی ئەو ڕێبازانە کە هەوڵیان داوە لە گێژاوی شارستانییەتی پڕ جەنجاڵی ژیر و شاری گەورە و فابریک و کارخانەجاتدا بایەخ بە دەوری تاکە کەسان و مرۆڤی دیاریکراو بدەن و جارێکی تر دەوری هەست و سۆز و ئەندێشە لە بەرامبەر بیرو مەنتیقدا دووپات بکەنەوە. هەربۆیە لە ڕۆمانتیکیدا سێ لایەن بەرچاو دەکەوێ.

- لایەنی سایکۆلۆجی
- لایەنی مێژوویی
- لایەنی هونەر و جوانی (ئیستاتیک) (٨)

ئەم سێ لایەنانە ئەگەرچی تا ڕادەیەک لە ناوەرۆک و ڕوخساردا لە یەکتری جیان و جۆرە سەربەخۆییەک نیشان دەدەن ئەوا لەو بزووتنەوە ئەدەبییەدا بەتایبەتی لە جیهانبینییەکانیدا کە لە بەرهەمە ئەدەبییەکاندا ڕەنگیان داوەتەوە توندوتۆڵ ئاوێتەی یەکتری بوون و ئەو دەورە ساخ دەکەنەوە کە فەلسەفە وەک بابەت لەژیانی ڕۆمانتیکییەکان و بەرهەمەکانیاندا گێڕاویەتی.

ئەم سێ لایەنەی ناوەرۆکی بزووتنەوەی ئەدەبی نیمچە فەلسەفی ڕۆمانتیک چەند چەمکێکی لە چوارچێوەی جۆرە بزاڤێکدا لێکەوتۆتەوە وەک:

- پێداگرتن لەسەر هەستی نەتەوەیی.
- دووپاتکردنەوەی ڕەوتی تاکەکەسی و تاکڕەویی.
- بایەخدان بە ئەدەبی میللی و کەلەپووری نەتەوەیی و دابونەریتی ئاسایی.
- بە گرنگ زانینی هۆشیاریی نەتەوەیی.

ئەگەر مرۆڤ بە وردی سەرنجی ئەم لایەنانە بدات بە دووری نازانی ئەم ڕێبازە لە چوارچێوە جیهانبینییە گشتییەکەیدا بخاتە نێو جیهانی ئەو ڕێبازەی بە ئایدیالیزم و ئایدیالیستی ناودەبرێ و جۆرە دابڕان و دوورە پەرێز وەستان و نامۆییەک بەرامبەر بە واقیع دەبینێ، خەسڵەتێک کە سنوور لە نێوان ژیرەکی و ناژیرەکیدا، واتە (ڕاسیۆنال و ناڕاسیۆنال) نابینرێ و ئازادی و سەربەستی وەک دوو چەمکی دابڕاو لە ڕەوتە مێژووییەکەیان و دوور لە پابەندی کۆمەڵایەتی دێنە بەرچاو. جگە لەوەی فۆرم و ڕوخساری ئاسایی بابەتی بیر بە گشتی و ئەدەب بەتایبەتی دووچاری شکەستی دێن.

جیاکردنەوەی فام (ژیر) لە هەست و سۆز و هۆش کە جۆرە دوورەنگییەک نیشان دەدات، ئەو جیاکردنەوەیەی کە کلاسیک و ڕۆمانتیک لێک جیادەکاتەوە، لایەنە سایکۆلۆجییەکەی ئەم بزووتنەوەیەی دوایی نیشان دەدات. بە واتایەکی تر فام و ژیر نیشانەیەکی بابەتی کلاسیکن و ئەوی تر هی ڕۆمانتیک. بایەخدان بە لیریک و مۆزیک و ئەدەبی نەتەوەیی و جۆرێکی تایبەتی ئازادی ڕاستی ئەم قسەیە ساخ دەکاتەوە.

وەک لایەنێکی مێژوویی، ڕەوشی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی ئنجا فەلسەفەی ئەوسای ئەوروپا ڕێگای پەیدابوونی ئەم ڕێبازە ئەدەبییەی خۆش کردووە، سەرەڕای بیروباوەڕەکانی شۆڕشی مەزنی فەرەنسا کە دروشمی ئازادی و یەکسانی و دادپەروەریی بەرزکردبۆوە و بووە مایەی گۆڕینی جیهانبینی سیاسی و فەلسەفی سەردەمی خۆی و ئاوی کردۆتە ژێر چینی دەست ڕۆیشتووی سەردەمی خۆی و بەهاری سەرهەڵدانی چینێکی تری پێشکەوتووی کۆمەڵایەتی هێناوەتە پێش. لەم بارەیەوە دەکرێ تاڕادەیەک ڕۆمانتیک بە پێشکەوتنخواز دابنرێ لەوەدا کە لە چاو کلاسیک ڕابردووی پشتگوێ خستووە و ئێستای بە گرنگ داناوە تا ئەو ڕادەیە کە بکرێ بێ بە

بنەمـایەک پاشـەڕۆژێکی باشـتـری لە سـەر دابمەزرێنرێ. ئەگـەر بە لای کـلاسـیکـییـەکـانەوە ڕابردوو (بەتایـبـەتی ئەدەب و کەلەپووری یۆنان و ڕۆمان) بایەخدار و گرنگ و پیـرۆز بووبن ئەوا بەلای ڕۆمـانتـیکـییـەکـانەوە شـتـێک بایەخـدار و پیـرۆز دەبێ کـە ببـێـتـە مـایەی بنیـاتنانی پاشـەڕۆژێکی باشـتـر، باشـتـر بە بۆچوونی خـۆیان. پاشـەڕۆژێک لە کـۆت و پێـوەندی ڕابردوو دابونەریتـە بەسالاچووەکانی کۆمەلایەتی ڕزگاری بووبێ و بەندبێ بە ئـازادییــەکی بێ سنوور و بێ پابەندی و ئـازادییــەک جڵەوی هەست و سۆز و خەیاڵ شل بکات!

ئەدەبی ڕۆمـانتـیکی پشت بە هەست و سـۆز و ناخ و چاوی دڵ دەبەسـتێ ئەمـانەش هەموویان چ بە جیـا و چ بەیەکـەوە تان و پۆی مـرۆڤی تاک و تاکـە کـەسی پێک دەهێنن بۆیە لە لایەنی جـوانی و ئیـسـتـاتیکدا باسی فۆرمی کراوە و پێکەوەگونجانی فۆرم و ناوەرۆک دەکرێ.

ئەوی لێـرەدا وەک پرسـیـــار بەبیــردا دێت، ئایا ڕۆمـانتـیکـیـیـەکـان کـە بایەخ بە هەست و سـۆز دەدەن و لایەنی تایبەتی ژیان و کۆمەڵ و دابونەریت بەشێوەیەکی دیار و بەرچاو دەردەخەن مـەبەسـتـیـان ڕێزلێنانی مـرۆڤـە یاخود کەمکردنەوەی بایەخی مرۆڤ و بە کەم زانینیەتی؟ گومـان لەوەدا نییـە کە هەڵوێستی ڕۆمانتیکییەکان بە گشتی بەرامبەر ژیان و کۆمەڵ و هەموو لایەنەکانی تری شارستانییەت، هەڵوێستێکی ناڕەزایی دەربڕین و ناکردن بووە، ئەگـەر ئەمـە لە ڕادە و سنوورێکدا ڕەوا و جـۆرە «شۆڕشگێڕییەتیەکی» نیشان دابێ ئەوا ئەو ئامانجەی لە مێشکیاندا بووە و ئەو ئامرازەی وەک ڕێگا گرتوویانەتە بەر بۆ پێگەیشتنی پتر خۆیان و بزووتنەوەکەیان خستۆتە نێـو دنیـای یوتوپی و ئەندێشــە و خـەیاڵ و کـراسی واقیعیەتی لەبەر داکەندوون.

ڕەتکردنەوەی زۆر و جــەور و نیـــشـــاندانی لایەنە ناحەزەکانی ژیان و لەسەرکردنەوەی مرۆڤی ڕەش و ڕووت و لێـقـەومـاو بەبێ ئامــانج و پلان و نەخـشــەیەکی واقـیـعـیـیـانە کە ڕەنگی ڕەوش و دواڕۆژێکی باشـتـری ڕشـتـبێ تەنیـا لە چوارچێـوەی مـرۆڤ دۆسـتی و حـەز و ئاوات ناچێتە دەرەوە. باشە ئەگەر ئەمە نابێ وابێ ئەبێ ئەرکی سـەرشـانی ئەدەب چی بێ و ئەگـەر ئەدەب لەمـە بەولاوە شـتی تری پێ بسـپـێـرێ ئەدەب دەمـێنێ یاخود دەبێ بە شتێکی تر؟

سروشت کەرەسەیەک نییـە وەک سیاسییەکان دەڵێن دەبێ کۆنترۆڵ بکرێت و دەستی بەسەر دابگیرێ، بەڵکو بابەتێکە وەک شاکارێکی هونەریی جوانییەکانی بەهۆی شیـعـر و هونەرەوە لێی بکۆڵرێتـەوە، گرێ کـوێرەکـانی بکرێنەوە و لایەنە تەمومژاوییەکانی ڕوون بکرێنەوە بەبێ ئەوەی ئەو هارمۆنییـە ئەزەلییـەی تێیـدایە بشـێوێنرێ. شاعیر، هونەرمەند، لەگەڵ لێکۆڵەرەوەی سروشتی هەر سێکیـان بە یەک زمان، بە زمـانی سروشت دەدوێن! ئەم هەڵوێسـتـە لەبارە، دەربارەی سـروشت وای لە ڕابەرانی ڕۆمــــانتــــیکی کــردووە ڕوو بکەنە لادێ و لە نێــــو دانیــشــتـــووانی گـوندەکـاندا، لە مـابەینی وەرزێر و جوتیاراندا پاڵەوانانی بەرهەمەکانیان هەڵبژێرن.

٥- هەر کە مرۆڤ بیر لە بنەما فەلسەفییەکانی ڕێبازی ڕۆمانتیک دەکاتەوە یەکسەر چەند بابەتێک لە شێوەی پرسیاردا لە دڵ و ناخ و مێشکدا دەورووژێت وەک:

پشت ئەسـتـوور بەو لێکۆڵینەوەیەی نۆڤـایسی سـاڵی ١٧٩٨ز لە کـتـێبی ساڵانەی شـانشـینی پروسـیـدا لەژێر ناونیـشـانی: بڕوا و خـۆشـەویسـتی یاخـود شـا و شـاژن (٩)دا لەبارەی پێـوەندی نێـوان سـیـاسـەت و ئەدەب و هونەر بلاوی کردۆتەوە جارێکی تر تیشک خراوەتە سەر ڕۆڵی سیاسی و ئایینی و کۆمەلایەتی و ئەدەب و هونەر و دەور و ئەرکی سەرشانی ئەدیب و هونەرمەند لە ژیانی کۆمەڵ و مرۆڤ و شارستانییەتدا. بۆیە سەیر نییە کە جارێکی تر و چەندین جاری تر پێوەندی ئەدەب و کۆمەڵ پرسـیــار بکرێت و هەوڵ بدرێت بزانرێ ئایا شـاکـارێکی سەرکەوتووانەی ئەدەبی و هونەری بەرهەمی بلیـمـەتی و خـامـەڕەنگینی ئەدیب و هونەرمـەندە، یاخـود لە چەند هۆکـاری جـۆراوجـۆری کـۆمـەلایەتی و ژینگە و ڕێژیم و سیـسـتـەمی سیـاسی و کـۆمـەلایەتی و ئابووری کـۆمـەڵ کـەوتۆتەوە؟ تا چ ڕادەیەک پێـوەندی بە قـانوونە باو و ئایینە ڕەسمییـەکەی گەل و دەوڵەتەوە هەیە؟ ئایا ڕاستە کـە دەوترێ ئەدەب وەک ئـاوێنەیەک وێنەی کـۆمــەڵ و پێـوەندییـە کـۆمـەلایەتیـیـەکـانی تێدا دەبینرێ؟ ئەگـەر کـلاسـیکـیـیـەکـان جۆرە پێوەندییەکی دەسـتـیـاوی نێـوان ئەدەب و هونەر و ژیان و ژیـانگە و کـۆمـەڵیـان دووپات کـردبێـتـەوە دەبێ بۆچی ڕۆمـانتـیکـیـیـەکـان ئەدەب و بەرهەمی ئەدەبی و هونەری توندوتۆڵ بە کەسایەتی و ناخ و دەروون و جۆری بیرکردنەوەی خاوەنەکەیەوە ببەستنەوە؟

هەر چۆنێک بێت ئەو وەلامەی بەهۆی توێ توێ کردنی بەرهەمەکانی لایەنگر و ڕێبازی ڕۆمانتیکەوە دەدرێتەوە، ئەوا هەمـوو شـاکـارێکی ئەدەبی و هونەری و فـەلسـەفی وەک نەمـامـێک لە سێـبەری ئازادیدا گەشە دەکات کە ئەویش ئازادی خاوەنەکەیەتی، ئازادی خامە و پەڕەمووچ و جۆری بیرکردنەوەیەتی، ئەم ئازادییە وەنەبێ بەبێ چەند و چۆن و بێ هەل و مەرج بێت! هیچ کاتێک سەربەستی،

ئازادی بریتی نییە لە سەربەخۆییەکی خەیاڵاوی بێ پەیوەست و بێ سەروبەر، ئازادی هیچ کاتێک بەبێ پابەندبوون بە ئەو قانوون و هۆکارانەی بارودۆخی ئازادی داهێنەریان پێ دەوترێ، لە خەیاڵ و ئەندێشە بەولاوە نییە. دوورەپەرێزی و گۆشەگیری، ئەگەر جۆرە هەڵبژاردنی خۆیەتی و دیاریکردنی هەڵوێستی تێیدا بەدی بکرێت ئەوا لە خۆیدا جۆرە کۆت و پێوەندێک دەکاتە دەست و قاچی ئازادی خۆی. ئەو ئازادییەی مرۆڤی ڕۆمانتیکی وێڵە بە دوایدا ئەنجامی کارکردن و کۆششی بەردەوام و نەپساوەی مرۆڤ و چین و توێژێکی کۆمەڵە کە ئازادانە ئەرکی کارکردنیان لە پێناویدا گرتۆتە ئەستۆ و خەباتیان لە پێناودا کردووە. گۆشەگیری و دوورەپەرێزی نەک هەر زیندەبەچاڵکردنی داهێنانیان لێ دەکەوێتەوە، بەڵکو ئازادییەکەش خەفە و سەرکوت دەکەن. ئەدەب و هونەری سەرکەوتوو کاتێک دەبن بە ئاوێنەی بێ گەردی ژیان و کۆمەڵ کە لە ناوجەرگەی ئێش و ئازار و ئەشکەنجەی کۆمەڵدا چرۆیان کردبێ و ببنە مایەی لابردنی ئەو ئێش و ئازار و ئەشکەنجەیە بەپێی ئەو ئامراز و توانا و ئەرکەی کە کەوتۆتە ئەستۆی ئەدەب و هونەر و داهێنەرانیانەوە.

ڕێبازی ڕۆمانتیکی ئەڵمان لە پاوانی ئەدەبدا بە گشتی، وەک تابلۆیەکی ڕەنگاوڕەنگ بە هەموو کەرەسە جۆربەجۆرەکانیەوە لەلایەن پەڕەمووچی چەندین شۆڕەسوار ڕەنگی ڕێژراوە (١٠)، وەک یان پاول، هولدەرلین، نۆڤالیس، شیگڵ، تیک، برێنتاند، کلایست، ئی.تی.ئەی، هۆفمان، ئایشن دۆرف، ئینجا ئەو ئەدیب و نووسەرانەی پتر بە لایەنی فەلسەفەدا شکاندوویانە وەک، گۆتە، شیللەر و هاینە و...تاد.

لە جیهانی فەلسەفەدا گۆڕانی سەرتاپاگیرانە بە سەر ئەم تابلۆیە ڕەنگینە داهێنراوە ئیتر لە ڕوخساردا بێ یاخود لە ناوەرۆک و ئەو بابەتانەی کە کراون بە کەرەسە و ئەو تەلاری جیهانبینییە سەرتاپاگیرە و بەرین و بەرز و فراوانەی لێ پێک هاتووە کە بە ناوی فەلسەفەی ڕۆمانتیک لە سەردەم و شوێنی دیاریکراودا وەک نەمام شین بووە، گەشەی کردووە ئینجا هاتۆتە بەر، جگە لەو سێبەرە دڵگیرەی کە هەندێ شوێنی داپۆشیوە. ئەگەر مرۆڤ، بشێ، چاو لە هەندێ فاکتەر و مەرجی گریمانەیی و کات و شوێن بپۆشی، ئەگەر ئەمە بلوێ و بشێ دەکرێ کێرکیگارد، بۆدلێر، فرەدریک نیتشێ ئینجا تاڕادەیەک هەندێ بەرهەمی شۆپنهاوەر، شلیگل- فەیلەسووفی جوانناسی-، تاڕادەیەکی بەرچاو بە ڕابەری ئەم ڕێبازە فەلسەفییە دابنرێن.

ئەو بیروبۆچوونانەی لەبارەی: مرۆڤەوە وەک تاک و وەک ئەندامی کۆمەڵ، وەک جەوهەری خاوەن هەست و سۆز و ئینجا ژیر، ڕەب و ئایین و نەمریی و ڕۆڵی ئایین لە کۆمەڵ و ژیاندا، بوون و نابوون، مردن وەک چەمک و ڕووداوێکی لەلایەکەوە سەرسوڕهێنەر و لە لایەکی ترەوە لە لای ئەولای هاوکێشەی هاتنە دنیاوە، کردار و ڕەوشت و ڕێوشوێنەکانی ئاکار و ئاکار لە خۆیدا و ئەو پێوەندییەی بە چەمکی ئازادییەوە هەیەتی، ئایا دەکرێ ئاکار بەبێ خواست و خواست بە بێ ئازادی بیریان لێ بکرێتەوە؟ ئەمانە و چەندین بابەتی تر، ئیتر بە لای مرۆڤەوە پەسند بن یان، ئەو وەڵامانەی داویانەتە دەست، تا چ ڕادەیەک لە ئاستی پرسیار و سەردەمی خۆیان و بابەتەکەدا بوون، سەرەڕای ئەمانە، دەوری ئەو فەیلەسووفانە و ئەو بەرهەمانەی پێشکەشیان کردووە دەکرێ وەک چەندین چەپکە گوڵی بۆن خۆش دابنرێن کە خراونەتە سەر خەرمانی بیرو کولتوور و شارستانی مرۆڤ. بە بۆچوونی من فرەدریک نیتشێ لە چەند بەرهەمێکدا بە گشتی و لە کتێبی شاکار ئاسای (ئاوەها گوتی زەردەشت) شۆڕەسوارێکی چاپووکی گۆڕەپانی فەلسەفەی ڕۆمانتیکە. گەڕانەوە بۆ سروشت وەک بۆ باوەشی دایکێکی دڵسۆز، بە هەردوو نشێو و دۆڵ و چیایەوە، پشت کردنە شار و جەنجاڵ و سەرقاڵییەکەی، دانانی فاکتەری شارستانییەت و زانست وەک (هەنگوینێک کە لە سەر شانەکانەوە دەڕژێ و چاوەڕێی دەستێک دەکات لە شانەکان دەریبهێنێ و لە کوڵی بکاتەوە) ئنجا داواکردنی جارێکی تر پیاچوونەوە و چاوخشاندنەوە بە دابونەریت و ڕێوشوێنەکانی ژیان و بنەماکانی ئاکار کە ئەو بە چاوخشاندنەوە بە دابونەریت و ڕێوشوێنەکانی ژیان و بنەماکانی ئاکار کە ئەو بە چاوخشاندنەوە و جارێکی تر هەڵسەنگاندن و نرخاندن و داڕشتنەوەی هەموو بەهاو نەرێتەکانی داناوە، لەگەڵ ئەو هەڵوێستە ڕاشکاوەن کە بەرامبەر بە ئایین، وەک دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی، هەیبووە و چۆن باسی (ڕەبی) کردووە(١١). جگە لەو هەموو بابەت و بیروبۆچوونە بە پیت و پێزانەی لەم شاکارە ئەدەبییە- فەلسەفەییەدا بەرچاو دەکەون.

هەڵبژاردنی ناوی زەردەشت بۆ ناونیشانی بەرهەمەکە خۆی لە خۆیدا مانا و هێمایەکی تایبەتی نیشان دەدات. نیتشێ کە لە کۆمەڵێکی ئەوروپایی ئەڵمانی زمان و مەسیحی ئاییندا گۆش کراوە و بە چاوی خۆی ئەو گۆڕانکارییە سەرتاپاگیرانەی دیوە کە بە هۆی شۆڕشی مەزنی فەرەنسا و ئینجا شۆڕشی سنعات و ئابووری و

پیشەسازی لە سەرانسەری ئەوروپا کەوتوونەتەوە و ڕەنگ و ڕوخسار و ناوەرۆکی ژیانیان گۆڕیوە و ئەو شارستانیەتەیان لێ پەیدا بووە کە سەدەی نۆزدەم نیتشێ تێیدا ژیاوە، کەچی ئەو هاتووە چەندین سەدە بەرەودوا ڕووی لە وڵاتی ئارییەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست کردووە و پەنا و دەخیلی بردۆتە بەر پەیامبەرێکی ڕۆحانی کە بە هەموو پێوەدانگێک، (بێ گومان بە لەبەرچاوگرتنی بارودۆخ و فاکتەرە جۆربەجۆرەکان هەر لە کۆمەڵایەتی و ئایینی و ئابووری و سیاسییەوە تا دەگاتە فەلسەفەو لاهووت)، ناکرێ لەگەڵ هەر سێ دیاردە کۆمەڵایەتییەکەی تر بخرێتە نێو دووتای یەک تەرازووەوە. ڕاستە و بە هیچ جۆرێک گومان هەڵناگرێت کە ڕێوشوێنی زەردەشت فرەڕەنگییە و، ئەمەش لە خۆیدا بنەمایەکە ژیانی یەکسانی و داد و دیموکراتی و ئازادی لە سەر دادەمەزرێ بە پێچەوانەی یەک ڕەنگییەوە کە هەرچی هەیە و نییە تا دەگاتە فرمان و ئەرک و فرمایشت وە دەسەڵات لە دەستی تاکە یەک ڕەنگێک کۆدەکاتەوە و بەردی بناغەی تەلاری ئەو دیاردە کۆمەڵایەتی و ئابووری و سیاسی و ئایدیۆلۆجییە ڕەنگ دەڕێژێ کە لە جیهانی پان و بەرینی سیاسەتدا بە دیکتاتۆری دادەنرێ، ئەوا، ئەگەر ڕەوت و پرۆسەی نەسرەوتی بەرەوپێش چوونی مێژووی شارستانیەت لەبەرچاو بگرین، یەک ڕەنگییە ئایینییەکە لە خۆیدا لە ڕوانگەیەکی دیاریکراوەوە، لە چاوی ئەوی پێش خۆی کە دەکرێ بە دوو ڕەنگی- فرەڕەنگی نیشان بدرێت، جۆرە پێشکەوتنخوازییەک بە مانا سیاسییەکەی، دەبینرێ. لاری لەوە نییە کە هەنگاوێک لە هەنگاوە پێشکەوتنخوازەکانی ئایینی ئیسلام، هەر لەگەڵ دەرکەوتنییەوە سیستەمی باوی بەند و کۆیلایەتی تارادەیەک هەڵوەشاندەوە، لە جێگاکەیدا بێ گومان دوای پرۆسەیەکی تارادەیەک درێژخایەنی پڕ لە ڕووداو و کارەسات، هەر لە کوژرانی سێ خەلیفەکەوە تا وەکو شەڕی کاولکار و قڕانکاری نێوان بەنی ئومەیە و لایەنگرانی خەلیفەی چوارەم تا دەگاتە ڕووخانی دەسەڵاتی ستەمکار و نەتەوەپەرستی بەنی ئومەیە، نەتەوەپەرستییەک کە بەند بووە بە بنەمای تیرەگەری و خێڵەکییەوە و لە عەرەب بەولاوە میللەتانی تر بە چاوێکی ڕێز لێ نەنانەوە سەرنج دەدران، ئنجا دامەزرانی دەسەڵاتدارێتی عەباسییەکان، کۆیلایەتی گورزی جەرگبڕی لێ وەشێنراوە دەرەبەگایەتی بەشێوە و ناوەرۆکە جیاوازەکانییەوە وەک چین و دەسەڵات خەت و خاڵی دا. ئەم گۆڕانی دەوران و دەسەڵات و چین و توێژ و ڕێژیمە لە خۆیدا جۆرە پێشکەوتن و بەرەوپێش چوونێک بووە، بەڵام ئەم پرۆسەیە جارێکی تر، دوای ئەوەی چینی نوێ بە تەواوەتی خەت و خاڵی داوە، دووچاری کۆسپ و تەگەرەی تری چەندی و چۆنیەتی بووە کە باسکردنیان لە چوارچێوەی ئەم نووسینە دەچێتە دەرەوە.

دوور نییە لێرە ڕەخنەیەک لە چوارچێوەی گازەندەو پرسیار و ڕوونکردنەوەدا بێتەپێشەوە کە دەکرێ بەم شێوەیە دەربببڕدرێ:

ڕاستە سێ خەلیفە کوژران و ئینجا لە سەر کورسی خەلافەت بە هەزاران سەحابی، لە شەڕی خوێناوی نێوان معاویە و عەلی کوڕی ئەبو تالبدا کوژران و لە دواییدا معاویە و دارودەستە و ئەوانەی لە دوایەوە هاتن ئایینی ئیسلامیان بە لای سیاسەتدا بردو ئەو شتە کەوتەوە کە بە ئیسلامی سیاسی دادەنرێ و ئایینەکە کرا بە ئامرازێک بۆ خزمەتکردنی دەسەڵات و مەرامی سیاسی و مەسعودی وتەنی (معاویة اول ملك في الاسلام) جۆرە ڕێژیم و دابونەریتی پێچەوانە بە هەڵبژاردن و (أمرهم شورى) جێگیر کرا، بەڵام لەگەڵ ئەم هەموو دیاردە نالەبار و سەدان دیاردەی تری نالەبار، ناکرێ ئەم پرۆسە و قۆناخە و گۆڕانە تەنیا هەر لە ڕوانگەیەکی تایبەتییەوە سەرنج بدرێت و بە پێوەدانگێکی مەبەست پێشەکی ئاشکرا هەڵبسەنگێنرێت. بە واتایەکی تر ڕاستە دیاردە و کرداری نالەبار زۆر بووە، هەر لە سەردەمی بەنی ئومەییەوە پرۆسەی ناڕەوا و بێ ویژدانانە کە بە (عەرەبکردن ناسراوە) دەستی پێکردووە و کوشتن و لە سەردان و ژیان لێ ستاندن سووک و ئاسان بووە و ژیانی مرۆڤ و مرۆڤ خۆشی ئەو بایەخ و نرخەی نەبووە کە شایستەیەتی، بەڵام لە دوای ئەمانەوە هەمووی دیاردەی گەش و پرشنگدار دەبینرێ، ئەگەر لە ڕوانگەیەکی فراوانتر و بە پێوەدانگێکی فەلسەفەیی هەڵبسەنگێنرێن. ئەو مەرجە دیاردەیەی لێرەدا مەبەستە بەشێوەیەکی تایبەتی، دیاردەی فرەڕەنگی و یەکڕەنگی، ڕۆڵی هۆکاری ناوەکی و دەرەکی لەم پرۆسەیەدا.

٦- لەگەڵ هاتنی ئایینی نوێ بۆ وڵاتانی تری. دەرەوەی نیمچە دوورگەی عەرەب- گۆڕان و تێکەڵاوبوون و هاموشۆ بە شێوە جۆربەجۆرەکانیانەوە کەوتنەوە، لە بواری ڕۆشنبیریدا زۆربەی زۆری کەلەپووری نەتەوەکانی تر کران بە عەرەبی، دەرفەت بۆ تاقمە کەمە خوێندەوارەکە هەڵکەوت کە بە زمانی عەرەبی- زمانی لاتینی ڕۆژهەڵات ئاگاداری کەلەپوور و دابونەریتی میللەتانی تری تازە بە موسڵمانبوو بن. فەلسەفەی یۆنانی پتر برەوی پێ درا، شان بە شانی ئەو فەلسەفەیەی لە ڕۆژهەڵاتدا بەهۆی

هێرشەکانی ئەسکەندەرەوە پەیدا ببوون کرا بە عەرەبی و گۆڕانی بەرچاو کەوتەوە. لە لایەکی ترەوە وەک کاردانەوەک لە بەرامبەر ئایدیۆلۆجی و دۆگم و سیاسەت و دەسەڵات و فەلسەفەی یەک ڕەنگی، جۆرە فرەڕەنگییەکی بە پارێز و لە چوارچێوەی هەبووی دان پیادانراودا دەرکەوت و گەشەی کرد و خەت و خاڵی دا ئەویش پەیدابوونی هەردوو مەزهەبی سوننە و شیعە، ئنجا دابەشبوونی مەزهەبی سوننە لە ناوخۆیدا ئەوسا بە چوار ڕێبازەوە و شیعە بە دوو ڕێبازەوە. ئەمە چی دەگەیەنێ؟ یەک ڕەنگی، ئەگەر چی هێز و دەسەڵات و زەبر و زەنگیشی لە پشتەوە بێ، ئەوا ناتوانێ تا سەر ڕێگا لە هەمەڕەنگی و کراوەیی و کەش و هەوای ئازادی بگرێت. ئەوەتا لە سەردەمی عەباسییدا و لە ناوجەرگەی ڕێژیمی فەرمانڕەوای دەرەبەگیدا هەمەڕەنگی لە چوارچێوەی چەند ڕیباز و مەزهەبێکدا لە سوننەدا، شافعی، حەنەفی، مالکی، حونبلی و ئێستاش وەهابی و لە شیعەدا (جەعفەری دوانزە ئیمام) و ئیمامیەت دەرکەوتن و خۆیان سەپاند و وەک ڕاستی و ڕاستەقینەیەک دانیان پێدانرا. ئەمە هەمووی ڕاستە. لاریش لەوە نییە کە ئەم گۆڕانە بەتایبەتی لە لای هەندێ ڕێبازدا ئەوپەڕی سەلەفی و کۆنە پارێز بووە. بەڵام لە خۆیاندا هەر گۆڕان بوون و جۆرە ڕەتکردنەوەیەکی بە پارێزی قۆناخ و بیر و ئایدیۆلۆجی پێش خۆیانیان دەرخستووە. باشە چۆن کوێرەوەری موعتەزیلە و قەدەغەکردنی ئازادی بیر و لێکۆڵینەوەی ئازاد لێک دەدرێتەوە و پاکانەی بۆ دەکرێت؟ چۆن ئەم پرۆسەیەی بۆ دواوە گەڕانەوەیە کە لە لابردنی ئبنی ڕوشددا گەیشتە ئەوپەڕی، لێک دەدرێتەوە؟ لە ژێر سێبەری یەکتایی و دەسەڵاتی زەبر و زەنگی یەک ڕەنگی پشت ئەستوور بەلێکدانەوەیەکی سیاسی باوەڕو ئایین، ئەوا فرە ڕەنگی، پێشەنگی ئازادی و داد و یەکسانی و دیموکراتی ئەگەر چی دەڵەمەییش بێت خۆی لە فرە ڕەنگی مەزهەبدا پیادە دەکات. ئەم بزووتنەوەیە لە گۆڕەپانی ئەدەبدا لە هەندێ بەرهەمی نووسەرانی ئەو سەردەمەدا بەڕادەیەکی نیمچە ئاشکرا بەدی دەکرێت. لە بواری سیاسەتیشدا خۆی لەو بزووتنەوە ڕقەبەرییەدا نواندووە کە بە شێوەی جۆراوجۆر تیۆری ئیمام و ئیمامەتی توێ توێ کردووە و لە مەرج و بابەت و ئەرک و ڕۆڵەکەی کۆڵیوەتەوە و ئینجا بە ڕەنگاری ئەو بزووتنەوە کۆنەپارێزە سەلەفییە بووە کە لە لای ئبن تەیمیە و ئبن سەلاحی شارەزووریی هاتە بەر و فەتوای قەدەغەکردنی لێکۆڵینەوەی ئازاد و فەلەسەفە و مەنتیق درا.

کەوابوو چۆن ئەم هەڵوێستەی نیتشێ لێک دەدرێتەوە؟ ئەو سێ ئایینە گەردوونییە، بەتایبەتی مەسیحیەتی فرەڕەنگی ئەوروپا بخاتە لاوە و بگەڕێتەوە بۆ لای زەردەشت؟ ئایا ئەم هەڵوێستەی ئەم فەیلەسووفە کام لایەنی لێ دەکەوێتەوە؟ واتە ساخی دەکاتەوە کە نیتشێ ڕابەریکی فەلسەفە و بابەتی ڕۆمانتیکییە یاخود ڕەخنەگری ئەم ڕێبازەیە؟ ئایا، گەر بشێ باری فەلسەفە بە سیاسەت قورس بکەین، تا چەند ئەم هەڵوێستە گریمانەی تیشکدانەوەی تیۆری زانین ساخ دەکاتەوە کە دەڵێ، فەلسەفە لە بابەت و ناوەڕۆک و ڕێبازیدا لە لایەن خەبات و تێکۆشانی چینایەتی سەردەمی خۆی خەت و خاڵی پێدەدرێ و ڕەنگی دەڕێژدرێ؟ ئەو نارەزاییەی نیتشێ بەرامبەر بە ئەدەب و فەلسەفە و سیاسەت و کولتووری سەردەم، هاوچەرخی خۆی نیشانی داوە تا چ ڕادەیەک کەسێتی خۆی و پێوەندی بە بزووتنەوەی ڕۆمانتیکی نیشان دەدات و بە گشتی چ دەگەیەنێ چۆن لێک دەدرێتەوە؟ نیتشێ چاوەڕێی هاتنی مرۆڤی پاشەڕۆژ دەکات، ئەو مرۆڤەی خەسڵەتی تایبەتی تێدایە لەگەڵ هەل و مەرج و پێداویستییەکانی ژیانی دواڕۆژ دەگونجێ، مرۆڤێک جۆرە پەرەسەندنێک پەیدای دەکات، یاخود وەک خۆی دەڵێ: مەیموون، گۆرێلا، پەرەی سەندووە بووە بە مرۆڤ، مرۆڤی ئێستاش پەرەدەستێنێ و سۆپەرمان پەیدا دەبێ، ئەو مرۆڤەی پاشەڕۆژ بەخۆی و خەسڵەت و کەسایەتییەکەی و ئەو ڕۆڵەی لە هەموو بوارەکانی ژیاندا پێی دەسپێردرێ، تا چ ڕادەیەک دەکرێ لەگەڵ ئەو چینە نوێیەی- ئەندامەکانی ئەم چینە- کە لە منداڵدانی چینی سەرمایەداری گۆش دەکرێ و خەسڵەت و کەسایەتی و ڕۆڵی خۆی هەیە دەکرێ بخرێتە دوو تای تەرازووەوە؟ ئەوە نییە چینی پرۆلیتێر ڕاست و چەپێک بەسەر ڕابردوودا دەهێنێ هەروەک چۆن سۆپەرمانی نیتشێ شەرم لە دوێنێ و ڕابردووی خۆی دەکات!؟ ئەگەر بنەمای کۆمەڵی نوێ لە چینێکی نوێ پێک بێت، لە لایەکی تریەوە کۆمەڵەی دواڕۆژیش لە مرۆڤێکی نوێ دروست دەبێ دوو کۆمەڵ یەکێکیان پشت بە چینی نوێ و ئەوی تر بە مرۆڤی نوێ دەبەستێ؟ چۆن هەڵوێستی نیتشێ بەرامبەر بە سیاسەت بە گشتی و بە سۆسیالیزم وەک سیاسەت و سیستەمێکی تیۆرییانەی سەردەمی خۆی ڕوون دەکرێتەوە، ئایا ڕاستە وەک نیتشێ وتوویەتی سۆسیالیزم بریتییە لە دیمۆکراتیتی نانە شەکرە و قەمچی بەیەکەوە (١٢)؟!

# بیرۆکراسییەت و دەسەڵاتی سیاسی

د. ئیبراهیم ئەبراش
و/ لە عەرەبییەوە: حیکمەت نامیق

شوێنی فەرمانبەران و پیاوانی کارگێڕی بەشێوەیەکی گشتی لە کۆمەڵگادا چییە؟ ئایا بەشێکن لە کۆمەڵگای مەدەنی، یان بەشێکن لە دەسەڵاتی سیاسیی دەوڵەت؟ ئایا بیرۆکراسییەت ئامرازێکی بەرهەمهێن و بەسوودە بۆ کۆمەڵگا؟

ئایا بیرۆکراسییەت بونیادێکی پەیوەستدارە بەبوونی کۆمەڵگای دامودەزگایی و مەحکومە بە پێوەندی حاکم و مەحکومین؟ یان دیاردەیەکە تایبەتە بە کۆمەڵگای پیشەسازیی پێشکەوتوو؟

ئایا دیموکراسییەت و بیرۆکراسییەت بەیەکەوە دەتوانن بژین؟

ژیان دیاریکردن و هەڵبژاردن و پێکەوە ژیانی بەردەوام و نوێنەرایەتی کردنە، ئایا چ پێوەندییەکیان لەگەڵ یەکتردا هەیە؟ چۆن بیرۆکراسییەت بەشێوەیەکی نێگەتیڤ کار لە پراکسیسەکانی دیموکراسییەت دەکات، پرسیاری زۆر دەورووژێنن لەبارەی قسەکردن لە بیرۆکراسییەت، ئەو دیاردەیە تەنیا وەک بابەتێک لە سۆسیۆلۆژیای سیاسیدا کورت ناکرێتەوە، بەڵکو شوێنی گرنگیدانی زانستی کارگێڕی و کۆمەڵناسییە، هەروەها تەنیا نەبۆتە شوێنی سەرقاڵکردن و گرنگیدانی زانایانی کۆمەڵگا ئەورووپییەکان لە کاتی دانانی تیۆری ماکس ڤیبەر لەبارەی ئەم بابەتەوە، بەڵکو بۆتە بابەتێک شوێنی سەرقاڵبوونی کۆمەڵگاکانە بەچاوپۆشین لە ئایدۆلۆژیایان و ئاستی پێشکەوتنیان، هەروەها بۆتە ئامرازێک بۆ لێکۆڵینەوەی کۆمەڵگا ناوخۆییەکان و حیزب و دامودەزگا پیشەسازییەکان، ڕا و بۆچوونەکانیش لەبارەی دروست بوونی بیرۆکراسییەتەوە جیاوازن، ئایا لە دەرهاوێشتەی کۆمەڵگای مۆدێرنە؟ یان هەر لە کۆنەوە لەگەڵ کۆمەڵگا کۆنەکان بوونی هەبووە؟

هەندێک دەڵێن کۆمەڵگا کۆنەکان بەتایبەتی چین و میسرییە فیرعەونییەکان بە سیستمی بیرۆکراسییەت ئاشنا بوونە، کاتێک ناوەندی دەسەڵات لە دەستی کەمینەیەکدا بێت، ئەوا کاروباری وڵات لەژێر دەسەڵاتی پادشا یان حاکمدا دەبێت، بەڵام (ئەلفرید سۆفی) لە کتێبەکەیدا «نووسینگە و بیرۆکراسییەت» وای دەبینێ ئەو جۆرە کۆمەڵگایانەی کە لەمەڕ بنەمای خێزان و عەشیرەت پێکهاتبن هیچ دەزگایەکی هاوشێوەی بیرۆکراسییەت نابینرێت، کاتێک خەڵک بەدوای فەرمانی زارەکی و عورفەکان دەکەون زیاتر لەوەی پابەندی یاسا بن، کە فەرماندان و وەرگرتنی ڕاستەوخۆ ڕوودەدات بەبێ بوونی ناوەندێک، هەروەها وای دەبینێ کە ئیدارە بەدیارنەکەوت تەنیا لەگەڵ دامودەزگاکانی دەوڵەت لە نموونەی یەکەمیدا وڵات - شاردا نەبێت، دەرکەوتنی ئەمەش پێویستی بەبوونی ئیدارە هەیە کە سەرپەرشتی داهاتی ماددی بکات بۆ دابینکردنی خەرجی

بۆ شەڕ دژی شارەکانی دیکە کە هەڕەشەیان لێدەکرد.
بیرۆکراسییەت زیاتر لە کۆتایی سەدەی ڕێنسانس لە ئەوروپا سەری هەڵداو ڕاگیر و توندوتۆڵ کرا کە تێیدا گۆڕانە سیاسی و کۆمەلایەتی و تەکنەلۆژییەکان سەریهەڵدا، لەگەڵ گۆڕانکارییەکانی سەدەی نۆزدە بەتایبەتی دەرکەوتنی فیکری لیبڕاڵ و شۆڕشی پیشەسازی، بیرۆکراتییەت دەبێتە پێویستییەک لە پێویستییەکانی ڕێکخستنی کۆمەڵگا و حوکمکردنی. بیرۆکەی بیرۆکراسییەت لە بنچینەدا پەیوەستە بە ڕێکخستنی کارگێڕی، مانای لێکدراوی ئەم وشەیە واتە دەسەلات یان حوکمی نووسینگەکان، یان ئەو دەسەلاتەی کە پیاوانی ئیداری پیادەی دەکەن، ئەو زاراوەیە بەو مانایە هیچ گیروگازێکی دروست نەکردووە، چونکە بوونی دەوڵەت پێویستی بە ئامراز و دامودەزگایە بۆ ئیدارەکردن ئەوەش تەنیا لە ڕێگەی فەرمانبەری پسپۆر نەبێت ناتوانێ کارەکانی ئەنجام بدات. بۆ ئەو کارانەی کە پێیان سپێردراوە، بەلام بیرۆکراسییەت دەبێتە کێشەیەک و یەکێ لە بابەتەکانی سۆسیۆلۆژیای سیاسی کاتێک پرسیار دەورووژێنێت لە بارەی هێزی خەڵکانی فەرمانبەر و بێ لایەنەکانەوە کە پابەندن لە کۆمەڵگایەکی دیموکراتی کە گریمانی ئەوەی تێدا کراوە میللەت خاوەن بڕیارە، کاری ڕەسمی لە دەوڵەت پێویستە پشت بەکەسانی هەڵبژێردراو ببەستێ، کێشەکە ئاڵۆزتر دەبێ و پێویستی بە لێکۆڵینەوە هەیە کاتێک بیرۆکراسییەت مومارەسەی دەسەلات دەکات لەسەر ئاستی وەزارەت و سەرۆکایەتی حکوومەت، یان لەسەر ئاستی ئامرازی هەڵبژێردراو، لە ژیانی گشتیدا لە میانەی مومارەسەی دەسەلاتی یاسادانانی وەزیفیانەی بۆ بەدیهێنانی وەرگرتنی تایبەتی و ئاراستەکردنی سیاسی گشتیدا. ئەگەر ماکس ڤێبەر تیۆری بیرۆکراسییەتی دانابێت لە ساڵی (١٩٢٢) بە سروش وەرگرتن لە واقیعی بیرۆکراسییەت لە کۆمەڵگای سەرمایەداری دیموکراسی دواتر بایەخدان بەبوارە پۆزەتیڤەکانی ناوی، ئەوا بەردەوامی نەشونماکردنی بیرۆکراسییەت لەو جۆرە کۆمەڵگایانەوە گەورەکردنی دامودەزگاکان و مەرکەزیەتی زۆرو زۆربوونی دەسەلاتیان و بایەخدانەکانیان کە پاڵێوراوان یان پیاوانی دەسەلاتی ڕەسمی ئەنجامی دەدەن. سەرباری سروشتە شێواو و نێگەتیڤەکەی کە لە سیستەمی تۆتالیتاری و لە جیهانی سێیەمدایە بە دەستهێنراوە، هەمووئەوانە وا لە بیرۆکراسییەت دەکات کە گۆکردنێکی خراپ بێت بە مانای گەندەڵی ئیداری و هێواش لەکارکردن، ڕۆتینیات و دەست بەسەرداگرتنی دەسەلاتە...تاد.
مەبەستمان لە بابەتی بیرۆکراسییەت پێوەندییەتی بە دەسەلاتی سیاسی بەتایبەتی پێوەندی بە دیموکراسییەت، هەوڵ دەدەین ئەم بەشە بکەین بە دوو باس، لە یەکەمدا هەوڵ دەدەین پێناسەی بیرۆکراسییەت و گرنگترین تیۆرە کلاسیکییەکان بکەین، لە بەشی دووەمدا باس لە پێوەندی بیرۆکراسییەت بە دەسەلاتی سیاسی و دیموکراتییەت بکەین.

**پێناسەی بیرۆکراسییەت، گرنگترین تیۆریستەکانی**

بیرۆکراسییەت بە مانا لێکدراوەکەی واتا حوکم یان دەسەلاتی نووسینگەیی، یان ئەو گرووپەن لە خەڵکانی سیاسی و پیشەدارەکان یان فەرمانبەری دەوڵەت یان حیزب کە قۆرغی دەسەلاتی سیاسی و ئابوورییان کردووە.
لە فەرهەنگی ئەڵمانیدا هاتووە کە بنچینەی وشەکە و سەرەتای دەرکەوتنی لە ئەڵمانیا بوو، واهاتووە کە «دەسەلات و هێز دەداتە لق و بەشە حکوومییەکان کە بەسەر هاولاتیان پیادەی دەکەن»، بەلام فەرهەنگی ئەکادیمی فەرەنسی وا پێناسەی کردووە کە «ئەو هێزو دەسەلاتەیە کە لێپرسراوانی حکوومەت و فەرمانبەرانی دەزگا حکوومییەکان مارەسەی دەکەن». ئەو ناساندنە فەرهەنگیانە گوزارشت لە ئەسڵی لێکدراوی ئەو وشەیە دەکات، بەلام ئەو وشەیە وەک زاراوە ئەو مانایەی تێپەڕاندووە کە پەیوەست بێت بە فەرمانبەرانی دەوڵەت، کۆمەڵێک دەلالەتی جیاوازی وەرگرتووە کە تەنیا کورت ناکرێتەوە لەسەر دەزگای ئیداری دەوڵەت یان لەسەر شێوەی ڕێکخستنی حکوومی، بەڵکو مانای جیاوازی وەرگرتووە، لێرەوە شێوەیەک لە شێوەکانی حوکمی وەرگرتووە یان سیفەتی ڕێکخستنی حکوومی وەرگرتووە کە لە سیستەمەکانی دیکە جیا دەکرێتەوە، ئەمەش وای لە جۆن ستوارت میل کرد بەو شێوەیە پێناسەی بکات: «شێوەیەکە لە شێوەکانی حوکم و بەڕێوەبردن وەک دیموکراسییەت و ئەرستۆکراسییەت». لە هەمان سۆنگەوە، بەلام لە ڕوانگەی ئایدۆلۆژیا جیاوازەکانەوە مارکسییەکان ڕووبەڕووی شرۆڤەکردنی لیبراڵییەکان بوونەوە بۆ بیرۆکراسییەت تەنیا فەلسەفەی هیگڵ نەبێت کە وای دەبینێت دەوڵەت بریتییە لە دوا نوێنەری بەرژەوەندی گشتی بە دامودەزگای جێبەجێکردنی بڕیارەکان وەردەگرێت و سروشتی بەرژەوەندی گشتی

دیاری دەکات، مارکس دەڵێت: دابڕانێک لەنێوان دەوڵەت و کۆمەڵگادا هەیە، دامودەزگای دەوڵەت (بیرۆکراتییەت) نوێنەرایەتی خەڵک ناکات، ئەو گوتەیەی کە دەڵێت بیرۆکراسییەت بەرجەستەبوونی بەرژەوەندی گشتییە لە بەرامبەر بەرژەوەندی کەسیی تاکەکان، ئەمە خستنە ڕوویەکی وەهمییە، بیرۆکراسییەکان بەکاری دەهێنن بۆ خزمەتی بارودۆخی شەخسییان، مارکس لە کتێبی «ئایدیۆلۆژیای ئەڵمانی»دا دەڵێت: بیرۆکراسییەت لە ئەڵمانیا گەشەی کرد و سەربەخۆییەکی گەورەی وەرگرت، کەچی وای دەبینێ تەنیا خزمەتی بەرژەوەندی بۆرژوا دەکات، بە مانایەکی تر گوزارشت لە دەوڵەتی بۆرژوا دەکات.

لەگەڵ لینین گۆڕان لە دید و بۆچوونی بیرۆکراسییەت پەیدابوو، لە ساڵی (١٩٠٩) لینین داکۆکی لەوە کرد کە حیزبی شۆڕشگێڕ پێویستە پشت بە پێوانەی بیرۆکراسییەتی ڕەسمی ببەستێ، هەروەها بیرۆکراسییەت وەک پرەنسیپێکی ڕێکخستن (دەبینێ) پاساوی بوونی بیرۆکراسییەت، پێویستی بوونی کۆنترۆڵی ناوەندی بە هێز و دیکتاتۆرییەتی پرۆلیتاریایە، دەتوانێت سەرکردایەتی جووڵانەوەی شۆڕش بکات، ئەم هەڵوێستەی لینین تووشی ڕەخنەی توند بووەوە، لەبەر دەرکەوتنی توخمی بیرۆکراسییەت لەنێو حزبی شیوعی لە کۆنگرەی دەیەمی سۆڤیەتی لە ساڵی (١٩١٢). حزب داوای کرد بەرەنگای بیرۆکراسییەت ببێتەوە، هەڵبژاردنی ئەو تاکانەی کە سەرقاڵی پۆستی کارگێڕین. لە سەدەی نۆزدە کۆمەڵێک بیرمەند هەوڵیان دا چارەسەری کێشەی بیرۆکراسییەت بکەن، لەوانە مۆسکا و میشلز و ڤێبەر، سەبارەت بە مۆسکا چارەسەری بیرۆکراسییەتی کرد لە چوارچێوەی شیکردنەوەی سیستەمی کۆمەڵایەتی و هێزی کاریگەر تێیدا، بەو مانایەی دیارترین سیمایەک دەوڵەتی نوێ جیا دەکاتەوە، دەرکەوتنی توێژی فەرمانبەرانن وەکو دەستەبژێر وا پێناسەی بیرۆکراسییەتی کرد بەوەی دەستەی فەرمانبەرە گشتییەکانن ئەوانەی پاداشت وەردەگرن و ملکەچی باڵادەستی ڕێبەر و سەرۆکەکانیان دەبن، لە هەمان ڕووگەدا میشلز گەیشتە دارشتن و ڕوانینێکی تایبەت لەبارەی بیرۆکراتییەت لە میانەی شیکردنەوە و لێکۆڵینەوە لە حزبە سیاسییەکان - وەک پێشووتر باسمان کرد - کە وای دەبینێ هەموو ڕێکخستنێک جیادەکرێتەوە بە بوونی گرووپێک لە فەرمانبەران، ئەوانەی کاروبارە ئیدارییەکان جێبەجێ دەکەن و ئەو کەسانەی کە لە ناو ئەم ڕێکخستنەدا گرنگترین بڕیارەکان لەژێر دەستی ئەواندا دەبێت، ئەوا هەر قسەکردنێک لە بارەی دیموکراسییەت لەنێو ئەم ڕێکخستنانەدا تەنیا دەنگە دەنگە.

ماکس ڤێبەر گرنگترین تیۆری لەبارەی بیرۆکراسییەت دانا لە سایەی تایبەتمەندییەکانی پێناسەی کرد، کە گوزارشتێکە لە عەقلانییەتی سیستەمی سەرمایەداری، بیرۆکراسییەت میکانیزمی کاری سیستەمی سەرمایەدارییە و تایبەتمەندییەکی گەوهەری پێدەبەخشێ، وا پێناسەی کردووە کە ئەو ڕێکخستنە زەبەلاحە لە کۆمەڵگایەکی سیاسی ئاڵۆز و مەدەنی بوونی هەیە، بۆیە بەدیهێنانی ئامانجە نەتەوایەتییەکان، دەرهێنانی سیاسەتی گشتی بۆ سەر واقیع کە ببێتە شوێنی جێبەجێکردن.

بیرۆکراسییەت مانای بوونی ئەو کەسانەی کە لە کارگێڕییە حکومییەکاندا کار دەکەن و ئەوانەی ئەو جۆرە کارانەیان هەڵبژاردووە نەک بە شێوازی بۆماوەیی یان هەڵبژاردن، بەڵکو لە نێوانیاندا ڕێکخستنێکی هەرەمی هەیە کە بە پێوانەی دیاریکراو حوکم دەکات و تێیدا دەستنیشانی پسپۆڕێتی و ئەرک و بەرپرسیارێتییەکان دەکرێت. ماکس ڤێبەر بیرۆکراسییەت بە دیاردەیەکی ئاڵۆز دادەنێت، کەسە پلەدارەکان تێیدا ئامانجیان لە پێناو بەدەستهێنانی مەبەستی ناشەخسییە، ئەمەش ئامانجی بنەڕەتییە کە پشت بە دابەشکردنی کار دەبەستێ، بە ڕەچاوکردنی کۆمەڵێک وەزیفەی دیاریکراو و جیاواز و بەپێی هەندێک مەحەکی هونەریی. ئەو دابەشکردنە پەیوەستە بە دابەشکردنێکی دیکەی دەسەڵات کە بەشێوەیەکی ڕیزبەندانە سیستماتیزە دەکرێت، بە جۆرێک ئەندامێکی مەرکەزی لە لوتکە دادەنێت، لەگەڵ بوونی توانای هونەری لای بەشداربووانی، بەو شێوەیە ڕۆڵی هەموو بەشداربووێک دەستنیشان دەکرێ، یان درکی پێ دەکرێ کە ئەم وەزیفەیەی پێی هەڵدەستێ دەبێ ڕەچاوکردنی وەزیفەکانی دەسەڵات بێ نەک کاریگەری شەخسی، ئەمەش جیاکردنەوەیەکی ڕوون و دیارە لە زۆربەی لایەنەکان لەنێوان پێوەندی کاراکتەر و هەڵسوکەوتەکانی لە وەزیفەکەیدا لە لایەکدا و لەنێوان پێوەندییەکان و توانای تاکە کەس لە لایەکی دیکە دەگرێتەوە.

بە شێوەیەکی گشتی بیرۆکراسییەت جیاکردنەوەی نێوان کار و ماڵ، نێوان دارایی و وەزیفی و سامانی کەسیی و تایبەتییە، لە هەمووشی گرنگتر جیاکردنەوەی

نێوان دەسەڵاتە لە مەسەلەکانی پەیوەستن بە وەزیفە و کاریگەری شەخسی دەرەوەی چوارچێوەی کار.

ماکس ڤێبەر دەستنیشانی تایبەتمەندییەکانی بیرۆکراسییەت لە سیستەمی سەرمایەداری کرد کە بریتین لەمانەی خوارەوە:

١- وەرگرتنی مووچەی تاکە کەسەکان لەسەر خشتەیەکی ڕێک و دیاریکراو دەوەستێ.

٢- وەزیفە لە دامودەزگای بیرۆکراسی دڵسۆزییەکی بابەتییانە دەکات و پابەندبوونێکی ناچارییانەش لەسەر ئەوەی کە هەیە.

٣- بیرۆکراسییەتی نوێ بە سەربەخۆبوونێکی ڕێژەییانەی لە دەوڵەت جیادەکرێتەوە.

٤- بوونی پلەیەکی دیاریکراو لە پسپۆڕێتی وەزیفی و دابەشکردنی کار لەسەر بنەمای تاکەکەسی.

٥- بیرۆکراسییەت پەیوەستە بە تەکنۆلۆژیا، چونکە ئەمەی دوایی بەرپرسە لە زۆربەی کارە دابەشکراوەکان و یارمەتی پێشخستنی شێوازە هونەرییەکانی ئاڵوگۆڕکردن دەدات وەک دارایی و زیادبوونی بانکەکان.

٦- بیرۆکراسییەت دیاردەیەکی گرنگ لە سیستەم و بنەمای کارلێکردنی کۆمەڵایەتییە.

لێکۆڵینەوەکانی ڤێبەر وای لە توێژەرانی کۆمەڵایەتی و سیاسی کرد گرنگی بدەن بەو کاریگەرییەی دامودەزگای بیرۆکراسی بەسەر سیستەمی کۆمەڵایەتی و سیستەمی سیاسیدا هەیەتی، بەتایبەتی لە کۆمەڵگا مۆدێرنەکاندا. بارسۆنز وای دەبینێ «تایبەتمەندی بنەمایی دیار و باڵای کۆمەڵگا مۆدێرنەکان لە بوونی ڕێکخستنی قەبارە گەورە بەرجەستە دەبێت، بە شێوەیەکی ڕێژەیی وەزیفەی سنووردار دێنێتە کایەوە، ئەمەش پێی دەگوترێت بیرۆکراسییەت». هەرچی «پیتەر بلاو»ە وای دادەنێ کە گرنگیدان بە بیرۆکراسییەت دەگەڕێتەوە بۆ کێشە کارگێڕییە زۆرەکان لە کۆمەڵگا مۆدێرنەکاندا، ئەمەش لە ڕێکخستندا پێویستی بە توانایەکی زۆر هەیە. بە ڕای ئەو، ئەو کارەی بیرۆکراسییەت ئەنجامی دەدات لە پێویستییەکانی ژیانی هاوچەرخە، وا پێناسەی بیرۆکراسییەت دەکات: « ڕێکخستنێکە دەبێتە هۆی زیادبوونی چالاکییە ئیدارییەکان، ئەمەش تەنیا لەسەر دەزگا حکوومی و سەربازیی و مەدەنییەکان کورت ناکرێتەوە، بەڵکو لە کەرتەکانی کارکردن و سەندیکاکان و کەنیسەکان و زانکۆکان و هەتا گەمەی تێنس-یشدا بوونی هەیە».

«میشێل کرۆزیە» بە گرنگترین نووسەر دوای ماکس ڤێبەر دادەنرێ کە لەسەر بیرۆکراسییەت نووسیبێتی، بە دەرخستنی رووکاری جیاوازی بیرۆکراسییەت کە دژکارە لەگەڵ دیموکراسییەت، واش ناسراوە کە سیمای چەرخی نوێیە سەرەڕای ئەوەی کە وای دادەنێ شتێکی داسەپاو و پێویستە لە کۆمەڵگا مۆدێرنەکان، کەچی ئەوە بەدەردەخا کە بیرۆکراسییەت بە هێواشی و ڕۆتین و ئاڵۆزبوون و ئیجرائات و نەگونجان و پرۆسەی بێبەش کردن و چەپاندن دەناسرێتەوە کە هەموو ئەوانەی ملکەچی ئەو واقیعەن هەستی پێدەکەن.

کرۆزیە یەکێکە لەوانەی کە تاوتوێی بیرۆکراسیەتی کردووە. لە میانەی دەروازەی مرۆڤایەتی بە جۆرێک کە پێوەندییەکی لەنێوان پێشکەوتنی بیرۆکراسییەت و تەسکبوونەوەی ئازادی کەسی بەدی کرد، لای ئەو «بیرۆکراسییەت لە فەرمانگەکانی دەوڵەت پێکهاتووە، فەرمانبەران و دامەزراوەکان بە شێوەیەکی ریزبەندی بەرێوەی دەبەن کە پشت بە دەسەڵاتی حاکم دەبەستێ». کرۆزیە لەوانەیە ئەو بۆچوونانەی گوزارشتکردن بێت لە هەستکردنی بە بێ ئومێدی لە واقیعی بیرۆکراسییەتی فەرەنسی، پێچەوانەی ماکس ڤێبەر کە تایبەتمەندیی پۆزەتیڤی دایە پاڵ بیرۆکراسییەت، چونکە لە چوارچێوەی بەرگریکردن لە سیستەمی سەرمایەداری سەیری بیرۆکراسییەت دەکات لە رووبەڕووبوونەوەی سیستەمەکانی دیکە بەتایبەتی شیوعی. ئەو وێناکردنەی بیرۆکراسییەت لای کرۆزیە نزیکە لە بۆچوونی (بالزاک) لە سەدەی نۆزدەدا لە کتێبی (خزمەتگوزاری گشتی) کە لە سەدەی نۆزدەدا نووسیویەتی، لە بارەی بیرۆکراسییەتەوە دەڵێ: «هێزێکی مەزنە، بوودەڵە و نووسەری نێو فەرمانگەکان قۆرغی دەکەن کە بە تێپەڕینی کات خۆیان وا بەدی دەکەن کە بریتین لە تایەیەک کە لە ئامێرێکدا بەستراوە، هەموویان تەنیا لە شێوازی گۆڕینی ڕۆنی پەپکەکاندا جیاوازن».

**سەرچاوە:**

علم الاجتماع السياسي، د. ابراهيم أبراش.

# سایکۆلۆژیای ئاراستەکان

د. کەریم شەریف قەرەچەتانی
(زانکۆی سەلاحەدین - کۆلیژی پەروەردە)

بابەتی ئاراستەکان (الإتجاهات- Attitudes) یەکێکە لە گرنگترین بابەتەکانی سایکۆلۆژیای کۆمەڵایەتی لەبەر ئەوەی یەکێکە لە بەرهەم و دەرئەنجامەکانی پرۆسەی بە کۆمەڵایەتیکردن و لە هەمان کاتیشدا یەکێکە لە پاڵنەر و دیاریکەرەکانی ڕەفتارە کۆمەڵایەتی و دەروونییەکان. ئاراستەکان هەر لە سەردەمی منداڵییەوە لە ڕێگەی خێزان و قوتابخانە و دامەزراوە کۆمەڵایەتییەکانی ترەوە لە دڵ و دەروون و ناخی منداڵدا سەوز دەبێت و تا جۆرەها زانیاری و شارەزایی لەبارەی کۆمەڵ و بەهاو دابونەریت و ئاکار و نەتەوە و ئایین و زۆربەی دیاردەکانی تری دەست دەکەوێت و دواتر ئاراستەی خۆی دەربارەیان بە باش یان بە خراپ دیاری دەکات.

### پێناسەی ئاراستەی دەروونی و کۆمەڵایەتی

ئاراستەی دەروونی و کۆمەڵایەتی پێکهاتەیەکی دەروونی کۆمەڵایەتی شاراوە و ناوەکی و نادیارە و وەک گریمانێک ئێمە ئەو ناوەمان بەسەردا بڕیوە و دەکەوێتە نێوان ورووژێنەر و وەڵامدانەوە و بریتییە لە ئامادە باشییەکی دەروونی، یان عەقڵی عەسەبی کە تاک لە کۆمەڵەکەیەوە فێری دەبێت و ئاراستەی خۆی بەنێگەتیڤ یان پۆزەتیڤ دەربارەی دیاردە و کەس و بیروباوەڕ و سەرجەم هێماکانی تری کۆمەڵگا دیاری دەکات و هەرسێ ڕەگەزی (عەقڵی و هەڵچوونی و ڕەفتاری) لە خۆی دەگرێت و کاریگەری زۆری لەسەر بیرکردنەوە و ڕەفتاری تاک هەیە و بەرەو ئەو بابەت و دیاردانەی کە لایەنگری ناوەرۆکی ئاراستەکەن پاڵی پێوەدەنێت.

### خاسیەتەکانی ئاراستەگەلی دەروونی و کۆمەڵایەتی

لە گرنگترین خاسیەتەکانی ئاراستە دەروونی و کۆمەڵایەتییەکان ئەمانەی لای خوارەوەن:

١- ئاراستەکان وەرگیراوە و تاک لە کۆمەڵەکەیەوە فێریان دەبێت و بۆماوەیی نییە.

٢- ئاراستەکان کاتێک دروست دەبن لەبارەی دیاردە و بابەتە کۆمەڵایەتییەکان لە هەمان کاتیشدا لەنێوان ژمارەیەک لە تاکەکان، یان کۆمەڵەکان هاوبەش دەبێت.

٣- ئاراستەکان لە بۆشاییدا دروست نابن، بەڵکو لەناو کۆمەڵدا پێک دێن و بەردەوام پێوەندی نێوان تاک و بابەتە کۆمەڵایەتییەکان لەخۆ دەگرێت. واتە دەبێت دیاردە و شتێک هەبێت تاک ئاراستە دەربارەیان دروست بکات.

٤- ئاراستەکان هەمەجۆر و زۆرن و بەپێی ورووژێنەرەکان (بابەتەکان)ی پەیوەست پێیانەوە دەگۆڕێن.

٥- ئاراستەکان پێوەندی نێوان تاک و ئەو بابەتەی کە ئاراستەکەی پێوەبەندە دیاری دەکات.

٦- هەندێک جار ئاراستەکان تایبەتی و سنووردارن و هەندێک جاریش گشتی و بێ سنوورن.

٧- بەردەوام ئاراستەکان دەکەونە نێوان دوو جەمسەری دژ بەیەک و بەرانبەر، یەکێکیان پۆزەتیڤە (لایەنگری تەواو) ئەوی تریان نێگەتیڤە (دژی تەواو).

٨- زیاتر خودی و تاکیەتی و بەرژەوەندی تایبەتی لەناوەرۆکی ئاراستەکاندا ڕەنگ دەداتەوە و زاڵە بەسەریدا نەک بابەتی و بەرژەوەندی گشتی.

٩- ئاراستەکان هەموویان لە یەک ئاستدا نین، بەڵکو جیاوازییەکی زۆر لەنێوانیاندا هەیە، بۆ نموونە هەندێکیان زۆر بەهێزن، بەڵام هەندێکی تریان لاواز، یان هەندێکیان دیار و ئاشکران کەچی هەندێکی تریان نادیار و شاراوە و تەمومژاوین.

## ئەرک و فەرمانەکانی ئاراستە دەروونی و کۆمەڵایەتییەکان

دەتوانین ئەرک و فەرمانەکانی ئاراستەکان لەم چەند خاڵەی خوارەوەدا کۆبکەینەوە:

١- ئاراستەکان پرۆسەکانی (هەڵچوون، پاڵنەر، ئیدراک و زانین)ی تاکەکان دەربارەی هەندێک لایەنی بوارەکانی ژیان ڕێک دەخەن.

٢- ئاراستەکان ڕێگاکانی ڕەفتار دیاری دەکەن و لێکیشی دەدەنەوە.

٣- ئاراستەکان لە ڕەفتار و قسە و بیرکردنەوەی تاک و کارلێککردنی لەگەڵ کەسانی تر لە کۆمەڵگادا، ڕەنگ دەدەنەوە.

٤- ئاراستەکان شێوەی پێوەندی تاک لەگەڵ تاکەکانی تری کۆمەڵایەتی و دیاردەکانی تری ژیان، دیاری دەکەن.

٥- گرنگی خۆی هەیە لە بواری ڕێنماییکردن و چارەسەرکردنی دەروونیدا، لەبەر ئەوەی زۆرجار ئاراستەی هەڵە و نابەجێ دەربارەی ژیان و کەسانی تر و کێشە و گیروگرفت بۆ خاوەنەکەی دروست دەکەن ئینجا ئەگەر بمانەوێت ئەو جۆرە مرۆڤانە لەو کێشە و گیروگرفتانە ڕزگار بکەین ئەوا دەبێت هەوڵی گۆڕینی ئەو ئاراستە هەڵە و نابەجێیەیان بدەین.

٦- ئاراستەکان ڕۆڵی سەرەکییان لە پرۆسەی پەروەردە و فێربوون هەیە، چونکە ئەگەر قوتابی ئاراستەی نێگەتیڤی بەرانبەر خوێندن و فێربوون هەبێت ئەوە ڕەنگدانەوەی خراپی لەسەر دەرچوون و بەردەوامبوونی لە خوێندن دەبێت، بەڵام ئەگەر ئاراستەی پۆزەتیڤی بەرانبەر خوێندن و پیشە و دیاردەکانی تری ژیان هەبێت. ئەوا بە باشی و بەسەرکەوتووانە لەو بوارانەدا دەردەچێت و بە ئامانجی خۆی دەگات.

## دروستبوونی ئاراستەکان

وەک لە پێشتر ئاماژەی بۆ کرا ئاراستە وەرگیراوە و تاک لە کۆمەڵ و دەوروبەرەکەی فێری دەبێت، یەکەم دامەزراویش کە ڕۆڵی گرنگی هەیە لە دروستکردن و سەرهەڵدانی ئاراستەکان خێزانە، دوای ئەویش قوتابخانە و ڕاگەیاندن و داو و دەزگا کۆمەڵایەتییەکانی ترە. لەسەرەتای ژیانەوە، واتە لە قۆناغی منداڵییەوە منداڵ لە ڕێگەی دایک و باوک و مامۆستاکانییەوە فێری جۆرەها ئاراستە دەبێت، لەوانە ئاراستەی دەبارەی (هاوسێ، خزم و کەس، برادەر، خواردن، مامۆستا، قوتابخانە، ئایین، نەتەوە و مەزهەبەکانی تر... تاد) بۆ ڕاستی ئەو بۆچوونەی سەرەوە دەتوانین بەراوردێکی بچووک لەنێوان ئاراستە و بۆچوونەکانی منداڵ و ئاراستە و بۆچوونەکانی دایک و باوکی بکەین، لە ئاکامدا ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کە پێوەندییەکی بەهێز لەنێوان ئەو دوو جۆرە ئاراستە و بۆچوونەدا هەیە، واتە زۆربەی ئاراستە و بۆچوونەکانی منداڵ لەبارەی ژیان و دیاردەکانی وەک ئاراستە و بۆچوونەکانی دایک و باوک و هەندێک جار مامۆستاکانیشی وایە، ئاراستەکان لەبەر ئەوەی وەرگیراو و مرۆڤ لە ژینگە کۆمەڵایەتییەکەی فێریان دەبێت، لەبەر ئەوە فێربوونیان بەپێی پرانسیپەکانی فێربوون دەبێت لەوانە (پاداشت، سزا، دووبارەبوونەوە، سەرنجدان، بوونی نموونە...تاد) بۆ نموونە منداڵ فێری هەندێک لە ئاراستە دەروونی و کۆمەڵایەتییەکان دەبێت، لە ڕێگەی لاساییکردنەوەی دایک و باوک و کەسانی تری نزیکی، هەروەها منداڵ فێری هەندێکی تریان دەبێت لە ڕێگەی پاداشتکردن و هاندانەوە یان دووبارەکردنەوەیانەوە، سەرەڕای ئەوەی هەندێکی تریان فێردەبێت لە ڕێگەی ڕووداوەکانی ڕۆژانەوە، واتە قسەی خۆش و ڕێزگرتنی منداڵ لەلایەن کەسانی تر و دووبارەبوونەوەی ئەو حاڵەتە دەبێتە هۆی دروستکردنی ئاراستەیەکی پۆزەتیڤ و باش دەربارەی ئەو کەسانە، بەپێچەوانەشەوە سووکایەتی و ئازاردانی منداڵ دەبێتە هۆی دروستکردنی ئاراستەی نێگەتیڤ و خراپ لەبارەی ئەو کەسانەی کە بوونەتە هۆی سزادان و ئازاردانی منداڵەکە. سەرەڕای ئەوەش لە قۆناغی هەرزەکاری و

کاملّی، مرۆڤ لە ئەنجامی بیرکردنەوە و لێکدانەوە و شیتەڵکردنەوەی دیاردەکانی ژیانەوە، دەبێت بە خاوەنی هەندێک ئاراستەی تر لەوانە ئاراستەی مرۆڤ لەبارەی (دیموکراسییەت) مافی مرۆڤ پیسبوونی ژینگە، ئازاردانی ئاژەڵ، لابردن یان کەمکردنەوەی سزای لە سێدارەدان. کەواتە دەتوانین بڵێین کە ئاراستە کۆمەڵایەتی و دەروونییەکان لەناو جەرگە و منداڵدانی کۆمەڵ و بارودۆخی کۆمەڵایەتی و ئابووری و رۆشنبیرییەوە هەڵدەقوڵێن و لەدایک دەبن و دەرئەنجامی پرۆسەی بە کۆمەڵایەتیکردنن و لەمیانەی ژیان و کارلێککردنی کۆمەڵایەتییەوە دروست دەبن و خێزان و قوتابخانە و ڕاگەیاندن و جێگاکانی خوداپەرستی و داو ودەزگا کۆمەڵایەتییەکانی تر ڕۆڵی گرنگیان لە دروستبوون و پتەوکردن تەنانەت لاوازکردن و نەهێشتنیان هەیە.

### جۆرەکانی ئاراستەکان

دەتوانین ئاراستەکان بە چەندین شێوەی جیاجیا پۆلین بکەین، لەوانە:

**١- گشتی و تایبەتی:** هەندێک لە زاناکان نکوڵی لەوە دەکەن کە شتێک هەبێت بە ناوی ئاراستەی گشتی، بەڵکو هەموو ئاراستەکان تایبەتین و لەبارەی هەندێک شت و دیاردەی ژیانەوەن، بەڵام هەندێک توێژینەوەی زانستی ئەوەیان سەلماند کە هاوشان لەگەڵ ئاراستە تایبەتی و خودییەکان هەندێک ئاراستەی گشتی هەن. لە گرنگترین ئەو توێژینەوانە توێژینەوەیەکی (هارتلی)یە کە بەمەبەستی زانینی دەمارگیری (تعصب) نەتەوەیی و ڕەگەزپەرستی کردی. لە ئاکامی توێژینەوەکەی ئەوەی بۆ دەرکەوت کە ئەو کەسانەی کە دەمارگیر بوون و ئاراستەیەکی زۆر خراپیان لەبارەی (جوولەکە) هەبوو، لە هەمان کاتدا ئاراستەی خراپیشیان لەبارەی ڕەشپێست و ئیتالی تەنانەت هەموو بیانییەک هەبوو. لە هەمووی سەرنجڕاکێشتر ئەوەبوو کە توێژەر خۆی ناوێکی خەیاڵی و دروستکراوی نووسینی خستە ناو لیستی ناوی نەتەوە و گەلە جیاجیاکانەوە، کە ئەو ناوە خەیاڵی و دروست کراوە و لە واقیعدا نییە، کەچی لە دەرئەنجامی توێژینەوەکە ئەوەی بۆ دەرکەوت کە ئەوانەی دەمارگیربوون و ئاراستەی خراپیان لەبارەی گەل و نەتەوەکانی تر هەیە و بە هەمان شێوەش ئاراستەی خراپیان بەرانبەر ئەو نەتەوە و گەلە خەیاڵییە (دانیران) هەبوو. کە ئەم دەرئەنجامەش وای لە (هارتلی) و ئەوانەی وەک ئەو وابوو، کرد کە بڵێن ئاراستەی گشتی هەیە و ئەوانەی کە دەمارگیر و تەسکبیرن، ئاراستەی خراپیان لەبارەی زۆربەی گەل و نەتەوەکان هەیە نەک تەنیا یەک گەل و نەتەوەی دیاریکراو. (حمزة، ١٩٨٢، ص٢٤٨).

**٢- کۆمەڵی و تاکی:** ئەو ئاراستانەی کە هاوبەشن لەنێوان کۆمەڵێک کەسدا ئەوا پێیان دەڵێن ئاراستەی کۆمەڵەکان لەوانە ڕێزگرتنی پاڵەوان و سەرکردە و ناوداران و شەهید و زانایان، بەڵام ئەو ئاراستانەی کە تاکین و تایبەتن بە چەند کەسێکی کەم و لە یەکێکەوە بۆ یەکێکی تر دەگۆڕێن، پێیان دەڵێن ئاراستە تاکییەکان وەک ڕێزگرتنی یەکێک بۆ هاوڕێیەکەی یان ئاراستەی بۆ پیشە و کارێک.

**٣- نهێنی و ئاشکرا:** هەندێک لە ئاراستەکان ئاشکرا و دیارن و مرۆڤ دەتوانێت گوزارشتیان لێ بکات و لەناو خەڵکیدا باسیان بکات، بەڵام هەندێک ئاراستەی تر هەیە نهێنی و نادیارن و تاک لەناو دڵ و دەروونی خۆیدا دەیانشارێتەوە و لەبەر هەرچ هۆیەک بێت ناتوانێت بە ئاشکرا گوزارشتیان لێ بکات و لەناو زۆرینەی خەڵکیدا باسیان بکات.

**٤- بەهێز و لاواز:** هەموو ئاراستە دەروونی و کۆمەڵایەتییەکان وەک یەک بەهێز نین، بەڵکو هەندێکیان زۆر بەهێزن و هەندێکی تریان مامناوەندی و ئەوانی تر لاوازە واتە کاتێک تاک ئاراستەیەکی بەهێزی لەبارەی دیاردە، یان بابەتێک دەبێت ئەوا زۆر بە توندی لایەنگری دەکات و پارێزگاری لێدەکات ئیتر ئەو پارێزگاری و لایەنگرییە بە بەکارهێنانی هێز و توندوتیژی بێت یان بە قسە، بەڵام ئەگەر ئاراستەکەی لاوازبێت ئەوا دەداتە تەمبەڵی و کەمتەرخەمی و زۆر بە پەرۆشی و دڵسۆزییەوە کاری بۆ ناکات. بۆ نموونە ئەگەر دوو کەس لە یەک پارت و کۆمەڵ و ڕێکخراو بن، بەڵام یەکەمیان ئاراستەکەی زۆر بەهێزە و دڵسۆزی ڕاستەقینەی پارت و ڕێکخراوەکەیەتی و بڕوای تەواوی بە بیروبۆچوون و ئایدیۆلۆژیاکەی ئا لەم کاتەدا ئەم کەسە زۆر بە توندی پارێزگاری لە پارت و ڕێکخراوەکەی دەکات و بەشداری هەموو چالاکییەکانی دەکات (کۆبوونەوە، ڕێپێوان، خۆپیشاندان، خوێن بەخشین، خۆ شەهید کردن....تاد)، بەڵام کەسی دووەم ئاراستەکەی لاوازە و زۆر بڕوای بەو پارت و ڕێکخراوە نییە و بۆ بەرژەوەندی خۆی و پلەو پایە چۆتە ناویەوە، ئا لەم کاتەدا ئەم کەسە ئامادە نییە خۆی بە کوشتنی بدات

یان لە هەموو کۆڕو کۆبوونەوە و چالاکییەکانیدا بەشداری ناکات، ئەگەر داوای بەشداری ڕێپێوان و خۆ پیشاندان و خوێن بەخشینی لێبکرێت، ئەوا بە هەموو شێوەیەک هەوڵ دەدات کە خۆی بدزێتەوە و بەشداری نەکات، سەرەڕای هێنانەوەی چەندەها بڕوبیانوو و پاساو بۆ ئەو کەمتەرخەمییەی. کەواتە بەهێزی و لاوازی، ئاراستە، جۆری ڕەفتار و بیرکردنەوە و هەڵوێستی تاکەکان دیاری دەکەن و دەبن بە پاڵنەرێکی لاواز یان بەهێز بۆ کارکردنی. ئینجا هەر لەبەر ئەوەشە کە کۆمەڵێکی بچووک بە بڕواو ئاراستەیەکی بەهێزەوە کاریگەری زۆر زۆر زیاترە لەسەر کۆمەڵ و گۆڕانکارییەکانی لە کۆمەڵێکی زۆر گەورە، بەڵام خاوەنی بیروباوەڕ و ئاراستەیەکی لاوازە.

**٥- پۆزەتیڤ و نێگەتیڤ:** ئاراستەکان بەپێی ئەم تەوەرە بەسەر دوو جۆردا دابەش دەکرێن ئەوانیش پۆزەتیڤە ئاراستە (إتجاه موجب) و نێگەتیڤە ئاراستە (إتجاه سلبي)ن. مەبەست لە پۆزەتیڤە ئاراستە ئەوەیە کە خاوەنەکەی زۆر لایەنگری ئەو بابەت و شتەیە کە ئاراستە باشەکەی دەربارەیان هەیە و پشتگیری تەواوی لێدەکات، بەڵام نێگەتیڤە ئاراستە مانای ئاراستەی خراپە و دژی ئەو بابەت و شتەیە. بۆ نموونە ئەگەر یەکێک کەسێکی خواپەرست و دیندار بێت، ئەوا ئاراستەی باشی (پۆزەتیڤە) لەبارەی ئایین هەیە و بە هەموو شێوەیەک لایەنگیری دەبێت و ئەو پۆزەتیڤە ئاراستەی دەبێت بە پاڵنەر و بزوێنەر بۆ (نوێژکردن، ڕۆژووگرتن، خواپەرستی، زەکات دان...تاد) لە هەمان کاتیشدا ئاراستەیەکی خراپی (نێگەتیڤی) لەبارەی ئایدیۆلۆژیای مارکسیەت (علمانیەت) و بێ بڕوایی دەبێت و ئەو نێگەتیڤە ئاراستەی دەبێت بە هاندەر و وروژێنەر بۆ ئەوەی بەردەوام دژایەتی مارکسیەت و علمانیەت و بێ بڕوایی بکات و پێچەوانەکەشی ڕاستە، واتە کەسێکی علمانی و مارکسی ئاراستەی باشی (پۆزەتیڤی) لەبارەی شیوعیەت و مارکسیەت و علمانیەت دەبێت، بەڵام ئاراستەی نێگەتیڤ و خراپی لەبارەی ئایین دەبێت.

### گۆڕینی ئاراستەکان

هەر چ دیاردە و بابەتێک کۆمەڵایەتی بێت و مرۆڤ لە ژینگە و دەوروبەرەکەیەوە وەری گرتبێت، ئەوا توانای گۆڕینی هەیە، ئینجا لەبەر ئەوەی ئاراستە کۆمەڵایەتی و دەروونیەکان وەرگیراون و مرۆڤ لە کۆمەڵەکەیەوە وەریان دەگرێت و لە ڕێگەی پرۆسەی بە کۆمەڵایەتیکردنەوە فێریان دەبێت، ئەوا دەتوانین ئاراستە خراپەکان کە بوون بە دەمارگیری (تعصب) بەرەو ئاراستەی باش و پۆزەتیڤ بیان گۆڕین، لە هەمان کاتیشدا دەکرێت ئاراستە لاوازەکان بەهێز بکرێن. وەک لە پێشەوە ئاماژەمان بۆ کرد دامەزراوە کۆمەڵایەتییەکان لە پێشەوەی هەموشیان خێزان ڕۆڵی گرنگیان لە دروستکردنی ئاراستەکان بە باشی و خراپیانەوە هەیە، هەر لەبەر ئەوەشە کە لە ڕێگەی ئەوانەوە دەتوانین زۆربەی ئاراستەکان بگۆڕین، لە جێگایان ئاراستەی تر دروست بکەین. شایانی ئاماژە بۆ کردنە کە دوو جۆر گۆڕینی ئاراستەمان هەیە، یەکێکیان ئەوەیە کە بەپێی پلان و نەخشەیەکی دیاریکراو و دانراو دەگۆڕدرێن واتە مەبەستدارە، بەڵام جۆری دووەمیان ئەوەیە کە لە ئەنجامی (گۆڕانکارییە کتوپڕەکان و شۆڕش و کاریگەری زۆرینە لەسەر تاک) لەناکاو و بێ نەخشە و پلانی دیاریکراو دەگۆڕێن. لە لایەنی تیۆرییەوە ئەگەر بمانەوێت ئاراستە بگۆڕین ئەوا دەبێت ئەو وروژێنەر و شتانەی کە لایەنگری ئەو ئاراستەن زیاد و بەهێزیان بکەین، بەڵام ئەو وروژێنەر و شتانەی کە دژی ئەو ئاراستەن لاوازیان بکەین، بەڵام ئەگەر بێت و ئەو وروژێنەر و شتانەی کە لایەنگری ئاراستەکەن یەکسان بێت بە ئەو وروژێنەرو شتانەی کە دژی ئاراستەکەن ئەوا ئاراستەکە ڕاوەستاو دەبێت و ناگۆڕێت.

ئاراستەکان بەپێی بەهێزی و لاوازی و نهێنی و ئاشکرایی دەگۆڕێن و هەموویان لەیەک ئاستدا نین، هەر لەبەر ئەوەشە کە هەموویان بەیەک شێوە ناگۆڕێن، بەڵکو بەندن بە کۆمەڵێک فاکتەرەوە، ئەم فاکتەرانەی خوارەوە دەبنە هۆی ئاسان گۆڕینی ئاراستەکان:

١- لاوازی ئاراستە و نەچەسپاندنی: واتە تا چەند ئاراستەکە لاواز بێت و لە سەرەتای دروستبوونیدا بێت و بەباشی نەچەسپابێت، ئەوەندە گۆڕینی ئاسان دەبێت، بەڵام ئەگەر ئاراستەکە بەهێزبێت و ماوەیەکی زۆری بەسەردا تێپەڕیبێت و لە دڵ و دەروونی خاوەنەکەیدا چەسپیبێت، ئەوا گۆڕینی زەحمەت و گران دەبێت.

٢- بوونی چەند ئاراستەیەکی هاو هێز و یەکسان: ئەگەر تاک خاوەنی ژمارەیەک ئاراستەی هاو هێز و هاوشێوە و یەکسان بێت، ئەوا دەتوانرێت یەکێکیان زاڵ بکرێت و ئەوانی تر لاواز بکرێن و وردە وردە بگۆڕدرێن.

٣- دابەشــبــوونی ڕاوبۆچوونەکــان لەنێــوان چەند ئاراستەیەکی جیاجیادا: واتە ئەگەر ڕاوبۆچوونی تاک و کۆمەڵ لەناوخۆیاندا جیاواز و پەرتەوازە بوون دەربارەی ژمارەیەک بابەت و دیاردە لەنێوان چەند ئاراستەیەکدا، ئەوا گۆڕینی ئاسان دەبێت، بەڵام ئەگەر ڕاوبۆچوونەکان یەکگرتوو بوون ئەوا بە زەحمەت دەگۆڕدرێن.

٤- گەڵاڵە نەبوون و تەم و مژاوی ئاراستە دەربارەی بابەتەکە: واتە کاتێک ئاراستە تەمومژاوی و نادیار دەبێت و بە تەواوی لەلای تاک گەڵاڵە نەبووە و زانیاری تەواوی دەربارەی بابەتەکە نییە، ئەوا گۆڕینی ئاسان دەبێت، بەڵام ئەگەر تاک زانیاری تەواوی دەربارەی بابەتی ئاراستەکەی هەبێت و ئاراستەکە لەلای ڕوون و ئاشکرا بێت و بەباشی لەلای گەڵاڵە بووبێت، ئەوا گۆڕینی زەحمەت و دژوار دەبێت. بۆ نموونە ئەگەر یەکێک زانیارییەکی کەمی دەربارەی فیدراڵیەت یان پیسبوونی ژینگە هەبێت و هێشتا بە تەواوی لەلای گەڵاڵە نەبووبێت، ئەوا دەتوانرێت بە ئاسانی ئاراستە و ڕاوبۆچوونی دەربارەی ئەو بابەتانە بەرەو پۆزەتیڤ یان نێگەتیڤ بگۆڕدرێت.

٥- بوونی شارەزایی و ئەزموونی ڕاستەوخۆ و پێوەندیدار بە ئاراستەکە: واتە کاتێک تاک بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ زانیاری و شارەزایی لەبارەی ئاراستەکە پەیدا دەکات و خۆی بە گوێ و چاوی خۆی ڕووداو و شتەکان دەبینێ، ئەوا گۆڕینی ئاراستەکە ئاسانتر دەبێت. بۆنموونە کاتێک یەکێک ئاراستەیەکی باش یان خراپی بەرانبەر تاقم و مەزهەبێک هەبێت و دوای ماوەیەک خۆی تێکەڵاوی ئەم تاقمە و مەزهەبە بێت و لە نزیکەوە لەگەڵیان بژی و شارەزایی لەبارەیانەوە پەیدا بکات، ئەوکاتە گۆڕینی ئاراستەکەی ئاسانتر دەبێت لەوەی کە هەر لە دوورەوە زانیاری دەربارەی ئەو تاقمە و مەزهەبە هەیە.

٦- سادەیی و پەراوێزی ئاراستە: ئاراستەی تاک چەند سادە و ساکار و قرچۆک بێت و بەشێوەیەکی لاوەکی وەری گرتبێت و لە پەراوێزی بیروبۆچوونەکانیدا جێگای بۆ کردبێتەوە، ئەوا گۆڕینی ئاسان دەبێت. نموونەی ئەم جۆرە ئاراستەیەش زۆرە لە ئەوانە، ئەو ئاراستانەی کە لەناو کۆمەڵەی مامناوەندیدا (الجماعات الثانویة) دروست دەبن وەک کۆمەڵەکانی (نادی و سەندیکا و پارتە سیاسییەکان...تاد). لەلایەکی ترەوە جۆری کەسایەتیی تاک ڕۆڵی خۆی لە گۆڕینی ئاراستەکان هەیە. واتە ئەو کەسانەی کە عەقڵ و مێشکیان کراوەیە و کەسێکی دەمارگیر نین، ئەوا گۆڕینی ڕاوبۆچوونەکانیان (ئاراستەکانیان) ئاسانترە لەو کەسانەی کە مێشکیان جام بووە و ژەنگی هەڵهێناوە و کەسێکی دەمارگیر و کەللە ڕەقە. هەروەها گۆڕینی ئاراستەی کەسی زیرەک و بلیمەت زەحمەتترە لە گۆڕینی ئاراستەی کەسی مامناوەندی و ئاسایی، لەبەر ئەوەی گۆڕینی ئاراستە و ڕاوبۆچوونی کەسی زیرەک و بەتوانا پێویستی بەگفتوگۆ و بگرە و بەردە و جۆرەها بەڵگەی عەقڵی و مەنتیقی هەیە، سەرەڕای بوونی چەندەها زانیاری گرنگ بۆ بنکۆڵکردنی ڕاوبۆچوونەکانی پێشووی. لە لایەکی تریشەوە گۆڕینی ئاراستە و ڕاوبۆچوونی سەرکردە و پێشەواکان زۆر زۆر زەحمەتترە لە گۆڕینی ڕاوبۆچوون و ئاراستەی ئەندامەکان. (جابر، ٢٠٠٤، ص٢٢٧).

### ڕێگا و شێوازەکانی گۆڕینی ئاراستەکان

بە مەبەستی گۆڕینی ئاراستە و دۆزینەوەی شێواز و ئاراستەی سەرکەوتوو و کاریگەر، چەندەها توێژینەوە بە ئاکام گەیەندراوە، لە ئاکامدا دەرکەوت کە ئەم شێواز و ڕێگایانەی خوارەوە، گرنگترین ڕێگان بۆ گۆڕینی ئاراستەکان:

**١- گۆڕینی چوارچێوەی مەرجەعی (الاطار المرجعي):**
مەبەست لە چوارچێوەی مەرجەعی سەرجەم ئەو بەهاو پێوەر و ئایدۆلۆژیا و دابونەریتە کۆمەڵایەتیانە کە بوون بە سەرچاوە و کانیاو بۆ دروستبوون و هەڵقوڵینی ئاراستەکان، چونکە ئاراستەکان لە بۆشاییدا دروست نابێت، بەڵکو لەناو چوارچێوە و سنووری کۆمەڵێک دابونەریت و بەهاو پێوەر و ئایدیۆلۆژیای کۆمەڵایەتیدا دروست دەبێت و دەبنە هۆی ئەوەی بیرکردنەوە و ئاراستەی تاکەکان بەپێی چوارچێوەی مەرجەعیان بگۆڕدرێ. بە نموونە یەکێک لە کۆمەڵگایەکی سەرمایەداریدا پەروەردە ببێت بەشێوەیەک سەیری موڵکداری دەکات و ئاراستەی دەربارەی دەبێت کە زۆر جیاوازە لەو کەسەی کە لە کۆمەڵگایەکی سۆشیالیستدا پەروەردە بووە، هەروەها ئاراستە و بۆچوونی کەسێک کە لە کۆمەڵگایەکی ئیسلامیدا پەروەردە بووبێت دەربارەی ئافرەت و فرە ژنی بە جۆرێکە کە لە زۆر لایەنەوە جیاوازە لە ئاراستە و بۆچوونی کەسێک کە لە کۆمەڵگایەکی سەرمایەداریدا یان سۆشیالیستیدا گەورە بووە، چونکە

چوارچێوەی مەرجەعی هەریەکەیان جیاوازە لە ئەوانی تر. ئینجا ئەگەر بمانەوێت ئاراستەی تاکەکانیان بگۆڕین ئەوا یەکێک لە ڕێگاکانی گۆڕینی ئاراستەکان، گۆڕینی چوارچێوەی مەرجەعیەتی ئەو کەسانەیە، چونکە چوارچێوەی مەرجەعی سەرچاوەی هەڵسەنگاندن و بەردەوامبوونی ئاراستەکانە، واتە کاتێک چوارچێوەی مەرجەعیەت دەگۆڕدرێ ئەوا زۆر بە ئاسانی ئاراستەی زۆربەی تاکەکانی ئەو کۆمەڵگایە دەگۆڕدرێت، لەبەر ئەوەی سەرچاوە و کانیاوی ئاراستەکانیان وشک و کوێردەبێتەوە، لەبەر ئەوە ئاراستەکانیان بەبێ پاڵپشت و بناغە دەمێنێتەوە. بەڵگەی زۆریش لەم بارەیەوە هەیە بۆ نموونە کاتێک یەکێتی سۆڤیەتی پێشوو و وڵاتە سۆشیالیستەکان هەرەسیان هێناو گۆڕانکارییەکی زۆر لە فەلسەفە و ئایدیۆلۆژیای مارکسی و لینینی دەوڵەت کرا (کە چوارچێوەی مەرجەعیان بوو) ئەوا زۆر لە تاکەکانی ئەو وڵاتە ئاراستەکانیان لەلایەک بەرانبەر سۆشیالیستی و لەلایەکی تر بەرانبەر سەرمایەداری گۆڕا. هەروەها کاتێک شۆڕشی سەرتاسەری لە وڵاتێک دەکرێت و سیستمی حوکم و ئایدۆلۆژیاکەی وەک چوارچێوەیەکی مەرجەعی دەگۆڕێت، ئەوا ئەو سیستەم و حوکم و ئایدۆلۆژیا نوێیە وەک چوارچێوەیەکی مەرجەعی تازە دەبێتە هۆی گۆڕینی ڕاوبۆچوون و ئاراستەی زۆربەی تاکەکانی کۆمەڵگا.

**٢- گۆڕینی کۆمەڵگەی مەرجەعی (الجماعة المرجعية):** یەکێکی تر لە ڕێگاکانی گۆڕینی ئاراستەکان گۆڕینی کۆمەڵەی مەرجەعی تاکە، واتە ئەگەر توانرا تاک لەو کۆمەڵ و جەماعەتەی کە تێیدا دەژی و کاریگەرییان لەسەر بیروبۆچوون و ئاراستە و بەهاکانی هەیە، دووربخرێتەوە و بچێتە ناو کۆمەڵ و گرووپی نوێوە، ئەوا دوای ماوەیەک زۆر لە ئاراستە و بیروبۆچوونەکانی دەگۆڕێ. دەرئەنجامی یەکێک لە توێژینەوەکانی (نیوکۆمب) (New comb) کە لەسەر ژمارەیەک لەو کچانەی کە لە گوندەکانەوە هاتبوون و چووبوونە کۆلێژی بینینگتۆن، کردی ئاماژە بۆ ئەمانەی خوارەوە دەکەن:

١- ئەو کچە گوندنیشنانەی کە دوای چوونیان بۆ زانکۆ تێکەڵی کۆمەڵێک لە کچانی شاربوون و لەگەڵیاندا خۆیان گونجاند و بوون بە هاوڕێی یەکتری، دوای ماوەیەک زۆر لە ئاراستە و ڕاوبۆچوونە کۆنەکانیان گۆڕاو ئاراستە و ڕاوبۆچوونی نوێ لەم کۆمەڵە تازەیانەوە فێربوون. ئەمەش ئەوە ڕوون دەکاتەوە کە کاریگەری کۆمەڵەی یەکەمیان کە گوندەکەیان و خەڵکەکەی بوو لەسەریان کەم بووە و لەجیاتی ئەوە کاریگەری کۆمەڵەی دووەم کە کچانی شار بوو لە سەریان دەرکەوت.

٢- بەڵام ئەو کچانەی کە دوای هاتنیان بۆ زانکۆ هەر لەگەڵ دەستە خوشک و کچەکانی برادەریان کە هەر لە گوندیش لەگەڵیان بوون مانەوە و لەناو شار و کۆلێژیش هەر تێکەڵاوی کۆمەڵە کۆنەکەیان کرد و نەبوون بە هاوەڵ و دڵسۆزی کچانی شار، هەروەک خۆیان مانەوە و ئاراستە و ڕاوبۆچوونە کۆنەکانیان بەهیچ شێوەیەک نەگۆڕا، واتە کاریگەری کۆمەڵەی یەکەم لەسەریان بوو هەر مایەوە لەبەر ئەوە نەچوونە ناو کۆمەڵەی نوێوە (زهران، ١٩٧٧، ص١٦٧).

٣- گۆڕانکاری لە بابەتی ئاراستەکە: واتە کاتێک گۆڕانکاری لە بابەتی ئاراستەکە دەکرێت، ئەوکاتە ئاراستەکەش لەبارەی ئەو بابەتە دەگۆڕێت. بۆ نموونە خەڵکی ئاراستەی نێگەتیڤیان دەربارەی خەڵکی لادێ و کرێکار و جووتیار و هەندێک توێژ و چینی کۆمەڵایەتی هەیە، ئینجا ئەگەر ئەو خەڵکی لادێ و کرێکار و جووتیارانە هەوڵی خۆ ڕۆشنبیرکردن و گۆڕین و بەرەو پێش چوونی خۆیان دا ئەوا ئەوکاتە ڕاوبۆچوون، ئاراستە نێگەتیڤ و خراپەکانی بەرانبەریان دەگۆڕدرێ، بەڵام ئەگەر هەروەک خۆیان مانەوە و گۆڕانکاری ڕووی نەدا ئەوا ئاراستەی خەڵکیش بەرانبەریان ناگۆڕدرێت.

٤- پێوەندی ڕاستەوخۆ بە بابەتی ئاراستەکەوە: بوونی پێوەندی ڕاستەوخۆ بە بابەتی ئاراستەکەوە زۆرجار دەبێتە هۆی گۆڕینی ئاراستە. بۆ نموونە تاکەکانی نەتەوە و مەزهەبێک ئاراستە و ڕاوبۆچوونی خراپیان لەبارەی نەتەوە و مەزهەبێکی تر هەیە، بەڵام بارودۆخێکی وا هاتە پێشەوە کە تێکەڵاوی و پێوەندیکردن لەنێوان تاکەکانی ئەو دوو نەتەوە و مەزهەبە دروست بوو، ئەوا بێگومان دوای ماوەیەک لە شارەزایی و تێکەڵاو بوون و ڕاگۆڕینەوە هەندێک لە ئاراستە و ڕاوبۆچونەکان دەبارەی یەکتری دەگۆڕدرێن، لەبەر ئەوەی ئەو پێوەندیکردن و تێکەڵاوبوونە دەبێتە هۆی زیاتر تێگەیشتن و دەرکەوتنی زۆر شتی شاراو و بینینی زۆر ڕەفتاری یەکتری کە سەرجەم ئەوانە دەبنە هۆی گۆڕانکاری لە ئاراستە و ڕاوبۆچوون، چونکە لەوەپێش پێوەندیکردن و تێکەڵاوبوون لەنێوانیان نەبوو بۆیە زۆر بەهەڵە لە یەکتری تێگەیشتبوون. نابێت ئەوەشمان لە یاد بچێت کە هەندێک جار گۆڕانکارییەکان بەرەو خراپی دەبێت،

بەتایبەتیش ئەوکاتانەی کە پێوەندیکردنی نێوان ئەو دوو هۆز و مەزهەب و نەتەوەیە دەبێتە هۆی دروستکردنی کێشە و دەرکەوتنی هەندێک لایەنی خراپ و شاراوەی یەکتری، واتە جاران هەندێک ئاراستە و ڕاوبۆچوونی باشیان دەربارەی یەکتری هەبوو، بەڵام لە ئەنجامی ئەو پێوەندیکردن و تێکەڵاوبوونەوە زۆر شتی خراپ و شاراوە دەرکەوت، کە ئەمەش بێگومان دەبێتە هۆی گۆڕینی هەندێک لە ئاراستە و ڕاوبۆچوونە باشەکان.

٥- گۆڕینی ڕۆڵ و پلەوپایە: واتە کاتێک ڕۆڵ و پلەوپایەی یەکێک، یان کۆمەڵێک دەگۆڕدرێت، ئەو لە دەرئەنجامی ئەو گۆڕانکارییە، هەندێک لە ئاراستە و ڕاوبۆچوونەکان دەگۆڕدرێن. بۆ نموونە هەندێک قوتابی ڕاوبۆچوونی خراپیان لەبارەی مامۆستا هەیە، بەڵام کاتێک ئەو قوتابیانە دەردەچن و دەبن بە مامۆستا ئەوا زۆر لەو ئاراستە و ڕاوبۆچوونە خراپانەیان لەبارەی مامۆستا دەگۆڕێت، هەروەها یەکێکی هەژار و نەبوو زۆر ئاراستەی نێگەتیڤ و خراپی لەبارەی دەوڵەمەند هەیە، بەڵام کاتێک ئەم کەسە هەژارە دەوڵەمەند دەبێت ئەوا هەندێک لە ئاراستە و ڕاوبۆچوونەکانی دەربارەی دەوڵەمەند دەگۆڕێ و بە پێچەوانەشەوە لەوانەیە هەندێک ئاراستە و ڕاوبۆچوونی خراپی دەربارەی هەژاران لە لا دروست ببێت.

٦- بە زۆر گۆڕینی ئاراستە: هەندێک جار ترس و بەکارهێنانی هەڕەشە و تۆقاندن و زۆر و ناچاری دەبنە هۆی گۆڕینی هەندێک لە ئاراستە و بۆچوونەکان، بەتایبەتیش لەو کاتانەی کە ئاراستەکان لاواز و قرچۆکن و ئەو کەسەش خۆی خاوەنی کەسایەتییەکی لاواز و بوودەڵە بێت.

٧- کاریگەری ئامرازەکانی ڕاگەیاندن و زانیاری:

ئامرازەکانی ڕاگەیاندن یەکێکن لە دامەزراوە کۆمەڵایەتییەکان و گرنگی خۆیان لەسەر دروستکردنی ئاراستە و ڕاوبۆچوون و گۆڕینیان هەیە، چونکە ئامرازەکانی ڕاگەیاندن بە هەموو کەناڵەکانیەوە (تەلەڤزیۆن، ڕادیۆ، گۆڤار، ڕۆژنامە، سینەما و ئەنتەرنێت..تاد) جۆرە زانیاری گرنگ بە باشی و خراپیەوە، پێشکەش بینەران و بیسەرانی دەکەن. بێگومان ئەو هەموو زانیاری و پروپاگەندانە ئیتر بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ بێت یان ناڕاستەوخۆ ڕەنگدانەوەی خۆیان لەسەر دڵ و دەروونی بینەران و بیسەران و خوێنەران دەبێت و دەبنە هۆی گۆڕینی زۆر لە ئاراستەو ڕاوبۆچوونەکانی تاک بە ئەوانەشەوە کە لەناو خێزان و قوتابخانە وەریان گرتووە.

هەر لەبەر گرنگی ڕاگەیاندنە، کە زۆربەی سیاسەتمەدار و بازرگان و ڕۆشنبیران پەنای بۆ دەبەن ولە ڕێگەیەوە زانیاری و ڕاوبۆچوونەکانی خۆیان ئاراستەی تاکەکانی کۆمەڵ دەکەن، بۆ نموونە جاری وا هەیە ئێمە ئاراستە و ڕاوبۆچوونێکی خراپ یان باشمان لەبارەی گەل و نەتەوە یان پارت و لایەنێک هەیە، بەڵام دەبینین یان دەبیسین کە کەسانێکی باوەڕپێکراو لە ڕێگەی ڕاگەیاندنەوە هەندێک زانیاری نوێ و جیاواز لەوەی کە ئێمە هەمانە پێشکەش دەکەن، کە بێگومان کەم یان زۆر ئەو زانیاری و ڕاستیانە کاریگەرییان لەسەر گۆڕینی ڕاوبۆچوونەکانی پێشوومان دەبێت. زۆربەشمان بە ئاشکرا کاریگەری ئەفلام کارتۆن و پروپاگەندە و زنجیرە تەلەڤزیۆنەکان و گۆڤار و کتێب و ڕۆژنامەکان لەسەر ڕەفتار و هەڵسوکەوتی منداڵ و هەرزەکارەکانمان بەشێوەیەکی تایبەتی و گەورەکان بەشێوەیەکی گشتی هەست پێدەکەین و ڕۆژانە دەیان بینین.

٨- کاریگەری ڕووداو و کارەساتە گەورەکان: لەگەڵ ئەوەی ئاراستە و ڕاوبۆچوونەکان تارادەیەک نیمچە نەگۆڕن، بەڵام زۆرجار ڕووداو و کارەساتە گەورەکان بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ دەبنە هۆی گۆڕینی ئاراستەکان. جەنگی جیهانی یەکەم و دووەم و زۆربەی ئەو شۆڕش و ڕووداوە مێژووییانەی کە لەناوچەکەمان ڕوویان دا بوونەتە هۆی گۆڕینی زۆر لە ئاراستەکان، لەبەر ئەوەی شەڕ و شۆڕش و ڕووداوە گرنگەکان دەبنە هۆی لەقکردن و گۆڕینی چوارچێوەی مەرجەعی (الاطار المرجعي) کە گۆڕین و لەقبوونی چوارچێوەی مەرجەعیش دەبنە هۆی گۆڕینی ئاراستە و ڕاوبۆچوونەکان. هەموومان دەزانین کە ڕووداو و شۆڕشە گرنگەکان دەبنە هۆی گۆڕینی ڕژێم و حکومەتەکان، گۆڕینی ڕژێم و حکومەتەکانیش دەبنە هۆی گۆڕینی فەلسەفە و ئایدۆلۆژیاکان و دواتریش گۆڕینی چوارچێوەی مەرجەعی و ئاراستەی تاکەکانی کۆمەڵ.

٩- کاریگەری ڕای زۆرینە و ڕای شارەزایان: لەبەر ئەوەی تاک بوونەوەرێکی کۆمەڵایەتیە و لەناو کۆمەڵ و داو و دەزگاکانیدا نەبێت، ناتوانێت وەک مرۆڤ مرۆڤایەتی خۆی بسەلمێنێ، بۆیە کاریگەری کۆمەڵ و زۆرینەی لەسەرە. دەرئەنجامی زۆر لە توێژینەوەکانی ئەم بوارە ئاماژە بە ئەوە دەکەن، کە زۆرینە و کەسانی بەناوبانگ و خاوەن شارەزایی و پلەوپایەی کۆمەڵایەتی

کاریگەرییان لەسەر تاک و ئاراستە و بیروباوەڕەکانی هەیە بۆ نموونە زۆرجار تاک لەناو کۆمەڵەکەیدا ڕاوبۆچوونی تایبەتی خۆی دەگۆڕێ بۆ ئەوەی کۆمەڵە و زۆرینە ڕازی بکات و نەکەوێتە ژێر فشار و هەڕەشەیانەوە، هەرچەندە زۆرجار بیروباوەڕی خۆی وەک تاک ڕاستترە.. ئینجا هەر لەبەر گرنگی ڕۆڵی کۆمەڵ و زۆرینە و کەسانی شارەزا و خاوەن ئەزموون و پلەو پایەی کۆمەڵایەتی، زۆر لە سەردار و دەسەڵاتداران و بازرگانان لەکاتی پێویستدا پەنایان بۆ دەبەن بۆ فشار خستنە سەر تاک و گۆڕینی ئاراستە و ڕاوبۆچوونەکانیان. کاتێک کەسێکی پسپۆڕ و شارەزا یان خاوەن پلەی کۆمەڵایەتی و سیاسی و بەناوبانگ لە ڕاگەیاندن و کۆڕ و کۆبوونەوەکان قسە بۆ جەماوەر دەکەن، کاریگەری زۆر زۆر زیاترە لە کەسێکی ئاسایی بۆ گۆڕینی ڕاوبۆچوونی جەماوەر. لەلایەکی تریشەوە کاتێک ڕاوبۆچوونێک لە دەزگاکانی ڕاگەیاندن یان کۆڕ و کۆبوونەوەکان بڵاودەکرێتەوە و پێشکەش دەکرێت لەسەر ئەو بنەمایەی کە ئەو ڕاوبۆچوونی زۆرینەی خەڵکەکەیە ئەو کاتە کاریگەری لەسەر تاکەکان و ڕاوبۆچوون و ئاراستەکانیان زۆر زۆر زیاتر دەبێت لە ئەوەی کە ئەو ڕاوبۆچوونە، ڕاوبۆچوونی کەمینە، یان چەند کەسێکی دیاریکراو بێت، ئەمەش دەمانگەیەنێتە ئەو دەرئەنجامەی کە دەتوانین بۆ گۆڕینی ئاراستە و ڕاوبۆچوونی تاکەکانی کۆمەڵ سوود لە پلەو پایە و ڕۆڵ و ئەزموون و شارەزایی کەسانی بەناوبانگی ناو کۆمەڵ وەربگرین.

١٠- گۆڕانکاری تەکنەلۆژی: ئەوەی زۆر بە ڕوون و ئاشکرا هەستی پێدەکەین، ڕۆڵی تەکنەلۆژیا و ئامراز و کەرەستەکانی گەیاندنە لەسەر بیروباوەڕ و بۆچوونی تاکەکانی کۆمەڵ. بۆ نموونە دۆزینەوەی بۆمبی ئەتۆمی و چەکی کۆکوژ کاریگەرییەکی زۆری لەسەر گۆڕینی ڕاوبۆچوونی خەڵکی لەبارەی جەنگ هەبوو، چونکە پێش دۆزینەوە و داهێنانی بۆمبی ئەتۆمی و چەکی کۆکوژی زۆر لە تاکەکانی وڵاتە یەکگرتووەکان و وڵاتانی زلهێزی تر ڕاوبۆچوونی تایبەتی خۆیان لەبارەی شەڕە بچووکەکان هەبوو هەندێک جار لایەنگیریشی بوون و ترسی ئەوەیان نەبوو کە ئەو شەڕە بچووک و چەکە سادانە زیانیان پێدەگەیەنێ، بەڵام دوای ئەوەی تەکنەلۆژیای جەنگ زۆر پێشکەوتووەو جۆرەها چەکی ترسناک، دوورهاوێژ دۆزرایەوە، لەبەر ئەوە دانیشتوانی ئەو وڵاتە گەورانەش ترسیان لێ نیشت و ئەوەیان بۆ دەرکەوت کە ئەگەر شەڕو کارەسات ڕووبدات و بەردەوام بێت ئەوە مەترسی ئەوە دەبێت کە پرشکی ئاگری ئەو شەڕو کارەساتانە ئەوانیش بگرێتەوە و چەکەکان و تەکنەلۆژیای گەیاندنی ئاگری شەڕ ئەوەندە پێشکەوتووە کە دەگاتە ئەوانیش ئینجا لەبەر ئەوە لە ئەنجامی ئەو گۆڕانکارییە تەکنەلۆژیانە، زۆر لە ڕاوبۆچوون و ئاراستەکانیان لەبارەی شەڕ گۆڕدرا و بەردەوام لە ڕێگەی خۆپیشاندان و ناڕەزایی و ڕێپێوانەوە دژی شەڕ و پێشبڕکێی خۆ پڕچەککردن دەوەستان.

هەروەها پێشکەوتنی ئامرازەکانی گەیاندن و گواستنەوەش (مانگی دەستکرد، ئەنتەرنێت، کۆمپیوتەر، تەلەڤزیۆن، ڕادیۆ...تاد) بوونەتە هۆی گۆڕینی زۆر لە ئاراستە و بۆچوونەکانی تاکەکانی کۆمەڵگا.

١١- گفتوگۆ و بڕیاری بە کۆمەڵ: یەکێکی تر لەو ڕێگا و شێوازانەی کە دەبنە هۆی گۆڕینی ئاراستە و ڕاوبۆچوونەکان، گفتوگۆ و ڕاگۆڕینەوە و گەیشتن بە بڕیاری بەکۆمەڵە. واتە کاتێک هەندێک کەس ئاراستە و ڕاوبۆچوونی خراپیان دەربارەی جۆرە خواردن یان کەلوپەلێک هەیە، ئەوا دەتوانرێت لە ڕێگەی گفتوگۆی بەردەوام و تاوتوێکردنی دیاردەکە و پێشکەشکردنی کۆمەڵێک زانیاری و شارەزایی بەنرخ بە بەهێزکردنی ئاراستە و ڕاوبۆچوون لەبارەی ئەو جۆرە خواردن و کەلوپەلە، ڕاوبۆچوون و ئاراستەی زۆر لەو کەسانە لە خراپەوە بۆ باش بگۆڕدرێت، هەروەها کاتێک لە ئەنجامی ئەو گفتوگۆ و ڕاگۆڕینەوە، دەگەنە بڕیارێکی بە کۆمەڵ و زۆرینە پشتگیری لێدەکەن، ئەوا ئەو بڕیارە بە کۆمەڵە دەبێتە هۆی گۆڕینی زۆر لە ڕاوبۆچوون و ئاراستەی تاکەکانی ئەو کۆمەڵە، بۆ سەلماندنی ئەو بۆچوونەی سەرەوە زۆر توێژینەوەی زانستی بە ئەنجام گەیەندراوە و دەرئەنجامی زۆربەی توێژینەوەکان ئاماژە بۆ ڕۆڵ و گرنگی گفتوگۆ و بڕیاری بە کۆمەڵ دەکەن لەسەر گۆڕینی ئاراستە و ڕاوبۆچوونی تاکەکان.

# کورتە مێژوویەکی چەمکی سەرەڕۆیی ڕۆژهەڵاتییانە

**یدالله موقن**
**لە فارسییەوە: ڕەحیم سورخی**
**(ورمێ)**

**پێشەکی**

تیۆری (سەرەڕۆیی ڕۆژهەڵاتییانە) کە بەهۆی مۆنتسکیۆوە شێوەی داڕێژراوی ئەمڕۆیانەی بەخۆوە گرت، لەژێر کاریگەریی بیرۆکەی «ئەوروپای ناوەندی»دا و بە پشتگوێ خستنی ڕۆڵ و پشکی ژیارە دێرینەکان لە پێکهێنانی کولتووری و کۆمەڵایەتی جیهاندا چەند پێناسەیەکی تایبەتی بۆ ڕۆژهەڵاتی ناڤین بەدوادا هات.

مۆنتسکیۆ پێی وابوو ڕێکخراوەی سیاسی ئاسیایی لەسەر دوو هۆکاری سروشتیی بەرچاو؛ هەبوونی پێدەشتە بەرینەکان و ناهەمواری کەش و هەوا و سەرەڕۆیی ڕۆژهەڵاتییانە دامەزراوە.

ئەم تیۆرییە بوو بە ژێرخانی پێشداوەری زۆربەی نووسەران و خاوەنڕایانی ئەوروپی لە (هیگڵ)ەوە تا (جۆن ستوارت میل) و لەو دەلاقەیەوە ڕوانییانە کۆمەڵگە ئاسیاییەکان و بەو پێودانە هەڵیانسەنگاند. بەتایبەتی لە ڕێگەی (شێوەی بەرهەمهێنانی ئاسیایی مارکس)ەوە هاتە هەرێمەکانی ڕۆشنبیری هاوچەرخیشەوە. تیۆری مارکس کە بە شێوەیەکی گشتی کاردانەوەیەک بوو لە بەرانبەر سەفەرنامەی فرانسوا بێرنییە، پزیشکی فەرانسی لەسەر (ئەورەنگی زەیب)، سوڵتانی هیندستان و لەسەر ئەو خاڵە پێی داگرت کە موڵکدارێتی و خاوەنێتی زەوی لەبەر نەبوونی خاوەنێتی تایبەت و نەبوونی ئاو لە کۆمەڵگە ڕۆژهەڵاتییەکاندا ڕایەڵە و تۆڕی «حکومەتی مەزن، چەسپاو و سەرەڕۆی ڕۆژهەڵاتی» پەیدا بووە.

تیۆری بەرهەمهێنانی ئاسیایی مارکس دیسانەوە بەهۆی تیۆری «کۆمەڵگەی ئاودێری» (کارل ویتفۆگل) بەشێوەیەکی دیکە لە نیوەی دووەمی سەدەی بیستەمدا بەرهەم هاتەوە. بەپێی ئەم تیۆرییە سەرەڕۆیی ڕۆژهەڵاتی لەبەر زەروورەتی سروشتی- جوگرافیایی، کە هەمان کەمی ئاو لە ئاسیادایە، پێکهاتووە و سیستمی سیاسی شیاوی خۆی بەدی هێناوە کە دەزگای مەزنی دیوەخان سەروەرییە. واتای سەرەڕۆیی (Despotism)یش نەوەک دیکتاتۆری بە چینەکان پشت گەرمە و نە بە یاسا سنووردار دەکرێ و لە ڕاستیدا لەوەها کۆمەڵگەیەکدا کە هەموو مافەکانی لە سنووری دەوڵەتدایە، هەموو ئەرکەکانیش لە ئەستۆی دەوڵەتە (دەوڵەت ڕەوابوونی خۆی تەنیا لە ڕێگەی واقیعییەتی دەسەڵاتی خۆیەوە پێدەگات و هەر بۆیەشە یاسا، واتە چوارچێوەیەک کە بڕیارەکانی دەوڵەت تاڕادەیەک سنووردار و پاشانیش شیاوی پێشبینی بکات، لە ئارادا نییە).

**«وەرگێڕ»**

کارل ویتفۆگل لەبەرهەمە بەناوبانگەکەیدا (سەرەڕۆیی ڕۆژهەڵاتییانە) دەنووسێ:

کاتێ لە سەدەکانی شازدەیەم و هەڤدەیەمدا بەهۆی

شۆڕشی پیشەسازی و بازرگانییەوە دەسەڵات و بازرگانی ئەوروپی سەرانسەری جیهانی داگرت، ژمارەیەک گەشتیار و توێژەری وردبینی ڕۆژئاوایی داهێنانێکی عەقڵی گرنگیان بەدی هێنا کە هاوشانی داهێنانە گەورە جوگرافییەکانی ئەو سەردەمەیە بوو. ئەوان پاش ڕامان و پێداچوونەوەیان بەسەر ژیار و شارستانەتی ڕۆژهەڵاتی، نزیک چین و هیندستاندا ئەم خاڵەیان بۆ دەرکەوت کە ئەوەی لەم ژیارانەدا بەرچاوە، پێکهاتەی هێندێ تایبەتمەندی دامەزراوە کە نە لە یۆنان و ڕۆم و نە لە ئەوروپای سەدەکانی ناوەڕاست و نوێدا هەبوو. ئابووری زانایانی کلاسیک لە ئاکامدا تێگەیشتنی چەمکییانەی خۆیان بۆ داهێنانە بە زاراوەی کۆمەڵگەی تایبەتی «ڕۆژهەڵاتی» یا «ئاسیایی» دەربڕی.

کاکڵی هاوبەشی ئەم کۆمەڵگایانە ئاشکراتر لە هەموو شوێنەکان لە دەسەڵاتی دیکتاتۆرانەی سەرچاوە سیاسییەکەیانەوە دەردەکەون. هەڵبەت وا نەبوو کە حکومەتە زاڵمەکان لە ئەوروپادا نەناسرێن، سەرهەڵدانی سیستمی سەرمایەداری لەگەڵ سەرهەڵدانی دەوڵەتە تاکڕەهەندەکاندا هاوکات بوو، بەڵام چاوەدێرانی ڕەخنەگر وا تێگەیشتوون کە حکوومەتی تاکڕەهەندی ڕۆژهەڵاتی بە لێبڕاوی گشتگیرتر و سەرکوتکەرتر لە حکومەتە هاوچەشنەکانی خۆیان لە ڕۆژئاوادا بوون. لە ڕوانگەی ئەوانەوە دیکتاتۆرێتی «ڕۆژهەڵاتی» بێ بەزییترین شێوەی دەسەڵاتی توتالیتێر دەنوێنێ.

زانایانی زانستە سیاسییەکان وەک مۆنتسکیۆ، بەر لە هەرشت، هۆگری ئەو کاریگەرییە پڕ ئازارانە بوون کە سەرەڕۆیی ڕۆژهەڵاتی دەیخستە ئەستۆی تاک و توێژەرانی زانستی ئابووری حەزیان لە توێژینەوەی پانتایی بەڕێوەبەرایەتی و خاوەنێتی ئەو جۆرە حکومەتانە بوو. بەتایبەتی ئابووریزانانی کلاسیک کەوتنە ژێر کاریگەریی ئەو هەوڵە بەربڵاوانەی کە حکومەتی ڕۆژهەڵاتی بۆ ڕایەڵەی ئاودێری و کشتوکاڵ بۆ دامەزراندنی پێوەندی دەیدان. سەرەنجام ئەوان وا تێگەیشتوون کە لە ڕۆژهەڵاتدا حکومەت گەورەترین خاوەنی زەوییە.

بەڵام سەرەڕۆیی لە سەردەمی فەیلەسووفانی یۆنانی کۆندا بۆ وەسفکردنی حکومەتە ئاسیاییەکان بەکار دەبرا. بۆ نموونە ئەرستۆ لە کتێبەکەیدا (سیاسەت) دەنووسێ:

ڕەوشتی بەربەرەکان زیاتر حەزی لە کۆیلەتییە تا ڕەوشتی یۆنانییەکان، ڕەوشتی ئاسیاییەکانیش پتر هۆگری کۆیلەتییە تا ڕەوشتی ئەوروپییەکان. هەربۆیە ئاسیاییەکان حکومەتی سەرەڕۆ بەبێ ناڕەزایەتی دەربڕین پەسند دەکەن. لە سەردەمە نوێیەکاندا لەنێوان فەیلەسووفانی سیاسیی ڕۆژئاوادا، ماکیاڤیلی یەکەمین کەسە کە حکومەتی عوسمانی بە خاڵی بەرانبەری ڕێژیمە پاشایەتییەکان لە ئەوروپادا دادەنێ. ئەو لە بەرهەمە بەناوبانگەکەیدا (فەرمانڕەوا) دەنووسێ:

تاکە کەسێک بەسەر وڵاتی تورکدا زاڵە و ئەوانی دیکە هەموو بەندەی ئەون، ئەو وڵاتەکەی بۆ میرنشینەکان دابەش کردووە و فەرمانڕەوایەک بۆ هەرکامیان دەنێرێ و بە ئارەزووی خۆی لایان دەبا و دایان دەنێ [...] ئەمانە بەندەی ملکەچی خوای خۆیانن(١)

لە جێگایەکی دیکە لە هەمان سەرچاوەدا دەڵێ:

ئەمڕۆ جیا لە فەرمانڕەوای تورک و سوڵتانی میسر، ئەرکی هەر فەرمانڕەوایەکە کە پتر بەدوای ڕەزامەندی خەڵکەوە بێت تا ڕەزامەندی لەشکرییەکان، چونکە جەماوەر کاریان زیاتر لەدەست دێ تاکو لەشکرییەکان. تورکەکان بۆیە هەڵدەبژێرین کە فەرمانڕەواکەیان سوپایەکی لە دوازدە هەزار پیادە و پازدە هەزار سوار پێک هێناوە کە ئاسایش و دەسەڵاتی پاشا بەوان پشت ئەستوورە. هەر بۆیە پاشای تورک دەبێ بەر لە هەر شت، ویستی دڵی ئەوان بەجێ بێنێ. سەبارەت بە سوڵتانی میسریش هەروایە کە پاشایەتییەکەی بە لەشکر پشت ئەستوورە و دەبێ بە پشتگوێ خستنی خەڵک، دڵی ئەوان وەدەست بێنێ و دەبێ وەبیربێنیتەوە کە ئەم پاشایەتییە لەگەڵ پاشایەتی وڵاتانی دیکە وەک یەک نییە و زۆرتر لە حکومەتی پاپا دەچێ، چونکە نە دەکرێ بە پاشایەتییەکی میراتی دابنرێ و نە پاشایەتییەکی نوێ بنیات بێ، لەو وڵاتەدا ڕۆڵەکانی پاشای پێشوو نابنە پاشا، بەڵکو کەسانێکی دیکە کە شایانی پاشایەتین، بۆ ئەم پۆستە هەڵدەبژێردرێن(٢)

توێژەرانی هزری سیاسی لەو بڕوایەن کە بۆچوونەکانی ماکیاڤیلی لەسەر جیاوازی ماهییەتی حکومەتی عوسمانی لەگەڵ حکومەتە ئەوروپییە سەرەتاییەکان، یەکەمین هەوڵە بۆ پێناسەی شوناسی «ئەوروپی» و دەستنیشان کردنی لایەنە جیاوازەکانی لە «نا ئەوروپی»یەکان، شەست ساڵ پاش ماکیاڤیلی، بۆدن (١٥٣٠-١٥٩٦) فەیلەسووفی سیاسی و کۆمەڵایەتی لە فەرانسە، لەسەر و بەندی جەنگە ئایینییەکاندا لە فەرانسە خاڵی جیاکەرەوەی حکومەتە ئەوروپییەکان لەگەڵ حکومەتی عوسمانی لەوەدا دەبینی کە لە یەکەمیاندا ئابڕووی کەسەکان ڕێزی لێدەگیرێ و سامان و

دارایی ئەوان دەپارێزرێ، کەچی لە دووەمیاندا سوڵتان دەسەڵاتی بە سەر گیان و ماڵی پێڕەوان و ژێردەستەکانیدا هەیە و سنووری بۆنییە.

فرانسیس بیکۆن فەیلەسووف و کەسایەتی بەریتانی (١٥٦١-١٦٢٤)یش جیاوازی سەرەکی حکومەتی عوسمانی لەگەڵ حکومەتە ئەورووپییەکاندا لە نەبوونی چینی نەجیبزادەکان لە حکومەتی عوسمانیدا دەزانی و پێی وابوو کە لە هەر جێگایەک کە چینی نەجیبزادەکان لە ئارادا نەبێت کە پێش بە دەستدرێژییەکانی فەرمانڕەوا بۆ سەر گیان و ماڵی ژێردەستەکانی بگرێت، لەو جێگایە حکومەت زاڵم دەبێت، بەڵام جی هارینگتۆن (١٦١١-١٦٧٧) کۆماریخواز و تیۆریزانی سیاسی بەریتانی یەکەمین توێژەر بوو کە لەسەر جیاوازی نێوان بنەما ئابوورییەکانی حکومەتی عوسمانی و حکومەتە ئەورووپییەکان پێی داگرت، چونکە پێی وابوو کە لە تورکیای عوسمانیدا هیچ کەس جیا لە سوڵتان مافی خاوەنێتی زەوی نییە. (بێرنیە) پزیشکی فەرەنسی کە بە سەفەر چووبووە تورکیا و ئێران و هیندستان و ببوو بە پزیشکی تایبەتی «ئەورەنگی زەیب»، فەرمانڕەوای هیندستانیش ئەم تایبەتمەندییانەی نە تەنیا بۆ حکومەتی عوسمانی، بەڵکو دەیخستە پاڵ حکومەتەکانی هیند و ئێرانیش، وەسف و تێبینییەکانی (بێرنیە) لە وڵاتانی ئاسیاییدا کاریگەرییەکی قووڵی لەسەر هزرڤانانی چاخی ڕۆشنگەری و بەتایبەتی لەسەر (مۆنتسکیۆ ١٦٨٩-١٧٥٥) هەبووە (پی. بەیل ١٦٤٧-١٧٠٦) فەیلەسووفی فەرەنسی و پێشەنگی ڕۆشنگەری، بۆ یەکەمین جار لە ساڵی (١٧٥٦)دا وشەی «سەرەڕۆیی» بەواتا ئەمڕۆییەکەی بەکارهێنا.

لە سەرەتاکانی سەدەی هەژدەیەمدا مۆنتسکیۆ لە کاتی وەسفکردنی حکومەتی تورکیادا چەند تایبەتمەندییەکی بۆ ئەو حکومەتە دەستنیشان کرد کە بێرنیە بۆ حکومەتە ئاسیاییەکانی دیاری کردبوو، بۆ نموونە مۆنتسکیۆ لە کتێبی گیانی یاساکاندا، (کتێبی پێنجەم، بەشی چوارەم)دا دەنووسێ:

لە تورکیا سوڵتان بە وەرگرتنی سێ لە سەدای میراتی کۆچکردوو ڕازی دەبێ. ئەو زۆربەی موڵکەکان دەدا بە لەشکرییەکانی خۆی بەشێوەی (اقطاع)، واتە هەردەم بیەهوێ دەتوانێ وەریان گرێتەوە. هەموو سامانی فەرمانڕەواکان لە سەرانسەری ئیمپراتۆریدا دوای مەرگیان دەبێتە ماڵی سوڵتان؛ کەسێک منداڵی نێرینەی نەبێت، سوڵتان دەبێتە میراتگری، چونکە کچەکانی کۆچکردوو تەنیا مافی سوود وەرگرتنیان لە دارایی بابیان هەیە، نەک مافی خاوەنێتی داراییەکەی. لەنێو حکومەتە سەرەڕۆکاندا لە هەمووان خراپتر حکومەتێکە کە تێیدا سوڵتان خۆی بە خاوەنی هەموو ژێردەستەکانی و میراتگری هەمووان بزانێ کە بەهۆیەوە، وەرزێری و کێڵانی زەوییەکان کوێر دەبێتەوە و ئەگەر سوڵتان دەست لە بازرگانیش وەربدا، ئەمەش دەبێتە مایەی لەناوچوونی هەموو جۆرە پیشەیەک. مۆنتسکیۆ لە (گیانی یاساکان)دا بۆ یەکەمین جار تیۆرێکی بەراوردکاری لە بارەی ئەو شتە ئاراستە دەکات کە بە (سەرەڕۆیی) ناودەنێ و وەک شێوەیەک لە حکومەتی نائەورووپی دەیناسێنێ کە لە بەرانبەر «فیۆدالیزم»ی ئەورووپیدا ڕادەوەستێ. ئەو لە «روح القوانین»، کتێبی هەڤدەیەم، بەشی شەشەمدا دەنووسێ:

ئاسیا هەمیشە ئیمپراتۆریەتی مەزنی هەبووە. لە ئەورووپادا دەرەتانی پەیدابوونی ئەو ئیمپراتۆریەتانە نەبووە [...] هەربۆیە لە ئاسیادا دەسەڵاتی سیاسی بەردەوام دەبێ سەرەڕۆیانە بێت، چونکە ئەگەر کۆتی کۆیلەتی بەهێز نەبێت ئیمپراتۆری پارچە پارچە دەبێ کە ئەمەش لەگەڵ سروشتی جوگرافیایی وڵاتانی ئاسیایی نایەتەوە.

بە پێچەوانەوە، دابەشکردنە جوگرافیاییەکانی ئەورووپا بۆتە هۆی ئەوەی کە وڵاتانی ئەم بەشە لەسەر زەویدا پانتاییەکی مامناوەندییان هەبێ. هەربۆیە حکومەتی پشت ئەستوور بە یاساکان، نە تەنیا لەگەڵ بەردەوامی و مانەوەی وڵاتانی ئەورووپی ناتەبا نییە، بەڵکو وەها لەگەڵ مەزاجیان ڕێک دەکەوێ کە بەبێ یاسا ئەم دەوڵەتانە بە لێژایی هەرەسدا شۆڕدەبنەوە و دەبنە پارووی دراوسێکانی خۆیان. ئەم تایبەتمەندییە بۆتە مایەی پەیدابوونی مەیلی ئازادی. هەربۆیە ملکەچبوونی هەر بەشێک لە خاکی ئەورووپا بۆ وڵاتێکی بیانی زۆر ئەستەمە، تەنیا یاسا و بەرژەوەندییە ئابوورییەکان دەتوانێ بەشێک لە ئەورووپا ملکەچی وڵاتێکی دیکە بکات، بە پێچەوانەوە لە ئاسیادا گیانی کۆیلەتی بەندەیی زاڵە و نەتەوەکانی ئاسیا هیچکات نەیانتوانیوە کۆتی کۆیلەتی لە ئەستۆ داڕنن. لەمێژووی ئاسیاییەکاندا لاپەڕەیەک نییە کە دەربڕی ئازادیی گیانی ئەوان بێت، لەمێژووی ئەواندا شتێک جیا لە بەندەیی و کۆیلەتی نییە.

یەکەمین تایبەتمەندی سەرەڕۆیی ئەمەیە کە ڕژێمی سیاسی پێکهاتەی نییە! نە پێکهاتەی سیاسی- قەزایی

هەیە و نە پێکهاتەی کۆمەڵایەتی. مۆنتسکیۆ زۆر جاران دەڵێ کە سەرەڕۆیی بێ یاسایە، کە بێ شک مەبەستی ئەو، بەر لە هەموو شت یاسا بنچینەییەکانە، بەڵام مۆنتسکیۆ ئەمەش دەڵێ کە سەرەڕۆیی هەموو دەسەڵاتی خۆی دەبەخشێ بە سەرۆک وەزیران، (کتێبی دووەم، بەشی پێنجەم). کە ئەم گوێزانەوەیەی دەسەڵات بە ڕواڵەت یاسای سیاسییە، بەڵام لە ڕاستیدا یاسای مەیلی دەروونییە (یاسای دەرونزانییە کە خووی دڕندانەی سەرەڕۆ پیشان دەدات). ئەم یاسا فێلاوییە کە بەناڕەوایی مەیلی دەروونی دەکات بە سیاسەت، دەربڕی ئەم خاڵەیە کە لە حکومەتی سەرەڕۆییدا بەردەوام دەکرێ تەواوەتی سیاسەت بە هەوا و مەیلی دەروونی بگۆڕێتەوە. هێشتا پێکهاتەیەک لە ئارادا نییە. ئەگەرچی لە حکومەتی سەرەڕۆدا دین دەوری سەرەکی دەگێڕێ و دەبێتە سەرچاوەیەک لە سەرووی سەرچاوەی سیاسییەوە و لە هێندێ بواریشدا دەبێتە مایەی نیشتنەوەی بێبەزەیی سوڵتان و هەمیش تارادەیەک ترسی ژێردەستەکانی کەم دەکاتەوە، سەرەڕای ئەمانەش ناوەرۆکی ئەمەیان سۆزە، چون لە ڕژێمی سەرەڕۆدا دین بۆ خۆشی خودڕایە و ترسێکە کە لەسەر ترسەکانی پێشوو کەڵەکە دەبێ (گیانی یاساکان، کتێبی پێنجەم، بەشی چوارەم).

هەربۆیە نە لە وەزارەتدا و نە لە دیندا، شتێکی وەک هەلومەرجی سیستمێکی سیاسی یا سیستمێکی دادوەری لە ئارادا نییە کە لە سۆزەکانی مرۆڤ سەرتر بڕوا. لە ڕاستیدا خودڕایی هیچ یاسایەک بۆ بەڕێوەبردنی کاروباری وڵات و درێژەپێدانی ناناسێ. واتە لە ڕوانگەی سەرەڕۆوە شتێک لەنێواندا نییە کە سبەینێ ئەو و دوێنێی ژێردەستەکانی پێکەوە گرێ بدات.

سەرەڕۆیی تەنانەت فرمانی دڵخوازی خودی سەرەڕۆش وەرناگرێ. فرمانێک کە دەتوانێ بەشۆڕشێک لە کۆشکی سوڵتان، یا پیلانێک لە حەرەمخانەی وی، یان بە ڕاپەڕینێکی گشتی، پووچەڵ کرێتەوە. سەرەڕۆیی هیچ یاسایەکی سیاسی ناناسێ، جیا لە یاسایەک کە بۆ گوێزانەوەی سەیر و سەمەرەی دەسەڵاتی سوڵتان ڕەوایە و ئەم دەسەڵاتە بەردەوام دەسەڵاتێکی ڕەهایە، ئەم دەسەڵاتە ڕەهایەش لە خودی سوڵتانەوە دەست پێدەکات و دەگات بە سەرۆکی هەر خانەدانێک لە هەموو گۆشەو کەناری وڵات. لۆژیکی هەوا و مەیلی دەروونی لەڕێگەی سەرۆک وەزیران، میرەکان و فەرمانداراکانەوە لە سەرانسەری دەسەڵاتی سەرەڕۆدا بڵاودەبێتەوە.

ئەم لۆژیکی مەیلی دەروونییە لە لایەک تەوەزلییە و لە لایەکی دیکەشەوە چێژ وەرگرتن لە دەسەڵاتدارێتی بەسەر خەڵکەوەیە. سەرەڕۆیی بێبەرییە لە یاسای دادوەری، یەکەمین یاسای دادوەر لە کاتی دادگاییدا خوو و خدەی ئەوەو تەنیا میتۆدی دادوەریش تووڕەیی و تۆسنیەتی. دادوەر کە هێشتا قسەکانی لایەنەکانی کێشەکەی بەجوانی گوێ نەداوەتێ، بڕیاری خۆی دەدا و فرمان دەدات کە هەر لەوێ، یان مەحکووم لە داربدەن، یان سەری پەل دەن، لە ئاکامدا ئەم ڕێژیمە سەیر و سەمەرەیە بە پێکەوەنانی کەمترین هێزی لەشکری کە ڕەنگبێ کاروباری ئاڵوگۆڕی بازرگانی ڕێک بخەن، خۆی تووشی سەرێشە ناکات. لە ڕێژیمی سەرەڕۆدا تەنانەت یاساکان لە ڕووی نائاگاییشەوە بەسەر «کۆمەڵەی پێویستییەکان» کە پێکهێنەری بازاڕی ئابوورییە، حکومەت ناکەن، واتە سیستمێکی ئابووری کە لە ژیانی ڕۆژانە و کردارییی ئەواندا سەرووتر بچێ لە ئارادا نییە. لەوەها ڕێژیمێکدا لۆژیکی ئابووری بێ لۆژیکییە، لۆژیکی ئابووریش بەرەو مەیلی کەسەکان دادەکشێ، ژیانی بازرگان تەنیا لەمڕۆ دەکەوێتە سبەی، چونکە بەردەوام ئەو ترسە لە دڵیاندایە کە نەکا ئەوەی ئەمڕۆ کۆی کردۆتەوە، سبەی لێی بستێنن. بازرگان لە ڕێژیمی سەرەڕۆدا وەک دڕندە وایە لە کیشوەری ئەمریکادا کە ژان ژاک ڕۆسۆ باسی کردووە. ئەم دڕندەیە ئەو جێوبانەی دوێشەو تێیدا خەوتووە، دەیفرۆشێ بێ ئەوەی بیر لەم شەوی تر بکاتەوە. سەرەڕۆیی، یاسای سیاسی و دادوەری نییە، نە ڕابردووی دێتەوە یاد و نە لەبیری داهاتوودایە، سەرەڕۆیی ڕێژیمێکە کە تەنیا لە چرکەساتدا کات ڕادەبوێرێ. ئەم ناسەقامگیرییە، نەبوونی هەرجۆرە پێکهاتەیەکی کۆمەڵایەتی دەپارێزێ و گەرەنتی دەکات. لە دیموکراسیدا دادوەرەکان خاوەنی پێڕەوی ناوخۆ و ستاتۆ (Statue)ن و ماڵ و پلەوپایەیان هەیە و یاساش پشتی دەوڵەمەند بوون دەگرێت. لە ئەورووپادا حکومەتە پاشایەتییەکان تایبەتی نەجیبزادەکان و پیاوە ئاینییەکانیان بە ڕەسمی ناسیوە، بەڵام لە حکومەتی سەرەڕۆدا هیچ تایبەتییەک نییە کە کەسەکان لەیەکتر هەڵاوێرێ. سەرەڕۆیی هەرێمی یەکسانییەکی بێ لغاوە، چونکە لەژێر دەسەڵاتی خودڕایانەدا هەموو هاووڵاتیان لەیەک ئاست و پلەدان. (گیانی یاساکان، کتێبی پێنجەم، بەشی چواردەیەم). لێرەدا مۆنتسکیۆ دەڵێ کە لە حکومەتی سەرەڕۆییدا هەموو کەسەکان یەکسانن، بەڵام نەک لەبەر ئەوەی کە کەرامەت و ڕەوشتی مرۆڤانەیان هەیە، واتە وەک ئەو

دۆخەی کە مرۆڤەکان لە دیموکراسیدا هەیانە، بەڵکو تاکەکان بۆیە لە حکومەتی سەرەڕۆدا یەکسانن، چونکە هەموویان بە هیچ و بە سووکی سەیر دەکرێن. (گیانی یاساکان، کتێبی شەشەم، بەشی دووەم). ئەم یەکسانییە بەهۆی سەرکوتی هەموو پلە کۆمەڵایەتییەکان و هاوئاستکردنی کەسەکانەوە دانراوە. ئەم ڕێژیمە بەزەبر و زەنگە نە ڕێز لە پێگەی میراتیی تاکەکان دەگرێ و نە پلەی نەجیبزادەییان لە بەرچاو دەگرێ. سەرەڕۆیی هەبوونی خانەدانە ڕەسەنەکانی بۆ قووت ناچێ و پیاوی دەوڵەمەندیش بە هێند ناگرێ. خودرا تاقەتی مانەوەی «خانەدانەکان»ی نییە کە بەدرێژایی سەردەم و قۆناغەکان ماڵیان کۆکردۆتەوە و ناتوانێ سەرکەوتنی ئەو نەوانەش ببیسێ کە کۆمەڵگەی مرۆڤایەتییان گەشاندۆتەوە. سەرەڕۆ ناتوانێ تەنانەت پێگە و مەقامێکیش پەسند بکات کە بۆ خۆی بەژێردەستەکانی بەخشیوە. هەرچەندە سەرەنجام پێویستی بە وەزیر، فەرماندار، میر و دادوەرەکان هەیە، بەڵام ئەم پلەو پایەیەش تەنیا بەهەڵکەوت و کاتین و هەرکە وەختی لەسەرکار لابردنیان گەیشت، دەبنەوە هیچ. هەر میرزابنووسێکی ڕەنگبێ هەموو دەسەڵاتی سەرەڕۆ بگرێتە دەست، بەڵام ژیانەکەی، ژیانی غەزەب لێگیراوێکە کە کەوتنەبەر غەزەبەکەی وەدوای کەوتووە. یان وەک کەسێکی مەحکووم بە سێدارەوایە کە بەڕێوەچوونی حوکمی سێدارەکەی بە هەڵواسراوی ماوەتەوە، هەموو ئازادییەکانی وەها کەسێک هەر ئەمەیە، تەواوی ئاسایشی ئەمەیە. لە حکومەتی سەرەڕۆدا هیچ کەس لە گیان و ماڵی خۆی ئەمین نییە. مۆنتسکیۆ دەڵێ: بە ئاشپەزبوونی سوڵتانێک چەندە سانایە، بە سوڵتان بوونی ئاشپەزێکیش هەروایە. (گیانی یاساکان، کتێبی پێنجەم، بەشی نۆزدەیەم). تەنانەت ئەو دەزگایەی کە بۆ وەدیهێنانی نەزم و ترس و خورپەی جەماوەر ئەو هەمووە پێویستە، واتە لەشکر، لەم جۆرە حکومەتەدا جێی بۆ نییە، چونکە لەشکر دەزگایەکە سەقامگیر و بۆ ئاڵۆزی گشتی کە نیشاندەری سەرەکی حکومەتێکی سەرەڕۆیە، زۆر مەترسیدارە. شتێکی زۆر پێویست بۆ حکومەت پاسەوانە تایبەتییەکانن کە سەر بە خودی سوڵتانن و بانگیان دەکات و لە تاریکی کۆشکدا ڕایاندەگرێت. لە وەها ڕێژیمێکدا شتێک لە ئارادانییە کە مرۆڤەکان لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە لەیەکتر بەجیا دابنێ یا نیشانێکی لە پلەو پێگە کۆمەڵایەتییەکان پێوە بێت. هیچ جۆرە ڕێکخراوێکی کۆمەڵایەتی لە ئارادا نییە کە میراتگرەکان بۆ ڕێی داهاتوو ڕێبەری بکات و پێگە و پایەی کۆمەڵایەتییان بپارێزێ هەروەک سەرەڕۆیی بێ پێکهاتەی سیاسی و دادوەرییە، هەر بەو جۆرەش بێ پێکهاتەی کۆمەڵایەتیشە هەر ئەم تایبەتمەندییە بە مان و بوونی ئەم ڕێژیمە ڕەنگ و ڕوویەکی نامۆ دەبەخشێ. هەرچەندە حکومەتی سەرەڕۆ بەسەر کەشوهەوایەکی بەریندا حوکم دەکات، بەڵام بەواتایەک لە هەبوونی هەر جۆرە کەش و هەوایەکی کۆمەڵایەتی بێبەشە. بۆ نموونە ئەم جۆرە ڕێژیمە لە چین بە هەزاران ساڵ تەمەنی هەبووە، بەڵام بەجۆرێک کە دەڵێی بێبەش لەماوە و کاتە.

«کەش»ی کۆمەڵایەتی و «کات»ی سیاسی ڕژێمی سەرەڕۆ وەک یەک بۆش و پووچەڵە. واتە کەشێکی بێ شوێن و کاتێکی بێ ماوەیە. مۆنتسکیۆ دەڵێ کە پاشاکانی ئەوروپا جیاوازی نێوان پارێزگاکان دەزانن و بایەخیان بۆ دادەنێن، بەڵام سەرەڕۆیی ڕۆژهەڵاتی نە تەنیا ئەم جۆرە جیاوازییانە درک پێ ناکا، بەڵکو کاتێ بیانناسێ هەوڵی لەناوبردنیشیان دەدا. سەرەڕۆ تەنیا بەسەر یەکسانییەکی بەتاڵ و بەسەر بۆشاییەکدا حکوم دەکات کە لەبێ متمانەیی بە دواڕۆژەوە سەری هەڵداوە. ئەو بەسەر زەوییە بەیارەکان و بازرگانییەکی لەبارچوو و پێدەشتە ویشکارۆکاندا حوکم دەکات. سەرەڕۆ ئەم ویشکارۆیانە وەک سنووری نێوان خۆی و وڵاتانی دراوسێی دیاردەکات، بەم مەبەستە زەوییەکان تەنانەت زەوی ژێر بازنەی دەسەڵاتی خۆیشی دەسووتێنێ تاکو لە بەرانبەر پەتا تەشەناکەرەکان و هێرشی گەلانی بیانیدا لە ئەماندا بێت، چونکە تەنیا ڕێگەی ڕزگاربوونی خۆی هەر لەمەدا دەزانێ (گیانی یاساکان، کتێبی نۆیەم، بەشەکانی چوارەم و شەشەم).

بەڵام کات لە ڕوانگەی سەرەڕۆوە، خاڵی بەرانبەری ماوەیە؛ واتە تەنیا چرکەساتە، سەرەڕۆیی نە تەنیا بێ دامەزراوە و پلە کۆمەڵایەتییەکان. ئەو خانەدانانەیە کە لەکاتدا بەردەوامن، بەڵکو خودی کردارەکانی ڕێژیمیش لە یەک چرکەساتدا دەردەکەون. سەرەڕۆ لە جیهانی خەیاڵی خۆیدایە. ئەو بێ ئەوەی بیر بکاتەوە، بەڵگە هاوڕا و دژەکان هەڵدەسەنگێنێ، بەبێ ئەوەی کە «ناوبژیکارانێک» لە ئارادابن، بەبێ ئەوەی لە بڕیارەکانیدا «سنوورەکان» ڕەچاو بکا، تەنیا لە چرکەساتدا بڕیار دەدات. (گیانی یاسان، کتێبی سێیەم، بەشی دەیەم)، چونکە بیرکردنەوە کات دەبا و پێویستی بە بیرۆکەیەک بۆ داهاتوو هەیە. بەڵام سەرەڕۆ هیچ بیرێکی لە بارەی داهاتووەوە لەو بازرگانە زیاتر نییە کە

قازانجی پێدەگا تا ئەمڕۆی خۆی بگەیەنێتە سبەی. هەموو ڕامان و بیرکردنەوەکانی سەرەڕۆ بە بڕیاردانێکی چرکەساتانە کۆتایی دێت و خێڵی مەزنی کاربەدەستانی ساتی ئەو هەر ئەم بڕیاردانە کاڵ و خاوە دەگوازنەوە بۆ گۆشە و کەناری وڵات. لە ڕاستیدا ئەوان دەتوانن چ بڕیارێک بدەن؟ ئەوان وەک ئەو دادوەرانە وان کە یاساکانی دادوەرێتییان پێ نییە. ئەوان بەڵگەکانی سەرەڕۆ سەبارەت بە دانی ئەو بڕیارانە نازانن. جیا لەمە مەگەر سەرەڕۆ بۆ خۆیشی لەکاتی دانی ئەو بڕیارانەدا بەڵگەیەکی هەبووە؟ کاربەدەستان دەبێ بڕیار بدەن! هەر بۆیە ئەوانیش «شێوەی بڕیاردانی کتوپڕ» ڕەچاو دەکەن، هەروەک چۆن ئەوان بەشێوەی «کتوپڕ» دەکەونە بەر قین، یا دەکوژرێن.

(گیانی یاساکان، کتێبی پێنجەم، بەشی شازدەیەم) کاربەدەستان دەڵێی لە هەموو بوارێکەوە لە دۆخی فەرمانڕەوایی خۆیاندان. فەرمانڕەوایەک کە تەنیا لە ڕێی مەرگەوە لە داهاتووی خۆی ئاگادار دەبێت، ئەویش بە مەرجێک کە هەر ئێستا لە گیانەڵڵادا نەبێ سەرەڕای هەموو ئەمانەش، ئەم مەنتیقی کتوپڕییە تۆخە هەقیقەت و ناوەڕۆکێکی هەیە. ژینی ڕێژیمی سەرەڕۆ، ژینی هەوەس و تۆسنێتی چرکەساتانەیە.

ڕەنگبێ ئەم بابەتە بەشێوەی پێویست درک پێ نەکرابێ کە لە تیۆری مۆنتسکیۆ دا ئەو سۆزە بەناوبانگانەی کە بنەمای حکومەتە جۆر بەجۆرەکان پێکدێنن، هەموو لە ڕەچەڵەکێک نین. بۆ نموونە شەرەف، سۆزێکی ساکارنییە (یان باشترە بگوترێ) سۆزێکی «دەروونزانی» نییە. هەرچەندە شەرەف وەکو سۆزەکانی دیکە دەم دەمییە، بەڵام دەمدەمی بوونەکەی بە یاسایە واتە یاسا و ڕێسای خۆی هەیە، بۆ مۆنتسکیۆ هێندە دژوار نەبووە کە بزانێ لە ئەوروپادا زاتی پاشایەتی نافەرمانییە، بەڵام ئەم نافەرمانییە بەپێی ڕێسا دەکرێ. بەم جۆرە شەرەف تەنانەت لە شێوەی سەرپێچیکردن و نافەرمانیشدا سۆزێکە لەسەر بنەمای ڕامان و بیرکردنەوە. هەروەها شەرەفیش «دەروونی» و ناڕاستەوخۆ بێت، سەرەڕای ئەمەش، سۆزێکە کە کۆمەڵ تاڕادەیەکی زۆرباش پەروەردەی کردووە. شەرەف سۆزێکی کولتووری و کۆمەڵایەتییە.

ئەم باسە لە بارەی سۆزێکیش ڕاست دێتەوە کە بنەمای حکومەتی کۆمارییە. ئەمەش سۆزێکی سەیرە و تاک سەبارەت بەوە هەستی ناڕاستەوخۆی نییە، بەڵکو ئەم سۆزە ئاواتەکانی ئەو دەکاتە قوربانی تا بەرژەوەندی گشتی وەک ئامانجی ژیانی پێ ببەخشێ. ئەخلاق وەک سۆزێکی بەخێر بۆ جەماوەر پێناسە دەکەن ئەخلاقیش وەک شەرەف، یاسا و ڕێسای خۆی هەیە، یان وردتر بڵێین یاسای تایبەت بە خۆی هەیە، واتە یاسای ئەوینی بە نیشتمانی باوک ئەو سۆزە کە خەسڵەتی بابەتێکی گشتی بەخۆ گرتووە، پێویستی بە فێرکردنێکی گشتی هەیە. ڕێبازێکی کە تاک دەتوانێ ئەم وانەیەی تێدا وەبینێ کە هەموو تەمەنی بگرێتەوە. ئەم پرسیارە لەمێژینەیەی سوقرات کە ئاخۆ دەکرێ فێری ئەخلاق بی؟ مۆنتسکیۆ بەمجۆرە وەڵامی دەداتەوە کە ئەخلاق دەبێ فێری بی و چارەنووسی ئەخلاق لە ڕاستیدا بەمەوە گرێ دراوە، بەڵام سۆزێکی کە سەرەڕۆ لەسەر پێ ڕادەگرێ بەمجۆرە نییە، ترس بۆ فێربوون نابێت. هەربۆیە بە حکومەتی سەرەڕۆییدا پەروەردە و فێرکردن «تاڕادەیەک لەخۆڕایی»یە (گیانی یاساکان، کتێبی چوارەم، بەشی سێیەم) . ترس نە سۆزێکی لێکدراوە و نە سۆزێکی مەعریفییە، ترسە، نە یاسادەناسێ و نەڕێسا. ترس سۆزێکە کە نە پێشینەی هەیە نەشۆڕەت، ترس سۆزێکی سانایە کە بەردەوام خۆی چەندپاتە دەکاتەوە لەنێوان سۆزە «سیاسی»یەکاندا ترس تەنیا سۆزێکە کە سیاسی نییە، بەڵکو «دەروونی» ، چونکە سۆزێکی ناڕاستەوخۆ و چرکە ئاسایە. بەم وەسف کردنە ترس سۆزێکە بنەمای ژینی ڕێژیمێکی سەیر و سەمەرە و سەرەڕۆ پێکدێنێ.

ئەگەر سەرەڕۆ کاروباری حکومەت بەهۆی تەمبەڵی و وەڕەزی بدا بە کەسێکی دیکە، بەم هۆیەیە کە ئەو ناخوازێ کەسێک بێت کە لە بەرچاوی هاووڵاتیان دەرکەوێ و ناخوازێ وەک کەسێکی دیار و بەرچاو بێت کە بۆ پلەوپایەیەک پێویستە. هێزی هەوەس یا بێ تاقەتی سەرەڕۆ، بە لکوپۆی شکۆوە دادەپۆشرێ. سەرەڕۆ خۆی لە بەڵای کەوتنە بەرچاوی جەماوەر ڕزگار دەکات و تواناکانی خۆی دەدا بە کەسێکی دیکە کە خۆی بە چێژە هەوەساوییەکانی خۆی بسپێرێ. سەرەڕۆ شتێکی جیا لە هەوا و مەیلە دەروونییەکانی خۆی نییە. هەربۆیە بەرەو دیوەخان ڕادەکا. هەربۆیە زۆر سەیر نییە کە ببینین هەر ئەم مودێلە لە هەموو پیاوانی کە سەر بە ئیمپراتۆرین بەشێوەیەکی بەربڵاو چەند پات دەبێتەوە. بچووکترین فەرمانبەریش لانی کەم بەسەر ژنانی خۆیدا ملهوڕی دەکات و لە هەمان کاتیشدا لە بەندیخانەی ئەواندایە، چونکە ئەو دیلی هەوەسی خۆیەتی. کاتێ ماڵەکەی بەجێ دێڵێ، ئەوە مەیلە جنسییەکانێتی کە پاڵی پێوەدەنێ. ئەم بابەتە دەریدەخات کە لە حکومەتی سەرەڕوییدا

تاقانە ویستێکی کە دەمێنێتەوە، ویستی «پێویستییەکانی ژیان»ە. مۆنتسکیۆ دەڵێ کە سەرەڕۆیی، حکومەتی «بەرژەوەندی تایبەتی»یە. (گیانی یاساکان، کتێبی نۆیەم، بەشی شەشەم). هەوەسیش ماوە و بەردەوامی نییە تاکو بتوانێ بۆ خۆی داهاتوویەک دروست بکات. سەرەڕۆیی ئەوەندەی لە ترسەوە دێ، بە هەمان ڕادە لە هەوەسیشەوە سەرچاوە دەگرێت.

تیۆریی مۆنتسکیۆ لە بارەی «سەرەڕۆیی ڕۆژهەڵاتی»یەوە (ئەگەر ڕوانگەی چەند ڕەخنەگرێک لەبەرچاونەگرین) گشتگیر بووە و بۆ فەلسەفە و بۆ ئابووریی سیاسیش بووەتە میراتێکی بەنرخ. لەم پێناوەدا هەنگاوی دواتر ئادام سمیث لە فەیلەسووف و ئابووریزانی سکۆتلەندی (١٧٢٣-١٧٩٠) هەڵیگرت. ئەو بۆ یەکەمین جار ئەوروپا و ئاسیای لە بواری زانستە جۆر بەجۆرەکانی بەرهەمهێنانی ئابووریدا لەبەرانبەر یەکتر دانا. ئادام سمیث لەکتێبە بەناوبانگەکەی سامانی نەتەوەکاندا دەنووسێ:

هەروەک چۆن ئابووری سیاسی نەتەوە ئەوروپییە پێشکەوتووەکان پتر ڕێخۆشکەری بەرهەمهێنانی پیشەسازیی و بازرگانی دەرەکی و گەشەی پیشەسازییەکان لە شارەکاندا بووە نەک ئەوەی کە ڕێخۆشکەری وەرزێری و پیشە دەسکرد و گوندییەکان بێت. هەروەها نەتەوەکانی دیکەش پرۆگرامی جیاوازیان ڕەچاو کردووە. ئابووری ئەوان پتر بۆ کشتوکاڵ لەبار بووە تا پیشەسازی و بازرگانی دەرەکی.

هیگڵ (فەیلەسووفی ئەڵمانی ١٧٧٠-١٨٤٠)یش لە بارەی «سەرەڕۆیی ڕۆژهەڵاتی»یەوە چەند بۆچوونێکی نوێی ئاراستەکردووە. ئەو بەرهەمەکانی مۆنتسکیۆ و ئادام سمیثی بەوردی خوێندۆتەوە و چەمکەکانی مۆنتسکیۆی لە بارەی «سەرەڕۆیی ڕۆژهەڵاتی»یەوە لە چوارچێوەی زاراوە تایبەتییەکانی خۆیدا داڕشتۆتەوە. هیگڵ لەوانەکانی خۆیدا سەبارەت بە فەلسەفەی مێژوو دەڵێ: «چین، ئێران، تورکیا و بەگشتی ئاسیا، وڵاتی سەرەڕۆیانەیە. ئاسیا بۆتە گۆڕەپانی خدەی دزێوی ڕێژیمە ستەمکارەکان».

مۆنتسکیۆ لە گیانی یاساکان، کتێبی چواردەیەم، بەشی چوارەم)دا دەڵێ: ئەندامە هەستییەکانی گەلانی ڕۆژهەڵات سەبارەت بە وەرگرتنی کاریگەرییە هەستییەکان زۆر هەستیارن. ئەگەر بەم هەستیارێتییەیان جۆرە تەمبەڵییەکی هۆشەکی (زەینی) زیاد بکەین کە بە شێوەیەکی سروشتی لەگەڵ تەن (جسم)دا لە پێوەندیدایە، ئەو دەمە وەرگرتنی ئەم بابەتە هاسان دەبێ کە لەبەرچی ئەم گەلانە لە هەوڵ و تەقەلای هۆشەکیدا داماون. کاتێ گیانی ڕۆژهەڵاتی باوەڕ، یان نەریتێکی پەسەند کرد، ئیتر ناتوانێ وەلای بنێ. هەربۆیە لە وڵاتانی ئاسیاییدا یاساکان، دابونەریتەکان، تەنانەت ئەو شتانەی بە تەواوی شیاوی سەرنجدان نین، وەک شێوەی جلوبەرگ لەبەر کردن، بە هەمان شێوەی هەزار ساڵ بەر لە ئێستا ماونەتەوە. هیگڵ ئەم ڕوانینەی مۆنتسکیۆ پەسند دەکا و کۆمەڵگە ئاسیاییەکان بە چەقیو دەزانێ. ئەو دەڵێ: «چین و هیند لەدۆخێکی چەقیوداون و تەنانەت تا ئەم سەردەمەش ژیانیان بەشێوەی سروشتی و وەک گیا تێدەپەڕێ».

هەروەها دەشڵێ: «لە ڕوانگەی هیندییەکی ئاسیاییەوە هەموو شۆڕشە سیاسییەکان بەکاری بێ بایەخ و ناپێویست دادەنرێن، چونکە چارەنووسی ئەو نەگۆڕە»

هیگڵ جۆری حکومەتە ئاسیاییەکان بەمجۆرە وەسف دەکات: «حکومەتی وڵاتانی ئاسیایی دەکرێ بە تیۆکراسی وەسف بکرێن. خودا، فەرمانڕەوای سەر زەوییە و فەرمانڕەوای سەرزەویش خوایە. فەرمانڕەوا هاوکات هەردووکی ئەمانەیە. خوا [کە وەک فەرمانڕەوا] بەرجەستە بووە بەسەر حکومەتدا فرمان دەدا، بەڵام ئەم بنچە، سێ فۆڕمی جیاوازی بەخۆ گرتووە کە دەکەوینە تاوتوێ کردنیان. ئیمپراتۆری چین و مەغۆلستان هەرێمی «سەرەڕۆیی تیۆکراتی»یە. دەوڵەت لە بنەچەکدا باوک سالارییە. فەرمانڕەوا باوکێکە کە بەسەر لایەنە ویژدانییەکانی فەرمانبەرانی خۆیدا دەڕوانێ. تەنانەت کاروباری ئایینی و بنەماڵەیش بە یاسا دەوڵەتییەکان ڕێکدەخرێن و تاک هیچ جۆرە شوناسێکی ئەخلاقی [سەربەخۆی لە حکومەتی تیۆکراتی]دا نییە.

لە هیندستاندا (کاست)ەکانن، کە ماف و ئەرکی هەمووکەس دیاری دەکەن و دەکرێ ئەم سیستمە وەک سیستمێکی ئەرستۆکراتی تیۆکراتی وەسف بکرێن. لە ئێراندا شێوەی حکومەت دەکرێ بە «پاشایەتی تیۆکراتی» پێناسە بکرێ.

مارکس و ئینگلس(*) لەگەڵ ئاسەواری ئەم هزرڤانانەی ئاماژەیان پێ کرا، ئاشنا بوون و لە بەرهەمەکانی خۆیاندا نە تەنیا ڕا و بۆچوونی ئەوان پشت ڕاست دەکەنەوە، بەڵکو بۆ سەرلەنوێ دەربڕینەوەشیان شێوازێکی توندتر هەڵدەبژێرن. مارکس لە وتارێکیدا لە ژێر ناوی: «دواهاتەکانی فەرمانڕەوایی ئینگلیز لە هیندستان»دا کە لە ڕۆژنامەی نیۆرک دەیلی تریبوون

(ژمـــاره ٣٨٤٠، ٨ی ئابی ١٨٥٤)دا بڵاوكـــراوەتەوە دەڵێ:

من لەم وتارەدا بینراوەكانی خۆم لە بارەی هیندستانەوە كـــۆدەكـــەمـــەوە. هیند وڵاتێكە كـــە نە تەنیـا لەنێـــوان موسوڵمان و هیندووەكاندا، تەنانەت لەنێو ئەم هۆز و ئەو هۆز و ئەم كاست و ئەوكاستدا دابەش بووە.

چوارچێوەی وڵاتی هیند بەپێی جۆرێك پارسەنگێتییە و ئەم پارسـەنگێـتیـیـە لەبەر بێـزاربوونی ئەندامـەكـانی بەرانبـەر یەكتـر و بەپێی یاسای كـۆمـەڵگەی هیندسـتـان بەدی هاتووە كـە تاقـانەیی ئەندامـەكـانی بەیەكـەوە ڕەت دەكاتەوە.

ئایا چارەنووسی وەها وڵاتێك و وەها كـۆمـەڵگـەیەك ئەمە نییە كە داگیركراوی كەسانی دیكە بێت؟ هەربۆیە هیندسـتـــان نـاتوانێ لەم چارەنووسـەی دەربازبێت كـە ملكەچی ئەوانی تر بێت، هەمـوو مـێـژووی ڕابردووی، هەڵبەت ئەگەر مێژوویەكی هەبێت، مێژووی یەک لەدوای یەک داگیركراویەتی. كۆمەڵگەی هیندستانی بەهیچ جۆر مـێژووی نییـە، یان بەلای كـەمی مـێژوویەكی ناسراوی نییە. ئەوەی بە مێژووی هیندستان ناوی دەبەن، تەنیا و تەنیـا مـێـژووی ئەو هێـرشـبـەرانەیە كـە بەدوای یەكـتـردا هیندستـانیـان داگیـركـردووە و ئیـمپـراتۆری خۆیان لەسەر ئەم كۆمەڵگە بێ بەرگری و نەگۆڕە دامەزراندووە. هەربۆیە پرسیار ئەمە نییە كە ئاخۆ ئینگلیز مافی ئەوەی هەبووە كە هیندستان لەلایەن تركەكان، ئێرانییەكان و ڕووسەكان داگیر كرابێ، یان ئینگلیزییەكان.

ئینگلستان لە هیندستان لێپرسراوێتییەكی دوو لایەنی هەیە. یەكیـان وێران كردن و ئەوی دیكەیان سازكردنەوە. واتە لە جاری یەكەمدا دەبێت كۆمەڵگەی كۆنی ئاسیایی لە ناوبەرێ پاشـان بنەمـا مـادییـەكـانی كـۆمـەڵگەیەكی ڕۆژئاوایی لە ئاسیادا ڕۆبنرێ.

عـەرەبەكـان، تركـەكـان، تەتەرەكـان و مـۆغـۆڵەكـان كە بەدوای یەكدا هیندیان داگیركرد دوای ماوەیەكی كەم بۆ خۆیان بوون بە هیندستانی. بەپێی یاسای نەمری مێژوو، بەربەرە سەركەوتووەكان بۆ خۆیان لە بەرانبـەر ژیاری ژێر دەستەكانی خۆیاندا بەزین، بەڵام ئینگلیزییەكان یەكەمین سەركەوتووان بوون كە ژیارەكەیان لە ژیاری هیندییـەكان ســەرتر بوو. هەربۆیە نەكـەوتنە ژێر كـاریگـەری ژیاری هیندستانییەوە. ئینگلیزییەكان بە تێكشكاندنی كۆمەڵە هیندییـە خۆجێیـەكان و فەوتاندنی شوێنەوارە دەستی و هونەرییـەكـانیـان و تەختكردنی هەمـوو ئەو شـتـانەی لە كـۆمـەڵگەی هیندسـتـانـدا شكۆداربووە، ژیاری هیندیان لەناوبرد. لاپەڕەكـــانی مـــێـــژووی دەســـەڵاتدارەتی ئینگلیزییەكان لە هیندستان بە دژواری شتێكی سەرووتر لەم كـاولـكـارییـــە پـیـــشـــان دەدا. لەنێـــوان تەپۆڵكی وێرانییـەكـاندا بە سـەخـتی دەكـرێ كـاری سـازكـردنەوە دەسـتـنیـشـان بكرێت، بەڵام سـەرەڕای ئەمـانەش كـاری بیناكردنەوەی هیندستان دەستی پێكرد.

یەكـپـارچەیی سیـاسی هیندسـتـان پتـەوتر بووە و ئەم یەكێتییە كە یەكەمین مەرجی سەرلەنوێ سازكردنەوەی هیندە تەنانـەت لە یەكـێـتـیــیـــەک كـــە هیند لەژێر فـەرمـانڕەوایی مـەغـۆلە مـەزنەكـاندا وەدەسـتی هێنابوو پتـەوتر بوو. ئەم یەكـپـارچەیی سیـاسـییـە شـمشـێـری ئینگلیزییەكان بەسەر هیندییەكانی داسەپاند و ئێستاش تێلگراف بەردەوامـتـری كـردووە، لەشكری خـۆجـێـیی هیندستان لەلایەن ئەفسەرانی ئینگلیزییەوە ڕێكخراوە و مەشق دراوە كە بەبێ ئەوە ئازادی هیندستان نەدەگونجا و ئیـدی لەمـەودوا هەر لەبەر ئەم لەشكرە، هیندسـتـان بە سانایی بۆ هێرشبەرانی بیانی ڕاو ناكرێ. بۆ یەكەمین جار ئینگلیـزییـەكـان چاپەمـەنی ئازادیان بۆ كـۆمـەڵگەیەكی ڕۆژهەڵاتی بەدیاری هێنا و سەرپەشتیارێتییەكەش كەوتە ئەسـتـۆی ڕۆڵەكـانی هیندی و ئەورووپی بەهاوبەشی و هەر ئەم چاپەمەنییە ئازادەش بوو بە هۆكارێكی نوێ و بەهێز بۆ ڕۆنـانی كــــۆمــــەڵگەیەكی مــــۆدێرنی هیندی. لە هیندسـتـاندا بۆ یەكـەمین جار ئینگلیـزییـەكـان بوون كـە خاوەنێتی تایبەتی زەوییـان دامەزراند، واتە موڵكدارێتی و ڕەعیـەت پەروەری، هەرچەند ئەم دووە قێـزەونن، بەڵام هەڵگری دوو جۆری جیاوازی خاوەنێتی تایبەتی زەوین و لە كـۆمـەڵگەی ئاسـیـاییـدا خـاوەن زەوی بوون ئاواتێكی مەزن بوو. لەنێوان خەڵكی خۆجێیی هیندستاندا كە بەبێ مـەیلی و ناقـایلی لەژێر چاوەدێری ئینگلیـزییـەكـاندا دەرسـیـان خـوێندووە، چینێـكی نوێ سـەری هەڵداوە كـە بەفێڵ و فەنی مۆدێرنی حكومەتكردن و زانستی ئەورووپی ئاشنان. هێـــزی هەڵمی، پێـــوەندی خـــێـــرا و ڕێكی هیندستـانی لەگەڵ ئەورووپادا ڕێكخسـتووە و هیندستـانی لەو پەراوێزییەی كە وەک هۆكاری سەرەكی دواكەوتوویی و چەقیـوی ئەو وڵاتە لە قەڵەم دەدرا دەرێنا. ئەو ڕۆژە زۆر دوور نیــیـــە كـــە لە ســۆنگەی ڕێی ئاسن و كـەشـتی هەڵمییەوە مەودای ئینگلیز و هیندستان بۆ هەشت ڕۆژ داكشێ و بەمـجـۆرە ئەم وڵاتە ئەفسـانەییـە بە جیـهـانی ڕۆژئاواوە پەیوەست بێت.

پیشەسازی مۆدێرن لە سیستمی ڕێی ئاسنەوە سەرچاوە دەگـرێ، دابەشكردنی كـاری بەشـێـوەی مـیـراتی لەناو

دەبات، کاستە هیندییەکان لەسەر ئەم دابەشکردنی کارە دامەزراون و کۆسپی سەرەکی سەرڕێی پێشکەوتن و توانایی هیندستانن.

سەردەمی مێژووی بۆرژوازی دەبێ بنەماکانی جیهانی نوێ دابێنێ. واتە لە لایەک پێوەندی جیهانی بخولقێنێ کە بنەمای بە یەکتر بەندەوە بوونی مرۆڤە و لەلایەکیشەوە ئامرازەکانی وەدیهێنانی ئەم پێوەندییە بەدی بێنێ و لەلایەکی تریشەوە دەبێ ببێتە هۆی گەشەسەندنی هێزە بەرهەمهێنەکان و هەروەها بەرهەمهێنانی مادی بکا بە دەسەڵاتی زانستی بەسەر هۆکارە سرووشتییەکاندا.

مارکس لە وتارێکی دیکەیدا لەژێر ناوی «فەرمانڕەوایەتی ئینگلیز لە هیندستاندا» کە ئەویش لە ڕۆژنامەی (نیۆرک دەیلی تریبوون، ژمارە ٣٨٥٤، ٢٥/مایس/ ١٨٥٣) بڵاوکراوەتەوە، دەنووسێ:

لە حکومەتی ئاسیاییەکاندا هەر لە کۆنەوە سێ دیوان هەبووە: دیوانی ئیستیفا [وەزارەتی داد] بۆ دادۆشینی فەرمانبەران. دیوانی عەرض [وەزارەتی جەنگ] بۆ تاڵانکردنی بیانییەکان و سەرەنجام دیوانی بەرژەوەندییە گشتییەکان.

مارکس پاشان دێتە سەر وەسفکردنی ئەو گوندە خۆ بەڕێوەبەرانەی هیندستان و دەنووسێ:

زۆربەی ئەم شێوە کلێشەیی و چەقبەستووانەی ئۆرگانیزمی کۆمەڵایەتی پارچە پارچە کراون و لە حاڵی توانەوەدان، بەڵام نە لەبەر هۆی دەستێوەردانی لێپرسراوی ماڵی ئینگلیزی یا سەربازی ئینگلیزی. لە هیندستاندا کۆمەڵەی بنەماڵەییەکان لەسەر پیشەسازی دەستی دادەمەزران و ئەم پیشەسازییە کە بریتییە لە پێکهاتەیەک لە تەشی و چەرخی بەن ڕستن و مەکینەی دەستچن و کشتوکاڵی دەستی [لە بواری ئابووری]یەوە هێزێکی خۆبەڕێوەبەری بەوان دەبەخشی. لەبەر دەست تێوەردانی ئینگلیزی بۆتە هۆی ئەوەی کە تەشی ڕێس لە بەنگالدا و جۆلا لە (لانکاشایر)دا جێگیر بن و بەدوای ئەمەشدا، ئەم کۆمەڵە بچووکە نیمچە بەربەر- نیمچە شارستانییانە پەرتەوازەبن و بە هەڵوەشانەوەی بنچی ئابوورییەکەیان، مەزنترین و ئەگەر بمانەوێ ڕاستی بڵێین تاقانە شۆڕشێکی کۆمەڵایەتی کە ڕووبدات ئاسیا بەخۆیەوەی بینیوە.

هەرچەندە دەبێ هەستی مرۆڤانەی ئێمە پێی ناخۆش بێت کە ببینین ئەم هەزاران ڕێکخراوە باوک سالارییە تێکۆشەر و بێ بەرگریی کۆمەڵایەتییە لەبەریەک بڵاوبن و بەیەکەیەکەی یەکەکانیان دابەش دەبن و کێوێک لە خەم و پەژارە بەسەر هەرکام لە تاکەکانی ئەم کۆمەڵانە دادەڕووخێ و هەریەک لەوانەش هەم ژیاری کۆنی خۆیان لە دەست دەچێ و هەمیش ئامرازی بەمیرات ماو بۆ بژێویان، بەڵام نابێت لە بیری بکەین کە ئەگەرچی ئەم کۆمەڵە گوندییانە بێ بەرگری دێتە بەرچاو، بەڵام بەردەوام بناغەیەکی پتەو بوون بۆ سەرەڕۆیی ڕۆژهەڵاتی و زەینی مرۆڤیان لە بازنەیەکی تەسکدا زیندانی کردووە و ئەوانیان لە بەرانبەر خورافات ئامێریدا بێ دەسەڵات کردووە و کردوویانی بە کۆیلەی دابونەریتی کۆن و لە هێز و وزەگەلی مەزن و مێژووییان بێ بەش کردوون. هەربۆیە نابێ بەسەر بەربەرییەتی خۆپەرستانەدا بازدەین کە لە پارچە زەوییەکدا جێگیر بووە. ئەم بەربەریەتە بەهێوری شایەدی لەناوچوونی ئیمپراتۆرییەکان و پەنابردنە بەر دڵڕەقی و بێ بەزەیی وەسف نەکراو و قەڵاچۆکردنی خەڵکی شارە گەورەکان بووە و هەمووی ئەم ڕووداوانەی کە بەسەریدا باریون، بە ڕووداوی سروشتی داناوە. ئەم بەربەرییەتە خۆپەرستانەیە بۆ خۆیشی بۆتە خۆراکی داماوی هێرشبەرێک کە تەنانەت لە ڕووی بەزەییشەوە سەرنجێکی نەداوەتێ. نابێ لەبیری بکەین ژینی ئەم جۆرە کۆمەڵە بچووکانە بۆرە ژیانێکی وەستاو و گیائاسا بووە، بەڵام هەر ئەم ژینە داماوانەیە لە جێگای دیکە چالاک و پرپزاڤ و جووڵەیە واتە لە هێزە کاولکەرەکان، دژ، درندە، بێ ئامانج و بەرەڵاکاندا. لەهیندستاندا ئەم شێوەژیانە داماوانەیە، کوشتنی مرۆڤ بە نەریتی ئایینی دەزانێ. نابێ لە بیر بکەین کە ئەم کۆمەڵە بچووکانە بەو جیاوازییانەی کە بە جۆرێ کاست و کۆیلەتییەوە ئاوێتەبوون، لەجیاتی ئەوەی مرۆڤ بکەنە سەروەری ژینگە، ئەویان کردۆتە ملکەچی ژینگە. ئەم کۆمەڵانە دۆخی کۆمەڵایەتی کە دەبێ لە گۆڕاندابێ، بە چارەنووسێکی سروشتییان کردووە کە هەرگیز ناگۆڕێ و بەمجۆرەش پەرستنی دڵڕەشانەی سروشت دەهێنێتە ئاراوە و ئەم پەرستنە بۆ پلەیەک دابەزیوە کە مرۆڤ واتە سەروەری کائینات لە بەرانبەر مەیموون و گادا کڕنۆش دەبا و ئەوان دەپەرستێ.

ڕاستە کە ئینگلیز لە بەدیهێنانی شۆڕشی کۆمەڵایەتی لە هیندستاندا تەنیا بەرژەوەندی نزم، ورووژێندراوە و لە بە پراتیککردنی ئامانجەکانیدا گەمژەیی لەخۆ نیشان داوە، بەڵام کێشەکە ئەمە نییە، بەڵکو کێشەکە لەوەدایە کە ئاخۆ مرۆڤ دەتوانێ بگا بە ئامانجی خۆی بێ ئەوەی شۆڕشێکی بنچینەیی لە دۆخی کۆمەڵایەتی ئاسیادا ڕوو

بدات؟ ئەگەر وەڵام نەرێنییە، کەواتە تاوانەکانی ئینگلیز هەرچی دەبێ ببێت. ئینگلیز ئامرازی نائاگایی مێژووە بۆ سەرهەڵدانی شۆڕشێکی کۆمەڵایەتی لە ئاسیادا.

هەرکات دیمەنی ڕووخانی جیهانی کۆن بەمەزاجی هەستەکانی ئێمە ناخۆش بێت، دیسانیش لە ڕوانگەی مێژووەوە ئەم مافەمان هەیە کە وێڕای (گۆتە) دەنگ هەڵبڕین:

**ئاخۆ دەبێ ئەم مەینەتییە**
**کە ڕەزامەندییەکی پتری بۆ ئێمە هێناوە**
**ببێتە مایەی نیگەرانیمان؟**
**مەگەر لە حکومەتی تەیموردا**
**بێ ژمارە مرۆڤ قەڵاچۆ نەکران؟**

بەڵام ڕوانگەی مارکس لە بارەی ئەرکی ئیستعمارەوە بۆ گۆڕانکاری و مۆدێرنیزەکردنی کۆمەڵگا ئاسیاییەکان لە ڕادەبەدەر ماتریالیستی و پۆزەتیڤیستییە و هەر ئەم ماتریالیزمە کاڵ و کرچە سەرەنجام بە ئایدیالیزمێکی ڕووکەشیانە و گەشبینانە کۆتایی دێت(١).

هەڵبەت وڵاتە داگیرکراوەکان لەلایەن ئینگلیزەوە وەک (وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، کەنەدا، ئوسترالیا و نیوزیلەندە) سەر وڵاتی پێشکەوتووی جیهانن. پێڕەوانی مارکس هۆکاری ئەم دۆخە بەمجۆرە پاساو دەدەنەوە کە کۆچبەرییەکی بەرین لە وڵاتی مێتروپۆلیتەن (ئینگلیز)ەوە کراوە بۆ وڵاتانی داگیرکراو، بەڵام ئەم کۆچکردنە بەربڵاوە بەهۆی کەڵەکەبوونی حەشیمەت لە وڵاتانی ئاسیاییدا نەدەگونجا.

خاڵێکی گرنگی کە دەمێنێتەوە ئەمەیە کە خودڕایی سەرەڕۆیی ڕۆژهەڵاتی دەتوانێ هەرکات حەزبکا دەست بەسەر سامانی کەسەکاندا بگرێت و کەم و زۆر بەسەر بازرگانی دەرەکی و بەرهەمهێنان و دابەشکردنی بەرهەمەکاندا چاودێری بکات. سوسیالیزمێ کە مارکس بانگەشەی بۆ دەکات و ئەو ئەرکانەی بۆ دیکتاتۆری پرولیتاریا دەستنیشانی دەکات لەگەڵ تایبەتمەندییەکانی کۆمەڵگەی ڕۆژهەڵاتی و خودڕایی ڕۆژهەڵاتیدا وێکچوونێکیان لەنێواندا هەبوو. مارکس بۆ خۆی ئەم وێکچوونانەی پێ زانیبوو و لەکۆتایی تەمەنی خۆیدا سەبارەت بە (سەرەڕۆیی ڕۆژهەڵاتی) و (شێوەی بەرهەمهێنانی ئاسیایی) بێدەنگی ڕەچاو کرد، بەڵام دژ بەرانی ئەو، و لە سەرووی هەمووانەوە میخاییل باکونین (شۆڕشگێڕی ڕووسی ١٨١٤-١٨٧٦)یش بە وێکچوونی نێوان بەرنامەی سوسیالیزمی مارکس و سەرەڕۆیی ڕۆژهەڵاتی زانی و لەبەر ئەم هۆیە باکونین مارکسی بەوە تاوانبارکرد کە دەیهەوێ بە سوسیالیزمی دەوڵەتی خۆی نەک ئامێرەکانی ڕزگارکردنی مرۆڤ، بەڵکو ئامرازی کۆیلەتی ئەو دەستەبەر بکات (٢) ئەزموونی تاڵانی سوسیالیستی ئەم پێشبینییەیان پشتڕاست کردەوە.

**پەراوێزەکان:**

١- ماکیا ولی، شهریار، ترجمه داریوش آشوری (ترجمه فارسی کمی تغییر داده شده است)، تهران، نشر پرواز، ١٣٦٦ (فصل چهارم)، ص(٤٠).

٢- هەمان سەرچاوە (فصل نوزدهم) ص٧٩-٨٠).

* مارکس و ئینگلس ڕووسیاشیان بە وڵاتێکی نیمچە ئاسیایی و ڕێژیمەکەشی بەجۆری سەرەڕۆیی ڕۆژهەڵاتی دادەنا. مارکس بۆ خۆی سەبارەت بە وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ڕووی خۆش نەبوو.

پێری ئەندێرسۆن لە بەرهەمەکەی «نەوەکانی ویلایەتە سەرەڕۆکان»دا بە کورتی ڕوانگەکانی مارکس لە بارەی چین بەمجۆرە باس دەکات: «هەم مارکس و هەم ئینگلس زۆرجار چەند تایبەتمەندییەکی گشتییان بۆ ڕۆژهەڵات دەستنیشان کردبوو کە بۆ چینیشیان بە ڕەوا دەزانی» لە ڕاستییدا ئاماژەکانی ئەوان هونەری و پسپۆڕانە نییە. مارکس سەبارەت بە چین دەڵێ: «ئیمپراتۆری ئاسمانی لەشکان نەهاتوو»، «قەڵای پتەوی کۆنەپەرستی و کۆنەپارێزی» کە لە هەموو بوارێکەوە «خاڵی بەرانبەری ئەورووپایە» «چین بەربەریانە و پەراوێزیانە بەجیا لە جیهانی پێشکەوتوو دەژی». «ئەم نیمچە ژیارە گەندەڵە» و «کۆنترین ئیمپراتۆرێتی جیهان» لە شوێنی خۆیدا لاسایی «گەمژەیی میراتی» دەکاتەوە و بە پێچەوانەی چرکەکانی زەمەن ژیانی گیائاسای خۆی تێپەڕدەکات.» چین «نوێنەری جیهانی پووچەڵ کراوە»؛ بەڵام تێدەکۆشێ کە «خۆی بەم وەهمەوە هەڵخەڵەتێنێ کە کەماڵی ئاسمانییە.» مارکس لە وتارێکی گرنگی خۆیدا کە لە ساڵی (١٨٦٢)دا نووسیویەتی، فۆرمۆلی ستاندەری خۆی لە خودڕایی ڕۆژهەڵاتی و شێوەی بەرهەمهێنانی ئاسیایی بۆ جارێکی دیکەش لە بارەی چین بەکار دێنێتەوە. ئەو سەبارەت بە ڕاپەڕینی تای پینگ بەمجۆرە دەدوێ کە چین «ئەم فوسیلە زیندووە» لەبەر شۆڕش ئاڵۆز بووە. پاشان دەڵێ: «هیچ شتێکی سەیر و سەرنج ڕاکێش

لەو ڕاپەڕینەدا نییە، چونکە بنەما کۆمەڵایەتییەکانی ئیمپراتۆرییە ڕۆژهەڵاتییەکان بەردەوام بێ بزاف و وەستاون «ئەم کارە دەبێتە هۆی ئەوە کە لەجیاتی ئەوەی هێزی هاووڵاتیانیان لە ڕێگای بیناکردنەوەی کۆمەڵگەدا بەکاربێت، لەناو هاووڵاتی و هۆزەکانیاندا ئاژاوەی پەیتا پەیتا هەبێ کە ئەوان هان دەدات کۆنترۆڵی پێکهاتەی سیاسی بگرنە دەست». ئاکامە عەقڵییەکانی وەها بۆچوونێک لەم دادوەرییەی مارکسدا سەبارەت بە ڕاپەڕینی تای پینگ بە جۆرێکی ڕاچەنێرانە ئاشکرا دەبێت [بە بڕوای پێری ئەندێرسۆن] ڕاپەڕینی تای پینگ مەزنترین و تاقانە شۆڕشی جەماوەرە چەوساوە و سەرکوتکراوەکان بوو کە لەسەدەی نۆزدەیەمدا ڕووی دا، بەڵام دادوەری مارکس لەسەر شۆڕشگێڕانی تای پینگ توند و دوژمنانەیە. ئەو ئەوان بەمجۆرە وەسف دەکات:« ئەم شۆڕشگێڕانە لەبەرچاوی کۆمەڵانی خەڵک لە فەرمانڕەوایانی کۆن قێزەونترن. دەڵێی چارەنووسی ئەوان شتێکی جیا لەمە نەبووە کە بەکاولکارییەکی مەزن و قێزەونانە بە گژ چین و کۆنەپەرستی پارێزکارانەدا بچنەوە، بەڵام وێرانکارییەکانی ئەوان تۆزێکی سازکردنەوە و داهێنان پێوە دیار نییە». ئەم شۆڕشگێڕانە کە میانەی «لات و لوت و تاکە بەرەڵاکاندا» هەڵبژێردراون، دەسەڵاتی تەواویان هەبووە کە هەموو بێ حورمەتی و ناڕەواییەک دەرهەق بە ژنان و کچان بە ڕەوا بزانن (شۆڕشگێڕانی تای پینگ) پاشی دە ساڵ نیمچە چالاکییەکی بە هات و هاوار، هەموو شتێکیان وێران کرد بێ ئەوەی شتێک وەدی بێنن.

شایانی گوتنە کە ڕوانگەی مارکس و ئینگلس لە بارەی وڵاتانی ئاسیایی و ئەفریقیایی و ڕۆڵی ڕۆژئاوا لەواندا لە بەرانبەرکێی توندی ڕوانگەکانی (لینین) ستالین، ماو، سمیرامین و ئاندەر گوندر فرانک-ە. بیل وارن ئابووریزانی مارکسیستی ئینگلیزی لەکتێبەکەی «ئیمپریالیزم پێشەنگی سەرمایەداری» ڕوانگە کلاسیکیەکانی «مارکس و ئینگلیس»ی سەبارەت بە ئیمپرایالیزم ژیاندۆتەوە و کتێبی لینینی بەناوی ئیمپریالیزم دوا قۆناغی سەرمایەداری خستۆتە بەر ڕەخنە.

**سەرچاوە:**

زبان، اندیشە و فرهنگ (مجموعه مقالات) ترجمه و تألیف یدالله موقن (ص١٨٠-٢٠٠).

# بزاڤی
# مۆدێرنیزم و پۆست مۆدێرنیزم
# لە هونەری تەلارسازیدا

کامەران تاهیر

لێتوێژ و ڕەخنەگرانی هونەری تەلارسازی، هەریەکە لە دیدگە و تێڕوانینێکی تایبەتەوە قسە لە بارەی بزاڤی هونەری تەلارسازی نوێ دەکەن، ئەم جیاوازی و ناکۆکییانەی نێوان لێتوێژان وای کردووە، کە نەتوانرێت بەئاسانی سەرەتا و سەرهەڵدانی ئەم بزاوتە دەسنیشان بکرێت، بەڵام شوناسی ئەم هونەرە نایاب و بەرزە لەم قۆناغەدا بە خەسڵەت و ئەدگارێکی هونەری قووڵ جیادەکرێتەوە، کە دەکارین لە سایەیدا ئاراستەکان، شێوازەکان و ستایلەکانی ئەم هونەرە دیاری بکەین.

هونەری تەلارسازی لە سەدەی نۆزدەیەم، لە ئاکامی پێشکەوتن و پەرەسەندنی تەکنۆلۆژیا و پیشەسازیدا گۆڕانکارییەکی مەزنی بەخۆوە دی و ئاڵوگۆڕێکی بنەڕەتی لەم هونەرەدا بەرپا کرد، ئەم ڕەوشە نوێیەش وای کرد چەندین کەرەستەی نوێی وەک جام و شووشە و ئاسن بە ڕێژەیەکی یەکجار بەربڵاو لەم دەرەتانەداو بە شێوازێکی بەرز و باڵا بەکاربهێنرێت ئەمە سەرباری بەکارهێنانی شیش و کۆنکریتیش گوڕوتینێکی زیاتری بەخشییە ئەم بزاوتە نوێیە لەم سەردەمەدا و مژدەی لە دایکبوونی هونەری تەلارسازی نوێی ڕاگەیاند، تاکو بکارن شێواز و تەرزە باوەکان ڕەت بکەنەوە و ببوە مایەی پەرەسەندن و سەرهەڵدانی بزاوتێکی نوێ بە هەموو پێودانگ و شێوازەکانییەوە، ئەمەش لە ئاکامی بەکاربردن و بەکارهێنانی کەلوپەل و کەرەستەی جیاواز بۆ ڕۆنانی تەلارسازی بە ڕەهەند و جۆری تێڕوانینی کراوە و تێگەیشتنی بەرفراوان و ڕوونەوە هونەرێکی نایاب و ناوازەی تەلارسازی نوێ بەدەرکەوت.

هەڵبەتە دروستکردن و سەرهەڵدانی ئەم ئامرازە نوێیانە و بەکارهێنانیان وای کرد ئەم بزاوتە نوێیە بێتە کایەوە، واتە کۆی ئەم هەموو کەرەستە و کەلوپەلانە بەسەریەکەوە سەرزەمینی دروستی بۆ گەڵاڵەکردن و لە دایکبوونی ئەم بزاوتە نوێیە هێنایەکایەوە، بەڵام لە تەک هەموو ئەمانەشدا ئەو هونەرمەند و تەلارسازانەش لەو سەردەمەدا واتاو دەلالەتە کولتووری و کەلەپوورییەکانیان لەو بەها هونەریانە هەڵدەهێنجا، کە ڕەهەندو قووڵییەکی ئاشکرایان لە هونەری شێوەکاریدا هەبوو، ئەمەش بە ڕاپەرموون لەسەر تەرز و شێوازێک کە ڕەنگاندن و نەخشاندن بەرجەستە بکات، بۆیە دەکارین بێژین بزاوتی هونەری تەلارسازی مۆدێرنیزم بەگشتی و پۆست مۆدێرنیزم بە تایبەتی سیخناخە بە واتا و دەلالەتە گیانییەکان، چەڤەنگییەکان، هێما کارەییەکان، درکەییەکان، کە بە چەندان تایبەتمەندی ئیستێتیکیانە و چێژی هونەریانەی بەرز و قەشەنگ ڕەنگرێژ بووە، هەست و نەستی مرۆڤەکان تێر دەکات، بە بینینی ئەو



**تەلاری «کازافایسنز» لە بەرشلۆنە (۱۸۷۸ - ۱۸۸۰)**

تەلارانەش، کە تێیدا ئەفراندن و داهێنانەکان گەیشتۆتە ترۆپک، بینەر مەست و سەرسام دەکات و شاگەشکە دەبێت.. ئەوەی قسەمان لەبارەوە کرد، ئەو هۆکارانە بوون، کە زەمینەی فۆرم و هونەرێکی تەلارسازی نوێیان چێ کرد.

بەبۆچوونی زۆربەی ڕەخنەگر و لێتۆژان، هونەرمەند و تەلارسازی داهێنەری ئینگلیزی (ولیەم مۆریس) بە پێشەنگ و دامەزرێنەری بزاوتی هونەری تەلارسازی نوێ دادەنرێت، مۆریس بەردەوام بانگەشەی ئەوەی دەکرد، کە هۆکارە کۆمەڵایەتییەکان بە هەند هەڵبگیرێت و بئاخنرێتە کار و بەرهەمە هونەرییەکان و تێیدا ڕەنگ بداتەوە. لەدوای مردنی (مۆریس)یش ئەم بزاڤە نوێیە ئیدی زیاتر گەشەی کرد و پەڕییەوە بۆ وڵاتانی دیکەی ئەوروپا و ئەمریکا، هاوکات هەر لەو سەدەمەدا بزاوتێکی نوێی شێوەکاری و نیگارکێشان لەسەردەستی پێشەنگانی وەک [ڕینوار، سیزان، ڤان کۆخ، مانیە، گۆگان، هەروەها بزاڤی شەشپاڵوویی و ئەبستراکت] سەریان هەڵدا.

ئەم بزاوتە نوێیەی هونەری شێوەکاریش بە هەموو لقەکانییەوە بەسەریەکەوە، هۆکارێکی دیکە بوون لە تەک ئەو پێشکەوتن و پەرەسەندنە پیشەسازی و تەکنۆلۆژیانەدا وای کرد بزاوتێکی مۆدێرن و هاوچەرخ سەرهەڵبدەن، کەواتە ناکرێت بەهیچ جۆرێک کارلێکردن و کاریگەرێتی تەکنیکاران، هونەرمەندان، نیگارکێشان، لەسەر بەرەو پێشڤەبردنی هونەری تەلارسازی نوێ وەلاوە بنرێت.

بێگومان ئەم بزاوتە نوێیەی هونەرمەندانی شێوەکاریش ڕەنگدانەوە و وەدەنگەوەهاتنی ئەو گۆڕانکارییە نوێیانە بوون کە لە تەواوی کایە ڕۆشنبیرییەکان، ئابوورییەکان، کۆمەڵایەتییەکان هاتبوونە پێشەوە، ئەمە وای کرد گۆڕانکاری بەسەر چەمک و بەهاکانی هونەری نیگارکێشانیش بێت و کەشێکی نوێی چێ کرد کە هونەرمەندانی شێوەکاریش بەشێوازێکی دیکە سەودایی لەگەڵ بەرهەمەکانیدا بکەن و لە هەمان کاتدا بووە مایەی ئەوەی هونەری شێوەکاری و هونەری تەلارسازی یەکجار بە قووڵی ئاوێزانی یەکدی بن و بەتایبەتی هونەری شێوەکاری لە کارو بەرهەمە تەلارسازییەکاندا یەکجار بە توندی ڕەنگ بداتەوە.

لەم بوارەشدا چەندان هونەرمەند و تەلارسازی پێشەنگ و داهێنەری وەک ئەنتۆنیۆ گاودی، لیە کۆربۆزییە، پیرلۆگی نیرڤی، جیۆپۆنتی، ئەلڤار ئالتۆ لە وڵاتانی ئەوروپا و لویس سولیڤان، فرانک لویدرایت، والترپیوس، میزڤان دورۆ، لویس کان، جۆزلویس سێرت، بروس گۆڤا، فیلیپ جۆنسون، پۆل ڕادۆلف، ئیرۆساریبن، ئۆسکار نیما یر لە ئەمریکا و کینزۆتانک لە ژاپۆن و چەندانی دیکە، کە جۆرەها تەرز و ستایلی نوێیان داهێنا و کودەتایەکی مەزنیان لە بواری هونەری تەلارسازیدا هێنایەکایەوە کە بە تەواوی وەدەنگەوە هاتنی گیانی سەردەمەکە و هەموو گۆڕانکارییەکانیان بەرجەستە دەکرد.

بەم پێیە دەگەینە ئەو ئەنجامگیرییە و دەڵێین تەواوی هۆکارە ئابوورییەکان، پیشەسازییەکان و کۆمەڵایەتییەکان کەشێکی لەباریان چێ کرد کە تەلارسازانی داهێنەر بکارن گوزارشت لە وزە و تواناکانی خۆیان بکەن و، وێنەیەکی داهێنەرانەش بەرجەستە بکەن، لە ئاکامیشدا چەندین قوتابخانە و ڕەوتی جۆراوجۆر، لەم بزاوتە نوێیەوە سەرهەڵبدەن، وەک ڕەوتی ئایدیالیستگەرایی، خودگەرایی، پێشبینیگەرایی، ژیربێژیگەرایی، ناخود گەرایی و ڕەوتی کاراگەرایی.


هەر ڕەوتێک یاخود قوتابخانەیەک لەمانەش زادەی کۆمەڵێک هۆکار و دەرهاویشتە هزرییەکان، هونەرییەکان، کۆمەڵایەتییەکان و ئابوورییەکانن کە لە

قۆناغە جیاجیاکاندا بەدەرکەوتوون.

ئەم ئاراستە و قوتابخانە جیاوازانەش بەرهەم و ئەزموونگەلی کۆمەڵێک تەلارسازیی هونەرمەند و داهێنەری لێهاتوون.

کاتێک بزاوتێک یان قوتابخانەیەک یاخود ئاراستەیەکی دیاریکراو لەم بوارەدا، گەیشتبێتە چڵەپۆپە ئیدی وای کردووە، پاشەکشە بە ڕەوتێکی دیکە بکرێت و ئەستێرەی ئەو قوتابخانە هونەرییەی تەلارسازی ئاوابێت و بزاڤێکی دیکە جێگەی گرتۆتەوە، یاخود لە هەندێک دۆخدا قوتابخانەکانی دیکە بوونەتە پەراوێز، بێگومان نابێت ئەم قوتابخانە و ڕەوتانە بە ڕەهایی وەربگرین و وەک یاسا و ڕێسایەکی نەگۆڕ سەودای لەگەڵدا بکەین و تەلارساز و هونەرمەندان لە چوارچێوەیاندا گیر بکەین، چونکە ئەم ڕەوت و ئاراستانە زۆرجار بەنێویەکدا چوونە و ئاوێتە و ئاوێزانی یەکدی بوونە، بۆیە دەبینین تەلارسازان خۆیان بە تاکە قوتابخانەیەکەوە شەتەک نەداوە، بەڵکو بەو شێوە و شێوازەی بۆیان لواوە، وێناکردنەکانی خۆیان، بیروبۆچوونەکانی خۆیان، فۆرمەکانی خۆیانیان بەرجەستە کردووە یاخود هەندێک جار لەکاتی کارکردندا شتی نوێیان خستۆتە سەر نەخشەسازییە بنەڕەتییەکانیان، بە واتایەکی دیکە دەڵێم هەرگیز نابێت تەلارساز و هونەرمەندانی داهێنەر خۆیان لە چوارچێوەیەکی دیاریکراودا سنووربەند بکەن، بەڵکو دەبێ ئازاد بن، تەنانەت تێپەڕاندن و خستنەسەر بکەنە سەر نەخشەسازییە بنەڕەتیەکانیش کە ئەمە لووتکەی تەلارسازی لێزان و داهێنەر دەگەیەنێت.

بەڵام تەواوی ڕەخنەگران، پسپۆڕان و لێتوژان پێیانوایە پۆست مۆدێرنیزم بۆ یەکەمین جار لەکایەی هونەری تەلارسازیدا سەریهەڵدا و دواتر بۆ کایەکانی دیکەی نێو کۆمەڵگە تەنیوەتەوە، کەواتە چەمکی پۆست مۆدێرنیزم لەسەرەتادا لە هەناوی هونەری تەلارسازیدا ڕسکاوە و، پاشان پەلوپۆی بۆ دەرەتانەکانی دی هاویشتووە، ئەمەش لە ئاکامی ئەو گەشەکردن و پەرەسەندنە سەرسوڕهێنەرەی هونەری تەلارسازی نوێ لە ناوەڕاستی چلەکانی سەدەی ڕابردوو بەخۆیەوە بینی، بەڵام دەرکەوتنی چەمکی پۆست مۆدێرنیزم لە ڕاستیدا بۆ زیاتر لە چل ساڵ بەر لە ئێستا دەگەڕێتەوە، هەرچەندە تاکو ئەم ساتەوەختەش لێتوژان سەبارەت بەم چەمکە ناکۆکن، تێڕوانین و تێگەیشتن و پێناسەکردنیشیان بۆ ئەم چەمکە ڕەنگە زۆرجار بە



**تەلاری «دیز رایت» لە سانت لویس (١٨٩٠ - ١٨٩١)**

تەواوی لە یەکدی جیاوازبێت، هەندێک لەوانە پۆست مۆدێرنیزم بە پێچەوانەی مۆدێرنیزم دادەنێن، بەڵام هەندێکی دی پێی وایە پۆست مۆدێرنیزم لە هونەری تەلارسازیدا درێژکراوەی مۆدێرنیزمە، بەڵام ڕەوت و ستایلێکی دیکەی وەرگرت، کە دەخوازێت زیاتر تەمومژاوی و ئاڵۆزی و گومان لە کار و بەرهەمەکانیاندا بەرجەستە بکەن، واتە ئەوان بە فۆرمێکی جیاواز لە تەلارسازانی مۆدێرنیزم کارەکانی خۆیان ئەنجام دەدا، بەشێوەیەک دژی ئەو شێوازە جیهانییە کەوتنە کارکردن کە مۆدێرنیستەکان کاریان پێدەکرد، بۆیە ئاراستەیەک هاتەبوون لە بری ڕێکوپێکی و هارمۆنیەت، شکۆمەندی و سەروەرییان بەخشییە گەڕەلاوژەیی، بۆ نموونە تەلارسازێکی پۆست مۆدێرنیستی وەک فرانک جێنری دەبینین کە چۆن بە فۆرم نەخشەسازییە سەرسوڕهێنەر و ڕادیکالییەکانی و مۆدیلە نا ڕێکوپێک و نا هاوسەنگەکانی و بەکارهێنانی پارادۆس یان گومان و دوانەیی، یان ڕۆنانسازی بزۆز و ئاڵۆزو تەمومژاوی بەرەنگاری ئیستێتیکیانەی فەرمانەکی هەموو هونەری تەلارسازی مۆدێرنیزم دەبێتەوە، لە هەمان کاتدا چۆن ئەم هونەرمەندە لێزان و داهێنەرە لەو بوارەدا هەموو کەرەستە

ناچوون یەک و هەمەچیزەکان پێکڤە کۆدەکاتەوە و لە بۆتەی یەک نەخشەسازیدا چەندان فۆرمی جیاواز گرد دەکاتەوە، ئەمەش گواستنەوە و گۆڕین لە نێوان فۆرمە جیاوازەکاندا نیشان دەدات. بە تەرزێک لە بری ئەوەی فۆرمە تەلارسازییەکان لە یەک فۆرمدا خۆیان ببیننەوە، کەچی هەڵگری چەندان شێواز و ستایلی جیاواز بوون، کە بۆ چەندین قۆناغی جۆراوجۆر دەگەڕێنەوە.

هەندێک کەس لەو بڕوایەدان کە جۆری کارکردنی (پۆست مۆدێرنیزم)ەکان ئاراستەیەکی ڕەخنەگرانەیە بە خودی مۆدێرنیستەکان، نەک خاڵی جیاکەرەوەی نێوان دوو ڕەوتی جیاواز بگەیەنێت.

لە بەناوبانگترین پێشەنگانی هونەری تەلارسازی پۆست مۆدێرنیزم (ڕۆبەرت ڤینتۆری)یە، بە بۆچوونی ئەو (نزیکبوونەوە لە گەڕەلاوژەیی، جۆرێک لە هێز و بڕست و کاریگەرێتی دەبەخشێتە پێکهاتە تەلارسازییەکان)، بۆیە تەلارساز و هونەرمەندانی پۆست مۆدێرنیزم بە شێوازێکی ئیستێتیکیانەی بەرز هەوڵ دەدەن فۆرم و شێوازە مۆدێرن و باوەکان ئاوێزان و ئاوێتەی یەکدی بکەن، تاکو لەم ڕێگەیەوە تەواوی چین و توێژە کۆمەڵایەتییەکانی نێو کۆمەڵگە تەنانەت بە خەڵکە سادە و ساکارەکەشیەوە پەلکێشی بکەنە نێو ئەم پرۆسە هونەرییەی خۆیان، تاکو بکارن مگێز و خولیا و ئارەزووەکانی تاکەکانی بەو شێوەیە بگۆڕن و ئاراستە بکەن، تاکو جارێکی دیکە سەروەری و شکۆمەندی بۆ هونەر بگەڕێننەوە و پلە و پایەی جارانی بەدەست بهێنێتەوە، ئەم ئاراستەیەی پۆست مۆدێرنیستەکان لە کارکردندا، هەوڵدانێکە بۆ دەربازبوون و ڕزگارکردنی هونەر لەو قەیرانەی کە ئەمڕۆ تێیکەوتووە و دوچاری بووە، ئەویش لە ئاکامی ئەوەی کە زۆربەی ژانرە هونەری و وێژەییەکان تەنیا لەنێو دەستەبژێرێکی یەکجار کەم و قەتیس بووە، لێرەوە پۆست مۆدێرنیستەکان لە هەوڵی ئەوەدان جارێکی دیکە هونەر بگەڕێننەوە ئامێزی جەماوەر و کۆمەڵانی خەڵک.

لەم سۆنگەیەشەوە بزاوتی پۆست مۆدێرنیستەکان سۆز و گەڕانەوەیەکی توند بۆ ڕابردوو، خۆ گونجاندن و پەیوەستبوون لە تەک چوارچێوە و فۆرمە دێرین و باوەکاندا شەتەکیان دەدا، کە بە چەشنێک لە تەک ناوەڕۆکە هونەرکاری و نوێخوازییەکانی ئەمڕۆدا بسازێت.. لە ئەدگار و خەسڵەتە جیاکەرەوە و بنەڕەتییەکانی ئەم بزاوتەش جەختکردنە لەسەر ناوەڕۆکی هێماکاری و جەڤەنگی هونەری تەلارسازی و داهێنان و ئەفراندنی فۆرمە تەلارسازییەکانە، بەبێ وەرگرتن، بەڵکو دەبێ تەنیا بەهرە و سروشت لە کولتوور و کەلەپوور، لە ڕێگەی دەلالەتە جەڤەنگییەکانەوە وەربگرن، ڕازانەوە و نەخشاندن و ڕەنگاندنیش بنەمایەکی یەکجار گرنگە بۆ دارشتنی فۆرمەکان لەم بزاوتەدا.

**لە بەناوبانگترین پێشەنگانی هونەری تەلارسازی نوێدا:**

**ئەنتۆنیۆ گاودی (١٨٥٢-١٩٢٦)**


تەواوی لێتۆژان، ڕەخنەگران و پسپۆڕان هاوڕان لەسەر ئەوەی ئەنتۆنیۆ گاودی تەلارسازی ئیسپانی، یەکێکە لە مەزنترین پێشەنگانی بزاڤی هونەری تەلارسازی مۆدێرنیزم لە جیهاندا، کە توانی چەمک و شێوازە باوەکانی تەلارسازی هەڵبوەشێنێتەوە و تەرز و ستایلی نوێ، لە فۆرم و شێوازە تەلارسازییەکانیدا دابهێنێت.

ئەم مرۆڤە هونەرمەند و داهێنەرە یەکێکە لەو تەلارسازانەی، کە لە کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەهەم و سەرەتاکانی سەدەی بیستەمدا شاکار و بەرهەمە ڕیزپەڕ و ناوازەکانی بەدەرکەوتن.

گاودی هەروەک چۆن شاعیرانی نوێکار، نیگارکێشانی نوێکار، تەواوی هونەرمەندانی نوێکار سەوداییان لەگەڵ چامەکان، تابلۆکان، بەرهەمەکان کردووە، ئا بەو شێوەیە و زیاتریش ڕۆچۆتە نێو بەرهەمەکانی، وەک مرۆڤێکی یاخیبوو سەرکێشانە و سەرشێتانە سەودای لەگەڵ ئەم کایەیەی هونەردا کردووە و ئەفراندنی خۆی تێیدا ئەنجامداوە.

بۆیە هەر لەبەراییدا خوازیاری ئەوەبوو، فۆرمە تەلارسازییەکانی لە کۆت و بەندو چوارچێوە باوەکان دەرباز بکات و بەشێوازێکی ئازادانە و بێدەربەستانەی پەرگیرانەی تا ئەوپەڕی ڕەهایی تەرز و فۆرمی سەرسوڕهێنەر بەکاربهێنێت.

ئەگەرچی لەم تەرزە نوێیەدا هەموو کەرەستەکان، ئامرازەکان، بەرهەمە پیشەسازی و تەکنۆلۆژیای نوێی هەر لە شیش و چیمەنتۆ، واتە کۆنکریتەوە بگرە تا دەگاتە بەکارهێنانی جام و شووشە بە هەموو جۆرەکانییەوە، تێیدا بەرادەیەکی ڕوون و ڕێکوپێک بەرجەستە کردووە، بەڵام لە هەمان کاتدا بەبێ ئەوەی ڕەنگاندن و نەخشاندن لە فۆرمە تەلارسازییەکانیدا فەرامۆش بکات، واتە بەشێوەیەکی بێ وێنە گرنگی بەشێوازی «ڕەنگاندنی




**تەلاری «باوهاوس» (١٩٢٥)**

نوێ» داوە، لە کارە بەناوبانگەکانی، کە بەشێوەیەکی سەرسوڕهێنەر شێوازی ڕەنگاندن و نەخشاندنی تێدا بەکارهێنابێت (کڵێسای خێزانی پیرۆزە، لە شاری بەرشلۆنە، کە ساڵی (١٨٩٠) ئەنجامی داوە).

ئەنتۆنیۆ گاودی ئەگەرچی بە ژیار و شارستانیەت و هونەری تەلارسازی گریگەکان یەکجار کاریگەر و سەرسام بوو، بەڵام لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا توانی خودی خۆی بکاتە نێوەندی لە دایکبوونی ئەفراندنەکانی.

بێگومان کار و بەرهەمەکانی گاودی هەر بە تەنیا لە بەرشلۆنە گیریان نەخوارد، بەڵکو بەرهەمە تەلارسازییەکانی لەچەندان شاری مەزنی وەک مەدرید و نیۆیۆرک و گەلێک شوێنی دیکە بەدی دەکرێن.

زۆربەی ئەوانەی کارە تەلارسازییەکانی ئەم هونەرمەندە تەلارسازە دەبینن، ئەو پرسیارەیان لەلا دروست دەبێ، ئاخۆ سەرچاوە داراییەکانی گاودی چی بوون و چۆن توانیویەتی ئەو شاکارە مەزن و سەیرو سەمەرانە ئەنجام بدات؟ بۆیە هەندێک بە هونەرمەندە شێتەکە ناوی دەبەن و ئەوەی لە ڕووی داراییەوەش یارمەتی داوە، لەم شێتترە، ئەویش «گویل ئەوزیبی» هاوڕێی بووە، کە سەرسام بوو بە کارەکانی و یەکێک بووە، لە مەزنترین دەوڵەمەندەکانی ئەو سەردەمە، هەر «گویل»ی هاوڕێشی وای کرد، ئەنتۆنیۆ گاودی بکارێت تەواوی خەونەکانی فەراهەم بکات، کە لەو گاڤانەدا تەنانەت قسەکردن لەبارەی ئەم خەونانە خۆی لەخۆیدا وەک شێتایەتیەک سەرنجی دەدرایە، چجای هەوڵدان بۆ ئەنجامدانی و کارکردن لە پێناویدا و بە کردەنیش بەرجەستە کردنی.

گاودی لە دایکبووی ساڵی (١٨٥٢) شاری (ڕویس)ی کاتالۆنی باکووری خۆرهەڵاتی ئیسپانیایە، لەنێو خانەوادەیەکی هەژاردا چاوی بۆ ژیان هەڵێنا، لە تەمەنی حەڤدە ساڵیدا بۆ خوێندنی تەلارسازی دەچێتە بەرشلۆنە، وێڕای خوێندن ویستوویەتی بەشێوەیەکی پراکتیکیانەش بچێتە نێو هونەری تەلارسازی، هەر بۆیە لە چەندان نووسینگەی ئەندازەیی کاری کردووە، دەیویست سەرزەمینێک بۆ ئەو هزر و وێناکردنە نوێکارانەی هەیبوو بدۆزێتەوە، چونکە ئەو تەرزو فۆرمە فەنتازیا و ڕیزپەڕانەی گاودی لەو سەردەمەدا، هەڵگریبوون نزیک بوون لە شێتیەوە، بۆیە بۆ ئەنجامدانی پرۆژەکانی هەموو کەس نەیدەوێرا سەرەڕۆیی و سەرچڵییەک لەم دەرەتانەدا بنوێنێت، تا ئەوکاتەی «گویل» دەبێتە هاوڕێی و دەبێتە سەرزەمینێک بۆ هاتنە دی گشت خەونەکانی.

بەناوبانگترین ئەو کارو بەرهەمانەی ئەنتۆنیۆ گاودی لە بواری هونەری تەلارسازی ئەنجامی دابێت.

* تەلاری کازاڤایسنر (١٨٧٨- ١٨٨٠) لە بەرشلۆنە.
* کڵێسای سکرادا (١٨٩٠) لە بەرشلۆنە.
* تەلاری کازامیلا (١٩٠٥- ١٩١٠) لە بەرشلۆنە.
* پارکی گویل (١٩٠٨).
* لەگەڵ چەندان کاری دیکە، کە لە وڵاتانی جیاجیای دنیادا ئەنجامی داوە.

گاودی دوای تەمەنێکی تژی لەئەفراندن و داهێنان و بەرهەممهێنانی بەهاو فۆرمی نوێ لە هونەری تەلارسازیدا وەک بەناوبانگترین پێشەنگی بزاوتی هونەری تەلارسازی مۆدێرنیزم لە جیهاندا دێتە ناسکرن، کە یەکێکە لەو تەلارسازە هونەرمەندانەی، کە بە کۆڵەگەیەکی گرنگی هونەری تەلارسازی مۆدێرنیزم دادەنرێن، کە قەڵەمبازێکی مەزن و گۆڕانێکی ڕیشەییان

لەم کایەدا هێنایە ئارا، بۆیە دوای نزیکەی پەنجا ساڵ لە بەخششی بەردەوام ساڵی (١٩٢٦) و لەتەمەنی (٧٤) ساڵیدا بۆ تا هەتایە ماڵئاوایی لەژیان دەکات.

**لویس سولیڤان (١٨٥٦-١٩٢٤)**

یەکێکی دیکە لەو کەسانەی، کە بنەما و بنەچەی بزاوتی هونەری تەلارسازی مۆدێرنیزمیان داهێنا «لویس سولیڤان»ی تەلارسازی ئەمریکییە، کە توانی لەگەڵ چەندان تەلارسازی دیکە شێواز و فۆرمێکی نوێ ببەخشنە ئەم هونەرە و ئەو سنوور و چوارچێوانە تێکبشکێنن و شۆڕشێکی مەزن لە بواری هونەری تەلارسازی نوێ بەرپا بکەن، بۆیە سولیڤان بە یەکێک لە پێشەنگانی بزاوتی تەلارسازی مۆدێرنیزم دەژمێردرێت، لەنێوان هەردوو سەدەی نۆزدە و بیستەمدا.

سولیڤان لەگەڵ ژمارەیەکی دیکەی تەلارسازان توانییان پێکڤە «قوتابخانەی شیکاگۆ» دابمەزرێنن، ئەم قوتابخانەیە ڕۆڵێکی مەزن و دیاری هەبوو، لە داهێنان و دامەزراندنی باڵەخانە بەرز و ستوونیەکاندا، کە تێیدا بە ئەندازەیەکی یەکجار لە هەیکەلی باڵەخانەکەدا ئاسن و ئەسانسێر بەکارهاتووە، بەڵام لە هەمان کاتدا بەبێ فەرامۆشکردنی ڕەنگاندن و نەخشاندن لەو بوارەدا، هەروەها ئەم قوتابخانەیە تەرز و ستایلی پرایری (Praire stle) خستە نێو نەخشەسازییەکانی خانووبەرەوە کە هەرگیز ناکرێت نکوڵی لەوە بکرێت، لە هەموو ئەمانەدا «لویس سولیڤان» ڕۆڵی مەزنی لە هێنانە ناوەوەی فۆرمە نوێیەکاندا گێڕاوە.

هەروەها بەکارهێنانی ئاسن بۆ یەکەمجار بەو شێواز و بەو چەشنە لە نەخشە تەلارسازییەکاندا بۆ ئەو دەگەڕێتەوە، لە هەندێک لە کارەکانیدا گەڕاوەتەوە بۆ شێوازی «ڕۆمانتیکی»، لە گرنگترین ئەو کارانەی کە هەردوو شێوازی (ڕۆمانسیکی و شێوازی سەردەمی ڕێنسانسی تێدا پەیڕەو کردبێت «کۆشکی مارشال فیلدە) لە شیکاگۆ، کە پێکهاتە سەرەکی و کەرەستەکانی ئەو باڵەخانەیە بریتییە لە «بەرد و ئاسن» بە پلەی یەکەم دێت تێیدا بەکارهاتبێت.

هەرچەندە جۆری کەرەستە نوێیەکانی تەلارساز فەرمانەکییەکانن، بەڵام پەرەسەندنەکانی تەکنەلۆژیا سەرزەمینێکی چاک بوون بۆ بەرهەمهێنانی بەهاو چەمکە نوێیەکانی هونەری تەلارسازی مۆدێرنیزم، لەگەڵ ئەوەشدا ناکرێت بەهرە و داهێنان و وزە و تواناکانی هونەرمەندانی تەلارسازانی وەک سولیڤان و هاوڕێکانی فەرامۆش بکرێن، کە وایان کرد بە تەواوەتی بنەما و بنەواشەکانی بزاوتی مۆدێرنیزم لە هونەری تەلارسازیدا بچەسپێت و خۆی قایم بکات.

هەر لە ئاکامی ئەم بزاوتەش چەندان قوتابخانە سەریان هەڵدا گرنگترین ئەو قوتابخانانەش (قوتابخانەی فەرمانەکی)یە، کە سولیڤان یەکێکە لە پێشەنگانی ئەو قوتابخانەیە و خودان ئەو گوتە بەناوبانگەیە لەو بوارەدا، کە دەبێژێت «فۆرمەکان، دەبێت وابەستە و پەیوەستی فەرمانەکییەکانیان بن».

بەواتایەکی دیکە شێواز و ستایلەکان پێویستە ئەو ئامانج و مەبەستانە بەرجەستە بکەن، کە لەپێناویدا ڕۆدەنرێن.

لویس سولیڤان تاکو ئەم ساتەوەختەش بە یەکێک لە بەناوبانگترین تەلارسازی ئەمریکا و جیهان نێو دەبرێت.


لە کارە ناودارەکانیشی:

* شانۆی شیکاگۆ (١٨٨٦-١٨٨٩).
* تەلاری دیز ڕایت (١٨٩٠) لە سانت لویس.
* تەلاری دین وایت (١٨٩١) لە سانت لویس.
* تەلاری سکوت (١٨٩٩-١٩٠٤) لە شیکاگۆ
* لەگەڵ چەندانی کار و بەرهەمی دیکەی تەلارسازی.

لویس سولیڤان ئەمریکییە و ساڵی (١٨٥٦) لە شیکاگۆ لە دایک بووە، ڕۆڵی پێشەنگ و دیاری لە دامەزراندنی چەندان قوتابخانە و ڕەوتی جیاجیای هونەری تەلارسازی نوێدا گێڕاوە، گۆڕانێکی دیاری لەم بوارەدا چێ کردووە، کە کاریگەرێتی تاکو نهۆ هەر بەردەوامە، ساڵی (١٩٢٤) و بۆ دواجار چاوەکانی لێکدەنێت ماڵئاوایی لە ژیان دەکات.

**فرانک لوید رایت (١٨٦٩-١٩٥٩)**

یەکێکە لە بەناوبانگترین تەلارسازانی ئەمریکا و ڕۆڵێکی بەرچاوی هەبووە لە بزاوتی هونەری تەلارسازی نوێدا، هەرچەندە «رایت» ژیانی پراکتیکی خۆی لەگەڵ (سولیڤان) دەستپێکرد، لە هەمان کاتیشدا لە پاڵ «ولیم جینی و لویس سولیڤان»یشدا یەکێک بوو لەو پێشەنگانەی ڕۆڵێکی بنەڕەتی و دیاریان لە دامەزراندنی قوتابخانەی شیکاگۆدا هەبوو، بەڵام ئەو دژی ئەو ستایل و شێوازانەبوو، کە نەکارێت گیانی ژینگە و دەوروبەرەکەی لە گشت ڕوویەکەوە تێیدا بەرجەستە بکات، هەربۆیە ئەمە وای کرد، قوتابخانەیەکی دیکەش



تاوەری «پرایز»
لە ئۆکلاهۆما
(١٩٥٣)

کە لە دەرهاویشتەکانی ڕەوتی مۆدێرنیزمە لە بزاوتی هونەری تەلارسازیدا سەرهەڵبدات، ئەویش «قوتابخانەی ئۆرگانیزم»، کە «فرانک لویدرایت» پێشەنگ و ڕابەرایەتی ئەم قوتابخانەیەی دەکرد، لە گرنگترین جیاکەرەوە و تایبەتمەندییەکانی ئەم قوتابخانەیەش بەکارهێنانی کەرەستەکان، کەلوپەلەکان، ئامرازەکان، بەشێوەی سروشتی و ئۆرگانی خۆیان، واتە بەکارهێنانی تەرز و فۆرمێک، کە لە تەک ژینگەی سروشتی و دەوروبەرەکەی گونجاو بێت و هارمۆنیەت و ئیستێتیکایەکی بەرز و بێ وێنەش ببەخشێت.

رایت لە تەواوی کار و بەرهەمەکانیدا توانایەکی بێ هاوتای دەخستەگەڕ، تاکو کارەکانی ئیستێتیکایەکی بەرز و باڵا و مۆدێرنانە بەرجەستە بکەن، بۆیە هەر لەبەراییەوە بانگەشەی ئەوەی دەکرد، کە ئەو فۆرمە تەلارسازییانەی کاریان پێدەکرێت، دەبێ لە ئاست تەواوی ئەو گۆڕانکارییە نوێیانە بن، کە ڕەوتی مۆدێرنیزم لە تەواوی کایە جیاجیاکاندا بەرهەمی هێناون. کاتێک رایت بەرەو ژاپۆن سەفەری کرد، ئیدی گرنگییەکی لە ئەندازە بەدەری بە هونەری تەلارسازی ژاپۆنی دا، ئەو میوانخانەیەی، کە لە تۆکیۆی پایتەخت لەنێوان ساڵانی (١٩١٥-١٩٢٢) دروستی کرد، شێوازی (شووشەی بزۆزی) لەسەر بنکەیەکی جووڵاوە داهێنا، کە تێیدا توانی تاڕادەیەک گرفتی بوومەلەرزە کەم بکاتەوە، کە ئەوەش بە پێنگاڤێکی مەزن لەو بوارە دادەنرێت.

بەناوبانگترین کارەکانیشی:

* خانووی روبی (١٩٠٩) لە شیکاگۆ.
* ماڵی تاڤگەکان (١٩٣٦) لە بنسلڤانیا.
* تەلاری جونسون (١٩٣٨) لە ویسکونسون.
* مۆزەخانەی کوکنگهام (١٩٤٣-١٩٥٩) نیویورک.
* بورجی پرایز (١٩٥٣) ئۆکلۆهۆما.
* سەنتەری شارستانی (١٩٥٩-١٩٦٤) کالیفۆرنیا.

فرانک لوید رایت ئەمریکییە و ساڵی (١٨٦٧) لە دایک بووە، دوای تەمەنێکی دوور و درێژی پڕ بەخشش، ساڵی (١٩٥٩) و لە تەمەنی (٩٧) ساڵیدا دڵە مەزنەکەی لە لێدان کەوت و لاپەڕەکانی ژیانی بۆ هەتا هەتایە پێچرایەوە، هەرچەندە رایت تەمەنێکی درێژی بەسەربرد، بەڵام مەرگ بواری نەدا تەواوی پرۆژەکانی جێبەجێ بکات، بۆیە هەندێک لە کارو پرۆژەکانی لەدوای مردنیدا تەواو کران.

**والتر گروپیوس** (١٨٨٣-١٩٦٩)

دوای ئەوەی ئاگری یەکەمین جەنگی جیهانی دامرکایەوە دەنگی لرمە و زرمەی تۆپەکان بۆ ماوەیەک کپبوون، ڕەوشی وڵاتانی دنیا بە گشتی و ئەوروپا بە تایبەتی ئاسایی بۆوە و مرۆڤەکان ئاهێکیان هاتەوە بەر، کەشێکی ئارام و ئاسوودە هاتەدی، ئەم ڕەوشە نوێیە وای کرد تەکنۆلۆژیای شارستانی زیاتر گرنگی پێبدرێت و، پێداویستی تاک و کۆمەڵگەکان دەرگە واڵا بکەن، لەپێناو دروستکردنی سەدان یەکەی خانووبەرە و کۆشک و تەلار و دامودەزگە و کارخانە گەلی جۆراوجۆر، هەر ئەم ڕەوشەش بوارێکی یەکجار زۆری لە بەردەم هونەرمەند و تەلارسازان کردەوە، کە زیاتر تەکان و گروتین بە بزاوتی هونەری تەلارسازی مۆدێرنیزم بدەن و، بەرەو پێشڤەی ببەن.

لە ئەڵمانیاش هەر لە دوای کۆتایی هاتنی جەنگ قوتابخانەی (باوهاس)ی هونەری و نەخشەسازی لەلایەن والتر گروپیوس دامەزرا، کە تێیدا هەوڵێکی زۆر دەخرایە گەڕ بۆ ئەوەی نەخشەسازان، هونەرمەندان، پیشەگەران لە تەک یەکدا گرد بکاتەوە، لەپێناو گەیشتن بە پێوەندییەکی ڕاستەقینە لەنێوان فۆرمەکان، ئامانجەکان، کەرەستەکان، هێڵەکانی بەرهەمهێناندا، کە بێگومان

کۆی هەمــوو ئەمانە بەسەریەکـەوە کـاریگەریتــییــەکی مەزنیان هەبوو، لە دارشتن و پەرەسەندنی بزاڤی هونەری تەلارسازی نویّ لەسەردەمی تەکنۆلۆژیادا، کە کەرەستە و پێـداویسـتی تەلارسازی نوێی بەرهەم هێنا، بەشێـوە و شێوازێکی هونەری و هۆکاری گوزارشتکارانەی نویّ، کە شـێـوازە نوێیـەکـانی تەلارسـازیش وای کـرد ڕۆنانی خـانووبەرەی ئامـادە کـراو، بە کـەرەسـتـە و کـەلوپەلی دروستکراو بێتە ئارا، ئەم کەرەستە و شتومەکە نوێیانەی تەلارسازیش، پاشەکشەیان بە تایبەتمەندێتی و خۆماڵێتی دەکـــرد، بەڵام تەلارســـازان هـەوڵیـــانددا، کـــارو بەرهەمەکانیان فەنتازیا و ئیستێتیکایەکی بەرز و نایاب بەرجەستە بکەن، لە هەمان کاتدا، تاکو ئەم کەرەستە و کــەلوپەلە تازانە بکارێت دەربڕی تێــز و ســـتـــایلە نوێیەکانیان بێت.

**گرنگترین ئەو کارانەی کە گرۆپیوس ئەنجامی دابێت:**

* تەلاری بـاو هاوس (١٩٠٥) هەرێمی فـــــایمار- ئەڵمانیا.
* تەلاری پان ئەمریکان (١٩٢٥) نیویۆرک.
* پرۆژەی زانکۆی بەغدا (١٩٥٨).
* مزگەوتی زانکۆی بەغدا (١٩٥٨).

والتــر گـــرۆپیـــوس بە ڕەچەڵەک ئەمــریکیـــە و لە دایکبووی ساڵی «١٨٨٣»یە لە بەرلین، لەنێوان ساڵانی (١٩٠٣-١٩٠٥)دا هونەری تەلارســازی لە مــیـــونخ خــــوێندووە، دواتر لـە بەرلین لەنێـــوان ســــاڵانی (١٩٠٥-١٩٠٧)دا درێژەی بە خــوێندنی خــۆی دا لە نووســـینگەی تەلارســازی (بهــرنز)دا، ســاڵی ١٩١١ «کۆشکی کارگەی فاگوس» یەکەمین پرۆژەی گـرۆپیوس بوو، کــە بەشێــوەیەکی زەق و یەکـجـار پێـشکەوتوو و کەرەستەی ڕەق و شووشەی تێدا بەکارهێنا.

ســاڵی (١٩١٣) و بەر لە هەڵگیــرسـانی یەکــەمین جـەنگی جیـهـانی بەهاریکاری (مـایر)ی تەلارسـاز و هونەرمەند تەلارێکی حکومیـان چێ کرد، کە لە دەرەوەی پەیژەی دەرەوەی تەلارەکــەدا بورجــێکی شـووشــەییـــان دروستکرد، کە ئەم کارە بۆ ئەوکات بە ئاڵوگۆڕێکی مەزن دادەنرێت لە بواری تەلارسازیدا.

ساڵی (١٩٢٥) ئەڵمـانیـا جـێـدەهێـڵـێت و چەند ســاڵێک لە ئینگلتــەرا دەگـیــرسـێــتــەوە و لەگــەڵ (ماکسویل)ی تەلارسازدا بەشداری لە جێبەجێکردنی کارو پرۆژەکانی دەکات.

ســاڵی (١٩٣٧) لە زانکۆی «هارڤـارد» لە ئەمـریکا وەک مـــامــۆســـتـــای وانەبێــژی هونەری تەلارســـازی دادەمــەزرێت، دواتر هەر لەوێدا سـەنتــەرێکی هونەری و نەخـشـەسـازی لە تەک کـۆمـەڵێک هونەرمەندانی وەک (مبرۆ، کاندنسکی، ئارب، کلی) دەکاتەوە و زیاتر بایەخ بەکاری ڕەنگاندن و نەخشاندن لەو سەنتەرەدا دەدرێت.

ئەوەی تێبینی دەکرێت، کە خـۆرهەڵاتی ئەمـریکا لە ڕێگەی والتـر گـرۆپیـوس کـاریگەربووە، بە ئاراسـتـەکـانی قوتابخانەی «باوهاوس»ی ئەڵمانی.

ســاڵی (١٩٦٩) دوای تەمــەنێکی دوور و درێژ دڵـە گـەورەکەی پێشـەنگێک لە پێشـەنگانی بزاوتی هونەری تەلارسازی نویّ لە لێدان دەکەوێت و ماڵئاوایی لە ژیان دەکات.

**میزڤان دورو (١٨٨٦-١٩٦٩)**

بزاوتی هونەری تەلارسازی نویّ لە ئاکامی پێشکەوتن و پەرەســەندنە تەکنۆلۆژی و زانســتــیــەکـان، تا دەهات خەسڵەت و تایبەتمەندییە جۆراوجۆرەکانی، کە بۆ چەندین قوتابخانە و ڕەوت و ئاراستەی جیاجیا دەگەڕێتەوە زیاتر ئەدگار و هێڵـە گشتـیـەکانی بەدەر دەکەوێت، دەکارین بێژین لە ئاکامی مکوڕ بوون و درێژەدان بەم ئاراسـتـەیە، بزاڤی تەلارســازی مـۆدێرنیـزم لەسـەر دەسـتی چەندان تەلارسازی داهێنەر و پێـشـەنگی وەک مــیـزڤـان دورو و هاوڕێکانی توانیــیـان شـێـواز و فـۆرمـە کـۆن و باوەکـان ڕەتبکەنەوە و بەشێواز و ستایلێکی نویّ ئیش بکەن، کە تەواو هاوڕێک بێت، لەگــەڵ ئەو گــۆڕانکارییــانەی لە تەواوی کایەکاندا هاتوونەتە ئارا.

ڤـان دورو حــەز و ئارەزووی بۆ هونەری تەلارســازی لە ڕێگەی باوکییەوە، کە کرێکاری خانووبەرە دروستکردن بووە، لە نک چێــبــوو، ئیــدی لە شـاری (ئاخن)، کــە دەکـەوێتــە سـەر سنووری هۆڵەندە و بەلجیکا درێژەی بە خـــوێندنی تەلارســـازی دا، دواتر لەگـــەڵ هەندێک لە تەلارسازان خەریکی مەشقکردن بوو.

ساڵی (١٩٠٨) پێوەندی بە نووسینگەی (بهرنز) لە بەرلین کرد، دوای (٥) ساڵ کارکردن لەگەڵیدا، ڤێجا بە تەواوەتی دوورکەوتەوە و وازی لێهێنا، ساڵی (١٩٢٧) بەناوبانگترین ئەو کـارو پرۆژانەی، کە بەشداری تێیـدا کرد (کۆشکی فایزین هۆف) بوو لە شاری شتوتگارت.

دیارترین ئەو کار و پرۆژانەی، کە خودی خۆی ئەنجامی دابێت بریتییە لە:

* تەلاری باڵی ئەڵمانی لە پێشانگەی نێودەوڵەتی ساڵی (١٩٢٩) بەرشلۆنە.
* یەکەی خانووبەرەکان (١٩٥٠) شیکاگۆ.
* تەلاری پەیمانگەی (یەنوی) تەکنولۆژی/ قوتابخانەی نەخشەسازی و تەلارکاری (١٩٢٥) ئەڵمانیا.
* تەلاری سیگرام (١٩٥٨) نیویۆرک.
* تەلاری پێشانگەی هونەری (١٩٦٢) بەرلین.
* لەگەڵ چەندین کارو پرۆژەی دی.

ڤان دورو بە ڕەچەڵەک ئەڵمانییە و ساڵی (١٨٨٦) لە شاری بەرلین لە دایک بووە، ڕۆڵێکی مەزنی گێڕاوە لە چەسپاندنی بنەماکانی بزاڤی هونەری تەلارسازی نوێدا.

ساڵی (١٩٣٠) بە یەکەمین کەس دادەنرێت، کە هۆڵی نانخواردنی دروستکرد لەنێو کۆشک، لە ماڵی (تۆمیز هات) لە شاری (برتۆ)ی چیکوسلوڤاکیادا.

دوو ساڵ بەر لە دەستپێکردنی دووەمین جەنگی جیهانی بۆ یەکجاری دەچێتە ئەمریکا و ڕەگەزنامەی ئەو وڵاتەی دەدرێتێ.

دەبێ ئەوەش بڵێین، کە میزڤان دورو ڕۆڵێکی یەکجار مەزنی گێڕا، لە چەسپاندن و بڵاوکردنەوەی بەهاکانی قوتابخانەی (باوهاوس)، کە والتر گرۆپیوس دایمەزراند، ساڵی (١٩٦٩) بۆ یەکجاری کۆچی دوایی دەکات و بۆ هەتایە سەردەنێتەوە.

**لوکوربۆزییە (١٨٨٧-١٩٦٥) بڕوانە گۆڤاری ڕامان ژمارە(٦٢).**

**سەرچاوەکان:**


* فنون الغرب في العصور الحديثة، نعمت اسماعيل علام.
* لمحات في تاريخ العمارة و الحركات المعمارية، شيرين احسان شيرزاد.
* المنجد.
* ئینتەرنێت.

# کەشناسی لە کەلەپووری کوردیدا

زەیتۆ شێخانی

هەر لەکۆنەوە مرۆڤ هەوڵی داوە پێشبینی ئەو گۆڕانکارییانە بکات کە لە دەوروبەری ڕوودەدەن، ئاو و هەواش یەکێکە لەو شتانەی کە بە بەردەوامی دەگۆڕێت، بۆیە سەرنجی مرۆڤی ڕاکێشاوە و زانستێکی سەربەخۆی بۆ داهێناوە و بە کەشناسی ناوی بردووە.

کوردیش بۆ پێشبینی کردنی ئەو گۆڕانکارییانە چەندین شێوازی بەکارهێناوە، لەوانە: پەندی پێشینان، چیرۆک و چاودێری کردنی ئاسمان. ئێمەش لەم بابەتەدا هەوڵ دەدەین هەرسێکیان شی بکەینەوە.

پەندی پێشینان لە کۆمەڵگەی کوردەواریدا باسی هەموو لایەنەکانی ژیان دەکات، کەشناسیش لایەنێکی گرنگی ژیانە، بۆیە شوێنێکی دیاری تێیدا داگیرکردووە.

وەرزی سەرما و سۆڵی لە پەندی کوردیدا، لە بیست و یەکی کانوونی دووەم دەست پێ دەکات کە چلەی زستانە، ئەم پەندانەی کە باسی ئەم مانگە دەکەن ئەمانەن:

**- بیست و یەکی کانوونێ**
**بەزی ڕەق دەکا لە قوونێ**
**- بیست و یەکەلەی گۆڕانی**
**کەری بردە سەر کانی**
**کورتانی هیناوە بە شانی**

بە باشم زانی پەندی یەکەم چۆن لە زاری خەڵکم بیستووە، وەکو خۆی بیخەمە ڕوو، چونکە ئێستاش پیرەکان بەبێ شەرم و پێچ و پەنا پەندەکە لەکاتی خۆی و لەناو خەڵکدا وەکو خۆی دەڵێن، بەپێی پەندەکە سەرمای ڕاستەقینە لە بیست و یەکی کانوونی دووەم دەست پێدەکات.

بیست و یەکەلەی گۆڕانی لە پەندی دووەمدا، بیست و یەکی کانوونی دووەمە، ئەویش باسی هەمان بابەت دەکات، هەر ئەوکاتەش بەسەرمای ڕاستەقینە دادەنێت، شایانی باسە پەندەکە بەشێوەیەکی زۆر جوان ڕێک خراوە، باسی (کەر و کورتان و کانی و کارکردن) دەکات، ئەمانە هەموویان بەیەکەوە تابلۆیەکی جوان و ڕەنگین لە ژیانی لادێیی کورد پێکدەهێنن. هەروەها دەربارەی کانوونی دووەم کورد دەڵێت:

**- بیست و یەکەلەی گۆڕانی**
**لانکی باوێ سەربانی**
**ئاگا نادا بە گیانی.**

ئەم پەندە پێچەوانەی پەندەکانی ترە، کە لە پێشەوە باسمان کرد، بەڵام دوای پرسیارکردن بۆم دەرکەوت کە پەندەکانی پێشەوە زیاتر باسی ناوچە شاخاوییەکانی کوردستان دەکات، ئەم پەندە باسی دەشتەکانی دەکات. هەروەها پەندەکە باسی کولتوورێکی قەشەنگی

کــــوردەواری دەکـــــات ئەویش لانک و ســـــەربانە، دەیانبەستێتەوە بەخۆشبوونی ئاو و هەوا.

لەمانگی ڕەشەمەدا گۆڕانکارییەکی زەق بەسەر کەش و هەوادا دێت، بۆیە پێـشـــینانمان زۆریان دەربارەی وتووە، لەوانە:

**– ڕەشەمە ڕەشێ رووان**
**بەتاڵ دەکا هیزە و کەندووان**
**بەشەڕ دەینی بووک و خەسووان.**
**– ڕەشەمە**
**ڕۆژ دەبنە ساڵ**
**زگ دەبنە جواڵ.**
**– خدر و لیاس**
**ساڵ بوو خلاس.**
**– پیت و پالۆز**
**ساڵ بوو ئالۆز.**

وادیارە گۆڕانکارییـەکی زۆر و هەمەجۆر لەم مـانگەدا ڕوودەدات، بۆیە هەر پەندێک باسی جۆرە گۆڕانکارییەک دەکات.

پەندی یەکـەم باسی چەندین جـۆر شت دەکـات لەوانە ڕەشـبـوونی ڕووی خـەڵک بەهۆی تیـشکی خـۆر و زۆر دانیشتنی خەڵک لەبەر هەتاودا. هەروەها پەندەکە باسی کـێشـەیەکی کـۆمـەڵایەتی دەکـات کـە لەنێـوان بووک و خـــەســـــوو ڕوودەدات، بەهۆی درێـژبوونی ڕۆژ و زۆر بەکارهێنانی ئارد و ڕۆن لەلایەن بووکەوە. پەندەکە باسی دوو کـولتـووری کـوردەواری دەکـات ئەویش (کـەندوو) و (هیـزە)یە. کـەندوو ئەو شـوێنەیە کـە لە قـوڕ دروست دەکـرێت و لە شـێـوەی بەرمـیـلدایە و بۆ ئاخنینی ئارد بەکاردێت. هیزەش ئەو پێستە خۆش کراوەیە بۆ تێکردنی ڕۆن بەتایبەتی ڕۆنی مەڕ بەکاردێت. ئەمانە هەمـووی لەم پەندەدا بەستراونەتەوە بە ئاو و هەوا.

پەندی دووەمــیـش باسی درێژبوونی ڕۆژ دەکـــات کــە دەبێـتــە هۆی زۆر خـواردن، بۆیە وەسـفی سک بە جـواڵ دەکـات، جـواڵیش گـونیـەیەکی گەورە بە زۆری لە مـووی ڕەش، یان ڕەش و سـپی دروست دەکـرێت. بۆ تێکردنی گەنم و ئارد بەکاردێت.

پەندی سێیەم باسی کۆتاییـەکانی ڕەشـەمـە دەکات و بەکـۆتایی سـەرمـا و سـۆڵی دادەنێت، بۆیە دەڵێت سـاڵ خلاس بوو. زۆر جار دوای درێژی ڕۆژی ڕەشەمە و نزیک بوونەوەی تەواوبوونی وەرزی زسـتـان دووبارە سـەرمـا و سۆڵ دەگـەڕێتـەوە. بۆیە پێـشـینـان دەڵێن پیت و پالۆز، ساڵ بوو ئالۆز.

دوای تەواوبوونی ڕەشـەمـە، کـورد بۆ مـانگی ئاداریش کۆمەڵێک پەندی داڕشتووە. لەوانە:

**– حەڤدە و هەژدەی ئاداری**
**مەلەک دێنە خواری**
**دەنگێ دەکەن لە بواری.**
**– مانگێ ئاداری**
**بەفر بباریێ تا گێی داری**
**نامینێ هەتا ئێواری.**

مـانگی ئادار مـانگی گەشەکـردنی خێـرای گژوگـیـا و سـەوز بوونی دەشت و کـێـو و دۆڵ و شـاخـە، ئەمـەش بەزۆری دوای نیـوەی مـانگ خۆی دەنوێنێت هەروەک لە پەندی یەکەمدا هاتووە.

پەندی دووەم جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە لە مانگی ئاداریێ ئاو و هەوا خۆش دەبێت، ئەگەر بەفرێکی زۆریش ببارێت ناگاتە ئێواریێ دەتوێتەوە.

وا دیارە کورد دەرچوونی یەک جۆرە کولیک بە کولیکی بەهاری دانانێت، بۆیە دەربارەی ئەو کولیلکەی کـە پێش مانگی گوڵان دەردەچێت، دەڵێت:

**– کولیک ئاگرۆ**
**بەهاری هێنا بە درۆ.**

دوای ئادار گوڵانە، مانگی کولیک و حاجیلە و قاوغە و جۆزەردانە...تاد.

بۆیە کورد دەڵێت:

**– جۆزەردان**
**چاوزەردان.**
**– نیسان ناچی بێ جۆ**
**بەهار ناچی بێ دۆ.**

هەر لەگەڵ هاتنی مانگی گوڵان باپیرانمان خۆیان ئامادە کردووە بۆ کۆکردنەوەی بەروبوومی کشتوکاڵ، چونکە ئەو گەرمایەی کە لە کۆتایی ئەم مانگە دێت لە چاو وەرزەکە بەتینە، بۆیە بە چاوزەردان وەسـفـیـان کـردووە، هەروەها لەگەڵ هاتنی بەهار مەشکە و دۆدانەکانی خۆیان سازداوە بۆ ئامادەکردنی دۆ.

## چیرۆکی کەشناسی

لەم بڕگەیەدا باسی دوو چیرۆکی فۆلکلۆری دەکەین کە باسی کەشناسی دەکەن. ئەم چیرۆکانە ئێـستـاش لەڕێش سپییان گوێ بیستی دەبین.

### چیرۆکی برایمی مەلا زێندینان

ئەگەر کەسێک بە بەفر و باران بچێتە سەفەرێک، یان شوێنێکی دوور ئێستاش پێی دەڵێن: (خۆ نەبوویە برایمی مەلا زێندینان لەولاتی دەرکرابی).

ئەگەرچی بیست و یەکی کانوونی دووەم لە هەندێک شوێندا سەرما و سۆڵە شکاوە، بەڵام هێشتاش لە هەندێک ناوچەی تر ساردی و بەفر ماوە، بۆیە کورد دەڵێت: (سەرێ کانوون و ڕەشە مانگێیە، برایم دەردەکرێ لە ولاتی). چیرۆکەکەش بەم شێوەیەیە:

گوایە دوو برا هەبوون هەریەکە کار بەدەست و میری شوێنێک بوون، برایمی مەلا زێندینانیش لای برا گەورەکە بووە و بە دڵسۆزی کاری بۆ کردووە، کە نەخۆشیش کەوتووە زۆری لەگەڵ ماندوو بووە و بۆ چارەسەرکردن زۆری گێڕاوە. ئەویش پەیمانی پێداوە خوشکەکەی خۆی بداتێ، برایمیش زۆری پێ خۆش بووە، چونکە پێوەندی خۆشەویستی لەگەڵدا هەبووە.

دوای چاکبوونەوەی برا گەورەکە، برایم دەچێتە لای برا بچووکەکە، چونکە دڵخوازی لەوێ بوو. ڕۆژێکیان برایم لەگەڵ خۆشەویستەکەی بەیەکەوە لەسەر کانی دەبن، میریش دەیانبینێت و زۆری پێ ناخۆش دەبێت، بەڵام لەبەر ئەوەی برایم زۆر دڵسۆز بووە و چاکەی زۆری لەگەڵ برا گەورەکەی کردووە، پێی دەڵێت:

**برایمی مەلا زێندینان**
**نە لە سەرت دەدەم جەلادێ**
**نە لەبەرت دەکەم خەلاتێ**
**بە چلەی زستانێ، بە زەنە بەفرێ**
**دەرت دەکەم لە ولاتێ.**

برایمیش بەناچاری سواری ئەسپێک دەبێت دەچێتەوە لای برا گەورەکە، لە ڕێگادا بە فرێکی زۆری لێ دەدات و لەسەرمان ڕەق دەبێتەوە، بۆیە کە دەگاتە دەرگای ماڵیان، لە دەرگا دەوەستێت و ناتوانێت لە دەرگا بدات، بەڵام ئەوان گوێیان لە هەناسەی ئەسپەکە دەبێت. بۆیە دێنە دەرەوە دەبینن سوارێکە بە بەفر داپۆشراوە، ئەوانیش لەسەر ئەسپەکە دەیهێننە خوارەوە و دەیبەنە ژوورەوە، کە سەیری دەکەن دەبینن برایمە، ماوە و هەناسە دەدات، بۆیە گەرمی دەکەنەوە، کە تەواو دێتەوە هۆش خۆی، پرسیاری لێ دەکەن بۆچی لەم کاتە سارد و بەفراوییەدا ڕووت لێرە کردووە؟ ئەویش بە ڕاستی ڕووداوەکە دەگێڕێتەوە. میریش پەیمانەکەی خۆی لە بیر نەچووە و چاکەی برایمیشی لەبەر چاوە. بۆیە دڵنیای دەکاتەوە کە بەفر تواوە لەگەڵی دەچێت و خوشکەکەی خۆی لێ مارە دەکات.

### ساردی پیرەژنێ

لەناو کوردەواری بە (بەردەل عەجوزە) باوە. ئەمەش ناوە عەرەبییەکەیەتی. هەروەک لە چیرۆکەکەدا هاتووە، دوای خۆشبوونی ئاو و هەوا لە کۆتایی ڕەشەمە دووبارە بۆ ماوەی چەند ڕۆژێک سەرما و سۆڵە دەگەڕێتەوە. گەڕانەوەشی پەیوەستە بەپیرەژنێک کە چێڵەکەی کەڵی نەخواردووە، بە هاتنی گەرماش کەڵ ناخوات، بۆیە چۆتە لای یەکێک لە پێغەمبەرەکان و داوای لێکردووە نزای بۆ بکات تاکو جارێکی تر سەرما بگەڕێتەوە، بۆ ئەوەی ئەم جارە چێڵەکەی کەڵ بخوات ئەویش نزای بۆ کردووە و نزاکەشی گیرا بووە و سەرما جارێکی تر گەڕاوەتەوە.

### چاودێریکردنی ئاسمان

لایەنێکی تری کەلەپووری کوردی کە کەشناسی تێدا بەدی دەکرێت چاودێریکردنی ئاسمانە، ئەم چاودێریکردنەش ئەستێرە و با و هەندێ تێبینی تر دەگرێتەوە.

#### ١- چاودێری کردنی ئەستێرە:

کورد هەندێک ئەستێرە بە گۆڕانی کەش و هەوا دەبەستێتەوە لەوانە:

**- گەلاوێژ هەلات، پایزە، کاتی ساوار کوڵاندنە**

واتە سەرەتای هاتنی پایز بەهەڵاتنی ئەستێرەی گەلاوێژ دەست پێدەکات. گەلاوێژیش ئەستێرەیەکی ڕووناک و بریسکەدارە، چوارده و پانزەی مانگی ئاب هەڵدێت، بەڵام بە تەواوی نابیندرێت تاکو بیستی مانگ، لەم کاتەدا شەو فێنک دەبێت، بەڵام ڕۆژ هێشتا گەرمە. فێنکی شەویش بەندە بە دابونەریتێکی کوردەواری ئەویش ساوار کولاندنە.

**- لەیل و مەجروم بەیەک دەگەن**

ناوی ئەستێرەکە لەچیرۆکی خۆشەویستی (مجنون ليلى)ی عەرەبی وەرگیراوە. ئەمانە دوو ئەستێرەن ساڵێ یەک جار لە کاتی پایزدا بەیەک دەکەن، بەڵام ئەم بە یەک گەیشتنە نابیندرێت، چونکە دوو خۆشەویستەکە بەیەک نەگەیشتوون، بۆیە کە بەیەک دەگەن دەبێتە هۆی تۆز و بایەکی زۆر.

**٢- چاودێری کردنی (با):**

کورد چەندین ناوی تایبەتی خۆی هەیە بۆ باکان، ئەم ناوانەش بەزۆری بەستراونەتەوە بە کشتوکاڵ، لەوانە:

**- بای گاسن فرۆش دێ**

پێی دەوترێت گاسن فرۆش، چونکە کە ئەم بایە هەڵدەکات جوتیار وا دەزانێت ئیتر باران نابارێت، بۆیە ئەو گاسنانە دەفرۆشێت کە زەوییەکەی پێ دەکێڵێت، بۆ دابینکردنی بژێوی خۆی و ماڵ و منداڵی. ئەم بابەتە بەپێی وتەی پێشینان لە باشووری ڕۆژئاوای هەرێمی کوردستان هەڵدەکات و دەبێتە هۆی پەرت کردن و لابردنی ئەو هەورەی کە جوتیار چاوەڕوانی بارانی لێ دەکرد. ئەم جۆرە بایەش لە زستان و بەهار هەڵدەکات.

**- بای بارانیی دێ**

لەوکاتەی کە ساماڵە، هەندێک جار بۆ ماوەی چەند ڕۆژێک بایەکی شێدار هەڵدەکات و دەبێتە هۆی پەیدابوونی هەور ئەم هەورەش لەوانەیە بارانی لێ ببارێت.

**- باهورە**

ئەم بایەیە کە لەمانگی ئاب هەڵدەکات و بە لووتکەی گەرما دادەنرێت.

**٣- هەندێک تێبینی تریش هەیە باسی کەش و هەوا دەکات لەوانە:**

**- هەور ڕۆیشت بۆ بادینان**

**خۆ هەڵکوتن لۆ کادینان**

بەپێی ئەم بۆچوونە لەوکاتەی هەور بۆ بادینان دەڕوات گومانی تێدا نییە باران دەبارێت. ئەم تێبینییەش بنەمایەکی زانستی هەیە، چونکە ئەو هەورەی بۆ بادینان دەڕوات ئەو بایە شێدارەیە کە لە دەریای ناوەڕاستەوە هەڵدەکات. شایانی باسە ئاو و هەوای دەریای ناوەڕاست گەورەترین کاریگەری بۆ سەر ئاو و هەوای هەرێمی کوردستان هەیە.

**- ڕۆژ لە ساماڵ ئاوا بووە، بەیانی ساماڵە**

**ڕۆژ لە هەور ئاوا بووە بەیانی هەورە**

ئەم تێبینییە زۆرجار ڕاست دەردەچێت، چونکە ئەگەر ڕۆژ لە ساماڵ ئاوابوو، (با)شی نەدەهات. ئەوا ساماڵە، بەڵام ئەگەر ڕۆژ لە هەور ئاوا بوو، ئەوا ئەگەری زۆری هەیە بەیانی هەور بێت، چونکە سەرەتای هاتنی هەور لەوێوە دەست پێ دەکات.

**- چلەی زستان و چلەی هاوین**

ئەم دوو کاتە بەساردترین و گەرمترین کات دادەنرێت لە زستان و هاویندا. چلەی زستان پێشی کۆتایی کانوونی یەکەم دەست پێدەکات و بەردەوام دەبێت بۆ ماوەی چل ڕۆژ تاکو دەگاتە مانگی ڕەشەمە.

چلەی هاوینیش پێنج ڕۆژ پێش کۆتایی هاتنی حوزەیران دەست پێدەکات و بۆ ماوەی چل ڕۆژ بەردەوام دەبێت تاکو مانگی ئاب، شایانی باسە هەندێک جار لە حیسابکاران دەبیستین دەڵێن ئەمڕۆ زۆر گەرمە، چونکە بەرامبەر فلانە ڕۆژی زستانە. ئەمەش بەرامبەرکردنی ڕۆژەکانی زستان لەگەڵ هاوینی پێدەوترێت.

– ئەم ساڵ هاوینی زۆر گەرم بوو، زستانیش زۆر سارد دەبێت. ئەمەش پێشبینییەکەی تری ماوە دوورە بۆ کەش و هەوا، بە دڵنیاییەوە هەندێک ساڵ ڕاست دەردەچێت.

**- پەنگری گەرمی کەوتووە**

ئەم وتەیە لە مانگی ڕەشەمە دەوترێت، چونکە تیشکی خۆر ماوەیەکی زۆرتر لە مانگەکانی پێشوو لەسەر زەوی دەمێنێتەوە بۆیە خاک برێکی باش لە گەرمی وەردەگرێت.

لە کۆتاییدا پێویستە ئەم خاڵانە بخەینەڕوو:

(١) ئەوەی خستمانە ڕوو بەشێک بوو لە کەلەپووری کوردی دەربارەی کەشناسی، لەوانەیە چەندین پەند و چیرۆک و تێبینی تر مابێت نەکەوتبێتە دەست نووسەری بابەت.

(٢) برگەکانی بابەتەکە زیاتر تایبەتن بە وەرزی زستان و بەهار ئەمەش بەهۆی گرنگی ئەم دوو وەرزەیە بۆ کشتوکاڵ.

(٣) ناتوانین بڵێین هەموو پێشبینیەکان دەربارەی کەشناسی ڕاستن، یان هەڵەن، چونکە بەدڵنیاییەوە هەندێکیان بەتەواوی ڕاستن، هەندێکیشیان هەڵەن.

(٤) برگەکانی بابەتەکە هەموویان لەسەرچاوەی نووسراو و چاپکراو وەرنەگیراون، بەڵکو نووسەری بابەت لە زاری خەڵکەوە وەریگرتوون. ئینجا پۆلینی کردوون و شی کردوونەوە.

# شەدەلار، حاكمەكەی بانە

ئازاد دڵزار

گوتوویانە: هەموو ڕێگاکان دەچنەوە بانە. هەروەها دەڵێن: جوانترین کچی ئەم دنیایە لە بانەیە.

«شەدەلار» گۆرانییەکی میللی بەتاو و کوڵە، زۆر کەس بە بیستنی دەکەونە چەقەنەلێدان و شان هەڵتەکاندن، بەڵام کەم کەس بەسەرهاتی تراژیدی ئەو شەدەلارە دەزانن.

«حەمەتاڵ»(١) قەتارچی گەورە ماڵێکی شاری «بانە» دەبێ، لەبەر چاپووکی و دەستپاکی و ئیش ڕاپەڕی زۆر لێیان نزیک دەبێ و هەموو لایەک خۆشیان دەوێ.

دواتر حەمە گیرۆدەی داوی ئەوینی «مریەم»(٢)ی کچە بچکۆلە و دلارام و بەناز پەروەردەکەیان دەبێ و هەردووکیان خۆشەویستییەکی پاک و بێگەرد ئاڵوگۆڕ دەکەن.

دەیانگوت مریەم چ مریەم؟ تا دەست هەڵێنی کەڵەگەت، مەی ڕەنگ و گەردەن کێل، شووش و باریک و ناوقەد زراو، چاوبادەمی ڕەشێکی تیری هەمیشە خومار، سمت و سەتان پڕ، ئەو زەند و باسکانەی دەتگوت خلیسکە ئارووی پاک کراون، دوو کەزی ڕەش ڕەش وەک ئەژدیها سەری خۆیان لە بەرۆکی هەڵدەسوی، وەک گوتوویانە: «مێوژی بخواردبایە لە هەوکیڕا دیاربوو».

شەرم بەخۆ و بە ڕەوشت بوو، بەردەوام هەوری، یان عەلیخانییەکی بە بێباکی و وەلاوەنانێکەوە لەسەر و ملی خۆی دەئاڵاند ئەوەی چاوی پێی بکەوتایە دەمودەست حەیرانی دەبوو.

«حەمەتاڵ»یش لاوێکی باڵابەرز و ئەسمەرێکی خوێن گەرم و داڵگۆشت و دەمودوو شیرین بوو. تا بڵێی زیخ و ڕەشید و بەهەرەکەت بوو، بە تەنیا یەک کیلە گەنمی لە ولاغێ باردەکرد، سمێڵە ڕەشەکانی وەک باڵە پەڕەسێلکە لەبەر هەتاوێ شەوقیان دەدا، قاقای پێکەنینە نەرم و زۆر تایبەتییەکەی دەرگای هەموو دڵێکی کلۆم دراوی بەڕووی خۆیدا دەخستە سەر گازەرای پشت، چاوە تۆخ و برۆ غوردەکانی جەوهەریان لێدەباری، کە لە مینەگی پێش قەتارێ لێی سوار دەبوو و تفەنگەکەی لەبەردەمی خۆیدا توند زەفت دەکرد مێر نەبوو ڕێگەی پێبگرێ، چەند جاران لەگەڵ چەتە و ڕێگراندا کەوتبوونە بەرامبەر یەکتری و لە پەنا بەرداندا بە شەڕە تفەنگ کاروانەکەی ڕزگار کردبوو، جگە لەمانە حەمە خودان دەنگێکی بەسۆزی ئاسمانیش بوو، هەر کە ئەشقی «مریەم»ێ لە دڵیدا تاوی دەسەند لەو گەوە و دەربەندانەدا پڕ بەدەمی ئەو گەڵی و دۆڵ و خەرەندە هەزار بە هەزارانە تێیهەڵدەکردە «قەتار»ێ:

**«قەتارەکەی من گەوهەر بارییەتی، خورشیدی خاوەر سەر**

**قەتارییەتی»** بەردی دەهێنایە گۆ، تەڕاشەکان سەریان بۆ بادەداو چیاکان کۆبەکۆ بۆیان دەسەندەوە.

«حەمەتاڵ» زوو زوو ئاودیوی گەرمێنێ دەبوو، هەندێ جاران دەگەیشتە «مووسڵ»ێ.

جاری واش هەبوو باری لێدەناو بە سابڵاغێدا هەڵدەکشا بۆ «تەورێز»ێ. کە بۆ دیوی خۆمان دەهات بەزۆری بارەکانی سەرەندازی کرمان و وەرتەی کاشان و پەڕەی بیجاڕ و سەماوەری وەرشەو و قەندی تەورێز و خەنەو وەسمەو کل و سورمەو کووتاڵی حەریری ژنانە بوون، لەوسەردەمەدا لەناو ژن و کیژاندا باو باوی حەریری «بوڕساو کرێشە» بوو، لاوان بەتاسەوە پێیان هەڵدەگوت: **«بۆی دێنم بۆی دێنم، بۆی دێنم لەو بوڕسایێ، لە ئێران گیرنەکەوت بۆی دەچمە جابولقایێ»**.

حەمە تاڵ لەم شار و مەملەکەتانەی ئەم دیوەی خۆماندا زۆر دڵی بە «کۆیێ» دەکرایەوە. ئەوکاتی کۆیێ شار بوو، بەرگوشاد و بە قۆناغ و بەکاروانسەرا بوو، ئێستا هێڵی قەتاری خێرای خاوەر نەکەوتبووە کار و کۆیێ لە برەو نەکەوتبوو، ناوەندی بازرگانی و شادەماری هاتوچۆی بەشێکی هەرەگرنگی کوردستان بوو، جگە لە خەڵکی ئاسایی گەلێ هونەرمەند و گۆیندە و مەلای بەوەج و کەسانی منەوەر و لێزان ڕێگەیان دەکەوتە ئەو شارەو شەوانە لە دیوەخانەکانی جەمیلاغای حەویزی و حەماغای غەفووریدا هونەری خۆیان دەنواند.

جگە لە هاتوباتی کاروان و قەتارچیان لەسەر زێی کۆیێدا «کەڵەک»ەوان هەبوون، کەڵەکیان لە گوندەکانی «بۆگد» و «ئاومار» و «تەقتەق»دا هەڵدەبەستن و لەو ڕێگایەوە بازرگانییەکی گەرم لەگەڵ «بەغدایێ هەبوو.» دانەوێڵە و هەنگوین و تووتنی بۆندار و ڕەژوو و کەتیرە و جەفت و مازوو، پێستە و پەنیر و پەمۆ و سماق و کونجی و گوێز و بادام و قەزوان و مێوژ و دۆشاو و گەلێ شتی تریش بەو ڕێگا ئاوییەدا بەرەو خوار بەرێ دەخران، کە لەبانی کۆیێ و دەشتی بیتوێن و بەری مەرگەو پشدەر و ناودەشت و دۆڵی خۆشناوەتییڕا دەگەیشتنە خانەکانی کۆیێ، جگە لەو شمەکانەی کە لە ئێرانێڕا دەهاتن.

وەستا و وەستاکاری کۆیێ بەناوبانگ بوون. هەموو جۆرە سەنعەتێکی ئەو سەردەمی لێهەبوون.

هەر لە شیرگەر، مزگەر، ئاسنگەر، زەڕنگەر، تەونکەر، خەنجەرکەر، خانەساز، خەڕات، کۆپان دروو، کاڵەک دروو، سۆل دروو، زین دروو، ئێمەنی دروو، جۆڵا، خمرێژ، دەباغچی، سەفارچی، چەخماخ ساز و دەیان پیشەی تر، کەبابخانەی وەستا ساڵح و کولێرە بەرۆنی وەستا حەمە سەلیم بەناوودەنگ و لە هەرمێن بوون.

لادێیەکانی دەوروبەری شار تێکڕای پێداویستییەکانی خۆیان لە کۆیێ مەیسەر دەکرد. بازرگانە کۆییەکان دەستیان دەگەیشتە مووسڵ و حەلەب و بەغدا و سابڵاغ و تەورێزێ. بە ڕێوڕەسمی جاران بازرگانە ناسراوەکان بەیانیان دووکانەکانی خۆیان لە قەیسەریێ نەدەکردنەوە تا قاوەیەکیان لە دووکانی توجارباشی نەخواردبایەوە. ئەوجا ناوی خوایان لێدەهێنا.

ڕۆژانی جومعە و چوارشەمووەسووران خەڵکی شار دەرژانە سەیرانگە جوانەکانی: ئۆمەرخوچان، شاخی مشکەی، لوولەی زایەران، کانییەقەرەی، دەرماناوێ بنەی، کانییە بسکان، تاتووکان، کانیلە، هەیبەت سوڵتان، چنارۆک، جەلی، گەڕاوی ئەسحابان، کەندەکۆخ، حەمامۆک، ئاشان، شێخ محەمەدی دێرێ، هەرمۆتە، تۆبزاوا، مێرگەسیر، قۆنگرێ و تێکڕای شیوی ڕەزان.

بۆیە کۆیێ لەگەڵ دڵە ئاشق و هەستە ناسکەکەی حەمەدا باش دەسازا.

باوکی «مریەم»ێ کە بە کەینوبەینی نێوان حەمەتاڵ و کچەکەی خۆی دەزانێ، ئێسترەکان لەحەمەی دەسێنێتەوەو ئیزنی دەدا، ماوەیەکی زۆر حەمە بێ ئیش و کاردەبێ شەڕی جیهانی یەکەم و گرانیش باڵی قورسی خۆیان بەسەر ناوچەکەدا دەکێشن.

حەمە بەو بایە دەژیا کە لە لای مریەمێوە هەڵیدەکرد، بەردەوام دڵی خۆی بەتینی گڕی ئەو ئەشقە پاکە گەرم دەکردەوە کە ڕۆژ دوای ڕۆژ پتر تاوی دەسەند.

باوکی مریەمێ دەیویست کچەکەی بدا بەپیاوێکی وا کە ساماندار و قۆناغ بێ.

لەو سەر و بەندەدا دەبێ کە تەدارەک ڕێک بخرێ و مریەم بە بووکی و سەر بە هەوێ بۆ ماڵی پیاوێکی بەتەمەن و هەبووی بەرێ بخرێ، حەمەتاڵ ئۆقرەی لێهەڵدەگیرێ و دوای چەند و چوونێکی زۆر قەناعەت بەمریەمێ دەهێنێ کە ئەشقە پیرۆزەکەیان ئەوەندە دەهێنێ هەمووجۆرە قوربانییەکی لە پێناودا بدەن. بۆیە لە نیوەشەوێکدا کە ئەستێرەکان لە قەراغ ئاو و کانیلەکاندا هەموو مەست و دەست لەملان و بێدار بوون، قوڕاویلکەکان سازی غەریبیان لێدەدا، حەمەتاڵ و مریەم بۆ دواجار ئاوڕیان لە – ئەربەبا – دایەوەو فرمێسکەکانیان بەناولەپی دەستیان سڕی و «گوڵە زەردو

سوورەکانی سلێمان بەگ» یان بەجێ هێشت.

حەمە بست بەبستی وڵاتە ژێر دەستەکەی شارەزا بوو، بۆیە بەبێ گرفت سنووری بەزاند و قۆناغ بەقۆناغ و مەنزڵ بە مەنزڵ هاژۆتیان تا لە کوێێ گیرسانەوە کە دوا وێستگەیان بوو.

ئاشنا و ناسیاوەکانی حەمە کە ئەوانیش هەژار و دەستکورت بوون ژوورێکی بنمیچ دارزاوی بەدڵۆپەی بۆ پەیدا دەکەن و هەندێ ڕۆژانیش گەر ئیش هەبووایە لەگەڵ خۆیاندا دەیانبرد بۆ گەچکاری و عەمەلایەتیێ.

ژیان بەسەختی بەڕێوە دەچوو، گرانی و نان خۆشیان بوو، دەیانگوت لە کوێێ کەسێک پەیدا ببوو خەڵکی ناویان نابوو «پەلەفیرە» ئەو کەسە دوور و نزیک لەلای نانەواخانەکاندا خۆی مەڵاس دەداو شوێن پێی کەسانێکی هەڵدەگرت کەنانیان بەرەو ماڵێ دەبردەوە لەنکاو پەلەفیرە فرسەتی دەهێنا و پەلاماری نانەکەی دەداو تەردەستانە دەی ڕفاندو دەیقووچاند، خۆ ئەگەر بەسەری ڕاگەیشتبان و بیانگرتبا ئەوا نانەکەی لوول دەداو لەنێوان هەر دوو ڕانەکانیدا دەستەکانی خۆی عاسێ دەکردن و خۆی بەسەریدا دەنوشتاندەوە، گەر هەزار شەقیان تێهەڵبدابا گوێی پێنەدەدا ئەو بەقەپاڵان نانی خۆی هەر دەخوارد، تاتەواوی دەکرد. ئەوەی نانی بکڕیبا دەبوایە بەردەوام دەوروپشتی خۆی بنۆڕیبا نەوەک پەلەفیرە لەنکاو خۆی تێکاو نانەکەی لە دەست بڕفێنێ.

هەرزوو ناوبانگی جوانییە بێ ئەندازەکەی مریەمێ لە شار و هەموو ناوچەکەدا بڵاو دەبێتەوە، لەبەر ئەوەی مشکییەکەی سەری لار دەبەست و لەپاڵ جوانییەکەشیدا مەندو مەردانەبوو ناویان نابوو «شەدەلار، حاکمەکەی بانە» مریەم و حەمە بۆ ماوەیەکی زۆر کورت لە سایەی ئەوینێکی دەوڵەمەندا بەهەژاری ژیانیان گوزەراند. لەوکاتەدا نەخۆشی گرانەتا گەلاڕێزانی خستبووە ناو خەڵکەوە، ئێستا ساڵێک بەسەر بەیەک گەیشتنیان نەسووڕابۆوە حەمەی خێرنەدیویش مویتەلای ئەو دەردە کوشندەیە دەبێ و بێ نوژدارو بێ دەرمان، هەژارو بێ دەرەتان لە ماوەی چەند ڕۆژێکدا شەویلاکەکانی بەیەکدا دەقووپێن و چاوەکانی لە بریقە دەکەون و کزکز وەک ئاگردەسووتێ، بەبێدەنگی بەردەوام لە ئادگارو باڵای مریەمێ ڕادەمێنێ و چاوەکانی پڕ لە ئاو دەبن و ڕۆژ لە دوای ڕۆژ پتر دەبنێسێ و پووت دەبێ، تا بەیانییەکیان مریەم دەست دەخاتە سەرناوچەوانە گڕ گرتووەکەی، بەڵام هەست دەکا گەرمایی تێدا نەماوە. دەروجیران جاجمێک لە کەلەشی ساردو سڕی دەئاڵێنن و دوای ڕێوڕەسمی ئاسایی بەشانی چەند کەسێکی خێرخواز لە دارەمەیتێکدا بەرەو گۆڕستان بەڕێ دەخرێ.

هێشتا کفنی حەمە زەرد نەببوو، مریەم کۆرپەیەک دێنێتە سەر دنیایێ، بەنانکەری و یارمەتی خێرخوازو جیرانان بەکولەمەرگی بەڕێوە دەچێ و شەوانە لە ژوورە نیمچە کەلاوەکەیاندا چاوبەفرمێسک بەلایلایە غەمگینەکەی «حەمەتاڵی بچووک» دەلاوێنێتەوە.

شەدەلار جوانییەکەی لێ بەڵابوو، ئەو گەنجینە پڕاوپڕ لە جوانییە بێ خودان و پاسەوان بوو، بۆیە خەڵکێکی چاوچنۆک و ویژدان مردوو چاویان تێبڕیبوو، بەتایبەتی دەست دارێک چەند جاران هەوڵی دابوو کە شەدەلار بچێتە ماڵی ئەوان و ببێتە کێرکەریان، بەڵام مریەم قەبووڵی نەکردبوو، زانیبوی ئەو ماستە موویێکی تێدایە. تا شەوێکیان چەند تفەنگچییەک دەنێرێتە سەری کە بە خورتی و زۆرداری ڕاپکێشن و سووکایەتی پێبکەن، بەڵام شەدەلار شەوانە چەند برکە داربەڕوویێکی سووتاندنی بە دەرگاکەوە دەنا و سەرێکیانی لە زەوی عاسێ دەکردن هەرچەند لە دەرەوە پاڵیان پێوە بنابایە پتر دارەکان بەزەویدا ڕوودەچوون و نەدەکرایەوە. بۆیە کە لە هەوڵی دەرگا کردنەوە و لە ڕێسمەبردنی بێ ئومێد دەبن یەکێکیان لوولەی تفەنگەکەی لە دەلاقەی دەرگا دارینەکەوە ڕەپێش دەکا و دەفەی سینگی شەدەلار دەکا بە ئامانج و لەگەڵ یەکەم تەقەدا بەسەر لانکی کۆرپەکەیدا لاردەبێتەوە.

ڕۆحی ڕەوانی ئەو لەشولارە جوانە بەجێدێڵێ و دەچێتە بەر گۆرانییەکی میللی کە **«شەدەلار، حاکمەکەی بانە»** هێمای ئافرەتی کوردی پاکیزە و وەفادار و زوڵم لێکراو هەتا هەتایە بە نەمری دەمێنێتەوە.

**(١) (٢) حەمەتاڵ و مریەم نووسەر خۆی ئەم ناوانەی داناون.**

# ئێزیدییەت و ئێزیدییەکان

مەهرداد.ر. ئیزەدی
و/ لە تورکییەوە: یووسف عزەددین
(ئوستراليا)

(١ - ٢)

ئێزیدییەت (ئێزیدی) بە یازیدی، یەزدانی، ئیزادی، داسانی وەک زاراوەیەک لە ئاخافتندا بەکاردێت و لە (٥ ٪) لەسەدا پێنجی میللەتی کورد ئێزیدین و لە قەفقاسیا و تورکیا و عیراق؛ بەتایبەتیش ناوچەی شەنگار و چیاکانی باکووری- مووسڵ-دا نیشتەجێن.

ئێزیدییەت لقێکی جیابۆوەی (یەزدانییەت)ە و گرنگییەکی تایبەت بە فریشتەکان دەدات؛ ئێزیدی لە شێوە زمانی ئێرانی کۆندا بە مانای (فریشتە) دێت و یازاتا Yazata و یەزاد Yazad-یشیان بەکارهێناوە و بەو پێیەش (ئێزیدی) بە مانای (فریشتە پەرستەکان) دێت؛ گرنگترین و بە دەسەڵاتترینیان (مەلەک تاووس- لوسیفەر Lusifer)ە؛ بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بەپێی بیروباوەڕی ئێزیدییەکان، هەموو فریشتەکان یەکسان و تەبان. (ڕۆح- گیان) لای ئێزیدییەکان کە دیارە دنیای (گەردوونی) لە پارچە مرواری یان هێلکەی ئەفسووناوی دروست کردووە؛ خودی (مەلەک تاووس)ە.

لە هەردوو کتێبە پیرۆزەکەی ئێزیدییەکاندا (جیلوە و موسحەفی ڕەش)دا باس لە (مەلەک تاووس- لوسیفەر) کراوە.. لە (جیلوە)دا بەم شێوەیە باس لە (مەلەک تاووس) دەکرێت:

[من (مەلەک تاووس) پێش دروستبوونی دنیا و بوونەوەران هەبووم.. من هەم و هەتا هەتایەش بۆ بەڕێوەبردنی دنیا دەمێنم و بەردەوام دەبم.. هیچ جێگەیەک نییە، منی لێ نەبم.. هەر شتێک کە لە دنیادا هەیە و دەبێت بەبێ ڕازی بوونی من و قایلبوونم مەحاڵە.. هیچ فریشتەیەک دەست لە ئیشەکانی من وەرنادات و من چی بڵێم ئەوەیە]

لە موسحەفی ڕەشیشدا ئەمەی خوارەوە دەکەوێتە بەرچاو:

[ئافەریدەکار «ڕەنگە مەبەست لە ڕۆحی ڕەهابێت»؛ لە ناوەڕۆکی پیرۆزی خۆی مرواریییەکی سپی خوڵقاند و دواتریش باڵندەیەکی ئەفسووناوی بەناوی (ئەنفار).. مرواریییە سپییەکەی خستە سەر پشتی باڵندەکە و چل هەزار ساڵ لەوێدا مایەوە و پاشان لە ڕۆژی یەکشەممەدا (عەزازیل) واتە (مەلەک تاووس)ی لێ هاتە دەر].

شایەنی باسە کە ناوی فریشتەکان، چ لای ئێزیدییەکان و چ لای عەلەوییەکان و یاریسانییەکان لێک دەچن و تەنیا خاڵێکی جیاکەرەوەش لای عەلەوییەکان و یاریسانییەکان سەرجەم حەوت فریشتە هەیە، بەڵام لای ئێزیدییەکان حەوت فریشتە بە جیا و (ڕۆحی ڕەها) و دەسەڵاتداریش بەجیا و لەسەروو ئەوانەوە حوکم دەکات. ڕەنگە ئەم گۆڕانکارییە لای ئێزیدییەکان لەژێر کاریگەری جوولەکەکان و مەسحییەکاندا وەدەرکەوتبێت؛ هەر بۆیە لە چەشن و چۆنێتی دروستبوونی (ئادەم و حەوا)دا

هاوشێوەن و تەنیا لەوەشدا جیاوازن کە شەیتان لای ئێزیدییەکان (لوسیفەر)ە و ڕاوێژکارێکی فێرکارە و هەموو گرفت و کێشەیەکی بوونەوەرەکانی لە ئەستۆ گرتووە و پێوەی سەرقاڵە.

هەروەک لە (موسحەفی ڕەش)دا هاتووە، (لوسیفەر- مەلەک تاووس) لە خودی تیشک و شەوقی خۆی، فریشتەکانی دروست کردووە و دیارە بەو پێیەش (مەلەک تاووس) دەبێتە یەکەم زنجیرە و لە (ڕۆحی ڕەها)دا بەرجەستە دەبێت؛ بەمەش لەتێڕوانینی (یەزیدانییەکان) دەترازێت و دووردەکەوێتەوە.. ئێزیدییەکان سیمبۆلی کۆتەڵ و پەیکەری (باڵندەیەک) لەجێی (مەلەک تاووس) دادەنێن و ئەم (ئەیقونە- کۆتەڵ)ەش (ئان زول- Anzul، ئانزاڵ Anzal)ی پێدەڵێن. لە ناوچەی (لالەش)ی پیرۆزی ئێزیدییەکان لە (شێخان)ی باکووری ڕۆژهەڵاتی موسڵدا.. لە کەشە ئاینییەکانی ئێزیدییەکاندا کە بە (جەم) ناسراوە پیشان دەدرێت.

(ئان زوڵ- ئانزاڵ) باڵندەیەکی چاخەکانی کۆنە و لەمڕۆدا بە (ئانزو- Anzu) ناو دەبرێت و لای سۆمەرییەکان بە (ئیمدو گود Imdu gud) و لە ئەرشیفی ئاشوریەکانیشدا بە (ئانزو) ناوی هاتووە و بەپێی هەردوو سەرچاوە مێژووییەکانی سۆمەرییەکان و ئاشورییەکانیش (ئانزو) لە چیاکانی کوردستاندا ژیاوە.

یەکێک لە کەسایەتییە هەرە گرنگەکانی ئێزدییەکان (شێخ عەدی- Adi)یە، ئەهمیەت و پیرۆزێتی لای ئێزیدییەکان؛ وەک (ساحاک)ی یاریسانییەکان و (حەزرەتی عەلی) عەلەوییەکان وایە و سەیر لەوەشدایە کە سەردەمی ژیانی (شێخ عەدی) و (ساحاک) و (حاجی بێکتاش)ی عەلەوییەکان، لەنێوان چەرخی (١١-١٢)ەدایە و بەپێی باوەڕی ئیماندارانیش گوایە (شێخ عەدی) و (ساحاک) لە سەد ساڵ زیاتر ژیاون.

لەپاڵ (کۆتەڵ- ئەیقونە)ی (ئانزاڵ)دا (شەش) کۆتەڵی بچووکی تاووس هەیە و سیمبۆلی شەش ناوچەی جیاجیای نیشتەجێبوونی ئێزیدییەکانە و لەوانەش سوریا- زۆزان (ساسۆن- ساسون)، باکووری خۆرئاوای ئانەدۆڵ (کوردستانی تورکیا)... شەنگار و شێخان (دۆڵی زێی گەورە) تەبریز (ئەزەربیجان) و (قەفقاسیا- مۆسکۆ).. بە مەبەستی پیرۆزکردنی کۆتەڵەکە لە تەبریزەوە دەبرێتە- مۆسکۆ- شایەنی باسە کە لە سەردەمی یەکێتی سۆڤیەتدا ڕێگە نەدەدرا، بەڵام ئێستا لەوێوە و پاشان بە هەموو ناوچەکاندا دەگەڕێنرێت.

«جیلوە» کتێبی پیرۆزی ئێزیدییەکان لە (٥٠٠) وشە پێک هاتووە و لەلایەن (شێخ عەدی)یەوە بەخەتی عەرەبی نووسراوە.. (موسحەفی ڕەش)یش لەلایەن کوڕی (شێخ عەدی) (شێخ حەسەن) لە ساڵی (١١٩٥)دا نووسراوە و لە کتێبە پیرۆزە قەبارە گەورەکەی یاریسانییەکان زیاتر زانیاری دەگرێتە خۆ و بەشێوەیەکی ڕوونتر بابەتەکان تاوتوێ دەکات؛ گەرچی زۆر دوعا و نزای نامۆ و سەیر لەخۆ دەگرێت.. (موسحەفی ڕەش) بە زمانی کۆنی کرمانجی نووسراوە و شایەنی باسیشە کە ئەو چەشنە کرمانجییە لە چەرخی سیانزەدا، لەناوچەی هەکاریدا شێوەی ئاخفتن بووە؛ هەر بۆیە زۆربەی لایەنگرە بە باوەڕەکانی ئێزیدییەکان لەناوچەی هەکاریدان.

ئێزیدییەکان باوەڕیان وایە (کە شێخ عەدی) لەناوچەی (بیقاع)ی سەر بە (لوبنان) لەدایک بووە و بە (عەدی هەکاری) ناسراو و بەناوبانگە.

ئێزیدییەکان ساڵانە بەشداری چوار کەشی ئایینی گەورە دەکەن.. گرنگترین جەژنی ئێزیدییەکان جەژنی (جەم)ە کە بەپێی باوەڕی ئێزیدییەکان، دەست و دیاری (ئانزاڵ)ە و حەوت ڕۆژ دەخایەنێت و هەموو ئێزیدییەک دەبێت بەشدار بێت.. نزرگەی (عەدی و حەسەن) و نزرگەی کەسایەتییە گرنگەکانی تریش لە (لالەش)دا بەسەر دەکرێتەوە و سەردان دەکرێت. جەژنی (جەم) دەکەوێتە (٦-١٣)ی مانگی یازدەوە و هاوکاتە لەگەڵ جەژنی زەردەشتی و یاریسانی و عەلەوییەکان کە لەلایەن ئەوانەوە بە (میهرگان Mihrgan و میهرەجان Mih-rican) ناودەبرێت.. لە هەمان کاتیشدا هاوکاتە لەگەڵ کۆنەجەژنی میثراکان (Mithra) کە پێیان وابووە خواوەندی خۆر (مترا Mithra) کەڵەگای نێو بەهەشت دەکوژێت و دواتریش لە پارچە کەلاکی دنیا دروست دەکات.

لە کەرنەڤاڵە ئاینییەکانی (لالەش)یشدا ڕاو و گرتنی گای بەرەڵا وەک گەمەیەک بەڕێوە دەچێت و پاش گرتنیشی دەکرێتە قوربانی و دواتریش و پێش ئەوەی گۆشتەکەی بەسەر ئامادەبووەکاندا بەش بکرێت.. گۆشتەکەی بە دەوری نزرگەی (شمس الدین)دا دەگێڕدرێت. جێگەی داخە کە هەردەم دەسەڵاتە دژە کوردەکان، هەوڵی شێواندنی مێژوو و کولتووری دێرینی ئێزیدییەکانیان داوە و بە ئاڕاستەی چەواشەکردنی ڕاستییەکاندا هەنگاویان ناوە و هەر بۆ نموونە بنەچەی ئێزیدییەکانیان بردۆتەوە بۆ (یەزیدی کوڕی موعاویە) بە

مەبەستی هەڵخەڵەتاندنیان و کەم تا زۆرێکیش لەمەدا سەرکەوتوو بوون؛ جا هەر لەوەوە بیگریت کە بە زۆرەملێ دشداشەیان پێ لەبەر کردن... یان لەو ڕووەوە بیگریت کە وایان لێکردن منداڵەکانیان ناو بنێن (یەزید)..

بە ڕاستی ئەمە گاڵتە جاڕ و کۆمێدیایە.. کەسانێکی ڕەسەن و بە کولتووری وەک ئێزیدی بخەیتە گومانەوە و لەژێر زەبری گوشار و بە زۆرەملێ (لینگویستیک- lin-guistik)ی چڕوپڕی ئێزیدییەکان، لە بنەڕاوە تێک بشکێنیت و دوچاری گومانیان کەیت لە پێناسە و مێژوو و حەقیقەتی بوونیان و بە هەموو شێوەیەکیش هەوڵی سڕینەوەی شوناسنامەیان بدەیت.

(کەڵەشێر) لای ئێزیدییەکان پیرۆزە و بەشێوەیەکی گشتیش باڵندە جێگە و شوێنێکی تایبەتی هەیە، هەر بۆیە کۆتەڵی سیمبۆڵیی ئافەریدەکار لە شێوەی باڵندەدایە.

لە (ئەشکەوتی شانیدەر- ناوچەی چەمی زاوێ)دا کە (٥٠)کم لە گوڕستانەکانی (لالەش)ەوە دوورە شوێنەوارناسەکان پاش گەڕان و هەڵکەندنی ئەرکیۆلۆژیانەی ناوچەکە پەڕوباڵێکی زۆری (جووت براله)یان دۆزییەوە و پێیان وایە کە لە بەڕێوەبردنی کەشە ئاینییەکانی ناوچەکەدا ئەم پەڕو باڵانە بەشێوەیەکی تایبەت و وەک جلێک ئامادەکرابێت و پاشان لەبەرکرابێت و دە هەزار ساڵێک لەمەوپێش لە بۆنە ئاینییەکاندا بەکار هێنرابێت.

دواتریش لە مێزۆپۆتامیادا بە ڕاشکاوی (باڵی باڵندە) وەک تایبەتمەندییەک لەوێنەکێشان و وێناندنی خواوەندەکاندا جێگە و شوێنێکی دیاری پێدرا.

هەر بۆ نموونە لای ئاشورییەکان و لەناوچەی (موسڵ- Ninov)دا و لە پەیکەرەکانیاندا دەبینرێتەوە و لە زۆر چەشنە ئاینی دیکەشدا بەکارهێنانی پەڕ و باڵی باڵندە و باڵ لەخۆ ڕواندن بڵاو و باوبووە (بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا شوبهاندنی ئافەریدەکار بە باڵندە تەنیا لای ئێزیدییەکان بەو زەقییە دەبینرێتەوە). نزیک (چەمی زاوێ) جێگە و شوێنی تایبەت بە (سەربڕینی قوربانییەکان) لە کەشە ئاینییەکاندا دۆزرایەوە و بەو پێیەش ئەو ڕاستییە وەدەرکەوت، کە ئێزیدییەت ئاینێکی بە ڕەگوڕیشە و مێژوویی ناوچەکە بووە.

کۆتەڵی باڵندە لای ئێزیدییەکان (تاووس)ە.. شایەنی باسیشە کە لە کوردستاندا بەتایبەتی و لە ئاسیاشدا بەگشتی (تاووس) نییە و لەنێوەندی سروشتیدا وەچنگ ناکەوێت..

هەربۆیە و بەو پێیەش کە پەڕوباڵە دۆزراوەکانی نزیک چەمی زاوێ پەڕ و باڵی (جووت- براله) بوو... ڕەنگە کۆتەڵی (تاووس)ی ئێزدییەکانیش بە هەڵە بە تاووس ناسرابێت. بۆ سەلماندنی ئەم ڕاستییەش پێویستە ئاماژە بەوە بدەین کە وشەی (Nawas ناوس- Nuh نوح) بە هەڵە لای ئێزیدییەکان بۆتە (تاووس).. تا ئێستاش یەریسانییەکان و عەلەوییەکان وشەی (Naus-ناوس) بەکاردەهێنن.

ئێزیدییەکان لەگەڵ هەڵاتنی یەکەم تیشکی خۆردا سێ جار دەنووشتێنەوە و ئەو گەلایانەش کە لەگەڵ یەکەم تیشکی خۆردا بەردەبنەوە، وەک- شتێکی پیرۆز ماچ دەکرێت و پاشان هەڵدەگیرێت.. جێگەی سەرنجە کە لای ئێزیدییەکان و یاریسانییەکان هەمان تێڕوانین و پەیڕەوی (ڕەبەنە زەردەشتییەکان) دەرحەق بەمافی فێربوون و فێرخوازی دووبارە دەبێتەوە؛ هەروەک چۆن ڕەبەنە زەردەشتییەکان تەنیا ڕێگەیان بە چینە ئەریستۆکراتەکان دەدا کە بخوێنن و فێربن و چینە هەژار و نەدارەکانیان لەمە بێبەش کردبوو، تەنانەت قەدەغەش کرابوو.. بە هەمان شێوەش هەمان گرفت لای ئێزیدییەکان دەبینرێتەوە گەرچی لەمڕۆدا فێربوون و خوێندن قەدەغە نییە، بەڵام هێشتا کە ئێزیدییەکان زۆر تامەزرۆی خوێندن نین.

ئێزیدییە دەوڵەمەندەکان لەمڕۆدا، جل و بەرگی عەرەب لەبەر دەکەن و بە عەرەبی و کوردی دەدوێن و ناوەکانیشیان بەشێوەیەکی گشتی عەرەبییە، بەڵام ئێزیدییە هەژارەکان جل و بەرگی کوردانە لەبەر دەکەن و تەنیا بە کوردی دەدوێن.

کاتێک (سەلاحەددینی ئەیوبی) ئەنتاکیای داگیرکرد، زۆربەی خەڵکەکەی و تا زنجیرە چیاکانی (ئامانۆس)یش ئێزیدی بوون و لەو سەردەمەدا ئێزیدییەکان توانییان کوردە موسڵمان و مەسیحییەکان بکەنەوە ئێزیدی و پاشان بەسەر زۆر ناوچەی وەک (ورمێ) و (سیواس) و (کەرکووک)دا بڵاوبنەوە و لە چەرخی (سیازدە و چواردە)دا توانییان هێزێکی سیاسی و عەسکەری پێکەوە بنێن و ماوەیەک ناوچەی جزیرە (Cizre) حوکم بکەن و شایەنی باسیشە کە لەو دەمەدا میری ناوچەی (شام) ئێزیدی بووە.

لە ساڵی (١٢٩٧)دا، (زەینەدین یووسف) کە واعیزێکی ئێزیدی بووە توانیویەتی زۆر کۆمەڵەی سەر بە ئێزیدییان لە شام و قاهیرەدا دابمەزرێنێت.. ناوبراو لە

قاهیرەدا کۆچی دوایی کردووە و هێشتاکە گۆڕەکەی لەوێدایە.

(شەهابەدین فەیزوڵلا ئەلعومەری)ی ئەنسکلۆپیدیانووسی موسڵمان لە ساڵی (١٣٣٨)دا (دنبلی و عەلەوی)یەکانی بە ئێزیدی لەقەڵەم داوە و دواتریش شەرەفخانی بتلیسی لە (شەرەفنامەدا) لەساڵی (١٥٩٧)دا ئاماژەی بۆ ئەوە کردووە؛ کە زۆربەی عەشیرەت و بنەماڵەکانی کورد لە ڕابردوودا ئێزیدی بوون.

شایەنی باسیشە کە عوسمانییەکان هەموو جۆرە ڕێگە و ڕێچکەیەکیان دژ بە ئێزدییەکان تاقی کردۆتەوە و لەژێر زەبر و زۆر و گوشاریشدا زۆر ئێزیدییان کردۆتە موسڵمان.. بەتایبەت ئەو قوتابییە ئێزیدییانەی کە لە قوتابخانە عەسکەرییەکانی عوسمانییەکاندا وەردەگیران... بەڵام دیارە ئەو ئێزیدییانەی کە لە قەدپاڵی چیا سەخت و دژوارەکاندا دەژیان، لە پاراستنی ئاینەکەیاندا سەرکەوتووبوون.

عوسمانییەکان پاش ئەوەی لە ڕێگەی دیپلۆماسییەت و پلانی تاکتیکاوییەوە نەیانتوانی ئێزیدییەکان بکەنە موسڵمان؛ کەوتنە کوشتن و لەناوبردنیان.

لە ساڵی (١٨٥٩)دا و بەپێی بڕیارێکی عوسمانییەکان هیچ ئێزیدییەک بۆی نەبوو ببێتە خاوەنی (زەوی) هەر بۆیە زۆر لە شێخە ئێزیدییە خاوەن زەوی و زارەکان بەناچاری و بۆ پاراستنی موڵک وماڵیان بوونەتە موسڵمان.. یەکێک لەوانە بنەماڵەی خانەدانی شاری (کلیس)ی (کوردستانی تورکیا) بوون.. بنەماڵەیەکی دیکەش (بنەماڵەی ماندەکان) بووە، کە دیارە باکگراوندێکی مێژوویی گرنگی هەبوو لەناوچەکەدا و دواتریش بە ناچاری بوونە عەرەب و بە (ئەلشیوخ) ناسراون و لە کەناری دەریای ناوەڕاستی نزیک سنووری سوریا و تورکیا و لەناوچەی (ئەفرین Efrin و ریحانلی Reyhali)دا نیشتەجێن و زۆر بەنهێنی و بە دزییەوە دان بەوەدا دەنێن کە کوردن و ئێزیدین.

لە ساڵی (١٨٥٨)دا دوو سەد هەزار ئێزیدی لە قەدپاڵی چیاکانی (ئەمانۆس)ی نزیک ئەنتاکیادا دەژیان و لەساڵی (١٩٣٨)دا، ئەو ژمارەیە بێ ئەوەی زیاد بکات کەمی کردووە و بۆتە شەست هەزار کەسێک.

سەدەها ساڵ ئێزیدییەکان شاری (کلیس) و ئەو ناوچەیەی کە دەکەوێتە نێوان (حەڵەب و عەنتەب)یان حوکم کردووە و (کلیس)یش پایتەخت و شەرەفخانی بتلیسی وتەنی: (کلیس قەڵای ئێزیدییەکان بووە).

لەمڕۆشدا گوشارێکی زۆر و بە بەرنامە دژ بە ئێزیدییەکان بەڕێوە دەبرێت و نەک تەنیا هەوڵی زۆرەملێی باوەڕە ئاینییەکانیان دەدرێت، بەڵکو بوونی نەتەوەیی و شوناسنامەی کوردانەشیان لەژێر مەترسیدایە.

ئێزیدییەکان لەناوچەی پیرۆزی (لالەش)ی کوردستانی عیراق و خۆرهەڵاتی باکووری موسڵ (شەنگار و دهۆک) و سوریا و جەزیرە و حەڵەب و ئەفریندا دەژین. ئێزیدییەکان لەناوچەکانی قەفقاسیاشدا هەن و (٤/١)ی کوردە غەیرە ئێزیدییەکانن. لە (ئەرمەنستان)یشدا ئێزیدییەکان ژمارەیان لە کوردە غەیرە ئێزیدییەکان زیاترە.

(جینۆسایدە) بەردەوامەکانی دەسەڵاتدارانی تورک دەرحەق بە ئێزیدییەکان بووە مایەی کەمبوونەوەی ڕێژە و ژمارەی ئێزیدییەکانی ناوچەکە و لە ساڵی (١٩٧٧)یشدا، بۆ جارێکی دیکە تورکیا کەوتە وێزەی ئێزیدییەکان و هەر ئەم شاڵاوە دڕندانەیەی تورکیاش بووە کە بووە مایەی کۆچکردنی ژمارەیەکی زۆری ئێزیدییەکان. هەر بۆ نموونە تەنیا لە ئەڵمانیادا هەشت هەزار ئێزیدی هەیە و لە تورکیاشدا سەد و پەنجا هەزارێک ئێزیدی هەیە کە بە نهێنی و لەژێرەوە ئێزیدین و ناهێڵن موسڵمانەکان پێیان بزانن و بەو چەشنە ماهیەت و بوونی نەتەوەیی و ئاینییان لە دوو توێی پەنهانی و بێدەنگیدا دەپارێزن.

ئێزیدییەکانی دیکەی تورکیاش لە (ئەنتاکیا و عەنتەب و ئورفا و ماردین و سیرت)دا دەژین... بەشێکی کەمی ئێزیدییەکانیش لەناوچەی ئازەربایجان و لەنێوان (قوچان و دوگاهی) ئێراندا دەژین.

**سەرچاوە:**

کوردەکان/ نووسینی: مەهرداد ر. ئیزەدی/ چاپی- ئیستەنبول (٢٠٠٤).

**ناوی سەرچاوەکە بە تورکی:**

MERIRDAD. R.IZADY/ KUR TLER/ Istanbul- 2004.

**تێبینی:**
بابەتی (ئێزیدییەت و ئێزیدییەکان) دەکەوێتە بەشی پێنجەمی کتێبی (کوردەکان)ی (مەهرداد) و شایەنی باسیشە کە بەشی پێنجەم تایبەتە بە هەموو ڕێباز و مەزهەبە ئاینییەکانی کورد و لێرەشدا تەنیا بەشی تایبەت بە ئێزیدییەکانمان لە تورکییەوە وەرگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی- وەرگێڕ- لاپەڕە«٢٧٥-٢٨٠».

* مەهرداد. ر. ئیزەدی «MEHRDAD. R. IZ-IDY» تا ماوەیەکی نزیکیش مامۆستای بەشی مێژوو و زمانە ڕۆژهەڵاتییەکانی زانکۆی «Harvard» بوو.
* نووسەر لیسانسی لە زانستی سیاسی و جوگرافیدا هەیە.
* بڕوانامەی ماجستێری لە گۆڕانکاری و ڕووداوە نێونەتەوەییەکان و جوگرافیای ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا هەیە.
* بڕوانامەی دکتۆراشی «لە زانکۆی کۆلۆمبیا» دەرحەق بە تێزەکانی سەبارەت بە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست پێ بەخشراوە.
* لە زۆر کۆنفرانس و کۆنگرە و سیمینارردا بەشداری کردووە.
* لە کۆنگرێسی ئەمریکیدا سەبارەت بە مەسەلەی کورد، دوو جار گوێ لە ڕاوبۆچوونەکانی گیراوە.
* لە ڕۆژنامەکانی «Kurdish Times» و «Middle East Jounrnal»دا زۆر وتار و بابەتی بڵاوکردۆتەوە.
* بەشداری و هاریکاری کۆکردنەوە و نووسینی «Encyclopedia Asian History» کردووە.
* کتێبی «A Basic of the land and peo-ple of kurdistan» ئامادەیە بۆ چاپ.. بابەتێکی دیراسییە و تایبەتە بە خوێندنی باڵا.

# کەلووەکان

سەباح ڕەنجدەر

بۆ شوکور مستەفا



گیسک
تاقیکردنەوە
لکی درەختی مزرەمەنی خۆی ڕاوەشاند
سەبەتە چاوی لەناو ڕووان
سوارێک ئەسپی بە ئاوی دەستنوێژ ئاودا
لافاوی تیژ و هەراسانیی کرد بە گۆچانی سپی
هێزی گلۆپیشی تاقیکردەوە
کاروانسەرایەک نەماوە ڕووناک بکرێتەوە
شوێن دەنووکی حاجی لەقلەق داگیرساوە
درەوشانەوە کۆدەکاتەوە

گۆزە
یان
باوکم بەتەنیا دەست و دەموچاوی
بە ئاوی ئەمەکداری دەربەندی گۆم دەشوات
زەوییەکانی بەرهەمدار و درەختی
ڕەزەکانی موتوربە دەکات
سندووق و کووپەیەکی لەناو کێڵگەکەیدا
نیشان و ناو و نان و ئاوە
ئەستێرەیەکی دڵنیاهێن بەسەر شانییەوەیە
پێوەندی بە پلەی سەربازییەوە نییە
ژوورێک لەنێوان سندووق و کووپەدا
پرسیارێکی کراوە
مرۆڤ کێڵەکانی گۆڕی خۆی لە دەروون دەرسکێ
یان دار بەهێیەکانی حەوشەی

نەهەنگ
گەرد
نوستنی هەتاو لەناو سێبەر
حەزی زیندووبوونەوەیە
بیر لە چاوی خۆی دەکاتەوە
چەند دەبینێ و لە بینیندا هەڤاڵەکانی کێن
ئەرێ چاو بێلایەنە یان نا
نە ء ببوورن

ئێرەیی چاوی پێداخستووە
جوانی جوانوویەکە لە ڕاو
مراوییە مل قەدیفەییەکان
ناهێڵن گەردی لێبکەوێت
زەنگوڵەی مامز هەڕەشە و دەرکەوتەی ناکۆکییە

کاوڕ
گۆڕان
لە ئاکاری پڕ برووسکە و مووچرکی هێڵی ناوچەوان
بۆنی خۆش و ئارامکەری هاتن و چوونت
چاوت ڕووندەکەنەوە و شانەکانی هەست لە دایک دەبن
کەزی ژیان تیشک دەداتەوە
لە دەروونمان کورت و درێژ دەبن
ئەشق دەتوانێ گۆڕانی شتەکان بناسێنێ

گا
گوڵ
مێزێکی ئاسنینی کۆن
گوڵی بۆنخۆش و گەشاوەی لەسەر دەفرۆشرێ
بەخت یاری کڕیار و فرۆشیارە
منداڵێک سمۆرەی بەسەر شان و ملەوەیە
لەناو گالیسکەیەک تێدەپەڕێ
سمۆرەی چاو زیت
تەماشای بەناو هاتوچۆکەرانی شار
بڵاوکردەوە و ناڵەیەکی لێوەهات
درەختێکی دێرین نوێژی خۆی کرد
چاوێک لە قەڵاو چاوێک لە منارە
ڕووناکی زۆریان ڕژایێ
ختووکەی مەچکۆیان دا
هەولێر لەناوکی خۆخێک هێزی وەرگرت

جمک
گەشانەوە
لە گوڵجاڕدا
خێزانێک گوڵ داوایان کرد
بکرێن بە دەسک
هاواری ئەم داوایە
دەست و پەنجەی کەسی ختووکە نەدا
پرسەدارێک

خورپەی خستە دڵی
ڕێگاو گۆڕستان گەشایەوە
بووک و زاوا لە پەردەدا خەبەریان دەبێتەوە
خوناوی دەموچاویان سێبوورییە

قرژاڵ
باڵ
گیان لەناو لەشی کوکوختی جاویدانە
باڵ لە سندووقی گەنجینە دەنێژرێ
دەنووک لە گۆڕانی
مرۆڤی خەیاڵپەروەریش
بەناو دەغڵدا دێت و ڕێگای دەکرێتەوە
ڕەنگی دەرگای ماڵە دانیشتووان ڕۆشنەکەی
لە دڵی نیشت
هەستی شانازی و ڕازیبوون
لەو بڕوایەدا ڕواندی
بێگومان خۆر لە ماڵی مندا
پشوو دەدا و پاشان بەخشندە دەبێ

شێر
پێ
گیانی چل ساڵەی بەخێوکەری هەنگ خۆی درەوشاندەوە
چاودێری ئاگری دەکرد
پێی چنار و شۆڕەبی لەناو ئاو دۆزییەوە
بەپێی خۆی بەراوردی کردن
لە گشت خاک خاڵییە پێ
خوا بۆیە شوێن پێی نییە
بۆ جێبەجێ کردنی کارەکانی
بەسەر ئاودا دەڕوات

گوڵەگەنم
دەنگ
من لەسەر زەمین نیشتەجێ نیم
لەناو دەروونی خۆم
کە شوێن پێی خوایە
ژیان بەڕێوە دەبەم
دەنگی مەکینەی دروومانی دایکم
پەلەوەرەکانی ڕژاندە
حەوشەو دانەوێڵەم بۆ ڕۆکردن

## زۆنگی مەرەزەش قاقاو پرسیارە

شایان
هاوار
ڕووناکی گەشە
بینینیش هەموو شتەکانی لە مەدار دەرچوون
لە دەرەوەی مەدار
دەنگدانەوەی بەهێزی هاوار هەیە
زەوی قەڵەشت
چڵێکی لێهاتە دەرێ
مرۆڤ خەریکی پەروەردەکردنی ئەم چڵەیە
بە چاوی باشی دایک
تەماشای نەشونمای دەکات
چەند کەسێکی گەمارۆدراو بەلافاویش
بیر لە ئاوی سەربانی شەمشەمەکوێرە دەکەنەوە

دووپشک
هەڵاتن
سنووری شارەکان کەوتن
پردەکانیش
برۆنزت بدرەوشێننەوە ئەی کانی بەخت کردنەوە
سواری ئەسپێک دەبم
مرۆڤ لە مێژە نهێنییەکانی پەنجەمۆری
پێچاوەتەوە و لەزەوی هەڵاتووە
لە خوا بپاڕێرەوە
فڕینی قورینگ تێکەڵ بە هەڵاتن بکات

کەوان
ئەنگوستیلە
سفرەیەکی بچووکی پاک و خاوێن
شۆربایەکی لە گەڵامێو
قۆریەیێکی چینکۆ و سینییەکی مس
ژنێکی ڕووخۆش و چوار سڵاوی خوا
حەوشەیەکی پڕ خۆری گەرم و گەش
ئەرێ ڕوونکەرەوەی هەواڵەکان
خۆ ئەنگوستیلەت ون نەبووە
ئەسپ بەرەو ماڵمان بەڕێوەیە

# دەفتەری کاڵبوونەوە

حەمە عەباس

چیتر لە گوناهەکانی خۆم خۆش نابم
ئەی پڕ گوناهترین نزای هەڵکشاو
زیز مەبە لێم
کە سەربوردەی دنیا دەخەمە نێو بوخچەی
کلۆمدراوی شەڕەکان
چیتر لە گوناهەکانی تۆ خۆش نابم
کە ئەم لێوانەت پڕکردم
لەو گۆرانییە ناسازانەی ناوێرم بۆ کەسیان بڵێم
ئەوەتام وەک چەترە هەورینەیەکی تار
بەسەر ڕەنگە کاڵەکانی مەرگا پەرت بوومەوە
نسێی پەیڤێک داڵدەی نەدام
پەڵەهەورێک داینەپۆشیم
ئەوێستاش.. پەنجەرەی سەر کۆڵانەکان داخران
گوزەری ئەو ڕیشۆڵانەی
بێهوودە
دێن
و
دەڕۆن
شتێکم لا جێناهێڵن
سوپاس ئێوارەی تەنیاییم
لەم ساتە بکوژانەدا چەتری خەونێکت بۆ هەڵدام
چەتری خەونێکی عومر کورت
گوتم وەرە و تۆ نەهاتی
ناچار دیسان
لە کۆڵانە تاریکەکانی چێژەوە گەڕامەوە
هێندەی گوتم ئەی نیشتمان داڵدەم بدە و
چەندێک لە جوانییەکانی خۆت بتکێنە چاوەکانمەوە
دەزانم ئەم نیشتمانە پرسەخانەی سۆزەکانە و
ئەلفوبێی وەرزیلەکانم
ناخاتە نێو دەفتەری یادەوەرییەکان
ئەوەتا وەرینی وشە
وەرینی
ماچ و
هەناسە و
تەمەن
چەشنی گەڵای پاشپایزە
پەیکەری داڕووتاوم جێدێڵن
ئیتر چیمە لە پەیکەرێ
مشتێ خوێنی تیا نەگەڕێ و
هەناسەیەک نەپڕژێنێ
گوتم وەرە و با عومرت لەمەش کورتتر بێ
تۆ نەهاتی و ناچار دیسان
بەسەر ڕەنگە کاڵەکانی مەرگا کاڵ بوومەوە




ناچار دیسان
لە کۆلانە تاریکەکانی چێژەوە گەڕامەوە
بەرەو تۆ.. ئەی سەرزەمینی یادەکان.. بەرەو تۆ
بێ بەفریامەوە و چیتر
چارەنووسم مەدەرە دەست ڕەنگەکانی ئەم ڕۆژگارە و
بمبەرەوە قوولاییەکانی خۆتەوە
لێرە ئیتر
بەدگومانم لە بێدەخلی پەپوولەکان
سەرگەشتە دەگەڕێم بە دوای وشەیەک
کە هەمیشە بەسەر زمانەوە هەڵدەپڕووکێ
وشەیەک بەژنی لە کەفە و
چاوی لە خۆڵەمێش
هەڵدەکشێت و من دادەچم
بەرەو شوێنێک کە شوێن نییە
هەڵدەچێت و من دەخەنم
وەک ئەوانەی لە مردن دەترسن و
تەکان دەدەنە خۆیان تا هەناسەیەکی تر هەڵمژن
ئاوڕێک و نیو نیگای ماندوو
خەیاڵم بەسەر ڕۆژان دەڕژێنێ
خەیاڵم دەڕژێ
خەونم دەوەرێ
دەگەڕێمەوە خەڵوەتی شیعر و وشەم لێدەتکێ
* * *
پێم نایە سنووری تۆوە ئەی سەرزەمینی یادەکان
وا دەشرۆم و لەم نێوانە بێمانایە
ختووکەیەکت پێنەبەخشیم و
تاڵ تاڵ عومرت پێوەراندم
بە ڕەنگێکی بێڕەنگەوە
سەرم خستۆتە سەر لەپی بێئومێدی و
مۆڵەق بەرەو دوور دەڕوانم
ئەم ئێوارەیەش دادێت و شەڕێکی خنکاو لە چاوەڕوانی
ئەم ئێوارەیەش دادێت و
مەرگێکی دیکەی خەونەکان
ئەم ئێوارەیە و
من و
تەنیایی و
تەرمێکی دیکە
یەکتر بە ڕەهایی بۆشاییەکان دەسپێرین
جەستەی داڕووشاوی یەکتر لە گوڵ دەگرین
گوڵە سوورەکانی یەئس
دەخەینە ناو گوڵدانە تەریفەکانی ئایندە
بەلام
بەچی دیارە هەناسەی چێژاوی ڕۆحم تەنگتر و
بیناییم تاریکتر نابێ
ئەی سەرزەمینی یادەکان
بەچی دیارە
بەچی

# چەمەری

کولسووم عوسمانپوور
(سنه)

خەونێکت بووم بە جێی بێڵە
با دڵنیای گەڕانەوەت بم باوانم
دەمسووڕێنێت سەمای شیرینی درۆیەک
شەو...
ڕۆژ...
ڕۆژ و شەو
ڕاوەستاوە خولیای گەردوون
لە چواردەوری قەڵای ژنێک
ژنێ وەک من
پیاوێ وەک تۆ
ئێوارەکان دەڕازێنن
بە شاباشی درۆ، درۆ
چەمەری پاییز دەمگێڕێ
دەلاقەیەک بنووسە چارەنووسم
با ئێوارە زامەکانم بدرکێنم
سەری تۆ خۆش
جەنابی مەرگ
کە بۆ هەناسە مردووە
ئەم شاعیرە
وا تابووتی سەبووریش
ڕێگای پێ نادات
پڕم لە وردە گلەیی
لە سێبەرێکی میهرەبان
لە ئاخ، لە چیرۆکی تاڵان
من کۆترێکم لە بیر نەماوە باوانم
پەپوولەییشم لێ شێواوە، گەردوونم
جادووگەری سەرپۆشی من
فرمێسکی ئەم ئێوارە ناشارێتەوە
دنیا سەرقاڵی جەهەننەمی تازەیە
با ئەم لاپەڕە نەمێنێ لە دەفتەری ڕۆژژمێرم.



# سێ هەلبەست

لوقمان ئاسیهی
(دهۆک)

## شەڤێن من

هەمی شەڤان
دخەوا من دا
ئەز دخەوم
تو یا ل هەمبێز من رازایی
تو دبێژی ماکا تەمە.. و
خودێ
ژ نویکا
تو یا دایی.
تە ب سینگێ خوەڤە دشدینم
هند دبینم
ئەز شیارم... و
تو لوێ دنیا من
نەمای!

## لاپەرێ دەفتەرێ

مامزا من
هێ کوچەرێ
هەتا لاپەرێ دەفتەرێ
یێ ب خیچ و نەقشێن خوەڤە
ل من بی ئاگر
لەوما
دەما
بەحسێ تە دکم
تو د بی پەیڤ
ئەدبم شاعر.

## دیلان

ئەگەر زینێ
جارەکا دی
ژ گوڤەندا مرنێ رابێ ..و
د دیلانا من و تەدا
سەر بەرچەمکێ راکێشێت
و لبنێ گوڤەندێ
لەعلا بێ
ئەگەر (ئاسیک)«١» تلیلیبن
(ستی)«٢» و خەجێ بەربووکی بن
سەر و بنێن شاهی یامە
خر شاژنێن وی گوندی بن
و ڤی گوندی بن
تو دێ سەربارا هەمیابێ.



١- (ئاسیک) ژ چیرۆکا حەسەن و ئاسێ.
٢- (ستی) ژ چیرۆکا فەرخ و ستی.

# سترانی هەرە بڵندترین قوللە

ئارتۆر ڕامبۆ
لە فەڕەنسییەوە: فەرهاد پیربال

گەنجێتییەکی بەتاڵ
ملکەچ بۆ هەموو شت،
بە نازۆکییەوە
هەموو ژیانی خۆمم لەدەست دا.
خۆزگە ئیتر ئەو زەمانە داهاتایە
کە دڵ شەیدای یەکتر ببنەوە.

بە خۆمم گوت: واز بێنە
با کەسیش نەتبینێ
بە بێ پەیمان بەرەو باڵاترین دوندی کامەرانی.
دەی، ئەی خانەنشینی شکۆدار
دەبا هیچ شتێک نەتوەستێنێ!

من هێندەم دان بە خۆدا گرت
کە هەرگیز بیرم ناچێتەوە،
هەرچی جەفا و ترس هەبوون
هەمووی ڕۆشتنە ئاسمانەکان.
ئەو تینوێتییە ناپاکەش
دەمارەکانم تاریک دەکا.

وەک ئەو مێرگەی
دەدرێتە دەم لەیادچوونەوە،
گەورە دەبێ بە بخوور
چرۆ دەکا بە گیاکەڵان،
بۆ هەنگی دڕ
سەد مێشی چەپەڵ.

ئاخ، هەزار بێوەژن بوون
لە ڕۆحێکی هێند کەساسەوە
کە وێنەی نییە
لە نۆتردام بەولاوە.
ئایا نوێژی بۆ دەکرێ
مریەمی عەزرا؟

گەنجێتییەکی بەتاڵ
ملکەچ بۆ هەموو شت،
بە نازۆکییەوە
هەموو ژیانی خۆمم لەدەست دا.
خۆزگە ئیتر ئەو زەمانە داهاتایە
کە دڵ شەیدای یەکتر ببنەوە.

## خەوتووی دۆڵەکە

ڕووبارێک لە کونێکی کەسکەوە گۆرانی دەڵێ
سیپاڵی زیوین، شەیدا، خۆی بە گیاکانەوە هەڵدەواسێ
ئەو شوێنەی کە خۆری چیای دڵبڵند دەبریسکێتەوە
ئەمە دۆڵێکی بچووکە کە کەف دەچڕێ بە تیشکەکانی.

سەربازێکی لاو، دەم هەڵپچڕاو، سەر کۆت
پشت مل نقوومی ناو شینکە کووزەڵەی فێنک
زەردهەڵگەڕاوی ناو نوێنێکی سەوز کە ڕووناکی تێدەبارێ،
لە ژێر ئاسماندا لەسەر هەرێزەکە ڕاکشاوە.

پێ شەلاڵی شالاونگ، خەوتوو،
وەک منداڵێکی نەخۆش زەردەخەنەیەک ڕووی داگرتووە.
خەریکە سەرخەوێک دەشکێنێ:
ئەی سروشت، گەرم ڕایژەنە، سەرمایەتی.

عەترەکان چیتر کونە لووتی نازووروێننەوە؛
لە بەر هەتاوەکەدا ئارام خەوتووە، دەست لەسەر سنگ،
دوو کونی سوور لەسەر کەلەکی ڕاستی.

# سەگەکان

حەسەن جاف
(سلێمانی)

ئەوە ڕۆژە بەهاری شار بەرەو ژاکاوی دەچوو، گوڵاڵە سوورە و چیمەنی هەردوو زوورگەکان لەژێر زنجیری دەبابەکاندا پلیشانەوە، باڵندە کۆچەرەکان لە ترسی گولله تۆپ سەریان لێ شێوا بوو، لە جیاتی ئەوەی بەرەو باشوور و گەرمیان بفڕن، هەندێکیان ڕوویان لە باکوور و هەندێکی دیکەیان بەرەو ڕۆژهەڵات یا ڕۆژئاوا دەچوون و دەهاتنەوە و دەنیشتنەوە، لەگەڵ گرمەی هەر تۆپێکدا دادەچڵەکین و دووبارە سنگیان دەنایەوە بە گەواڵە هەورەکانی ئاسمانەوە. گیزەی گولله و ناڵەی تۆپ و ڕێژنەی فیشەکی دۆشکە و زرەی زنجیری دەبابە و هاژەی هەلیکۆپتەر مۆسیقایەکی تراجیدیی ترسناکی بۆ شاری کەرکووک لێدەدا. هەر خەڵک بوو شڕ و شیتاڵی لە کۆڵ نابوو و دەستی منداڵە هەراشەکانی گرتبوو، ڕەنگ هەڵبزڕکاو و لێو وشک هەڵاتوو ڕایان دەکرد. ئەوەی بەختەوەر بوو، پیکاب یا ترەکتۆر یان کۆستەری دەست کەوتبوو و چی بۆ هەڵگیرابوو بە پەلەپرووزێ باری کردبوو و بۆی دەرچوو بوو. هەبوو لە تاو گیانی خۆی، نزیک قەرە هەنجیر ببووەوە، ئەوجا بۆی دەرکەوتبوو، منداڵ، یا پیرەمێردەکەی باوکی یاخود پیرە ژنەکەی دایکی بەجێ هێشتووە.

دەنگی گولله تۆپ و هاژەی مووشەک و گرمە گرمی دۆشکە و کلاشینکۆف تێکەڵ ببوون و لێک جیانەدەکرانەوە.

ئەو گشتە خەڵکە ڕیزبان بەستبوو و ملی ڕێگەی هات و نەهاتیان گرتبووە بەر، هەندێ لە شۆڕیجەوە بەرەو جینگلاوە و جەبەل بۆر، هەندێ لە ئازادییەوە بە گرد و هەڵەتەکانی لای چەپی بارووتخانەکەدا ڕوویان کردبووە چیمەن و قەرە هەنجیر، هەندێکی دیکەش لە تەپەی مەلا عەبدوڵلا و ڕەحیماواوە بەناو خڕی خاسەدا بەرەو یارەلی و شوان و شێخ بزێنی کەوتبوونە ڕێ، بە نیمچەڕاکردن و جارو بار ئاوڕدانەوە و سەر بەرزکردنەوە، نەبادا لە پڕ هەلیکۆپتەر بگاتە سەریان، دەڕۆیشتن.. بۆ کوێ؟ کەس نەیدەزانی!! زۆریش پرسیارێکی گەمژە بوو ئەگەر لە یەکێکت بپرسیبایە بۆ کوێ دەچێ؟! نە کەس ئامادە بوو وەڵامت بداتەوە و نە کەسیش دەیزانی بۆ کوێ دەچێ!! هەر ئەوەندە بوو هەمووکەس لە ترسی سوپای عێراق و مجاهیدین خەلق و فەلسەتینیەکان و کیمیاباران ڕایان دەکرد، بۆ کوێ دەچن، ئەوەیان گرنگ نەبوو، تەنیا سەر دەرکردن مەبەست بوو- هەر سەر سەلامەت بێ ماڵی دنیا هیچ نییە.

هەموو ماڵ و سامانی خۆیان بەجێ هێشتبوو و بێ ئاوڕدانەوە ڕایان دەکرد، هەندێک وا شپرزە بووبوون منداڵیشیان لێ بزر بوو، هەرچییەکت لێ بەجێ بمابا نەتدەتوانی بگەڕێیتەوە سەری، گەڕانەوە مەرگی دەبەخشی، هەر هەڵاتن



ئومێدێکی کزی ژیانی تێدابوو. ڕیزی خەڵک بەسەرجادەکەی سلێمانی و هەرد و زوورگەکانی ئەمبەر و ئەو بەرەوە دەتگوت ڕیزە مێرووڵەیە، کە تۆپێک دەیدا بە زەویدا ڕیزەکە تێکدەچوو، قیژەی ژن و زریکەی منداڵ دەچووە کەشکەڵانی ئاسمان، بەملاو ئەولادا ڕایان دەکرد، هەندێک سەری لێ دەشێوا بەرەو دواوە ڕایدەکرد و ڕووی دەکردەوە کەرکووک، ئەوانەی سەربازییان کردبوو، لەگەڵ زرمەی تۆپدا، خۆیان دەدا بە زەویدا، بەیناوبەینیش هەلیکۆپتەرێ وەک داڵە کەر خۆرە ئاسمانی لەو خەڵکە دەگرت و چەند فیشەکێکی بەسەریاندا دەتەقاند، دیاربوو نەیدەویست بیانکوژێ دەنا کەس دەرنەدەچوو، هەر بۆ ڕابواردن تەقەی دەکرد و خەڵکەکەی دەتۆقاند، ئەوان لە مێژبوو دەیانویست کەرکووک کوردی تێدا نەمێنێ، ئێستا بۆیان ڕەخساوە و کورد خۆی ڕادەکا و شارەکە بەجێ دەهێڵێ، ئیتر بۆچی لێیان تێک بدەن؟!

نازە بەخۆی و ورگە دەرپەڕیوەکەیەوە، هەناسە بڕکێی پێکەوتبوو، ئەمە سێ ڕۆژە ئازاری هەیە، بەڵام قەت وا زۆری بۆ نەهێنابوو. یەکەمجار ئازاری بۆ هات، وریا بە پەلە ڕایکرد و دایە نەعیمەی هێنایە سەری. دایە نەعیمە مامان نەبوو، ژنێکی بە ساڵاچووی دنیا دیدە بوو و یانزە منداڵیشی بوو بوو، تەنیا چوار کوڕ و کچێکیان لێ مابوو، ئەوانی تر بە نەخۆشی جۆراوجۆر مردبوون.

کە دایە نەعیمە هات، وریای دەرکردە دەرەوە و خۆی و نازە بە تەنیا مانەوە، ماوەیەکی پێ چوو، هەر چەند زۆریش نەبوو، بەڵام لای وریا بە ساڵێک دەچوو. کە هاتە دەرەوە گوتی

– زۆری نەماوە، لە ئەمڕۆ و سبەیدایە، ئیشەڵڵا خوا کوڕێکتان دەداتێ

– یەعنی باشە؟ نازە هیچی لێ نایەت؟!

دایە نەعیمە زەردەخەنەیەکی بۆ کرد:

– چی لێ دێ ڕۆڵە، دوو ڕۆژ سێ ڕۆژی دیکە کوڕێکی جوانتان دەبێ، لە ئێستاوە ناوێکی بۆ بدۆزەرەوە.

– کوڕ، کچ، هەرچی خوابیدا باشە، بەس نازە سەلامەت بێ.

– سەلامەت دەبێ کوڕم، دڵ لەدڵ مەدە و بیدەرەوە دەس خوا.

جاری دووەمیش نزیک نیوە شەو بوو کە ژانەکە گرتیەوە. ئەو ڕۆژانە کەرکووک میهرەجانی ڕزگاری و بەهاری ڕێک خستبوو، بۆ چەند ڕۆژێ ئەم شاری فرمێسک و خوێن و ئاگرە خۆشی بەخۆیەوە بینی و لە چنگ و کەڵبەی گورگە مرۆڤ خۆرەکان ڕزگاری بوو، بەڵام دیسانەوە وا خۆیان مەڵاس داوە بێنەوە، لە خوار شار لای تاووغ و دووز و تۆپزاوە، هێزە بەزیوەکەیان کۆکردووەتەوە بێنەوە ناو شار و بەهارەکەی بکەنەوە خەزان و لە بری گوڵە نێرگز و خۆشی لەهەر کووچە و کۆڵانێکی شاردا مەرگ و ئاگر و فرمێسک بڵاوبکەنەوە.

شەوان شار خامۆش دەبوو، خەڵک چاوەڕێ بوون و هەموو لەشیان کردبوو بە گوێ و نابوویان بە ڕادیۆکانیانەوە، چاوەڕێی دەنگ و باس و هەواڵ بوون. هەندێ جار لەسەر هەواڵەکان مشت و مڕ توند دەبوو:

– ئەگەر ئەمریکا سوپای عیراقی تێکشکاندووە، ئەی ئەم گشتە سوپایەی لە کوێ بوو؟ باشووری قڕ کرد و وا نۆرە هاتووەتە سەر ئێمە.

– تێکشکانی چی؟ ئەمریکا درۆ ئەکا، حەرەس جمهوری کە بەهێزترین و پۆشتەو پەرداخترین بەشی سوپای عیراقە وەک خۆی مایەوە، تەنانەت فیشەکێکیشیان پێوە نەنا.

– ئێ ناهەقیەتی!! تۆ ئەزانی لەو خوارە چییان کرد، تەڕ و وشکیان پێکەوە سووتاند، بەنزینیان بە زۆر دەکرد بە گەرووی خەڵکدا و پاشان بە گوللە لێیان دەدان و وەک بۆمبا دەتەقینەوە، ئەوجا وێنە و دروشمی سەیر سەیریان بەرز دەکردەوە، بۆیە ئەمریکاش ترسا.

– کوڕە بابە خۆ هێشتا هیچ نەبوو بوو کە ئەوان دەسیان لە حەرەس جمهوری دەپاراست، سەدام پیاوی خۆیانە چۆن لەناوی دەبەن؟!

– وایە، ئەگەرنا ئەم هەموو تانک و تۆپ و سەربازەی لەکوێ بوو، لە باشوور بدات و پاشانیش بێتە وێزەی ئێمە، ئیمڕۆ یا سبەی دەگاتە کەرکووک و بەرەو ژوورتریش دەڕوا.

– قسەی قۆڕ، وەڵڵا پێشمەرگە ناهێڵن یەک بست بێنە پێشەوە.

– کوڕە ئەوە تۆ ئەڵێی چی، پێشمەرگە لەگەڵ تۆپ و تانک و هەلیکۆپتەر چی پێ ئەکرێ، ئێرە شاخ نییە، لەم تەختاییەدا شەڕ چۆن ئەکرێ...؟!

– ئەی کەس لەسەرمان هەڵناداتێ؟!

– چاوەڕێ بە، هاکا هەموو سوپای ناتۆ هات بەهانامانەوە، کوڕە تۆ بۆ ئەوەندە گەمژەیت، ئەمریکا نەوتی دەوێ، نەوتیش بەدەس سەددامەوەیە و هەموو عیراقیش لەناوبچێ بەس نەوتەکە بمێنێ ئەمریکا بسکەی سمێڵی دێت، بەسە ئێوە تاکەی ئیمپریالیزم ناناسن..؟

– دەی خوا بۆی دایت قسەی خۆت بکە، دەباشە ئۆردووگای گەلان و ئاشتی بۆ هەڵناداتێ، بۆ پشتی سەددامیان گرت؟ ئەی ئەوانیش بەرژەوەندییان نییە و

هەمـــوو مـــیللەتانی دنیـــا ناکـــەن بە قـــوربانی بەرژەوەندییـەکـانی خـۆیان؟! ئیـتـر فـەرقـیـان لەگـەڵ ئەمریکادا چییە؟!

– کورە برام دنیا هەمـوو بەرژەوەندییە و کەس ئامادە نییە کچی خۆی بکا بە قوربانی کوری کەس.

ئەمـە دایالۆگی ڕۆژانە و شـەوانەی خـەڵکی شـار بوو، ئەو خەڵکە بە ڕۆژ لە چایخانەکان و بە شەویش لەماڵان کۆدەبوونەوە و گوێیان لە دەنگ و باس دەگرت و مشت و مـڕیان لێ هەڵدەسا، هەر هەمـوویان ببـوونە پسـپـۆڕی سیـاسـەت، ناهەقـیـشـیـان نەبوو، پێشتـر ئەوەی باسی سیاسەتی بکردایە زمانیان لە پشت سەریەوە دەردەهێنا و دەرخواردی خۆیان دەدا، ئیـتر وەک تینوویەک گـەرمـای بیـابان بڕژاندبێـتی و یەکـسـەر خـۆی لە تەنیـشـت کانیاوێکی سارد و سازگاردا ببینێ، نەک قومی لێ بدا، بەڵکو خۆی تێ فڕێدا، ئەمـانیش خۆیان فڕێ دابووە ناو دونیای سیاسەت و لێی تێر نەدەبوون. لەکاتێکدا سوپای داگیرکەر سەرقاڵی گەیاندنی چەک و جبەخانە و سەرباز بوو و کـــۆی دەکـــردنەوە و هەر شـــەوە و هەندێک بۆ پێشەوەی دەهێنان، ئەمان خەریکی مشت و مڕو گاڵەگاڵ بوون، زۆر لەو خـەڵکەش کـە بەناوی پێشـمـەرگـەوە، لە شارەکانی دیکەوە هاتبوونە کەرکووک، خەریکی تاڵانی و دزی بوون و گەلێکیان حیسابی خۆیان کردبوو، لۆری و گەڵلابە و پیکابیـان هێنابوو و شتـیـان بار دەکـرد، گوایا تۆڵە لە نیشـتـەجێ بووە عـەرەبەکـان دەکـەنەوە کـە ماڵ و حەلاڵی کـوردیـان زەوت کـردبوو. کـەس ئاگـای لە دوژمن نەمابوو، کۆنەقین و گیانی تۆڵە و دزی و بارەگا کردنەوە، ئەوەندەی سـەرقـاڵ کـردبوون ئاگـایان لە هیچ نەمـابوو، وەختـێکیـان زانی سـوپای داگیـرکـەر بەتـانک و تۆپ و هەلیکۆپتەرەوە گەیشتە شار، ئەوجا ئازا ئەوەبوو ڕابکات و بۆی دەرچێ و ئەو خەڵکەش لەژێر دەسەڵات و دڕندەیی گـورگـە برینـدارەکـەی بەغـدا بەجێ بهـێـڵـێ، تەنانەت سەرکردەکان دوو ڕۆژ پێشتـر بێ ئەوەی بە چەکدارەکانی خـۆشـیـان بڵـێـن، خـۆیان گـەیاند بووە قـەرە هەنجـیـر و یاروەلی و ڕێی ڕاکردنیان خۆش کردبوو. نازە بە تەواوی پەکی کـەوتبـوو و زمـانی بسـتـێ لە زاریەوە هاتبـووە دەرەوە، ئازار و مـاندوویەتی هەناسـەیان سـوار کـردبوو، قـاچەکـانی دوو کـۆتەرەداربوون و بەدوایدا نەدەهاتن و لەشـە شـەکەتەکەیان بۆ ڕانەدەگـیـرا. کەس نەیدەپەرژایە سـەر کـەس، هەر ترومـێل بوو وەک تیـسکـەی تفـەنگ بەلایدا تێـدەپەڕی، هەبوو دوو سێ کـەسی تێـدابوو، هەشبـوو وەک پیکابی جـەژن بەدەیان کـەس خۆیان پێدا هەڵواسیبوو، کەس ئامادەنەبوو بۆ یەک چرکەش لەسەر نزیکتـرین کـەسی خـۆی ڕابوەسـتێ، دیمەنی هەڵەبجـە و کـیـمـیـابارانەکـە، وەک فـیـلم لەبەر چاویان بوو و مۆتەکەئاسا سواری سەریان ببوو و هەموویانی کردبووە ئاسکە کـێـوی، مـەگـەر پیـر و پەککەوتەکـان دەناکـەس لەناوشـار نەمـا. تورکـمـان و نیـشـتـەجێ عـەرەبەکـان بە هەلهـەلە و ئاڵای عـیـراق بەرزکـردنەوەوە پێشـوازییـان لە سوپا دەکرد.

لەو ڕۆژەی حـــەشـــرەدا ئازار نازەی دەهاڕی و هەر چاویشی دەگێڕا، بەڵام وریا لە هیچ لایەکەوە دیار نەبوو، بەیانی زوو هێـشـتـا دوو سـەعـاتی مابوو بۆ هەڵهـاتنی خۆر، تۆپبارانی شار دەستی پێکرد و گڕەی هەلیکۆپتەر وزەی زنجیرەی دەبابە شاری لە خەو داچڵەکاند و تەقە لە هەموو لایەکەوە دەستی پێکرد، ئەو پێشمەرگانەی بەجێ مابوون، لەگەڵ هەندێ گەنجی کەم کە لە ڕەشبگیریییەکەی پێش ڕزگـارکـردنی شـار دەرباز ببـوون، دەسـتـیـان دایە تفـەنگ و ڕووبەڕووی دوژمن بوونەوە. ئەو بەیانییـە وریا لەماڵ دەرپەڕی. نازە لێی پرسی:

– ئەوە بۆ کوێ ئەڕۆیت؟!

– ئەچم بزانم باوکم و براکـانم چی ئەکـەن، ئەگـەر لە شاریش دەرچن با لەیەک دانەبڕێن.

– ئەی من؟

– هەر ئێستە دێمەوە، بەدایە نەعیمە ئەڵێم ئاگای لێت بێت.

– وریای خۆت بەو زوو وەرەوە.

ئیـتـر هەر ئەوەبوو، چاوی بە وریانەکـەوتەوە، کـە تەقـە زیادی دەکـــرد و تا دەهاتیش نزیک دەبووەوە، دەرگـــای حەوشەی کردەوە و سەری کێشایە دەرەوە، گوزەرەکەیان چۆڵ بوو. لەپڕ دایە نەعیمەی لێ پەیدا بوو:

– بچـــۆرە ژوورەوە کـــچـم، با گـــوللەیەکی وێڵـت بەرنەکەوێ.

– ئاخر وریا نەهاتەوە!

– دێتەوە ڕۆڵە دێتەوە، بۆ کوێ ئەڕوا هەر دێتەوە.

– دایەگیان چی بکەم؟!

– هیچ مەکە کچم، لە ماڵی خۆت دانیشـە، تۆ لەسەر دەققـە و سەعـاتی خۆتی، قـابیلە ئەوەندە بێ شـەرەف بن دەستت بۆ درێژ بکەن؟

– بۆ نازانی چەن دڕندە و بێ شەرەفن؟!

– دەزانم، بەڵام بیـدەرە دەس خـوا، ئەوەی خـوا ڕەزای لەسەر بێ هەر دەبێ و گەڕانەوەی بۆ نییە، بچۆرە ژوورەوە کچم، ئەگەر هەستت بە هەرچییەک کرد یەکسەر یان وەرە بۆ ماڵمان، یان بانگم لێ بکە من دێم.

– ئەی ئێوە ناڕۆن؟

– بۆ کوێ بڕۆین ڕۆڵە، ئێمە تاقەتی ڕۆیشتنمان نەماوە نەک ڕاکردن، خۆم و پیرەمێردەکە لەماڵەوەین، چاوەڕێی ڕەحمەتی خواین.

نازە هەرچەندی دەکرد لەبەر وریا ئاگای لەخۆی نەبوو ئارامی لەبەر بڕابوو، پەیتا پەیتا دەهاتە ناو حەوشە و دیوارەوە دیوار خۆی دەگەیاندە دەرگای حەوشە و درزێکی تێدەخست و تەماشایەکی گوزەر و جادە چۆڵەکەی دەکرد، کە چۆڵ و هۆڵ، لە دەنگی تەقە و مێردەزمەی مەرگ بەو لاوە چیدیکەی تێدا نەدەبیسترا و نەدەبینرا. وریا دیار نەبوو، ترس و چاوەڕوانی ئاگری لە دەروونی بەردابوو، بە دوو قەڵەمباز خۆی گەیاندە ماڵی دایە نەعیمە.

– ها کچم خێرە؟

دایە نەعیمە بە پەرۆشەوە بەرەو پیری چوو

– دایە وەختە ئاگرم تێ بەربێ، نازانم وریا چی بەسەرهات، ئەو گوتی هەر ئێستە دێمەوە و واخۆر هەڵهات و دیار نییە.

–ئیشەڵڵا سەلامەت دەبێ، هەر دێتەوە، بۆ کوێ ئەڕوا ڕۆڵە، دانیشە پشوویەک بدە.

– ناتوانم دانیشم وەختە شێت بم.

مەلا عارف لەسەر جێگەکەی کەوتبوو، ماوەیەکی زۆر بوو لە پێ کەوتبوو، ئەوەندەی خەمی ئەوەی بوو کە ناتوانێ نوێژەکانی بکات، خەمی نەخۆشی و مردنی نەبوو.

– بەخێر بێیت ڕۆڵە.

– دەستت ماچ ئەکەم، مام مەلا چۆنی باشی؟

– باش دەبێ ئیشەڵڵا باش دەبێ، خەمت نەبێ کچم هەر ئێستا وریا دێتەوە.

–بەخوا مام مەلا زۆر نارەحەتم.

– نا هەقت نییە ڕۆڵە ناهەقت نییە، ئەمە ڕۆژ نییە ئێمەی تێ کەوتووین، مەگەر خوا بە ڕەحمی خۆی ڕەحمان پێ بکات.

– بە تەمای خوا.

دەدانیشە ڕۆڵە، لێرەبە باشترە، نەبادا لەپڕ لێت بقەومێت، وریاش بێتەوە دەزانێ لێرەیت.

– ناتوانم مام مەلا، دڵم لای وریایە.

– خواگەورە ڕۆڵە خوا گەورەیە، بیدەرە دەس خوا و خەمت نەبێ. لە پڕ وەک بڵێیت تاوانێکی کردبێ و بەشەرمەوە لە مەلای پرسی:

– ئەی منداڵەکان چۆنن؟ خۆ من لەبەر خۆم ئاگام لە کەس نەماوە.

– ناهەقت نییە ڕۆڵە، ئەوان هەرکەس خاوەنی ماڵ و منداڵی خۆیانن، دوێنێ هاتن سەریان لێدام و پێم گوتن ئەگەر شتێک قەوما با منداڵەکانیان ڕزگار بکەن و ئێمە بدەنە دەس خوا، ئێمە چیمان ماوە، ڕۆژ و دووانێکە، هەر تەواو دەبین، ئەوان گەنجن، خوا ڕەحمیان پێ بکات و ئاگای لێیان بێت.

دنیا تاریک داهات، کۆڵانەکانی کەرکووک لە زرەی زنجیری دەبابە و گیزەی گوللە بەولاوە چیدیکەی لێ نەدەبیسترا. شەوانی کەرکووک لە هاویندا سیحرێکی تایبەتی هەیە، هەوایەکی فێنک و ئاسمانێکی ساف و بێگەرد، هەزاران ئەستێرەی تێدا دەدرەوشێتەوە، خەڵکی بەهاوین لەسەربان دەخەون، شەربەیەک ئاو دەبەن و لەسەر گوێسوانەکەی سەربان دایدەنێن تا فێنک بێت، خواردن و دانیشتن و کات بردنە سەریان هەر لەسەربانە، منداڵانیش بەدەم ئەستێرە ژماردنەوە خەویان لێ دەکەوێ.

ئەمە دوو شەوە خەڵک لە کونی ژوورەوە خۆیان حەشارداوە و کەس ناوێرێ سەر دەربێنێ، تەنانەت حەوشەشیان لێ حەرام بووە نەبادا گوللەیەکی وێڵ بیان پێکێ. پێش شەڕی کوێت خەڵکی ماڵەکانیان کونبڕکردبوو، نایلۆنیان گرتبووە پەنجەرە و دەرگا و درز و کەلەبەری ژوورەکان، دەنگ و باس وابوو ئەگەر ئەمریکا لە عیراق بدات، حکومەت چەکی کیمیایی بەکاردێنێ و هەموو شارەکانی کوردستان کیمیاباران دەکات، ئیتر خەڵکیش بەو جۆرە دەیانویست خۆیان لە کیمیاباران بپارێزن، هەندێ کەس لە هەر ژوورێکدا دوو سێ سەتڵ ئاو و چەند خاولی و پەڕۆیان دانابوو تا لە کاتی کیمیاباراندا خۆیان و منداڵەکانیان بپارێزن و لەمردن ڕزگاریان بکەن و هەڵبجەیێکی دیکە ڕوونەداتەوە. ژوورەکان بوو بوونە دۆزەخ و سەربانیش هی ئەوە نەبوو کەس بوێرێ لێی بخەوێ، خەو ببووە ئەستێرەیەکی دوور و دەستی کەسی نەدەگەیشتێ.

وریاش دیار نییە، نازە دەچێتە ژوورەوە، لەبەر گەرما و ئازار ئۆقرە ناگرێ، دێتەوە حەوشە. گیزەی هەر گوللەیەک دایدەچڵەکاندا و گرمەی هەر تۆپێک بستێ لە زەویەکەی بەرز دەکردەوە. نەیدەزانی چی بکا و بەو ئاگربارانە ڕوو لەکوێ بکات، دڵی لای وریا بوو «دەبێ چی بەسەر هاتبێ؟» هەرچەند وشەی «مردن» بە دەروونیا گوزەری دەکرد یەکسەر کۆمەڵێ ئایەت و دوعای دادەباراند و لە خوا دەپاڕایەوە ئەو ڕۆژەی پیشان نەدات و منداڵەکەی بێ نازی باوک گەورە نەبێ. شەو درەنگ بوو، پێدەچوو نەوەکانی هۆلاکۆ ماندووبووبن، دەنگی تەقە کەم بووەوە، تاک و تەرا تەقەیەک یا دەسڕێژێک دەکرا. نازە بە ترسەوە ڕووەو دەرگای حەوشە چوو بە ئەسپایی کردیەوە و سەری کێشایە کۆڵان. کۆڵان کش و مات و بێ خشپە و

تڕپە بوو. مـــاڵی باوکی لە ئازادییـــە و دوورە، چۆن دەتوانێ بگاتە ئەوێ، تەنانەت ئەگەر بەناو خـاسـەشـدا بڕوا و ڕێگەکـە قـەدبڕ بکات، بەم بارە قـورسـەیەوە هەر زەحـمـەتە «بەس لەخاسە بپەڕمەوە ئیتر بە کۆڵانەکانی پشتەوەی جادە کۆنەکەی سلێمانیدا و بەناو کۆڵانەکاندا خـۆم ئەگـەیەنمە ئازادی و دەچمـە لای دایکم، بزانم ئەوان چی دەڵێن؟» بەڵام پەشیمـان بووەوە «ئەی ئەگـەر لەمـاڵ دەرچووبن؟ ئەی وریا؟ چۆن بێ وریا بڕۆم؟ چۆن یەکـتـر دەدۆزینەوە؟.. نا..نا.. ناڕۆم.. لێرە دادەنیشم تا وریا دێتـەوە..» دەگـەڕایەوە ژوورەوە، دووبارە دەهاتەوە ناو حەوشە، جاروبارێش سەری دەکێشایە دەرەوە و دەیویست تا سەر کۆڵانەکە بڕوا، خۆ ئەگەر بگاتە سەرجادە قیرەکە ئەوە سلاواتی دەوێ، چۆن بوێرێ بڕوا؟ ڕاستە تەقە کەم بووەتەوە، بەڵام فـڕک و هۆڕی ترومـبێل هەر بەردەوامـە، ئەگـەر بیگرن ورگی هەڵئـەدڕن «کێ ناڵێ ئەتکیـشـم ناکەن؟!» کە ئەو خـەیاڵەی بە مێشکدا دەهات، لەشی دەکـــەوتە لەرزین و نوقـــمی ئارەق دەبوو «نـا.. ناڕۆم چاوەڕێی وریا ئەکەم، هەر بێ تاقەتیش بووم خۆم ئەکەم بە مـاڵی مـەلا عـارفـدا.. ئا.. واباشـە.. وریا هەر دێتـەوە.. چۆن دڵی دێت من و ئەم منداڵە بەجێ بێـڵێ.. مـــەگـــەر هەر خـــوا و من بزانین چەن دڵی بەم منداڵە خۆشە.. هەر دێتـەوە!» هەندێ دڵخۆشی خۆی دایەوە و چووەوە ژوورەوە و لە هەیوانەکـەدا بەڕەیەکی داخـست و لەسـەری دانیـشت و پشـتی دا بە دیوارەکـەوە و هەردوو قـاچی لێ درێژ کـرد. وریای بینی بەرەو ڕووی دەهات، هەموو لەشی شەلاڵی خوێن بوو، بەڵام بزەکەی سەرلێوی دەتگـوت مـــانـگی نێـــو پەڵـە هەورێکی چڵکنـە دەدرەوشـێـتـەوە. خـۆی ڕاپێچ دەکـرد، نەیدەتوانی وەکـو جـاران ڕم ئاسـا ڕێـک و ڕاست بڕوا، بەمـــلاو ئەولادا دەهات و دەســـتی لەســـەر سنگی نابوو، لەنێـــوان پەنجەکانیـەوە خوێن بووبوو بە چوار چۆگەلەی بچووک و بەسـەر کـراسـەکـەیدا یەکـیـان دەگـرت و وەک ڕووبـارێکی بچووک بەشەرواڵەکەیدا شۆڕ دەبووەوە تا دەگەیشتە سەر زەوی، بەدەسـتـەکـەی دیکەی چەپکێ نێرگزی گـرتبـوو. ویستی هەڵبسێ و بچێ بە پیریەوە، دەتگوت بە بزمار بە زەوییەکەیانەوە داکوتاوە، نە لەشی دەبزوا و نە دەنگیشی دەردەهات، وریا بە خـۆڕاکـێشـان گـەیشـتـە لای و سـەری خسـتە سەر ڕانی و چەپکە نێرگزەکەی خستە سەر زگی و هەر بەو زەردەخەنەیەوە کە نازەی شەیدا دەکرد گوتی:

– واهاتمەوە بۆ لاتان، چۆن دڵم دێ بەجێتان بێڵم!!

نازەش وەک لێـوەکـانی پێکەوە نووسـابن قـســەی بۆ نەدەکرا، ئەو بۆ وریا ئارامی لەبەر بڕابوو ئیستە بۆ وا لاڵ بووە؟!

وریا زۆر بەزەحمەت سەری بەرزکردەوە و دەمی خستە سەر زگەکەی نازە و ماچی کرد.

– کوڕ بێ یا کچ ناوی بنێ ئالا.

ملی بەلاداهات، نازە قـریشکانی و لە دەنگی خـۆی داچڵـەکی «یارەبی خـوایە خـێـر بێت، خـوایە بەخـێـری بگێـڕیت، خـوایە بەقـوربانت بم ئەوەم لەگـەڵدانەکـەیت» هەمـــــوو لەشی دەلـەرزی و وەک لە حـــەوزی ئـاویان هەڵکێشابێ هەموو لەشی نوقمی ئارەق بـوو و دڵیشی دەتگوت دەهۆڵە تڕپەی دەهات و هەناسەی سوار بووبوو، بەدەم دوعــا و پاڕانەوەوە و ئەو چەند ئایەتە کــەمـــەی لەبەری بوو، هێدی بووەوە و دڵی وردە وردە تڕپەکەی کەم بووەوە و هەناسەی بەڕێک و پێکی بۆ درا. دەستێکی لە زەوییەکە قایم کرد و دەستەکەی دیکەی نا بە دیوارەکەوە و هەستایە سەر پێ و چووە بەر بۆڕیەکە، یەک دوو شەپ ئاوی دا بە دەم و چاویا و هەندێ وێرد و ئایەتی خوێند و هەردوو دەستی بەرزکردەوە بۆ ئاسمان و لە خوا پاڕایەوە وریای بۆ بپارێزێ «خـوایە بە قـوربانت بم ئەوەم لەگەڵدا نەکـەیت و ئالا لە نازی باوکی بێ بەش نەکـەیت و مـاڵم لێ تێک نەدەیت»

ئەو شـەوە بۆ نازە درێژترین شـەو بوو لە ژیانیـدا، هەر دەهات و دەچوو، دەسـتـێکی گـرتبـوو بە پشـتـیـەوە و دەسـتـەکـەی دیکـەی خـسـتـبـووە سـەر زگی، تەقـینەوەی تۆپێک یا گـیـزەی گـوللەیەک و جـار جـارەش دەنگی ترومـبێلێک دایدەچڵـەکاند و گـوێی هەڵئەخست و دڵی دەکـەوتەوە تڕپە تڕپ و لەسـەرخـۆ و بێـدەنگ بۆ لای دەرگـاکـەوە دەچوو و درزێکی بچـووکی تێـدەخـست و تەمـاشـایەکی دەرەوەی دەکـرد، کـە بێ ئومـێـد دەبوو دەگەڕایەوە ناو هەیوانەکە و لەمسەریەوە بۆ ئەو سەر وەک مـاخۆلانی پێکەوتبێ، دەهات و دەچوو «خوایە بەخێری بگێـڕی، خـوایە بە قـوربانت بم ئەوەم لەگـەڵدا نەکـەیت، وریا هیچی لێ نەیەت و بە سەلامەتی بگەڕێتەوە» لەگەڵ یەکـەم گـزنگی ڕووناکی دا کـەوتە خـۆی، بوخـچـەیەکی ئامادە کـرد و هەرچی پێـویسـتی منداڵەکە بوو خسـتیـە ناوی و عـەباکەی دا بەسەردا و بوخچەی هەڵگرت. لەبەر دەرگا هەندێ گوێی هەڵخست، ویستی سەرێک لە ماڵی مـەلا عارف بدات، بەڵام پەشـیـمـان بووەوە « ئەگـەر بڕۆم ڕێم لێدەگرن، منیش هەر دەبێ بڕۆم، بەشکو ماڵی باوکم ســۆراخـــێکی وریام بۆ بکەن» لەدەرگـــا هاتە دەرەوە، ئاورێکی لەمسەر و ئەوسەری کۆڵانەکە دایەوە، کە دڵنیا بوو کـەس بە دەرەوە نیـیـە، ئەوەندەی بۆی کـرا، بە پەلە پەل، بە پەنا دیوارەکەی باخـچـەی «أم الربیـعین»دا ملی

ڕێگەی گرت، بەرەو ژوور تا گەیشتە کۆتایی دیوارەکە. بەرانبەر گۆڕستانەکەی ئەوبەر سکەی شەمەندەفەرە کۆنەکەی کەرکووک- هەولێر، ئێستێکی بۆ کرد، سەیری چوار دەوری خۆی کرد، لە بێدەنگی و ترس و مەرگ زیاتر چیدیکە لەو ڕێ و بانانەدا نەدەبینرا، لەو بێدەنگییە سامناکەی ئەو بەرەبەیانییە زووە دوو سێ تەقە دڵی نازەی داخورپاند، لەودیو دیواری باخچەکەوە بەرەو لای ڕاست هەر سەد مەترێک نازەی لە جادەکەی ڕەحیماوا و لەوێشەوە بیست مەترێک لە ڕۆخی خاسەی جیادەکردەوە، بەڵام بۆ ئەم دەشتێکی پان و بێ کۆتایی بوو و هەر چەندی دەکرد نەیدەوێرا خۆی لێ بدا، دوو سێ جار هات بە دڵیا بگەڕێتەوە و پەشیمان دەبووەوە «جا خۆماڵەوە دوورترە، بەخوا هەر خۆمی لێ دەدەم، خۆ هەر ڕاناوەستم تا لەناو بچم..» دەستی کردەوە بە ڕۆیشتن تا گەیشتە سەر جادەکە، هەر لەوێوە تا دەگەیشتە چوار ڕێیانەکەی خوار «أم الربیعین»، جادەکە چوار ڕێگای لێ دەبێتەوە، بەدەستە ڕاستدا دەچێتەوە ڕۆخ خاسە و بەرەو ناو بازاڕی قۆریە، بەدەستە چەپدا دەچێتەوە شەریکەی نەوت، ڕاستە و ڕاستیش دەگاتەوە تا لم تەپە و گەڕەکی فڕۆکەخانەکە و گاورباغی، ئەم جادەیەی ئەمیشی لێ وەستاوە بەناو تەپەی مەلا عەبدوڵڵادا دەڕوا تا دەگاتە ڕەحیماوا و لەوێوە بۆ هەولێر یان شوان و شێخ بزێنی. سەرنجی جادەکەی دا، لە خوارەوە بۆ سەرەوە هیچی تێدا بەدی نەکرد، چۆڵ و کپ و بێ دەنگ، جاروبار نەبێ تەقەیێ یا دەسڕێژێکی دوور پەردەی بێدەنگییەکەی دەدڕاند.

لە جادەکە پەڕییەوە، بە لێژاییەکەی تەنیشت چایخانەی «سەرچەم»دا شۆڕبووەوە بۆناو خڕی خاسە، لای ماڵی قازیەوە تا پردی «خەبات»ی تەماشا کرد، کەس دیار نەبوو، بە پەلە و بەناو بەردو زیخی خاسەدا ملی نا، لەو شوێنانەی ئاوی تێدا پەنگ خواردبووەوە، جاران لەسەرخۆ دادەنیشت و پێڵاو و گۆرەوییەکانی دادەکەند و بەپێ خاوسی لێی دەدا، ئەمجارەیان بە پێڵاو و گۆرەوییەوە لێیدا تاگەیشتە ئەوبەر، ئەوجا بە کۆڵانەکانی زێویە و عاشووردا ڕووی لە ئازادی کرد، زۆربەی ماڵەکان دەرگایان لەسەر پشت بوو، دەرگای ژوورەکانی هەندێ ماڵیش دیاربوون کرابوونەوە، لە چەند هەیوانێکدا ئەو خواردنەکەی تێکرابوو بخورێ وەک خۆی بەجێ مابوو و مێش و مێروولەی تێ وڕووکابوون. بێدەنگی و سامناکی ئەو بەیانییە زووە و چۆڵی ماڵەکان، ترسێکی تۆقێنەریان لەدڵی نازەدا ورووژاند، بەدەم دۆعاو پاڕانەوەوە ملی ڕێی گرتبوو، تازە ماڵ دوورکەوتەوە و هەر دەبێ بڕوا تا دەگاتە ماڵی باوکی، وردە وردە دەنگی ترومبێل و غەڵبەغەڵب پەیدابوو، ترسەکەی زیادی کرد و هەناسەی سوار بوو و خەریک بوو گوێی لە تەپە تەپی دڵی بێت، وردە ئازارێکی کەمیش پێچی بەزگیا دەهێنا و جاروبار دەستی پێ درێژ دەکرد بۆ ژێر ناوکی و توندی دەکرد، هەنگاوەکانی تا دەهات گورجتر دەکرد، ناوە ناوەش دەستێکی بۆ پشتی دەبرد یان لەبەر مێزەڵدانی قایم دەکرد، بەلارە لار و جاروبار وەستان و پاڵدانەوە بەدیوارەوە تا پشوویەک بدات، گەیشتە لای ماڵی باوکی، هەر لە دوورەوە بینی دەرگای حەوشە لەسەر پشتە، یەکسەر دڵی داخورپا «جا ئەگەر ئەوانیش ڕۆیشتبن قوڕی کوێ بکەم بەسەر خۆما، خۆ تازە ناتوانم بگەڕێمەوە بۆ ماڵەوە، خوایەگیان هەر خۆت کەسی بێ کەسانی..» کە گەیشتە بەردەرگا، ماڵەکە چۆڵ و هۆڵ بوو، کەسیش لە دراوسێکان دیار نەبوون، هەموو دەگاکان لەسەر پشت بوون، تەنیا ماڵی خاسێ نەبێ داخرابوو، بە دۆعاکردن و دڵەڕاوکێوە خۆی کرد بە ماڵدا، سەری کێشایە ژوورەکان، لە ژووری خەوتنەکەی باوکیا سفرە داخرابوو نان و چێشت دانرابوو، بەڵام دەستی لێ نەدرابوو «دیارە هەر لە شەوەوە بۆی دەرچوون» لەمبەر و ئەوبەری جادەی باروتخانەکە سەری بە هەرماڵێکدا کرد کەسی لێ نەبوو سۆراخێکی ماڵی باوکی لێ بکا، ئازاریش تا دەهات زۆری بۆ دەهێنا. لە تاو ئازار و پەژارەی دەروونی خۆی وەک شێت دەیکێشا بەسەر خۆیدا و باوکە ڕۆ و براڕۆ و وریاڕۆی بوو، لەمبەرەوە دەچووە ئەوبەر، لەم دەرگا بۆ ئەو دەرگا، لەم ماڵ بۆ ئەوماڵ «خوایە بە قوربانت بم، ئەم گشتە خەڵکە چییان لێ هات، ئاسمان ڕایکێشان، زەوی قووتی دان، ئاخر بۆ کوێ چوون، بۆ ئاوا ماڵ و حاڵیان بەجێ هێشتووە، خۆ هەموو ماڵەکان بدزرێن کەس نییە بڵێ بۆ وا دەکەیت، خوایەگیان ئەمە چییە من دەیبینم، بڵێی من نەمردبم و ئەمە ڕۆژی حەشر نەبێت و خەڵک هەمووی دوای یا جووج و ماجووج کەوتبن.. ئەمە چییە خوایە..؟» لە پڕ خاسێی بینی بە کۆڵێکەوە لە ماڵی حاجی قادری زێڕەنگەر هاتە دەرەوە، بەدوایدا کەریمە گێلی مێردیشی هات، ئەویش لە ژێر کۆڵێکی زۆر قورسدا چەمابووەوە «باشە خۆ من تەماشای ماڵی حاجیم کرد، ئەی چۆن خاسێم نەبینی، هاها کەریمەگێل، خۆ خاسێ دەیگوت چوار مانگە لەناو جێ کەوتووە و لەسەرە مەرگدایە، دەک بە حەرامتان بێت و وەک ژەهری مار بتانتۆپێنێ، ئاخر پیرەژنە وەچاغ کوێرە تۆ ماڵی عالەمت بۆچییە، دەک خوا غەزەبت بەسەردا ببارێنێ و لەوە خراپترت لێ بکا..»

خاسێ کە چاوی بەنازە کەوت شڵەژا، ئاوڕێکی دایەوە ویستی کەریم ئاگادار بکاتەوە نەیەتە دەرەوە بۆیە بە دەنگی بەرز قسەی کرد:

– ئەوە بەم ئاگر بارانە چی ئەکەیت؟ هەی قژت بە برین چێ!

ئەوە چۆن گەیشتیتە ئێرە؟!

بەڵام کار لەکارترازابوو، کەریمەگێل بەخۆی و کوڵەکەی پشتیەوە بەنقەنق لەماڵی حاجی هاتە دەر.

نازە بە تەوسەوە وەڵامی دایەوە:

– من چی ئەکەم خاسێ یان تۆ؟

– نا خوشکم خراپ لێم تێ مەگە، ئەڵێم بۆ ماڵی عالەم عەسکەر و عەرەب بیبەن، خوا هەڵناگرێ، چەن ساڵ ڕەنجیان داوە و ماڵیان پێکەوە ناوە، خۆت ئەزانی حاجی قادر بەدەم نەخۆشی سیلەوە شەو و ڕۆژ هەر خەریکی کاسبی بوو.

– خێرت بنووسێ، باشە ئەی تۆ چی لەماڵەکەی ئەکەیت؟

خاسێ هەستی کرد نازە بڕوای پێ ناکا و بەتەوسەوە قسەی لەگەڵدا دەکات، بۆیە بە تەواوی شڵەژا و نەیزانی چی بڵێت:

– من... من ئەشیاکان ئەبەمە ماڵی خۆمان، شتە گرانبەهاکان، زەخیرە، هەمووی لای خۆم هەڵیان ئەگرم تا لەسەر خێر ئەگەڕێنەوە، خۆ ئێمە عەسکەر و مەسکەر نایەتە سەرمان، خۆم و ئەو پیرەمێردە پەککەوتەین.

نازەش هەر بە تەوسەوە

– دیارە پەککەوتەیە، دەی خواخێرت بنووسێ.

پاشان لە خاسێی پرسی:

– ئەی ماڵی باوکم؟!

– بەخوا دایکم دەستم لێ نەداوە... بۆ ماڵی باوکت هیچیان هەیە؟!

– کچێ من ئەوە ناڵێم، باشیش ئەزانم هەردەسێکت پیاداهێناوە، من ئەپرسم بۆ کوێ چوون؟!

– بەخوا دایکم من نازانم، خۆم و پیرەمێردەکە دەرگای خۆمان داخستووە و هەقمان بەسەر کەسەوە نییە.

نازە گوێی نەدایە درۆکانی خاسێ و لێی پرسییەوە:

– باشە نازانی کەی ڕۆیشتن، بۆ کوێ ڕۆیشتن، لەگەڵ کێ؟

– نە بەخوا کەریم بمرێ نازانم.

لە پڕ برووسکەیەک لەناو زگیەوە هەڵساو پشتی دا بە دیوارەکەوە و هەردوو دەستی لەبن زگی قایم کرد و لێوی خۆی کرۆشت. خاسێ بێ ئەوەی پرسیاری لێ بکا چییەتی یا ئاوڕی لێ بداتەوە، کوڵەکانی بردە ژوورەوە و دەرگای پێوەدا، «ئەیەڕۆ لەو ژنە، خۆ هەر پرسیارێکی لێ نەکردم و نەیوت چیتە.. دەک خوا بە قەد دڵی خۆت بداتێ..»

لەسەر جادەی باروتخانەکە ڕاوەستا، نەیدەزانی چی بکاو ڕوو لە کوێ بکا، تازە ناتوانێ بگەڕێتەوە ماڵی خۆیان و هانا بۆ دایە نەعیمە بەرێ، تەقە و گرەگرێ ترومبێلیش تا دەهات زیادی دەکرد و هێمنی شاری دەشڵەقاند. ویستی خۆی بکا بە ماڵی باوکیا و لێی دانیشێ «باشە بە تەنیا چی بکەم، ئەگەر لێم قەوما کێ بەهانامەوە دێت.. خاسێ؟!»

شار دەتگوت گۆڕستانە، زیندەوەری تێدا نەمابوو، پیر و پەککەوتەکانیش لە ترسانا خۆیان حەشاردابوو و نەیاندەوێرا سەر بێننەدەرەوە. خەڵک هەموو ماڵ و حاڵیان بەجێ هێشتبوو فریای دەرگا داخستنیش نەکەوتبوون، هەرکەس دەیگوت سەرسەلامەت بێ ماڵی دنیا دەبێتەوە. سوپا و عەشایەری عەرەب و فەلەستینییەکان بەربوونە ماڵە کوردەکان و بەزیلی سەربازی دەیانگواستەوە، بەڵام موجاهیدین وەک تۆڵەی باوک و باپیرانیان لە کورد بکەنەوە، لەو ڕۆژەدا زۆر لە سوپای عیراق دڕندانەتر و بێ ویژدانتر کەوتبوونە وێزەی ئەو خەڵکە بێ دەسەڵاتە، ئەوەی بەردەستیان دەکەوت، ژن بوایە یان پیاو، زۆر نامەردانە دوای کوشتن ورگیان هەڵدەدڕین و چاویان دەردەهێنان، تەنانەت لە منداڵیش دەستیان نەدەپاراست، هەندێک لەو منداڵە کوردانەی لە قەرە هەنجیر گرتنیانن، دوای کوشتن و چاو هەڵکۆڵین، بەستیانن بە پێشی دەبابەکانیانەوە، وەک لەشکرێکی زۆر گەورەیان شکاندبێ، بە شانازییەوە تەماشای ئەو تەرمە بچکۆلە و بێ گوناهانەیان دەکرد.

نازە هەموو ئەمانەی بیستبوو، بۆیە زەندەقی چوو بوو و نەیدەزانی بۆ کوێ بڕوات، بچێتە ماڵی باوکی، یان ئەویش وەک ئەو خەڵکە ڕێی هات و نەهات بگرێتەبەر، ورياش بەجارێ بزر بوو، ئەی پێشمەرگە؟!

کە ناوی پێشمەرگەی بەبیرداهاتەوە، دڵی کەمێک هێور بووەوە، بەڵام خۆ ئەوانیش شەوی پێشوو شاریان بەجێ هێشتبوو و ئەو خەڵکەیان دابووە دەست قەدەرێکی بێ بەزەیی و دڕندە. هەندێ داما و بیری کردەوە ئەوجا ئەویش بەخۆی و ئازارەکەیەوە بەناو زوورگ و هەڵەتەکانی لای ڕاستی باروتخانەکەدا ملی ڕێگەی گرت بەرەو جادەکەی سلێمانی ئازارەکەی تا دەهات توندتر دەبوو «خوایە بە قوربانت بم ئەمە وەختیەتی، ئاخر من چی بکەم و هانا بۆ کێ بەرم..!!» کە گەیشتە نزیک جادەکە، ئاپوورەی خەڵک ڕێچکەیان بەستبوو، کەس

ئاگای لە کەس نەبوو و کەسیش ئاوڕی لە کەس نەدەدایەوە، هەرکەسە و بە کۆڵ و باری پشتیانەوە دەستی منداڵەکانیان گرتبوو و دەڕۆیشتن، جار جارە سەریان بەرز دەکردەوە بەرەو ئاسمان، ئیتر کەس نەیدەزانی دۆعا دەکەن و لە خوا دەپاڕێنەوە، یان چاو بۆ تەیارە و هەلیکۆپتەر دەگێڕن گەیشتە سەریان یان نەء؟ کێ تاقەتی ئەوەی هەبوو بزانێ یان بپرسێ ئەو خەڵکە بۆ سەر بۆ ئاسمان بەرز دەکەنەوە. نازە بە هەر دەردە سەرییەک بوو تا کوێرەکە ڕۆیشت، ئیتر پەکی کەوت و چیتر قاچەکانی بەدوایدا نەهاتن و وەک دوو منداڵی چەتوون لێی یاخی بوون، ئازاریش زۆری بۆ هێنا، لە قەراغ جادەکە پشتی دا بە گردۆڵکەیەکەوە و دانیشت و هەردوو قاچی درێژ کرد.

سەرەڕای ئێش و ئازاری خۆی چاوی بڕیبووە جادەکە بەشکو ناسیاوێ ببینێ یارمەتی بدات «چۆن قوڕم کرد بەسەر خۆما، ئیستا لە ماڵەوە بوومایە دایە نەعیمە بەلامەوە دەبوو و منداڵەکەشم دەبوو ئاگای لە هەردووکمان دەبوو تا وریا دەگەڕایەوە، ئاخر من بۆ بە قسەی وریام نەکرد و لەماڵ هاتمە دەر، بەم ڕۆژی حەشرە چی بکەم و کێ فریام دەکەوێ؟! خۆ ئەگەر موجاهیدین بگەنە سەرم ورگم هەڵدەدڕن و منداڵەکەشم ئەکوژن.. خوایە خۆت کەسی بێ کەسانی ڕەحمم پێ بکە» لەتاو ئازار و ماندوویەتی و بیرکردنەوە نوقمی ئارەق بوو بوو، ئەوەندەش زۆری لەخۆی کردبوو لێوی خۆی کرۆشتبوو تا هاوار نەکات، خوێن لە لێویەوە دەتکا.

لەکەندەکەی لای چەپیەوە، بەدیوی چیمەندا، ترومبێلێک وەستابوو و پیاوێکیش خەریکی بوو، دەیویست دەرگاکەی بکاتەوە و دەچووە دواوە هەوڵی دەدا سندووقی پشتەوە بکاتەوە، لەبەر ئێشی خۆی ئاگای لە تۆپ و تەیارە و ڕەوی خەڵک نەبوو. نازە وەک لە بیابانێکی بێ کۆتاییدا کانیاوێکی دۆزیبێتەوە، دڵی هێور بووەوە و هاواری لێکرد:

– برا ببیکە لە ڕاهی خوا یارمەتیم بدە و لەگەڵ خۆت ببە.

کابراش بێ ئەوەی دەست لە ئیشەکەی هەڵبگرێ، یان سەیری ئەو ژنە بکا لەژێر لێوەوە گوتی:

– نابینی من خەریکم..

نازەش بە پاڕانەوەوە گوتی:

– خەریکی چیت برا، من وا خەریکە ئەمرم.

– جا چیت لێ بکەم، ئەمری نامری کەیفی خۆتە، خۆ تۆ لەو هەموو خەڵکەی مردن، زیاتر نیت.

نازە بێ ئەوەی گوێ بداتە قسە تفت و تاڵەکانی پرسی:

– ئەی ترومێلەکەت چییەتی؟

– من ترومبێلم کوا؟ نازانم ئەمە هی چ سەگبابێکە وا لێرە بەجێی هێشتووە، ئاخر کەس هەیە ترومبێلی وا نازدار بەجێ بێڵێت، لەم ڕۆژەشدا... ها..

– ئەی تۆ چی لێ ئەکەیت؟

– من.. تۆڵەی ئەو بێ ئەقڵیەی لێ ئەکەمەوە.

نازە بەدەم ئازارەوە گوتی:

– ئەوە ماڵی موسڵمانانە برا، دەستی لێ مەدە و برای باش بە وەرە فریام کەوە.

– ئەی من موسڵمان نیم، دوایی فریای چیت کەوم خۆ من نە دکتۆرم نەمامان.. های های سەیرە وەڵڵا.

هەرچەندی دەکرد دەرگای ترومبێلەکەی بۆ نەدەکرایەوە و ئەو هەموو مشت و مڕەشی لەگەڵ نازەدا کرد بێ ئەوەی واز لە هەوڵەکانی بهێنێ، پاشان دەستی دایە بەردێکی گەورە و کێشای بە جامی سەیارەکەدا و شکاندی و دەرگاکەی کردەوە، ئەوجا وەک لەگەڵ دۆستێکی دێرینی قسە بکا، لەسەرخۆ گوتی:

– ئەوە بەنزینی نەماوە بۆیە بەجێی هێشتووە، ئەڵێم خوایە ئەم کابرایە چۆن دڵی هاتووە ئەم ترومبێلە تازەیە لەم کەندە بەجێ بێڵێ.

لە پڕ زرمەی تۆپێک قسەکانی بەکابرا بڕی، چوار پێنجێکی دیکە لەملاو ئەولای جادەکە دایان بەزەویدا، دوو هەلیکۆپتەریش بەری ئاسمانی ئەو ناوەیان گرت. کابراش هەرچەندە زرمەی تۆپەکان قسەکەی پێ بڕی، بەڵام هەر ترومبێلەکەی بەجێ نەهێشت و بەپارچە ئاسنێک سندووقی پشتەوەی کردەوە و جەگ و ئیسپانەی لێ دەرهێنا و کەوتە وێزەی تایەکان.

نازە دووبارە هاواری لێ کردەوە:

– برا ببیکە لە ڕاهی خوا فریام کەوە، ئەرێ تۆ ئیسلام نیت، بەشەر نیت هیچ ڕەحمێکت لە دڵدا نییە؟!

کابرا دیار بوو زۆر توورە بوو، نەڕاندی بەسەر نازەدا:

– ئەرێ کوێریت، چاوت لێ نییە چەند سەرم قاڵە و پڕ ئیشم، ئاخر چیت لێ بکەم... ها

زرمەی چەن تۆپێک نازەی داچڵەکاند و بۆ ساتێکی کورت ترس جێی بە ئازار لەق کرد، لەپڕ هەستی بە لینجیەک کرد لەنێوان هەردوو ڕانیەوە دەهات و دەرپێکەی تەڕ دەکرد. دەستی برد بۆ ناو گەڵی و وردە وردە بەدزیەوە دەرپێکەی هێنایە خوارەوە تا سەر ئەژنۆی و کراسەکەی دا بەسەریا و وەک بە بەرچاوی پیاوێکی غەریبەوە تاوانێکی گەورەی کردبێت و بیەوێ پاساو بۆ خۆی بهێنێتەوە، لەبەر خۆیەوە گوتی: «کێ ئاگای لەمنە،

خەڵک لە تاو ڕۆحیان ئاگایان لەخۆیان نییە چ جای من» لەگەڵ زرمەی تۆپێکی دیکەدا داچڵەکی و بستێ لە عەرز بەرزبووەوە و شتێکی لێ کەوتە سەر زەوی و لە پڕ گریانێکی ناسکی کەوتە بەرگوێ.

هەموو ئێش و ئازاری ئەم دنیا بێ فەڕە بوو بە سۆز و خۆشەویستی و هیچی لەبەر چاو و گوێدا نەما، ئەو گریانە ناسکە نەبێ کە دەتگوت جریوەی مەلایەکەتەکانی ئاسمانە، دەستی برد هەڵی بگرێ و بینێ بە سنگیەوە و ژیری بکاتەوە «ئەی ناوکەکەی بەچی ببرم..؟»

ئاوڕێکی لەکابرادایەوە، سێ تایەی لێ کردبووەوە و خەریکی چوارەم بوو. «تۆ تەماشاکە، بەم ئاگر بارانە ئەم کابرایە ئەڵێی ڕۆحی خۆی دۆزیوەتەوە، ئاخر ئەمڕۆ ڕۆژی دزییە هەی خوا لە ناوت ببا..»

– کاکە بە قوربانت بم چەقۆیەکت لا نییە؟

– نا... نا.. ڕەشاشم هەیە.. چەقۆیەکت لا نییە... قسەی قۆڕ.

– دەپارچەیەک لە جامی ترومبێلەکەم بۆ هەڵدە بە قوربانت بم. کابرا بێ ئەوەی خۆی تێک بدا یا دەست لە ئیشەکەی هەڵبگرێ، تەنانەت وەڵامی نازەشی نەدایەوە و لێشی نەپرسی چەقۆ یان جامی بۆ چییە، دەستی برد پارچەیەک جامی بۆ هەڵدا.

«خوایە بە قوربانت بم لێم مەگرە، ئەزانم ماڵی حەرامە، بەڵام چارم نییە» دەستی درێژ کرد، پارچە جامەکەی هەڵگرت و ناوکی منداڵەکەی پێ بڕی، کەنای بە سنگیەوە، هەموو دنیای و تۆپباران و عەسکەر و موجاهیدین و ئازارەکەی خۆیشی لەبیرچووەوە، ترس و ڕق و ئازار کۆچ و باریان لە دەروونی نازەدا پێچایەوە و لەجێی ئەوان هیوا و ڕووناکی هەواریان هەڵدا. هەستی کرد لەشی سووک بوو، لە درزی کراسەکەیەوە

مەمکی دەرهێناو بە سوخمەکەی داپۆشی و گۆکەی نایە دەمی منداڵەکە و تەکانی دا بەخۆی و هەڵسا وردە وردە لە کابرا دوورکەوتەوە.

دیسانەوە زرمەی تۆپ دەستی پێکردەوە، یەک دووانێکیان زۆر نزیک بوون و تەپ و تۆزێکی چڕیان لە پشتیەوە هەڵسان. توند منداڵەکەی نووساند بەسنگییەوە «خۆزگە باوکت لێرە دەبوو، ئای خوایە کە دڵی پێت دەکرایەوە، ئەزانی لە کەیەکەوە چاوەڕێی تۆ دەکا...؟!» هاتنی هەلیکۆپتەرەکان و گرمە و زرمەی تۆپ و مووشەک، ئەندێشە و خەیاڵەکانی نازەی لەناو قەددا پچڕاند و هێنایەوە ناو ڕۆژی حەشرەکە، لەدواوە گڕێکی سوور بەرز بووەوە و لەسەرەوە بوو بە چڕە دووکەڵێکی ڕەش، کە ئاوڕی دایەوە ترومبێلەکە بوو دەسووتا، ویستی بگەڕێتەوە سەر کابرا بزانێ ماوە، یان ئەویش پێوە بوو، زرمەیەک و دووان لە نزیک خۆی دایان بە زەویدا، زرمەکان ئەوەندە گەورە و نزیک بوون، هەستی کرد پەردەی گوێچکەی تەقین، ویستی دەست ببا هەردوو گوێچکەی داپۆشێ، منداڵەکەی لە دەس کەوتە خوارەوە، خۆی لەبیر چووەوە و دەستی برد منداڵەکەی هەڵبگرێتەوە، تۆپێکی دیکە لەولایەوە دای بە زەویدا، ئەوەندە نزیک بوو دەتگوت بۆ ئەویان تێگرتووە. لە تاو گیانی خۆی بۆ ساتێک منداڵەکەی لەبیرچووەوە و چەند هەنگاوێک ڕایکرد و توند هەردوو دەستیشی هەر بە سنگیەوە بوو، کە هاتەوە هۆش خۆی دەستی بەتاڵ بوو، بەناو تۆپبارانەکەدا گەڕایەوە بۆ لای منداڵەکە، دوو، سێ، چوار، تۆپی دیکە ڕێگەیان پێ گرت و دووبارە ڕایکردەوە و ویستی خۆی لەتۆپەکان دووربخاتەوە، دیسان گەڕایەوە، چەند هەنگاوێک لەو لایەوە تۆپێک و دووان دایان بەزەویدا و هەستی کرد دەرزی ئاژەن کرا، ویستی دەس ببات بۆ لەشی و بزانێ چی بوو، دەستی بۆ ڕاست نەکرایەوە، قاچەکانیشی پەکیان کەوت و توانای هەڵگرتنی ئەمیان نەما و لەجێی خۆی گرمۆڵە بوو. سەری بەرزکردەوە بۆ لای منداڵەکەی، چەند سەگێکی بەرەڵڵای بینی تێی وڕووکابوون، ویستی هاوار بکات و تەکان بدات، لەشی بۆ بەرز نەکرایەوە و دەنگیشی وەک دوو دەستی بەهێز لە بیناقاقای گیرا بێ هەرچەندی دەکرد دەرنەدەهات، ویستی بەزگەخشکێش بێت خۆی بۆ لای منداڵەکە بخشێنێ و سەگەکانی لێ دووربخاتەوە. هەستی کرد وەک شاخێک بەسەر پشت و سنگیەوە بێت، نەخۆی بۆ بەرز دەکرایەوە و نە باشیش هەناسەی بۆ دەدرا، چۆڕاوگەی خوێن کۆمێکی لە پاڵیەوە دروست کرد و لەگەڵ خۆڵەکەی زەویدا تێکەڵ دەبوو و ڕەش دادەگەڕا. وردە وردە بەرچاوی لێڵ و تەماوی دەبوو و سەری گێژی دەخوارد و نەیدەتوانی ڕاییگرێ و بەسەر ملیا شۆڕ بووەوە.

زۆر بەزەحمەت چاوی بۆ کرایەوە، سەگەکان لەبەر چاوی وەک خولخلۆکە دەسووڕانەوە و تێکەڵ بە دووکەڵە ڕەشەکە دەبوون و ڕەشاییەکی گەورەیان دروست دەکرد. لەو ساتەدا هەموو ئاسمان و دنیا و مرۆڤایەتی لەبەر چاوە لێڵ و تەماوییەکانی نازەدا بوون بە سەگێکی ڕەشی گەورەی چاو سوور و لە کەڵبەکانییەوە تک.. تک خوێن دەتکایە سەر جەستە بچکۆلەکەی سەر زەوی.

**هەولێر – ١٩٩٧/١/٦**

# بوڵەسەگ

ئارسەر میللەر
و/ لە ئینگلیزییەوە:
عەباس عەولا عومەر

«بوڵەگوجیلەی بەڵەک ڕەش، هەریەکەی بە (٣) دۆلار» ئەم ئاگاداربیە کورتەی لە ڕۆژنامەکە بینی. ئەو لە کاری بۆیەی خانوو دە دۆلارێکی هەبوو. کە هێشتا لای خۆی بوون، بەڵام ئەوان هەرگیز سەگ لەماڵەکەیاندا نەبووە. باوکی لە سەرخەوێکی درێژدا بوو کە ئەو بیرۆکەی بە مێشکدا هات، دایکی لە نێوەڕاستی یاری بریج-دا بوو کاتێ پرسی پێ کرد ئاخۆ کارێکی وا باشە بیکات. دایکی بێئاگا لەو شانی هەڵتەکاندن و کاردێکی فڕێ دا. لە دەوری خانووەکە دەڕۆیشت دەیەویست بڕیار بدات، بیری کردەوە چاکترە پەلە بکات. پێش ئەوەی کەسێکی تر گوجیلەکە ببات. لە خەیاڵی ئەودا تەنیا یەک گوجیلە هەبوو کە ئەوەیش هی ئەوە- گوجیلەی ئەو بوو، گوجیلەکەش ئەمە دەزانێت. ئەو نەیدەزانی ئاخۆ شێوەی بوڵەگوجیلەی بەڵەک چۆنە، بەڵام لەوەدەچێ بەهێز و دڕ بێت. ئەو سێ دۆلارەکەی هەیە، سەرباری ئەوە دڵگران بوو بەوەی بیر لە خەرجکردنی بکاتەوە کاتێ ئەوان کێشەی بێ پارەییان هەبوو، باوکی جارێکی تر ڕووی لە ئیفلاسبوون بوو. کورتە ئاگاداربیەکە باسی ژمارەی گوجیلەکانی نەکردبوو ئاخۆ چەندن. لەوانەیە تەنیا دوو یا سێ گوجیلە بن. لەوانەیە تا ئەوکاتە کڕدرابن.

ناونیشانەکە لە شەقامی شێمەرهۆرن بوو، کە هەرگیز پێشتر نەیبیستبوو. تەلەفۆنی کرد پیرەژنێکی دەنگ گڕ بۆی ڕوون کردەوە کە چۆن بگا بەشوێنەکە و لەسەر کامە هێڵی شەمەندەفەر دەگا. ئەو خۆی لە کەرتی میدوود دەهات. ئەمجا بۆ سەر بەرزە ڕێگای کەلڤەر کە دەبووایە لە شەقامی کەنیسە هێڵەکەی بگۆڕیبایە بۆ شەمەندەفەرێکی تر. ئەمانەی هەموو لای خۆی نووسی بۆ پیرەژنەکەی خوێندنەوە. سوپاس بۆ خوا. تا ئێستاش گوجیلەکانی ماون. لە کاتژمێرێک زیاتر دەخایەنێ، بەڵام شەمەندەفەرەکە تەواوێک چۆڵ بوو، یەکشەمان وایە، لەگەڵ سروە بای پەنجەرە چوارچێوەدارەکانی لە سەر شەقامەکە ساردتر بوو. لە خوارەوە لە گۆڕەپانە چۆلەکاندا دەتوانێ ژنە بە تەمەنە ئیتاڵیاکان ببینێ. سەریان بە سەرپۆشی سوور داپۆشیبوو، چەمابوونەوە و بەریاخەکانیان پڕ کردبوو لە گولە داندلیۆن. برادەرە ئیتاڵییەکەی لە خوێندنگا پێی وتبوو ئەمە بۆ سەلاتە و شەرابە. بیری هاتەوە جارێکیان کاتێ لە بەری چەپ یاری دەکرد لە گۆڕەپانێکی نزیک ماڵەکەیاندا هەوڵیدا یەکێکیان بخوات، بەڵام تاڵ و سوێر بوو وەک فرمێسک. کۆنە شەمەندەفەری لە دار کە باری لەسەرنەبوو لەسەرخۆ دەهەژایەوە بە تەقەتەق لەو ئێوارە گەرمەدا ڕۆیشت بەرێوە. بەسەر کۆڵانێکدا تێپەڕی پیاوەکان لەنێو گەراجی ماڵەکانیان ئاویان دەپرژاند بە سەیارەکانیان دەتگوت بە ڕاست فیلن. تۆزیش بە ئەسپایی بە هەوادا بەرز دەبووەوە.

گەڕەکەکەی دەوروبەری شەقامی شێمەرهۆرن سەرسوڕهێن بوو، تەواوێک



جیاواز بوو لەوەی خۆی لە میدوود. خانووەکان لێرە هەمووی لەبەردی قاوەیی دروست کرابوون، هەرگیز وەک تەختەدارەکانی کۆڵانەکەی ئەوان نەبوو، کە تەنیا چەند ساڵێک پێشتر دروست کرابوون، یا کۆنترینیان دەگەڕایەوە بۆ بیستەکان. تەنانەت شۆستەکانیش کۆن بوون، کە بە بەردی چوارگۆشەی گەورەبوون لە بری چیمەنتۆ، هەندێ پنتکە گیا لە کەلێنی نێوانیاندا ڕوابوون ئەو دەتوانێ بڵێ کە هیچ جووێک لێرە نەژیاوە، لەبەر ئەوەی زۆر هێمن بوو، هەروەها بێ چالاکی بوو، تەنانەت تاکە یەک کەسیش لە دەرەوە دانەنیشتبوو خۆی دابێتە بەر ڕۆژ. ژمارەیەکی زۆری پەنجەرە والابوون، خەڵکێکی ڕوخسار سارد پاڵیان دابووە سەر ئەنیشکەکانیان، چاویشیان بڕیبووە دەرەوە، پشیلەکان لەسەر هەندێ لە پەروازەکان ڕاکشابوون، زۆر لە ژنەکان بە مەمکدانەکانیانەوە پیاوەکانیش بە بەرگی ژێرەوە بە تەمای نەرمە بایەک بوون لێیان بدات. دڵۆپە ئارەقی بە پشتدا دەهاتە خوارەوە، نەک تەنیا لەبەر گەرماکە بەڵکو لەبەر ئەوەی بۆی دەرکەوت کە ئێستا ئەو تاکەکەسە خوازیاری سەگەکە بوو، کاتێ دایک و باوکی لە ڕاستیدا هیچ ڕایەکیان لەسەر نەبوو، براکەی کە لەو بەتەمەنتر بوو، پێی گوتبوو «تۆ چیت، شێتی، تا ئەم پارە کەمەی هەتە لە گوجیلەیەکی خەرج بکەی؟ کێ دەزانێت ئاخۆ باش دەبێت؟ پاشان چی دەرخوارد دەدەیت؟» بیری لە هێسکان کردەوە، براکەشی کە هەمیشە دەیزانی چی ڕاستە و چی هەڵەیە، هاواری لێ هەڵسا، «هێسک! ئەمانە هێشتا ددانیان نەهاتووە!» منگەیەکی کرد باشە کەواتە شۆربای دەدەمێ. «شۆربا! چی شۆربا دەدەیت بە گوجیلە؟». لە پڕێکەوە بینی گەیشتووە بە ناونیشانەکە. لەوێ ڕاوەستا بوو، هەستی کرد بڕیارەکەی هەڵدەوەشێتەوە، زانی کە ئەمە هەمووی هەڵەبوو، وەک یەکێک لە خەونەکانی یا درۆیەک زۆر گێلانە هەوڵی دابوو وەک ڕاستی پێشانی بدات. لێدانی دڵی زیادی کرد هەستی کرد کە سوور هەڵدەگەڕێت زیاتر لەنیوە یا نیوەی کۆڵانێکی بڕی. تاقە کەسێک بوو لە دەرەوە، لەگەڵ ئەو خەڵکەی لە هەندێک لە پەنجەرەکانەوە سەیری ئەویان دەکرد لە شەقامە چۆلەکەدا دەڕۆیشت، بەڵام پاش ئەوەی ئەم هێندە دوور ڕۆیشتووە چۆن دەتوانێ بچێتەوە ماڵەوە؟ واپێدەچوو چەندان هەفتەیە یا ساڵێک دەبوو ئەو لە سەفەردا بووە. ئێستاکەش بە تونێلدا بگەڕێتەوە بێ هیچ شتێک. هیچ نەبێ بە لایەنی کەمەوە دەبێ سەیرێکی گوجیلەکان بکات، گەر پیرێژنەکە ڕێی پێدایە. ئەو لە کتێبی زانستەکان بەدوایدا گەڕابوو، کە دوو لاپەڕەی بە پڕاوپڕی وێنەی سەگ بوون، جا لەوێ بوڵە سەگێکی سپی ئینگلیزی هەبوو دوو قاچی پێشەوەی چەمابوونەوە، هەروەها ددانەکانی کە لە شەویلگەی خوارەوەی دەرپەڕیبوون، هەروەها بوڵەسەگێکی بۆستۆنی ڕەش و سپی، لەگەڵ بوڵەسەگێکی لمووز درێژ، بەڵام وێنەی بوڵەسەگی بەڵەکیان تیادا نەبوو. تۆ گەر بێیتەوە سەر ڕاستی، لە ڕاستیدا هەموو ئەوەی ئەو دەیزانی دەربارەی بوڵەسەگی بەڵەک ئەوە بوو کەوا سێ دۆلاری تێدەچێ، بەڵام ئەو هەر هیچ نەبێ دەبێ تەماشایەکی بکات، گوجیلەکەی ئەوە، بۆیە گەڕایەوە خوارەوەی کۆڵانەکە و زەنگی دەرگای ژێرزەمینەکەی لێدا، وەک چۆن ژنەکە بەوی وتبوو بیکات. دەنگەکە زۆر گەورە بوو ترساندی، بەڵام هەستی کرد گەر ڕابکات و ئەویش بێتە دەرەوە زیاتر شەرمەزارتری دەکات، بۆیە لەوێ ڕاوەستاو ئارەقەی بەسەر لێوەکاندا دەهاتە خوارێ.

دەرگای ژوورەوە کە نەویتر بوو لەبەر دەرگاکە کرایەوە، ژنێک هاتە دەرەوە و لە پشتەوەی شیشە تۆزاویەکانی دەرگای دەرەوە سەیری ئەوی کرد. جۆرێک بەرگی نوستنی ئاوریشمی پەمبەیی کاڵی لەبەربوو، بەیەک دەستی گرتبوونی، قژێکی ڕەشی درێژی هەبوو تا سەرشانەکانی هاتبوو. نەوێرا ڕاستەوخۆ سەیری ڕووی بکات، بۆیە نەیتوانی بە تەواوی بزانێ شێوەی چۆن بوو، بەڵام هەستی بە گرژی ئەو دەکرد کاتێ لە پشت دەرگا داخراوەکەی دەرەوەی وەستا بوو. هەستی کرد ئەو خەیاڵی ئەوە ناکات بۆ زەنگی ئەو لێدەدات بۆیە هەر بەخێرایی لێی پرسی ئاخۆ ئەو کەسەیە کە ئاگاداریەکەی بڵاوکردبووەوە، ئەها! یەکسەر هەڵسوکەوتی گۆڕا، شیشی دەرگاکەی دەرکێشا و دەرگاکەی کردەوە. لەو کورتتر بوو بۆنێکی تایبەتی هەبوو، وەک تێکەڵەیەکی شیر و هەوای گرمخاو. بەدوای ژنەکە چووە ناو ئەپارتمانەکە، زۆر تاریک بوو زۆر بە ئاستەمی شتی بۆ دەبینرا، بەڵام گوێی لەنووزەی بەرزی گوجیلەکان بوو. ژنەکە دەبوو هاوار بکات تا لەو بپرسێ ئاخۆ لە کوێ دەژیا و تەمەنیشی چەند بوو، ئەمیش کاتێ پێی ڕاگەیاند کەوا سێزدە ساڵانە دەستێکی خستە سەر دەمی و وتی: ئەو بە گوێرەی تەمەنی زۆر درێژە، بەڵام ئەو تێنەگەیشت بۆچی ئەمە بۆ ئەو پێدەچوو جێی شەرمەزاری بێت، مەگەر ژنەکە وای خەملاندبێ ئەو پازدە ساڵان بووبێ، وەک خەڵکی هەندێ جار وایان مەزەندە کردبوو، کەچی سەرباری ئەوە، بەدوای ئەودا ڕۆیشت بۆ ناندینەکە، لە پشتەوەی ئەپارتمانەکە، کە دەکرا دەوروبەری خۆی ببینێت، بۆ چەند خولەکێک توانی لەبەر ڕۆژەکە نەمێنێ. لەنێو سندووقێکی گەورەی کارتۆن کە

زۆر بە نارێکی بڕدرابوو بۆ ئەوەی تەنکتر بێ سێ گوجیلە و دایکیانی بینی، کە سەری بەرزکردەوە لەوی دەڕوانی کلکیشی لەسەرخۆ بەم لاو بەولادا دەلەقاند. ئەو باوەڕی نەکرد کە ئەوەی دەیبینێ بولەسەگ بێت، بەڵام نەوێرا ئاوەها بڵێ. تەنیا سەگێکی قاوەیی بە پنتی بچووکی ڕەش لەگەڵ کەمێک هێڵ لێرەو لەوێ. گوجیلەکانیش هەمان شێوە بوون. ئەو شێوەی شۆڕبوونەوەی گوێچکە بچووکەکانیانی بە دڵ بوو، بەڵام ئەو بە ژنەکەی وت دەخوازێ گوجیلەکان ببینێ، بەڵام هێشتا بڕیاری لەسەر نەداوە. بە ڕاست نەیدەزانی پاشان چی بکات. جا بۆ ئەوەی وا دەرنەکەوێت کە گوجیلەکان نانرخێنێ و لای ئەو گرنگ نین، پرسی ئاخۆ پێی ناخۆش نییە گەر یەکیان هەڵگرێ. ژنەکە وتی: ئەمە شتی چاکە خۆی دانەویەوە بۆ سندووقەکە و دوو گوجیلەی هەڵگرتن و لەسەر موشامایەکی شینی دانان. ئەمانە لە هیچ بولەسەگێک ناکەن ئەو پێشتر بینیویە، بەڵام ئەو زۆر شەرمگیر بووبوو تا بەو بڵێ کەوا لە ڕاستیدا ئەو خوازیاری هیچێکیان نەبوو. ژنەکە یەکیانی هەڵگرت وتی: «ئەوەتا» و خستییە کۆشی ئەو.

ئەو هەرگیز پێشتر سەگی هەڵنەگرتبوو ترسا لە کۆشی ئەو دەرپەڕێ، بۆیە بە دەستەکانی لە باوەشی گرت لەسەر پێستەی گەرم بوو زۆریش نەرم هەروەها قێزەونییەکی ورووژێنەرانە. چاوەکانی خۆڵەمێشی بوون وەک قۆپچەی وردیلە. کێشەکەی ئەوەبوو کە کتێبی زانیاریەکان وێنەیەکی لەم جۆرە سەگەی تێدا نەبوو. بولەسەگی بەڕاست جۆرێکی دڕو ترسناک بوو، کەچی ئەمانە هەر تەنیا سەگی قاوەیی ڕەنگن و بەس لەوێ لەسەر باڵی کورسیەکی پۆشراوەی سەوز دانیشت و گوجیلەکەیشی لەسەر کۆشی بوو. نەیدەزانی پاشان چی بکا. کەچی ژنەکە خۆی لە تەک ئەو دانیشت، وا هەستی کرد دەستێکی بە قژی ئەو داهێنابێ، بەڵام دڵنیانەبوو لەبەر ئەوەی قژێکی ئێجگار ئەستووری هەبوون. تا چرکەیەک زیاتر تێپەڕێ ئەم زیاتر نەیدەزانی چی بکات. ئەمجا ئەو لێی پرسی ئاخۆ کەمێک ئاو دەخوا، ئەویش وتی بەڵێ، ئەمجا ژنەکە چوو بۆ لای شێرەی ئاوەکە و کردیەوە، کە ئەمە بواری پێدا هەڵسێتە سەر پێ و گوجیلەکە بگەڕێنێتەوە ناو سندووقەکە ژنەکە گەڕایەوە بۆ لای ئەو گلاسێکی بە دەستەوە بوو ئەویش وەری گرت، ژنەکەش خۆی وا لێکرد بەرگی نوستنەکەی تەواوێک بکرێتەوە، مەمکەکانیشی وەک باڵۆنی نیوەپڕ پێشان دا، دەشی گوت: ناتوانێت باوەڕ بکات ئەو تەنیا سێزدە ساڵان بێت. ئاوەکەی هەڵقوڕاند و دەستی درێژ کرد گلاسەکەی بداتەوە، ژنەکە لە پڕێکەوە سەری بۆ خۆی ڕاکێشاو ماچێکی لێ کرد. لە هەموو ئەم ماوەیەدا، لەبەر چەند هۆیەک، نەیدەتوانی بڕوانێتە ڕووی ئەو، ئێستاش کاتێ هەوڵی دا بێجگە لە تارماییەک و قژێک نەیتوانی هیچ شتێکی تر ببینێت. کاتێ ژنەکە گەیشتە ژێرەوەی لەرزێک کەوتە بەلەکی قاچەکانی. لەرزەکە زیاتر بوو، تا وەک ئەوەی لێهات کاتێ جارێکیان دەستی دابوو لە لێوی سۆکێتی گلۆپێک بە مەبەستی لێکردنەوەی گلۆپێکی شکاو. هەرگیز بۆی ناکرێ بێنێتەوە یادی خۆی چۆن کەوتە سەر ڕایەخەکە- وەک تاڤگەی ئاو بە گوڕ بەسەر تەوقی سەری بدات وابوو. بیری هاتەوە، گەرمایی دەچووە ناو لەشی و سەریشی بەپێی تەختەکە دەکەوت. ئەو وا نزیکە لە گەڕەکی کەنیسە. کە دەبێ شەمەندەفەرەکەی بگۆڕێت بۆ هێڵی بەرزەڕێگای کەلڤەرت، پێش ئەوەی بزانێ کە ژنەکە سێ دۆلارەکەی لێ نەسەندبوو، نەدەکرا بەمە ڕازی بێت، بەڵام ئەم سندووقە کارتۆنە بچووکەی لەسەر کۆشدا بوو لەگەڵ گوجیلەیەک لەناویدا نووزە نووزی بوو. لەگەڵ خشەی چڕنووکەکانی بەسەر کارتۆنەکەدا تەزوو بە پشتیا دەهات. ئێستا وەک هاتەوە یادی، ژنەکە دوو کونی لە سەرەوەی سندوقەکە کردبوو، گوجیلەکەش بەردەوام لمووزی نووساندبوو پێوە.

وەختێک ئەو گوجیلەکەی بە پەتەکە بەستا لە کارتۆنەکەی هێنا دەرەوە بە سکەخشکە نووزاندی، دایکی هەڵبەزی و کشایەوە پاش. هاواری کرد، «ئەوە چی دەکات؟» هەردوو دەستی بەرز کردبۆوە وەک ئەوەی لەوەدابێ هێرشی کرابێتە سەر. تا ئەوکاتە، ئەو ترسی نەمابوو لە گوجیلەکە و لە باوەشی هەڵگرت ڕێی دا ڕووی بلێسێتەوە، بە بینینی ئەمە دایکی کەمێک ئارام بووەوە. «ئاخۆ برسییە؟» ئەمەی پرسی و بەدەم کراوەیی وەستا، ئامادە بۆ هەر شتێک، کاتێ ئەو دووبارە گوجیلەکەی لەناو ژوورەکە دانا. گوتی لەوانەیە گوجیلەکە برسی بێت، بەڵام ئەو وای زانی کە تەنیا دەتوانێ شتی نەرم بخوات، هەرچەندە ددانە بچووکەکانی وەک دەبوس تیژ بوون. دایکی کەمێک کرێمی نەرمی پەنیری دەرهێنا و پارچەیەکی بچووکی لێ دانا سەر زەوی ژوورەکە، بەڵام گوجیلەکە تەنیا بۆنی کرد و خۆی داوەشاند. هاواری کرد «ئای خواکە!» هەر زوو پارچە ڕۆژنامەیەکی هێنا بۆ ئەوەی پێی بسڕێتەوە، کاتێ بەو شێوەیە خۆی چەماندەوە، گەرمی ژنەکەی بیرهاتەوە و شەرم دایگرت و سەری هەژاند. لە پڕێکا ناوی ژنەکەی بۆ هاتەوە- لوسیل- کە ژنەکە پێی وت کاتێ هەردووکیان لەسەر

زەوی ژوورەکە بوون. هەر ئەو کاتەی ئەو خزابووە ناوی، ژنەکەش چاوەکانی کردەوە و گوتی: «ناوم لوسیلە»، دایکی قاپێکی لە نوودلی چەلاوی مریشکی دوا شەو دەرهێنا و لەسەر زەوی دانا، گوجیلەکە پەلی بچووکی بەرزکردەوە قاپەکەی وەرگێڕا، هەندێ لە شۆربەی مریشکی بن قاپەکەی فڕکرد. جا ئەمەی سەر خوانەکەیشی لێستەوە. دایکی بە ئاسوودەییەوە هاواری کرد «شۆربەی مریشک دەلێسێتەوە!» یەکسەر بڕیاری دا کە واچاکترە هێلکەیەک چاک بکات جا ئاوی خستە سەر. هەرچۆنێک بێت گوجیلەکە زانی ئەو ژنە ئەوەیانە کە دەبێ بەدوای بڕوات، ئەمجا دەهات و دەچوو، بەدوایدا لە بەفرخەرەوە بۆ لای ئاگردانەکە. دایکی ئاسوودە پێدەکەنێ وتی: «ئەمە بەدوای مندا دێت!».

ڕۆژێ پاشتر لەڕێگای گەڕانەوەی لە خوێندنگە بۆ ماڵەوە، لەکۆگای کەلوپەلی ماڵ لای دا و مل بەستێکی گوجیلەی بە هەفتاو پێنج سەنت کڕی. مستەر شویرکێرتیش پەتێکی بۆ بەگەڵ دا. هەموو شەوان وەک دەخەوێ، لوسیلی دێنا دەرەوە، وەک شتێک لە سندووقی گەنجینەیەکی نهێنیدا بێت، دەیپرسی ئاخۆ دەوێرێ تەلەفۆنی بۆ بکا تا لەگەڵیا بێت جارێکی تر. گوجیلەکەی ناونا ڕۆڤەر، پێدەچوو هەموو ڕۆژێک گەورەتر دەبوو، هەرچەندە ئێستاش هیچ نیشانەیەکی لێوە دیارنەکەوت کە بە هەر بوڵەسەگێک بچێت، باوکی وای پێ چاک بوو ڕۆڤەر لە ژێر زەمین بژێت، بەڵام لەوێ لە خوارەوە زۆر تەنیا بوو، لە نووزەکردن ناوەستێ دایکی گوتی: «بیری دایکی دەکات»، بۆیە هەموو شەوان کوڕەکە لەسەر چەند بەڕەیەکی دادەنا لەناو سەلەیەکی کۆنی جل شۆرین لەوێ لەخوارەوە، کاتێکیش تەواو دەنووزایەوە ڕێدەدرا بە کوڕە بیهێنێتە سەرەوە و لەسەر چەند پارچە بەڕێک لە نانخواردنی دادەنا، هەر هەموو خۆشحاڵ بوون بەو هێمنییە. دایکی هەوڵی دا پیاسە بە گوجیلەکە بکات لەسەر شەقامە هێمنەکەی کە لێی دەژیان، بەڵام ئەو هەر پەتەکەی لە گۆزینگی دەئالا، لەبەر ئەوە ترسی هەبوو ئازاری بدات، خۆیشی تەواوێک بە دواکەوتنی لە ڕاکردنە پێچاوپێچەکانی هێزی لەخۆ بڕیبوو. هەموو جار وانەبوو، بەڵام زۆربەی جار کە کوڕەکە سەیری ڕۆڤەری دەکرد لوسیلی بیر دەکەوتەوە دووبارە هەستی بە گەرمییەکەی دەکردەوە. لەسەر پلیکانەی هەیوانەکە دادەنیشێت و دەست دێنێ بەسەر گوجیلەکە و بیر لە ژنەکە دەکاتەوە، لەناوەوەی ڕانەکانی ئەو. ئێستاش ناتوانێ خەیاڵی ڕووی ئەو بکات، تەنیا قژی ڕەشی درێژ و ملە بەهێزەکەی بیردەکەوتەوە.

ڕۆژێک، دایکی کێکێکی بە شۆکۆلاتە ئامادە کرد و لەسەر مێزی نانخواردنی دانا بۆ ئەوەی سارد بێتەوە. هەر هیچ نەبێ ئەستوورییەکەی هەشت ئینج دەبوو، دەیزانی کە زۆر بەتام و چێژ دەردەچێت. لەو ڕۆژانە وێنەی زۆر دەکێشان، وێنەی کەوچک و چەنگاڵ یا قوتووی جگەران، هەندێ جاریش گوڵدانە چینییەکەی دایکی بەو ئەژدەهایەی لەسەری بوو، وەک هەر شتێک شێوەیەکی سەرنجڕاکێشی هەبوو. بۆیە کێکەکەی لەسەر کورسییەک دانا لە تەک مێزەکە کەمێک خەریکی وێنەکێشانی بوو، ئەمجا هەڵسایەوە و بۆ کارێک چووە دەرەوە و خەریکی گوڵە زەنبەقەکان بوو کە پایزی پێشتر چاندبوونی و تازە سەریان دەرکردبوو. ، ئەمجا بڕیاری دا بچێ بەدوای بەیسبۆڵە نوێیەکەیدا بگەڕێ کە هاوینی ڕابردوو کڕیبووی، دەبێ لە خوارەوە بێ لە ناو ژێرزەمینەکە، لەناو سندووقە کارتۆنێک بێ. هەرگیز کارتۆنەکەی تا بن نەگەڕابوو، لەبەر ئەوە و هەردەم سەرسام دەوەستێ بە دیار ئەو شتانەی بیری کردەوە پێشتر لەوێی داناون. لە دەروازەی دەرەوە چووە ناو ژێرزەمینەکە، لەبن هەیوانی پشتەوە، کە بینی ئەو دار هەرمێیەی دوو ساڵ پێشتر چاندبووی، لەسەر یەکێک لە لقە باریکەکانی وەک بلێی چرۆی کردبێ سەرسامی کرد. هەستی بە گەورەیی و سەرکەوتن کرد. لە شەقامی دادگا سی و پێنج سەنتی بە دارەکە دابوو و سی سەنتیشی دابوو بە دار سێوێک، کە لە دووری هەفت پێ چاندبوونی، بۆ ئەوەی ڕۆژێک بتوانێ تۆڕی پاڵکەوتن لە نێوانیاندا هەڵواسێ، هێشتا زۆر باریک و ساوا بوون، بەڵام لەوانەیە ساڵی داهاتوو بتوانێ. هەموو کات حەزی دەکرد لە دارەکان وردبێتەوە، چونکە خۆی چاندوونی، هەستی دەکرد بەشێوەیەک لە شێوەکان ئەمان دەیانزانی کەوا ئەو سەیریانی دەکرد، هەروەها ئەمانیش سەیری ئەویان دەکرد. حەوشی دواوە بە شوورەیەکی داری دە پێ بەرز کۆتایی هاتبوو کە دەوری کێڵگەی ئێراسمۆسی دابوو، کە تیمەکانی نیمچە وەرزشوان و ساندلۆت لەکۆتایی هەفتە یارییان لێ دەکرد، تیمی وەک هاوس ئۆڤ داڤید و بلاک یانکیس یەکێک لە یاریزانەکان کە ساچێل پایج بوو، وەک یاریزانێکی وڵات بە ناوبانگ بوو، تەنیا ئەوە نەبێ کە ڕەشپێست بوو بۆیە نەیدەتوانی لە یانە گەورەکاندا یاری بکات. تیمی هاوس ئۆڤ داڤید هەموو ڕیشیان هەبوو- هەرگیز نەیزانی بۆچی وان، لەوانەیە جوولەکەی ئۆرتۆدۆکسی بووبن، هەرچەندە پێنەدەچوو وابن. فاولێکی ئێجگار بڵند لێدرا بەسەر لای ڕاستی کێڵگەکە تێپەڕی بەمە تۆپەکە گەیشتە ناو حەوشەکە، ئەمە بوو کە ئێستا ئەو

بەدوایدا دەگەڕێ، ئێستاش وا بەهار داهاتووە کەژ و هەواش ڕوو لە گەرمییە. لەژێر زەمینەکەدا، سندووقەکەی بینیەوە، هەر ئەو دەمە سەری لەتیژی بەفرەخلیسکێنەکانی سوڕما. بیری کەوتەوە جارێکیان گیرەیەکی هەبوو بۆ گرتنی بەفرەخلیسکەکەی هەر جارەی بەلایەک بۆ ئەوەی بەرد بخشێنێ بەسەر دەمە تیژەکاندا. دەستەوانەیەکی دڕاوی گۆلچی بەلایەکدا، دەستەوانەیەکی یاریزانی هۆکی کە دەیزانی تاکەکەی بزربووە، هەندێ کورتە خامە، دەستەیەک خامەی ڕەنگ، پیاوێکی بچووکی لە داردروستکراو، کە دەزووەکەیت ڕابکێشایە دەستەکانی بەرز و نزم دەبوونەوە. ئەمجا بەسەر سەریەوە گوێی لە نووزەی گورجیلەکە بوو، بەڵام ئەمە دەنگی ئاسایی ئەو نەبوو- بەردەوام و زۆر تیژ و بەرز بوو. غاری دا بۆ سەرەوە بینی دایکی لە نهۆمی دووەم دێتە خوار بۆ ناو ژووری دانیشتن، جلکی شەوانەی کراوەتەوە بەدوایدا دەفڕێ، ترسی لێ نیشتووبوو. خشەی چڕنووکەکانی گوجیلەی بەسەر موشەماکە دەبیست، خێرا چووە ناو ناندینەکە. گوجیلەکە لە بازنەیەکدا دەسووڕایەوە و جۆرێک لە زریکەی لێ هەڵدەسا، کوڕەکەش دەمودەست توانی ئاوسانێک لە ورگی بەدی بکا. کێکەکە لەسەر زەوی ژوورەکە کەوتبوو، زۆربەشی نەمابوو. دایکی قیژاندی «کێکەکەم!»، دانەوایەوە و قاپەکەی بەوەی تیایدا مابوو هەڵگرتەوە و بەرزگرتی وەک بلێی تا گوجیلەکە پێی نەگات، هەرچەندە شتێکی وایشی تیادا نەمابوو. کوڕەکە هەوڵی دا ڕۆڤەر بگرێ، بەڵام خلیسکایە ناو ژووری دانیشتن. دایکی بە دوایەوە بوو و هاواری دەکرد «بەڕەکە!» ڕۆڤەر بەردەوام بوو لە هەڵاتن، لە بازنەیەکی فراوانتر ئێستاکە ماوەی زیاتری هەیە، کەفی سەر لمووزیشی زیاتر دەبوو. دایکی هاواری کرد «بانگی پۆلیس کە». لە پڕێک، گوجیلەکە کەوتە سەر لا تەنیشتێک، لەگەڵ هەر پشیدانێک دەمەکانی والا دەکردنەوە نووزەیەکی لێ هەڵدەسا. لەبەر ئەوەی پێشتر هەرگیز سەگیان نەبووە و هیچ دەربارەی پزیشکی ئاژەڵ نازانن، بۆیە لە کتێبی تەلەفۆن گەڕا، ژمارەی تەلەفۆنی (ASPCA)ی دۆزییەوە پێوەندی لەگەڵ کردن. ئێستا دەترسا دەست لە ڕۆڤەر بدات، لەبەر ئەوەی کاتێ لێی نزیک بووەوە گەزەی لێ گرت، هەروەها ئەو سەر لمووزی کەفی دەکرد، کاتێ سەیارەی ڤان گەیشتە بەر دەرگای دەرەوە، کوڕەکە چووە دەرەوە بینی پیاوێکی گەنج قەفەسێک لە دواوەی ڤانەکە دەردێنێ. پێی گوت سەگەکە نزیکەی هەموو کێکەکەی خواردووە، بەڵام پیاوەکە گرنگی بەوە نەدا چووە ناو خانووەکە، کەمێک ڕاوەستا و سەیری ڕۆڤەری کرد، ئێستا کەمێک جووڵەی هەبوو، بەڵام هێشتا لەسەر تەنیشت کەوتبوو. پیاوەکە گیرەتۆری دانا سەر کە دەیخزاندە ناو قەفەسەکە، گوجیلەکە هەوڵیدا هەڵستێتەوە ڕابکا. دایکی لێی پرسی «دەبێ کێشەی چی بێ» بەقیزەوەش دەمی شۆڕکردەوە، کە کوڕەکە لە خۆیدا هەستی پێکرد. پیاوەکە گوتی «کێشەی چییە کێشەی ئەوەیە کێکێکی خواردووە» ئەمجا قەفەسەکەی هەڵگرت و بردییە دەرەوە و لە دەرگای دواوەی خزاندیە ناو تاریکایی ڤانەکە. کوڕەکە لێی پرسی «چی لێ دەکەیت». پیاوەکە لێوی گەست و گوتی «دەتەوێ» دایکی ئەوکاتە لە بەردەرگا وەستابوو بەرێکەوت گوێ بیستیان بوو. بە دەنگێکی ترساو و ڕوون وەڵامی داوە «ئێمە لێرە پێویستمان پێ نییە»، لە پیاوەکە نزیک بووەوە، «ئێمە نازانین چۆن سەگ بەخێو دەکرێ، لەوانەیە کەسێ کە دەزانێ چۆن بەخێوی کات بیەوێت». پیاوەکە سەری لەقاند بێ هیچ گرنگیدانێک، چووە پشت سوکانەکە و دەرچوو.

کوڕەکە و دایکی چاویان لە ڤانەکە کرد تا لە سووچەکە ون بوو. لە ژوورەوەی ماڵەکە دیسانەوە کپ و بێدەنگی گەڕایەوە. ئیتر پێویست ناکا چیتر خەمی ڕۆڤەری بێ ئاخۆ چی کردووە بە ڕایەخەکان یا کەلوپەلی جوبوە یا ئاوی خوادۆتەوە یا پێویستی بە خواردنە. ڕۆڤەر یەکەم شتێک بوو کە هەموو ڕۆژێ بەدوای دەگەڕا لەگەڕانەوەی لە خوێندنگا یا بەیانیان پاش هەڵسانەوەی لە خەو. هەموو دەم خەمی بوو نەوەکا سەگەکە شتێکی کردبێ دایک و باوکی نارەحەت کردبێ. ئێستا ئەم هەموو نیگەرانییە نەما و بەمە ماڵەکە هێمن و خۆش بووەوە. گەڕایەوە سەر مێزی ناندین و هەوڵی دا بیر لە شتێک بکاتەوە تا وێنەی بکێشێ. ڕۆژنامەیەک لەسەر یەکێک لە کورسییەکان بوو، کردیەوە لەناویدا ئاگاداریەکی گۆرەوی ساکسی ژنانی بینی کە وێنەی ژنێک بەرگی شەوانەی لەبەرە بەلایەکا ڕاکێشراوە بۆ ئەوەی قاچی دەرکەوێ. دەستی کرد بە کێشانی وێنەکە و جارێکی تر بیری لوسیلی کردەوە. لەبەرخۆ دەیگوت ئاخۆ دەتوانێ تەلەفۆنی بۆ بکات، جارێکی تر هەمان شت بکەنەوە کە پێشتر کردبوویان؟ گومانی تێدا نییە لە ڕۆڤەر دەپرسێ، ئەویش ناتوانێ لە درۆ زیاتر هیچی تری پێ بلێ، بیری هاتەوە چۆن ڕۆڤەری گرتە باوەش و تەنانەت لووتیشی ماچ کرد. ئەو بە ڕاست گوجیلەکەی خۆش دەویست. چۆن دەتوانێ بلێ لای ئەو نەماوە؟ دانیشت تا بیری لێ بکاتەوە وەک دەسکی گەسک ڕەق بوو بووەوە، لە

پڕێکەوە هات بە بیریا چی دەبێ گەر تەلەفۆنی بۆ بکا گوایە ماڵەوەیان بیر لەوە دەکەنەوە کە گوجیلەیەکی تریان هەبێ بۆ ئەوەی لەگەڵ ڕۆڤەر بێت، بەڵام ئەو دەم دەبێ وا خۆی پیشان بدا کەوا ڕۆڤەری لا ماوە، بەمەش دەبێت بە دوو درۆ. ئەمەش کەمێک جێی ترس بوو. ئەو هێندە لە مشووری وەبیرهاتنەوەی درۆکانی نەبوو، یەکەمیان ئەوەیە کەوا هێشتا ڕۆڤەری لا ماوە، دووەمیان ئەو بەڕاست مشووری گوجیلەی دووەمە، سێیەمیان، لە هەموویان خراپتر، کاتێ لای لوسیل هەڵدەستێ دەبێ بەو بڵێ لە ڕاستیدا ئەو ناتوانێ گوجیلەیەکی تر ببات لەبەر ئەوەی... لەبەرچی؟. بیرۆکەی ئەم هەموو درۆیە هیلاکی کرد، جا هاتەوە خەیاڵی دیسانەوە لەنێو گەرمی ئەودا بێ وای دەزانی سەری خەریکە بتەقێ، بیرکردنەوەی ئەوەی کاتێ لێی دەبێتەوە ئەو سووردەبێ کە گوجیلەیەکی تر ببات. لەسەری دەکا بیبات، سەرباری ئەوە، ئەو سێ دۆلارەکەی لێ وەرنەگرت و ڕۆڤەریش جۆرە دیاریەک بوو. شەرمەزارییە گەر گوجیلەیەکی تر ڕەت کاتەوە. کاتێ ئەو بەو ناوە جارێکی تر هاتۆتەوە تەنیا بۆ ئەو مەبەستەیە، پاشان خەیاڵی گەڕایەوە بۆ لای ژنەکە لەسەر زەوی ژوورەکە لێکی کردۆتەوە وەک جارەکەی تر، ئەمجا لە بیرۆکەیەکی تر دەگەڕا کە بتوانێ گوجیلەیەکی تر نەبا پاش ئەوەی ئەم هەموو ڕێگایەی بەنێو برۆکلین-دا بڕیبوو بۆ یەکێک. ئەو لەسەر ڕووی ژنەکە خەیاڵی تووڕەبوونی دەبینی کە گوجیلەکە دادەنێتەوە، بەڵێ زۆر تووڕە دەبێ و سەیری دەکا و دەزانێ تەنیا بۆ گەیشتن بەو هاتووە، ئەوانەی تر هەمووی قسەی پووچە، لەوانەیە وا هەست بکا سووکایەتی پێکراوە. لەوانەیە زللەیەکیشی پیا بکێشێ. ئەو کاتە چی بکات؟ ئەو ناتوانێ شەڕی ژنێکی پێگەیشتوو بکا. لەوانەیە تا ئێستا دوو گوجیلەکەی تری فرۆشتبن، یەکی بە سێ دۆلار کەمێک هەرزانە. ئەمجا چۆن؟ دەستی کرد لە خۆی بپرسێ، دەشێ تەنیا تەلەفۆنی بۆ بکا و بڵێ پێی خۆشە جارێکی تر بچێتەوە لای و بیبینێ، بێ ئەوەی باسی هیچ گوجیلەیەک بکا؟ ئاوەها دەبێ تەنیا یەک درۆ بکا، کە هێشتا ڕۆڤەری لایە، خێزانەکەیان هەموو خۆشیان دەوێ. ئەمەندەی بە ئاسانی دێتەوە بیر. چووە لای پیانۆکە هەندێک یاری بە ژێکان کرد، دەنگە گرەکان، تا خۆی هێور کاتەوە. ئەو لە ڕاستیدا نازانێ چۆن بیژەنێ، بەڵام پێی خۆش بوو ئاوازێک داهێنێ، جا وای لێدەدا تا لەرینەوەکانی دەگەیشتە دەستەکانی. ژەندی، وا هەستی دەکرد شتێک لە ناوەوەی ئەودا خاوبۆتەوە یا هەمووی سەرتاپا ڕووخاوە. ئەو جیا بوو لە هەرکابێکی تر، بەتاڵ نییە ڕوونترە، بەڵام بە نهێنی و درۆکانی باری گرانە، هەندێکی دەوترێ هەندێکی تری نا. ئەمانە هەمووی هێندە جێی قێزلێبوونەوە بوون تا کەمێک لە دەرەوەی خێزانەکەیان بیهێڵێتەوە، لە شوێنێک بتوانێ بیانبینێ، خۆیشی لەگەڵ ئەوان ببینێ، هەوڵی دا ئاوازێک داهێنێ جا بە دەستی ڕاست و بە چەپە ژێ تەباکانی بلەرێنێتەوە. کەمێک بەخت یاری بوو، کەمێک جوان دەهات. بە ڕاستی سەرسوڕمێن بوو، سەرەڕای غەڵبەی نەشازی هێشتا لەگەڵ ئاوازی دەستی ڕاست دەهات. دایکی هاتە ژوورەوە پڕ لە خۆشی و سەرسوڕمان، بەخۆشییەوە بانگی کرد «ئەمە چییە ڕوودەدات؟». دایکی دەزانێ مۆسیقا بژەنێ و بیخوێنێتەوە، هەوڵی دا، بەڵام نەیتوانی ئەو فێر بکا، لەبەر ئەوە دایکی باوەڕی وابوو کە گوێکانی زۆر باشن وا چاکترە ئەوەی دەیبیستێ ئەوە بژەنێ نەک نۆتەکان بخوێنێتەوە. دایکی بەرەو پیانۆکە هات و لە تەک ئەودا ڕاوەستا، تەماشای دەستەکانی دەکرد. هیوای دەخواست کوڕەکەی بلیمەت بێت، کاتێک بەیەکەوە لەسەر لانکە کورسییەکە دانیشتبوون ئینجا پێکەنی و بەدەنگی بەرز گوتی «ئەمە خۆت داتناوە؟». ئەو تەنیا دەتوانێ سەر بلەقێنێ، ناوێرێ قسان بکا نەوەکا ئەوەی لەدەرەوە وەریگرتووە لەدەست بچێ، ئەمجا لەگەڵیا پێکەنی تەواو ئاسوودە بوو، لەبەر ئەوەی بەنهێنی گۆڕاوە، لە هەمان کات نیگەران، ئاخۆ دەتوانێ جارێکی تر ئاوەها بیژەنێتەوە.

**سەرچاوە:**

THE NEW YORKER, AUG, 13.2001, Arthur Miller, FICTION.

# جۆرەکانی هاوێنە کار و تایبەتمەندییەکانیان

ئەدریان هۆلۆوەی
و/ لە ئینگلیزییەوە: فارس سەعدی

(٢ - ٢)

**هاوێنەی تەلی فۆتۆ** Telephoto for 35mm

هاوێنەکانی تەلی فۆتۆ دوورە تیشکۆی لە «٨٥»ەوە تا «١٢٠٠ملم»یان هەیە. ئەم هاوێنانە وادەکەن بابەتی زۆر دوور نزیک بکەنەوە و بەنێـتی دەرکەون، بواری ئەوەت دەدەن بابەتەکەت پڕ بە چوارچێوەی فرێمەکە بێت. قووڵایی مەیدان و گۆشەی بینین لەم هاوێنانە زۆر کەمترە لە هی جۆری هاوێنەی ستاندەر. هاوێنەکانی تەلی فۆتۆ هەندێ جار درێژ و قورسن، بۆیە هەڵگرتنیان بەبێ لەرزین زەحمەتە یا بە زەحمەت دەکەوێ. ئەمە وا دەکات وێنەکانی بەم جۆرە هاوێنانە بگیرێ بەگشتی دووچاری هەڵەی لێڵی بێن. بۆ ئەوەی دوور کەویتەوە لەم هەڵەیە خێرایی زۆر خێرای داخەر بەکاربێنە تا بۆت دەلوێ، هەوڵی ئەوە بدە خێراییەکەی داخەر بە قەدەر درێژی تیشکۆیی هاوێنەکە بێت. بۆ نموونە: خێرایی ١/٢٥٠ چرکە و خێراتر بەکاربێنە کاتێک هاوێنەی (٢٥٠ملیم) بەکاربێنی.

**گۆشەی بینین**

تا گۆشەی بینین تەسکتر بێت، هاوێنەی تەلی فۆتۆ زیاتر بواری ئەوەت دەدات ڕووبەرێکی بچووک لەو دیمەنەی بەچاوی ئاسایی دەبینرێ پڕ بە فرێمی فیلمەکە بگریت. ئەم وێنانەی خوارەوە ئەوەت نیشان دەدەن گۆشەی هەمە جۆری بینین بگرە لە هاوێنەی ستاندەرە و تا هاوێنەکانی تەلی فۆتۆ. هاوێنەی ٥٠ ملیمی گۆشەی ٤٦ دەداتێ، لەوکاتەی هاوێنەی تەلی فۆتۆی ئاسایی (٨٥ملیم)ی گۆشەکە کەم دەکاتەوە بۆ ٣٠- ٢٨. هاوێنەی ١٠٠ملیمی لەگەڵ هاوێنەی ١٢٠٠ملیمی گۆشەی ٣٠-٢ و ٢ یەک لەدوای یەکت دەدەنێ. ئەو هاوێنانە گرانبەهان بۆیە وا بە باش دەزانرێ بۆ خۆت بەکرێ وەریان بگری.

**گەورەکردن**

چەندی دوورە تیشکۆی هاوێنە زیاتر بێت هێندە قەبارەی وێنەکە گەورەتر دەبێت. ئەگەر بێتو لە هەمان خاڵی ڕوانیندا، ویستت وێنە بگری جارێک هاوێنەی ٥٠ ملیمی بەکاربێنی جارێکی تر هاوێنەی ١٠٠٠ملیمی هاوێنەی تەلی فۆتۆیەکە وێنەیەکت دەداتێ ٢٠ جاران گەورەتر بێت لەوەی گەر بە هاوێنەی ستاندەر گیرابێت. بە پێوەرێکی سەرپێیی پلەی گەورەکردنەکەت بەوە بۆ دەردەکەوێ دوورە تیشکۆی هاوێنەی تەلی فۆتۆ دابەشی ٥٠ فیلم بکە، بەم پێوەرە هاوێنەی (١٣٥ ملیمی گەورەکردنی ×٢,٧ت دەداتێ لەوکاتەی هاوێنەی ١٠٠٠ملیمی گەورەکردنی ×٢٠ت دەداتێ، کەم بوونەوەی کۆنتراست لە گەورەکردنی بەرزدا شتێکی لاوەکی نەگۆڕە.

## قووڵایی مەیدان

بەگشتی تا دووره تیشکۆی زیاد بێت قووڵایی مەیدان کەم دەبێتەوە. لەگەڵ تەلی فۆتۆی کورتدا فۆکەسینگ ئاسانتر لە هاوێنەی ستاندەر ئەنجام دەدرێ، بەڵام لەگەڵ تەلی فۆتۆی درێژدا هەندێک لەم کاریگەرێتییە کەم دەبێتەوە لەو کاتەی هەردوو گەورەترین فەتحەی هاوێنە لەگەڵ کەمترین مەسافەی فۆکەسینگ کەم دەبێتەوە.

ئەگەر هاتو بابەتەکەت لەکاتی جووڵەدابوو یان تۆ خاڵی ڕوانینت بگۆڕی، دەبێ سەرلەنوێ هاوێنەکە فۆکەس بکەیتەوە بە تەواوەتی. لەگەڵ هاوێنەی درێژتر لە ٢٥٠ملیم قووڵایی مەیدان هێندە کەمە لەوەیە فۆکەس کردنەوەی هاوێنەکە لەدەست بدەی.

| دووره تیشکۆ | گۆشەی بینین | بچووکترین فەتحەی هاوێنە | کەمترین فۆکەس | سەنگی (کێشی) |
|---|---|---|---|---|
| 85mm | 28 30 | f22 | 0.85m | 310gm |
| 105mm | 23 20 | f22 | 1m | 435gm |
| 135mm | 18 | f32 | 1.3m | 430gm |
| 200mm | 12 20 | f32 | 2m | 530gm |
| 400mm | 6 10 | f32 | 5m | 1400gm |
| 1200mm | 2 | f64 | 45m | 6100gm |

## دیاربوون

هاوێنەی تەلی فۆتۆ توخمە دوورەکانی دیمەن گەورە دەکات، بۆیە تۆ دەتوانی بابەتەکەت بخزێنیتە نێو چوارچێوەی وێنەکەت لەو کاتەی بە چاوی ئاسایی وەک شتێکی بێ بایەخ ببینی. لەو ئەنجامدانەدا فلات دەکات، بەشێوەیەکی واش بەدی دەکرێ فۆرگراوند و ناوەڕاست و باکگراوەندەکە دێنێتەوە پاڵ یەکتری واتە تێک چەقیو دەردەچێت. ئەم کاریگەرێتییە زیاد دەبێ بە زیادبوونی دووره، تیشکۆی، هەروەها لەوەیە ببێتە شتێکی دراماتیکی، لێت دەگەڕێ لە قووڵایی جۆربەجۆری دیمەنەکەدا وردەکارییەکان لەسەر یەکتری کەڵەکە بکەی. هەروەها کۆنتراستی تۆنەکانیش کەم دەبێتەوە.

## ڕێنجەکانی تەلی فۆتۆ

باوترین دووره تیشکۆی هاوێنە جۆری (٨٥ملیم-٢٥٠ملیم). لە ٥٠٠ ملیمەوە بەرەو ژوورتر واتە درێژتر ئەوا بەشێوەی ڕفلێکس دروست دەکرێن، بەمەش هاوێنەی زۆر کۆمپاکتت دەست دەکەوێ لەنێو هاوێنەکان. دەتوانی هاوێنەی هەرزان بکڕی تا دەگاتە دووره تیشکۆی (٢٥٠ملیم)، بەڵام کوالەتی لەوە درێژتر چێک بکە. کەمترین مەسافەی فۆکەسینگ زیاد دەکا تا دووره تیشکۆی زیاد بێت. لەوەیە کەمترین مەسافە بۆ هاوێنەی ١٠٠٠ملیمی ٣٠,٥م بێت. هەروەها سەنگیشیان زیاد دەکا چەندی دووره تیشکۆیان زیاد بێت، هەرچەندە ئەمە گۆڕەرە بە گوێرەی ئەو کۆمپانیایەی دروستکەری هاوێنەکەیە. بۆیە تا کامیراکەت بچەسپێنی پێویستیت بە سێپا هەیە (واتە ترای پۆد).

## هاوێنەی کاتادایۆپتریک
## (هاوێنەی ڕفلێکس) بۆ ٣٥ملیم


کاتادایۆپتریک (یانیش ڕفلێکس یان هاوێنەی ئاوێنەدار) بریتییە لەو جۆرە هاوێنانە کە لە هاوێنەی ئاسایی و ئاوێنە پێکهاتووە کە دووره تیشکۆی (٢٥٠-٢٠٠٠)ملیمت بداتێ لەنێو لوولەکێکی کورتدا. هەمان کاریگەرێتی هاوێنەی تەلی فۆتۆی هەیە، بەڵام جۆری دروستکردنەکەی وا دەکا وردەکاری سەنتەری وێنەکە هەندێک بدۆڕێنێ سەرەڕای کەمکردنەوەی کۆنتراستی وێنەکەش. هاوێنەی کاتادایۆپتریک سەنگی کەمە بۆیە هەڵگرتنیان ئاسانترە و پتەوترە لە زۆر لە هاوێنەکانی تەلی فۆتۆ کە هەمان دووره تیشکۆیان هەیە، بۆیە مەرج نییە ترایپور (سێپا) بەکاربێنی. فەتحەی جۆراوجۆری ئەم جۆرە هاوێنانە زۆر شیاو نین، بۆیە چاکتر وایە ئەو جۆرانە بەکاربێنی کەوا فلتەری نیوتراڵ دێنسیتی (ND) کە لەناوەوەی هەیە بەکاربێنی بۆ کۆنترۆڵکردنی بڕی ڕووناکی کە لە میانیدا ڕەت دەبێ.

لەسەر ڕینگی فتحەی هاوێنەدا وا هێما کراوە کە بزانی چ جۆرە فلتەرێک بەکاربێنی کە پێویستیت پێی دەبێ.

کوالەتی بینینی هەندێ هاوێنەی کاتادایۆپتریک هێندە باشە کە بتوانی وەک تەلەسکۆب بەکاربێنی، دەتوانی هەندێ هاوێنەی بچووکی تەماشاکردنیان بخەیتە پاڵ کە وەک تەلەسکۆبی ئاسایی لێبێت.

## کاتادایۆپتریک بۆ گرتەی بزۆک

هاوێنەی تەلی فۆتۆی درێژتر لە ٢٥٠ملیم لەوەیە دیاردەی لەرزینی کامیرا لێی رووبدات. هاوێنەی کاتادایۆپتریکی کۆمپاکت سووکترە لە هاوێنەی تەلی فۆتۆ و ئاسانتریش هەڵدەگیرێ، بۆیە ئەم جۆرە ئاسایین بۆ بەکارهێنان لە وێنەگرتنی گرتەی بابەتی بزۆک لە دوورەوە




بەتایبەتی بۆ گرتەکانی پانینگ زۆر کاریگەرە.

### کوالەتی وێنە

زۆری تیشکدانەوەی ڕووناکی لە ناوەوەی لوولەکی هاوێنە کاتادایۆپتریکدا وا دەکات وێنەکە بە تەڵخی یا بەکاڵی بەدی بکەی وەک کە بەهاوێنەی تەلی فۆتۆ ڕوونتر دیار دەبێت. جیاوازییەکی تری ئەوەیە ئەو بەشانەی دیمەن کە لە دەرەوەی فۆکەس دەبن واتە فۆکەس ناکرێن بەتایبەتی گەر ئەو بەشانە ڕووناکی زۆر بەتین بن. هاوێنەی کاتادایۆپتریک شێوەی ڕینگی شێواویان دەداتێ (وەک وێنەی سەرەوە)، بەڵام هاوێنەی تەلی فۆتۆی ئاسایی لەجیاتیان پەڵە پەپکەی ڕووناکی دروست دەکەن.

### هاوێنەی زووم بۆ ٣٥ملیم

هاوێنەکانی زووم، لەگەڵ ئەوەی هەریەکەیان دووره تیشکۆی گۆڕەریان هەیە، هەریەکەیان دەوری چەند هاوێنەیەکی (٣٥ملیم)ی کامیرای تاک هاوێنەی ڕفلێکس SLR دەبینێ. هەریەکەیان لەوەیە لە گۆشەکراوە و ستاندەر و تەلی فۆتۆ بگرێتەخۆ. هەندێ لەو هاوێنانە لە وایدا ئەنگڵەوە تا تەلی فۆتۆ دەگرێتە خۆ. هەندێ زووم ماکرۆشیان تێدایە یا هەیانە. گۆڕانی دووره تیشکۆی بە بەردەوامیە لە هاوێنەی زوومدا بۆیە تۆ دەتوانی گۆشەی بینین و قەبارەی وێنەکەت بە ئاسانی هەڵبژێری و بە گوێرەی ویست و پێویستیت دیاری بکەی. گۆڕینی دووره تیشکۆ بە دوو شێوە ئەنجام دەدرێ، یا بەیەک دەست لێدان لوولەکی هاوێنە لەناو یەکتری دەخزێن یان بە دوو دەست لێدان بەهۆی ڕینگێکەوە دەسووڕێندرێ بەم دوو جۆرە کۆنترۆڵی زووم دەکرێ. گەر هاوێنەی زوومت هەبوو ئەوا پێویستیت بەهاوێنەی زیادەکی کەمتر دەبێت. جگە لەوەی کاری کۆنترۆڵکردنی سایزی وێنەکەت بۆ مەیسەر و ئاسان دەکات بێ ئەوەی خاڵی ڕوانینت بگۆڕی، بەڵام کوالەتی وێنەکانت تۆزێک لە باشیدا لاوازن و ناگەنە هەمان هاوێنەی چەسپاو کە هەمان دووره تیشکۆی هەبێت. زوومی ئۆتۆ فۆکەسیش هەیە و دەست دەکەوێ.

### وايد ئەنگڵ (گۆشەکراوە)

زۆربەی زوومی واید ئەنگڵ دووره تیشکۆ یان ڕێنجیان لەنێوان ٢٤ملم و ٣٥ملیمە. چەندێ پارەی زیاتری پێ بدەی ئەوا ڕێنجی زیاترت دەست دەکەوێ. ئەم دووره تیشکۆیانە گۆشەی بینینی ٨٤ و ٦٣ت دەدەنێ. بەم جۆرە هاوێنانە دەتوانی زۆر بابەتیان پێبگری. گۆشەکراوەی بینین بۆ وێنەگرتنی دیمەنی سروشتی زۆرباشە سەرەڕای دیمەنی نێو جێگای تەسک.

### ستاندەر

زوومی ستاندەر دووره تیشکۆی وای هەیە هەندێک لە خوار ٥٠ ملیمەوە و هەندێک بەرەو ژوورتر بۆ تەلی فۆتۆ بەگشتی ڕێنجیان لەنێوان ٤٣ ملم و٨٥دایە. لەگەڵ گۆشەی بینین لە ٥٣ تا دەگاتە ٢٨. بواری ئەوەت دەدەن وێنەی بە کوالەتیەتی گونجاوی پێ بگری لە کۆتایی ڕێنجەکەیەوە تا دەگاتە سەرەکەی تری کە کورتە تەلی فۆتۆیەکی باشت دەداتێ.

### تەلی فۆتۆ


زوومی تەلی فۆتۆ گشت دوورە تیشکۆییەکانی تەلی فۆتۆت دەداتێ کە پێویستیت پێی بێ.
هەروەها یەکێک لەو هاوێنانەی کە باشترین بوارت دەداتێ وەکو یەکەم زووم هەڵبژێری. زوومێ کە ڕێنجەکەی لە ٨٥ ملیمەوە تا ٢٥٠ ملم بێت یا تا ٣٠٠ ملیم کە جۆری ئاساییین. ئەمانە بواری ئەوەت دەدەن لە خاڵی ڕوانینی دوورەوە پڕ بە فریمی فیلمەکەت بابەتەکەت وێنەی پێ بگری، زۆر بابەتی هەمەجۆری پێ بگری. لەنێوان ئەم ڕێنجانەدا زوومی (٨٥-١٠٥ملم)ی بۆ پۆرترێت دەست دەدات و جۆری ٨٥ - ١٣٥ ملیم)ی بۆ وێنەگرتنی گرتەی ئاشکرای کتوپڕی، جۆری ٢٠٠-٣٠٠ملیمی بۆ وێنەگرتنی ئاژەڵی کێوی، بەڵام زوومی زۆر درێژ لە ٣٠٠ملیمەوە دەست پێبکا لە ١٢٠٠ملیم کۆتایی بێت، ئەم جۆرەش هەنە بەڵام بەکارهێنانیان کەمترە لە زوومی کورتتر. نرخی زوومی تەلی فۆتۆ دەگۆڕێ بە گوێرەی ڕێنجەکەی و کۆمپانیای دروستکەری.

### بەکارهێنانی Uses

لەگەڵ ئەوەی چەندین ڕێنجی دوورە تیشکۆی زوومی تەلی فۆتۆمان دانێ، زوومەکان دەتوانرێ کارلێکردنی تایبەتیان پێ ئەنجام بدرێ. جووڵەکردن بە زوومەوە لەکاتی تەقاندنی شەتەرەوە و فۆکەسینگ کەم بکەیتەوە ئەوا حاڵەتێکی سەیرت پێ دەبەخشێ کە مایەی سەرنجدانە دەتوانی حاڵەتی دیمەنی هێڵدارت دەست کەوێ (وەک لای ڕاست) بەهۆی زووم ئین یا ئاوات لە هەمان کاتدا پانینگیش بە کامیرا بکەی بۆ بابەتی بزۆک. هەروەها تیلت بەکامیرا بکەی لەوکاتەی زووم ئین و ئاوت ئەنجام دەدەی حاڵەتی سەیر و سەرنج ڕاکێشەرت دەست دەکەوێ.

### هاوێنەی ماکرۆ بۆ ٣٥ ملیمی

هاوێنەکانی ماکرۆ وا دروست کراون کەوا وێنەی لە نزیکەوە پێ بگری بە کوالەتیەکی باش. تۆ دەتوانی بەشێوەی ئاساییش بەکاری بێنی، بەڵام بۆ ئەو بابەتانەی لە نزیکەوەن باشترین وێنەت دەداتە دەست. هاوێنەی ماکرۆی ٥٠ملیمی کە ڕاستەوخۆ بەسترابێت بەکامیراوە پلە گەورەکردن بە قەدەر شێوە و قەبارەی ڕاستەقینەت دەداتێ. لەگەڵ هاوێنەی دوورە تیشکۆیەکی کورتتر لەوە بواری ئەوەت دەدات زیاتر لە نزیکەوە وێنەی پێ بگری، لەگەڵ گەورە کردنێکی زیاتریش لە سایزی ڕاستەقینە. دوورە تیشکۆی زیاتر یا درێژتر لە ٥٠ملیمی، گەورەکردنێکی کەمترت پێ دەبەخشێت، بەڵام ڕێگای ئەوەت دەدا مەسافەی نێوان هاوێنە و بابەتەکەت زیاتر بێت. ئەمەش سوودی ئەوەی هەیە بۆ ڕووناک کردنەوەی بابەتەکەت و بەکارهێنانی فلتەرو ئامێر و ئامرازی زیادەکی لەگەڵدا بەکاربێنی. لەگەڵ گشت هاوێنەکان، لوولەکی درێژکردنەوە و هەمبانە، پلەی گەورەکردنی پێ زیاتر دەبێت، هەمبانە ڕێگای ئەوەت دەدا فۆکەسینگی نەرم ئەنجام بدەی.
هاوێنەکانی ماکرۆ کوالەتی وێنەی باشترت دەداتێ وەک لەوەی بەهۆی ئامرازی وێنەگرتن لە نزیکەوەت دەست دەکەوێ، یانیش باشتر لە هەمان هاوێنەی ستاندەر کە بەهەڵگەڕاوی خرابێتە سەر کامیراوە. ئەم هاوێنانە (جۆری ماکرۆ) ئەو کەموکوریانەیان تێدا نەهێشتووە وەک شێواندنی لێواری وێنە و باشترین تۆماری ڕەنگت دەداتێ.
وەک لە گشت وێنە گرتنەکانی لە نزیکەوە، قووڵایی مەیدانیان کەمە.




### پلەی گەورەکردن

ئەم وێنانە و چارتانەی خوارەوە پلەی گەورەکردنت نیشان دەدەن کە بەهۆی هاوێنە و ئامرازی جۆر بەجۆرت دەست دەکەوێ وەک هاوێنە و لوولەکی درێژ کردنەوە و هەمبانە زۆربەی هاوێنەکانی ماکرۆی کە ڕاستەوخۆ بەستراون بەسەر کامیراوە پلەی گەورەکردنی (٠.٥× تا ٠.٧×)ت دەداتێ. لەگەڵ بەکارهێنانی لوولەکی درێژکردنەوە دەتوانی پلەی گەورەکردنەکەی پێ زیاد بکەی و بگەیەنیتە سایزی ڕاستەقینە و هەندێکیش زیاتر لەوە.

لەگەڵ یەکەی هەمبانەدا، زۆربەی دوورە تیشکۆییەکان پلەی گەورەکردنی ٣× و ٤× هەروەها لەگەڵ هەندێکیان دەگاتە ١٠×، هاوێنەی ستاندەر لەگەڵ هەمبانەدا پلەی گەورەکردنی ٣×ت دەداتێ، بەڵام کوالەتی وێنەکانیان باش نین. بەگشتی چەندی دوورە تیشکۆی هاوێنەی ماکرۆ زیاتر بێت ئەوا هێزی گەورەکردنەکەی کەمتر دەبێت. دوورە تیشکۆی زۆر کورتتر ئەوا پلەیەکی بەرزی گەورەکردنت وەک ٢٠×ت دەداتێ، هەروەها باشتریش کار دەکات لەگەڵ هەمبانەدا. باشترین چارە لەنێوان پلەی گەورەکردن و هەمەجۆری بەکارهێناندا ئەوەیە کەوا هاوێنەی ماکرۆی ٥٠ملیمی بەکاربێنی کە دەتوانرێ ببێتە دووکات هەروەک هاوێنەی ستاندەر بۆ وێنەگرتنی بابەتی گشتی.

**فۆکەسینگی ماکرۆ**

فۆکەس کردن لە وێنەگرتنی بە ماکرۆ زۆر گرنگە، تۆ دەتوانی فۆکەس کردنی ئاسایی و وێنەی سپلتی ماکرۆپرزم پشتگوێ بخەی، لەجیاتیان ڕووبەری دەرەوە کە (ماتە) بەکاربێنی یان ئەگەر سیستەمی کامیراکەت جۆری تایبەت بە فۆکەس کردنی ماکرۆی تێدا بوو بەکاری بێنە. خاڵی ڕوانینت بەباشی و وریایی هەڵبژێرە و کامیراکەت بەرامبەر بابەتی فلات بە ڕاستەوخۆیی ڕاگرە، زۆربەی وێنەکانت تیژ و ڕێک دەردەکەون. فەتحەی بچووکی هاوێنە، قووڵاییەکی مەیدانی زیاترت دەداتێ و ئەنجامی چاکیشت دەست دەکەوێ. گەر وێنەی دەرەوەی ماڵ بگری ئەوا مەترسی جووڵە جووڵی بابەتەکان دەبێ لەبەرچاو بگیرێ. خێراترین خێرایی داخەر (شەتەر) زۆر گرنگە و پێوستە (وێنەی خوارەوە لای چەپ). ئەمە پێچەوانەی یا دژ بە فەتحەی بچووکی هاوێنەیە، چونکە لەوەیە ڕووناکی کەم بێت کەمتر لە پێویستت دەست کەوێ.

لەم حاڵەتە دەبێ فیلمی وا بەکاربێنی کە هەستەوەریەکەی زۆر بەرز بێت، لەگەڵ بەکارهێنانی فلاشیش، یان فلاشی ڕینگ بەکاربێنە ئەگەر هاتو زۆر لە بابەتەکەت وەنزیک کەوتی. فلاشی ڕینگ یارمەتی ئەوەت دەدا دوورکەویتەوە لە لێڵی وێنەکە و ڕووناکیەکی نەرمیشت بۆ ئەنجام دەدات.

**سەرچاوە:**

Adrian Holloway: The hand book of photographic Equipment and Techniques, 1981.

# وڵاتگیری ڕەشەخاکی عیراق

**لێدوانی: جەلال سنجاوی**



کتێبێکی قەبارە ناوەنجی (٨٨) لاپەڕەیی بەم ناونیشانەی سەرەوە لە وەرگێڕان و پەراوێزلێکردنی شەهید مامۆستا مەلا جەمیلی ڕۆژبەیانی، چاپی دووەمی لە چاپخانەی ڕۆشنبیری لە هەولێری پایتەخت بە بەرگێکی جوان و پوخت کەوتە کتێبخانەی کوردی.

ئەم کتێبە لە ساڵی (١٩٩٧) چاپی یەکەمی لە شاری سلێمانی بەشێوەی سیپارە ڕاکێشراوە، بەڵام بە چاپێکی زۆر ورد کە زەحمەتە هەموو کەس بتوانێ بیخوێنێتەوە، بۆیە دوای شەهیدبوونی مێژوونووسی گەورەی کورد مەلا جەمیلی ڕۆژبەیانی، حاکم شاکر ڕۆژبەیانی بڕیای دا دووبارە چاپی بکاتەوە، بۆیە ڕەزامەندی دووبارە لەچاپدانەوەی وەرگرت و کارەکەی ئەنجام دا. پێشەکیی کتێبەکە بە خامەی بە بڕشتی دکتۆر مارف خەزنەدار نووسراوە و ئاماژە بەوە دەدا کە «مەلا جەمیلی ڕۆژبەیانی کەسێکی زیرەک بوو، ئاسۆی بیری فراوان بوو، سەری لە هەموو زانستی کۆمەڵایەتییەکانی پێوەندییان بە کوردەوە هەبوو دەردەچوو. کوردی زانێکی بێ هاوتا بوو، شیعری دەهۆنییەوە، وتاری هونەری دەنووسی، وەرگێڕێکی بەتوانا بوو، لە عەرەبی و فارسییەوە مەشقی وەرگێڕانی هەبوو، شاکارەکەی شەرەفخانی بدلیسی (شەرەفنامە) و کتێبە بەنرخەکەی ئەمین زەکی بەگ (مێژووی سلێمانی) زادەی شەونخوونی و گۆشەگیری ئەو زاتەن..»ل٤. مەبەستی سەرەکی ڕۆژبەیانی لە وەرگێڕانی ئەم سیپارە ئەوەیە کە لە پەراوێزەکاندا ڕاستییەکان بۆ خەڵکی سادە و ساکار و کاڵفام ڕوون بکاتەوە و دەروازە داخراوەکان و گرێ کوێرەکانیان بۆ بکاتەوە کە سەدان ساڵە لەبەردەمیان داخراوە و بێ هۆش و بیرکردنەوە لە گوندە لاچەپ و دوورە دەستەکاندا بەرامبەر بە کوڵکەمەلاکان دادەنیشن و سەڵەوات بۆ داگیرکاران لێدەدەن و نەفرەت و لەعنەت لە باپیرە کافرەکانیان دەکەن کە گوناهیان تەنیا ئەوە بووە ڕێگایان لە داگیرکاران گرتووە و بەرگرییان لە خاک و زێد و ناموسی خۆیان کردووە، بەڵام هەندێ لە مێژوونووسانی بێ ویژدان و دڕدۆنگ ڕاستیی ڕووداوەکانیان پەردەپۆش کردووە و دنیایەک درۆ و دەلەسە و قسەی پڕوپووچیان خستۆتە گیرفانی نەتەوەی بەرامبەر بە بیانووی ئەوەی کافر و خوانەناسن.

یەکێک لەو چەواشەکارانە (واقدی ١٣٠-٢٠٧ک)یە کە لە بنەڕەتدا خەڵکی مەدینەیە و شیعەیەکی دوو زەردێنەیە و سەدان ساڵە کتێبێکی دەسنووسی پڕ لە درۆ و دەلەسەی هەیە بەناوی (فتوحات سواد العراق) دەنگی داوەتەوە و وەکو شانامەی جاری جاران لە دیوەخانان و لە مزگەوتانیشدا بۆ کوردی سادە دەخوێندرێتەوە، کەس نازانێ کێ نووسیویە؟

کەی نووسراوە؟ چۆن کەوتۆتە کتێبخانەی بنەماڵەی (مەلا سەمەدی مەرگەیی) کە ناواخنەکەی باسی داگیرکردنی هەندێ جێی کوردستانە، لەلایەن یارانی پێغەمبەر (د.خ) و هیچ پێوەندییەکی بە (سواد العراق)ەوە نییە، چونکە (سواد العراق) بە ولاتانی ناو سنووری (نێوان بەسرە و کووفە) دەڵێن، کە دارخورمای زۆرە و خاکەکەی لە دوورەوە رەش دەنوێنێ...»ل٨.

بە مەبەستی مەیسەرکردنی ئەو رێڕەوە دژوارە و بەجێهێنانی ئەرکێکی پیرۆز بۆ نەتەوە و نیشتمانەکەی، شەهید رۆژبەیانی هەوڵێکی زۆری دا بۆ ئەوەی سیپارەکەی (واقدی) دەست بکەوێت، بەڵام «ئەو بنەماڵەیەی کە ئەم کتێبی (فتوح سواد العراق)ەی لایە وەکو گەنجینە پاراستوویەتی، نە بەخواستن بە کەسی دەدا، نە بە کڕین و فرۆشتن، نە رێ دەدا کەسێک روونووسێکی لەسەر بگرێتەوە...»ل٨.

لەم سەروبەندەدا مەلاجەمیلی رۆژبەیانی زۆر ماندوو بوو، بەڵام کۆڵی نەدا، تەنانەت دەڵێ: «هەوڵم دا بەهۆی کاکە زیاد حەمە ئاغاوە کتێبە عارەبییەکەی لای بنەماڵەی مەلا سەمەدی مەرگەیی بەدەست بێنم، بەڵکو زانیارییەکی پتری تێدا بێ، بەڵکو ناوە هەڵەکان راست نووسرابن، پاش ماوەیێ تەرجومەیەکی کوردی سیپارەکەم بۆ هات کە مەلا موحەرەم کوڕی مەلا سەمەد لە بنەڕەتە عارەبییەکەوە وەری گێڕابوو، بەڵام نوسخە عارەبییەکەی روونووس نەکردبوو»ل١١.

هەروا شەهید رۆژبەیانی لە رێگای برادەرێکی شاری (بانە) لە ساڵی (١٩٦٥) لە (تاران) نوسخەیەکی تەرجەمەی فارسی سیپارەی (فتوح سواد العراق)ی بۆ هات کە مەلا عەزیزی واعیزی توانیبووی بە تکای شێخێکی دیکە بچێتە لای مەلا سەمەدی مەرگەیی و سیپارە عەرەبییەکە هەر لەوێ وەگێڕێ بە فارسی، کە لە ساڵی (١٩٧٩) گەڕاوەتەوە کوردستانیش نامەیەکی چاپکراوی دەست کەوتووە بەناوی (کوردستان و ئایینی ئیسلام) لە دانانی مەلا رەئووف سەلیم حەویزی، بەم شێوەیە ژمارەی نوسخەکانی سیپارەکە لای رۆژبەیانی بوو بە سێ نوسخە و دەستی کرد بە بەراورد کردنیان و بۆی دەرکەوت کە (واعیزی) هەوڵی داوە تەرجومەکەی کەمتر هەڵەی تێدابێ، هەرچەندە ئەویش لە هەڵەی مێژوویی و رووداوەکان بەدەر نییە، بەتایبەتی لە هاتنی سوپای ئیسلام و خالیدی کوڕی وەلید و سەرکردەکانی تر بۆ «بلاد الجبال» واتە کوردستان، بۆیە رۆژبەیانی گومان لە دانانی سیپارەکە دەکا و دەڵێ:

«من باوەڕ ناکەم ئەم هەموو ئەفسانە نەزانانە هی (واقدی) بێت، بێگومان هی مەلایەکی کوردی نیمچە خوێندەوارە (کۆلکە مەلا) کە ئەم مەتەڵانەی رێک خستووە و لە مزگەوت و دیوەخانان بۆ سادە و ساکار و نەخوێندەواری خوێندۆتەوە و ئەم یادگارەی بۆ رۆژی قیامەتی خۆی هەڵبەستووە...».

وەرگێڕی نوسخە فارسییەکە لە پێشەکی سیپارەکەدا دەڵێ: «من کە ناوم «عبدالعزیز واعظی» و کوڕی مەحموودم و لە سەردەشت دادەنیشم لە تەمەنی (٨٦) ساڵیدا لەبەر خاتری کاک حەمە رەئووف تەوەکولی بانەیی ئەم نامیلکەیەم لە عارەبییەوە گۆڕی بە فارسی، جا داگیرکاریی رەشە خاکی عیراق پاش داگیرکاریی شام ساڵی (٢٥ک) رووی دا و ئەویش بەپێی فەرمانی- عومەر کوڕی خەتتاب (خ.خ) کە بۆ (ئەبو عوبەیدەی جەڕاح)ی فەرماندەی سوپای شامی نووسیوە کە شەش هەزار کەس بۆ شەڕ تەرخان بکرێ، چوار هەزار کەس بخرێتە ژێر فەرماندەیی «خالیدی کوڕی وەلید» و دوو هەزار کەسیش لەژێر فەرماندەی «قەعقاع کوڕی عەمر» بێت، ئینجا خالید لە مووسڵەوە بەرەو هەولێر هاتووە و لەوێوە بەرەو هەرمووت و لەوێوە بەرەو میرزا رۆستەم و مەرگە و پشدەر و هەرێمی سوێسنی و شوربە و رەبەت و سابلاغ و ئورمیە و بانە و هەموو ولاتی ئازەربایجان کە هەموویان بە ئاشتی و بێ شەڕ ئیسلام بوون، پاشان خالید بە (سماقوڵی)دا بەرەو موسڵ گەڕاوەتەوە و لەوێوە بەرەو (حمص) چوو، لەوێ مایەوە تا لە ساڵی (٢١ک)دا مرد»..ل١٩.

پێشەکیی سیپارەکە بەو درۆیە شاخدارانە دەست پێدەکات و شەهید مەلا جەمیل رۆربەیانی بەم جۆرە وەڵامی دەداتەوە:

١- ئەبو عوبەیدەی جەڕاح پاش ئەوەی بە فەرمانی ئەبوبەکر (خ.خ) کرا بە سەرداری سوپای ئیسلامی بۆ سەر ولاتی شام ساڵی (١٨ک) لە (عەمووس شام) بەدەردی پەتا مردووە و نەگەیوەتە کوردستان، ئەوەی کە لە کوردستان ناسراوە بە (گوندی عەبابەیلێ) و بەناوی گۆڕی ئەوەوە بۆتە مەزاری پیرۆز درۆیە.

٢- خالیدی کوڕی وەلیدیش نەگەیوەتە کوردستان، ئەوەی کوردستانی داگیر کردووە (عوتبە کوڕی فەرقەد) بوو، خالید بەدرێژایی تەمەنی شاری هەولێری نەدیوە، لە سیپارەکە دەڵێ: داگیرکاری رەشە خاکی عیراق، پاش داگیرکاری ولاتی شام دەستی پێکرد واتە پاش ساڵی (٢٥)ی کۆچی، بەڵام خالید ساڵی (٢١)ی کۆچی لە

(حمص) مردووه، واته (٤) چوار ساڵ پێش هێرش بردنە سەر ڕەشەخاکی عیراق. نووسەری داستانە ئەفسانەییەکە زۆر بە بەژن و باڵا و ئازایەتی سوپای داگیرکاردا کاوێژ دەکا و دڵڕەقانەش تیربارانی خەڵکی ڕەشۆرووتی هەرێمە کوردنشینەکان دەکا تەنیا لەبەر ئەوەی کافرن و بەرگری لە خاک و شەرەفی خۆیان دەکەن.

بەتایبەتی لە باسی «فەڕوخ خان» و «مالک ئەژدەر» و داگیرکردنی «دوگومانە» و «شیدەرە» و ناوچەکانی و باسی «شارەزوور» و داگیرکردنی «ئازەربایجان» و «ئورمیە» و «بانیج» و «سماقولی» و... تاد، نووسەری سیپارەکە لە زۆر شوێن، نامەردانە هێرش دەکاتە سەر ئافرەتی کورد و بە سووکایەتی و داوێن پیسی لەقەڵەمیان دەدا و شتی درۆ تۆمار دەکات.

کێ بەو قسە قۆڕانە باوەڕ دەکات کە ژنێکی جوانی ئازای وەک (ئەرجانوسە) کە بە بنەماڵە سەرداری ساوجبلاغ و موکریان بوون، پاش بە دیل گیرانی لە شەڕ و ئیسلام بوونی و ئینجا (خالید) سەرپشکی کردووە لە ناو سەرانی ئیسلامدا یەکێ پەسەند بکات و شووی پێ بکات، ئەرجانووسە چاوی گیرا و (قەعقاع)ی هەڵبژارد و شووی پێکرد.

شەهید ڕۆژبەیانی لە پەراوێزی ل٧٨ دەڵێ: «ئەم هەواڵانە سەراپا درۆیە، نە قەعقاع گەیشتۆتە ناوچەی مەهاباد و نە ژنی ئەرجانوسە ناوی هەبووە، بەڵکو ئافرەتێکی (ئەرجانوسە) ناو لە مێژوودا پادشای کورد بووە.

هەروا نووسەر لە شوێنێکی دیکە دەڵێ: «خەڵکی سماقولی کە بیستیان سوپای عەرەب بەرەو سماقولی دێت، خۆیان لە ناو باغ و دۆڵ و جەنگەڵەکاندا شاردەوە و هانی ژنەکانیان دا کە بە ڕووت و قووتی لەسەرەڕێیان بوەستن..» ل٨٣.

ئایا لە چ دەور و زەمانێک کورد ڕێگای داوە ژنەکان بە ڕووت و قووتی لەسەر ڕێگای سوپای داگیرکاران ڕابوەستن، ئەم سووکایەتی و بوختانانە لەپای چی؟ تەنیا لە پێناو بەرز ڕاگرانتی سوپای داگیرکار و چەواشەکردنی بەرگریکار!!

کورد کە بە درێژایی مێژوو بەرگری لە خاک و شەرەف و نامووسی خۆی کردووە، باش لەنیەتی داوێن پیسی نەیاران و ناحەزانی گەیشتووە و مێژووش شاهیدە لەو داستانە قارەمانانەی کە کورد لە شەڕی بەرگری و بەرخودان تۆماری کردووە و بە چەشنی شوورایەکی پۆڵایین ڕێگای لە شەپۆلی دڕندانەی سوپای داگیرکار گرتووە، بۆیە سەرکردەی نەتەوەکانی دەوروبەر حیسابێکی تایبەتیان بۆ کورد و شاخەکانی کوردستان کردووە و هانی سوپاکانی خۆیان داوە نزیک شاخەکان و شەڕی کوردان نەکەون، لە باسی هاتنی سوپای ئیسلام بۆ کوردستان و بڵاوکردنەوەی موسڵمانەتی لە وڵاتی ئێمەدا و چۆن موسڵمان بوونی باوک و باپیرانمان، کە پاش داگیرکردنی وڵاتی شام ڕووی داوە و هێزی عارەبی ئیسلام ویستوویانە درێژە بەشەڕ بدەن بەرەو باکوور، خەلیفە عومەری کوڕی خەتاب (خ.خ) نامەیەکی بۆ (سەعد کوڕی وەقاس) نووسیوە و دەڵێ: «وددت ان بيننا وبين الجبل سدا من النار لاينفذون الينا ولاتنفذ اليهم حسبنا سواد العراق واكره هدر دم مسلم واحد...» واتا: «خۆزگە لەنێوانی ئێمە و چیادا- واتا کوردستان- بەنداوێکی ئاگرین ببوایە نە ئەوان ڕێیان بەرەو ئێمە هەبوایە، نە ئێمە بەرەو ئەوان، بۆ ئەوەی ئیتر یارانی پێغەمبەر نەکوژرانایە، ئێمە ڕەشەخاکی عێراقمان بەسە..)ل٢٢.

لەم سەر و بەندەدا شەهید مەلا جەمیل ڕۆژبەیانی دەڵێ: «وادیارە نووسەری داستانەکە مێژووی ئیسلامی نەزانیوە و مەلایەکی کورد بووە ویستوویەتی باسەکە وەکو (بەهنەسا و قەڵای خەیبەر و ڕۆستەم و زۆراب و ناسر و ماڵماڵ) لە گوێی ئاگردان لە دیوەخانان و مانگی ڕەمەزانان لە مزگەوت بخوێندرێتەوە بۆ ئەوەی موسڵمانی ساویلکە بەزەییان بە یارانی پێغەمبەر (د.خ) بێتەوە و دروودیان بۆ بنێرن و نەفرین لە کوردی کافری نیشتمان پارێزەری وڵات بکەن کە بۆچی سەریان بۆ ئیسلام شۆڕ نەکردووە و ژن و ماڵیان نەخستۆتە ژێر دەسەڵاتی پڕ دڵسۆزی و بەزەیی یاران و ئەسحابانەوە»ل٨٦.

لە کۆتایی کتێبەکەدا شەهید مەلا جەمیل ڕۆژبەیانی دەست بۆ ئاسمان پان دەکاتەوە و دەپاڕێتەوە:

(خوایە ئەوی مێشکی کوردی بەم درۆ و دەلەسانە ئاخندووە، مێشکی لە ئاگری جەهەننەم بئاخێنی تا تیا قاڵ ئەبێت و ئەبێتە سواڵەتی، لەتی، ناو کەوێڵی دێهاتی)..ل٨٦.

# شیعری منداڵان له ئەدەبی کوردیدا

لێدوانی: ڕۆستەم باجەلان

ئەم لێکۆڵینەوەیە بە پێنووسی د. فازڵ مەجید پێکهاتەی فۆرم و حاڵەتی ناوەوەی خۆی ئاشکرا کردووە و بابەتەکە وێڕای پەیڤێک و پێشەکییەک، ئەوا بەم شێوەیە دابەش کراوە:

یەکەم: سایکۆلۆژیەت و قۆناغەکانی گەشەی منداڵ.

دووەم: سەرهەڵدانی ئەدەبی منداڵ.

سێیەم: مەبەستەکانی شیعری منداڵان لە ئەدەبی کوردیدا.

* ڕۆشنبیریی منداڵ لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی دیکە دەگۆڕێ، هەر بەم پێیە جیهانە بەربڵاوەکەشی لەگەشەکردن و پەرەسەندن و نوێبوونەوە دایە، بۆیە ستەمە ئێمە بە ئارەزووی خۆمانەوە ئەو بەرهەمە تەقلیدییانەی کە لە ڕووی فۆرم و ناوەڕۆکەوە کۆنەخوازن بەسەر منداڵی سەردەمیان بچەسپێنین، چونکە ئەو منداڵانە حەز لە فۆرم و ناوەڕۆکی نوێ دەکەن.

لە ڕاستیدا فۆرمی نوێ یان چاکتر وایە بڵێین فۆرمی «مەتاتی» پەیوەندییەکی بەتینی بە چەمک و ناوەڕۆکەوە هەیە، ئەم فۆرمە وەکو دۆخی ناوەوەی شیعری «لە منداڵەوە بۆ منداڵ» و «فۆلکلۆری نوێی منداڵان» گەشەی کردووە و گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە، واتە پێداویستیی سەردەم ناسنامەی ئەوی ئاشکرا کردووە، بەڵام بەداخەوە لەلای ئێمە تا ئێستا وەکو پێویست بیر لەم فۆرمە نەکراوەتەوە و نازانرێ تا چ ڕادەیەک و ئاستێک سوود بە ئاستی ڕۆشنبیری و کەسێتیی منداڵی کورد دەگەیەنێ، بەتایبەتیش منداڵی «٨-١٢» ساڵ، چونکە منداڵ لەم تەمەنەدا حەز لە ڕکەبەرایەتی دەکا، ئەم کردارەش ئیقاعی ناوەوەی خۆی هەیە، ئەم ئیقاعە وێڕای ئەوەی پەیوەندییەکی ڕۆحیی بە دۆخی هەڵکشان و داکشانی نووسەرەوە هەیە، ئەوا چەمکێکی تازەتریش هەڵدەگرێ، ئەویش ئەوەیە: وەکو کێشەکانی ٧ بڕگەیی و ٨ بڕگەیی... خۆی بەهیچ یاسایەکی دیاریکراو نابەستێ، بەلای ئەوەوە یاساو ڕێسا دەبنە تەگەرە و لەمپەر لەبەردەم جۆری بیرکردنەوەی منداڵی سەردەم، ئەویش لەبەر ئەوەی:


– ڕاستگۆیی و ڕەسەنایەتی لەدەست دەدا.

– وێنەی ڕاستەقینەی «کات» پەک دەخا.

– شیعر ناسنامەی خۆی دەدۆڕێنێ و دەبێ بە «ڕێکخستن- تنظیم».

– هەر کە نووسەر ماڵئاوایی لە قۆناغەکانی منداڵی خۆی دەکا، زۆر زەحمەتە جارێکی تر بتوانێ بگەڕێتەوە بەهەشت و بەزمانی کات و شوێنی سەردەمە یەک لەدوایەکەکان قسان بکاو وەڵامی دیالۆگ و مەتەڵ و پرسیارە قورس و ئاڵۆزەکان بداتەوە.

ئیتر هەر لێرەوە دەتوانین بڵێین: هەر کە نووسەر یان لێکۆڵەرەوەیەک لەسەر ئەدەبی منداڵان دەنووسێ، بەر لە هەموو شتێک دەبێ ئەوە بزانێ کە ئەدەبی منداڵان نەگۆڕ نییە، بەڵکو بەپێی سەردەمەکان گەشەی کردووەو دواتریش بەچەندین قۆناغی نوێبوونەوە تێپەڕیوە، دیارە هەر یەکێکیش لەمانە چەندین قۆناغی تەمەنی منداڵانی بەخۆوە بینیوەو هەر یەکێکیش لەم قۆناغانە



سایکۆلۆژیا و هونەر و فەلسەفە و فەرهەنگی زمانی خۆی هەیە، لێکۆڵەرەوە دەبێ ئەمانە بزانێ و هەرکە باسیش لە مەبەستەکانی شیعری منداڵان دەکاو دێتە سەر دۆزەکانی پەروەردەی نیشتمانی و پەروەردەی وەرزشی، دەبێ لەو زمانە بگا کە تەنیاو تەنیا ئەو بەرهەمانە ناچنە خانەی پەروەردەی وەرزشی یان.. تاد کە تەنیا ئامۆژگارییان تێدایە، بەڵکو ئەم بەرهەمانەش دەگرێتەوە کە شتی تازە بابەتن، چونکە شتە تازەکان چەمکی پەروەردەیی خۆیان هەیە و لەگەڵ ڕێبازی پەروەردەی نوێ دەگونجێن، دیارە زۆر جاریش هەیە ئەو ئامۆژگاری و زانیارییە تەقلیدییانەی کە چەندبارە دەکرێنەوە، زیان بە کەسێتیی منداڵ دەبەخشن، چونکە قوربانیدان بەشتی نوێ لە پێناو ئامۆژگارییە تەقلیدی و زانیارییە چەند بارەکراوەکان، ئەوا لە جێوە زەددە و بۆشایی و کەلەبەری هەمە دیو و هەمە لایەن لە جۆری بیرکردنەوەی منداڵ پەیدا دەکەن، ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوە: کە ئەو منداڵە وێنەی لاساکەرەوەو شێواو و ناڕێک لە مێشکی خۆیدا بکێشێ و بەهۆی ئەمەوە ببێتە منداڵێکی گوێڕایەڵ و ترسنۆک. «دکتۆر نیل» لەم ڕووەوە دەڵێ: «منداڵی سەرکوتکراو منداڵێکە ترسنۆک، شەرمن، گوێڕایەڵ، فەرمانبەر، لەهەر شار و شەقام و کۆڵانێکدا نموونەی ئەم جۆرە منداڵانە هەیە... » هەروەها لێکۆڵەرەوە دەبێ ئەوە بزانێ ڕاوبۆچوونەکان هەر چەندە قبوڵکراو بن، ئەوا لە هەموو سەردەمەکاندا نابن بە «مەرجەع» بۆ ناساندنی ئەدەبی منداڵان، چونکە ئەم ئەدەبە بگۆڕەو وەک گوتمان هەمیشە لەگەشەکردن و پەرەسەندن و نوێبوونەوەدایە، ئێمە هەر لەم نۆڕینگەوە سەیری ئەدەبی جیهانی و کوردی دەکەین و هەر لێرەشەوە جەخت لەسەر ئەوە دەکەین کە شیعری منداڵان لە ڕووی فۆرمەوە کە ئەویش پەیوەندییەکی ڕۆحیی بە ناوەرۆکەوە هەیە، بەم قۆناغانەدا تێپەڕیوە:

– قۆناغی کۆن: کێشەکانی: ٤، ٥، ٦، ٧، ٨، .... بڕگەیی

– قۆناغی پەنجە:
٢، ٤، ٦، ٨
٣، ٦، ٩
٤، ٨، ١٢
٥، ١٠، ١٥ بڕگەیی

– قۆناغی «مەتاتیەت» یان ئیقاعی ناوەوە: ئیتر هەر لێرەوە دێینە سەر بابەتەکەمان و بەپێی تواناو بۆچوونەکانمان لێی دەدوێین.

**– بەشی یەکەم/ باسی یەکەم**
**سایکۆلۆژییەت و قۆناغەکانی گەشەی منداڵ.**

ئەم مانشێتە ئەم بابەتانەی بەخۆوە گرتووە:
– سەرەتایەک.
– قۆناغەکانی گەشەی منداڵ.

* ئەگەر سەیری ئەم بابەتانە بکەین، ئەوا دەبینین نووسەر سوودێکی زۆری لەسەرچاوەکان وەرگرتووە بەتایبەتیش کتێبی (صحافة الاطفال) و (ثقافة الاطفال) و (أدب الاطفال)ی نووسەری بە توانا (د. هادی نعمان الهيتي). لە ڕاستیدا د، فازڵ لەم نووسینەدا توانیویەتی قۆناغەکانی تەمەنی منداڵ وەکو خۆیان بەخوێنەر بناسێنێ، ئەم ڕاستییەش زیاتر لە فەرهەنگی زمانی منداڵ دەردەکەوێ، چونکە مەفهوومی فەرهەنگۆکەکان پەیوەندییەکی تەواویان بە قۆناغە یەک لەدوا یەکەکانەوە هەیە و د. فازڵ لەم ڕووەوە سەرکەوتووە.

**باسی دووەم:**
**ئەدەبی منداڵان چییە؟**

ئەم مانشێتەش ئەم بابەتانەی بەخۆوە گرتووە:
– ئەدەبی منداڵان چییە؟
– شیعری منداڵان.
– شێوازی شیعری منداڵان.
– زمان لەشیعری منداڵاندا.
ڕیتم لە شیعری منداڵاندا.
– بابەتی ڕەوانبێژی لە شیعری منداڵاندا.
– ناوەرۆکی شیعری منداڵان.
– ئامانجی شیعری منداڵان.

* ئەگەر سەیری ئەم بابەتانە بکەین، ئەوا دەبینین لێکۆڵەرەوە زیاتر پشتی بەسەرچاوەکان بەستووەو هەر بەهۆی ئەوانیشەوە پێناسەی ئەدەبی منداڵان بەگشتی و شیعر و شێواز و زمان و ڕیتم و بابەتی ڕەوانبێژی و ناوەرۆکەکانی شیعری منداڵان دەکا، دیارە سەبارەت بە ئامانجەکانیشەوە هەمان بۆچوونی هەیە، هەرچەندە بەلای ئێمەوە دەبوایە ئەم نووسینەش بەبۆچوونی خودگەرایی دەوڵەمەند بکا.

**– بەشی دووەم:**
**سەرهەڵدانی ئەدەبی منداڵ**

ئەمەش ئەم بابەتانەی بەخۆوە گرتووە:
– لە ئەدەبی ئەوروپیدا.
– لە ئەدەبی عەرەبیدا.
– لە ئەدەبی کوردیدا.
– شیعری منداڵ لە فۆلکلۆری کوردیدا.
– فەرهەنگی نوباری بچووکانی «ئەحمەدی خانی».
–فەرهەنگی (ئەحمەدی)ی شێخ مارفی نۆدێی.
– ڕۆڵی ڕۆژنامەگەری کوردی لە پێشخستنی ئەدەبی منداڵاندا.

* د. فازڵ ئەم بابەتانە بەشێوەیەکی ڕێکوپێک وێنە دەکێشێ و دواتریش بە خوێنەریان دەناسێنێ، بەڵام خۆزیا هەرکە دێتە سەر بابەتی فۆلکلۆری کوردی، ئاماژەی بۆ «فۆلکلۆری نوێ»ش دەکرد، ئەو فۆلکلۆرەی لە ئەنجامی توانەوەی چەمکی گوندایەتی لەناو سکی شاردا بوونی

خۆی ئاشکرا کردووە، چونکە ئەم کردارە پەیوەندییەکی بەتینی بە ئەدەبی نوێی منداڵانەوە هەیە و پێداویستی سەردەم ناسنامە نوێخوازییەکەی ئاشکرا کردووە.

**بەشی سێیەم:**

**مەبەستەکانی شیعری منداڵان لە ئەدەبی کوردیدا**

ئەمەش ئەم بابەتە سەرەکییانەی بەخۆوە گرتووە:

- پەروەردەی نیشتمانی.
- پەروەردەی فێرکاری و خوێندن.
- پەروەردەی ڕەوشتی.
- پەروەردەی مرۆڤایەتی.
- پەروەردەی هۆشەکی و دەروونی.
- پەروەردەی وەرزشی.
- پەروەردەی ئایینی.
- پەروەردەی دروستی (تەندروستی).

* نووسەر بۆ هەر بابەتێک لەم بابەتانە نموونەی شیعری منداڵانی هێناوە و دواتریش لە ڕووی شێواز و زمانەوە لە شیعرەکان دواوە، بەڵام مخابن لە هەندێک شیعردا وێڕای ئەوەی ئاماژەی بۆ لایەنەکانی هونەری و فەلسەفی و دەروونناسی و قۆناغەکانی تەمەنی نەکردووە، ئەوا دوچاری غەفڵەتیش بووە. ئەم ڕاستییەش لەبابەتی پەروەردەی وەرزشی دەردەکەوێ، چونکە لە هەندێک جێگادا وێڕای ئەوەی چەمکی شتە نوێیەکانی وەرزشی ناخاتە خانەی پەروەردەی وەرزشی، ئەوا لە بری ئەوەی لە لێکۆڵینەوەکەیدا پشت بە دیوانە شیعرییەکان ببەستێ، هاتووە پشتی بە «مەرجەع» بەستووە. بۆ نموونە: هەرکە دێتە سەر دیوانی منداڵ و جیهانی وەرزش ئەوا دەڵێ:

ئەم دیوانە بریتییە لە (٢٠) پارچە شیعر، ئەم هەڵەیە کاتی خۆی لە ژمارە (٣١٨٨)ی ڕۆژنامەی عیراقدا ڕووی داوە کە نووسەر پشتی پێ بەستووەو هەمان هەڵەی دووبارە کردۆتەوە. من پێمواییە ئەگەر نووسەرئەم دیوانەی وەک خۆی بخوێندبایەوە، ئێمە لێرە قسەمان نەدەبوو، چونکە دیوانەکە وێڕای ئەوەی کە (٣٦) پارچە شیعری بەخۆوە گرتووە، پڕیەتی لەبابەتی پەروەردەیی وەرزشی، چ بە مانای شتە نوێیەکان یان بەو مانایەی کە بەڕێزیان بڕوای پێی هەیە.

**- یاریی بالە خۆشە خۆش**
**هێز دەداتە بیر و هۆش. ل٤**
**- منداڵینە دەتوانین**
**بەهەرەوەزی و زانین**
**سەر بکەوین لەیاری**
**ببڕین ڕەگی دژواری... ل٥**
**- تۆپی باغەی من مەڕۆ**
**هەردەم خۆشەویستی تۆ**
**تۆ خڕی وەک گۆی زەوی**
**دەچیە جێی بەرز و نەوی... ل٢١**

جارێکی تر جەخت لەسەر ئەوە دەکەم کە هەر سەردەمێک ئیقاعی خۆی هەیە، تۆ ناکرێ لەم ڕۆژگارە بە لووتی گۆران و بێکەس و زێوەر و... تاد، هەناسە وەرگری، چونکە لەوانەیە هەستی بۆنکردن لەم ڕۆژگارە جەنجاڵەدا چەمکی دیکە هەڵبگرێ و شەقام و کۆڵانەکانیش بۆنی سەردەمی نوێیان لێوە بێ، بۆیەش وا دەڵێم، چونکە تا ئێستا زۆربەی نووسەری منداڵان بەسەقەتی و ناشارەزاییەکی زۆرەوە لاسایی بەرهەمەکانی «شەونم و کاکەی فەللاح و عومەر عەبدولڕەحیم و فەرەیدوون عەلی ئەمین» و چەندینی دیکە دەکەنەوە، لەم ڕووەوە هیچیان نەخستۆتە سەر ئەدەبی منداڵانەوە، من پێمواییە ئەگەر لەدوارۆژدا یەکێک بیەوێ بەچەند بەرگ لێکۆڵینەوەیەکی تێر و تەسەل لەسەر شیعری منداڵان بکا، (مەبەستم لەو شیعرانەیە کە گەورە بۆ منداڵانیان نووسیوە) ئەوا هەموومان لە جێوە تووشی شەرمەزاری دەبین، چونکە زۆربەیان بەیەک نەفەس نووسراون و لە ڕووی پێکهاتەی گشتییەوە لەیەک دەچن، بگرە بە دەگمەن دێڕە شیعرێکی نوێ لێرەو لەوێ بەدی دەکەین کە ئەمە کارەساتێکی گەورەیە، ئەم کارەساتە تا ڕادەیەک خۆی لە جیهانی منداڵە شاعیرەکانیشەوە ئاڵاندووە کاریگەریی سلبی خستۆتە سەر جۆری بیرکردنەوەیانەوە، بەڵام دیارە د. فازڵ مەجید لەم زمانە دەگا، بۆیە لێرە هەوڵی داوە سوود لەم شیعرانە وەرگرێ کە خاوەنەکانیان تا ڕادەیەک لە فەلسەفە و هونەر و سایکۆلۆژیا و قۆناغی تەمەن و فەرهەنگی زمانی جگەرگۆشەکان دەگەن، بەڵام خۆزیا لێکۆڵینەوەکەی بەشیعری نوێش دەڕازاندەوە، ئەو شیعرانەی لە ڕووی فۆرم و حاڵەتی ناوەوە «مەتاتی»ن، خۆزیا و خۆزیا هەندێک ناو لەبیر نەدەکران وەک مەدحەت بێخەو و هەندێ شاعیری کرمانجی ژووروو، چونکە بەلای ئێمەوە لێکۆڵینەوەکە بەرفراوانتر دەبوو و سنووری ناوچەگەرایەتی دەبەزاند.

**ئەنجام**

د. فازڵ مەجید نووسەرێکی خاوێن و لێکۆڵەرەوەیەکی بەتوانایە، ئەم لێکۆڵینەوەی ماندووبوونێکی تەواوی پێوە دیارە. دیارە ئەو سەرچاوانەی پشتی پێ بەستوون، سەرچاوەی بەسوودن و خزمەت بە ڕۆشنبیریی منداڵ و کەسێتیی جگەرگۆشەکان دەکەن.

بەکورتی: کتێبی «شیعری منداڵان لە ئەدەبی کوردیدا» لە ڕووی پێکهاتەی پەروەردەییەوە سەرکەوتووە، لەم ڕووەوە پیرۆزبایی لە نووسەرەکەی دەکەین.

* سوود لە کۆمەڵێک سەرچاوەی ڕۆشنبیری وەرگیراوە، ئەم سەرچاوانە بەبۆچوونی خودگەرایی دەوڵەمەند کراون.

# لەگەڵ هونەرمەندی دەنگخۆش «ڕۆستەم ڕۆستەمی»دا



**دنیایەکی سەیری هەیە.. هەست و نەستێکی هەورامییانەی ڕەسەن، خۆش مەشرەب و شیرین زمان و ڕەزاسووک و هەندێ جاریش (گوناح)! تۆنی دەنگی زۆر نزمە، بەڵام سۆزێکی سەرنجڕاکێش لە دەنگیدا هەیە، هەست و نەستە هەورامییانەکەشی لە گۆرانی چڕینەکەیدا ڕەنگی داوەتەوە.. هەر دەڵێی هێشتاش لە بن دارگوێزێکی هەوراماندایە و پڕ بەناخی دەچڕێ.. دەچڕێ بۆ گوڵە هەزار چەشنە خۆڕسکەکان.. بۆ کەوە خۆشخوانەکان، بۆ جۆبارە زوڵاڵەکان و بۆ سەر بەرزاییەکانی هەورامان. نەخوێندەوارە، کەچی زۆربەی زۆری شیعرەکانی مەولەوی لەبەر دەڵێتەوەو بە هۆیانەوە گۆرانییەکانی دەوڵەمەندتر دەکات. هەر بڵێی (گۆرانییەکم بۆ بچڕە)، ئیدی بارانی سیاچەمانەی ڕەسەنت بەسەردا دەبارێنێ تا ناخت تەڕ دەکات.. تەنیا ئاماژەیەک بکەیت بە سەردێڕێکی مەولەوی، ئیدی تافی زوڵاڵی شیعراوی مەولەویت بەسەردا دەڕژێنێ تا گیانت فێنک دەکاتەوە. با لە زاری خۆیەوە زۆرتری لێ ببیسین..**

* کاک ڕۆستەم کێیە؟

– ڕۆستەم کوڕی کەریم شۆڕەت ڕۆستەمی خەڵکی گوندی کەیمنە، لەدایکبووی (١٩٤٥) ناسراو بە ڕۆستەم کەیمنەیی و ئێستە ئاوارە و نیشتەجێی گوندی قەڵاجێی سەر بە سەوڵاوای مەریوانم.

* ئاوڕێک لە مێژووی دەستپێکردنی گۆرانی گوتنت بدەرەوە؟

– ڕاستە دەڵێن بنەماڵەی کاک عوسمان هەموویان دەنگخۆشییان بە میرات بۆ ماوەتەوە، بەڵام من دەمەوێ بڵێم دەنگخۆشی میراتی دار و بەردی کەیمنەیە و بە هەقیش برایانی کەیمنەیی جێی تایبەتی خۆیان لە جیهانی مۆسیقادا کردۆتەوە. منیش وەک هەر کەیمنەییەک بە گۆرانی گۆش کراوم و زمانم پێی کراوەتەوە و هەر بە مێردمنداڵی هەستم کردووە دەنگم خۆشە و دەتوانم گۆرانی بڵێم. ئێمە (من و فارس برای عوسمان و حەمە قیژەلە برای حەمە حسێن) هاوتەمەن بووین و هەر پێکەوەش لە هەوار و کەژ و کێو و باخ و مێرگەکانی هەورامان و بەشوێن ئاژەڵ و دروێنە و باخەوانییەوە دەستمان دەکردە گۆرانی گوتن، یان باشتر بڵێم لاساییکردنەوەی عوسمان و حەمە حسێن و حەمە قولتە و مام حەکیم و... تاد، توانای خۆمان لە چڕینی سیاچەمانەدا تاقی کردۆتەوە. لەوانەیە بتوانم بڵێم کە لە (١٥)ساڵیی تەمەنمدا دەستم کردۆتە گۆرانی گوتن.

* واتە لە (١٥) ساڵییەوە وەک گۆرانیبێژێک ناسراوی؟

– شتەکە جیاوازە، ئایا ناسراوی لەناو گوند و دەوروبەردایە، یاخود بەگشتی لەناو زۆربەی جەماوەردا کە ئەمەشیان دەبێتە ناوبانگ دەرکردن. دیارە من و دۆستەکانیشم لەو بازنە بچووکەی دەوروبەردا ناسراو بووین، هەربۆیەش بۆ یادی تاج گوزاری واتە ڕەسم و یاسای ساڵیادی پاشایەتی لە ساڵی (١٩٧٦)دا بانگێشت کراین بۆ بەشداری لە جێژنەکەدا کە جێژنێکی هەر زۆر گەورە و گران و هەمەلایەن بوو، ئەو جێژنی تاج گوزارییە سەرتاسەری ئێرانی گرتەوە و سێ شەو و ڕۆژی خایاند، من و هاوڕێکانم بەشدار بووین و لەو ماوەیەدا بەزمان گێڕا و لەو ڕۆژەوە وەک گۆرانیبێژێک بەتەواوەتی ناسرام و هەر بۆ یەکەم جاریش بە ئاشکرا لەناو جەماوەردا گۆرانیم گوت.

* بێجگە لە تۆ و فارس و حەمە قیژەلە کەسی تر وەک گۆرانیبێژ بەشداری نەکردبوو؟

– با، زۆر کەس بەشدار بوون لەوانەش حەمە حسێن و شەفیع و سدیق و حەمە ئازیز و فەرەجی نەعمین و...تاد، ئەمە سەرەڕای زوڕنا و دەهۆڵ کە چەندین کەسی ناودار لەوێ بوون. ئەوەش بڵێم کە گۆرانیبێژە بەناوبانگەکانی دیکەش بانگ کرابوون بۆ نموونە بۆ وێنە جەمیل لەوێ بوو، عوسمان هەورامیش هەر بۆ ئەوێ برابوو.

* تۆ درێژەت پێدا، بەڵام بۆچی فارس و حەمە دابڕان؟
– شتەکە دەگەڕێتەوە بۆ ئەشقێکی هەمیشەیی و هەرواش توانای ئەو کەسە، لەگەڵ ئەوەشدا حەمە دانەبڕا و هەر لەسەری ڕۆیشت و دەنگیشی دیارە، بەڵام ڕێکەوتەکان جیاوازن، ئەو بەپێی بارودۆخی تایبەتی خۆی لە بەرتەسکییەکدا مایەوە و منیش بۆم لوا گەشە بکەم. (فارس)یش بەداخەوە جوانەمەرگ بوو، زوو چرای ژیانی کوژایەوە دەنا پێموایە دەبووە دەنگێکی هەرە دیار، کەچی بوو بە قوربانیی شەڕ! بنەماڵەی عوسمان زۆربەی زۆریان بەهرەیان هەبوو، بەڵام هیچیان دیار نەکەوتن. بۆ نموونە دایکی عوسمان، یان مامی، (حاجی یاقۆ)، یان ئامۆزاکانی، ئەوە براکانی خۆی فارس و سابیر، ئەوە کوڕەکانی بەتایبەت موختار هەموویان گۆرانیان گوتووە، کەچی هیچکام درێژەیان پێنەدا و دابڕان. بەهەرحاڵ لەناو دۆست و هاوتەمەنەکانمدا من توانیم درێژەی پێبدەم و خۆیشم بە بەختەوەر دەزانم.

* داهێنان و ئاوازدانان لەسەر بنەما ڕەسەنەکە زۆرتر لە گوندی کەیمنەدا گەشەی کردووە، وەک گوتت کەیمنە مەڵبەندی گۆرانییە، ئەمە چۆن لێک دەدەیتەوە؟
– بەڵێ وایە، کەیمنە زێدی سیاچەمانەیە، کانیاوی گۆرانییە، سەرچاوەی هونەریی مۆسیقای ڕەسەنە. زۆر کەس ناویان هەیە و زۆر کەسیش گۆرانی تایبەت بەخۆی هەیە کە پێشاندەری ئاستی بەرزی توانای داهێنانی هونەرمەندانی کەیمنەیی بووە، بۆ نموونە مام حەمەتەنە، حەمەقولتە، مام حەکیم، مریەمی دایکی عوسمان، فەرخیی دایکی قوربانی، فەرخیی مەلا حامید، حاجی یاقۆ، ئەحمەدی سەحەر، عوسمان، حەمە حسێن، شەفیع، مەجنوون و دەیان ژن و پیاوی دیکە. ئەمەش من پێموایە بەهرەیەکی تایبەتی یەزدانییە لەناخی خەڵکی کەیمنەدا کە لەگەڵ جوانیناسی و هەستی ناسکی خۆیان و سروشتی جوانی دەڤەرەکەیان و ژیانی شاعیرانەی ئەو خەڵکەدا تێکەڵ بووە.

* گرنگ لەوەدایە کە ئافرەتەکانیش لە کەیمنەدا سەربەست بوون و بەهرەیان هەبووە و بایەخیشیان پێداوە؟
– تا ئەم دواییانەیش ژن و کچی لای ئێمە گۆرانیان دەگوت. گرنگ چاوکراوەیی و مێشک کراوەیی خەڵکی کەیمنە بووە کە ئەو بارودۆخەیان دروست کردووە، گەرچی ئەو ئازادییە لە سەرتاسەری هەوراماندا هەبووە و ژن نەک تەنیا وەک ژن، بەڵکو وەک مرۆڤی ڕاستەقینەی خاوەن ماف و کەسیەتی سەیر کراوە و نەخراوەتە پەراوێزەوە بەڵکو تەنانەت ڕۆڵی سەرکردایەتیشی هەبووە (ئەوە مسری جان) کە خۆت باسی دەکەیت باشترین بەڵگە و نموونەیە. بەهەرحاڵ ژنە بەهرەمەندەکان زۆر بوون و دیاریش بوون و کەسیش پێشی پێنەگرتوون و نەیچەوساندوونەتەوە. لە مریەمی دایکی عوسمان دەگێڕنەوە کە: «گەنج بووین... من دەزگیرانی مۆمن (باوکی عوسمان) بووم. لەگەڵ دەستە خوشکەکانمدا بۆ هەوارگەی هەیات دەچووین لە (کاوە و دەروێشی)دا گوێمان لە دەنگێکی خۆش بوو، کە سەرکەوتین دەبینین ئەحمەدی سەحەر لەوبەری ڕێی (مروە کویلە)وە لەسەر بەردێک دانیشتووە و سیاچەمانە دەچڕێت... من خۆم پێنەگیرا و پەڕیمەوە ئەوبەر چەمەکە و لەپاڵ دەستیدا دانیشتم و سیاچەمانەکەم لێسەندەوە و هاوڕێکانیشم لەوبەرەوە لەسەر ڕێگاکە دانیشتن و نوقمی گوێگرتن بوون... ئەو چەم و دۆڵە دەنگی دەدایەوە لە چریکەی سیاچەمانەی من و ئەحمەدی سەحەر، ئەوەندەی پێ نەچوو مۆمنی دەزگیرانم هات، کە منی دیت لەگەڵ گەنجێکی دیکەدا دانیشتووم و گۆرانی دەڵێم دیارە پێی ناخۆش بوو، بۆیە بانگی کردم، بەڵام من وەڵامم نەدایەوە (چونکە لەگۆرانییەکەدا بووم) دەزگیرانم بەردێکی لە دوورەوە تێگرتم کە دای لە پەنجەی پێم و خوێنی لێ بەربوو، کەچی من گۆرانییەکەم نەبڕی، ئەویش بەناچار لای دەستە خوشکەکانم دانیشت و گوێی بۆ شل کردین... کە گۆرانییەکەشمان تەواو کرد هەر هەموومان پێکەوە بەرەو هەوار کەوتینە ڕێ بەبێ ئەوەی هیچ ئاڵوگۆڕێکی نەشیاو لەنێوانماندا بەدی بکرێت». ئەمە ئەوپەڕی ئازادی و مێشک کراوەیی ئەو خەڵکە پیشان دەدات. بەم پێیەش جێی خۆیەتی کە هونەر لە ئاوا کۆمەڵگەیەکدا گەشە بکات و بپارێزرێت.

* باسی داهێنانمان کرد... خۆت لەو بوارەدا چیت کردووە؟
– هیچ داهێنانێکم نەبووە و هەر گۆرانییە کۆنەکانم دووبارە گوتوونەتەوە، بەڵام هەوڵم داوە شێواز و یاسا ڕەسەن و بنەڕەتییەکان بپارێزم و بە هەمان ڕەسەنیی خۆیان بیانڵێمەوە. لەوانەیە بەهرەکە لای من بەشێوەیەکی دیکە و بۆ شتێکی دیکە بێت کە ئەویش لایەنی شیعرییە، واتە توانای لەبەر کردن و بەکارهێنانی زۆرترین شیعر لەگۆرانییەکاندا کە ئەمیش خۆی لە شیعری فۆلکلۆری و هەروایش شیعری شاعیرەکاندا دەبینێتەوە.

* کەوابوو تۆ خوێندەواریت هەیە و دەخوێنیتەوە؟
– نا.. من خوێندەواریم نییە.. هۆکارەکەشی دەگەڕێتەوە بۆ بارودۆخی ئەو سەردەمە و کۆمەڵگەی دواکەوتووی ئەوکات. واتە نەخوێندەواریی باوک و دایک و هەژاریی بنەماڵە و دژواریی ژیان و کار و زەحمەتی بەردەوامی ناو باخ و ئاژەڵداری و جێ نەکەوتنی خوێندنگا و خوێندن و...تاد، بوونەتە هۆی ئەوەی کە زۆربەی منداڵانی ئەوسای لای ئێمە نەخرێنە بەر خوێندن و نەخوێندەوار بمێننەوە، هەندێکی کەمیش کە

خوێندوویانە ئەوا شتەکە پێش هەموو شتێک دەگەڕێتەوە بۆ تێگەیشتوویی بنەماڵە و دایک و باوک و پاشان توانای ماددی واتە دەست ڕۆیشتوویی بنەماڵەکەیان.

* ئەی کەواتە چۆن باسی بەکارهێنانی شیعری شاعیران دەکەیت؟

– تەنیا لە ڕێگەی بیستنەوە، یا بە کەسێک دەڵێم بۆم بخوێنێتەوە، یا گوێ لە کاسێتێک دەگرم و بەیەکجار بیستن شیعرەکە لەبەر دەکەم... پێشتر گوتم بەهرەکە لای من جیایە، من ئێستا دەتوانم بڵێم سەرجەم دیوانی مەولەوی و زۆربەی بێسارانی و سەیدی-م لەبەرە و بەبێ هیچ هەڵە و لێ قرتاندن و پاش و پێش خستنێک شیعرەکانیان لەبەر دەخوێنمەوە و لەگۆرانییەکانمدا بەکاریان دێنم، شیعری فۆلکلۆریش جێی خۆی هەیە، بەڵام زۆرتر مەولەویم خۆش دەوێت، بۆیەش زۆرتری بەکاردێنم و زۆرتریشم لەبەرە.

* ئەی لەناو گۆرانییەکاندا چ بەشێکیانت خۆش دەوێت، حەزیش لە چ نەزمێک دەکەیت و زۆرتر چ گۆرانییەک دەڵێیتەوە؟

– هەموو بەشەکانی گۆرانیم لا خۆشە، بەڵام سیاچەمانەم لەلا باشتر و پەسەندترە، چونکە کەشوهەوا و دنیایەکی تایبەتی هەیە، کاریگەرییەکی مەعنەوی زۆرتریشی هەیە. زۆرتریش هەر سیاچەمانە و خاو دەڵێمەوە، کەمتر حەزم لە چەپڵە و وردە بەزمە، لەناو سیاچەمانەشدا سیاچەمانەکەی (ئەحمەدی نازداریێ)ی بیارەییم لا خۆشترە و حەز دەکەم هەمیشە بیڵێم، چونکە هەوا و هەناسەیەکی زۆر ڕەسەن و سەرکەشی هەیە و کاری زۆرم تێدەکات. ئەحمەدی نازداریێ یەکێک بووە لەگۆرانیبێژە بە بەهرەکانی ئەوسای هەورامان و خاوەنی توانایەکی شایان و دەنگێکی بەسۆز و کاریگەر بووە و ئەو گۆرانییانەش کە بە یادگار لێی بەجێماوە لە داهێنانی خۆیەتی کە هەر بەناوی خۆیەوە ماوەتەوە و سیاچەمانەیەکی هەرە دڵگیر و ڕەسەنە و پیشاندەری ئاستی بەرز و توانای هونەری داهێنەرەکەیەتی. ئەم سیاچەمانەیە ئاوا دەست پێدەکات:

**«جا... ئاخ پەی وەشیەکەو... وەکناهۆ قامەت وش... من دەرەو بیاریێ... هۆ گیان لەیل**

**کورە گرد کۆچشا کردەن... هۆهۆ باوانم... دەی جا ناسک و... دەی نازاریێ توخا گیان لەیل**

* زۆر سوپاس.

– من سوپاسی تۆ دەکەم بۆ ئەم دواندنە خۆماڵییە و هیوادارم ڕۆژێک دابێت کە گەنجەکانمان ڕابچڵەکێن و ئێمەش بەسەر هەر بەرزاییەکەوە و لە زاری هەر گەنجێکی هونەرمەندەوە گوێمان لە چریکەی ڕۆحنەوازی سیاچەمانەی هەورامان بێت.

**ئا: جەلیل عەباسی**
**(کوردستانی ئێران)**

## خودانێ (کن چیرۆک) و خەلاتێ یەکێ



**سالح غازی چیرۆکنڤیسەکێ گەنجە، هەتا نوکە هژمارەکا (کن چیرۆک)ێن خوە بەلاڤ کرینە، کۆمەلەک ژی بەرهەڤە بۆ چاپێ. ل دوماهیا سالابۆری، دبەریکانەکا چیرۆکێ دا، خەلاتێ یەکێ بدەستڤەئینا کو ژلایێ ڕێڤەبەریا ڕەوشەنبیری و هونەری هاتبوو ڕێکخستن. ب چیرۆکا (دەولەت دبازنێ گومانێدا) پشکداری کربوو. ب وێ هەلکەفتێ ئەڤ دیدارە هاتە کرن.**

* هەستێ تە چ بوو، وەک چیرۆکنڤیس ب دەرکەفتنا چیرۆکا تە بۆ خەلاتێ ئێکێ؟

– ڕۆژەک مابوو، بۆ ژڤانێ دوماهیێ یێ وەرگرتنا بەرهەما و هەیا هنگێ من چ چیرۆک بەرهەڤ نەکربوون، ژنوڤە ل شەڤا دویاهیێ من ئەڤ چیرۆکا کو تا یەکەم دەرکەتی نڤیسی ئەوا لژێر ناڤێ (دەوڵەت دبازنێ گومانێدا) هەلبەت پشتی کو من چیرۆک بداوی هینایی، ئەز یێ پشت ڕاست بووم کو دێ خەلاتەکێ بدەستڤە هینت، دیسان پشتی کو خەلات هاتینە دان و چیرۆکا من یا یەکەم دەرچوویی ئەز نەگوهشیم ژبەر کو من باوەڕی ب خوە و چیرۆکا خوە هەبوو، بەلێ ئەز خۆشحال بووم.

* ناڤەڕۆک و بابەتێ چیرۆکا تە لدۆر چ د زڤرت؟

– بابەتێ چیرۆکێ لسەر دەولەتا کوردانە، ناڤەرۆک ژی ب کورتی بەحسێ میژوو و هەبوونا میللەتێ کورد دکەت و ئەو زولم و ستەما لێ هاتیە کرن، بەلێ ب شێوەکێ هونەری و شێوازەکی نوی، چیرۆک بخوە ژ(١٢) پارچێن گەلەک کورت پێک دهێت و هەریەک پارچەژ ڤان یا بەری یا خوە تمام دکەت، هەمی پارچە ژی ب هژمارێن رۆمانییێ کەڤن هاتینە هژمارەکرن کو مەرەمامن ژی بۆ دەمیە ئانکو وەختە.

* وەک ئاشکرایە شێوازێ نڤیسینا تە تایبەتە، ئەڤ چیرۆکە ب چ شێواز هاتیە نڤیسین؟

– بەلێ من شێوازێ خوە یێ تایبەت هەیە بۆ نڤیسینا چیرۆکێ گروڤە ژی ئەز یەکەم کەسم چیرۆکێن خوە بناڤێ (کن چیرۆک) بەلاڤ دکەم، یا ژمن وەرە چیرۆکێ ژی مینا شعرێ وەرار کریە و ژ قالبێ خوە یێ کلاسیکی دەرکەتیە و چیرۆکا هونەری یا نوی ناهێتە چارچۆڤەکرن، ئەز ژیلدویڤ ڤی سیستەمی چیرۆکا خوە ئاڤا دکەم و خوە ب چ قالبانڤە گرێنادەم تنێ ئەز پویتەیی ددەمە چەند لایەنەکێن گرنگ مینا: زمانەکی پاقژ و رەسەن و تەکنینەکا بهێز و ناڤەرۆکەکا دیار، ل پرانیا چیرۆکێن مندا ئەڤ ناڤەرۆکە ل رستێن دوماهییێ دیار دبیت، هەروەکو چیرۆکا من یاکو خەلات وەرگرتی.

* چیرۆکا نوی یا هونەری ل باژێرێ دهۆکێ ب تایبەت و ل کوردستانێ ب گشتی تو چەوا دهەلسەنگی؟

– هەروەکو من بەری نهو ئاماژە دایێ کو چیرۆکا نوی وەرار کریە، و ئەڤێ چەندێ رەنگڤەدانا خوە ل کوردستانێ ژی دیتیە، نهو گەلەک ناڤێن نوی هاتینە د مەیدانا چیرۆکێدا و هەر هندەک ب شێوازێن تایبەت و بۆڤێ چەندێ گەلەک ناڤژی بۆ کورتە چیرۆکێ هاتینە دانانە مینا: کورتە چیرۆک، کورتیلە چیرۆک، پوستەرە چیرۆک، کورتوکە چیرۆک، کن چیرۆک، میکروچیرۆک، ئەڤە وێ چەندێ دگەهینت کو چیرۆک ل کوردستانێ تارادەیەکی بەرەڤە پێش چوویە و ل باژێرێ دهۆکێ ژی ناڤێن نوی پەیدابووینە و شێوازێ گەلەکان ژوان یێ باشە، ب گشتی چیرۆک ل کوردستانێ یا بەرەڤ پێشڤەچووی.

* گرنگیا بەریکانا ئەدەبی چەوا دبینی؟

– هەلبەت هەر تشتەکی گرنگیەکا خوە هەیە، بەریکانێن ئەدەبی ژی گرنگیا خوە هەیە، ژبەرکو ئەڤ جۆرە بەریکانە دبنە ئەگەرێ هاریکاری و پشتەڤانیا پرۆسێسا داهینانێ، ژلایێن مینەڤی و ماددی و...هتد لەوما فەرە هەر جار جار ئەڤ جۆرە بەریکانە بهێنە رێکخستن.

**کورتیەک ژ ژیاننامەیا چیرۆکنڤیسی:**

– سالح غازی، ل سالا (١٩٦٧)ێ ل گوندەکێ سەر ب قەزا زاخۆ، ژ دایک بوویە. (٦) سالێن سەرەتایی ل گوندێ و (٣)ێ سالێن ناڤنجی ل ناحیا باتیفا خواندینە، ل سالا (١٩٨٣)ێ دەربەدەری ئیرانێ بوویە و ل باژێرێ (یەزد) مایە هەتا پشتی سەرهلدانا پیرۆز، ل سالێن (١٩٩٥) و هەتا (١٩٩٩) بابەتێن جۆر ب جۆر ژ فارس وەردگێڕانە کوردی، ئێکەم چیرۆک ل سالا (١٩٩٩)ێ د گوڤارا گولان یا لاتینی دا بەلاڤکریە و هەتا نهوێ بەردەوامە.

– ئەندامێ ئێکەتیا نڤیسەرێن کوردە.
– ئەندامێ سەندیکا رۆژنامەڤانانە.
– دەستەکا نڤیسکارێن کۆڤارا نووبوونە ب لاتینی.

**ئا: ئیسماعیل بادی**
**پەیامنێری ڕامان لە شاری دهۆک**

## ئاهەنگێن جەژنا رۆژنامەڤانیا کوردی ل قامشلویا بەرخودانێ د ڤەرێژا سەرەدانا شاندێ رۆژنامەڤێن دەزگایێ خانی دا

ب هەلکەفتا (١٠٧) سالیا رۆژنامەڤانیا کوردی و ژبۆ پشکدارییێ د ساخکرنا ڤێ بیرەوەرییێ دا، شاندەکێ رۆژنامەڤانییێ دەزگایێ خانی یێ رەوشەنبیری و راگەهاندنێ، ل سەر داخوازا پارتا دیموکراتا کوردی ل سوریا (پارتی)، ل رۆژا (٤/٢٠) بەرەف قامشلو بڕێ کەفت کو پێکهاتبوو ژ بەڕێزان: بەهجەت هروری سەرنڤیسکارێ حەفتینامەیا ئەڤرۆ، کامیران رەشید بەرواری رێڤەبەرێ رادیۆیا دەنگێ کوردستان/ دهۆک، ئیسماعیل بادی سکرتێرێ سەندیکا رۆژنامەڤانێن کوردستانێ/ لقی دهۆک و ئیسماعیل تاهر ژ تێلەفزیۆنا کوردستان/ کەنالێ دهۆک.

ل دەمێ گەهشتنێ، ژ لایێ بەرێز محەمەد ئیسماعیل، ئەندامی کۆمیتا یا پارتی ل سوریا و هژمارەکا رەوشەنبیران ڤە ب گەرمی هاتنە پێشوازیکرن. پاشی چاڤ ب هێژا نەزیر مستەفا سکرتێرێ پارتی دیموکراتی کورد (پارتی) کەفت و د وارێن سیاسی و رەوشەنبیری دا رەئی پێک گوهارتن. شاندێ ناڤبری د هەمان شەڤ دا

هژمارەکا رەوشەنبیر و سیاسەتمەداران دیتن و رەئی و بۆچوون ل دۆر رەوشا کوردستانێ و کوردێن سوریا و رەوشا رەوشەنبیری و رۆژنامەڤانییێ پێک گوهارتن.

ل رۆژا (٢١/٤)، شاندی سەرەدانا باژێرکێن عامودە و دربسییێ کر و ل وێرێ چاڤ ب هژمارەکا رەوشەنبیر و سیاسەتمەداران ژ نوێنەرێن حزبێن کوردێن سوری کەفت و دانوستاندنەکا درێژ ل دۆر رەوشا کوردستانێ ژ چەندین ئالیان ڤە کرن. پاشی بەرەف باژێرکێ سەرێ کانییێ ب رێ کەفتن و ل ویرێ ژی حەجی محەمەد عەلی سەرۆکێ عەشیرا خەلەکا و کەسایەتیا ناڤدارێ دەڤەرێ هاتن مێڤان کرن.

هەر ل وێرێ چاڤ ب بنەمالا شورەشگێرێ کورد ئیبراهیم تەمەر مللی و هژمارەکا رەوشەنبیر و هونەرمەندان کەفت و تێدا دانوستاندن د هەر وارەکی دا هاتنکرن.

ل ئێڤاریا رۆژا (٢٢)ی نیسانێ، ب ئامادەبوونا هژمارەکا زۆرا سیاسەتڤان و رەوشەنبیر و رۆژنامەڤانێن کورد ل سوریا، ل ناڤ چەمەکی ل دەرڤەی باژێرێ قامشلو، فیستەڤالا بیرەوەریا (١٠٧) سالیا رۆژنامەڤانیا کوردی ژلایێ پارتی دیموکراتی کورد سوریا (پارتی) ڤە هاتە ساخکرن. ل بەراهیێ بەرهەڤبووی دگەل موزیکا ئەی رەقیب ژلایێ (کۆما نارین) ڤە، دەقیقەکێ رێزگرتن بۆ گیانێ شەهیدان راوەستیان. پشتی ب خێرهاتنێ، بەرێز محەمەد ئیسماعیل ئەندامێ کۆمیتا ناڤین یا پارتی دیموکراتی کورد سوریا (پارتی) ب ڤی هەلکەفتێ پەیڤەک پێشکێش کر و تێدا ب درێژیێ ل دۆر رۆژنامەڤانیا کوردی و رۆلێ وێ و سەروەریا حکومەتا سوری دگەل دا پەیڤی. هەروەسا ئاماژە کرە رۆلێ گرنگێ رۆژنامەڤانییێ د هەر گهورینەکێ دا و ئاماژە دا پشکداریا شاندێ دەزگایێ خانی د خورتکرنا فیستەڤالێ دا.

ل دوڤدا، عەلی جزیری یێ نڤیسەر و رۆژنامەڤان پەیڤەک پێشکێش کر و تێدا ب درێژی ل دۆر رۆژنامەڤانییێ و وان قەیدێن رۆژنامەڤان و نڤیسەر ل





سوریێ پێ هاتینە گرێدان راوەستیا.

هەروەسا شاندێ روژنامەڤانێن دهوکێ ژی پشکداری تێدا کر و ل بەراهیێ هوزانڤان کامیران رەشید بەرواری هوزانەک خواند. پاشی رۆژنامەڤان بەهجەت هروری گوتارەک ل دۆر ئازادیا رۆژنامەڤانی ل کوردستانێ پێشکێش کر و تێدا ب درێژی ل سەر رەوشا رۆژنامەڤانییێ ل کوردستانێ و وان پێنگاڤێن بۆ ئازادکرنا رۆژنامەڤانییێ دهێن هاڤێتن ئاخفت. پاشی بەحسێ سەرژمێریا وان رۆژنامە و کۆڤارا و رادیۆ و تێلەفزیونان کر یێن کو ب هەمی زمان و ناڤەرۆکان ل کوردستانا ئازاد دەردکەڤن.

پشتی چەند هوزان خواندن و چالاکیێن کۆما نارین یا هونەرێ مللی و هژمارەکا دیلانان، رۆژنامەڤان ئیسماعیل بادی پەیڤەک ل دۆر پێکهاتا کارێ سەندیکا رۆژنامەڤانێن کوردستانێ پێشکێش کر و تێدا بزاڤێن سەندیکایێ و چاپەمەنیێن وێ بەرچاڤی ئامادەبوویان کرن. هەروەسا هژمارەکا دی یا گوتار و هوزانان هاتنە خواندن ژلایێ بەرێزان: فەرهاد ئیچمو، عەدنان بەشیر، ئەڤین شکاک، محەمەد ئەمین (باڤێ شیرین). دناڤ موفکێن ئاهەنگێ دا، کۆما نارین ل قامشلو کو سەر ب پارتی ڤەیە، هژمارەکا دیلان و ستranان پێشکێش کرن و رەوشەکا دی یا جوان دا ساخکرنا ڤێ بیرەوەریێ، نەخاسمە خودانا دەنگێ نازک (مهاباد)ێ. هەژی گوتنێ یە هژمارەکا زۆرا بروسکێن پیرۆزیێ تێدا هاتن خواندن و دەم ب دوماهی هات و هژمارەکا گوتار و بزاڤان مان ب رێڤە.

ل رۆژا (٢٣/٤)، شاندێ ناڤبری ب هەڤالینیا بەرێز محەمەد ئیسماعیل و چەند رەوشەنبیر و رۆژنامەڤانان، سەرەدانا باژێرکێن تربە سپییێ و دیرکێ کرن، پاشی ل گوندێ زهێریێ ل سەر روبارێ (دیجلە)ی کو دەڤەرەکە دگوتنێ (چەم شەرەف) پشکداری د بیرەوەریا (٢٢)ی نیسانێ دا کر کو ژلایێ (گروپا دێرکێ یا چاندا کوردی) ڤە هاتە ساخکرن. کو د هەمان دەم دا بیرەوەریا (١٠)

ساليا دامەزراندنا گروپێ بوویە ژی. هژمارەکا زۆرا گۆتار و هوزانان تێدا هاتنە خواندن ژلایێ هێژایان: محەمەد قاسم، م. ئەمین، کامیران رەشید، ئەڤین شکاک و لولو خان و گەلەکێن دی.
ل سپێدەیا رۆژا (٤/٢٤)، شاندێ رۆژنامەڤانێ دهۆکێ سەرا گورستانا قەدور بەگ دا و سلاڤ دانە سەر گورێ خەباتکەر کەمال ئەحمەد، سکرتێرێ بەرێ یێ حزبا پارتی دیموکراتی کورد و شێخموس یوسف ئەندامێ سەرکردایەتیا پارتا چەپ یا کوردی کو هەردووان د رووداناکا هاتنوچونێ دا گیانێ خو ژ دەست دابوو. هەروەسا سلاڤ دانە سەر گورێن چەند شەهیدێن رووداناا ١٢ ئاداریێ یا سەرهلدانا قامشلو.
د ڤان رۆژان دا شاندێ روژنامەڤانان سەرا هژمارەکا زۆرا رەوشەنبیر و کەسایەتیێن ناڤدار دا ژوان: محەمەد جەمیل سەیدا کو ئێک بوویە ژ تیپلێدەرێن گوڤارا هاوار و هژمارەکا پەرتوکان داینە چاپکرن، شێخ عەدنان حەقی ئێک ژ شێخێن ناڤدارێن دەڤەرێ و دەرچوییێ ئەزهەرێ یە کو وی دەمی ئێک بوویە ژ بێژەرێن ئێکێ یێن رادیوا کوردی ل قاهیرە. هەروەسا هژمارەکا دیا رەوشەنبیر و هونەرمەندان دیتن و دگەل دا ژی سەرەدانا گورێن شاعرێ ناڤدار جەگەرخوێن و هونەرمەندان محەمەد شێخو و کەنعان شێخو کرن.
ل شەڤا (٢٥/٢٤) ژ لایێ کۆما (نارین)ڤە، شەفبێریەکا تایبەت بۆ شاندێ ناڤبری ل ناڤ ئاڤاهیێ مالەکێ ل تاخێ جرنک هاتە پێکئینان و تێدا هژمارەکا زۆرا دیلان و ستران و دیمەنێن پێکەنین هاتنە نیشاندان. هەژی گوتنێ یە کو کۆما (نارین) ژ پشکێن دیلان و ستران و شانۆیێ پێک دهێت و هژمارەکا زۆرا ئەندامان ب خوڤە دگریت.
ل دوماهیێ ئەندامێن شاندی، ئێک ئێکە دیتن و پەیڤێن خوە ل دۆر ڤێ سەرەدانێ دیارکرن و سوپاسیا پارتی و هەمی وان سیاسەتڤان و رەوشەنبیر و هونەرمەندان و خەلکێ ب وەفاییێ دەڤەرێ کر کو ب هەمی ڤیان شاندێ دهوکێ هەمبێز کر.
ئەڤ سەرەدانە کو ل رۆژا (٤/٢٥) ب دوماهی هات، جهێ رازیبوونا وان هەمی کەسان بوویە ئەڤێن هاتینە دیتن و رژدی ل سەر ڤان سەرەدانان هاتەکرن کو ئەم ئێکێن و پێدڤی یە هەڤبەندیێن مە یێن رەوشەنبیری و سیاسی خورت تر لێ بهێن. هەژی گوتنێ یە کو رێ و رەسمێن فیستەڤالا جەژنا رۆژنامەڤانیا کوردی ل قامشلو، ئێکسەر ژلایێ رادیوا کوردستان/ دهۆک ڤە د هاتە ڤەگوهاستن و رۆژانە ژی راپورتێن بزاڤ و چالاکیان د هاتن پەخشکرن و دەزگایێن راگەهاندنێ و مالپەرێن ئینتەرنێتێ ژی بهایەک داییێ.

**ئا: پ. رامان**
**(دهۆک)**




## فیستیڤاڵی ساڵانەی بەشی مۆسیقای پەیمانگەی هونەرە جوانەکان

پەیمانگەی هونەرە جوانەکان ناوەندێکی گرنگی پێگەیاندنی کادیری هونەرییە، بەشێوازێک ئەم دەزگایە بووەتە نێوەندێک بۆ پەخشکردنی کاری هونەری و پرۆژە و چالاکییە هەمەجۆرەکان، وەک نەریتێکی ساڵانەش پەیمانگەی هونەرە جوانەکان بەهەرسێ بەشی «شێوەکاری، شانۆ، مۆسیقا» فیستیڤاڵ و کەرنەڤاڵی هونەری لە کۆتایی دەوامی خوێندنی ساڵدا سازدەکەن، ئەم فیستیڤاڵەش مامۆستایان و قوتابیان بەهاوبەشی بەرهەمە هونەرییەکانیان بۆ بینەران دەخەنە ڕوو.
ئەم ساڵیش بەشی مۆسیقا لە کەرنەڤاڵێکی هونەریی بەرفراواندا لە ڕۆژانی (٤-٥/٥/٢٠٠٥) لە هۆڵی سلێمانی دوو ئێوارەی پڕ لە چالاکی و بەرهەمی هونەرییان سازکرد.
لە فیستیڤاڵی ئەم ساڵدا (١٠) بابەتی هونەریی لە بەرهەمی «مووزیکی ڕۆژهەڵاتی و ڕۆژئاوایی» پێشکەش کرا، بەپێی ئەو سەرنج و تێبینییانەی کە بینەران لەسەر فیستیڤاڵی ئەمساڵ هەیانبوو و ئەو چاوپێکەوتنانەی کە لە کەناڵەکانی ڕاگەیاندندا بینیمان زۆرێک لە بینەران ئەوەیان دەخستە ڕوو کە ئەمساڵ ئاستی هونەریی بەرهەمەکان لەچاو ساڵانی ڕابردوودا ئاستێکی نزمیان

هەبووە.

لایەنێکی تریش کە هەستی پێدەکرا ئەمساڵ بابەتی نوێ و دەنگی نوێ و هونەرمەندی تازە دەرنەکەوت، لە کاتێکدا هەموو ساڵێک بووەتە نەریت لەم فیستیڤاڵانەدا دەنگی نوێ دێتە مەیدانی هونەرییەوە.

پرۆگرامەکانیش بەم شێوەیە دەستی پێکرد:

١- گیلۆچینۆ ڕۆسینی، سۆلۆکان: نەورۆز حەسەن.

٢- سلڤاتۆر ڕۆزا، سۆلۆکان: نەورۆز حەسەن.

٣- سیبێن کرۆدیلێ/ پارچە مۆسیقایەک بۆ دەنگێک لەگەڵ هاوشانیکردنی ئامێرە فووداره تەختەییەکان سۆلۆ: کیژان ئیبراهیم، ئامادەکردنی: ئارام عومەر و لوقمان سابیر.

٤- ئەنتۆنیۆ ڤیڤالدی، سۆلۆی کەمان: نەبەز ڕەشید.

٥- هەی ڕۆبارۆ، حامید عوسمان: ساز، مینۆ محەمەد: ساز، ڕێباز فازل: عود، ئامادەکردنی: یادگار عەزیز.

٦- کۆڵان بە کۆڵان، ئامادەکردنی: لوقمان سابیر، سۆلۆ: ڕێناس وریا.

٧- تەنیایی، ئامادەکردنی: چالاک سدیق، هۆنراوە: دڵشاد مستەفا، سۆلۆ: ڕێناس وریا.

٨- ڕیدێمپشن، ئامادەکردنی: لانە و ڕۆز حەسەن.

٩- سەمای کوردی ژمارە (١) ئامادەکردنی: زۆزگ قەرەداغی.

١٠- ئەمە گۆرانییە فۆلکلۆرییەکەمە، ئامادەکردنی: ئاریز عومەر.

بەم شێوەیە ئەمساڵیش بەشی مۆسیقای پەیمانگەی هونەرە جوانەکانی سلێمانی فیستیڤاڵی ساڵانەیان ڕێکخست.

**ئا: کامەران سوبحان**
**پەیامنێری ڕامان لە شاری سلێمانی**

# ئیسماعیل خەیات و چالاکییەکانی لە فەرەنسا و ئەڵمانیا

وەزارەتی ڕۆشنبیری کوردستان داوەتنامەیەکی پێگەیشت بۆ هونەرمەند «ئیسماعیل خەیات» لەلایەن ڕێکخراوی باڵندە بارانی نێودەوڵەتی فەرەنسی بە بۆنەی یادی (١٠) ساڵەی دامەزراندنی ئەم ڕێکخراوە و بە پشتگیری حکومەتی هەرێمی کوردستان .

ڕۆژی (٢٠٠٤/١٢/١٦) هونەرمەند «ئیسماعیل خەیات» گەیشتە شاری «لیل»ی فەرەنسی و سەفەرەکەی دوو مانگ و نیوی خایاند.

هونەرمەند کۆمەڵێک پێشانگا و چالاکی ئەنجام دا، بەم شێوەیەی خوارەوە:

١- کردنەوەی پێشانگایەکی تایبەتی خۆی لە (٢٠٠٤/١٢/١٩) بۆ (٥) ڕۆژ لە گەلەری کۆمەڵەی شێوەکاری «شیریتا» لە شاری «ڕۆبێ» نزیک شاری «لیل».

٢- سەردانی ستۆدیۆی کۆمەڵێک هونەرمەندی شاری «روبێ» و «لیل» و باسکردنی لە هونەری کوردی و گۆڕینەوەی بیروڕا دەربارەی هونەری ئەمڕۆ.

٣- چاپکردنی نزیکەی (٢٠) بەرهەمی هونەرمەند لەلایەن کۆمەڵەی شێوەکاری «شیریتا»ی فەرەنسی و پیشاندانی لەگەڵ بەرهەمی هونەرمەندانی فەرەنسی لە کتێبخانەی «کۆمەڵی شیریتا» بۆ بینین و فرۆشتن.

٤- لە (٥ - ٢٠٠٥/١/٢٧) هونەرمەند سەردانی چەند شارێکی وڵاتی ئەڵمانیای کرد. سەردانی هەندێک مۆزەخانەی ئەو شارانە و مەڵبەندی کولتووری و کۆمەڵێک گەلەری هونەری کرد و لەوێوە باسی لە هونەری خۆی و هونەری کوردی کردووە.

٥- لە شاری «بوخوم»ی ئەڵمانی سەردانی مۆزەخانەی ئەم شارەی کرد کە پێشتر کانگەی خەڵووزی بەردین بووە. پاش سەردانەکەی (کۆمەڵێک دەمامک لەسەر ڕوخساری ئەو مرۆڤانەی کرد کە لەو کانگایە کاریان کردووە وەک کاتەلۆگێ پێشکەش بە مۆزەخانەکەی کرد وەک هونەرمەندێکی کورد) لەگەڵ نامەیەک بەناوی هونەرمەند.

٦- ڕۆژی (٢٠٠٥/١/٢٩) کردنەوەی پێشانگای تایبەتی دووەم بۆ هونەرمەند «ئیسماعیل خەیات» لەلایەن و لەگەلەری ئەنیستۆتی کوردی لە پاریس و بەهاوکاری ڕێکخراوی باڵندە باران کە ماوەی «٢٠» ڕۆژی خایاند. کۆمەڵێک هونەرمەند و ڕۆشنبیری فەرەنسی و کوردی ئامادەی بوون و لە ڕۆژنامە و ئێستگە و تەلەڤزیۆن باسی ئەم پێشانگایە کرا و لەگەڵ پێشانگاکە هونەرمەند سیمینارێکی بە وێنە ساز کرد و باسی لەهونەری خۆی و کوردی کرد.

٧- ڕۆژی (٢٠٠٥/٢/١٤) هونەرمەند سەردانی قوتابخانەی «ژۆیل فیغی» لەلادێی «کیلێم» سەر بە شاری «کانکا»ی کرد و وانەی بە منداڵانی فەرەنسی گوتوە وانەکەشی تایبەت بەهونەری دروستکردنی دەمامک بوو لەلایەن منداڵانی ئەو قوتابخانەیە و دیاری منداڵانی سلێمانی پێشکەش بەو منداڵانەی ئەو قوتابخانەیە کرد و ئەوانیش (منداڵانی فەرەنسی) وێنەی دەستکردی خۆیان پێشکەش بە منداڵانی کوردستان کرد لەگەڵ سوپاسنامە بۆ قوتابخانەی قلیاسانی سەرەتایی و مامۆستای وێنە خاتوو دالیا سەدیق.

٨- گوتنەوەی وانەی هونەر لە نەخۆشخانەی «سانتا فنسنت دوپولی» بۆ منداڵانی کەم ئەندامی سایکۆلۆژی. منداڵان لەگەڵ سەرپەرشتیاریان بە سەرپەرشتی و ڕێنمایی هونەرمەند وێنەیان دروست کرد.

٩- لە (٢١-٢٤/٢/٢٠٠٥) ئەنجامدانی «وۆرک شۆپ» لەسەر هونەری خۆی لە سەنتەری «موزون ڤولی دی مۆلون» هەر لە شاری «لیل» و کردنەوەی پێشانگای تایبەتی لە ژێرناوی «بۆ یادی ئەنفال» لە ڕۆژی (٢٥/٢/٢٠٠٥) کرایەوە و سمینارێکی پێشکەش کرد بۆ ئامادەبووان لەسەر هونەرەکەی خۆی و باسی لە ئەنفال و ژیانی کورد و ئاواتەکانی کرد، شایەنی باسە کۆمەڵێک ڕۆشنبیر و هونەر دۆست و هونەرمەندانی شاری «لیل» و خاتوو کاترین ئامادەبوون و لێپرسراوی کولتووری لە شارەوانی « لیل» ئامادەبوو، نامەیەکی بۆ هونەرمەند نووسی، باسی لە هەڵوێست و هونەری هونەرمەند کرد دەربارەی میللەتی کورد. بەرهەمی دوا پێشانگای هونەرمەند (٦٠) تابلۆ بوو کە هونەرمەند لە شاری لیل بەرهەمی هێنابوو، جگە لەمانە هونەرمەند کۆمەڵێک پێوەندی چاکی دروست کرد لەگەڵ ڕێکخراو و سەنتەری کولتووری و سمینارێکی بە وێنە پێشکەش کرد.

١٠- لە (٢٣/٢/٢٠٠٥) هونەرمەند سەردانی ئەکادیمیای هونەرە جوانەکانی شاری «لیل»ی کرد و چاوی بە کۆمەڵێک مامۆستای ئەو کادیمییە کەوت و باسی لە چۆنیەتی جیاوازی دەرس گوتنەوە لەنێوان ئەکادیمیای ئەوان و ئێمە کرد و کۆمەڵێک لە کارەکانی خۆی پێشانی مامۆستا و خوێندکاری ئەکادیمییەکە دا.

**ئا: پ. ڕامان**
**(سلێمانی)**




# وێنەگرانی کوردستان بە فۆتۆ یادی (١٠٧) ساڵەی ڕۆژنامەگەری کوردییان کردەوە

بەبۆنەی (١٠٧) ساڵەی ڕۆژنامەگەری کوردی، کۆمەڵەی وێنەگرانی کوردستان - دەستەی باڵا بەهاوکاری سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان یەکەمین پێشانگەی فۆتۆگرافی ڕۆژنامەنووسی لە ٢٣-٢٥/٢/٢٠٠٥ لە کۆشکی هونەر لە هەولێر بۆ وێنەگرانی کوردستان لە پرۆفیشناڵەکان و ئارەزوومەندان و ڕۆژنامەنووسان ساز دا. تێیدا زیاتر لە (٦٠) وێنەگر بە (٢٥٠) وێنەی جۆراوجۆرو بابەتی هەمەلایەنە بەشدارییان تێدا کرد، ئەمە یەکەمین پێشانگەیە بەو ژمارە زۆرەو بەو بابەتە پڕ جوانی و بەپێزانە بخرێنە ڕوو. پێشانگەکە دوو تەوەری سەرەکی گرتبووە خۆ: تەوەرەی هونەری و تەوەرەی ڕۆژنامەنووسی. بۆ هەر تەوەرێک سێ خەڵاتی (زێڕین، زیوین، برۆنز) دیاری کرابوو لەگەڵ (٤) خەڵاتی ڕێزلێنان بۆ هەر تەوەرێک لەو دوو تەوەرە بۆ جوانترین وێنەو دەربڕ، هەروەها (١٠) بڕوانامەی ڕێزلێنانیش دیاری کرا بۆ (١٠) وێنەی باش لە هەردوو تەوەرەکەدا.

شایەنی باسە پێشانگەکە بە ئامادەبوونی پارێزگاری هەولێر بەڕێز نەوزاد هادی، منداڵە شەهیدەکانی وێنەگرانی (١)ی شوباتی ٢٠٠٤ و ئامادە بوونی بەرپرسان و هونەرمەندانی فۆتۆگرافی و هونەرمەندانی تر کرایەوە.

بۆ دابەشکردنی خەڵاتەکان بەسەر بەشداربووانی پێشانگەکە ڕۆژی ١٨/٥/٢٠٠٥ لە باخچەی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان کاتژمێر (٦)ی ئێوارە ئاهەنگێکی خنجیلانە ساز کرا، تێیدا وتاری سەندیکا لەلایەن فەرهاد عەونی نەقیبی سەندیکا و وتەیەک لەلایەن فارس سەعدی سەرۆکی کۆمەڵەی وێنەگران و وتەیەکی سەرۆکی لێژنەی هەڵسەنگاندنی پێشانگەکە قادر هەمزە (میدیا) پێشکەش کران.

خەڵاتەکان بەم شێوەی خوارەوە بوو:

**یەکەم: خەڵاتی باشترین وێنەی هونەری بۆ ئەم هونەرمەندانەی خوارەوە:**

١- خەڵاتی زێڕین بۆ هونەرمەند ئازاد لەشکری
٢- خەڵاتی زیوین بۆ هونەرمەند راجو زرار سدیق
٣- خەڵاتی برۆنز بۆ هونەرمەند فارس سەعدی

**دووەم: خەڵاتی باشترین وێنەی ڕۆژنامەنووسی بۆ ئەم هونەرمەندانەی خوارەوە:**

١- خەڵاتی زێڕین بۆ هونەرمەند سەفین حەمید ئەحمەد
٢- خەڵاتی زیوین بۆ هونەرمەند حیسامەدین بەرزنجی
٣- خەڵاتی برۆنز بۆ هونەرمەند سیروان چاوبەخاڵ

لەگەڵ چەندین خەڵاتی ڕێزلێنان کە بەسەر هونەرمەندان‌دا دابەش کران.

**ب. هەوراز**

# پێشانگایەکی تایبەتی ستار قادر

«هاوارە بێدەنگەکانی چاو» ناوی پێنجەمین پێشانگای تایبەتی ستار قادرە کە ڕۆژی ٢٩ی نیسان تا ٢ی ئایار لە گەلەریی ئارام لە شاری سلێمانی کردبیەوە. هونەرمەند لەم پێشانگایەدا زیاتر هەڵوێستەی لەسەر هێڵکاری و چڕبوونەوە لە پانتایی (چاو)دا کردبوو، ئەو چڕبوونەوەیەش لای ئەو ڕەهەندێکی مەعریفی قووڵی هەیە و تەنیا چاو گوزارشتێک نییە بۆ شتە بینراوەکان، بەڵکو چاو دەبێتە ئامرازێک بۆ بینینی حەقیقەت و جەوهەری شتە دیار و هەست پێکراوەکان، بۆیە لەو تابلۆیانەش کە ئەو بە هێڵکاری کێشابوونی




ئیشکردنێکی قووڵمان لە پانتایی چاودا دەبینی. ئەم کارانەی هونەرمەند ڕەنگدانەوەی قۆناغێک لە قۆناغەکانی کارکردنی هونەرمەندن، ئەم جارە ستار قادری هونەرمەند مەبەستی بووە کار لە چاودا بکات وەک گرنگترین کەرەستەی کارپێکراوی مرۆڤ.

ڕەنگە ئەم ئەزموونە بۆ هونەرمەند تایبەتمەندی زۆری هەبێت بەتایبەتی کە ئەو زۆرجار دەیەوێت پێشانگەکانی خەسڵەت و سیمای تایبەتی وەرگرن و هەندێ جاریش ئەو ڕیتمە کارکردنەی ستار قادر فۆرمێکی ناباو لەخۆ دەگرێت و زۆرجاریش پرسیارگەلێکی بەرفراوان لەنێوەندی هونەریدا دەخوڵقێنێ و هەندێ لە هونەرمەندانی نەوەکەی خۆی و هەندێ هونەرمەندی تر پێیان وایە ئەم ستایلە لەکارکردن ڕەهەندێکی باوە و دەبێت هونەرمەند لە گۆشەنیگای گەورەترەوە لە هونەری شێوەکاری بڕوانێت.

هەرچۆنێک بێت «هاوارە بێدەنگەکانی چاو»ی ستار قادر چیرۆکێکمان بۆ دەگێڕنەوە، ئەو چیرۆکەش وێنەی پۆرترێت و مۆدێلی جەستەی چەندین مرۆڤی ڕوخسار جیاوازە کە هەر یەکەیان لە سیما و چاوەکانیاندا دنیایەک داستان و حیکایەتیان هەڵگرتووە و ستار قادریش لە چاوەکانی ئەوانەوە داستان و تێڕوانینەکانی چاوی خۆیمان پیشان دەدات و هاوارێکی درێژ دەکات و تەنیا چاو دەکاتە سەنتەر و ئامرازی یەکەمی بینینی قووڵ و مەعریفیانەی هونەر.

لەمەشەوە من پێم وایە بینین لای هونەرمەند بینینێکی ڕووکاریانە نییە هێندەی بینینە لە قووڵاییەکانی زەین و ڕۆح و لەمەشەوە بینین لای ئەو بینینێکی ڕۆحیانەیە و تەنیا ئەوانە دەتوانن ئەو شتانە ببینن کە ڕۆحێکی پاک و بێگەردیان هەیە، وەک ئەو ڕۆحە پاکانەی هونەرمەند کە لەم پێشانگایەدا بۆ ئێمەی نمایش کردبوو، لەکاتێکدا ئەم بەرهەمانە بەرهەمی چاوی هونەرمەندن.

**ئەردەڵان ساڵح**
**(کەرکووک)**




## ئاشتی مەحموود عەدۆ لە یەکەمین پێشانگەی فۆتۆگرافیدا

بەڕێوەبەرایەتی شێوەکاری سەر بە ب. گشتی ڕۆشنبیری و هونەری وەزارەتی ڕۆشنبیری حکومەتی هەرێم، یەکەمین پێشانگەی فۆتۆگرافی تایبەتی بۆ هونەرمەندی فۆتۆگرافی «ئاشتی مەحموود عەدۆ» لە گەلەری کوردستان (هۆڵی میدیا) لە هەولێر لە ڕۆژانی ٣- ٢٠٠٥/٥/١٠ دا کردەوە. تێیدا هونەرمەند زیاتر لە (٢٠) تابلۆی فۆتۆیی بەشێوازی «فۆتۆگرام» واتە بەشێوازی نزیک لە ئەشعە وەرگرتن کارەکانی ئەنجام دابوو. قەبارەی وێنەکان زۆر گەورە بوون و لە سایزی مرۆڤی ئاساییدا بوون. هونەرمەند خۆی کردبووە فیگەری سەرەکی بابەتە جۆراوجۆرەکانی، وێنەکان گشتی ڕەش و سپی بوون، توانستی خۆی بۆ دەرچوون لە قالبی سواوی وێنەی ڕاستەوخۆ و دۆکیومێنتی فۆتۆگراف خستبووەگەڕ، ئەوەتا لە فۆڵدەرەکەی دەڵێ:

«پرۆژەکەم بریتییە لە تاقیکردنەوەو گەڕان لە بواری فۆتۆگرافی خۆی و بۆچوونەکانی خۆم وەکو هونەرمەند. لەشی خۆم وەک کەرستەیەکی سروشتی و هونەری بەکارهێناوە دوور لە ناسنامەی کەسایەتیی خۆم کە دەتوانم بیمە تۆش یان سێبەری هەر مرۆڤێک.

فۆتۆگرافی بەمانا زانستییەکەی بریتییە لە «کاریگەری ڕووناکی لەسەر خوێیە کیمیاویەکانی سەر فیلم و کاغەزی فۆتۆ» تاقیکردنەوەی ژووری ڕەشی چاپی فۆتۆگرافیم (واتە دارک ڕووم)م هەڵبژاردووە، دوور لە ڕیپۆرتاژو دۆکیومێنت و ڕیکلام و مۆدە و مێژوو کە ئەمڕۆ زیاتر بەرچاون لە کاری فۆتۆگرافی.

تاقیکردنەوەو گەڕان لەناو هونەری فۆتۆگرافی خۆیدا فۆتۆی هونەری بەرجەستە دەکات.»

ماوەتەوە بڵێین هونەرمەند:

* لە ١٩٥٨ لە هەولێر لە دایک بووە.
* ١٩٧٩ ئامادەیی بازرگانی لە هەولێر تەواوکردووە.
* ١٩٩٥- ٢٠٠٠ ئەکادیمیای هونەرو نەخشەسازی بەشی «فۆتۆگراف و ئیستەڵەسیۆن» لە ئەمستردامی هۆڵەندا تەواو کردووە.
* ١٩٨٥ دەستی بەکاری فۆتۆگراف و شێوەکاری کردووە.
* بەشداری لە چەندین پێشانگەی فۆتۆگرافی لە دەرەوەی وڵاتدا کردووە:

– ١٩٩٨ لە گەلەریی «یەک و نیو» لە ئەمستردام.

– ٢٠٠٠ لە گەلەریی Alosy Art لە ئەلمێرا/ هۆڵەندا.

– ٢٠٠١ لە گەلەریی Cirkel ئەلمێرا.

– ٢٠٠٣ پێشانگەی هاوبەش بەناونیشانی Licht 4/ ئەمستردام.

* ئەندامی کۆمەڵەی هونەرمەندانی هۆڵەندییە.

**ئا: ڕامان**

## حەوتەمین پێشانگەی «کۆمەڵەی شێوەکارانی سەربەست»

دیارە ئەزموونی کاری هاوبەش لە کاری هونەری بەگشتی و شێوەکاری بەتایبەتی ئەزموونێکی دوورودرێژە و لەنێو هونەری زۆرێک لە میللەتاندا ڕەگێکی قووڵی هەیە و هونەرمەندانی کوردیش لە کۆنەوە لە ئەزموونە هاوبەش و گشتیەکاندا هەوڵی دۆزینەوەی خاڵی هاوبەش و دەستەجەمعیان داوە، بێگومان ئەمەش کۆمەڵێک هۆکار و تایبەتمەندی هەیە کە دەکرێت دیارترینیان، ئاماژە بە دۆزینەوەی ڕوئیا و جیهانبینی هاوبەش بکەین لەنێوان

ئەو هونەرمەندانەی کە دەیانەوێت بەرهەمەکانیان بە ڕوئیا و خەسڵەتی جیاوازەوە بخەنە بەرچاوی بینەران.
بۆ ئەم مەبەستە و لە هەوڵێکی هاوبەشدا لە ڕۆژی (٢٧)ی نیسان بۆ ماوەی هەفتەیەک لە گەلەریی بابان، کۆمەڵەی شێوەکارانی سەربەست حەوتەمین پێشانگەی تایبەتی خۆیان کردەوە. لەم پێشانگەیەدا کە (٢٣) هونەرمەندی سیرامیک و وێنەکێش و پەیکەرساز بەشدار بوون، کۆمەڵە ئەزموونێکی نوێی خۆیان نمایش کرد. ئەوەی مایەی سەرنج و هەڵوێستە لەسەرکردنە ئەم هونەرمەندانە هەر یەکەیان بەتایبەتمەندی و ستایلی خۆی بەرهەمی نمایش کردبوو. پێم وابێت ئەمەش یەکێکە لە ڕەگەزە سەرکەوتووەکانی ئەم گرووپە هونەرییەی کە ماوەیەکی زۆرە لە ڕەوتی شێوەکاریدا خزمەت بە هونەری کوردی دەکەن.
ڕەگەزێکی تریش لە بەرهەمی زۆرێک لە هونەرمەندە بەشداربووەکاندا ڕەنگدانەوەی هەستی نەتەوایەتی و کوردستانییەت بوو، ئەمە جگە لە کێشانی وێنەی دیمەنە جوان و سەرنجڕاکێشەکانی کوردستان، ئەمانە هەمووی بوونە خاڵی سەرکەوتنی حەوتەمین پێشانگەی «کۆمەڵەی شێوەکارانی سەربەست» لە سلێمانی.

**ئا: پ. ڕامان**
**(سلێمانی)**




## شانۆگەری زەردەشت لە سلێمانی


ڕۆژی (٩ - ١١)ی ئایار تیپی شانۆی سالار لە سلێمانی لە وەرزێکی نوێی کارکردندا شانۆگەری «زەردەشت»یان نمایش کرد، ئەم شانۆگەرییە لە نووسینی د. وەهبیە شەوکەت و دەرهێنانی بەدیعە دارتاش و نواندنی ١٦ ئەکتەری کوڕ و کچی شانۆکار کە ئەزموونی کارکردنی هونەرییان جیاواز بوو، ئەمەش وایکردبوو لەنێو نمایشدا تایبەتمەندییەک بخوڵقێنێ بۆ کارکردنی نەوە جیاوازەکانی ڕەوتی شانۆی کوردی، ڕەنگە کارکردنی بەدیعە دارتاش لەم قۆناغەی شانۆی کوردیدا مایەی تایبەتمەندی بێت، چونکە ئەم شانۆکارە ساڵانێکە لە بزاڤی شانۆییدا خزمەت دەکات و دەکرێت ئەم ئەزموونەشی شانبەشانی ئەوانی تر هەوڵێکی دانسقە بێت لە شانۆدا، ئیشکردنی ئەم جارەی هونەرمەند ڕەنگە تایبەتمەندیەتی بۆ ئەوە بگەڕێتەوە کە جارێکی تر هونەرمەند گەڕاوەتەوە بۆ کولتووری نەتەوایەتی و ئیشکردن لە ئایینی زەردەشتیدا وەک یەکێک لە کۆنترین ئایینە ئاسمانییەکان و بانگەشەکاری بۆ «هزری پاک، گوفتاری پاک، کرداری پاک» کە سێگۆشەی ئایینی زەردەشت بووە و لەم نمایشەشدا دەرهێنەر هەوڵی دابوو تەوزیفی ئەو لایەنە ڕۆحانییە بکات کە ئایین وەک ڕەهەندێکی میتافیزیکی لە ژیانی مرۆڤدا کاردەکات و



کاریگەری هەیە.

لە دەلیلی پێشانگەکەدا دەرهێنەر نووسیویەتی «پەیامی زەردەشت مامۆستای مرۆڤایەتی، پەیامێکی زیندووی مەزنە، دەکرێت هۆشیاری و ڕووناکبیری و بەختەوەری مرۆڤی لەسەر بنیاد بنرێت، جوولە بە هەستمان دەکات و دەیبزوێنێت بەمانای قوولی فەلسەفی و کاریگەر لە تاریکی و شەڕەنگێزیمان دوور دەخاتەوە. بۆ هەستکردن بەدژەکردارەکان بە ئاگامان دێنێتەوە، ملکەچی و کۆیلایەتی ڕەت دەکاتەوە، گەورەیی مرۆڤمان پێدەناسێنێت» تاکە خاڵ دەکرێت ئێمە لێرەدا ئاماژەی پێبدەین کارکردنە لە بابەتێکی وا بەرفراواندا کە بە تێڕوانینی من ڕەنگە گرووپێک بەو سادەییە نەتوانن تەواوی مەبەست و ڕەهەندە قوولەکانی بخوێننەوە، ڕەنگە ئەمەش بە تەنیا کاری «ئەکتەر یان دەرهێنەر» نەبێت ئەمەندەی کاری ڕەخنەگر یان «دراماتۆرگ»ێکە کە بتوانێت سەرجەم شفرە و دەلالەتەکانی ئەو بابەتە قووڵ و گرنگە شیکار بکات، یان بە واتایەکی تر دەبایە چەند ڕۆژێک تیپی شانۆی سالار کۆڕ و سیمینارییان لەسەر «زەردەشت» ببەستایە و ئەو هۆکارانەیان ڕوون بکردایەتەوە کە پاڵی پێوەناون بۆ ڕووکردنە زەردەشت، پێم وایە گرتنە بەری ئەم هەنگاوە کارەکەیانی زیاتر دەوڵەمەند دەکرد.

**ئا: پ. ڕامان**
**(سلێمانی)**



## پڕۆژەی «ئەنفال، خۆرێکی ڕەشپۆش» لە کۆڕێکی ڕەخنەییدا

پڕۆژەی هونەریی «ئەنفال، خۆرێکی ڕەشپۆش» لە یادی کارەساتی ئەنفالدا نمایش کرا، پڕۆژەکەش بریتی بوو لە بەرهەمی هونەریی (١٣٠) هونەرمەند لە هەموو شارەکانی کوردستانەوە، کە هەریەکەیان بە فۆرم و ستایل و کەرەستەی جیاوازەوە لەسەر قەبارەیەکی دیاریکراو ئیشیان کردبوو.

بۆ ئەم مەبەستەش سەر لە ئێوارەی ١ی ئایار لە هۆڵی دیالۆگی مەکتەبی ڕێکخراوە دیموکراتییەکان، بە ئامادەبوونی کۆمەڵێکی زۆر لە هونەرمەندان و ڕۆشنبیران گفتوگۆیەکی هەمەلایەنە بۆ قسەکردن لەسەر ئەم پڕۆژەیە ڕێکخرا، لەم گفتوگۆیەدا چەند لێکۆڵینەوەیەکی هونەریی پێشکەش کران کە بریتی بوون لە لێکۆڵینەوەی بەڕێزان «ڕێبوار سیوەیلی، هیوا دۆمان، ستار قادر، کامەران سوبحان» ماوەی کۆڕەکەش هەردوو هونەرمەند (ستار قادر، هیوا دۆمان» لێکۆڵینەوەکەیان خوێندەوە و پێشتریش «ڕێبوار سەعید» سەرپەرشتیاری گشتی پڕۆژەکە وتەیەکی پێشکەش کرد، لە وتەکەیدا باسی لە گرنگی ئەم پڕۆژەیە کرد کە چۆن دەرفەت دەڕەخسێنێت بۆ هەموو دەنگ و ئەزموونە جیاوازەکان لە کارێکی هاوبەشدا گوزارشت لەیەک بابەت بکەن. هەریەک لەو لێکۆڵینەوانەش کە پێشکەش کران، لایەنێک لە گرنگی ئەو پڕۆژەیە خرایەڕوو. پاشتریش دەرگای گفتوگۆ خرایە سەر پشت و کۆمەڵێک لە هونەرمەندان قسە و دیدی خۆیان لەسەر پڕۆژەکە خستەڕوو.

**ئا: پ. ڕامان**
**(سلێمانی)**



## ئەزموونی هونەریی کاوە بابان لە پێشانگایەکی تایبەتدا

کاوە بابان هونەرمەندێکی شێوەکارە و دەرچووی بەشی شێوەکاری پەیمانگای هونەرە جوانەکانی سلێمانییە و لەدوای تەواوکردنی خوێندن تا ئەمڕۆ خاوەن ڕیتم و تایبەتمەندێتی خۆیەتی، هەر ئەم تایبەتمەندێتییەش وای لێکردووە ببێتە جێی سەرنجی بینەری هونەری.
ڕەنگە دیارترین خاڵی کارکردنی ئەم هونەرمەندە لە مەساحە و ڕەنگ و فیگەرەکانیدا بێت، بەتایبەتی ئەویش وێنەیەکی هارمۆنیانەی بۆ تابلۆ و کاری هونەری هەیە.
لەدوا ئەزموونیدا لەناوەڕاستی مانگی نیساندا لە سلێمانی و لەگەڵەری هونەری بابان پێنجەمین پێشانگای تایبەتی خۆی کردەوە.
لەم پێشانگایەدا کە دوانزە تابلۆی قەبارە گەورەی نمایش کردبوو هەستت بەوە دەکرد ئەم پێشانگایەی درێژکراوەی پێشانگای چوارەمیەتی، بەڵام بەهەناسەیەکی قووڵتر و ڕوئیایەکی فراوانتر. دیارترین خاڵیش لە مەساحەی ئەم تابلۆ قەبارە گەورانەدا ئیشکردن بوو بە فیگەر، هەرچەند لە ڕووکاری دەرەوەیدا فیگەر ئامادەبوونێکی کەمی هەبوو، بەڵام لەکاتی وردبوونەوە لەتابلۆکان هەستت دەکرد پێکهاتەی ئەو کوتلانەی لەنێو تابلۆکاندان پێکەوە ڕوخسارێکی گەورەی مرۆڤیان دروست دەکرد، بە بڕوای من ئەمەش یەکێک بوو لە هەرە تایبەتمەندییەکانی کاوە بابان.
لە ڕووی پێکهاتەی ڕەنگیشەوە زیاتر ڕەنگی ڕەش ببووە کۆنتراسی جیاکردنەوەی ڕەنگەکان بەتایبەتیش ئەو هێڵە پێچاو پێچانەی کە پانتاییەکی بەرفراوانی لە ڕووی دەرەوەی تابلۆکان، ئەمەش بووبووە تایبەتمەندییەکی دیاری پێشانگاکە.
ئەمەش جگە لە بوونی ڕوخساری بچووک بچووکی دەم و چاو کە گوزارشت بوون لە ناواخنی کارکردنی هونەرمەند.
ماوەتەوە بڵێین، کاوە بابان ساڵی (١٩٨٥) بە پلەی باش بەشی شێوەکاری پەیمانگای تەواو کردووە تا ئێستا خاوەنی پێنج پێشانگای تایبەتە و بەشداری چەندین پێشانگای کردووە لە وڵاتانی (پنسلڤانیا و ئەمریکا و ئەڵمانیا).

**ئا: پ. ڕامان**
**(سلێمانی)**

## داستانێ لە ئەنفال

شەوانی (١٧) بۆ ٢٠ی- نیسانی (٢٠٠٤) لە هۆڵی ئەمنە سوورەکە لە شاری سلێمانی تیپی نواندنی سلێمانی شانۆگەری (داستانێ لە ئەنفال)یان نمایش کرد، ئەم شانۆییە لە ئامادەکردن و دەرهێنانی بەکر ڕەشید و نواندنی نیاز لەتیف و سۆزان بابەعەلی و شێروان عیزەت و ڕزگار ڕەحمان و لەنجە محەمەد و سەرخێڵ حامید و چەند ئەکتەرێکی تر بوو.
ئەم شانۆییە سوودی لە هەردوو دەقی گەمەی خۆشەویستی و وەرزەکانی عەدەم بینیوە، کە بەشێوەیەکی گشتی باسی لە ڕووداوەکانی ئەنفال و ڕادەی کاریگەری ئەو ڕووداوە لەسەر یادەوەری تاکی کۆمەڵگای کوردی کردووە، ئەم نمایشە کارکردن بوو لەسەر ئەو تێکچوونە سایکۆلۆژی و کۆمەڵایەتییەی تاکی پاش ئەنفالی گیرۆدە کردووە، هەروەک ئەو پرۆسەیە پانتاییەکی فراوانە بۆ کارکردن بەتایبەتی لە بواری شانۆدا، دەرهێنەر توانیبووی ڕەهەندە فراوانەکانی ئەنفال بەزمانی شانۆ تەوزیف بکاتەوە و بە زمانێکی جیاواز لە زمانی کارەساتی ئەنفال لە یادەوەری کۆمەڵگادا بە زیندوویی بیهێڵێتەوە، بێگومان بە توانایی ئەکتەرەکان بەتایبەتی (نیاز لەتیف) کە خاوەنی ئەزموون و فۆرمێکی کارکردنی تایبەتە لایەنێکی سەرەکی سەرکەوتوویی شانۆییەکە بوو.
دەکرێت ئەم کارە و چەند کارێکی پێشتریش کە لەسەر

ئەنفال کراوە بکرێتە دەسپێک بۆ فراوانکردنی پانتایی کارکردن چ وەک بابەت، چونکە ئەنفال ئەو ڕووداوەیە کە پێویستە دەیان کاری هاوشێوە و باشتریشی بۆ بکرێت، چ لایەنی شانۆش کە پێم وایە ئەمە ئەو فەزا فراوانەیە کە پێویستە شانۆش پێگەی خۆی تێدا جێگیر بکات، لایەنێکی تریش لە نمایشەکە بەشداری پێکردنی بینەران بوو لە سەرووتی گشتی نمایش و دواجار ئەو بینەرە هەمووی دەبوو بە بەشێک لە ڕیتمی نمایشەکە، ئەمەش ڕاستەوخۆ پەیوەست بوو بەو پلانەی دەرهێنەر بۆ هێنانە ناوەوەی لایەنی دووەمی هاوکێشە هونەرییەکە کە بینەرانن بۆ ناو سیستمی گشتی شانۆییەکە.



**ئا: پ. ڕامان**
**(سلێمانی)**

## سەمەدی بێهرەنگی لە ئاسۆی خەیاڵی ئەحمەدی شاملوودا

### خۆزگە ئەو دێوە هەزار سەری هەبوایە!

«لە سەردەمێکدا دەژین، هێرشی لافاوی سیاسەت و دەغەڵکاری دەوڵەتان تەنانەت زانست و هونەریشی گرتۆتەوەو ئاوێتەی بووە. ڕاستەقینە دابڕاوەکانی زانستی(لە فیزیک، ئەستێرەناسی، ئابووری و فەلسەفەو...) تا ئەو جێگایە لە بەینی خەڵکدا دەخاتە ڕوو کەوا «سیاسەتی ڕۆژ»ی دنیا گەرەکیەتی. زانست و هونەر تا ئەوەندە حەقی بەدەستە، لەرزە نەخاتە سەر بیرو ئاوەزی خەڵک، بەڵکو ئەوانیش بۆ ئەو باوەڕە ڕابێنێ و بیریان لە سەر «سیاسەتی ڕۆژ»دا سەقامگیرتر بکات. پێویست نییە بزانین سەفەرکردن بۆ فەزاو دانیشتن لە سەرکوورەی مانگ خۆی لە خۆیدا برێک لە چوارچێوەگەلی هزری لەوەوپێش ئامادەکراو تێک دەدات و بیرێکی تازەتر دەخاتە بەر دەست. بە بڕوای ئەوان هەر ئەو چەند دێڕە هەواڵە ڕاست یان درۆیە کە لە ڕۆژنامەکاندا دەخوێندرێتەوە یان نا، تەواوە...»*

درەوشاوەیی ڕوخساری سەمەد، ڕووناکبیر و تێکۆشەرێک کە بڵاوکراوەکانی حەوت هەشت کۆمەڵە چیرۆکی کورت و درێژە بۆ منداڵان، برێک نووسراوەی کورت و پوختی لە بواری بارهێناندا، چەند یادداشتێک لە فۆلکلۆری ئازەربایجان تێناپەڕێت، دەبوایە بۆ کۆمەڵگای ڕووناکبیری ئێمە وەک کڵاو قووچێک ببووایە کە لە قوتابخانەکانی کۆندا لە سەری منداڵانی تەمبەڵیان دەکرد! دەپرسی بۆچی؟ دەڵێم لەبەرئەوەی ئەو خۆرەتاوەی هزرو بیری سەمەدی بێهرەنگی بە هۆی گەورەیی و کەرامەتی نەشاراوەی ڕاستەقینەی ئەو دەبێ، زلیلی و ویستە لەبەر خۆردەرنەهاتنی «کۆمەڵگای ڕووناکبیری ئێمە» دەردەخات. دەبینین ڕاستییەکی بەنرخ و دەسکەوتەیەکی وەک سەمەدی بێهرەنگی لە دەست دەچێ. هەودایەک لەو ڕایەڵە نابڕێ و ئەڵقەیەک لەو زنجیرە ناپسێ. ماندوونەناسێک لە کاروانی تێکۆشەراندا ناکەوێ بەڵکو ( بە بۆچوونی ئەنجومەنی نووسەرانی ئێران) «لە دەستدانی ئەو کەلێنێکی گەورەی خستەنێو ئەو چوار دیوارەوە زیانێک بوو بۆ جەماوەری ئێمە!»

ئاوایە ترسێک بەو هۆیەوە لە زیادبووندایە کە ئەویش ئەو پەڕی بێشەرمییە بۆ کۆمەڵگای ئێمە کە ناتوانێ جێگای بەتاڵی سەمەد بە سەمەدێکی دیکە پڕ بکاتەوە، بەڵام دیسانیش باس لەسەر « کۆمەڵگای ئێمە»دا دەکا! ئەوەی کە کۆمەڵگای هونەرمەندان و نووسەران و ڕووناکبیرانی ئێمە قسە لە خزمایەتی سەمەد دەکەن، بۆ خۆی باسێکی جیاوازە، بەڵام ئەگەر ئێمە دەمانهەوێ ڕێزیان لێ بگرین حەق وایە بڵێین سەمەد لە «ئێمە» نییە. حەق ئەوەیە ئەو لە ڕیزی بلیمەتانی نەمر بێنینە ئەژمار. هەتا ئەگەر لە کەڵکەڵەی جوانیشدا تووشی ئاوی ساردی ئاراز نەهاتبایەو عومری نووحی دەکردو بەمردنی خۆی دەمرد، چونکە بەبێ دوودڵی لە ڕۆژگاری ئێمەدا «تێگەیشتن» و «قسەنەکردن» وەک دەوڵەمەندی و پشتیوانی ژیانی ئابووری ڕووناکبیرانە لەسەرتاسەری دنیادا هونەر و زانست دەکەنە چرایەک بۆ بەرپێی



سەمەدی بێهرەنگی

تالانچییان کە ماک و مانای خەڵکی بە خۆوە بگرن. لە قازانجی ئەو تالان کردنەدا حەقدەستی باش وەدەست دێنن. ملکەچ بوون بۆ ژیانێکی دارماڵ لە بێبەشی هەر وەکو ژیانی سەمەد قەبووڵ کردنی ڕەنج و کوێرەوەرییە شاهیدی لەناوچوونی مەنسووری حەلاج-ە لە بەرامبەر گەیشتن بە کیژۆڵەی جوانی قاروون-دا. ئایا بەڕاستی لەو دەورەدا لە شارە پڕ لە زەرق و بریقەکان، ئاوەز و بیر و هونەر بە باشترین قیمەت دەتوانین بفرۆشین و لەسایەی ڕێبوارانیدا، بەم چەشنە بگەین بە ناز و نیعمەت و حەسانەوەی پڕ بەدڵ؟ تەمەنی بێ گەڕانەوەی بێ حیساب و ئاوارەیی کەژوکێو باری ئەرکی گران لە سەر شان و کەوتنە نێو بۆسەی فریوو گزەو بەزگێ تیر و بە زگێ برسی و قەرەج ئاسا چۆڵ وچۆڵ پەرستی و ڕازی بوون بە کەوچکە ماستە ترشاوێک، کۆڵێک کتێب بە کۆڵەوە لەو گوند بۆ ئەو گوند.

تەرخان کردنی ژیان بۆ فێرکردن و بارهێنانی منداڵانی ڕەش و ڕووت و دوور لە ژیانی شارستانیەت. بە قەولی«جەلال» ویژدانی بە خەبەری مامۆستایەکی شاربەدەرکراو. خۆڕاگری لە بەرامبەر ئەشکەنجەو ئازارداندا نییە؟ لە جێگە دەمی تیغ و شمشێر بەژانتر و لە خوێن گەوزان نییە؟ جا ئەگەر ئەوە ڕاوەستان بێ لە بەرامبەر مافی خۆشیدا، لەوپەڕی تاڵیدا نییە؟ چەندە ئاوەدانە ژیانێک بەو دەستە، هەرچەندە دژوار و درێژتر بێ، تاڵاوی زیاتر ناچێژێ؟

ئەگەر وایە ئێمە باسی «کۆمەڵگا» نەکەین یان ئەگەر باسی دەکەین قسە لە «بەتاڵایی ئەو کەلێنە» نەهێنینە گۆڕێ، چونکە ئەگەر «کۆمەڵگایەکی ئێمەیی» هەبوایە مردنی ئەو کەلەبەرەی پیشان نەدەداین، بەڵکو تەنیا پەژارەو خەفەت خواردن بۆ مەرگی مرۆیەکی بەکەڵک لە کاروانی گەورە پیاوانی بەرزوهێژا- پەژارەی ڕووخانی دوور لە باوەڕی سەربانی شارێک، هەڵوەرینی سوورە گوڵێک لە باخێکدا، کوژانەوەی شەمێک لە چلچرایەک، هەروەها مردنی شۆڕشگێڕێک لە سەنگەرێکدا.

بەڵام (بەداخەوە) هەمووومان دەزانین ئاوا نییە. ئەوەی داخی سەمەد جەرگبڕتر دەکا، لە دەست چوونی شۆڕەسوارێکە، مردنی ئەو بەڕاستی بە تاڵاییەکی گەورە دەخولقێنێ.

شارێکە بە تەواوی وێران دەبێ، نەک تێک ڕووخانی سەربانێک.

باخێکە بە تاڵان دەچێ، نەک هەڵوەرینی گوڵێک.

چلچرایەکە وردو خاش دەبێ، نەک کوژانەوەی مۆمێک.

سەنگەرێکە خۆی بەدەستەوە دەدات نەک شۆڕشگێڕێک.

سەمەد ڕواڵەتێکی حاشا هەڵنەگرو شەرت و پەیمانێکی ڕاستەقینە بوو، پەیمانێک کە دەبوو لە بەرامبەر دێوو دەعبادا تاریف بکرێ.

دێوی بەڵێن!

دێوەزمەی بەڵێن!

چونکە هیچ شتێک لە هیچ دەورو زەمانەیەکدا وەکو «بەڵێنی ڕووناکبیران و هونەرمەندانی کۆمەڵگا» ترس و دوودڵی بەسەر ئارامیدا ناپڕژێنێ و ماڵوێرانی لێ ناکەوێتەوە.

چونکە بەڵێندان حەزیایەکە بە نرخترین خەزێنەی مرۆڤەکان دەپارێزێ. خەزێنەیەک کە ناوی ئازادی و مافی ژیانی تەواوی ئینسانەکانە.

ئەو حەزیا کێشکدەرە دەبوو لە پەنجەی بە دوور بوایە، تاکو پارێزگاری لەو گەنجینە بە نرخەی کردبا کە لەبەر دەستی تالانچییاندایە، دەبوایە حەزیایەک بووایە بەبێ مەرگ بەبێ ئاشتی، دەبوایە بەڕاستی خاوەنی هەزار سەر بایەو یەک سەودا، بەڵام ئەگەر سەرێکی هەبێ و هەزار سەودا، ئەوا مەرگ هێرشی بۆ دەهێنێ و گەنجینەکە بێ پاسەوان دەمێنێتەوە.

سەمەد سەرێکی ئەو دێوە بوو.

ئەی خۆزگە... خۆزگە ئەو دێوە، لەو سەرانە هەزاری دەبوو، بە هەزارانی هەبوایە!

**ئەحمەدی شاملوو**
**و/ لە فارسییەوە: سەلاح نیساری**
**(بۆکان)**

**(*) صمد بهرنگی، نقدی به کتاب (ساختمان خورشید).**

**سەرچاوە:**
**صمد بهرنگی، با موجهای ارس بدریا پیوست! انتشارات آبان، تهران، ۲۵۳۷**

# زمانی میدیا

فەخرەدین تاهیر

مامۆستای ڕۆژنامەوانی لە زانکۆی مۆسکۆ ئەلیکساندەر ئەلکسێڤیچ دەنووسێ: زانستی زمان فاکتۆرێکی گرنگە و خۆی لە خۆیدا ژانرێکی زانستییە، دەبێ لە تەوزیفکردن و بەکارهێنانی مانشێت و ژانرەکانی دیکەی ڕۆژنامەوانیدا، گەرەکە بە شێوەیەکی ژیرانە لەم ڕووەوە زمان فاکتۆرێک بێ و کاریگەری لە شرۆڤە کردندا هەبێ.

هەڵبەتە دەبێ فاکتۆری زمان وەک مەتریالێک ڕۆڵی گرنگی خۆی لە بواری زانستی ڕۆژنامەوانیدا ببینێ.

باشترین بنەماکانی کە دەتوانن پێوەندی بە چاکترین شێوازی کاری ڕۆژنامەوانییەوە بکەن، بریتین لە:

هەر ڕستەیەک نابێ لە (١٥ تا ٢٠) وشە زێدەتر بێت، تەوزیفکردنی وشەی پڕ مانا و بەکارهێنانی کەمترین وشە بە مەرجێک پەیامی ڕاستەقینەی خۆی بە ئاسانی بگەیەنێت، دەبێ لە نووسیندا فەنتازیایەکی خۆش و بە چێژ بەکار بهێنێت، هەڵبەتە لە ڕووی داڕشتنەوەی شێوازی نووسین لە بواری ڕۆژنامەوانیدا، دەبێ هونەرمەندانە داهێنان بکات. لەم بارەوە ڕۆماننووسی ناسراوی جیهانی ئارنیست هەمانگوای دەڵێ: ڕستەی کورت بەکاربێنە، تەوزیفی بڕگە و پەرەگرافی گچکە بکە، بە زمانێکی بەهێز بنووسە، لەبیر نەکەن نووسینەکان بە زنجیرە بێت، بەڵام پۆزەتیڤ بێ نەک نێگەتیڤ.

پێویستە لەسەر نووسەری ڕۆژنامەنووس پەیڤی گونجاو بەکار بهێنێت و ئەم وشانە بن کە جێگەی دیاریکراوی خۆیان دەگرن و دووربن لە وشە و دەستەواژەی گشتی کە هیچ مانایەک نابەخشن، دەبێ ئەم وشانە بن کە پتەو و مەنتیقی بن.

پرۆسەی زمان لە بواری میدیادا ناچێتە خانەی زمانی ئەدەبییەوە، چونکە چێژ وەرگرتن لە هونەری جوانکاریدا بەو مانایە نایەت کە ئەمەیان زانستێکی زمانە لە بواری میدیادا، بەڵام ئێمە لە میدیادا پێویستیمان بە شێوازی زمانێکە کە لە ئەمڕۆ و ئایندەدا ببێتە سیمبولێکی زمانی میدیا کە تا ئێستاکە نەمانتوانیوە دروستی بکەین.

چۆن ڕۆژنامەنووسانی کورد دەتوانن پرۆسەی زمانی میدیا لە بزاڤی ڕۆژنامەوانیدا بە پراکتیزە بکەن و بتوانن پرۆسەی ئەم زمانە ڕۆژ دوای ڕۆژ بەرەو پێشەوە ببەن؟.

هونەری ڕۆژنامەنووسی لە بواری میدیادا گەرەکە تەعبیرێکی جڤاکی دووبارەکراو نەبێ، بە قەدەر ئەوەی پرۆسەی زمانەکەی دیاردەیەکی ئاوێنە ئامێز بێ بۆ چالاکییە ڕۆشنبیری و زانستییە جیا جیاکان و هونەری شانۆ و سینەما و موزیک و شێوەکاری و.. تاد، لەلایەک و ڕامیاری و بازرگانی و ئابووری و بابەتە گشتییەکان لەلایەکی دیکەوە بێ، بە واتایەکی تر هونەری ڕۆژنامەنووسی دەبێ لە بواری میدیادا بە شێوەیەکی گشتی هونەری بەجێ گەیاندن بێ بۆ گەیشتن بە ئامانجە سەرەکییەکان لە نێو کۆمەڵگەدا.

بەڵام ئەگەر باس لە زمانێکی ناکاملی میدیا بکەین، ئەو کاتە بەر لە هەموو شتێک ڕووبەڕووی پرسیارێک دەبینەوە کە بریتییە لە: کەی زمانی ڕۆژنامەوانی بۆ گەیاندنی پەیامی ڕاستەقینەی خۆی زۆر جار بە شێوەیەکی ئیفلیجی خۆی نمایش دەکا..؟

لە وەڵامدا دەڵێین: کاتێک ڕۆژنامەنووس نەیتوانی بەو زمانەی دەپەیڤێت، پەیامەکەی بگەیەنێت، یان لە داڕشتنەوەی پەیامەکەیدا ڕاستەوخۆ ناتوانێت نیشانە بپێکێت، یان کەس نەزانێت پەیڤەکانی ڕۆژنامەنووس باس لە چ دەکەن، ئەو کاتە هەست بەوە دەکەی کە زمانی ئەو میدیایە زمانێکە بە ئیفلیجی لە دایک بووە و ئامانج و پەیامی خۆی نەگەیاندووە و هەر بۆیە شکست دەهێنێ.

دەبێ زمانی میدیا ڕۆڵی هەرە کاریگەری خۆی لەم بوارەدا ببینێت، بە مەرجێک شێوازی زمانەکە هونەری جوانکاری بۆ چێژ وەرگرتنی خوێنەر بەلای خۆیدا بە کێش بکات و لە هەمان کاتیشدا بە زمانێک بنووسێت کە خەڵکی سادە و ساکاریش لێی تێبگات، ئەو بابەتەی کە دەنووسرێت بابەتێک بێ لە ڕاستی کۆمەڵگە گەیشتبێت، ئاگاداری بیروباوەڕی مەزهەبی و ئایینی نێو ئەو کۆمەڵگەیە بێت کە تێیدا دەژیت، هەروا لە ڕووی ئەخلاقییەوە شارەزایی تەواوی ڕەوشی کۆمەڵگەکەی بێ، بەم میتۆدە هونەرمەندی ڕۆژنامەنووس خۆی دەناسێنێت.

لە دوماهیدا وتارەکەم بەم وتە بەنرخەی گۆگۆڵ نووسەری ناسراوی ڕووس، بە کۆتا دەهێنم کە لەبارەی هونەری زمانی میدیاوە نووسیویەتی: ئەدەبیاتی ڕۆژنامەوانی: ژیانە، تازەبوونەوەیە، پەیڤەکانی پڕ مانان، بەهێزترین ئەدەبیاتە و هەروا پێداویستییەکی گرنگە لە هەر دەڤەرێک و هونەرێکە لە هونەرە جوانەکانی نێو کۆمەڵگەدا.

